# قەیرانی ئەقڵ

فوئاد سدیق

بەرگی دووەم

کۆتایی هاوینی 2017

## ناوەرۆک

1- ئێمەو قەیرانەکانمان
2- فەشەلی حیزبی سیاسی
3- شەڕی فیکری لەنێوان دیموکرات و سەلەفییەکان دوکەڵێکی بێ ئاگرە
4- رووخانی دیوارەکان
5- رووخانی دیوارەکان لە کۆمەڵگایەکی نەزۆکدا
6- گەلی برادەرینە سیستەمی سیاسی وەها ناگۆڕێت
7- مەلا کرێکارو مەلا عەلی باپیر چۆن دروستبوون
8- ئاشتبوونەوەی جەبری
9- لە کۆمەڵگای دواکەوتوو ململانێی توند یاریکردنە بە کلکی شێر
10- ئایا کۆمەڵگای کوردی لە ئەمڕۆدا پێویستی بە دیموکراسی هەیە
11- زەبوونی رۆشنبیرانی کورد
12- گەمەی سیاسی و دوو راهێنەرەکەی کوردستان
13- بەرپرسەکانی ئێمە
14- سەرکردەی نائەقڵانی
15- ئایین و ئیشق
16- ئیسلام و ئیشق و خۆشەویستی

17-  عەلی باپیر نە لە عەلمانیەت گەیشتووە،نە لە ناسیۆنالیزم، ئیسلامیشی هەڵگێڕاوەتەوە
18- ئێمەو فیرعەونەکانمان
19- قەیرانی خۆشەویستی، قەیرانی ژیان
20- جارێکی تر قەیرانی خۆشەویستی،قەیرانی ژیان
21- کالیگۆلا لە کوردستانە
22- وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بدەنەوە(ئایین و پرسە جیدییەکان)
23- یەکێتی نیشتمانی کوردستان و باڵباڵێنەکانی
24-  هاوسەنگی هێز لەدوای گرتنەوەی موسڵ لەکوێوە بۆ کوێ

# ئێمەو قەیرانەکانمان

لەماوەی ئەو چارەگە سەدەیەی رابردوودا، بەتایبەت لە دوای رووخانی سەدامەوە، بەکارهێنانی زاراوەی قەیران، کەوتۆتە هەمووماڵێکەوە، لەسەر زاری خوێندەوارو نەخوێندەوار، پیرو منداڵ، نێرو مێیە، بەردەوام دەڵێن حکومەت لە قەیرانە، وڵات لە قەیرانە...هتد. بەڵام با بچینە سەر ئەو خاڵەی کێ ئەم قەیرانانەی دروستکردووە ؟،هەر کۆمەڵگایەک هەڵگری فیکر یان فەلسەفەیەک نەبووبێت، نابێت بە ئەقڵانی،کەواتا لە کۆمەڵگایەکی نا ئەقڵانی و دواکەوتوو، دەبێت چی بێتە بەرهەم،ئایا دەکرێ درک بچێنی بەئومێدی دروێنەی گوڵ بیت،لەکوێ گەنم و جۆ

چێنرابێ،هەنارو سێویان بەرهەمهێناوە؟، بۆیە دەپرسین ئایا ئەم حکومەتە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە ئێمە تێیداین ؟، ئایا بینیوتانە لە کۆمەڵگایەکی نائەقڵانی بێ فیکرو بێ فەلسەفە،قەیران نەبووبێت ؟، بۆیە هەمیشە کۆمەڵگا نا ئەقڵانییەکان پڕن لە قەیران، بەڵام کۆمەڵگای ئەقڵانی زۆر بە زەحمەت دەکەوێتە قەیرانەوە، خۆ ئەگەر بشکەوێتە ناوییەوە دەتوانێ زوو بە زوویی خۆی لێ قورتار بکات .چونکە بنەمای فیکریی لەلای ئەوان ریشەی هەموو کێشەکانە، ئەقڵانییەتیش لە نێوان شەوو رۆژێکدا دروست نابێت، وەک چۆن فیکریش لە شەوو رۆژێکدا دروست نابێت، چونکە نە ئەقڵانییەت نە فیکر هیچیان خەو بینین نین بەیانی هەڵبسیتەوە خەونێکی خۆشت بینیبێت، ئەقڵانیەت لەگەڵ هیراکلیتسەوە دەستیپێکردووە، کە مێژووەکەی بۆ 2500 ساڵ زیاترە، لەماوەی ئەو 2500 ساڵەدا چەندین قۆناخی پڕ لە وەرچەرخانی بە خۆیەوە بینیوە، چ لە سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆی یۆنانی، چ لە سەردەمی رەواقییەکان،چ لە سەردەمی رێنیسانس، چ قۆناخی رۆشنگەریی تا ئەمرۆ. هەر کاتێک ئەقڵانیەت تووشی داکشانێک یان چەمانەوە یان نووشتانەوەیەک هاتبێت، وەک ئەوەی لە دوای رەواقییەکان، سانت ئۆگستین ئەقڵانییەتی تووشی چەقبەستوویی کرد،چونکە هات  لاهوتیەت و ئایینی تێکەڵ بە ئەقڵ کرد، ئەوەش  سەختەو ناکرێ،بەڵام ئەقڵانیەت دوای ئەو قۆناخە، بە تەکانێکی زۆر گەورەترەوە دەرکەوتەوە، ئەوەبوو رێنیسانس هاتە ئاراوە، (ئەگەرچی بەهۆی سەرکوتکاری لەرادە بەدەری کڵێساوە هەزار ساڵی خایاند) لە دوای

ڕۆشنگەریشەوە تا ئێستا بەردەوام پێگەی ئەقڵانییەت بەهێزترو تۆکمەتر دەکرێت، کارەساتی گەورە ئەوەیە بە درێژایی ئەو 2500 ساڵە تا ساتەوەختی ئێستا، ئەقڵانییەت لەم هەرێمەی ئێمە بە کۆمەڵگاو حیزب و حکومەتەوە هیچ بوونێکی نەبووە. لە بیابانێکی چۆل و هۆل دەچێت، تەنیا سەراب دەبینی و هیچی دیکە. بۆیە دەبینین خۆ هەر بە تەنیا حکومەت لە قەیراندا نییە، بەڵکو ئەوەتا دەبینین حیزبەکانیش لە قەیراندان، کۆمەڵگا بە گشتی سیستەمێکی کۆنکریتی لەچوارچێوەیەکی بچووکدا بۆخۆی دارِشتووە کە تەنیا مەعریفەی تێدا نییە، دەنا چی جەهل و نەزانینە لەخۆیدا باریکردووە، تۆ سەیر بکە ئەوانەی شەوان بە نۆرە دێنە سەر شاشەی تیڤییەکان و، بە قسەی زل خۆیان مکیاج دەکەن، لە هەموو خەڵکەکە زیاتر لە قەیراندان، چونکە درۆی زۆر شاخدارمان بۆ دەهۆننەوە، ئەو نا بەرِێزانە، هونەر(مەبەستم تەفەنونکردنە) لە درۆدا دەکەن و، بە خەڵکە هەژارو نەدارەکەیشی دەفرۆشنەوە.

ئێمە لە بنەڕەتدا بۆ قورتار بوون لەو هەموو قەیرانەی بەرۆکمانی گرتووە، پرۆسەیەکی بەرفراوانمان پێویستە کە زۆربەی جومگەکانی حوکمڕانی بگرێتەوە، کە لەناویدا خێزانیش دەگرێتەوە، یەکەمینیان سیستەمی پەروەردەیە،پەروەردە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆکان، ڕەنگە هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم زانکۆکانمان داخستنیان باشترە لە بوونیان، چونکە بەتەواوی سیماو بنەماکانی زانکۆیان لەخۆدا داماڵیوە.واتە پەروەردە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، لە منداڵێکی یەک ساڵییەوە

دەستپێدەکات تا بەتەمەنترین مرۆڤی وڵات، منداڵێکی ساوا دەبێت وا پەروەردە بکرێت، ئیتر شەرم لەخۆی بکاتەوەو لای  شورەیی بێت درۆ بکات، نیشتمانفرۆشی بکات، ماستاوچییەتی بکات، کاری مافیایی بکات،ئەمەش کاتێک روودەدات کە ئاستی وشیاری خەڵک بە گشتی بەرزکرابێتەوە، لە هەر کۆمەڵگاو وڵاتێکیشدا کە توندوتیژی قێزەون کرا، جەهل شوێنی بۆ نامێنێتەوە، ئیتر ئیشقی دەسەڵاتیش  گرنگییەکی نامێنێت، مۆدیلی دەست لەکارکێشانەوە، دەبێتە پرۆسەیەکی شارستانی و مەدەنی.کە ئێستا لەم هەرێمە پرۆسەی دەست لەکارکێشانەوە بەتەواوی کوفرە .

لەگەڵ ئەم سیستەمی پەروەردەیە ئیتر فیکریش گەشە دەکات،چونکە سیاسەتێک نییە لە دونیادا بە بێ فیکر سەرکەوتوو بووبێت، فیکریش دەبێت هەر وڵاتێک لەسەر زەمینی واقیعی وڵاتەکەی خۆیدا بەرهەمیبهێنێت و گەشەی پێبدات، نموونەمان لەو بارەیەوە یەکجار زۆرە، تۆماس جیڤرسۆن،ئەبراهام لینکۆڵن، لینین، گاندی، ماوتسیتۆنگ، ناپلیۆن، دیگۆل .....هتد.لەناو پێغەمبەرەکانیشدا هەر بە هەمانشێوە بووە، تۆ سەیری بودا بکە، چەندە جیاوازە لەگەڵ موسا، مەسیح چەندە جیاوازە لەگەڵ محەمەد، قەت نەدەکرا لە بیابانێکی پڕ لە سەراب فەلسەفەی بودایی جێبەجێبکرایە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا پەیڕەوی لێنەدەکرا.بەڵام بینیمان فەلسەفەی بودا زۆر بە ئاسانی گەیشتە ژاپۆن و لەوێ گەشەی کرد.بەڵام فەلسەفەکەی محەمەد نەیتوانی لە یەک وڵاتی پێشکەوتوودا گەشە بکات.چونکە

ئایینەکان و فەلسەفەکانیش هەموویان بە تەواوی لە یەکدی جیاوازن و هەر یەکەیان تایبەتمەندی و خەسلەتی خۆیان هەیە. کە پەیوەندی بە خەسڵەتی کۆمەڵگاکانیانەوەیە. دەنا ئەقڵ لە سەرتاسەری دونیادا هەر یەکجۆرە ئەقڵ هەیە، کیمیا، فیزیا، ماتماتیک، فەلەکناسی، زیندەوەرناسی، هەر هەموویان یەکجۆرن، فیزیاو ماتماتیکی ئەمریکی هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ فیزیاو ماتماتیکی ئێمە، جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە ئەقڵی ئێمە لە دواوەیەو هێشتا زۆری ماوە بگات بە فیزیاو ماتماتیکی ئەمریکی، زانستەکانی تریش بە هەمانشێوەیە،خۆ فەلەکناسی ئەوان تایبەتمەندی ئەمریکی یان یابانی یان رووسی نییە، گرفتی سەرەکی ئەقڵە، ئێمە لەناو قەیرانێکی قووڵی ئەقڵداین، هیچ هەوڵێکیشمان نییە بۆ خۆ لێ قورتارکردنی.دەنا بێ ئەقڵی و دەبەنگی نەبوایە دەکرا لێرەش ئەنیشتاینێک یان نیوتنێک، یان گاندییەک یان ماندێلایەک لەدایکبوونایە. لە بری ئەم هەموو پێشکەوتنانەی دونیا کە ئەمڕۆ لەسایەی ئەقڵەوە وەدەستهاتوون، ئێمەش دەتوانین سوودیان لێوەربگرین، کەچی زۆر جار دەگەڕێینەوە سەر سەردەمی هەندێک لەو پاشایانەی کە تەواوی مێژووی حوکمڕانییەکەیان بریتی بووە لە شەڕو قەیران و ستەمکاری و سەرکوتکاری، بۆنموونە لویس ی چواردەم لە فەرەنسا لەماوەی(54)ساڵی پاشایەتیکردنیدا (1661-1715)، (30)ساڵ لە شەڕدابووە.دەیوت من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منە. یان سەدام حوسێن لەماوەی 24 ساڵ سەرۆکایەتیکردنی عێراق تەنیا یەک ساڵ کەمتر لە شەڕدا نەبوو، 23 ساڵ زۆرترین شەڕی داگیرساند، ئەمڕۆ دەبێت

ئەوە بزانرێت هەر وڵاتێک کە لەناو قەیرانەکانیدا نغرۆ دەبێت، هەر بە راستی وڵاتەکە بەرەو نغرۆبوون دەبات، چونکە قەیران لە شەڕ دژوارترو ترسناکتریشە.

گرفتی سەرەکی لەم هەرێمەی ئێمەدا، دوای گرفتی پەروەردە، گرفتی فیکرە، کورد خاوەنی هیچ فیکرێک نەبووەو نییە، لە هەموو دونیاشدا فیکر سیاسەت دەخاتە سەر پێ، فیکر حوکمڕانییەکەت بۆ جوان دەکات، فیکر ژیانی نوێت بۆ دروستدەکات، کەچی تا ئێستا چ حکومەت، چ حیزبە سیاسییەکان، یەک دەزگای فیکرییان نییە، دەیان دامەزراوەی دیکە بۆ کڕینی خەڵک و بۆ تێکدانی مێشکی خەڵکی هەن، بەڵام تاقە یەک دەزگامان نییە فیکری لێ بێتە بەرهەم، بەرپرسی زۆرو حیزبی زۆرمان هەن کە دامودەزگایەکی راگەیاندن بۆ بەشان و باڵدا هەڵگۆتنی خۆیان دروستدەکەن، بەڵام دروستکردنی دەزگایەکی فیکری بە کۆسپێک بۆ مانەوەی خۆیان دەزانن، خۆ لە بنەڕەتیشدا هەر وایە..وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی رۆشنبیری، بێ نموودترین وەزارەتە، هەمیشە ئەو وەزارەتە مایەی بێ بایەخکردن و بێ رۆشنبیرکردنی خەڵک بووە، وەزارەتێکە داخستنی زۆر زۆر باشترە لە بوونی، هەر هیچ نەبێ بە داخستنی کۆمەڵێک گەندەڵ دەستیان لە گونان بەتاڵتر دەبێت.خۆ دۆخی زانکۆکانیشمان زۆر زۆر خراپترە لە دۆخی وەزارەتی رۆشنبیریی، بە ناو بەشی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و فەلسەفەو هەروەها بایۆلۆژی و ماتماتیک و ...هتد هەن، بەڵام تەنیا ناوی بێ ناوەرۆکە. وەزارەتی

خوێندنی باڵا تەنیا کاری ئەوەیە ساڵانە بڕوانامە ببەخشێتەوە، ئەو بڕوانامانەی کە هیچ بەهایەکیان نییە.

ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین لە وڵاتانی نا ئەقڵانی زۆر زیاتر لە وڵاتانی ئەقڵانی باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ..هتد دەکەن، بەڵام هەمیشە کردەوەکانیان پێچەوانەی گوفتارەکانیانە، مەعقول نییە، کۆمەڵگایەکی نا ئەقڵانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەرهەمبهێنێت، ئەمە تەنیا گەوجاندنی گەمژەکانەو بەس، مەعقول نییە لە وڵاتێکی نا ئەقڵانی داوای ئەوە بکەی هەڵبژاردنێکی ساختە روو نەدات، ئەم قسە باق و بریقەدارانەیە وا لە خەڵکەکە دەکات، تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش بە رێگای دەنگی خەڵک و بە رێگای هەڵبژاردنێکی ساختەوە بگەنە سەر کورسی، دیکتاتۆرو ستەمکارە بەناوبانگەکانی جیهان لە پێشەوەیان هیتلەرو مۆسۆلینی و تا دەگاتە رەجەب تەیب ئەردۆگانی دراوسێمان، بە رێگای دەنگدانی خەڵکەوە گەیشتوونەتە دەسەڵات، محەمەد مورسی ئەگەر لە گرتووخانە نەپەسترابا،دیکتاتۆرێکی بێ وێنەی لێدەردەچوو، تەنانەت بەگژ میراتی شارستانێتی 3-4 هەزار ساڵەی میسر دادەچووەوە. بەڵام هەموو دیکتاتۆرو ستەمکارەکان تا نەدەگەیشتنە سەر کورسی، خەونەکانی خۆیان ئاشکرا نەدەکرد، ئیتر دواییش کار لەکار دەترازاو پەشیمانبوونەوەی خەڵک دینارێکی سووتاوی نەدەهێنا، چونکە خەڵک عیبرەتیان وەرنەدەگرت و دووبارەو چەندبارە سیناریۆی لەمجۆرە دروستدەبوونەوە.مادام فیکر بوونی نییە، بێگومان هەر دەبێت سیناریۆکان سەد بارە ببنەوە.

ئێمە باسی فیکرمان کرد، کێ دەڵێت ئەگەر قۆناخی رۆشنگەریی سەریهەڵنەدابوایە، ئەوا شۆڕشی فەرەنسی سەریهەڵدەدا، بێگومان سەریشیهەڵبدایە هەر دوا دەکەوت، وەک (دانێیل مۆرنیی) و زۆرانی دیکەش هەر وا دەڵێن،شۆڕشێک نەتوانێ لە رووە فیکرییەکەی سەربکەوێ، زۆر ئەستەمە بتوانێ لە رووی سیاسییەوە سەربکەوێ، چونکە شۆڕشی نوێ بە ئەقڵی کۆن ناکرێ.وەک چۆن لە کەرەستەی کۆن و رزیو ناتوانی باڵەخانەیەکی مۆدێرن پێکەوە بنێی.

تۆ سەیرکە بەردەوام باس لە دواکەوتوویی گەلی عەرەب دەکەین، لەکاتێکدا عەرەب بەم هەموو پۆخلەواتییەی خۆی، بەم هەموو فیکرە توندڕەوییەی خۆی، بەم هەموو رێکخراوە توندوتیژانەی لە پەنای ئایینەوە، یان بەناوی ئایینەوە سەربڕینیشیان حەلال کردووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەو زۆرانی دیکەش ،ئەوەتا دەیان هزرڤانی مەزنیشیان بەرهەمهێناوە، تەها حوسێن کافکای بە عەرەب ناساند، ئیمام عەبدولفەتاحیش هیگڵی بە عەرەب ناساند، جۆرج تەرابیشی مارکسیزم و سۆسیالیزمی بە عەرەب ناساند،ئەمە جگە لەوەی عەرەب سەرەڕای ئەو هەمو رێکخراوە توندرەوانەی لە پشت ئایینی ئیسلامەوە کوشتنیان حەلال کردووەو بە جیهادی دەزانن، بەڵام لەو لایشەوە فەرەج فۆدەو نەسر حامید ئەبوزێدو حەسەن حەنەفی و محەمەد ئارگۆن و محەمەد شەحرورو سەید قیمەنی و خەلیل عەبدولکەریم و دەیانی دیکەشیان هەیە کە ژیانی خۆیان لەپێناو مرۆڤایەتیدا تەرخان کردووە، بەڵام تۆ وەرە کوا ئەو رۆشنبیرە کوردانەی کە یەک فەیلەسووفی

ئەم جیهانەیان بە ئێمە ناساندبێ، لەناو هەموو کورددا یەک جۆرج تەرابیشی یەک محەمەد ئارگۆن، یەک تەها حوسێنمان نییە، خۆ ئەوروپییەکانیش بە رێگای ناساندنی فەیلەسووفەکانیانەوە دونیایان بەسەر خۆیاندا کردەوە، رێنیسانس رێک ئەوە بوو، کولتوورو میراتی ئیمپراتۆریای بێزەنتی گوازرایەوە بۆ ئیتالیا، هەروەها نموونەی مارتن لۆسەر کە ئینجیلی بە ئەڵمانیا ناساند، یان جاک لاکان کە فرۆیدی بە فەرەنسا ناساند،جگە لەمانەش فەیلەسوفێکی وەکوو هایدگەر بەر لەوەی لە ئەڵمانیا ناوبانگ دەربکات، لە فەرەنسا ناوی بڵاوبووەوە، ئینجا لە ئەڵمانیا ناوی دەرکرد، واتا فەرەنسییەکان پێش ئەڵمانییەکان گەورەیی هایدگەریان ناساند...هتد. ئەم ئاڵوگۆڕی فیکرە لە ئەوروپا بۆتە مۆدەیەکی هەمیشەیی و نموونەکانیش یەکجار زۆرن، بەڵام تۆ وەرە سەیری کورد بکە تاقە یەک کەسمان نییە لەو بوارەدا دەستی رەنگین بێت !!. ئەرێ کارەسات لەوە گەورەتر هەیە ؟، ئەرێ میللەتێک رۆشنبیرەکانی ئاوەها داماو بن، ئەی کۆمەڵگاکەی دەبێت چ ئومێدێکمان پێی هەبێت ؟. ئەرێ دواکەوتوویی لەوە زیاتر دەبێت چی بێت ؟ .

فەیلەسووفەکانی دونیا کەم نین کە موحافەزەکار بوون، بەڵام نووسینەکانیان خزمەتێکی گەورەیان بە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان و ئینجا هەموو دونیا کردووە، دیکارت پیاوێکی موحافەزەکارو تەنانەت لە ئەزموونی گالیلۆ تەواو زەندەقی چووبوو، بۆیە نەیدەوێرا لەسەر بەرگی باشترین کتێبی خۆی تەنانەت ناوی خۆیشی بنووسێت، بەڵام توانی فەلسەفەیەکی

نەترسانە بهێنێتە ئاراوە کە بەهۆی ئەو فەلسەفەیەوە خۆیشی نەمر کرد .
بەلزاک بەهەمانشێوە لەسەر ئاستی کەسیی موحافەزەکار بوو، لایەنگری سیستەمی پاشایەتی بوو، بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆماننووسیدا پێشکەوتنخوازانە بوو،تەها حسین زۆرترین سوودی لێوەرگرتوە، هیگڵ تا بڵێی موحافەزەکار بوو، تەقدیسی پاشای دەکردو دەیوت پاشا نوێنەری خوایە لەسەر زەوی، بەڵام دەیان فەیلەسوف دوای هیگڵ سەرسامبوون بە هیگڵ،تەنانەت هیگڵ بەتەواوی بەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرتدا زاڵ بووبوو، ئێستاش هابرماس خۆی بە قوتابییەکی هیگڵ دەزانێت. زۆرن ئەوانەی دەڵێن ئەگەر هیگڵ نەبوایە لەوانەیە مارکس نەبوایە. ڤۆلتێر حگە لەوەی کەسێکی بۆرژوا بوو، لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوون، ئەویش نەیدەوێرا لەسەر بەناوبانگترین کتێبی خۆی ناوی خۆی دابنێ، تەنانەت لەنێو خەڵک دەگەڕاو دەیپرسی ئەبێ نتووسەری ئەم کتێبە کێ بێت ؟ بەڵام کتێبەکە لە ڕاستیدا شۆڕشێکی بەرپا کرد لە بیرکردنەوەی خەڵک و لە گۆڕینی دونیا بینی حکومەتدا کە ئەویش کتێبی (نامەی لێبوردەیی)یەکەی بوو، نموونەکان زۆرن، بەڵام کوا وێنەیەکی لەمجۆرە لەناو کورد هەیە ؟ .لەناو هەموو کتێبخانەی کوردیدا، یەک کتێبت دەستناکەوێت کە جوولە بە ڕەوت و ئاراستەی چەقبەستووی کۆمەڵگاو مێژوو بکات،تەنانەت یەک کتێب نییە پەنجەرەیەکی بە ڕووی قۆناخێکی نوێی فیکریدا کردبێتەوە، تا خەڵکی دیکە بەدوایدا بچن، ئەرێ کارەسات هەیە لەمە قورستر ؟.ئەمە دۆخی خوێنەوارو ڕۆشنبیرەکانمان بێت، ئەی بۆچی گلەیی لە کۆمەڵگا بکەین.

قوتابخانەی فرانکفۆرت دوای هاتنی هیتلەر بۆ سەر دەسەڵات، تەفروتونا بوو، فەیلەسووفەکانی هەڵاتن و بەشێکی زۆریان خۆیان گەیاندە ئەمریکا، (ڤلیکس ڤایل) کە هەم یەکەمجار لە ئەڵمانیا، هەم دووەمجار لە ئەمریکا، ئەم قوتابخانەیەی دامەزراندەوە، نموونەی لەمجۆرە لەسەر ئاستی رۆژئاوا کەم نین، بەڵام لەناو کورددا سەرباری ئەوەی ملیاردێری چاوچنۆکی گەندەڵ و تەمبەڵمان زۆرە، کە لەشەوو رۆژێکدا (بين الليلة والضحاها)بوون بەملیۆنێرو ملیاردێر، بەڵام هیچ کام لەم هەموو دەوڵەمەندانەی کوردستان، یەک دەزگای فیکرییان دانەمەزراند بۆ بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی فیکر،بەڵام لەولاوە پارەکانیان حەواڵەی دەرەوە کردووەو لەوێ کاری بزنسی پێدەکەن!!. ئەوانەی یەک چارەگە سەدەیە، سامانی نیشتمانی کە هی ئەو خەڵکەیە وەکوو گا هەڵیدەلووشن، زاتی ئەوەیان نەکردووە رۆژێک لە رۆژان گرنگی بە دامەزراوەیەکی فیکری بدەن، لە کاتێکدا تا فیکر بەرهەمنەهێنرێت، بێگومان وڵات بنەمای ئابوورییەکەی کە خۆی لە ژێرخاندا دەبینێتەوە، وێرانەیەو ناتوانێ بچێتە قۆناخێکی گەشەی ئابوورییەوە.

ئەو وڵاتانەی دەکەونە نێو قوڵایی قەیرانەکانەوە، خۆ سەرەتا سیستەمە سیاسییەکەیە کە نەک هیچ چارەسەرێکی پێ نییە، بەڵکو خۆی هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیی قەیرانەکانە، تۆ بڕوانە یەکێتی سۆڤێتی سەردەمی ستالین، دەبینین، کامینیڤ و زینوڤیڤ و بوخارین و ترۆتسکی لە کەسایەتییە هەرە بەرزەکانی حیزبی کۆمۆنیزم بوون، کەچی هەر یەک

لەوانە بە دژە کۆمۆنیزم و بە دژە گەل و بە خائین و ...هتد لەناوچوون، باشە با بپرسین ترۆتسکی کۆمۆنیست بوو یان ستالین ؟، بەڵام چونکە دەسەڵات بەدەست ستالینەوە بوو ترۆتسکی نەک هەر جێگایشی لەو وڵاتە نەدەبووەوە کە هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەو وڵاتە تەرخان کردبوو ، چەندین کتێبی زۆر گرنگی بۆ گەلی سۆڤێت نووسیبوو، کەچی ستالین بەوەشەوە لێینەگەڕا کە ترۆتسکی سەری خۆی هەڵگرتووەو وڵاتی خۆی جێهێشتووەو لە تاراوگە دەژی، بەڵکو لە مەکسیک بۆ دوا جار کوشتی، ترۆتسکی خاوەنی دوو کچ و دوو کوڕ بوو، بەڵام هەر چواریان بە شێوازی جیاوازو بە رووداوی جیاواز بەهۆی کارە نەفرەتییەکانی ستالینەوە لەناوچوون و کۆتایی بە ژیانیان هێنرا....ئیتر ستالین تا ساڵی 1953 کە ساڵی مردنییەتی، بوو بە رابەری کۆمۆنیزم و ترۆتسکیش بە خائین ناونووس کرا!!. بۆیە قەیرانەکان زۆر مەترسیدارن، لە کاتی قەیرانەکانا نیشتمانپەروەرو دڵسۆزەکانی گەل و نیشتمان، دەکرێنە ئامانج و بە خیانەتی نیشتمانی ناوزەد دەکرێن، رووبەڕووی سزای جۆراوجۆر دەبنەوە، بۆیە ناکرێت لەناو قەیرانەکانا بنووین، چونکە بەردەوامبوونی قەیرانەکان، بەردەوامیدانە بە سیاسەتێکی چەوت و نەخۆش و ئێکسپایەر، کە تەنیا ژەهری لێ هەڵدەوەرێ. ئاخر ئێستا حیزب و حکومەت و تەواوی دامودەزگاکانمان ئێکسپایەربوون، بە کۆی ئینسانەکانیانەوە،هەر لەبەر ئەوەشە تا ئێستا هیچ رەوت و شەپۆلێکی فیکری رووی لەم هەرێمە نەکردووەو لێرە نەگیرساوەتەوە، راستە لە دەوروبەرمان جاروبار شتێک

وەرچەرخانێک روویداوە، بەڵام تەنیا بەسەر ئاسمانی ئەم هەرێمەدا هاتوون و رەتبوونەو لە شوێنێکی دیکەی وەک ئێران یان تورکیا یان لوبنان گیرساونەتەوە بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە تام و بۆنیشیان بکەین و هیچ کام لەو وەرچەرخانانە تامو بۆنیان بەسەرئەم خاکەدا نەپرژاندووە.چونکە هێشتا ئێمە لە بەهای مەعریفە نەگەیشتووین. ئەو بێ مەعریفەتییەیە وایکردووە، تا ئێستا نەمانتوانیوە سوود لەو هەموو مێژووە ناشیرینەی خۆشمان وەربگرین.هەر کۆمەڵگایەکیش زۆر دواکەوتوو لەگەڵیدا بێ مەعریفەت بێت، پێشکەوتنی زۆر سەختە ئەگەر سیستەمی سیاسی و پەروەردەیی و ...هتد زۆر بە باشی رێکنەخرێت. ئێمە لەم هەرێمەدا، کێشەکەمان ئەوەبوو هاتینە سەر سفرەیەکی حازرو رازاوەی پڕ لە ئەڵماس و گەوهەر، ئەویش نەوت و داهاتەکانی دیکە بوو، ئیتر کۆمەڵگا فێری نانی بێ زەحمەتی بوو، کەسانی لە جۆری مافیایی دروستبوون کە لە شەووڕۆژێکدا بوون بە ملیۆنێرو تەنانەت بوون بە ملیاردێر، پیاوی مل پانی بێ نموودو بێ زاخ و ترسنۆکی ئەوتۆ لەم هەرێمە بوونەتە ملیاردێر، کە بێزت لە نیشتمانەکەشت دەبێتەوە، ئەو نیشتمانەی تۆ قوربانیت بۆی داوەو ئەوانیش لە هەموو ژیانیاندا هەستی نیشتمانیشیان نەبووە.ئیتر قەیران لەمە قووڵتر دەبێت چی بێت ؟.کەواتە لە ناوەڕۆکدا ئەم نیشتمانەی بە خوێن نەقش بووە، ئێستا قومارخانەیەکە، ناپووتەکان دەکات بە ملیۆنێرو ملیاردێر.ئیتر رەزای بەرپرس و حیزبەکانیش لەبەرچاوی خەڵک زۆر قێزەونن.بەڵام خەڵک هێندە داماوە، نازانێ چۆن پەنجەرەیەک بەسەر خۆیدا

بکاتەوە، بۆ ئەوەی باخچەیەکی پڕ لە گوڵزار ببینێت.ئێمە هێشتا بۆنی گوڵمان نەکردووە، بۆیە نازانین دانیشتن لەناو باخچەیەکدا چەند جوانترو تەمەن درێژترت دەکات.

کورد خاوەنی میراتێکی جوان نییە، میراتەکەی میراتی ئیسلامگەرایی و زەردەشتگەرایی و میرو ئەمارەت و هەوێنی هەموو ئەو میراتانەش براکوژیی بووە. بە دیوەکەی دی کورد خاوەنی هیچ میراتێکی رۆشنگەری و نوێخوازی نەبووە، نە خاوەنی (محەمەد عەلی) تازەکەرەوەی شۆڕشی عەرەبیە لە میسر، نە تۆزقالێک ئەقڵی (میجی)ی ژاپۆنی بە سەرکردەکانمانەوە گەیشتووە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 گەیشتە ئەورووپاو ئەورووپا سوودی لێ وەرگرت.لەوە خراپتر ئەوەیە هیچ سوودێکمان لەو هەموو ئەزموونە تاڵەی خۆشمان و تەنانەت جیهانیش وەرنەگرتووە، ئێستاش هەمان قەوانی پێشوو لێدەدەینەوە.ناپلیۆن و هیتلەر هەوڵی زۆریاندا ئەورووپاو ئینجا جیهانیش بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان، بەڵام بۆیان نەکرا، ئیتر ئەڵمانیاو فەرەنسا پەندییان لێیوەرگرت، ئێستا دوو وڵاتی زۆر جوانن نەک هەر لە ئەورووپا، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش. بە هەمانشێوە ئەمارەتە دواکەوتووەکانی خۆمان، مایەی براکوژی بوون، هیچ ئەمارەتێک نەیتوانی دەست بەسەر تەواوی کوردستاندا بگرێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە تا ئێستاش ئەو ئەقڵیەتە لە زیهنی زۆرکەسدا هەر ئامادەیە.ئەمەش تەنیا بەهۆی گەوجاندنی ئەو خەڵکە نەگبەت و داماوەوەیە، گەوجاندیش تەنیا بەیەک ئامرازو بە یەک میتۆد نییە، بەڵکو زۆر رێگای پێچاوپێچ بۆ

گەوجاندنی خەڵک گیراوەتە بەر، با دوور نەڕۆین،بە درێژایی 2500 ساڵی رابردوودا یەک وڵات نەبووە لەیەک کاتدا هەم دیموکراسی بێت و هەم دیکتاتۆر،ئەمە گەوجاندنێکی ئابڕووبەرانەیە، ئاخر چۆن دەکرێت کەسێک هەم شەیدای ژیان بێت و حەزی لە ژیان بێت، بەڵام ئارەزووی مردنیش بکات، چۆن دەکرێت کەسێک یان سەرکردەیەک توندوتیژ بێت و لێبووردەش بێت، هیچ سەرۆکێک نییە بڵێ من لە یەک کاتدا خەڵک بەرەو بەرەکانی شەڕ هاندەدەم و حەزیشم لە ئاشتی و پێکەوە ژیانە،ئەوانەی لە ناخیاندا تۆوی رق و کینەیان چاندووە، ناتوانن هەرگیز ناتوانن ئاوڕ لە خۆشییەکانی ژیان و لە تەبایی بدەنەوە.

ئێمە لەژێر کاریگەری کولتووری عەرەبداین، زمانمان بیرکردنەوەمان، دونیابینیمان،زۆر لەژێر کاریگەری عەرەبیدایە،ئەو عەرەبەی تا ئێستاش هەر خۆزگە بە سەردەمی ئیبن روشدو ئیبن باجەو ئیبن خەلدون و ئەبو عەلای مەعەڕی دەخوازێ،یان روونتر بڵێین قوتابخانەی ئەندەلووس(غەرناتا) دەخوازێت.چونکە رۆژئاواش لە کاتی خۆیدا حەسوودی بە ئیبن روشدو فارابی و ئەوانی تر دەبرد،بەڵام عەرەب چونکە بە رابردووی خۆی بەستراوەتەوە، فەرموو جگە لە بەرهەمهێنانی تیرۆر هیچی تری بەرهەمنەهێناوە، دەیان گرووپی توندرەو گەشەی خێرا دەکەن، ئیخوان و کۆمەڵەی ئیسلامی و قاعیدەو داعش و ...هتد، هەریەکەشیان ئەمیرێک تەنانەت خەلیفەیەکیشی هەیە، ئەمەیە وایکردووە بڵێین بەغدا لە سەردەمی

عەباسییەکاندا زۆر پێشکەوتووتر بوو لەو بەغدایەی ئەمڕۆ، ئەمە بۆ دیمەشق و زۆر لە پایتەختەکانی دیکەی عەرەبی هەر راستە.

ئەدۆنیس دەڵێت: سوپاس بۆ ،امرئ القيس،الشنفري ،ابی تمام، ابی نؤاس،سوپاس بۆ حەلاج، ئیبن عەرەبی،موتەنەبی، مەعەڕی،جوبران،کە زۆر شتیان لێ فێر بووم. ئەمە قسەی ئەدۆنیس شاعیرو لێکۆڵەری گەورەی عەرەبە. بەڵام ئێمەی کورد سوپاسی کێ بکەین ؟،لەکوێ و چی فێر بووین ؟، هەندێک شاعیرمان هەن کە لە رابردوودا وێنایەکی ئیستاتیکایان پێدەبەخشین، بەڵام هیچیان لێ فێر نەبووین. یەک نووسەر، یەک رۆماننووس،یەک نووسەرم پێ بڵێن و بەبیر خۆتانی بێننەوە کە شتێکی لێ فێربووبین ، بەداخەوە من کەس نادۆزمەوە کە مەعریفەیەکی لێوە فێربووبم، چەندی بیربان لێدەکەمەوە قەرزاری کەس نیم و لە هیچ کەسێک هیچ فێر نەبووم، ئەوەی من لێوەی فێربووم، تەنیاو تەنیا فەیلەسووفەکانی رۆژئاوان کە بیرکردنەوەی منیان گۆڕی و ئاسۆیەکی نوێیان پێبەخشیوم. لە راستیدا ئا ئەمەیە جیاوازییەکانمان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە.ئێمە خاوەنی هیچ کولتوورێکی گەش و داهێنانێکی رابردوو نین.حەزمدەکرد مەولانا رۆمی کورد بوایە، تا ئەو توندوتیژییەمان لەناخدا نەبوایەو لە بری توندوتیژی، فێری خۆشەویستی ببووینایە، حەزمدەکرد شکسپیر کورد بوایە تا لەسەر کورسی و دەسەڵات شەڕی بێ ئامانمان بەرپا نەکردایە، حەزمدەکرد رامبۆ کورد بوایە، تا شیعری کوردی ئاوەها قێزەون نەکرابایە، خەڵک زوو وازی لە شیعر نووسین بهێنابایە.ئەجمەد هەردی و کامەران

موکری و دیلان هەوڵێکی لەمجۆرەیان دا، بەڵام نەکرا بە کولتوورو خرایە دەرەوەی فەرهەنگی کوردییەوە، زۆرم حەزدەکردنموونەی شکسپیرو رامبۆ و ....نموونەیان زۆر بوایە لەم هەرێمە،بەڵام هەموو ئەو حەزانە لەو خەیاڵ و وەهمانە زیاتر نین کە نەتەوەکەمان هەمیشە بە وەهم و ئەفسانەکانەوە دەژی و لێی بۆتە حەقیقەتێکی نەگۆڕ.

# فەشەلی حیزبی سیاسی

له راستیدا حیزبی سیاسی به مانا مۆدێرنەکەی وەک تیۆر داڕێژەری حیزبی نوێ (مۆریس دۆڤرچێ) باسیکردووه، لەم هەرێمی کوردستانەدا شتێک نییه ناوی حیزبی سیاسی بێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمانه ناوی حیزبیان لەخۆیان ناوه، ئێمەش ناچارین هەر به حیزب ناویانبهێنین،بۆئەوەی خوێنەرانیش بزانن مەبەستی ئێمه لەو حیزبانەیه نەک تاقمێک یان گرووپێکی دیکه. ئەو حیزبه سیاسیانەی ئێستا لەهەرێم شەڕی دەسەڵات و شەڕی پاوانخوازی دەکەن، به بچووک بچووکەکەیانەوه تا گەورەترینیان، له دیموکراتخوازەکەیانەوه تا توندڕەوترینیان، له

کۆمۆنیستەوە تا ئیسلامییەکانەوە، لە مەسیحی و کلدانییەکانەوە تا تورکمان و تائیفەگەراکانەوە، لە بنەڕەتدا هیچیان حیزب نین،هیچیشیان رەنگدانەوەی ناوەکانیان نین، بەڵکو تەنیا کۆمەڵێک بەرژەوەندخوازن کۆبوونەتەوە، هەمووشیان نەخۆشی زگماکیان هەبووەو کۆمەڵێک نەخۆشی سەختیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو ،هەموو ئەو نەخۆشییە زگماکانەی ئەو حیزبانە گرتوویانە، هەندێکیان لەوانەیە بە نەشتەرگەرییەکی سەخت، تا رادەیەک بتوانێ ئاسایی ببێتەوە، بەڵام هەندێکیان هەموو ساڵێک جارێک نەشتەرگەرییەکی قورسیشی بۆ بکەی ناتوانێت ئاسایی ببێتەوە، لەزۆربەی دۆخەکانیشدا ئەو نەخۆشییە زگماکە زیاد دەکات و جەستەی ئەو حیزبە (کە هەیکەلی ئەو حیزبەیە) دادەڕزێنێت و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بۆگەنی دەکات،تا دەیکات بە شێرپەنجە، وەک ئەوەتا دەبینین ئەو حیزبانە ئەمڕۆ ئەگەرچی زیندوون و هەناسە دەدەن، بەڵام جەستەیەکی بۆگەنیان بۆ ماوەتەوەو بۆنی نەخۆشییەکەشیان هەموو کۆمەڵگای پڕ کردووە.

حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە دۆخێکی ئەوەندە ئاڵۆزو دژواردان، کەس بەخیلیان پێ نابات، دژواری ئەو حیزبانە گەیشتۆتە ئاستێک نەخشەیان بۆ سەرکوتکردنی خەڵک هەیە، نەخشەیان بۆ دزینی سامانی نیشتمانی هەیەو زۆر بە وردیش جێبەجێیدەکەن، نەخشەیان بۆ پارچە پارچەکردنی هەرێمێکی بچووک هەیە،کە وایلێهاتووە خەڵک خۆزگە بۆ دوو ئیدارەیی دەخوازێت،بەس بۆ ئەوەی بتوانێت بژیت و مووچەکەی خۆی وەربگرێت!!، نەخشەیان بۆ راکێشان و هێنانی دەستی دوژمنانی

کورد هەیەو لە هەموو لایەکەوە هاوکاریدەکرێن، ئەمە دۆخی راستەقینەی حیزبی سیاسییە لەم هەرێمە، هیچکام لەو حیزبە سیاسیانەی کە هەن، لە بچووکەکەیانەوە تا گەورەترینیان، لە رەفتاری سیاسی و لە بڕیاردانی سیاسیاندا سەربەخۆ نین، ئەوانەی لەبەرامبەر یەکدی خۆیان بە تەڕەزان دەزانن، ئەوا لەبەرانبەر وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی زۆر بودەڵەو پووچ و بێ نمودن. هەر حیزبەو کۆمەڵێک کاراکتەری خۆی هەیە، کە بە جۆرو شێوازی خۆی ئەو خەڵکەی لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە تێکشکاندووەو گەوجاندوویەتی. رۆشنبیرەکانیشی بە دەردێکی خراپتر بردووە.

هەموو حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە، بەبێ پاساوهێنانەوەی سەقەت بۆ هیچکامێکیان، هەر هەموویان پێویستیان بە نەشتەرگەرییەکی قوڕس هەیە،رەنگە هەندێک لەو حیزبانە بەهۆی نەشتەرگەرییەکەوە کۆتاییان بێت و پێی بمرن،هەندێکی تریش دوای نەشتەرگەری دەبێت بەردەوام دەرزی لێ بدرێت،بۆ ئەوەی نەمرێت و بەردەوام بێت،چونکە دوای نەشتەرگەرییەکە ئەم دەرزی لێدانە، پێویستە، بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە سەر دۆخێکی سرووشتی حیزبایەتی کە خەباتکردنە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی .

ئێستا لەنێو ئەو حیزبە سیاسییانەدا،هیچ پەیوەندییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو حیزبە

سیاسییانەو خەڵکدا نییە،هەر حیزبەو بۆخۆی پلانی سەقەتی خۆی هەیەو هیچکام لەو حیزبانەش گوێ لەیەکدی ناگرن،تاکە لۆژیکێک کە گوێی لێ بگیرێت لۆژیکی هێزو پارەیە،کە هێزت هەبوو گوێت لێدەگیرێت،کە هێزیشت نەبوو وەک یاپراخ دەتپێچنەوە، بۆیە دۆخی ئەو حیزبە سیاسییانە، عەرەب گوتەنی (فالج لا تعالج)،واتا ئومێدێک نەماوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو حیزبانەی کە ئێستا هەن باش ببن.

ئێمە هەموومان پێکەوە، بە گەرمی چووینە ناو حیزب و هەر تاکێکی بە تەمەن بگریت، مێژوویەکی مەرگەساتئامێزی لەگەڵ ژیانی حیزبایەتی بەسەربردووە،بەجۆرێک لە دڵسۆزی خۆیەوە، خۆی بە حیزب و بە خاوەنی حیزب دەزانی،قوربانی بۆ داوەو زۆرن ئەوانەی لەپێناو حیزبا شەهیدو پەککەوتە بوون و زۆریشن ئەوانەی چەندین جار لەسەر لێواری مەرگ قورتاربوونە کە هەمووی بۆ حیزب بووە، حیزب هەموو شتێک بوو ،وەک هانا ئارێنت دەڵێت،ئەندامی حیزبە تۆتالیتارەکان پێیان خۆش بوو بکوژرێن، بەڵام لە حیزب دەرنەکرێن،چونکە کەسایەتی خۆیان، خەباتی خۆیان، ژیان و بەختەوەری خۆیان لەناو حیزبدا دەبینییەوە،وایاندەزانی بەبێ ئەو حیزبە ئەوانیش هیچ نین. بەڵێ هانا ئارێنت باشی پێکاوە،لەم هەرێمی کوردستانەشدا زۆر بوون ئەو ئەندام و کادیرانەی بەمجۆرە بیریاندەکردەوە، تا حیزبەکان کران بە دیکتاتۆر.

فەشەلی حیزبی سیاسی بە سێ قۆناخی گرنگی فاشیلبوونی خۆیدا رۆیشتووە،قۆناخی یەکەم هەموو حیزبەکان لەناو منداڵدانیاندا گەرای فاشیلبوونیان داناو بووە نەخۆشییەکی سەختی زگماکی، قۆناخی دووەم دەتوانین بڵێین راستەوخۆ لەگەڵ کارەساتی هەکاری دەستیپێکرد، ئەو کارەساتە بە جۆرێکە تا ئێستاش لە رۆحی حیزبە سیاسییەکاندا زیندووە، بۆیە لە ساڵانی هەشتاکان لە شاخ و نەوەدەکان لە شار، ئەو کارەساتە قووڵتر بووەوە. قۆناخی سێیەم لەراپەڕینەوە دەستیپێکرد، کە بە دوو جۆرو شێواز بوو، یەکەمیان کاتێک تاڵەبانی و بارزانی لە هەفتەی یەکەمی راپەڕیندا،پێکەوە بوونە مێوانی حوسێن ئاغای سورچی، کە گەورەترین سەرۆک عەشیرەتی جاش بوو،لەکاتێکدا بە سەدان و هەزاران ماڵە تێکۆشەرو شەهیدی سەرکردە هەبوون بەڵام مێوانی ئەوان نەبوون و ،هەر لەو مێواندارییکردنەی حوسێن ئاغادا، تاڵەبانی و بارزانی سەوداو مامەڵەی بەنداوی بێخمەیان لەگەڵ عومەرئاغای برای حوسێن ئاغا کردو هەر لەسەر نانخواردن، هەموو ئامێرو کەلوپەلە زۆرو زەوەندەکانی بەنداوی بێخمەیان هەرزان فرۆش و تاڵانفرۆش کردو، بە بەهای دوو ملیۆن دیناری سویسری فرۆشتیانە عومەر ئاغای سورچی کە برای حوسێن ئاغایەو، عومەر ئاغاش هەمووی ئاودیوی ئێران کردوو حەفت(7)ملیۆن دیناری سویسری پێگرتەوە، واتا لەو مامەڵەیە عومەراغا پێنج(5)ملیۆن دیناری قازانج کرد. بەنداوی بێخمە ئەوکات(بەهاری 1991) گەورەترین سامانی نیشتمانی بوو بۆ هەرێمی کوردستان و تاڵان کرا،لێرەوە هەموو ئومێدی راپەڕینە مەزنەکەی

خستە ناو گۆڕەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو ڕاپەڕینە مەزنە خاوەنی هیچ فەلسەفەیەکی سیاسی و فیکری و تەنانەت خاوەنی هیچ دونیا بینییەک نەبوو بۆ ئایندەی ئەم هەرێمەو ئەم کۆمەڵگایە، بێگومان تا ئێستاش سەرکردایەتی کوردی خاوەنی هیچ دیدیێکی ئاییندەیی نییە بۆ خەڵک و بۆ نیشتمان،ئەوەتا لەناو گەردەلوولێکداین و ئەو گەردەلووله بە ئارەزووی خۆی و دوور لە ویستی خۆمان دەمانسووڕێنێت و کەسمان نازانین بەکام ئاراستەو ئاقارماندا دەبات و لە کوێ فڕێماندەدات و بە زەویمان دادەدات، یان لەناو دۆڵێکەوە دەگیرسێینەوە.

فەشەلی حیزبی سیاسی بۆیە لەناو هەموو حیزبەکان بە خێرایی دەڕسکا، چونکە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەو حیزبە سیاسییانە ئەوەیە،خوێندنەوەو رامانێکی زۆر سەقەتیان بۆ ژیان بۆ مێژوو،بۆ کۆمەڵگا، بۆ سیاسەتی مۆدێرن هەیە،لای ئەو حیزبە سیاسییانە هێشتا سەردەم سەردەمی قەیسەرو لویس و چاڕلسەکانە،لە چەشنی ئەصحابی کەهفن،نازانن لەناو شاردا چی دەگوزەرێ،ئەوان بۆخۆیان بەهەشتێکیان دروستکردووەو ئاگایان لە دۆزەخەکەی خەڵکیش نییە،چونکە هیچکام لەو سەرکردانەی ئەمڕۆ نەک هەر لەئەنجامی مەعریفەو ئەقڵانیەت و رەفتاری سیاسی و کەسایەتی سیاسییانەوە نەگەیشتوونەتە سەرکردایەتی، بەڵکو هەندێک لەو سەرکردانە چەقۆکێشن و تەنیا لە زمانی چەقۆ تێدەگەن،خۆ هەندێک لەوانەش نازناوی ئەوتۆیان پێوە لکێنراوە،ڕووی مەجلیسیشیان نییە،کەچی حیزبەکان چونکە ئەوە ماهیەت و ئاکاری سیاسییانە بۆیە

چەقۆکێشێک بە 1000 رۆشنبیر ناگۆڕنەوە .ئەو حیزبانە ئەوەندە ناشیرین و بێزەوەر بوونە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەموو شوناس و ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیشیان لەدەستداوە .ئەم دۆخە هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،سەرکردایەتی ئەو حیزبانە، هۆرمۆنی تیستۆستیرۆن Testosterone یان زۆرەو لەولایشەوە هۆرمۆنی ئیسترۆگین Estrogens یان کەمە،هۆکاری ئەم کەمی و زۆرییەش بۆ چی دەگەڕێتەوە، شارەزایانی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی و دەرونزانی باش تێیدەگەن.

ئێمە نابێت بە سۆزو عاتیفەی رووت سەیری ئەو حیزبانە بکەین،بەڵکو دەبێت لە روانگەیەکی ئەقلانی و فیکرییەوە هەڵسەنگاندنمان بۆیان هەبێت و لە خۆمان بپرسین ئایا ئەو حیزبانە دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک لە خەباتی ناو شاریان بەرهەمێکیان هەبووە، ئەگەر هەیانبووە چی بووە،چونکە دەبێت لە روانگەی بەرهەمەکانیانەوە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەمان بۆیان هەبێت،بۆنموونە هەموو درەختێک بە بەرهەمەکەیەوە دیارە کە باشە یان خراپە،درەختێک کە نەخۆشکەوتبێت ماقووڵ نییە خاوەنی هەر چاوەڕوانی میوەی باشی لێ بکات، بەڵکو دەبێت چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات ئینجا میوەی ساخلەم دەگرێ، لە درەختی نەخۆش میوەی ساخلەم دروست نابێت، بۆیە ئەمە خەونێکی زۆر نامۆیە گەر بمانەوێ لە حیزبی سیلدارو دەردەداردا خەونی نەتەوەیەک بهێنرێتە دی، هەموو ئەو حیزبانەی ئەم هەرێمەش هەر یەکەو بە جۆرو ئاستێک مۆرانە لێیداون و نەخۆشییەکی پیسیان گرتووە، ،حیزب هەیە لەم هەرێمە تووشی

پەرکەم هاتووەو ناتوانی بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ بکەی نەوەک پەرکەم بیگرێ،حیزب هەیە لەبوونی خۆی بەگومانەو تۆ هەر دەنگت لێوە بێت بە نەیارو دوژمنت دەزانێت و هەوڵی لەناوبردنت دەدات، حیزب هەیە نە دەزانێ گوێ بگرێ، نە دەشزانێ قسە بکات،حیزبیش هەیە وەکوو شێت تەنیا بۆ خۆی قسە دەکات و کەس گوێی لێ ناگرێت، بۆیە گەمژەییە ئەوەی وا تێبگات لە حیزبی نەخۆش و دەردەداردا دەستکەوتی مەزن دەهێنرێتە دی. حیزبەکانی ئەم هەرێمە ئەوەندە نەخۆشن لەو درەختە نەخۆشە دەچێت کە نەک هەر توانای میوەگرتنی نەماوە، بگرە گەڵایەکیشی پێوە نەماوە تا خەڵک بتوانێ سوود لە سێبەرەکەیشی وەربگرێت.

ئەخلاقی ئەو حیزبانە هەمیشە ئەوەبووە کڵاو لە لبادی خەڵکەوە دەدورن، لەناخی ئەم حیزبانەدا رق ئەوەندە قووڵبۆتەوە بینینیان و تێگەیشتنیانی بەتەواوی تاریک و لێڵ کردووە، ئەم هەموو رقەی بەسەر کۆمەڵگادا هەڵیدەڕێژن ،کۆمەڵگا لەجیاتی بیرکردنەوە لەقورتاربوونی ئەو رقەدا، کەچی بەتەواوی خەسێنراوەو سەرلێشێواوە،دوای ئەم هەموو مەینەتییەی تێیکەوتووە ، هێشتا ئەقڵی بەوە ناشکێ کە گرفتەکان لە کوێی ئەم سیستەمە سیاسییەدایە، ئەی سەرچاوەی گرفتەکان چین و لە کوێوە دزەی کردووەو هەموو کۆمەڵگای گرتۆتەوە،تا ئێستا گۆمەڵگا بە گشتی دیدێکی واقیعیانەو ئەقڵانیانەی بۆ چارەسەرکردن پێ نییەو،

هەمیشە دڵی بەوە خۆشە ئاغایەک بۆخۆی دروست بکات تا پشتی پێببەستێت!!.

ئەوروپاییەکان کاتێک کەوتنە بەر شاڵاوو گوشاری ئازادی مەدەنی و مەزهەبی، بەناچاری هەڵاتن و لە دوورگەیەکی دوور دووردا ئەمریکایان دروستکرد،ئەمریکا لە خەڵکە هەڵاتووەکەی ئینگلتەراوە سەرچاوەی گرت، ئەوانەی لە وڵاتی ئینگلتەرا خاوەنی بستێک زەوی نەبوون لە چەشنی دۆم و قەرەجەکاندا بوون، بەڵام کە پێیان نایە سەر ئەمریکا، بوونە خاوەنی زەویو زارێکی هێندە زۆر ئەو کۆچبەرانەی ئینگلتەرا کە لەوڵاتی خۆیان لە چەشنی دۆم و قەرەج وابوون، لە ئەمریکا بوونە دەرەبەگەکانی ئەمریکا، بەهۆی ئەم هەموو زەویوزارەی بۆخۆیان مسۆگەریان کردبوو، ئیتر ئەمریکا بووە ناوەندێکی کاریگەر بۆ ئازادی مەدەنییەکان و تا ئێستاش ئەمریکا لەو رەوت و ئاراستەیە هەر بەردەوامە،بەجۆرێک هەموو چاکسازییەکانی ئایینی، سیاسیی، کولتووری و ئابووری، لەدوای دۆزینەوەی ئەمریکا دەستیپێکردو هەموو جیهانیشیان بەتەواوی پێ گۆڕی. ئێستا ئێمەش دەبێت دوورگەیەک بدۆزینەوەو بیکەین بە هێمایەک بۆ ئازادی بیروڕادەربڕین و بۆ دادپەروەری و بۆ رۆشنگەریی، ئەژدیها هەر ئەژدیهایە، چ لە هەرێمی کوردستان بێت ، چ لە ئەوروپا یان دوورگەیەکی دوور دووری دەرووبەری ئوسترالیا و مالیزیاوە بێت، گرنگ ئەوەیە ئێستا کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمەدا نووزەی لەبەردا نەماوەو بە زەحمەت هەناسە دەدات،نوخبەی رووناکبیریی لەم هەرێمە دەبێت لە خەمی دەرچەیەکی ئەقڵانی بێت بۆئەوەی

دوورگەیەک بۆ ئازادییەکان بدۆزێتەوەو لەوێوە بڵێسەی ئازادی بەناو کۆمەڵگادا بڵاوبکاتەوە، کارەساتە نوخبەی رووناکبیریی لەم وڵاتە خەریکە لە حیزبە سیاسییەکان فاشیلترو فێزەونتر دەبێت.

راستە کۆمەڵگای کوردی یەک سەدەی تەواوە، قوربانی دەدات،بۆیە ئێستا کۆمەڵگایەکی ماندووە،ناپووت بووەو بێ ئیرادەیە، خەسێنراویشە ، چونکە زۆرجار فریو دراوەو بە بەرنامە هەڵیانخەڵەتاندووە، بۆیە ئێستا بڕوای بە هیچ نەماوە، بۆیە هەڵەو گرفتی ئەو کۆمەڵگایە ئەوەبووە قوربانییەکانی لەپێناو ئامانجێک نەبووە کە هەموو بەها ئازادی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پێ مسۆگەر بکات، لەبەرئەوە قوربانیدانەکەیشی هەڵەیەکی قورس بووە کە نەیزانیوە لەپێناوی چیدا ئەو قوربانییە سەختە دەدات،هەرکاتێکیش قوربانی و ئامانجەکان هاوتای یەکدی نەبوون، ئەوا ئاراستەکان دەگۆڕدرێن و بە لایەکی دیکەدا ئاقارەکە دەبرن،مێژووی 100 ساڵەی خەباتی خوێناوی ئەم گەلە رێک ئەوەبووە ئامانجەکانمان لەگەڵ قوربانیدانەکانمان زۆر لاسەنگ و نا هاوسەنگ بوون، بۆیە ئەمرۆ دوای 100 ساڵ وا وردە وردە لە خاڵی سفر نزیکدەبینەوە.

لە هەرێمێکدا زۆربەی زۆری سەرکردەکانمان بە درێژایی مێژوو خوێن بەرچاوی گرتبێ، دەبێت چ مانایەک بۆ خەباتی مەدەنی و سیستەمی سیاسی مۆدێرن و دادپەروەری مابووبێتەوە. لە ژینگەیەکی ئاوادا هەر سەرکردەیەک بیەوێ لەناو گەلەگورگێکی دەم بەخوێندا وەک مەڕ بژی، هیچ

گومان و گفتوگۆیەک ناهێڵێتەوە کە شەوێک قوتدەدرێ،لە چەشنی سەرکردە (فراجیرۆ لامۆ ساڤۆنارۆلا)، ئەویش واتا ساڤۆنارۆلا بڕوای بە خەباتی مەدەنی هەبوو ،ئیتر گرتیان و بەبەرچاوی خەڵکەوە ئاگریانتێبەرداو سووتاندیان، هەر ئەمەش بوو وێنەیەکی نوێی دا بە مایکاڤیلی، کە سەرکردە نابێ مەڕ بێت، بەڵکو دەبێت هەم ڕێوی بێت و هەم شێر بێت.ڕێوی بێت بۆئەوەی ئەو هەموو تەڵەو پیلانگێڕییەی بۆی ئامادەدەکرێت تێکیبشکێنێت واتە ئەقڵانی بێت ، شێریش بێت بۆئەوەی ئازایەتی و هێز بنوێنێت. نەوشێروان مستەفا کە بزووتنەوەی گۆڕانی دروستکرد، لە کۆبوونەوەکانیاندا رایگەیاند ئەو(واتە نەوشێروان) گورگەو مەڕ نییە، لە بنەڕەتیشدا نەوشێروان هەر گورگ بووە نەک مەڕ، بەڵام زۆری نەبرد بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیتر ئەو گورگ نییەو مەڕە، چونکە بە بۆچوونی نەوشێروان مستەفا سەردەمی ئێستا پێویستی بە گورگ نەماوە، ماوەیەک خۆی وەک مەڕ نواند، کە ئەوەندەی نەمابوو بە دەردی ساڤۆنارۆلا بچێت، ئیتر ئێستا سەری لێ تێکچووە، چونکە نەدەتوانێ وەک مەڕ بژی، نە دەشتوانێ ببێتەوە بە گورگەکەی جارانی، بەتایبەت ئێستا تەمەنیشی هەر بەرەو هەڵچوون دەڕواو بشبێتە گورگ لە گورگێکی پیر بەولاوە زەحمەتە شتێکی دیکەی لێ دروست ببێت. ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژی بوو لە ژیانی نەوشێروان مستەفادا، هەڵەیەکی دیکەی نەوشێروان مستەفا ئەوەبوو، ئەو سەرکردانەی پێشتر لەناو یەکێتی نیشتمانی سەرکردە بوون، هەر ئەو سەرکردانەی لەخۆی زۆر نزیک کردەوە بۆ دروستکردنی بڕیاری

سیاسی لەناو بزووتنەوەکە، راستە نەوشێروان توانی هەندێک فەرخە پڵنگ و فەرخە شێرو فەرخە گورگ و فەرخە پشیلەو گوجیلە دروستبکات، بەڵام هەموو ئەو فەرخانە لەژێر چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەو پیرە مەڕانەدا بوون کە زۆر لەنەوشێروان نزیک بوون و، پێشتریش لەناو یەکێتیدا ئەو پیرە مەڕانە هیچ بەهایەکیان نەمابوو، هەموو ئەودەنگانەی لە هەڵبژاردنەکانیش وەدەستدەهاتن، هی دوو شت بوو یەکێکیان هی نەوشێروان مستەفا بوو، ئەویتریش هی بەرنامەکەی بوو کە خەڵک وایدەزانی گورێکی مەترسیدارە بۆ سەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە،ئەم دوو هەڵەیەی نەوشێروان مستەفا گۆڕانی تووشی چەقبەستنێکی ترسناک کردۆتەوە، کە ئیتر نازانرێ مەرگ ماوەی دەدا قەرەبووی ئەو هەڵەیەی بکاتەوە یان لەگەڵ خۆی دەیباتە ژێر گڵ، وەک چۆن جەمال عەبدولناسر بەهۆی شکستەکەی لە ساڵی 1967 نەیتوانی راستی بکاتەوەو بەو داخ و کەسەرەوە دوای سێ(3)ساڵ لەو شکستە بە داخ و نائومێدییەکی زۆرەوە سەری نایەوەو ماڵئاوایی یەکجاری کرد. یان ئەندۆپۆڤ ی سەرۆکی روسیا، کە پێشتر بەرپرسی یەکەمی (KGB) بوو، ئاگاداری هەموو کێشەو گرفتەکانی ناو روسیا بوو، بۆیە کە کرا بە سەرۆکی وڵاتیش راستە زۆر گۆڕانکاری کرد، بەڵام گرفتەکان زۆر لەوە قووڵتر بوون، ئیتر دوای (15)مانگ لە حوکمڕانیکردنی یەکێتی سۆڤیێت بە نەخۆشی شێرپەنجە سەرینایەوە، زۆرن ئەوانەی دەڵێن بەهۆی ئەم خەم و خەفەتانەی وڵاتەکەی

تێیکەوتبوو ئەندرۆپۆڤ تووشی ئەو دەردە هات.نموونەکان زۆرن لەمبارەیەوە .

ئەم حیزبە سیاسییانە هیچ پەندو عیبرەتێکیان لە مێژووی سیاسی جیهان و تەنانەت لە هەڵە قورسەکانی خۆشیان وەرنەگرتووە، بۆیە وا پێدەچێت هیچ پەندێکیش لە ئێستا و داهاتووش وەرنەگرن، وەک چۆن پاشاکانی ئینگلتەرا، لەجیاتی ئەوەی پەندو عیبرەتیان لە چارلسی یەکەم(1600- 1649)پاشای ئینگلتەرا وەربگرتایە (ئینگلتەرای ئەوکات و بەریتانیای ئێستا )،کە لەسەردەمی شەڕی ناوەخۆی ئینگلتەرادا بە بڕیارێکی پەرلەمان لەسێدارە درا،کەچی پاشاکانی دواتر نەک هەر پەندیان لێی وەرنەگرت، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی دادپەروەرتریان بکات، بەداخەوە ئیبلیسترو فێڵبازتری کردن..ئێستا لەنێو ئەم هەموو فەشەلهێنانی ئەو حیزبانەدا،هیچ پێشنیارو شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک بۆ هەڵە زەقەکانی ئەم حیزبانە بەهایەکی نەماوە، چونکە هەموو ئەو گوشارو کاریگەرییانەی بۆسەر هەرێمی کوردستان توندتر دەبێت، ئەم حیزبانە نەک هەر دۆشداماون و هیچ بەرگرییەک ناکەن،بەڵکو حیزبەکان خۆیان هۆکاری بنچینەیی ئەو دەستتێوەردانەن و هاوکارو یارمەتیدەری داگیرکەرانن. هیچ کام لەو حیزبە سیاسییانەی لە دەسەڵاتدان و ئەوانەش کە دوکانداری حیزبی دەسەڵاتن ناتوانن باسی دادپەروەری و نیشتمانپەروەری بکەن، چونکە ئەوەتا هەموومان دەیبینین بۆشاییەکی زۆر گەورە لەنێوان هاووڵاتی و حیزبدا دروستبووە.ئیتر پەنابردن بۆ وشەی بریقەدارو پڕوپاگەندەی

لووس،جگە لەوەی درۆیەکی شاخدارە،لەراستیدا گاتەجارِییەکی گەورەشە کە بە خۆیانی دەکەن.چونکە ئەو سەرکردانە چەندە باسی دیموکراسی و دادپەروەری دەکەن، سەد ئەوەندە حەزدەکەن خۆیان لە فۆرِمێکی پاشاییدا ببیننەوەو خەڵکیش لە بەرانبەریاندا هەر کۆیلەو رەعییەت بێت. بەڵگەی بەهێزیش ئەوەیە هیچکام لەو حیزبانە شانازییەکیان نەهێشتۆتەوە بۆ خەڵک، دوای یەکچارەگە سەدە لە حوکمرِانی، خەڵکیان هێنایەوە سەر خاڵی سفر، دوای یەکچارەگە سەدەی تریش کۆپی رابردووی خۆیان دەکەنەوە، ئیتر ژیانی نیو سەدەی کۆمەڵگای کوردی بوو بە زەقنەبووت. بێگومان نیو سەدەی تریش پێویستە تا بینای ئەو پۆخلەواتییەی نیو سەدەکەی رابردوو بکرێتەوە، کەواتە لە ئێستاوە سەدەیەکمان پێویستە تا بچینە ریزی وڵاتانی پێشکەوتوو!!ـ تا هەمووومان وەک ئینسان بژین و هەست بکەین خاوەنی کەرامەت و ئاکاری خۆمانین،هەستبکەین ئیتر لەجیاتی ئەوەی پاشا یاسا بێت، بە پێچەوانەوە یاسا پاشاو سەرۆک و سەرکردەیە. ئێستا وڵات بەجۆرێک تێکشکاوە بە شیعری فانتازیش هەڵناسێتەوە،هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت و هەموو ئەو دامودەزگا سیاسییانەی کە سیستەمی سیاسییان لەم هەرێمە پێکهێناوە، لە بەرانبەر دۆلارەکانی نەوت، بەهای دینارێکی سووتاویان نییە.

تۆ سەیرکە تا ئێستا یەک حیزبی سیاسی لەم هەرێمەی کوردستان نییە خاوەنی یان ئاڵا هەڵگری رۆشنگەریی بووبێت لە حیزبە بەناو ناسیۆنالیستەکانەوە تا کۆمۆنیستەکان، لە حیزبە کۆپی و دوکاندارەکانەوە

تا ئیسلامییەکان، هەر هەموویان دوژمنی بابە کوشتەی رۆشنگەرین، چونکە ئەوانیش دەزانن ئەوکاتەی کۆمەڵگا بانگەشەی ئەقڵانییەت و رۆشنگەری دەکات، هەر ئەو کاتە دەبێت حیزبەکانیش بنێژرێن، بۆئەوەی چیتر بۆنی گەنیویان کۆمەڵگا نەخۆش نەکات. حیزب نییە لەم کوردستانە شەڕی دەروونی لەگەڵ ئەندام و کادیرانی خۆی نەکات و تووشی گرفتی قووڵی نەکردبن. باشە حیزبێک بەردەوام ئامادەبووبێت شەڕی دەروونی و شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ کادیرانی خۆی بکات و بەردەوام لە هەوڵی رووخاندن و تێکشکاندنیاندا بووبێت، چۆن بەرامبەر هەموو کۆمەڵگاکەدا ئەو شەڕە نەفرەتییە قووڵتر ناکاتەوەو چۆن کۆمەڵگا بە زەبری هێز دەمکوت ناکات و نایرووخێنێت. لەبەر ئەوەشە سەرکردەکان بۆشاییەکی فراوانیان لە تواناو ئیرادەی مرۆڤ دروستکردووە، ئەو تواناو ئیرادەیە بە بێ بوونی فەلسەفەیەکی نوێ بەبێ رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا کە ئاستی وشیارییان بەرز بکاتەوە، بە بێ ئەمانە بوونی ئیرادە مانایەکی نییە.

ناونیشانی کتێبی (میر) سەرەتا ناوی (دەربارەی میرنشینەکان)بوو، پاشان بە ناوی (میر) ناوبانگی دەرکرد، قورئانیش سەرەتا ناوی قورئان نەبوو بەڵکو ویستیان ناوی لێ بنین السفر...ئەو حیزبە سیاسیانەی ئێمەش ئەوەندە فاشیلن، نەدەبوو ناوی حیزبیان لێبنرایە، چونکە چ لە رووی فیکری، چ لە رووی رێکخراوەیی، چ لەرووی پێڕەوی ناوەخۆ، چ لە رووی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەندامان و چەندین شتی دیکەدا، ئەوانەی لەم هەرێمەدان حیزب نین و ناشبن بە حیزب، چونکە حیزب بڕواو فیکرو

بنەمای خۆی هەیە،دەزگایەکی تۆکمەی فراوانەو بەرنامەو پەیڕەوی ناوەخۆو گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووی هەیە،خۆ بە قسەی رووت نابن بە حیزب..

کاتێک بەنێو ئەدەبیاتی جیهانی هەندێ لە کەڵە نووسەرەکانی جیهاندا دەڕوانی، کەم نین ئەو نووسەرە مەزنانەی چیرۆک و رۆمان و شانۆنامەکانیان گوزارشت لە ئێش و ئازارەکانی ئێمەش دەکات، لە شانۆگەرییەکانی شکسپیرەوە تا شانۆگەرییەکانی گۆتی بەتایبەت (فاوست)ەکەی، لە رۆمانە مەزنەکانی دیستۆیڤسکییەوە تا جەنگیز ئیتماتۆڤ و شۆلۆخۆف و چیخۆف، لەوێشەوە بگەڕێوە بۆ رۆمانەکانی کافکای بە رەگەز جوولەکەی چیکی، بەڵام کافکا بەنووسین ئەڵمانی بوو، نووسینەکانی کافکا هەمیشە لەناو کوێرەوەری و نەهامەتیدا دەهاتنە دەرەوە، بۆیە فەلسەفەی وجودییەت و تەعبیریی و واقیعی گاڵتەجاڕی و هونەری نوێ و ...هتد لە نووسینەکانی رەنگیدەدایەوە،کە دەتوانم بڵێم زۆربەی نووسینەکانی کافکا هەر دەڵێی لەم هەرێمی کوردستانەی ئەمڕۆماندا نووسراوە، هەر بۆنموونە، رۆمانی _دادگایی- بڕیاری گرتن و حەپسکردن بۆ (جۆزیف.ک)دەردەچێت، بەڵام تا کۆتایی رۆمانەکە خۆ نازانی کێ فەرمانی گرتنی بۆ (جۆزیف.ک)دەرکردووە، ئەی لەسەر چی گیراوە، دەبێت چ تاوانێکی کردبێت .. هەموو ئەوانە هیچ دیار نین، بۆیە کافکا هەر دەڵێی لە کوردستان ژیاوە، بێگومان کافکا ئەگەر ئەوەندە مەزن نەبوایە کەسێکی مەزنی وەکوو تەها حوسێن بۆ یەکەمینجار لەناو عەرەبداو

لەناوەڕاستی چلەکان وتارێکی بەراوردکاری لە نێوان کافکاو ئەبوعەلای مەعەڕی نەدەنووسی و ، دواتر رۆمانی کۆشک ی نەدەخستە سەر زمانی عەرەبی، تا خوێنەری عەرەب پێی ئاشنا بن.

ئەگەر وڵاتانی پۆلۆنیاو چیک و هەنگاریا بەردەوام خۆیان بە ئەورووپی (مەبەستم ئەورووپای رۆژئاواییە)دا نەنابوایە، لە پاییزی 1989 بەدواوە، ئەم سێ وڵاتە وەها زوو بە خێرایی نەیاندەتوانی لە ئەورووپا نزیکببنەوە، زۆر وڵاتی دیکە هەن ئێستاش نەیانتوانیوە بچنەوە ناو ئەورووپا، لێرە جوگرافیاش حوکمی خۆی هەبووە. ئێمەش حیزبمان هەبووە، زۆر لە ئاستی وشیاری کۆمەڵگا لەپاشترو نزمتر بووە، لێکدانەوەکانی بۆ سەردەمی ئەمڕۆ هەمووی هەڵە بووە، بێگومان هەر حیزبێکیش نەتوانێ چارەسەری گرفتەکانی خۆی بکات، هەرگیز ناتوانێ چاری گرفتەکانی خەڵک بکات..

هەموو حیزبە سیاسییەکان لە دونیادا کە بوون بە حیزب یان ناویان لەخۆیان نا حیزب ئیتر ئەوە حیزبە هەر لە حیزبی کۆماری ئەمریکاوە تا حیزبی پارێزگارانی بەریتانیاو کۆمۆنیست و ئیسلامیەکان تا بە حیزبە فاشیلەکانی ئەو هەرێمەش رادەگات، هەموویان حیزبن، هەر وەکوو چۆن زۆربەی ئەو زیندەوەرانەی تەنیا خاوەنی دوو قاچن، هاوکات خاوەنی پەڕوباڵێکی جوانیشن و هەندێکیان بەرز پێی دەفڕن وەک بازو کۆترو بولبول و تەنانەت پۆڕو هەوێردەو.... هەیشە دوو باڵی هەیە بەڵام بەرزە

فڕ نییەو ناتوانێ بەرزبێتەوە، وەک قازو مراوی و مریشک و..هتد، مرۆڤیش وایە بنیادەمێکە تەنیا دوو پێی هەیە، بەڵام پەڕو باڵیشی نییەو ناشتوانێ بفڕێت، جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ زیندەوەرە دوو پێیەکانی تر ئەوەیە مرۆڤ قسە دەکات و ئەقڵی بیرکردنەوەو سەرنجدان و ڕەخنەگرتنی هەیە، بەڵام هەموو زیندەوەرەکانی دیکە ناتوانن قسە بکەن و هەروەها خاوەنی ئەو ئەقڵەش نین کە مرۆڤ هەیەتی،هەموو زیندەوەرێک خۆویست و تا رادەیەک گیانی دڕندەیی تێدایە، بەڵام هیچکام لە زیندەوەرەکانی ئەم جیهانە بەقەد مرۆڤ دڕندە نین، نەک تەنیا دوو پێیەکان بەڵکو ئەوانەیش کە خاوەنی چوار پێن، بەقەد مرۆڤ دڕندە نین. مرۆڤ دڕندەترین گیانەوەرو بوونەوەرە لەسەر رووی ئەم زەوییە.کارەساتی ئێمە لەوەدایە خاکی ئێمە، نیشتمانی ئێمە، بۆتە ناوەندی خۆ یەکلاکردنەوەی مرۆڤە دڕندەکان، کە هێزو بازووی خۆیانی لێ تاقیدەکەنەوە.

25 سەدەیە لە هیراکلیوتوسەوە تا ئەو فەیلەسووفانەی کە ئەمڕۆ مێشکی خۆیان دەکرۆژن و شەونخوونی دەکەن کە تا ئابڕووی دیکتاتۆرییەت و ستەمکاری بەرن و لە پێناوی خەڵکی ڕەشورووتدا پشتگیرییەک بدۆزنەوە، بە درێژایی ئەو 25 سەدەیە لەم هەرێمی کوردستانەدا، فیکرمان نەخوێندۆتەوە، هەر هەوڵی خوێندنەوەیشی نادەین. 25 سەدەیە گەورەترین میراتی فیکر بۆ مرۆڤایەتی جێدەمێنێ و ئەم دونیا پان و بەرینەی پڕ کردووە، کەچی دەسەڵاتی کوردی لەم هەرێمەدا جگە لە خەمی بە تاڵانبردنی سامانی نیشتمانی، بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە.

25 سەدەیە دەڵێن دیکتاتۆرییەت شەرمەزارییەو دیکتاتۆرەکان وا ڕەفتاریان کردووە وەک ئەوەی لە جنسی مرۆڤ نەبووبن، کەچی لەم هەرێمی کوردستانەدا تازە بە تازە دیکتاتۆری شەموولەیی (کورتە بنە)وسپڵە، قەزەم و قەزیم دروستدەبن.

فەشەلی حیزبی سیاسی لەوەدا خۆی دەرخست کە تەواوی کۆمەڵگایان نائومێدو ناپووتکرد، لەکاتێکدا مەحاڵە بتوانێ لە کۆمەڵگایەکی ناپووتدا،حیزبێکی بەهێز دروستبکەیت، چونکە حیزبیش بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیەو هەر بەو کەرەستەیەش دروستدەکرێت، ئایا دەتوانی لە کەرەستەیەکی رزیوو خراپ خانوویەکی پتەوو نوێ و جوان دروستبکەی، بێگومان نەخێر، حیزبیش وایە،کە کۆمەڵگات بێ ئیرادە کردو تێکتشکاند، مانای بێ ئیرادەکردن و تێکشکاندنی حیزبەکانیشە. بەڵام خاڵی گرنگ لەوەدایە، حیزب کە ئیرادەی تێکشکاو لەبەرچاوی خەڵک ناپووت بوو، مەحاڵە بتوانێ هەڵبسێتەوەو هێزو تین بداتەوە بەر خۆی، بەڵام کۆمەڵگا وا نییە، لە ڕووداوێکی ڕەنگە بچووکیشا بێت، کۆمەڵگا سەرکردەی دیکەی بۆ دروستدەبێت و کۆمەڵگا ڕادەچەنێت، ئەو نموونەیەی لە 17ی دیسەمبەری 2010 بەهۆی لاوێکی تونسی (محمد البوعزیزی) کە ئاگری لەخۆی بەرداو،دوای 18 ڕۆژ لە 2011/1/4 گیانی لەدەستدا. لەڕاستیدا نموونەیەکی زۆر گرنگە ئەگەر مەعریفەی لێ بەرهەمبهێنرێت ، بەڵام کوا ؟!!.

# شەڕی فیکری نێوان دیموکرات و سەلەفییەکان

## دووکەڵێکی بێ ئاگرە

ماوەیەکە لەم هەرێمە جۆرە ململانێیەک کەوتۆتە نێوان سەلەفییەکان و دیموکرات و لیبراڵەکان، بەڵام گرفتی گەورەی ئەو ململانێیە ئەوەیە سەلەفییەکان، زۆر ئاگاداری فەلسەفە و بواری مەعریفە نین، ئاشنای شۆپینهاوەرو داڤیدهیوم و سپینۆزاو مارکس و فرۆیدو نیچەو قوتابخانەی فرانکفۆرت و زۆرانی دیکەی هاوشێوەی ئەوانە نین،نازانن لەبەرچی ئەوانە بڕوایان بە خودا نەبووە، لەولایشەوە دیموکرات و لیبراڵەکان ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن عەلمانی، ئەوەندە ئاشنایەتییان لەگەڵ تەبەری و قوتابخانەی ئەندەلووس و ململانێی غەزالی و ئیبن روشدو ململانێی موعتەزیلەو ئەشعەرییەکان و ئیبن تەیمییەو وەهابیزم و ئیبن قەیمی جۆزی و قوتابخانە

نزیک سەد ساڵییەکەی ئیخوان نین، هەردوولا بۆشاییەکی گەورەیان تێکەوتووە، بە پێچەوانەی خەڵکی موسڵمانی ئێران، کە مارکسیزمیان لە خەڵکی مارکس باشتر خوێندۆتەوە، قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم و فرانکفۆرت و بونیادگەری و تەفکیکییان بە وردی هەزم کردووە،کاتێک دێنە سەر کۆمەڵناسیی، دۆرکایم و ماکس ڤیبەرت بۆ شیدەکەنەوە،لەبەرئەوەیە (36) ساڵە مەلاکان حوکمڕانی ئێراندەکەن و دەزانن چۆن سیستەمی حوکمڕانی بۆ خەڵک دیاریدەکەن. لە هەموو وڵاتێکی ناوچەکە زۆرزانانەتر درێژە بە شەڕی بە وەکالەت دەدەن و هەموو قەیرانەکانیان بردۆتە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیان. ئەگەر زیاتر پێ دانەگرین، دە هەزار(10000) ساڵە ئێمە لەو هەرێمە بارگەو بنەمان داناوەو تیایدا دەژین،مێژووی هەولێرو کەرکووک هێندە لە مووسڵ نوێتر نییە، بەڵام تا ئێستا نەک هەر دەوڵەت نین، بەڵکو بەردەوام لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی جیدیداین، ئەو تورکانەی ئێستا وڵاتێکی زلهێزی ناوچەکەیان پێکهێناوە،لە تەتەرو مەغۆلەکان باشتر نەبوون،لە قەفقاسیاوە هاتن و ستراتیژترین شوێنیان داگیر کردو، دەوڵەتی بێزەنتی ڕۆمەکانیان رووخاند کە قوستەنتینییە بوو(ئیستانبۆڵ ی ئێستایە)، دەستیان بەسەر گەورەترین دەوڵەتدا گرت لەسەر ئاستی دونیادا کە دەوڵەتی بێزەنتی ڕۆمەکان بوو ، ئینجا لە پەنای ئایینەوە(تورک فڕی بەسەر ئایینەوە نەبوو، باشترین نموونە بۆ ئەو قسەیەم ژیانی شاهانەی خەلیفە عوسمانییەکانە کە بەردەوام لەناو سەدان ئەگەر نەڵێم هەزاران کچی تازە پێگەیشتوودا شەوو ڕۆژیان

بەسەردەبرد)کەچی لە پەنای ئایینەوە گەورەترین ئیمپراتۆریایان دامەزراندو مەترسیان خستە سەر ئەوروپاو ئەوەندەی نەمابوو نەمساش بە تەواوی داگیر بکەن.

بەرلەوەی ئایینی ئاسمانی سەرهەڵبدا (بێگومان هەر سێ - 3 - ئایینە ئاسمانییەکە، لەم ناوچەیە پڕ جەنجاڵە سەریانهەڵدا کە تا ئەمڕۆش پڕ کێشەترین ناوچەیە)وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە یان وڵاتی بابلییەکان کە ئێستا عێراق ی پێدەڵێن،لەگەڵ وڵاتی میسر،پێش ئایینی موسایی، دوو وڵات بوون لە پێشکەوتووترین وڵات لەسەر ئاستی دونیادا، شارستانێتی سۆمەرییەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو،یەکەمین لانکی شارستانییەت بوون لە دونیادا،بۆیە پێیاندەوترێ شارستانی سۆمەرییەکان، چونکە یەکەمین شارستانییەت بوون لە دونیادا،کە سەرەتای مێژووەکەی بۆ زیاتر لە دوازدە هەزار(12000)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە،بە دیوەکەی دیکە مێژوو لە پزدانی سۆمەرییەکانەوە سەریدەرهێناوە،سۆمەرییەکان هەم داهێنەری شۆڕشی گوند بوون و هەم داهێنەری شۆڕشی شار،شۆڕشی گوند لە هەناوو منداڵدانی دایکسالارییەوە سەریدەرهێنا کە گلکاری، تەونکاری، دانەوێڵەکاری و چاندن و زۆریدیکە بەرهەمی دایکسالارییبوون،شۆڕشی شاریش لە هەناوی باوکسالارییەوە چەکەرەی کرد، کە بازرگانی و دارتاشی و ئەنجوومەنی سەربازی و،ململانێی هێز بۆ وەدەستهێنانی ئابووری زیاترو دەسەڵات وەرگرتنی زیاتر و تەکنیکی دروستکردنی چەک لە مس و زۆریدیکە بەرهەمی باوکسالاری بوون.سەرباری هاتنی ئیبراهیم پێغەمبەریش

که ئەو سیستەمە باوکسالارییەی قووڵتر کردەوە. یەکەمین بناخەدانانی دەوڵەتیش بە نووسراوو بە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی سۆمەرییەکان بوون، بۆ یەکەمینجار فەلسەفەی ژیان و میتۆلۆژیا لەناو سۆمەرییەکان سەریانهەڵدا،بۆ یەکەمین جار لەناو سۆمەرییەکانەوە میتۆلۆژیای بەهەشت و دۆزەخ، لە بەهەشت دەرکرنی ئادەم و حەوا،کوشتنی هابیل لە لایەن قابیل و تۆفان و ..هتد سەریانهەڵدا، یەکەمین ناوەندی کولتووری لە نیپۆر و ئەکادیمیای ئەدەبیات لە ئەدۆبا ڕۆڵی یەکەمین زانکۆی مرۆییان بینیوە لە مێژوودا کە هی سۆمەرییەکانە، پاش چەندین هەزار ساڵ ئینجا ئەفلاتون ناوەندی ئەکادیمیای دروستکردو بوو بە درێژترین ئەکادیمیا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە (900) ساڵ مایەوە.بۆ یەکەمین جار سۆمەرییەکان بە شێوە زمانی شیعر و داستان ململانێی سروشت و مرۆڤیان نووسیوەتەوە، ئەلیادەو ئۆدیسەی هۆمیرۆس چەندین هەزار ساڵ لە دواوەی سۆمەرییەکانەوە نووسراوە،یەکەم نووسین یەکەم زانستی بیرکاری و ژمێریاری و دانانی یەکەمین یاسای نووسراوو، نووسینی داستان و ئاشنابوون لەگەڵ مۆسیقاو،سەرهەڵدانی باوکسالاری و هەموو ئەو یەکەمینانە لەناو شارستانیەتی سۆمەرییەکانەوە ڕێچکەی گرتووە.یەکەمین جار سۆمەرییەکان بوون داگیرکردن و کرداری ئیمپیریالیانەی کرد بە سیستەم، یەکەمین ئیمپراتۆر لە دونیادا (سەرجۆن)ی سۆمەرییە، کە لە بنەماڵەی ئەکەدی بوو.،بەڵام لە دوای هاتنی ئایینی موسایی، ئەم ناوچەیە هێڵێکی سووری بازنەیی بەدەوردا کێشراو تووشی چەقبەستوویی هات،

تەنانەت یاساکانی حامورابی کە زیاتر لە چوارسەد (400) ساڵ پێش لەدایکبوونی موسا نووسرابوونەوە، واتا حامورابی سێسەد (300) ساڵ دوای ئیبراهیم پێغەمبەرو چوارسەد (400)ساڵ دوای موسا پێغەمبەر هاتۆتە سەر دونیا، هاتنی حامورابی بەرهەمی شارستانێتی سۆمەرییەکان بوو، موسا توانی زۆرترین سوود لەو شارستانیەتەی سۆمەرییەکان و هەروەها سوود لەو یاسایانەی حامورابیش وەربگرێت و کاری پێبکات،موسا جگە لە یاساکانی حامورابی، سوودێکی زۆریشی لە ئەفسانەو شارستانێتی سۆمەرییەکان بینیوە،چونکە خەڵکی میسر بوو، دوای ئەوەی شارستانیەتی سۆمەرییەکان لەو ناوچەیەی پێی دەوترێ وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەو میسۆپۆتامیاچەقی، بەڵام میسرییەکان توانیان لە وڵاتی خۆیان گەشەی پێبدەن و هەر لە ئایینی یەکتاپەرستییەوە تا گەشەی بازرگانی و پیشەسازی و فەلەکناسی و گەردوونناسی و...هتد بەشێوەیەکی بەرفراوان لە گەشەسەندندا بوو بۆیە موسا توانی هەموو ئەو شارستانییەتەی پێشووی خۆی، چ ئەوەی سۆمەرییەکان، چ ئەوەی بابلییەکان، چ ئەوەی گەیشتبووە میسر،توانی زۆر بە زیرەکی لە چوارچێوەی بانگەشەی ئایینێکی ئاسمانیدا بە شێوەیەکی نوێتر بەرجەستەی بکات.کە ئەمە بوو بە یەکەمین ئایینی ئاسمانی. نەک هەر موسا تەنانەت یەکەمین فەیلەسووف لە جیهاندا کە تالیس Thales de milet546-627 پ.ز بۆ گەشەپێدان بە فەلسەفەکەی لە یۆنانەوە هاتووە سەردانی وڵاتی میسری کردووەو لە بارەی ئەستێرەناسی و ماتماتیکدا سەرنجی لێوەرگرتوون و لە ئەهرامەکان ورد

بۆتەوەو میسرییەکانی فێرکردوون کە چۆن بەرزایی ئەهرامەکان بپێون و پێیوتوون کە سێبەری هەر شتێک لە کاتێکی تایبەتی رۆژدا بە قەد بالآی خۆیەتی. هەروەها فیساگۆرس Le phythagorisme لە یۆنانەوە هاتۆتە میسرو دوازدە (12)ساڵ لە میسر، دوازدە (12)ساڵیش لە بابل ژیاوە، لە میسر ئەستێرەناسی و ئەندازەی خوێندووەو لە بابلیش ژمێریاری و مۆسیقاو ئایینی مەجووسییەکانی خوێندووە، نموونەی دیکە زۆرن لەسەر گەشەی شارستانی ئەم ناوچەیە، بەر لە هاتنی ئایینی موسایی، بەڵام دوای گەشەکردنی ئایینی موسایی وردە وردە ئەو شارستانییەتە چەقی بەستووەو لە شوێنی خۆی مەییوەو بواری فەلسەفەو گەشەی هزر لەو ناوچەیەوە بەرەو وڵاتی یۆنان رۆیی.ئاخر جێگای پرسیارە بۆچی هەر سێ (3) ئایینە ئاسمانییەکە لەو ناوچەیە سەریانهەڵدا، کە پێشکەوتوو ترین ناوچە بوون لەسەر ئاستی دونیادا، کەچی ئەوەتا دەبینین ئێستا ئەم ناوچەیە بوونەتە ئاڵۆزترین و پڕکێشەترین و دواکەوتووترین ناوچەی جیهانی. عیسا بە جوولەکەیی مرد، کەچی ئەوەتا جیهانی مەسیحییەتی گەیاندە ئەمریکا.

سەلەفییەکانی ئەم هەرێمە بە پێی خواستی خوێنی ناو دەمارەکانیان شەرع دادەنێن و بەهەشت و دۆزەخت بۆ دیاریدەکەن،بەڵام ئەمە ئەوپەڕی نائەقڵانییەتەو مرۆڤ کۆیلەی خواست و ویستەکانی دەکات و ئەقڵ وەک شۆپینهاوەر دەڵێت دەبێتە گالیسکەیەک و خواستیش دەبێتە ئەو ئەسپەی کە گالیسکەکە بەدوای خۆیدا رادەکێشێ. واتا ئەقڵ نەک هەر غائیبە،

بەڵکو مرۆڤێکی تاریکپەرستی تەوەزەل کە تەنیا خەریکی خواردن و خواردنەوەو بەردانەوەی ریشەکەیەتی، بەرهەمدەهێنێت، کە هەموو جۆرە ڕێگاکانی وەدەستهێنانی ئازادی وێراندەکات و بچووکترین ماف بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا ئازادییە کە دەتوانێت دادپەروەری وەدیبهێنێت و لە دەرەوەی ئازادی، بێگومان دادپەروەری و دیموکراسی تەنیا بەیت و بالۆرەیەکی درۆزنانەیەو هیچی دیکە.ئازادیش بەرهەمی ئەقڵە، دوور لە ئەقڵ و ئەقڵانییەت ئازادی وەدەستنایەت. چونکە ئەقڵ دەبێتە بنەمای بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە هەر شوێنێک چرای ئەقڵ هەڵکرا، ئەوا ئەو شوێنە ئاگری غەزەب و ئارەزووە خودییەکانی لێدەکوژێتەوە،موتوربەکردنی ئەقڵانییەتیش لە ژینگەیەکی هێمن و ئازاددا دەکرێت، نەک لەناو فەوزای کۆمەڵایەتیدا.

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابەوە، بە ڕێگای فتوحاتەوە ئایینی ئیسلام لە دیوی رۆژئاوایدا گەیشتە لیبیاو لە دیوی رۆژهەڵاتیشدا گەیشتە ئێران و هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە کوردستان بە زمانی ئیسلامییەکان فەتح کرا،کەچی ئەوە نزیکەی 1400 ساڵە، ئەقڵییەتی گونجاندنی ئایین لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردی ڕێکنەخراوە، لە کاتێکدا تورکە عوسمانییەکان بۆخۆیان گونجاندیان، سەلەفییەکانی کوردستان، کەسایەتی خۆیان بە تەواوی لەنێو کەسایەتییە ئایینییەکانی دیکەی وەکوو ئیبن تەیمیەو غەزالی و قوتابخانەکانی ئەشعەری و ئیخوان و زۆرانی دیکە بزر کردووە، کەواتا سەلەفییەکانی کوردستان نەیانتوانی ببنە خاوەن

ئیرادەیەکی ئازاد، ببنە خاوەن ئەقڵێکی ئازاد، ببنە خاوەن کەسایەتییەکی جیاوازو ئازاد،هەر ئەقڵێکیش بووە شوێنکەوتەی خەڵکانی دیکە، دەبێتە نوسخەیەکی کۆپیکراوی کرچ و کاڵ و ناتوانێت لەچوارچێوەی مرۆڤبوونی خۆیدا خۆی نمایش بکات. چونکە لە بنەڕەتدا ئەو جۆرە مرۆڤانە، مرۆڤی نەزۆکن و گفتوگۆکانیشیان نەزۆکترن، کەوابێ ناخی نەزۆک و گفتوگۆی نەزۆک، بێگومان فیکرو مەعریفەکەیشی نەزۆک و چەقبەستوودەبێت و خۆی لەناو تیۆرگەلێکدا بەتەواوی خۆی لەدەستدەدات و ناتوانێ چێژ لە ژیانیش وەربگرێت، ناتوانێ راستییەکان ببینێت ، ناتوانێت وەکوو مرۆڤێکی ئازاد و واقیعبین بژی.ئەمە دەبێتە زیندووکردنەوەی ژیانی کۆیلایەتی، دەبێتە پەسندکردن و بەپیرۆزکردنی چەقبەستوویی ژیانی کۆیلایەتی، چونکە هەستی پێکردبێت یان نەیکردبێت، خۆی بووە بە باشترین کۆیلە.کۆیلەش توانای بیرکردنەوەی نییە،کەواتا لەم شوێنەدا بانگەواز بۆ مەرگی ئازادی رادەدێرێت. چونکە ئازادی هەموو قۆناخ و سەردەمێک و لە هەموو شوێنێکیشدا تەنانەت بە دیموکراسیش نابەسترێتەوە،هۆنگ کۆنگ ئاستی ئازادییەکەی زۆر بەرز بوو، بەڵام سیستەمێکی دیموکراسیشی لێ پێڕەونەدەکرا، لە ئەمریکاش خۆی پێ دەوڵەتی دیموکراسی و تا سنووری لیبڕال دادەنا، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ مانەوەی کۆیلایەتیدا بوو، تا دواجار لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، یاسای بۆ هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتیش دەرکرد، بەڵام رێوشوێنی دیموکراسی بۆ نەگیرایە بەر وەک وئەوەی بڵێین بە رێگای راپرسی و ریفراندۆمێکی بەرفراوانەوە سنوورێک بۆ

ئەو کۆیلایەتییە بکێشن،بەڵکو ئەمریکا هەندێک رێکاری یاسایی گرتە بەر. سەنگافورەش ئەو هەموو پێشکەوتنەی بەخۆیەوەی بینی لەبەر ئەوە نەبوو دەسەڵاتێکی دیموکرات لەو وڵاتە هەیەو دەستاودەستکردنی دەسەڵات پەیڕەودەکرێ، بەڵکو پێچەوانەکەی راستربوو، بەڵام لی کوان یو توانی سەنگافورە لە ریزی وڵاتی سێیەمەوە بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی یەکەم، لێرەیە کەسەکان لەمێژوودا چ رۆڵێکی بزوێنەرو گرنگ دەبینن، بە هەردوو رووەکەی، قەزافی و موبارەک و سەدام، دیکتاتۆرییەت و ستەمکارییان سەپاند بەسەر خەڵکی وڵاتەکەیانداو هۆنگ کۆنک و سەنگافورەش ئازادی و بەختەوەرییان هێنایە ناو وڵاتەکەیاندا.

لە کۆمەڵگای ئەم هەرێمەی ئێمەی لێیە، نەمانتوانیوە یاساو ماف بە قووڵی و بە وردی بخەینە نێو دڵ و مێشکی هەر تاکێکەوە، زیاتر بێ یاسایی و مافخواردن پاڵنەری ناخی هەر تاکێکمانە بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیاتری سامانی نیشتمانی و غەدر کردن لە بەرامبەرەکانمان، نەبوونی ئەم یاساو مافەیە، ئێمەی بەو دەردەی ئەمڕۆ گەیاندووە، کە ناخمان پڕە لە ئازاری قووڵ قووڵ، پڕە لە رۆح سووتان، جەستەشمان، لە رووخساری هەر تاکێکەوە ببینی بۆتدەردەکەوێ، چەندە ماندووە لەم ژیانەی تێیدایە، چەندە مرۆڤێکی تورە، ماندوو، شێواو، ...........ە. هەموو ئەمانە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئەقڵەوە هەیە،هەم ئەقڵی کردارەکی، هەم ئەقڵی تیۆری،نەبوونی ئەم دوو جۆرە ئەقڵییەتە لەم هەرێمە، وایکردووە شیکردنەوەیەکی زانستی و لۆژیکیشمان بۆ تەواوی پرسە فیکری و سیاسی

و کۆمەڵایەتییەکان نەبێت. کۆمەڵگای کوردی لەماوەی ئەو چارەگە سەدەیەی رابردوودا، سەری لەنێوان ئازادبوون و ئازادنەبوونیدا لێتێکچووە ، نازانێ ئێستا لەناو کامیانا ژیان بەرێوەدەبات..چونکە هەردوو دۆخەکە، رەهەندی جیاوازو تایبەت بەخۆیان هەیە، ئێمە تائێستا بەدوای ئەو رەهەندانەدا نەچووین. لەوەتەی قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی (المشاعية البدائية)تێپەریوەو قۆناخی کۆیلایەتی دروستبووە،کە سەدان هەزار ساڵ دەگرێتەوە، بەدرێژایی ئەو مێژووە، هەموو ئەو مرۆڤانەی داوای ئازادییان کردووە، ئەوانە بوون کە چەوسێنراونەتەوەو زۆر بەبێنازی و بە کولەمەرگی ژیاون،بەڵام کاتێک ئەقڵ خۆی موتوربە دەکات، ئیدی ململانێ و جیاوازییەکان زەقدەبنەوە لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی.

با پرسیارێک لە هەموو ئەوانە بکەین کە تووشی دۆگماییبوون هاتوون، ئایا ئایەتە ئاسمانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر تەنیا بۆ کاتی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام هاتوون، یان بۆ هەموو کات و رۆژگارە جیاوازەکانە، باشە ئەگەر بۆ هەموو رۆژگارێکە، ئەی نابێ بەپێی هەر رۆژگارێک لێکدانەوەیەکی نوێی بۆ بکرێ، ئەی نابێ ئایین لەگەڵ ئەو رێکخستن و سیستەمە کۆمەڵایەتییە بگونجێندرێ کە هەیە،ئەی نابێت ریفۆرمی ئایینی لەناو ئاییندا بکرێت، ئایا هیچ دەقێکی ئاسمانی هەیە تەنیا یەک لێکدانەوەی بۆ بکرێت؟.ئایا ئەمە ژینگەیەکی سیاسی ئایینی بۆگەن نییە کە هەموو دەرگاو پەنجەرەیەکی لەسەر خۆی داخستووەو خەریکە دەخنکێ. سەیرکەن عیسا لە گردێکی نزیک ئۆرشەلیم لە خاچ درا، بەڵام

یۆنان ئینجا ئەوروپاو ئەمریکا ئایینی مەسیحیان لێدروستکرد... ئایینی ئیسلام لە حیجاز بانگی بۆ هەڵدراو پێغەمبەرەکەش محەمەدی قورەیشی بوو، کەچی تورک و فارس بە زیرەکانەی خۆیان زۆرترین سوودیان لێیوەرگرتووە، تەنها کورد نەیتوانیوە هیچ سوودێکی لێوەربگرێت، تەنانەت لێیشی زەرەرمەند بووە.

لەناو ئەدەبیاتی هەموو گەلاندا پارچە شیعرێک نابینی پێیبوترێ شیعری کۆنەپەرست و شیعری پێشکەوتنخواز، چونکە ئەوەی شارەزایی لە جیهانی ئەدەب بێت، ئەوە دەزانێت شیعر لە سەرووی ئەو دابەشکردنە سەقەتەیە،بەڵام سەیرکەن بە درێژایی مێژوو هەمیشە شیعری رۆمانتیک بەهێزترو جوانتر بووە لە شیعری نیشتمانی و ئایدیۆلۆژی، لە ناو کۆمەڵگای ئێمەشدا، لەکاتی گفتۆگۆی ئایینیدا، ئەوەندەی گوێ لە کابرایەکی باوکسالاری ئیسلامی دەگیرێ، نیو ئەوەندە گوێ لە کەسێکی دیموکرات و عەلمانی ناگیرێت،لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو یەک نموونەی جوانمان لەناو تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامی دەستناکەوێ بە نموونە بیهێنینەوە، بەڵام دەیان نموونەی دەوڵەتی عەلمانی هەن کە پاراستنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری و پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی لە ئاستێکی یەکجار بەرزدایە. کەواتە نابی چیدی مەیدان بۆ ئەو ئیسلامیانە چۆلبکرێ کە ئایدیۆلۆژیایەکی سەلەفی هەڵیدەسوورێنێت و پێموابێت کاتی ئەوەش هاتووە راشکاوانەتر قسە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای چەقبەستوو بکرێ،چونکە ئاییندەی نەتەوەیەک کە بە درێژایی مێژوو ئازادییەکانی لێ زەوتکراوە، زۆر

زۆر گرنگترە لە ئایندەی ئەو ئیسلامیانەی هەمیشە روویان لە تاریکییە.پێویستیمان بە مونازەرەو دیبەیتی مەعریفیانەیە، دوور لە شاتە شات و هاوارکردن بەسەر یەکدیدا، بە داخەوە ئەوانەی خۆیان بە ئیسلامی دەزانن تا ئەمڕۆش کە گفتوگۆ دەکەن، هەر وا دەزانن نیوەڕۆی رۆژی هەینییەو گوتار بۆ خەڵکی دەدەن، نە گوێ دەگرن، نە لە قسەی ئینشائی زیاتریان پێیە کە نەقلە،ئەم قۆناخە دەبێ کۆتایی پێبێت، ناکرێ ئەم هەرێمە هەر لە قۆناخی سەدەکانی ناوەڕاستدا قەتیس بمێنێت ،ئێمە لەناو ئایینێکدا گینگڵ دەدەین کە تا ئەمڕۆ تەنیا نەقلە نەک ئەقڵ ، نەمانتوانیوە لە مانای قووڵی سەرهەڵدانی ئایین بگەین، ئینجا نەمانتوانیوە ئایینە ئاسمانی و زەوییەکان بە شێوەیەکی ورد ،وردتر بکەینەوە.....بودا نەک هەر کولتوورێکی بۆ هیندییەکان رێکخست، بەڵکو هەڵسانەوەیکی خستە ناو دڵ و هەناوی هیندییەکان، کۆنفوشیۆس چینییەکانی خستە سەر پێ و سرووشت و عەدالەتی پێ ناساندن، بەڵام ئێمە کاتێک لەگەڵ ئاییندا هەڵدەکەین، پێویستە وا بکەین هێزی مانەوەی ژیانمان پێبدات و ئایندەیەکی گەشاوەی پێ مسۆگەر بکەین. سەیرکەن زیاتر لە پێنجسەد(500)ساڵ پێش ئێستا ئیسماعیلی سەفەوی زۆر وریایانە تر لە ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران لەناو ئێران توانی ئایینی ئیسلام بەو شێوەیەی خۆی دەیویست بەکاربهێنێت، کەچی ئەوە 35 ساڵی رێکە ئێران تازە بە تازە دەیەوێ سیستەمێکی لاهوتی وەکوو سەدەکانی ناوەڕاست پێڕەو بکات، لە کاتێکدا سەردەمەکەی بەسەر چووە.

# رووخانی دیوارەکان

لەو ڕۆژەوەی قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی (مشاعیة بدائیة) کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناخی دایکسالاری،تێپەڕیوەو لە شوێنیدا قۆناخی کۆیلایەتی کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناخی باوکسالاری،هاتۆتە ئاراوە،ئەقڵی مرۆڤ جوولەی تێکەوتووەو ئاسۆی بیرکردنەوەی گەشەی تێکەوتووە، (ئەمە ئەگەر نەگەڕێینەوە سەر ئادەم،کە بە قسەی خودای نەکردو بەری ئەو دوو درەختەی خوارد کە یەکێکیان مەعریفەی بۆ ژیان پێبوو، ئەویتریش لە نابینایی قورتاری دەکردو ئیتر دونیای پێدەبینی) کۆمەڵگای مرۆیی هەمیشە لە دروستکردنی گوندەوە،بۆ دروستکردنی شار هەڵپەی کردووە،

بەڵام کۆمەڵگای کوردی بە گشتی چەقیوەو نەیتوانیوە ئەقڵیەتی شار بۆخۆی پێکەوە بنێ، یەکەمین ئیمپراتۆر لە جیهاندا سەرجۆن ئەکەدی بوو،کەلەناو شارستانێتی سۆمەرییەکاندابوو، توانی هەموو میزۆپۆتامیای خواروو بخاتە ژێر هەژموونی خۆی،تەنانەت تا سوریا پێشڕەویکردو ئەو ئیمپراتۆریایەی ئەو دایمەزراند نزیکەی یەک سەدە بەردەوامبوو. بەڵام کورد کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە شارستانێتی سۆمەریەکاندا هەبوو، بووە ئاردی ناو دڕک و، لەسەردەمی سەرجۆنی ئەکەدییەوە تا ئەمڕۆ، هەر دەچەوسێندرێتەوەو هەر دەچەوسێندرێتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە پێچەوانەی ئەو خەڵکانەی زۆر ڕۆمانسیانە بیردەکەنەوەو دەڵێن کورد نەتەوەیەکی زۆر زیندووە، بە پێچەوانەوە کورد نەتەوەیەکی زۆر تەمبەڵ و تەوەزەل و گەندەڵەو توانای بیرکردنەوەیەکی زانستیانەو مەعریفیانەی نییە. ئیمڕۆ ڕۆژئاوا کە چەندین وەرچەرخانی گەورەی لە بواری زانستی و مەعریفی بڕیوە، دەبەنگییەکی گەورەیە ئێمە بە گیانێکی ڕۆمانسیانە بە شان و باڵی کۆمەڵگای کوردیدا هەڵبدەین، لەکاتێکدا یەک لە دواکەوتووترین کۆمەڵگانی جیهانین.ئەوانەی دەڵێن کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی کراوەیە، هەر لە بنەڕەتەوە لە چەمکی کۆمەڵگای کراوە تێنەگەیشتوون، ئەقڵیشیان بەوە نەشکاوە کە ڕۆژانە ڕووداوی مەرگەساتئامێزی ژنکوژی، کۆمەڵکوژی...هتد دووبارە دەبێتەوە.

هەندێک نەخۆشی هەن، بە هەموو داوودەرمانی دونیا چارەسەرناکرێن، ئەومناڵانەی بیرکۆڵن،ناتوانرێ مێشکیان چالاک و ئەکتیڤ بکەی، چونکە

ئەوە نەخۆشییەکی زگماکە،هەموو نەخۆشییە زگماکەکانیش چارەسەرکردنیان ئەستەمە. کۆمەڵگای کوردی ڕێک لەو بیرکۆڵە دەچێت کە توانای تێگەیشتنی زۆر زۆر لاوازە، ئەوەتا هەموو مێژووی فەلسەفەو سیاسەت و دەروونزانی و کۆمەڵناسی لەبەردەستدایە، بەڵام ناتوانێ هەزمی بکات و بیکاتە بنەمایەکی کۆنکریتی بۆ کاری ڕۆژانەی،هەموو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی لەبەردەستدایە،هەر لە فڕۆکەوە تا گالاکسی و ئایفۆن، بەڵام نەک بیری لە دروستکردنیانی نەکردۆتەوە بەڵکو زۆر خراپیش بەکاریدەهێنێت و لێی نازانێت. بۆیە نابێت لاری لەوە بکەین کە کۆمەڵگای کوردی لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵەی بیرکۆڵان دەچێت،خۆشی و شادییەکانی، ناخۆشی و مەرگەساتەکانی، بە جیاوازییەکی کەم، وەکوو یەک بەڕێدەکات، نە لە خۆشییەکانماندا هەوڵێک هەیە بۆ مسۆگەرکردنی خۆشی ڕاستەقینە، نە لە ناخۆشی و مەرگەساتەکانیشماندا جارێک هەر تەنیا جارێک بیرمان لە کۆتاییپێهاتنیان کردۆتەوە، لە هەردووکیاندا،پشت بە وەهمێک دەبەستین کە هیچ بنەمایەکی واقیعی و زانستی تێدا نییە، هیچ ڕوانگەیەکی ئایندەیی تێدا نییە. کۆمەڵگای کوردی لە هزرو فیکردا بیرکۆڵە، لە سیاسەتکردنیشدا مەنگۆلە، لە کاروباری ڕۆژانەیدا، واتە لە بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەشدا کەمئەندامە. بۆیە نەدەتوانین فەلسەفەیەکی کۆنکریتی دابڕێژین، چونکە فەلسەفە بە کەسانی ئەقڵ چالاک و ئەکتیڤ دادەهێنرێت، نە دەشتوانین سیاسەتێکی باڵا بکەین، بە پێچەوانەوە کورد خراپترین و ناشیرینترین

سیاسەتی پەیڕەوکردووە،نە کۆمەڵگا خۆیشی توانیویەتی بە جەستەیەکی تەندروستەوە کاری پیشەسازی و تەکنیکی و ..هتد دابهێنێ.

(2500)ساڵە، ئەرستۆ وتوویەتی دوو خاڵی بنەڕەتی لەجیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هەیە، یەکێکیان ئەوەیە مرۆڤ قسە دەکات، ئاژەڵ نایکات، ئەویتریشیان ئەوەیە مرۆڤ لە چاکەو خراپە تێدەگات و ئاژەڵ تێیناگات،بەڵام کاتێک مایکرۆسکۆپێک دەخەینە سەر رەفتارو گوفتاری کۆمەڵگای کوردی، مەسافەی ئەو جیاوازییانە زۆر بچووکتر دەبێتەوە، چونکە کۆمەڵگای کوردی بەسەرخان و ژێرخانییەوە لە چاکەو خراپە نەگەیشتووەو لە سەردەمی پێش ئەرستۆوە هەر خراپە دەکات و پەندیشی لەو هەموو خراپەکارییەی خۆی وەرنەگرتووە،بۆیە ئەگەر بێلایەنانەو زانستیانە تیشکی رەخنە بخەینە سەر کۆمەڵگای کوردی ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگایە نیوەی مرۆڤەو نیوەی ئاژەڵە،قسەدەکات، مرۆڤە، لە چاکەو خراپە نازانێ ئاژەڵە.ئەگینا لە دروستبوونی یەکەم پاشا کە لە شاری (ئۆروک)ی نێوان دیجلەو فورات دروستبوو،دوای سەدەیەکیش یەکەم ئیمپراتۆر(سەرجۆنی ئەکەدی)کە دروستبوو، چ میللەتێک هەیە وەکو کورد لەو رۆژگارەوە ئەوەندەی لە خزمەتی دوژمنان و داگیرکەرانیدا بووبێ، ئەوەندە لە خزمەتی خۆیدا نەبووبێ. بێگومان تەنیا کوردە.فەرموون ئەوە مێژووی هەموو گەلانی دونیا پەڕ پەڕ هەڵدەنەوە بزانن لە هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا هەیە!!.

هەموو حەقیقەتەکان لە روانگەی بەرژەوەندییەکانەوەیە، تۆ سەیری ئەخلاق بکە، 2500 ساڵە لە سەردەمی سوکراتەوە تا ئێستا 2500 پێناسەو راڤەی جیاوازی بۆ کراوە،بەڵام کامیان راستن ؟ ئایین لەوەتەی ئادەم خولقاوە کۆمەڵگای مرۆیی بەبێ ئایین نەبووە، نزیکەی 3500 ساڵیشە ئاینی ئاسمانی هەیە، بەڵام ئەگەر لێی وردبینەوە هەردوکیان ئایین و ئەخلاق لە هەر کۆمەڵگایەک بە چەمکێکی جیاوازتر خۆیان نمایشکردووە،کە زۆربەی جارەکانیش لەسەر بنەمایەکی هەڵە بووە……

لە سەدەی شازدەهەمەوە، زۆرترین ململانێ لەسەر دەسەڵات لە ئەوروپا بووە، سەرەتا لە نێوان پاپاو ئیمپراتۆردا، پاشان لە نێوان پاشا یەک لەدوا یەکەکان و هێزی ئۆپۆزیسیۆندا، ماوەی سەدەیەکیشە زۆرترین ململانێ لەسەر دەسەڵات کەوتۆتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەردەوام گرتنە دەستی دەسەڵات بە هێزی ئاگرو ئاسن بووە، بۆیە بەناچاری ئەوانەی دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەست، نەیانتوانیوە ئەقڵانی بن و بەرەو دیکتاتۆرییەت و ملهوڕی و بەرەو گەمژەیی رۆچوون، تۆ سەیری سەدام و قەزافی و بن عەلی و عەلی عەبدوڵا سالح و …..هتد بکە.وەک نیچە دەڵێت هەر کەسێک بووە خاوەنی هێزو دەسەڵات، ئەقڵی لەدەست دەدات. کورد ئێستا بەتەواوی بێزار بووە لە ئەقڵانیەتی دەسەڵات، سیاسەت هیچی بۆ کەس نەهێشتۆتەوەو گەیشتۆتە هەموو کونج و کەلەبەرەکان،سیاسەت بە تەواوی تێکەڵی هەر تاکێکی ئەم هەرێمە کراوە، بەوانەی مەنگۆل و کەمئەندام و بیرکۆڵیشن، ژیانی ئەوانیش بە ناچاری تێکەڵ بە سیاسەت

بووه.بەڵێ ئێمە لە رابردوودا چەند سەرکردەیەکمان هەبووە، بەڵام ئەو سەرکردانەی رابردوو بۆ ئەمڕۆ تەنیا میراتێکن و هیچی تر، ئەو میراتەش تەنیا هێزێکی مەعنەوی دەبەخشن. بۆیە بۆ ئەمڕۆو بۆ واقیعی جەنجاڵی ئەمڕۆی دونیای سیاسەت ئەو هێزە مەعنەوییە دادمان نادات، یەکێتی سۆڤێتیش خاوەنی میراتی لینین و دەیان هزرڤان و ئەدیبی مەزن بوون، بەڵام دادیان نەدان، لیبیا هەر خۆی خاوەنی میراتی قەزافی بوو، بەڵام خودی قەزافی رووبەڕووی میراتەکەی خۆی بووەوە تا تیاچوو. کورد خاوەنی هیچ میراتێکی فیکری و مەعریفی و ئەقڵانی نییە، ئێستاش هیچ هێزێکی ئەقڵانی و مەعریفی تێدا نییەو تەنانەت لە پاشاگەردانییەکی زۆر دژواریشداین. ئێمە هێشتا لە یاساکانی سروشت تێنەگەیشتووین، بۆیە بۆ جارێکیش هەوڵی گەڕانەوەمان بۆ سروشت نەداوە.شۆڕشگێرمان زۆرن،بەڵام ترس داگیریان کردوون، ئەوەتا کەسێک لەو شۆڕشگێڕانە ورتەیەکیان لێوە نایە.چونکە جەسارەتی ئەوە ناکەن بگەڕێنەوە بۆ ناو سرووشت، گۆشەگیرییان هەڵبژاردووە. ئاخر چۆن دەبێت کەسێک مێژوونووس بێت بەڵام لە فیکر کۆڵەوار بێت و لە بڕیاردانیشدا ترسنۆک بێت.ئەمە کارەساتە..ئەوانەی ئەمڕۆش لێمان بوونەتە فس فس پاڵەوان، لە بنەڕەتدا خائین، درۆزن، ترسنۆک، دزو گەندەڵ، داوێنپیسن، هیچ بنەمایەکی شۆڕشگێڕییان تێدا نەبووە تا شانازی پێوە بکەن، ئەوە کۆمەڵگەی بیرکۆڵە کردوویەتی بە فس فس پاڵەوان.

کورد پێویستییەکی زۆری بە میتۆدێکی فیکری هەیە، یان هەر هیچ نەبێ بۆ ئەمڕۆ پێویستی بە میتۆد یان هزرێک هەیە، بنەما کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ئاییندە لەسەر بونیاد بنێ، ئاخر ئەوەتا تا ئێستا ئێمە خاوەنی هیچ میراتێکی فیکری نین میراتی زەردەشتی، ئاشووری، مەسیحی، ئیسلامی..هتد تا ئێستا نەمانتوانیوە بیکەین بە چەکێک یان بیکەین بە بنەمایەکی فیکری بۆ بونیادنانی کۆمەڵایەتی،لەکاتێکدا خۆمان لەناویان غەرق کردووە. ئایینی ئیسلام وەک میراتێک لەناوماندا نەک هەر ئامادەیی بەردەوامی هەیە،بەڵکو هەموومانی خستۆتە ناو چوارچێوەی خۆی، بەڵام بە شێوێنراوی هاتۆتە ناومان و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەو رەخنەگرانەمان بۆی نەبووە، وەک مارکس بۆ هیگڵ دەڵێت، هیگڵ فەلسەفەکەی سەری لە زەوی بوو قاچی لە ئاسمان،من هاتم راستم کردەوە (قلْپمکردەوە)و،قاچەکانیم خستەوە سەر زەوی و سەریشی بۆ ئاسمان. ئێستا نەک هەر ئاینمان، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگای کوردی سەری لە زەوییەو قاچیشی لە ئاسمان، مرۆڤێکی زۆر ئازامان پێویستە قاچەکانی بخاتەوە سەر زەوی، بەڵام ئەوە سەدان ساڵە، هەر قاچمان لە ئاسمانە. سەیرکە ئەمریکای باکوورو ئوستراليا هەريەکەيان لەمسەر بۆ ئەوسەری ئەم گۆی زەوییەن، کەچی ئەوان خۆیان بە میراتگری کولتووری جیهانی یۆنانی و رۆمانی دادەنێن، ئەمە لە کاتێکدا هەموو تەمەنی ئەمریکا لە (500) ساڵ تێپەڕناکات،مێژووی دۆزینەوەی ئوسترالياش (400) ساڵێکە. کەمێک نزیکتر بەرەوە، ئەو سەنگافورەیەی ئێستا، لە ناوەڕاستی

شەستەکان، مالیزیا دەریکرد،چونکە سەنگافورە خاوەنی هیچ داهاتێکی نیشتمانی نەبوو، تەنیا زۆنگاو بوو،و ئیتر سەنگافورە بە ناچاری ساڵی 1965 سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام 3 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ سەنگافورە لە بواری سیستەمی پەروەردە لەسەر ئاستی هەموو دونیا یەکەم بوو،ئێستا سەنگافورەییەکان بۆ نوکتە دەڵێن، ئەمریکا لە جیهانی سێیەمە!!.

کۆمەڵگای مرۆیی لە سەرتاسەری دونیادا لەناو قەیرانی ئەقڵدا دەژی، چونکە ئەو ئەقڵەی مرۆڤ تا ئەمڕۆش بەکاری دەهێنێ، لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنە مەعریفی و تەکنیکییەشیدا، لە 30% تێپەڕی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەگەر مرۆڤ بتوانێ هەموو ئەقڵی خۆی بخاتە کاروچالاکییەوە هێشتا زیاتر لە 70% ی خەواندووە، ئەمە بۆ کۆمەڵگا هەرە پێشکەوتووەکانی جیهانە، کۆمەڵگای کوردی هێشتا 8%ی توانای مێشکی وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەکارنەهێناوە،نزیکەی 5%-6%ی بەکارهێناوە!!. ئێمەی کورد 5%-6 ی ئەقڵمان بەکارهێناوە،هەندێکمان ڕەنگە هەر 2% تا 3% مان بەکار هێنابێت!!. کەچی پەرلەمانتارە گەمژەکان و ڕاگەیاندنکارە نەخوێندەوارەکان و سیاسەتوانە درۆزنەکانمان دەڵێن کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی وشیارو زیندووە!!.ئەم قسەیە درۆیەکی زۆر گەورەیەو جەهلێکی زۆر ژەهر ڕژێنیشە. تۆ بڕوانە سەدەی بیستەم ئاڵۆزترین سەدە بووە بە درێژایی یەک ملیۆن ساڵی ڕابردووی،لە کاتێکدا تەنیا پێشکەوتنەکانی سەدەی بیستەم بارتەقای هەموو پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی تەواوی مرۆڤایەتی بووە بە درێژایی یەک ملیۆن ساڵی

رابردوو، واتە یەک سەدە لە بەرامبەر یەک ملیۆن ساڵ، کەواتە ئەو قسەیە زۆر راستە کە عەبدولسەلام بن عەبد ئەلعالی دەڵێت: یەک ساڵ بەرامبەر یەک سەدە، واتە هەر یەک ساڵی ئێستا بەرامبەر یەک سەدەی رابردووە، بەڵام پێمبڵێن کۆمەڵگای کوردی لە کوێوەی ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەیە، بێگومان لە دەرەوەی ئەو ژمێریاری پێشکەوتنەیە، کۆمەڵگای کوردیش ئاوت (out)کراوە، وەک چۆن زانکۆکانی کوردستان لە رووی ستاندەرییانەوە ساڵانە لە ریزبەندی زانکۆکانی جیهان ئاوت (out) دەکرێن، چونکە ئەوەندە لە دواوەن، ئەوەندە دواکەوتوون، هەر لە ریزبەندییەکەش دەریدەهێنن، تا ئێستا کۆمەڵگای کوردیش وایە.

ئێستا دوو زاراوە (گەندەڵی و قەیران) رۆژانە لە لایەن تەواوی کۆمەڵگای ئەم هەرێمە چەندبارە دەبێتەوە،ئەمە پێماندەڵێت مێژوو بۆ خۆی بریتییە لە مەرگەسات و تراژیدیا،ئەوانە لاپەڕەکانی مێژوویان پڕکردۆتەوە، بەڵام بەردەوامبوونی ئەو قەیران و گەندەڵییەو بێباکی دەسەڵات لەمبارەیەوە، ئەگەر خوێندنەوەیەکی بچووکمان بۆ مێژووی (4000)ساڵی رابردوو هەبێت،ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو مێژووە تراژیدییە زۆر ئاساییە لە جوولەیەکی زۆر سەیرو چاوەڕواننەکراودا بەتەواوی دۆخەکە هەڵگەڕێنێتەوە، کە رەنگە لەناو پزدانی ئەو جوولە چاوەڕواننەکراوەدا، مەرگ و وێرانکارییەکی بێ وێنەی تێدا خەواندبێت.

ئەقڵی مرۆیی بەردەوام ڤایرۆسێکی دژە پێشکەوتنی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە،ئەویش غەریزەی بە موڵککردنە (حب التملک) بەڵام لە هەندێک کۆمەڵگادا ئەو ڤایرۆسانە زۆر چالاک نین، وەکوو شانەی نووستوو وان، لە هەندێ کۆمەڵگاشدا تەڕاتێن دەکەن و کۆمەڵگا ئەگەر هەنگاوێک بچێتە پێشەوە، ئەوا دوو هەنگاویش بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، کۆمەڵگای کوردی رێک وایە، هێزی گەڕانەوە بۆ دواوەی زیاترە لە هێزی پێشکەوتن و شارستانیبوون. مرۆڤ لەو رۆژەوەی تۆماس هۆبس لە شێوەی ئەژدیها ناساندی، بە راستی گورگە، تۆ سەیرکە شێرو پڵنگ و هەموو ئاژەڵە دڕندەکانی دیکە کاتێ دەگەنە ناو رەوە ئاژەڵێک یان کۆمەڵە گامێشێک یان رەوە کارمامزێک ،ئەو شێرو پڵنگانە هەوڵدەدەن تەنیا یەک لەو ئاژەڵانە بخۆن بۆ ئەوەی گەدەی بەتاڵیانی پێ پڕ بکەنەوە،تەنانەت هەوڵدەدا هەناسەی ببڕێت ئینجا بیخوات، تەنیا کەمتیار نەبێت باکی بە خنکاندنیان نییە لە هەر شوێنێ بۆی هەڵکەوێ قاپ لێدەگرێت.بەڵام ئەوە تەنیا گورگە، تا پێی بکرێ هەموو ئاژەڵەکان دەخنکێنێت و ئینجا یەک مەڕ یان هەر ئاژەڵێکی تر دەخوات، یان هەندێکجار هەر هیچیان ناخوات تەنیا هەموویان دەخنکێنێ، بەراستی ئەو لێکچوونەی تۆماس هۆبز کە دەڵێت (مرۆڤ گورگی مرۆڤە)پڕ بە پێستێتی.مرۆڤی دەسەڵاتداری ملهوڕ ئەگەر دەیان هەزار کەس بەناهەق یان لە پێناو مانەوەی خۆی بکوژێ، زۆر بێ شەرمانە پاساویشی بۆ دەهێنێتەوە. لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بزانرێ کە هەر شتێک پێویستی بە پاساو هێنانەوە هەبوو، ئەوا بەهای خۆی لەدەستدەدات. نابێ

حکومەت هەر خەریکی پاساوهێنانەوە بێت، تا خەڵک بڕوای پێبکات، ئەمە ئەوپەڕی لاوازیبوونییەتی. حکومەت پێویستی بە بڕیاردانە، نەک پاساو هێنانەوە بۆ کارو بڕیارەکانی.چونکە زۆربەی پاساوەکان لە ئەنجامدا دەبنە گومان.مەگەر کەسانی گەمژە زوو بڕوا بە پاساوەکانیان دەکەن.

ئێمەی کورد لەم هەرێمە وێرانەدا، تەواو ماندوو بووین بەدەست شەڕی سەرکردەکانمانەوە، شەڕێکی دژواری بێ ئاکار، بێ فیکر، بێ سیاسەتێکی مۆدێرن، بەڵکو شەڕێکە لە هی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت، بەڵام لەجیاتی پاپا چەند سەرکردەیەک ئاستی مەعریفیان لاوازەو هێزی مانەوەشیان تەنیا لە شەڕو ململانێدایە، بۆیە ئێمە تەواو لەمجۆرە شەڕو ململانێیانە ماندوو بووین، کاتی ئەوە هاتووە شەری رۆشنبیرەکان دەستپێبکات،با شەڕێکی توندیش بێت، بەڵام مادام هێزی مەعریفەی تێدایە، کۆمەڵگا دەگوازێتەوە قۆناخێکی نوێتر، فەرموو با دەستپێبکەین،با لە شەڕی سیاسییەکانمان دژوارتر بێت، چەندی دژوارتر بێت هێزی پێشکەوتنی کۆمەڵگا باشتر لەخۆ دەگرێت، با ئیدی کۆنە قین و شەڕی جەهل رابگرین، با ئیدی رێگا نەدەین سەرکردەی نەخوێندەوار،ببێتە سوپەرمانێکی مۆمیاکراو...ئەو کەمە رۆشنبیرەی هەمانە هەڵەی زۆر گەورە دەکەن، کە بێدەنگیان هەڵبژاردووە، کارەساتی ئەو بێدەنگییە زۆر زۆر مەترسیدارترە لە کارەساتی شەڕی بێ مانای سەرکردەکان، ئەو بێدەنگییەیە دیکتاتۆر دەخولقێنێت و گەشەی پێدەدات، ئەو بێدەنگییەیە گەنج و لاوەکانمان بەرەو دەریای بێسنوور راپێچ دەکات،ئەو بێدەنگیە

قەیرانێکە لە هەموو قەیرانەکانی دیکە مەترسیدارترە...با ئێمەش ئەلبێر کامۆو سارتەرێکمان هەبێت، با ئێمەش مێشێل فۆکۆیەک و هابرماسێکمان هەبێت، با ئێمەش هیگڵێک و شۆپینهاوەر یان نیچەیەکمان هەبێت، با ئێمەش غەزالییەک و ئیبن روشدێکمان هەبێت، ئەمەیە رێگای پێشکەوتن، تا خۆمان نەخولقێنین کۆمەڵگا هەر دەبێت بۆ دواوە مل بنێ، ئەمەیە قەیران نە هیچ کام لەمانەو نە دەیان نموونەی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە، لە کۆمەڵگای ئێمە هیچ کام لەو نموونانەی تێدا نییە. ئەرێ کۆمەڵگایەک شەش هەزار ساڵە خۆی پێ کۆمەڵگایە، دەبێ کۆمەڵگایەکی دیکە هەبێت بۆ ماوەی شەش هەزار ساڵ لە خەوێکی قووڵدا بێت و ئێستاش هەر باوێشک بدات!!!.

بوونی پەرلەمان بە مانای بوونی دیموکراسی نایە، ئەمە لە کاتێکدا بوونی دیموکراسی هەر خۆی لە خۆیدا درۆیەکی گەورەیە لەبەرامبەر دادپەروەری و یەکسانیدا، یەکەمین پەرلەمان کە دامەزرا لە ئیسپانیا لە هەرێمی لیون ی ساڵی 1118 بوو، بەڵام ئیسپانیا لەوکاتەوە تا ساڵانی نەوەدەکانی رابردوو دیموکراسی نەبوو، دوای شەڕی دووەمی جیهانی گەورەترین شەڕی ناوەخۆیی لەنێوان هەرێمەکان بەخۆیەوە بینی،یەکەم وڵات کە فەلسەفەی دیموکراسی بۆ هەڵدرا یۆنان بوو کە پێش زیاتر لە (2500) ساڵ، بەڵام یۆنان تا ناوەڕاستی حەفتاکانی رابردوو دیموکراسی نەبوو. زاراوەی پەرلەمان بۆ یەکەمینجار لە لایەن ئینگلتەراوە ساڵی 1236 بەکار هێنراوە، بەڵام هەمووومان دەزانین ئینگلتەرا چۆن وڵاتانی

دیکەی داگیر کردبوو، وڵاتێک بوو تا شەڕی دووەمی جیهانی پێیاندەوت:ئەو وڵاتەی خۆری لێ ئاوا نابێت، چونکە رۆژهەڵات و رۆژئاوای خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.پەرلەمان لە parler ی فەرەنسی وەرگیراوە، واتا گفتوگۆو دیالۆگ، چونکە پێشتر تەنیا کۆمەڵێک راوێژکاری پاشا هەبوون و بەس. برادەرینە ئێرانی دراوسێشمان پەرلەمانی هەیە.موبارەک و ئبەشار ئەسەدو سەدامیش دەوڵەتیان پەرلەمانتاریی بوو!!!.بەڵام سەدام لە سێدارە درا، قەزافی خۆزگە هەر لە سێدارە بدرایە!!!!، بەشار ئەوە حاڵیەتی، موبارەکیش سیسی فریای نەکەوتبایە لە نەخۆشخانە گیانی تەواو دەبوو.نموونەی دیکەی زۆر هەن.

بۆئەوەی شەڕ کۆتایی پێبێت پێویستە هەر کەسێک کە چووە سەر کورسی دەسەڵات، بەرلەوەی لەسەر کورسییەکە دابنیشێت و بڕیاری دەبەنگانە دەربکات، پێویستە یاسایەک هەبێت کە ئەو سەرکردەیە، ماوەیەک بنێردرێتە خولی گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا،ئاخر بەبێ مۆسیقا ژیان چۆن دەگوزەرێ؟،پێویستە ماوەیەک بچێتە ناو دونیای ئەدەب و هونەرو قوتابخانەی رۆمانتیک،مەولانا رۆمی و گۆتەو شکسپیرو نالی و مەحوی بخوێنێتەوە، خولێکی لەمجۆرە نەبینێ، ببێتە سەرکردە کارەساتی لێدەکەوێتەوە، زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی دونیا بە درێژایی مێژوو ئەو خولەیان نەبینیوەو بە هەوڵی تاکەکەسی خۆشیان نەچوونەتە ناو ئەو جیهانەوە، بۆیە مێژووی مرۆڤایەتی لە قابیل و هابیلەوە تا ئەمرۆ بریتییە

له خوێن و كارەسات، مێژووی زۆربەی هەرە زۆری سەركردەكانیش هەر بە خوێن و كارەسات كۆتاییان هاتووە.

مارك توین دەڵێت ((چەواشەكردنی خەڵك ئاسانترە لەوەی كە قەناعەتیان پێبهێنیت كە ئەوان چەواشە كراون..تۆ لێیوردبەرەوە، ئایینێكی ئاسمانی پێماندەڵێت ((ئەگەر چاوەكانت دەبنە هۆی ئەوەی دووچاری گوناهت بكەن، دەریانبهێنە)) بە ملیۆنەها كەس پەیڕەوی ئەو ئایینە دەكەن، بەڵام یەك كەسیش چاوی خۆی دەرنەهێناوە.كۆمەڵگای گەمژە، بڕواكانی لەسەر بێ بنەمایی دروستكردووە، بۆنموونە كڵێسا بەردەوام ویستوویەتی دوژمنەكانی خۆی لەناو ببات، كەچی پیاوانی مەسیحی بەرژەوەندی خۆیان لە مانەوەی كڵێسادا دەبینین. كوا ئەو مزگەوتانەی مەلای دوازدە عیلمیمان بۆ دەخولقێنن، بەڵام شەرم مەكە ناوی ئەو هەموو مزگەوتانە بنووسەوە كە داعشیان بۆ دروستكردووین. ئەم دەبەنگییەیە سەرمایەداری چاوچنۆكی كورد كە بە دزی و قۆڵبڕین و بە خوێنمژینی خەڵكی، خۆی دەوڵەمەند كردووە، دروستكردنی مزگەوتێك بە هەزار نەخۆشخانەو قوتابخانە ناگۆڕێتەوە، شەرم مەكەن بڕۆن ناوی هەموو ئەو سەرمایەدارە گەندەڵ و گەمژانە بنووسنەوە كە مزگەوتیان دروستكردووەو بەراوردێكیشیان بكەن لەگەڵ ئەوانەی كە قوتابخانەیەكیان دروستكردووە، كۆمەڵگای كوردی ئەوەندەی هێزی بوون و هێزی مانەوەی خۆی لە مزگەوتێكدا دەبینێ، لە هەزار قوتابخانەو نەخۆشخانە نایبینێ.ڕاستیانوتووە پیاوی پارەدار بیر لە كۆكردنەوەی پارەی زیاتر دەكاتەوە، مرۆڤی مەسیحیش بیر لە هەڵەو گوناه

دەکاتەوە،ئیسلامییەکانیش بیر لە جیهاد دەکەنەوە، کچیش دێت بیر لە خۆشەویستەکەی دەکاتەوە.بیر بکەنەوە،تا جیاوازییەکانی نێوان ئیشق و خۆشەویستی ، نێوان پەیوەندی و سێکس، نێوان ئیشق و سێکس ، پەیوەندی و خۆشەویستی بە وردی نەزانن، پەنا بۆ سیاسەت مەبەن، بۆئەوەی نەبن بە دڕندە.

# رووخانی دیوارەکان لە کۆمەڵگایەکی نەزۆکدا

لە هەموو دونیادا، بە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیشەوە، کۆتایی بە سەردەمی زەعیم و سەرۆکی ئیلهامبەخش هاتووە،هەر سەرکردەیەک ئەم راستییەی پێ هەزم نەکرێ، بە کارەسات کۆتایی پێدەهێنرێت.خومەینی حەزیدەکرد بانگەشەی پێغەمبەربوون بۆخۆی بکات، بەڵام دەیزانی زەمینە لەبار نییە. لەسێدارەدانی سەدام حوسێن، ئاماژەیەکی زۆر زەق بوو بۆ کۆتاییهاتن بە سەرکردەی نا ئاسایی یان کاریزما،بەڵام هەندێک لە سەرکردە ملهوڕەکانی عەرەب تێینەدەگەیشتن، تا سەروماڵی خۆشیان لەسەرداناو بوونە پەندی زەمانەش. لە دوای رووخانی عەبدولناسرەوە کۆتایی بە رەوتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی هات، کەچی سەدام حوسێن لە هەوڵی دروستکردنەوەیدا بوو...کۆمەڵگای ئێمە لەم هەرێمە، هێشتا

نەمانتوانیوە رەوتێکی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخانە بونیاد بنێین، کەچی لە فۆرمێکی زۆر کۆن و رزیودا لە هەوڵی خۆسەپاندن و بەرەبەرکانێکردنی یەکتریدان.

سەری زمان و بنی زمانی سەرکردە کوردەکان، خوێنی شەهیدان، پێشمەرگە،چاکسازیی، کوردایەتییە، کەچی تا ئێستا خاوەنی یەک گوتاری سیاسی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ نین،کەچی تا ئێستا گوتاری سەرکردایەتی کوردی، گوتارێکی گوندیی و هەندێجاریش کۆچەرییە، لە مەعریفە هێندە ناپووت و لاوازن، توانای یەک وتاری شارییان نییە، کەچی خۆیان لێ بۆتە دۆنکیشۆت.ئەو دۆنکیشۆتەی لە سەرەمەرگا دوا قسەی ئەمە بوو کە وتی: ئەقڵ پڕ بەهاترین سەرمایەیە کە مرۆڤ وەدەستیدەهێنێت،من بە شێتایەتی خۆم لەدەست خۆم دا. بەڵام ئەو قسەیەی لەکاتێکدا بوو ئیتر کار لە کار ترازابوو.

دوای زیاتر لە (500) ساڵ، خەریکە بگەڕێینەوە سەر هەمان بۆچوونەکەی تۆماس هۆبز ،کاتێ دژی بۆچوونەکەی ئەرستۆ وەستایەوە، چونکە ئەرستۆ پێیوابوو مرۆڤ بە سروشت مەدەنییە،بەڵام هۆبز پێیوابوو دۆخی پاشاگەردانی و ئاژاوەگێڕیی دۆخێکی سروشتی ژیانی مرۆڤەکانە. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت هەموو رەفتارێکی سیاسی لە بنەڕەتدا جۆرێکی گرنگی رەفتاری کۆمەڵایەتییە، چونکە چونکە رەفتاری سیاسی جەخت لەسەر ئەو چالاکیانە دەکاتەوە کە بە حوکمڕانی و رێکخستن و

سەرکردایەتی و یەکخستنی کۆمەڵگاو وەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانەوە بەندە کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی، بۆ ئەوەی لەگەڵ داخوازی و خواستەکانی بێتە دی، کە لەگەڵ سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی کە هەوڵدەدا ڕێپێدراو و یاسا بۆ دانراو بێت، کە سەرکردایەتی بەهێزیدەکات و دەیپارێزێت لە هەر مەترسی و هەڕەشەیەکی ناوەکی و دەرەکی. بە دیوەکەی دیدا، چونکە هیچ ڕەفتارێکی سیاسی لە دەرەوەی کۆمەڵگادا وێناو نمایش ناکرێت. بە درێژایی مێژوو، هەمیشە فەرمانڕەوای ستەمکار یەکجار زۆر بوونەو فەرمانڕەوای دیموکرات یان دادپەروەر یەکجار کەمن، بۆیە ستەمکاری بووەتە کۆنترین سیستەمی سیاسی لە تەواوی یۆنان و ڕۆژهەڵات و ئەوروپاشدا. کاتێ باسی شارستانێتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکان دەکەین، یەکسەر وێنای ئیمپراتۆرو پاشاکانت دێتە ناو مێشک، کاتێک باسی ئایینە ئاسمانییەکان دەکەیت، وێنای ئەو چیرۆکانەمان دێنەوە بەرچاو، کە کارەساتیان خولقاندووە،کاتێک باسی مێژووی سیاسی و مێژووی گەشەی وڵاتانی دونیا دەکەین، دووبارە وێنەی ئەو هەموو شەڕە بێ وێنانەمان دێنەوە بەرچاو، کە وڵاتیان خەلتانی خوێن کردووە، ئەو شارە باشە (مدینە الفاضلة)ی ئەفلاتون تا دەگاتە فارابی و لەوێوەش تا (تۆماس مۆر) و ئینجا تا بە ئەمڕۆ دەگات، تەنیا بۆ ناو کتێب بووە، نەک بۆ کارو کردەوە، هەر ئەمە بوو مایکاڤیلی دەیوت من نامەوێ ببم بە ئەفلاتون بۆ کۆمەڵگاو ناشمەوێ ببم بە ئەرستۆ بۆ سیاسەت،چونکە مایکاڤیلی زۆر بە باشی درکی بەوە کردبوو کە لە بواری واقیعی

سیاسیدا،تیۆری سیاسی ئەوەندە گرنگ نییە، بە قەد ئەوەی بیرتیژی بۆ خوێندنەوەیەکی وردی واقیعەکە گرنگە، بیرتیژی بەو مانایەی چۆن ئەو کەلێنانە دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بگەی بە دەسەڵات و ئینجا ئەو دەسەڵاتەش بپارێزی. لە هەموو مێژووی سیاسی سەرکردەکانا، بە دەگمەن سەرۆکێک پاشایەک نادۆزیتەوە، بە درێژایی فەرمانڕەواییەکەی دۆست و هاوڕێی نزیکی فەیلەسووف و خەڵکانی رۆشنبیر بووبێت، فریدریکی مەزن زۆر دۆست و هاوڕێی ڤۆلتێر بوو، نامەی زۆریان ئاڵوگۆڕ کردووە، کەچی دوایی ڤۆلتێری لە گرتووخانە پەستا. دیونسیوسی دووەم زۆر هاوڕێی ئەفلاتون بوو، کەچی ئەفلاتونی لە بورجێکدا نیشتەجێ کردبوو کە سەفەرکردنی لێ قەدەخە کردبوو، تەنانەت نەیدەتوانی لە بورجەکە بێتە دەرەوە، تەنیا ئەگەر ستەمکار مۆڵەتی پێبدابوایە. ئەرستۆ سێ ساڵ وانەی بە ئەسکەندەری مەکدۆنی گوتۆتەوە، کەچی برازاکەی ئەرستۆی کوشت و،شوێنی لەدایکبوونی ئەرستۆش کە (ستاگیرا)بوو، لەسەر دەستی سوپای (فیلیپ مەکدۆنی) سووتێنراو تەختکرا.موتەنەبی و سەدان فەیلەسوف و رووناکبیریی دیکە لاپەڕەی مێژوویان بەمجۆرە پڕکردۆتەوە .

لە کۆمەڵگای نەزۆک و داخراودا، زۆر ئەستەمە بتوانی گۆڕانکاری لەسەرەخۆو هێمنانە بخولقێنیت،بە پێچەوانەوە، ستەمکاری زیاتر رەگو ریشەی خۆی دادەکوتێت و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە،ئیتر ئەو کۆمەڵگایە نەهیواو تروسکاییەک نە ئیرادەیەکی بۆ گۆڕانکاری دەمینێت ،

کۆمەڵگای کوردی هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو بێ هیواییە، بەڵام هیواکانیشی زیاتر لە جاران کز بوونەتەوە،ئیرادە لەبن نەهاتووەکەی سڕ و متە. بێگومان خەڵک کاتێک هیوایان بە دەسەڵات نامێنێ، بەدیل و جێگرەوەیەکی ئەکتیڤیش لە ئارادا نییە، ئیتر بە ناچاری کۆمەڵگا ماوەیەک تووشی سڕ بوون دێن، رێک ئێستا کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمەدا بەم قۆناخی سڕ بوون و متبووندا رەتدەبێت،چونکە ئاسۆیەکی زۆر روون و جێ متمانە لە ئارادا نییە، ئەگەر خەڵکانێک(با زۆریش بن) چاویان بڕیبێتە یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی) بێگومان لەوپەڕی نائومێدیدایە، دەنا متمانەیەکی زۆر بەهێزی پێ نییە،چونکە ئەزموونێکی دڵخۆشکەرانەو سەرکەوتوانەی لەگەڵ ئەم دوو حیزبەدا نەبووەو، هەردووکیان رووبەڕووی قەیرانی جیاواز هاتوون، ئەمە لەکاتێکدایە کە کۆمەڵگاش بووەتە کۆمەڵگایەکی نیمچە مردوو، ئاسان نییە بتوانی کۆمەڵگای مردوو رۆحی بخەیتە بەرو،لەو خەوە قووڵە رایبچڵەکێنی، بۆیە هیچ حیزبێک ئێستا ناتوانێ سەرکردایەتی ئەو خەڵکە بکات، چونکە هێزی راپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی تێدا زۆر زۆر لاوازە. ئەم لاوازییەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، خەڵک بەتەواوی لە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان نائومێد بووە، بزووتنەوەی گۆڕان کە دروستبوو، لەماوەیەکی زۆر کورتدا، خەڵک زیاد لە پێویست دەنگی پێدا، بەڵام وردە وردە ئەویش لەهەوڵی ئەوەدابوو هەمان رەفتارو خەسڵەتی حیزبەکانی دەسەڵات نمایش بکاتەوە، ئیدی توانای گەشەی زیاتری نەماو لە شوێنی خۆیدا چەقی،

ئێستا کە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی یەکدەگرێتەوە، لە ناچارییە نەک لە بڕواپێبوون و متمانەبەیەکدیبوون، چونکە ئەو کارەساتانەی دەسەڵات خولقاندوویەتی، بەشی زۆری بۆ یەکێتی دەگەڕێتەوە، درێژکردنەوەی ئەم دۆخی قەیرانەی لە کوردستان هەیە، یەکێتی هۆکاری بنەڕەتی بوو بۆ درێژەپێدانی،واتە ئەگەر خەڵکی دەمی رەخنەیان لە پارتییە، دەبێت ئەوە بزانن کە ئەوە یەکێتی بوو لە دوای رووخانی سەدامەوە، هەوڵیدا بەناوی رێککەوتننامەی ستراتیژییەوە ،درێژە بەم دۆخە نەخوازراوە بدات و تا بۆی بکرێ کەرتێکی کێکە هەنگوینییەکەی بەربکەوێت، ئیتر ئەوە کێشەی ئەو نەبوو خەڵک چ هات و هاوارێکی لێ هەڵساوە.بەڵام لێرە پرسیاری گەورە ئەوەیە، ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت یەکێتی نیشتمانی بەرزەفت بکات و ئیدی تەرکی گەندەڵی پێبکات ؟، بێگومان ئەوەیان زۆر سەختە، سەختە چونکە مێژووی هەموو حیزبە سیاسییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو، توانیویانە ناوی خۆیان بگۆڕن، بەڵام نەیانتوانیوە سیاسەتی خۆیان بگۆڕن، توانیویانە دروشمی بریقەدار بەرز بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانیوە لە گەندەڵی خۆیان دوور بخەنەوە.بۆیە لەناو کۆمەڵگایەکی نەزۆکدا،ئەو گۆڕانکارییە بچووک بچووکانەی لە سیاسەتی حیزبەکاندا روودەدات، هیچ نین و، نابنە تەوەری گۆڕانکاری گەورە، راستە ئەمجارە دۆخی کوردستان گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت، بەڵام زۆر ئومێدبەخشیش نابێت، چونکە داڤید هیوم وتەنی ئەزموونمان کردووە، ئەو شتانەی خۆمان ئەزموونمان کردوون، زۆر گرنگترن لە قسەی باق و بریق.کۆمەڵگای کوردی کە لە بنەڕەتدا

کۆمەڵگایەکی داخراوو نەزۆکە،نەزۆکیش توانای گوشاری جیدی نییە، بۆیە لەو جۆرە کۆمەڵگایانە دواجار قۆناخی متبوون و سڕبوون تێدەپەڕێت و راپەڕین و تەنانەت شۆڕشیش دێتە ئاراوە، راپەڕینی بەهاری عەرەبی، نموونەیەکی زەق و زیندووە لەمبارەیەوە. تەنانەت راپەڕینی بەهاری 1991 ی خۆشمان جۆرێکە لەو باسەمان، کە دوای ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕی بەکۆمەڵ هاتە ئاراوە.ئێستا کۆمەڵگای کوردی لەو قۆناخی متبوون و سڕ بوونەدایە.هەموو ئەو متبوون و سڕبوونەشی لە ئەنجامی بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزی ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە، راستە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا دۆخی سیاسی و ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ماف و..هتد لە پاشەکشەدان و گۆڕانکاری مەترسیداری بەدواوەیە، بەڵام هەموو ئەمانە بە گۆڕانە ئابوورییەکەوە گرێدراون، جەوهەرو بنەڕەتی گرفتەکان، گرفتی ئابوورییە، گرفتی ئابووری کە دروستبوو، هەموو گرفتەکانی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئێستا هەرێمی کوردستان لە دژوارترین و ترسناکترین دۆخی ئابووریدایە.دەسەڵات هێشتا نەیزانیوە هەموو دیاردە مێژووییەکان، سەر بە هۆکاری ئابوورین.بۆیە لە چاککردنی دۆخی ئابووری زۆر بێ باک و بێ منەتە.

مێژووی کورد لەگەڵ مێژووی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکانەوە دەستپێدەکات،ئەوان توانیان مێژووی شارستانێتی خۆیان بونیاد بنێن و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تەنانەت ئایینە ئاسمانییەکانیش قەرزاری خۆیان بکەنەوە،ئەەو چیرۆکانەی لە تەورات و قورئاندا هەیە، هەمووی لەو

شارستانیەتەی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کەچی کورد هەر ئەوکات تا ئەمرۆ نەیتوانی مێژوویەکی جوان و شارستانی بۆ خۆی دروستبکات کە جێگای شانازی گەلانی دونیا بووبێت.چیرۆک و ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلییەکان، ئیمپراتۆرو پاشاکانیان، هەمووی لە ناو مێژوودا نەقش کران، بەڵام کورد تا ئێستا نەیتوانیوە نەقشێکی مێژوو بکات.

ئێستا خەڵکی ئەم هەرێمە بەهاو کەرامەت و ئیرادەی لە سەردەمی حوکمڕانی بەعس ئەگەر نزمتر نەبووبێ، بەرزتر نەبووە، چونکە پێشێلکارییەکانی ئێستا لە هەموو کاتێک زۆرترو بەربڵاوترن.سیستەمێک و یاسایەکمان نییە هەژارو نەدارەکان لە سایەیدا بتوانن بە ئاسوودەیی هەناسەی بەختەوەری هەڵبکێشن،ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر کەوتۆتە نێو زۆنگاوی ئامۆژگاریکردنی نەزان و نەخوێندەواران و کەوتۆتە نێو کولتووری میراتگەرایی. دەسەڵاتی کوردی لەلایەن ئەندامە باڵاکانیانەوە بە تەواوی نەخۆشکەوتووە،هەموو نەخۆشێکیش پێویستی بە چاودێریکردنێکی ورد هەیە بۆئەوەی چاک ببێتەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە نەشتەرگەریی تۆقیوە،تەنانەت لە دەرزی لێدان و لەدەرمان خواردنیش دەترسێ،بۆیە ئەم چاودێریکردنە وردەی پێ هەزم ناکرێت و قەبووڵی نییە،هێشتا پێیوایە نەخۆش نییەو هیچ عەیبێکی نییە، لەکاتێکدا ئەو نەخۆشییە برستی لێ بڕیوەو خەریکە دەیخنکێنی، بەڵام خۆی هەستی بە مەترسی نەخۆشییەکەی نەکردووە.

وەنەبێت سەدەکانی ناوەڕاست بە درێژایی 1500 ساڵ ڕۆشنبیرو فەیلەسووفی زۆری نەخولقاندبێت، بەڵام گرفتەکە ئەوە بووە تەواوی فەیلەسووف و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان بەجێبگەیەنن، دەنا هەر(سان ئۆگستین) و (تۆماس ئەکوینی) پەیدا نەببوون، (گالیلۆو کۆپەرنیکۆس و کاپلەرو دیکارت)یش ئەگەر بێدەنگیان بنواندبایە، نەدەبوون بە زاناو فەیلەسووف، نموونەی(جیۆردانۆ برۆنۆ)ش شتێکی دیکەی جیاوازە. گەلی کورد لەم هەرێمە بە قۆناخێکی دژواردا ڕەتدەبێت و ڕۆشنبیرەکانیشی بە شێوەیەکی گشتی نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان وەک ڕۆشنبیر جێبەجێبکەن.ئێستا زۆرینەی ڕۆشنبیریی کورد بە تەمومژەوە دەدوێ و دەنووسێت و هێما بۆ وشەکانی دەدۆزێتەوە، ئەمە وایکردووە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار و زۆرجاریش خودی کادیرانی حیزبی دەسەڵات لە جیاتی ڕۆشنبیران قسەی بێسەرو بەر دەکەن، تا ڕادەیەکی زۆریش بۆیان چووەتە سەر. تەنانەت ئەدیبی کوردیش توانای بیرکردنەوەی نییە، ڕۆمانێکی نایاب پڕ بێت لە فیکر،نیمانە، بۆیە بە ناچاری پەنا دەبەینە بەر ڕۆمانە بەناوبانگەکانی جیهانی و خۆمانی لەگەڵ دەگونجێنین. شیعریش ڕاستە فەلسەفە نییەو قەت ئەو چاوەڕوانییەش لە شیعر ناکرێ، بەڵام شیعر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هەر تەنیا قسەی ڕۆمانسی و وشەی سیحراویی و فانتازی نییە، بەڵکو شیعر دەبێت هێزێکی فیکری بدا بە خوێنەرەکانی، ئێستا لەناو دونیای شیعری نوێی کوردیدا، ئەو هێزە

فیکرییە بوونی نییە.شیعر بە گشتی لە پاشاگەردانی و لەناو تەمتومانێکی چڕدا دەگوزەرێ.

دەسەڵاتی کوردی و ئینجا ئەقڵی کوردی بەگشتی لەناو مۆدێلێکی ژەنگهەڵهاتوودا نقوم بووەو بە حاڵ هەناسەدەدات، لە کاتێکدا جیهان ناوەستێت و لەگەڵ ئەو مۆدێلە ژەنگهەڵهاتووەی ئێمەدا ئەژمار ناکرێ.ئەمەش لەبەرئەوەیە چونکە هەموو گۆڕانکارییەک دەبێت لە ئەقڵەوە دەستپێبکات،کوردیش لەم هەرێمە هێشتا تێگەیشتنێکی وردو قووڵی بۆ هیچ ئەگەرو گۆڕانکارییەک نییە. ئەقڵی کوردی تا ئەمڕۆش لەناو ئیشقێکی درۆزنانەی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەریدا دەژی. بە ئەقڵێکی نەزۆکانە دێت خۆی کردووە بە راڤەکارو شیکار بۆ سبەینێ،سبەینەیەک کە کەسمان نازانین چۆن دەبێت!!.

زیرەکی و بیرتیژی مایکاڤیلی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە توانی لە کۆمەڵگایەکی دێرین، ئاغاو میری نوێی بەرهەمبهێنێ، کە تا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگای نەزۆکدا پەیڕەوی لێدەکرێت. هیراکلیتس دەڵێت: فیساگۆرس باوکی هەموو سەختەچییەکانە. ئەمە ئەگەر بۆ رۆژگارێکی زیاتر لە (2500) ساڵ راست بووبێ، کەواتە ئەوەش راستە ئەگەر بڵێین مایکاڤیلی باوکی هەموو سەختەچییەکانی سەردەمی نوێیە تا بە ئەمڕۆش دەگات، کە ماوەکەی زیاتر لە (500) ساڵە.هەر بۆیەشە پێیدەوترێ کوڕی شەیتان.

رەنگە ئەسکەندەر نەبوایە فیکری ناسیۆنالیزمی عەشیرەتگەرایی لە ئەوروپا، یان روونتر بڵێم لە یۆنان، زووتر گەشەی بکردایە، بەڵام ئەسکەندەر لەجیاتی ئەو فیکرەیە، هات ئیمپراتۆری سەرلەنوێ دامەزراندەوەو دیکتاتۆری و ستەمکارییەکی بێ وێنەی فڕێدایە ناو مێژوو.لەکاتێکدا لە شارستانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکانەوە فیکری خێڵەکی و ناوچەگەرایی هەر هەبووە، کە سەرجۆن ی ئەکەدی یەکەمین ئیمپراتۆر بوو لە مێژوودا کە بۆتە ئیمپراتۆر، گرنگی بەو لایەنە داوە.

هیگڵ خۆی سەرسام بوو بە کانت، کەچی ئەو هەموو فەیلەسووفانەی بەرامبەر بە هیگڵ وەستانەوە،چارەگی ئەم فەیلەسووفانە بەرامبەر کانت نەچەقین،هیگڵ بەهۆی بیروبۆچوون و کردەوەکانیشی هەڵڵایەکی زۆر گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.لەکاتێکدا هیگڵ (کانت) ی نوێ بوو.

هیچ سەرکردەیەک تەنانەت هیچ مرۆڤ و هاووڵاتییەکی ئاسایی ناتوانن خۆشەویست ببن، ئەگەر خۆیان دەستپێشخەری نەکەن لە بەخشینەوەی ئیشق و خۆشەویستی. ستەمکار چۆن خۆشدەویسترێ، کە لە ناخیدا تەنیا رق و توندوتیژی هەبووبێت.

تا دوای 31ی ئابی 1996یش ، لەم هەرێمەی ئێمەدا،دەسەڵاتدار تۆڵەی کوڕەکانیان لە باوکیان یان دایکیان دەکردەوە، تۆ سەیرکە کاتێک کوڕێک دەبوو بە چەکداری حیزبێک لە دژی حیزبە دەسەڵاتدارەکەی تر، ئەو حیزبە تۆڵەی لە باوک و براو یان خێزان یان دایک و خوشکی ئەو

کەسە دەکردەوە کە چەکی لە بەرامبەریان هەڵگرتووە،ئەو دایک و خوشکە یان ئەو خێزانەی سنووررداش دەکرد!!. ئەمە هەوێنی ئەقڵیەتی 20 ساڵ بەر لە ئەمڕۆمان بووە،کەچی دەمانەوێ لە پڕێکا هەرێمی کوردستان کرابێت بە دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ و ..هتد. لە هەموو دونیادا ئەگەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی خراپ و بەد بوون،هەموو کارە باشەکان، رووکەشانەیەو لە گەوهەردا مایە پووچن.

کۆمەڵگای کوردی لە گۆمێکی وەستاو دەچێ، گۆماوێک کە خەریکە بۆتە زۆنگاو، گۆماوەکە ژەهراوی بووە، ئیتر کەس ناتوانێ لەناو ئەو گۆماوە ژەهراوییە قومێک ئاو دەربهێنێت و بیخواتەوە، کۆی توێژەکان،بە تایبەت نوخبەی رۆشنبیرو پسپۆرانی زانکۆ، لە پێشەوەی هەموویانەوە بەرپرسن لە ژەهراویبوونی ئەو گۆماوە، ئێستا کۆمەڵگای کوردی وای لێهاتووە، (50) حیزبی نوێ دروست ببێ، ناجوولێندرێ.داتەپیوە، چونکە دەمێکە نەخۆش کەوتووەو لەسەر قەرەوێڵە کەوتووە،درێژخایەنی نەخۆشییەکە ئیتر هەموو جەستەی داگرتووە،بۆیە رێگا چارە هەر ئەوەیە بە رێگای پەروەردەوە، بتوانرێ نەوەیەکی نوێ دروستبکرێت، کە ئەو ڤایرۆسەی هەڵنەگرتبێت کە ئێستا بە شان و شەوکەتی هەموو کۆمەڵگاوەیە.مایکاڤیلی راستی وتووە لە بیاباندا مرواری نادۆزرێتەوە، یان مەولانا راستی وتووە لە قوڕ زێڕ بەرهەم نایە.. ئاخر ئێستا کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمەدا،بریتییە لە ئۆردووگایەکی گەورە لەکۆیلە،سەیرکەن ئەو حیزبانە رۆژانە پاساو بۆ کردەوەکانیان دەهێننەوە، لەکاتێکدا هەموو کردەوەکانیان بۆ گەوجاندنی

کۆمەڵگاو زیاتر گەمژە کردنیەتی.کۆمەڵگاش لە بێ ئاگاییەوە چەپڵەی بۆ لێدەدات. سپارتاکۆس شۆڕشەکەی بە (70) کەسەوە دەستپێکرد، بەڵام بە لەشکرێکی (70) هەزارکەسییەوە کۆتاییهات،کە توانیان گەورەترین سوپای رۆمەکان تێکبشکێنن و توانیان بچنە ناوجەرگەی ئیتالیاو بەرەو شاری رۆما بکشێن. دەسەڵاتێک شک نابەین لە دونیادا تووشی قەیرانی ئەخلاقی بووبێتەوە، بەڵام تووشی قەیرانی سیاسی نەبووبێتەوە، پێچەوانەکەشی هەر راستە، ئەو دەسەڵاتانەی تووشی قەیرانی سیاسی دەبنەوە، بێگومان تووشی قەیرانی ئەخلاقیش دەبنەوە.راستە لەو رۆژەوەی مرۆڤ هاتۆتە سەر ئەم زەوییە، واتا لەگەڵ بوونی مرۆڤدا ئەقڵیش هەبووە، کە مێژووەکەی یەک ملیۆن ساڵە، بەڵام یەک ملیۆن ساڵە مرۆڤ نەیتوانیوە، ئەقڵانی بێت، چونکە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە شەڕو توندوتیژی، نەک ئەقڵانییەت.

کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمەی ئێمەدا، پێویستی بە تۆژەری بەتوانای سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، تا ئێستا هیچ رۆشنبیرو تۆژەرێکی کورد نەیتوانیوە بە وردی دەستنیشانی گرفتەکانمان بکات و هەڵوەستەیەکی روونیش بۆ سبەینێ نیشان بدات، واتە کەس ناتوانێ پێشبینی سبەینێ بکات. کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەموو روسیای گرتەوەو کۆتایی بە حوکمڕانی قەیسەر هات، هەموو شەقامەکان بە ئاڵای سوور نەخشێندرابوون، ئەوکاتە بلیخانۆف بە دەنگی بەرزەوە بە لینین ی رابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری وت، شۆڕش سەرنەکەوتووە،ئەمەیە هزرڤان و تۆژەری

گەورە، دەستنیشانی کەموکوڕییەکانی ئەو شۆڕشەی بۆ لینین کرد، ئەگەر چی لینین وتی بلیخانۆف خەڵەفاوە، بەڵام بلیخانۆف راست بوو،کەچی دوای سێ چارەگە سەدە، کورد وایدەزانی گۆرباتشۆف کۆتایی بە سیستەمی کۆمۆنیزم هێناوە،ئەمە جگە لە گەمژەیی چ مانایەکی دیکە هەڵناگرێ، کۆمەڵگای ئێمە بە هەموو جومگەکانی و دامەزراوەکانییەوە هێشتا تەپ و تۆزی ئەو گەمژەییەی بەتەواوی پێوە دیارە.کۆمەڵگای کوردی تەنیا لینین و ستالین و گۆرباتشۆفی لێ دیارە، بێ ئاگایە لە گۆڕانکارییەکانی تشیرنینکۆو ئەندرۆپۆف، بێ ئاگایە لە ستەمکاری و گەندەڵییەکانی بریژنێڤ، هەروەک چۆن ئێستاش بێ ئاگایە لە شێوازی ئەو حوکمڕانییەی لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە دەچێت. کۆمەڵگای نەزۆک ناتوانێ دەوروبەری خۆی ببینێت و ناشتوانێ بیر بکاتەوە،چونکە پەروەردەی هزری و ئەخلاقیمان بە تەواوی گەندەڵ بووە،سەرچاوەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی رواڵەتییە، ئەوەی بە چاو دەیبینێ بە ئەقڵ هەمان بینینە، بە کورتی ئەقڵی لە چاویدایە،ئەو فس فس پاڵەوانانەی رۆژانە لەسەر شاشەکان کۆمەڵگا دەگەوجێنن، کۆمەڵگا پیرۆزی کردوون، ئەو فس فس پاڵەوانانەی لەناو گەندەڵی نقوم بوونەو لەسەر شاشەکان دێن باسی چاکسازیت بۆ دەکەن، کۆمەڵگا چەپڵەی بۆ لێدەدات.سەیری سەکۆی مێژووی کورد بکەن، سەکۆیەکە مایەی شەرمەزارییە، کەچی بەردەوام شانازی پێوە دەکەین،سەیری خێڵەکیی کۆمەڵگای کورد بکەن، کەچی بەردەوام باسی مەدەنییەتی بۆ دەکەین،

کورد لەوەتەی هەیە دەگەوجێندرێ، لە شارستانێتی سۆمەری و بابلی و ئەکەدییەکانەوە، کاتێ (سەرجۆنی ئەکەدی)وەک یەکەمین ئیمپراتۆر لە دونیادا خۆی نمایش کرد، ئیتر کورد گەوجێندراو هیچ ئەزموونێکی لەو مێژووە (4-5)هەزار ساڵییەی رابردووی وەرنەگرتووە، میللەتێک ئەزموونی لە مێژوویەکی (4000- 5000)ساڵی رابردووی خۆی وەرنەگرتبێت، دەبێت چ هیواو ئومێدێک بۆ نەوەکانی ئەمرۆی ببەخشێتەوە. ئەمە وایکردووە بە درێژایی مێژوو،سیستەمی پەروەردەییمان لەسەر بنەماکانی دەسەڵاتپەرستی و کۆیلەییبوونمان دروستبووبێت و، ئەم چەشنە پەروەردەیە بە تەواوی کۆمەڵگای داپۆشیوە، بۆیە ئەوانەی لە دژی ستەم و ستەمکاریشدا راپەڕیون، چونکە بەرهەمی ناو ئەو کۆمەڵگایە شێوێنراوەن، ناچار ئەوانیش دواجار دەگەڕێنەوە سەر ئەو سیستەمە ژەهراوییەی کە سیستەمی پەروەردەی بە کۆیلە کردنە، خۆی بە تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ دەزانێ، بەڵام تا سەری لووتی لەناو گەندەڵی نغرۆ بووە، خۆی بە فەرماندەی پێشمەرگە دەزانێ، بەڵام دەیان کوڕە هەژاری ناونووسکردووەو سەری مانگان مووچەکانیان دەخاتە تەنکەی باخەڵییەوە، خۆی بە پیاوێکی ئازاو نیشتمانپەروەر دەزانێ، بەڵام تا بۆی کرا رۆڵی سەرۆکی شارەوانی بینی و سەدان و تەنانەت هەزاران پارچە زەوی بەناوی پێشمەرگەو زێرەڤانی بێ دەسەڵاتەوە بۆخۆی بردو خێرا هەرزانفرۆشی کردو، دەفتەر دۆلارەکانی، خستە ناو کۆمپانیاوە، ئەمە هەرێمەکەی ئێمەیە، پێشمەرگەشیان کردووە بە کۆیلەی خۆیان،ئێستا لەم هەرێمی کوردستانە، سەدان هەزار کەس

زەوی بە ناوییەوە وەرگیراوە، کەچی ئاغاکەی بۆخۆی قوتی داوە، باشە ئەمە ئەگەر مافیا نەبێت، چییە.ئەو مافیایانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، بۆتە سیستەم و لە هیچ کونجێکی ئەم جیهانە وێنەیان نییە. ئێمە خۆمان ماناو بەهامان بە مێژووی خۆمان بەخشیوە، دەنا مێژووی ئێمە ماناو بەهاکانی لەدەست داوە.

# گەلی برادەرینە سیستەمی سیاسی وەها ناگۆڕێت

ماوەی (7-8) ساڵێکە بەچڕی گوێمان لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەبێت، ئەوەش لە ئەنجامی بەرهەمی پێکناکۆکی حیزبە سیاسییەکان لە لایەک و، لە ئەنجامی بەرهەمی ئەو کەشە سیاسییەی کە لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە دروستبووەو کاریگەری راستەوخۆیشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەبووە.

گۆڕینی سیستەمی سیاسی ، تەنیا بە بڕیارێکی سیاسی نایەتە دی، بەڵکو پێویستی بە ئەقڵی سیاسی نوێ و هەروەها پێویستی بە کەرەستەی کۆمەڵایەتی نوێ هەیە، بەبێ ئەو کەرەستە کۆمەڵایەتییە نوێیە، قسەکردن

له گۆڕینی سیستەمی سیاسی زیاتر له خەونی حوشتر دەچێت، بۆیه دەکەوێته بازنەی گەوجاندنی خەڵک و دەستپێکردنەوەی ناکۆکی سیاسی، به رێگای فریودانی خەڵک.چونکه له هەموو دونیادا به ئەقڵی کۆن هزری نوێ بەرهەمنایەت، بەهەمانشێوه به کەرەستەی کۆن و ئێکسپایەر ناتوانی شتی نوێ بەرهەمبهێنیت.

لەورۆژەوەی خودا غەزەبی له ئادەم و حەوا گرت و له بەهەشت دووریخستنەوەو فڕێیداونەته سەر ئەم زەوییه بۆئەوەی هەر له راکه راکەدا بژین، لەو رۆژەوه تا ئەمڕۆ، که مێژووەکەی یەک ملیۆن ساڵ پتره، مرۆڤ بەدوای خۆشگوزەرانیدا سەرگەردانەو هەمیشه بەدوای ئەوەیه کونجێک بۆخۆی مسۆگەر بکات و لێی بحەوێتەوه، کەچی تا ئێستا لەم هەرێمی کوردستانه، خەڵکێکی یەکجار زۆر هەن، لەژێر مەینەتی بێ جێگەیی و له ژێر مەینەتی کرێچییەتی دەژین و هەموو راکه راکەیان بۆ بەسەربردنی ژیانێکی کولەمەرگییه،بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی سیاسی ئەقڵیان بەوەدا نەشکاوه، ئەوەی لەم هەرێمه بستێک زەوی نییه، ئینتیماشی بۆ ئەو نیشتمانه نابێت،لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆریشمان هەن، دەیان و سەدان دۆنم زەوییان بۆخۆیان دابڕیوه.

ئەگەر لەوه وردبینەوه لەبەرچی شۆڕشی کۆیلەکان له مێژوویەکی دوورداو، دەیان و سەدان راپەڕینی دیکەش، هەر له راپەڕینی کۆیلەکانەوه تا کۆمۆنەی پاریس و لەوێوەش تا راپەڕینه زۆرو زەوەندەکانی سەدەی

بیستەم،کە هەمووشیان لەپێناوی خۆشگوزەرانی باشتر بۆ مرۆڤ و چاکسازی ئایینی و...هتد بوو،زۆرێک لەو راپەڕینانە سەرکەوتنیان بەخۆیانەوە نەبینی و دۆڕان، بە روونی دەگەیتە ئەو وەڵامەی ئەم چینە شۆڕشخوازو ریفۆرمخوازانە لە بنەڕەتدا نمایشکاری ئەو فۆڕمە نوێیەی وەبەرهێنان نەبوون، کە بانگەشەیان بۆدەکرد بۆئەوەی لە دوای سەرکەوتنیان باڵادەست بێت، بۆیە دۆڕان. لە هەرێمی کوردستانیش کاتێک لە بەهاری 1991راپەڕینی سەرتاسەری کرا، راپەڕینەکە بەرهەمهێنەری ئازادی و پێکەوەژیان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ نەبوو، بۆیە هەرکاتێک راپەڕین دێتەوە یادەوەریمان، برینەکانمان ئازاریان سەختتر دەبێت،کورد نەیتوانی نە شەڕی شاخ بکات، نە شەڕی شار، لەنێوان هەردووکیشیاندا فەلسەفەیکی قووڵ هەیە، کە نەمانخوێندۆتەوە.تۆ وەرە سەیرکە، کاتێک ئەمریکا لە شەڕی دووەمی جیهانی بردییەوەو لە بەرامبەر ئەو ئازارەی بە ئەوروپا گەیشت، ئەمریکا کەمتر ئازاری پێگەیشت، بەڵام ئەمریکا تەنیا بەوە نەوەستا کە هێزی سەربازی بەسەر دونیادا زاڵبووە ، بەڵکو هەموو هەوڵێکیدا پشکی گەورەی فەلسەفەش لە هەموو دونیاوە بەرەو ئەمریکا بگوازێتەوە، ئێستا ئەمریکا فەلسەفەی هاوشانی هێزە سەربازییەکەی کردۆتە ناوەندی جیهان.کەچی ئەوە یەکچارەگە سەدەیە کە راپەڕینمان کردووە،بەڵام هیچ حیزبێکی سیاسی لەم هەرێمی کوردستانە، هەوڵی نەداوە، گرنگییەکی بچووکیش بە کاری رووناکبیریی بدات، هیچ حیزبێک لەم هەرێمی کوردستانە، دوای هەڵبژاردنەکان، هەوڵی وەرگرتنی ئەو

وەزارەتانە نادەن، کە کۆمەڵگایەکی نوێ بەرهەمدەهێنن، وەزارەتی پەروەردە، رۆشنبیری، ئەوقاف، سێ وەزارەتی زۆر گرنگن بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بۆ گەشەسەندنی کولتووریی کوردی و لە ئەنجامدا گۆڕینی ئەو کولتوورەی کە لەم هەرێمی کوردستانە هەیە،بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پڕۆسەیە پڕۆسەیەکی درێژخایەنە،ئەوەتا هەمیشە ململانێ لەسەر وەرگرتنی چەند وەزارەتێکی وەکوو پێشمەرگە، نەوت، ناوەخۆیە،ئەمەیە کارەسات.چونکە دەبێت ئەوە بزانرێت، لە هەر وڵاتێکدا کە سیستەمی ئیداری رێکنەخرابێت، زۆر ئاساییە لە هەر نوێبوونەوەیەک و بونیادنانەوەیەکیشدا،ئەو نوێبوونەوەیەوەو بونیادنانەوەیە گەندەڵی لەگەڵ خۆی بەرهەمدەهێنێتەوەو ئیتر پرۆسەی گەندەڵی دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوام و هەر بەردەوامدەبێت، بێئەوەی گۆڕانکاری ریشەیی دروست ببێت.گەندەڵیش کە مژینی خوێنی دەماری مرۆڤەکانە، ئەو حیزبانەی گەندەڵ بوونە، خوێنی دەماری کۆمەڵگایان بە تەواوی هەڵمژیوە.

رەنگە وەزارەتی ئەوقاف و رۆشنبیریی لەماوەی ئەو چارەگەسەدەیەی رابردوودا، بە یەکێک لە لاوازترین وەزارەت دانرابن، بۆیە هیچ حیزبێک گرەوی لەسەر ئەم وەزارەتانە نەکردووە، لە کاتێکدامەلایەک یان موفتییەک رۆژانە لە مینبەرەکانییەوە بە ئارەزووی خۆی بانگەشە بۆ ئایین و سیاسەت و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات و هەر یەک لەوانە زۆر زیاتر لە بەرپرسان رۆڵیان لەناو خەڵکدا هەیە، لە بەرپرسەکانیش زیاتر تووشی گەندەڵی هاتوون،بەرپرسەکان تووشی گەندەڵی ئیداریی هاتوون، مەلاکانیش لەناو

گەندەڵی ئایینی و فیکری و ....هتد نقوم بوون.لەماوەی یەکچارەگەسەدەی رابردوودا، وەزارەتی ئەوقاف نەتوانراوە رێکبخرێتەوە، تەنانەت ئەم یەک دووساڵەی دواییش کە بە حیساب ئەم وەزارەتە درابووە دەست هێزێکی گۆڕانخوازو ریفۆرمخواز، بەڵام مینبەری مزگەوتەکان زیاتر بۆ توندوتیژی بەکار هێنران، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، گۆڕانکاری بە دروشم و بە گفتوگۆی لاوازی تیڤییەکانەوە  روونادات، گۆڕانکاری پلان و بەرنامەو ئەقڵی نوێی پێویستە، کە ئەم پێداویستیانە لە هیچ کام لە حیزبەکانی کوردستاندا رەنگی نەداوەتەوە، وای لێهاتووە کامە بەرپرسی زۆر گەندەڵە، تەنانەت مێژوویەکی ناشیرینیشی لە جاشایەتی و خۆفرۆشی هەبووە، کەچی ئەو دێت قسە لە چاکسازی و پلانی ئایندە بۆ ئەم هەرێمە دەکات، لەکاتێکدا هەر بەرپرس و سەرکردەیەک، یەک رۆژ مۆری ناپاکی و جاشایەتی بەنێوچەوانی خۆیەوە نابێت، یان یەک رۆژ لەناو زەلکاوی گەندەڵیدا مەلەی کردبێت، با لە هەر حیزبێکی سیاسیدا بێت، کە بوو بە خاوەنی دەیان و سەدان ملیۆن دۆلار، ئەو بەرپرسە گەندەڵە بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت ، رووبەڕووی هەموو خواستێکی شۆڕشگێڕانەو تەنانەت نیشتمانیانەش دەبێتەوە، کە بە گەندەڵی پێکیهێناوە. نەبووەو ناشکرێت، کەسێک لە یەک کاتدا شۆڕشگێڕیش بێت و گەندەڵیش بێت، رەنگە نموونەی لەمجۆرە  یەکێک بێت لە سەیروسەمەرەکانی جیهان، کە تەنیا لەم هەرێمە جێگای بۆ کرابێتەوە.ئێستا  هیچ هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە با ملیۆنێریش بێت،

تەنانەت با ملیاردێریش بێت،ناوێرێت پلان بۆ (5-6)ساڵی داهاتوو دابنێت، هیچ هاووڵاتییەک کە بە گەندەڵی بۆتە خاوەنی دەیان و سەدان ملیۆن دۆلار، ئامادە نییە ئەو پارەوپووڵەی خۆی بخاتە کارەوە بۆئەوەی دوای (5-6)ساڵی دیکە بەرهەمەکەی بخوات، چونکە ئایندەی هەرێمەکەی لا روون نییە. گەورەترین کێشەی ئەم حیزبانەش ئەوەیە، ململانێی حیزبە سیاسییەکان کە لەگەڵ یەکدی دەیکەن، نەبۆتە خەمی گەورەی رۆژانەی خەڵک و ململانێکان بەتەواوی لەم خەمی خەڵکە دوور خراونەتەوە. لەبەرئەوەیشە هاووڵاتی هەرگیز ناتوانێت ببێتە هاووڵاتیەکی باش و تەندروست، مادام لەناو سیستەمێکی سیاسی خراپدایە، هاووڵاتی خراپیش بێگومان توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت، یان لە باشترین دۆخدا جەهل بڵاودەکاتەوە. وەزارەتی پەروەردە رەنگە لە هەموو وەزارەتەکانی دیکە گرنگتر بێت، بەڵام لەم هەرێمە هیچ گرنگییەک بە وەزارەتی پەروەردە نەدراوە، کاتێک لە مەهاتیر محەمەدی مالیزیایان پرسی، ئەم وڵاتەی مالیزیا چۆن ئاوەها پێشکەوت، مەهاتیر وتی:کاتێک من بوومە سەرۆکی مالیزیا رێژەی 25% ی داهاتی وڵاتەکەم بۆ پەروەردە تەرخان کرد، چونکە ئەگەر پەروەردە رێکنەخرێتەوە، چۆن نەوەی نوێ پێدەگات، بەڵام کە پەروەردە گەیشتە ئاستێکی بەرز، ئیتر نەوە لە دوای نەوە بە ئاستێکی بەرز و بەرزتر دێنە مەیدانەکەوەو ئیتر کۆی وڵاتەکە پێشدەکەوێت.بەڵام لەم هەرێمە نەک بودجەیەکی شایستە بۆ پەروەردە تەرخان نەکراوە،

تەنانەت ئەگەرماندووبوونی زۆری وەزیری پەروەردەی ئێستا نەبوایە، مووچەی مامۆستاکانیش دوای هەموو وەزارەتەکان دەدرا.

شۆڕشی فەڕەنسا لە مێژووی نوێدا گەورەترین شۆڕشی بۆرژواییە، کەچی ئەو شۆڕشە مەزنە، نەک هەر نەیتوانی کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی بهێنێ، بەڵکو لەناو خودی ئەو شۆڕشە مەزنەشدا، سیخوڕو دیکتاتۆری ملپەڕێن بەرهەمهاتن، نموونەیان (میرابۆ)ی سیخوڕو (رۆپسپێر)ی ملپەڕێن بوون، لەوەش زیاتر ئەو شۆڕشە بەجۆرێک وەرسووڕایەوە کە لە دوای خۆی دوو دیکتاتۆر و سێ پاشا هاتنە سەر حوکم. بەڵام سویدو دانمارک بێئەوەی شۆڕشێکی لەمجۆرەش بکەن، ئێستا پێشکەوتووترین وڵاتی دونیان.بەڵام شۆڕشی فەرەنسا کۆتایی یەکجارەگی بە سیستەمی دەرەبەگایەتی هێنا. شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 کە بە گەورەترین شۆڕشی پرۆلیتاری دادەنرێ، کەچی لینین و ترۆتسکی هەر زوو لە ئامانجی شۆڕشەکەیان بێئومێد بوون، کە هەردووکیان هەڵگیرسێنەری شۆڕشەکە بوون، بۆیە هێشتا (6)ساڵ بەسەر ئەو شۆڕشە مەزنە تێنەپەڕیبوو(1923) کە ستالین بانگەشەی بۆ سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا کرد، پێشتریش نە لینین نە ترۆتسکی وەڵامێکی بڕواپێکراویان بۆ خەڵکی رووسیا لا نەبوو ، کەتیۆری شۆڕشە هەمیشەییەکەی مارکس و خودی ترۆتسکی کە هەڵگیرسێنەرو تیۆردارێژەری شۆڕشی هەمیشەیی بوو، چیان بەسەر هات ؟.

رێنیسانس که له رۆماو ئیتالیاوه سەریدەرهێناو تەواوی ئەورووپای گرتەوە، هێزو گرنگییەکەی لەوەدابوو، جیهانیی میتۆلۆژیاو ئەو هەموو بیرۆکەخەیاڵئامێزەی جیهانی مەسیحییەت لەماوەی 1500 ساڵدا رەگی داکوتابوو، کۆتایی پێهێنا، کوردیش پێویستی به رێنیسانسێکه، ئایین بباتەوه ناو مزگەوت و حیزبەکانیش بباتەوه ناو بارەگاکانیان، ئێستا دوو دەسەڵاتی زۆر بەهێز له کوردستاندا حوکمڕانن، یەکێکیان ئایینە، جا ئایینیش له زاری ئەو مەلایانەوه که تەنیا وتاربێژ(بلیغ)ن و هەگبەیەکی بەتاڵن، ئەویتریشیان حیزبەکانن بەتەواوی بەناو جومگەکانی حکومەتدا چوونەته خوارەوه.حیزبەکانیش به ئەقڵیەتێکی زۆر کۆن رەفتار لەگەڵ خەڵکدا دەکەن. ئیتر حیزب و ئایین، هەردووکیان ئیرادەی مرۆڤیان تێکشکاندووەو خستوویانەته ناو وەهمێکی پڕ له فەنتازی، ئێستا کورد لەم هەرێمه له خەونێکی خۆشی پڕ فانتازیایه که قەت پێی ناگات. هەردووکیشیان (ئایین و حیزب )زمانی نەتەوەییمانیان تێکشاندووە، یەکەمیان له مزگەوتەکاندا مەرگی زمانی ستاندەری کوردی راگەیاندووە، ئەویتریشیان له دەزگا زۆرو زەوەندەکانیاندا.هەردووکیان ترسێنەرن و عەشق کوژن، هەردووکیان تەنیا تەلقین دەزانن، جارێک تەنیا جارێک گوێ ناگرن، تەلقینمان دەدەن و دەمانگەوجێنن.هەردووکیان خۆیان کردووە به حاکمێکی رەها، که نابێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەی، بەشی خەڵکی تەنیا گوێگرتن و ملکەچکردن و جێبەجێکردنه. هەردووکیان خۆیان له بەرگێکی سوریالی شاردۆتەوە، مرۆڤەکانیش لەنێوان هەردووکیاندا، تەنیا تێکشکانی

بەخۆیەوە دیوە. کورد لەم هەرێمە ئەگەر بە مزگەوت و بە حیزبەکاندا نەچێتەوە، هەرگیز نابێتە ئەو مرۆڤەی نیچە ناوی لێناوە سۆپەرمان. سەرکردەکانی مزگەوت و حیزب ئەگەر بە مێژووی دۆڕاوی خۆیاندا نەچنەوە، راستە میللەتێک بەرەو دۆزەخ دەنێرن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا بە تەنیا دەمرن، 1400 ساڵە لەم هەرێمە مەلاکانمان بە زیندوویی و بە مردوویی تەلقینمان دەدەن و هەموو ئامانجیشیان ئەوەیە نەوەیەک دروست بکەن لە هیچ و هەر دەبێت بچێتەوە سەر هیچیش.

2500 ساڵە فەلسەفە هەیە، بەڵام لەوەتەی فەلسەفە لەلایەن سوکراتەوە لە ئاسمانەوە هێنراوەتە سەر زەوی و، سوکراتیش ژەهر خوارد کرا، ئیتر فیکرو فەلسەفە تۆقێندراو لەو رۆژەوە، بیروڕای ئازاد ژەهرخوارد کراوەو فەلسەفە رەنگی راستەقینەی خۆی لەدەستداوە، لەو رۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووف و رووناکبیرە رەسەنەکان، کەم تا زۆر کەوتوونەتە بەر چەپۆکی پڕ چڕنووکی پاشاو ئاغاکانەوە، هەر لە پرۆتاگۆراس و سوکرات و ئەفلاتونەوە تا جیۆردانۆ برۆنۆ و کۆپەرنیکۆس و گالیلۆو ئیسپینۆزاو رۆسۆ و ، تەنانەت فەیلەسوفە موحافەزەکارەکانی وەکوو کانت و هیگڵ و هایدگەرو ...هتد خۆیان دەمامکداوە. هایدگەر گۆشەگیرترین و قووڵترین فەیلەسووفی سەدەی بیستەم بوو. لەبەرئەوەیە نیچە دەڵێ مێژووی 2500 ساڵی فەلسەفە، بریتییە لە مێژووی هیچ، بریتییە لە مێژووی 2500 ساڵ لە درۆ. خۆ سوکرات یەکەمین شەهیدی فەلسەفە نییە،

که تا ئێستا دەیان کتێب بە ناونیشانی (سوکرات یەکەمین شەهیدی فەلسەفە) بە زمانی عەرەبی و زمانانی دیکەی بێگانە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، پێش سوکرات، پرۆتاگۆڕاس رابەری گەورەی قوتابخانەی سۆفستاییەکان، لە ترسی حوکمڕانی ئەوکاتی سەردەمەکەی، بە بەلەمێکی کۆنەی خراپەوە، بەناو دەریادا هەڵات و رۆیی بۆئەوەی وڵات جێبهێڵێت و دوور بکەوێتەوە، بەڵام لەناوەندی دەریا بەلەمەکەی شکاو لەکارکەوت، خۆیشی خنکا، ئیتر پرۆتاگۆراس یەکەمین شەهیدی فەلسەفەیەو هەر ئەویش زەمینەی فەلسەفی بۆ سوکرات خۆشکرد، کە سوکرات بتوانێت فەلسەفە لە ئاسمانەوە بهێنێتە سەر زەوی.بەڵام بەختی سوکرات و قۆناخی ژیانی سوکرات باشتر بوو لە پرۆتاگۆراس، وەک چۆن جیۆردانۆ برۆنۆ شەهیدی رێنیسانس بوو،بەڵام ئەوانەی لە ژیان مانەوە ناوبانگیان لە جیۆردانۆ برۆنۆ پتر رۆیشت، نموونەی گالیلۆو کۆپەرنیکۆس و ...هتد. ئیتر ژیان وایە، کاتێک بەناو مێژووی سەربازی وڵاتاندا دەچین، دەبینین زۆر سەرکردەی ترسنۆک بوونەتە قارەمان و فس فس پاڵەوان، نموونەیەکی بچووک ستالین کە بووەتە پاڵەوانی شەڕی دووەمی جیهانی و نازیزم بەزێن، کەچی خرۆشۆف لەو راپۆرتەی کە بۆ کۆنگرەی بیست ساڵی 1956 ئامادەیکردبوو خوێندیەوە، وتی ستالین هیچ رۆڵێکی لە سەرکەوتنی لەشکری سوور نەبووەو تەنانەت بە هۆی هەڵەو دەستتێوەردانەکانی ستالینەوە بووە کە ملیۆنان سەربازی رووسی لە شەڕدا کوژراون، روونیشیکردەوە کە ستالین لە بواری سەربازی شارەزا نەبووەو تەنانەت

توانای خوێندنەوەی نەخشەیەکی سەربازیشی نەبووە، بۆیە سەرکەوتنی لەشکری سوور بۆ کۆمەڵێک فەرماندەی لێهاتوو هاوکات سەربازانی گیانفیدای رووسیا دەگەڕێتەوە، ئیتر لەو کۆنگرەیە ئاماژەی بۆ کۆمەڵێک فەرماندەی ئازاو بەتوانا کرد، کە توانیبوویان رووسیا رزگار بکەن و لە شەڕدا سەربکەون. ئەم هەرێمەی ئێمەش پڕە لە نموونەی لەمجۆرە، سەرکردەی سەربازی زۆر ترسنۆکمان هەن، بەهۆی پێشمەرگەکانەوە رووی خۆیان سپی کردۆتەوە...

ئێستا کورد لەم هەرێمە لە کام قۆناخی چینایەتیدایە، دەرەبەگییە؟ ، وردەبۆرژوایە؟، سەرمایەدارییە؟،ئەی لەکام قۆناخی ئابووریدایە؟، کشتوکاڵییە؟، یان پیشەسازییە ؟، ئەی ئەم هەرێمە چ جۆرە سیستەمێکی دەوێ، کامە جۆری سیستەمی دیموکراسی ؟ کامە جۆری سیستەمی پەرلەمانی ؟ کامە جۆری سیستەمی سەرۆکایەتی ؟ لە راستیدا کەس ناتوانێ تاوتوێی ئەم پرسە بکات، چونکە ئەم قۆناخەی ئێمە پێیدا تێپەڕ دەبین، لە بازاڕێکی شێواو زۆر شێواو دەچێت، نازانین کەی کۆتایی بەو بازاڕە شێواوە دێت. تەواوی حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە ئێستا ئازار دەچێژن، ئازاری ئەوە دەچێژن نەیانتوانیوە کاریگەرییەک بۆسەر ئایندەی کوردو تەنانەت بۆسەر ئایندەی خۆیشیان دروستبکەن، بۆیە ئایندەیان کەوتۆتە بەر مەترسییەکی جیدییەوە، ئەوەی حیزبی کوردی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوویەتی هەرگیز لەچاوەڕوانی کۆمەڵگای کوردیدا نەبووە،چونکە دەرئەنجامی یەکجار خراپی لێکەوتۆتەوە.حیزبی کوردی لە

پیاوی باوکسالار دەمارگرژترو توڕەترە، بۆیە بەردەوام زوڵم و ستەم و کۆیلایەتی بڵاودەکاتەوە.حیزبی کوردی ناتوانێ خۆی راستبکاتەوەو بەرێگای حەقیقەتدا بڕوات، چونکە مێژوویەکی لە درۆو هەڵخەڵەتاندن دروستکردووە،کە هەرگیز ناتوانێ ئەو مێژووە پڕ لە ستەمە بڕووخێنێت.کۆمەڵگاش بەهۆی لاوازی و گەوجاندنەکەیەوە نەیتوانیوە داوای راستی بکات، چونکە لاوازەکان ناتوانن تەنانەت داوای راستیش بکەن، ئیتر کۆدەنگی لە هەڵەو درۆ، خۆرسکانە لەلایان دەبێتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر.ئێستا حیزبە سیاسییەکان یاسایەک پەیڕەودەکەن، مارکس گوتەنی یاسای سەرمایەداری رێک یاسای زاڵبوونی کاڵای مردووە بەسەر مرۆڤە زیندوودا. بەڵام ئێمە لەم هەرێمە مرۆڤەکانیشمان مردوون، مردوون چونکە زۆربەیان کوێرن و نابینن، کەڕن، چونکە بێ هەستن و نابیستن.

تا سیستەمی کۆمەڵایەتی هەنگاوی باش نەبڕێت و گەشەی کۆمەڵایەتی نەچێتە قۆناخێکی بەرز، هەرگیز هەژارو نەدارەکان، هەست بە ئارامی و هەست بە ئاسوودەیی ناکەن،بۆیە بەر لە هەموو شتێک پێویستە کۆمەڵگا خۆی لەدەست ئامۆژگاریکردنی ئەو نەزان و نەخوێندەوارانە رزگار بکات، کە رۆژانە بە درۆ تەلقینی خەڵکی دەدەن. بۆیە ئەم حیزبانەی هەن، بەتەواوی نەخۆش کەوتوون و توانای بەرهەمهێنانی شتی نوێیان نەماوە، کەواتە پێویستە بخرێنە ژێر چاودێرییەکی ورد، ئەمە لەکاتێکدا لە نەشتەرگەری دەترسن و ئەوەندە ترسنۆکن تەنانەت لە دەرزی لێدان و دەرمان خواردنیش زراویان چووە، بۆیە ئەوان لە بنەڕەتدا بڕوایان بە

چاودێرییەکی توند نییە، چونکە بڕوایان وایە خۆیان چاکدەبنەوە، لەکاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ (تا)یان قورستر دەبێت و نەخۆشییەکانیشیان سەختتر دەبێت و ڕوویان لە چاکبوونەوە نییە.ئێستا هەموو حیزبە سیاسییەکانی هەرێم، ڕەنگیان هەڵبزرکاوەو لە ڕووخسارياندا بە ڕوونی هەست بە نەخۆشکەوتنیان دەکەیت.ئەمە ڕێک ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی بیرهێنامەوە کە دەڵێت ئاڵتونی ساختە لە هەڵهاتنی خۆر دەترسێت، بەڵام ئاڵتونی تەواو ،ئاشق بە هەڵهاتنی خۆرە. حیزبی سیاسی ڕەسەنیش وایە، خۆی زەمینە بۆ ڕەخنە دەڕەخسێنێت لەپێناوی هێنانەدی گۆڕانکاری.بەڵام پێویستە ئەو قسەیەی غەزالی بە هەند وەربگرین کاتێک دەڵێت:ئەوەی گومانی نەبێت، ڕامانی نییە، ئەوەی ڕامانی نەبێت، ناشتوانێت ببینێت، ئەوەی ناشبینێت بۆ هەتا هەتایە لە کوێریدا دەمێنێتەوە.کۆمەڵگای کوردی لە هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە بێ گومانترو بێ ڕامانترو نابیناترە. بۆیە هەر گۆڕانکارییەک کە بە زۆر دەسەپێنرێت، بێگومان کاردانەوەی توندی لێ دەکەوێتەوە، دەنا ئاڵۆزییەک لەو کاردانەوە توندە دروستدەبێت کە چارەسەرەکەی زۆر زۆر زەحمەتتر دەبێت لە گۆڕانکارییەکە، نموونەشمان لیبیای دوای گۆڕینی قەزافی و عێراقی دوای گۆڕینی سەدام و ئێستای سوریایە، بۆیە گۆڕانکاری کەرەستەو پێداویستی خۆی هەیە، ئەگەر کەرەستەکانی ئامادە نەکرابن و پێداویستییەکانی ئەو گۆڕانکارییە مسۆگەر نەکرابن، وڵات بەرەو کارەسات و نەهامەتییەکی قووڵتر دەبات، ئەوەتا مێژووش ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت، بە بێ ئامادەکردنی کەرەستەو بە بێ

مسۆگەرکردنی پێداویستییەکان، هیچ هێزێک با تا سەر ئێسقان رادیکاڵیش بێت ناتوانێ بە تەنیا گۆڕان بخولقێنێ، پێچەوانەکەیشی هەر راستە،هیچ هێزێک بەبێ کەرەستەو پێداویستییەکانی ناتوانێ بەتەنیا گۆڕان بوەستێنێت،چونکە لەکاتی هەر دۆخێکی ناجۆری لەم چەشنە، بێگومان گۆڕانکارییە تەندروستەکە لەبار دەچێت، ئەمەش تەنیا بە زیانی کۆمەڵگە تەواو دەبێت.کەواتە بڕۆن کار لەسەر پەروەردەو کولتوورو ئابووری و سنووردارکردنی ئایین بکەن، بڕۆن وشیاری راستەقینە بخەنە ناو دڵی خەڵکەوەو بیانکەن بە مرۆڤێکی تەندروست، کە لەم کۆمەڵگایە مرۆڤی تەندروست ژمارەیان تا دێت هەر کەم و کەمتر دەبێتەوە. کۆمەڵگای کوردی هەمیشە خەریکی ئەوەیە لەناو شاردا بچێتە دەرەوەو ژەمێکی نانخواردن لەدەرەوەی شار بەسەر ببات ، خۆ ئەگەر لەناو شاریش بێت هەمیشە حەزی لە پیاسەیەکی ناو بازاڕەو بەبێ ئیش و بە بێ هۆ بەناو بازاڕدا دەسووڕێتەوە و تەنیا دەیەوێت کاتەکانی خۆی لەناو ئەو بازاڕە جەنجاڵە بەسەر ببات،کە کەس ئاگای لە کەس نییە، ئەمەش تەنیا بۆ لەبیرکردنەوەی خۆی و خاڵە لاوازەکانیەتی بۆ لەبیرکردنەوەی مەینەتییەکانی کۆمەڵگایە بەم هەموو نەخۆشییەی کە لە تەواوی کۆمەڵگا ئالاوە، هەموو هیواکانیشی بۆ سبەینەیەکی گەشتر خنکاندووە، نایەوێت شان بداتە بەر بارێکی قورسی وەها کە پێیوایە ئەوبارە قورسە هی ئەو هێزو توانایەی ئەو نییە تا شان بداتە بەر، ئەمەش گرفتە بنچینەییەکەیە.

پارتی و یەکێتی نابێ ئەوەندە خەم و ئەسەف بۆ رێککەوتنەکانی رابردوویان بخۆن، بە درێژایی مێژوو هەموو رێککەوتن و هاوپەیمانییەک بۆ قۆناخێکی دیاریکراو بووە، نەک هەتا هەتایە،بە پێی هەندێ سەرچاوە لە ساڵی 1500 پ.ز تا ساڵی 1860ز زیاتر لە هەشت هەزار(8000) پەیماننامە بۆ ئاشتی هەمیشەیی رێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام هەر پەیماننامەو رێککەوتنێک تەنیا (2)ساڵ کاری پێکراوە،هەندێکیش هەر کاری پێ نەکراوە.قۆناخی دەسەڵاتی یەکێتی پارتی بە پێکەوەیی بە تەواوی کۆتایی هاتووە، زیندووکردنەوەی هەر دۆخێکی لەمجۆرە، گرفتەکان قووڵتر دەکاتەوە،گەورەترین هەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان یش ئەوەبوو، کە جۆرێک لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبی ئیسلامی کە یەکێکیان سەلەفی و ئەویتریشیان ئیخوانی بوو، دروست کرد، دەبوو لە سەرەتاوە ئەوە بزانرایە، کە هەرگیز گۆڕانکاری بە سەلەفییەت و بە ئیخوانەکان روونادات،چونکە ئەو کەرەستەیە لە ئەمڕۆدا بەتەواوی پەکیکەوتووە..

جۆرج ئۆرویل دەڵێت: لە سەردەمێکدا کە فریودان و گەوجاندن دەبێتە جیهانیی،وتنی راستیش لە بەرامبەریدا دەبێتە کارێکی شۆئشگێڕانە. لە هەموو نووسینەکانی مایکاڤیلیدا، ئەوە نادۆزیتەوە کە لایەنگری دەسەڵاتی خەڵکی هەژارو رەشۆکی کردبێت، بەڵکو هەمیشە لە بازنەی میرو پاشاکاندا بووە، حیزبی کوردیش تا ئێستا لە خەمی هاووڵاتیانی هەژارو نەدار نەبووە، هەمیشە خەڵکی هەژار تووشی نامۆیی هاتوون، نامۆیی لە حیزب و دەسەڵات، نامۆیی لە بەرپرسە ورگنەکان، تەنانەت نامۆیی لە خاکی

نیشتمانیش. ستەمکارو دیکتاتۆر هەرگیز ناتوانێ زاناو ئاقڵ بێت،چونکە ئەقڵانیەت هەمیشە بەرەنگاری کەسی ستەمکارو دیکتاتۆری ملهوڕ دەبێتەوە. ئەم هەرێمە بووەتە مەملەکەتی نووسەری نەزۆک،زیاتر لە سەدا نۆهەدو پێنجی هەر خەریکی کاوێژکردنەوەو نووسینەوەی ئینشایەکی بێ رەنگ و بێ تام و بێ بۆنە.بۆیە گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی قۆناخێکی پڕ لە ماندووبوون و قوربانیدانی پێویستە، کە زۆر زۆر سەختترە لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی، بەڵام بۆئەوەی نەوەی نوێ بەرهەمبهێنرێت، با سیستەمی کۆمەڵایەتی بگۆڕین، چونکە بە گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی، گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەوەندە سەخت نابێت.

# مەلا کرێکارو عەلی باپیر چۆن دروستبوون ؟!

تا راپەڕینە مەزنەکەی سەرەتای بەهاری 1991 نەهاتە ئاراوە، خەڵک نە مەلا کرێکارو نە مەلا عەلی باپیری نەدەناسی،خەڵک بە گشتی لە رابردووی ئەوانیشی نەدەزانی،تەنانەت خەڵک دوای راپەڕینەکەش بەدوای شوناس و رابردووی ئەوانەوە نەچوون، ئاخۆ دەبێت ئەوانە هەڵگری چ پەیامێک بووبن؟، بۆچی ئاوەها بە زوویی لە دەستکەوتەکانی راپەڕین(مەبەستم لە دەستکەوتە نەتەوەییەکانە) کەوتنە تەقە؟،بۆچی بەرەنگاری دیموکراسی بوونەوە؟،بۆچی دەیانویست هزری ناسیۆنالیزم لەبەرچاوو لە زیهنی تاکی

کورد سووک بکەن؟ بۆچی ئەوەندە بە پەلە بوون لە چەکدارکردنی ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەکەیان؟، خەڵک و تەنانەت حیزبە نەتەوەییەکانیش نە ئەو پرسیارانەیان کرد، نە لە خەیاڵی ئەوەش بوون سنوورێک بۆ هەژموونێکی سیاسی لەمجۆرە کە مەترسیدار بوو دابنێن، ئیتر نە ئەو پرسیارانە کران و نە شیکردنەوەیەکی زانستیش بۆ بزووتنەوەیەکی سەرەڕۆی لەمجۆرە کرا.

ئەو دوو پیاوە، دەیانزانی ساڵەهای ساڵە ئەوە خەڵکی کوردستانن ناتوانن لەژێر حوکمڕانی بەعس دەنگ هەڵبڕن،ئاخر نەتەوەیەک بووین ساڵەهایە نەمانتوانیوە  بە دڵی خۆشمان قسە بکەین، بۆیە دوای راپەڕین هەموو خەڵکی کوردستان تینووی قسەی شۆڕشگێڕانەو تینووی قسەی جیاواز بوون، تینووی فیکرو رێبازی فیکری و سیاسی بوون،تامەزرۆی کەسێک بوون گوتارێکی حەماسییان پێشکەش بکات، هەموو خەڵک دەکولا بەڵام رێکنەخرابوون، بۆیە ئەم دوو برادەرە دەستیان بە گوتاردانی حەماسی کرد، نەتەوەیەک بە درێژایی مێژوو سەرکوتکرابێت (لانی کەم لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانەوە، هەموو ئازادی و هەموو مافە نەتەوەییەکانی لێ سەنرابێتەوە) بێگومان بە گوتاری حەماسی گەرمدەبێت و روانگەی هزری و سیاسی گۆڕانکاری بەسەردادێت،ئەمە وایکرد، دەنگی مەلا کرێکارو مەلا عەلی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە سەرچاوە بگرێت و لەوێوە بۆناو خەڵک بگوازرێتەوە، ئەمەش باشترین میکانیزم و باشترین رێگا بوو کە ئەوان پەیڕەویان لێکرد، هەر بەوەندەش نەوەستان وردە وردە

نامیلکەی ئەو کەسانەیان دەهێنایە سەر زمانی کوردی کە لە مێژووی بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکاندا توندوتیژ بوونەو بە توندی دیموکراسی و بیری نەتەوەییان رەتکردۆتەوە، گەنجی ئەم هەرێمە لە دوای راپەڕینەوە حەسەن بەناو سەید قوتب و عەبدولسەلام فەرەج و مەودودی و زۆرانی دیکەی لەمجۆرەیان ناسی، ئەویش بەهۆی ئەو مەلایانەوە بوو،کە هەموو مزگەوتەکانیان کردبووە گۆڕەپانی کێبرکێی ئیسلامی سیاسی و تەنانەت لەسەر شۆستەی شەقامەکانیشەوە گوتاری رۆژانی هەینی و تەواوی گوتارەکانی دیکەی خۆیان کە تۆماریان کردبوو، بە شێوەی سیدی لەسەر شۆستەی شەقامەکانەوە دەفرۆشران، لەکاتێکدا هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ئەم هەرێمە هیچ گرنگییەکیان بە نووسینەکانی محەمەد عەبدەو جەمالەدینی ئەفغانی و عەبدولرەحمانی کەواکیبی و زۆرانی دیکە نەدەدا۔ تا ئێستاش یەک کتێبی ئەو سێ رۆشنفیکرەی باسمکردن بە کوردی نەکراون، بەڵام چەندین کتێبی ئیبن تەیمییەو غەزالی و سەید قوتب و...هتد بە کوردیکراون و وا لە کتێبخانە کوردییەکان دانراون بۆ فرۆشتن.

هیتلەر وا بە سووک و سانایی نەهاتە سەرتەختی سەرۆکایەتی ، لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە بەهۆی گوتارە پڕ حەماسییەکانی گەیشتە سەرۆکایەتیکردنی ئەو حیزبە؛حیزبی کرێکاری نەتەوەیی سۆسیالیستی ئەڵمانیا) ، بە هاتنی هیتلەرو گرمکردنی دڵ و ئەقڵی ئەو خەڵکە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەشەیدەکرد، تا وایلێهات لە ساڵی 1933 لە هەڵبژاردنێکی گشتی و چارەنووسسازدا، ئەم حیزبە نازییە توانی %44ی

دەنگەکان وەدەستبهێنێت، کە ئەمە جگە لەوەی لە هەڵبژاردنەکە یەکەم بوو، بەڵکو بەشێوەیەک بوو کە بەقەد ئەو سێ حیزبەی دەنگ هێنابوو، کە لە پۆلینکردندا لەدواوەی ئەو بوون، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو دۆخە تێکەوتووە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە بوو،کە رووی لە ئەڵمانیا کردبوو، بۆیە خەڵک بە ناچاری چارەنووسی خۆیان دایە دەست ئەو هیتلەرەی کە بەدروشمەکانیدا رێگاچارەی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان پێبوو، ببوو بە رزگارکەرو فریادرەسی ئەڵمانیا، چونکە دروشمەکانی لە هەموو حیزبەکانی دیکە رادیکاڵانەتر بوو، بەڵام کە لەو هەڵبژاردنە بردییەوەو دەسەڵاتەکەی کەوتە دەست، ئەو هەموو مەرامە پیس و بۆگەنەی لە ناخیا پەنگی خواردبۆوەو بە دروشمی بریقەدار پێچابوویەوە، بەسەر ئەڵمانیاو تەواوی مرۆڤایەتی هەڵڕشت و دونیای وێران کرد.

لێرەوە دەکرێ پرسیاری ئەوە بکەین باشە بەرهەم و ئەنجامی ئەو گوتارە حەماسیانە چی بوون؟ هەڵبەت هەر نەرمە ئاوڕێک بدەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم دوو پیاوە بەتایبەت مەلا عەلی باپیر هۆکاری یەکەمی داگیرساندنی شەڕی ناوەخۆ بوو، واتە بەرلەوەی پارتی و یەکێتی بەگژ یەکدا بچن، بزووتنەوەی ئیسلامی شەڕێکی سەختی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دامەزراند، هۆکاری یەکەمی شەڕەکەش بۆ خودی عەلی باپیر دەگەڕێتەوە، ئەوە قسەی من نییە بەڵکو قسەی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی مامۆستا مەلا علی عەبدولعەزیزە، لە دیمانەیەکی بەندە لەگەڵیدا زۆر نهێنی درکاندووەو منیش لە کتێبی گەردەلوولی سیاسەتدا

بڵاومکردۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدا  پێش راپەڕینی بەهاری 1991 عەلی باپیر لە لایەک  لە لایەن عەباسی بایزاغاوە ناسنامەی جاشایەتی پێدراوەو ماوەی زیاتر لە 3 ساڵ لای بایزی عەباس ئاغا ماوەتەوەو مووچەی جاشایەتیشی وەرگرتووە، لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەو خەونەی کە عەلی باپیر بۆ رابەری ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی گێڕاوەتەوە، رێک ئەوەمان پێدەڵێت جیابوونەوەی عەلی باپیر لە بزووتنەوە لە مێژووی ئیسلامدا رووی نەداوە بەیعەت بە کەسێک بکەیت و دواییش لە بزووتنەوەکەی و لە براکەی هەڵبگەڕێیتەوە ، ئینجا من نازانم بۆچی تەنیا عەلی باپیر لەم وڵاتەی ئێمە خەون دەبینێ، خەون بە پێغەمبەر خەون بە خودا، خەون بە هەموو شتێکەوە دەبینێ.جاران دەیوت خەونم بە پێغەمبەر بینیوە، کە بۆی چووە سەر ئێستا دەڵێت خەونم بە خودا بینیوە!!.

سەیرکە مەلا کرێکار لە ساڵی 1987 لە پاکستان بوو، لەوێوە هاتەوە بۆ ناو بزووتنەوەی ئیسلامی و عەلی باپیریش لای عەباسی بایزاغا جاش بووەو دواتر (وەک مەلا عەلی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی وتوویەتی زۆر حەزی بە کوێخایەتی کردووە) خۆی گەیاندۆتە رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی و بە هۆی گێڕانەوەی خەونێکەوە شوێنی شیاوی خۆی لەناو بزووتنەوەکەدا مسۆگەر کردووە.

بەڵام دوای ئەوەی عەلی باپیر لەو شەڕەی هەڵیگیرساند، زۆر خراپ تێکەوت و بە دۆخێکی زۆر خراپ خۆی گەیاندە پیرمام، ئەو دۆخەی عەلی

باپیر پێی چووە پیرمام، بە درێژایی مێژووی خەباتی کورد لە هیچ سەرکردەیەکی کورددا رووی نەداوە، ئەمە نموونەیەکی زۆر زۆر قێزەون و ترسنۆکانەیە، ئەگەر بشکوژرابوایە نەدەبوو ئاوەها خۆی بگۆڕێت!!!.چونکە هەموو تێکۆشەرێکی سیاسی ئاساییە لەسەر بیروباوەڕەکانی بکوژرێ یان رووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجە ببێتەوە، هەر واش بووە، ماندێلا تەمەنێکی زۆری لە گرتووخانە بردەسەرو گاندی و ترۆتسکی و دەیان سەرکردەی دیکە لەپێناو بیروباوەڕەکانیان کوژراون، هەر خودی رابەرەکەی عەلی باپیر مەلا عوسمان پەنای بۆ کارێکی لەمجۆرە نەبردو لە گەرمەی شەڕدا دەستگیر کرا.

بزووتنەوەی فیکریی هەمیشە بریتی بووە لە هەڵکشان و داکشان، بەرزبوونەوەو غلۆربوونەوە، کارو کاردانەوە، کاتێک فکرێک بۆ ماوەیەکی زۆر باڵادەستدەبێت، دواتر دژەکەی دێتە ئاراوە، ئەمە لەگەڵ هەموو فەیلەسووفەکان هەر لە فەیلەسووفە سەرەتاییەکانەوە کە تالیس یەکەمیانە تا ئەوانەی ئەمڕۆ لە ژیاندان بەردەوام ئەو هەڵبەزو دابەزو هەڵکشان و داکشانەی تێکەوتووەو روویداوە، لە بواری سیاسەتیشدا هەمیشە هەمان رێچکەو کاردانەوەدروستبووە،تەنانەت لەبەرامبەر سەرۆکە بەناوبانگەکانیشدا ئەمانەی باسمکردن دووبارەو سێبارە رووودەدەنەوە، دیگۆل نموونەیەکی بچووکە لەنێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی سیاسەتدا ... لەمڕوانگەوە ئەو دۆخەی ئێستا ئیسلامی پێدا تێدەپەڕێت، پێشتر بەسەر ئایینی کریستیانیش هاتووە، هەتا مارتن لۆسەر لە ساڵی 1517 دووبارە (کریستیان) یەتی

تەفسیر کردەوە و (پرۆتستانت)ـی لە ناو هەمان ئاینی کریستیاندا رزگار کرد، بۆیە بۆ جیهانی ئیسلامیی ئێمەش کارێکی زۆر قورس نییە دووبارە ئایین تەفسیر بکرێتەوە و کردنەوەیەکی تازە دروست بکەین کە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵک بێت و خەڵکیش بە گرنگی بزانیت.ئاخر ئایین بەرلەوەی جیهاد بێت ئاکارە. خۆ لە قوتابخانەکەی ئەندەلووس (غەرناتا) ئیبن روشد و ئیبن سیناو زۆرانی دیکە بەو ئاراستەیە کاریانکرد،جگە لە چوار مەزهەبە سەرەکییەکە (شافیعی، حەنەفی، مالیکی، حەنبەلی)هەموو ئەو مەزهەبانەی دیکەی وەکوو موعتەزیلەو ئەشعەری و .....هتد جۆرێکن لەم تێڕوانینە، واتا هەر مەزهەبێک هاتووە ئیزافەیەکی کردووەو رەتی هەندێ شتی پێش خۆی کردۆتەوە، کە پەیڕەوی لێکراوە....ئەو دیاردەیەی کە عەلی باپیرو دڵشاد گەرمیانی و مەلا کرێکاری بەرهەمهێناوە، بریتی بووە لە قۆرخکردنی دەسەڵات و ئابووری، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەو(24) ساڵەی رابردوودا، هەوڵی جیدی بۆ ئەوە نەدا کە ریفۆرمێکی ریشەیی لە ئابووری و سیاسیدا بکات، هەڵبەت تا ئەو ریفۆرمەش نەیەتە دی، مەحاڵە ئەم هەرێمە ببێتە هەرێمێکی باش و پێشکەوتوو سەرکەوتوو، دەسەڵاتەکەش قەت نابێتە دەسەڵاتی خەڵک، چونکە ئەوە تەنیا ریفۆرمی ئابووری و سیاسییە دەبێتە بنەماو داینەمۆی پێشکەوتنی دەوڵەت و خەڵک (خەڵک بەمانا بەرفراوانەکەی)، دەنا لەکاتی جێبەجێکردنی ریفۆرمێکی لەوجۆرە، زۆربەی دزە زەبەللاحەکان

زەرەرمەندی گەورە دەبن و ئیدی ناتوانن سامانی خەڵکی بێدەرەتان وەکوو گا هەڵبلووشن.

زۆر وڵاتمان لەبەرچاوە، بەهۆی ئەو ریفۆرمەوە، وڵات و میللەتەکەیان لە ئاستێکی دواکەوتوودا، گەیاندە ئاستێکی بەرزو باڵا، باشترین نموونە لە وڵاتە بچووکەکان سەنگافورەیە ،لە وڵاتە زەبەللاحەکانیش چین ە.ئێستا دوو وڵات هەنگاوی زۆر گەورەو کاریگەریان بڕیوە. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ریفۆرمی لەوجۆرەی وەکوو سەنگافورەی بکردایە، بێگومان چرای عەلی باپیرو وێنەکانی هاوشێوەی ئەو، زوو بە زوو دەکوژایەوەو، قەت نەیاندەتوانی لە بچووکترین ناکۆکی نێوان دوو حیزبی سیاسیدا رۆڵی کوێخایەتی ببینن، چونکە وەک رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی وتوویەتی: عەلیباپیر زۆر حەزی لە کوێخایەتییەو خۆی رەپێشدەکات ، بەڵام ئەگەر وڵاتێکی سیستەماتیکی و پێشکەوتوومان هەبوایە، ئەوجۆرە کەسانە هەرگیز نەیاندەتوانی قسە لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگا بکەن، ئاخر عەلی باپیرێک، لە یادکردنەوەی مەرگەساتترین و کارەساتترین رووداودا، ئامادەبێت دژایەتی و کینەی خۆی بەسەر هەست و ئیحساسی  بە لایەنی کەم(5) ملیۆن کوردی ئەم کوردستانی باشوورە برژێنێ، ئاخر سبەی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست لە چاوتروکانێکدا، هەموو میللەتت بۆ دەداتە بەر شەق. لە رۆژێکدا هەموو خزم و کەسی ئەنفالکراوان، کە جەرگیان داخ داخکراوەو چاوەڕوانی مژدەیەکن، تۆ لەوکاتە جەسارەت بکەیت، رووبەڕووی هەست و سۆزو بیروباوەڕی ئەم

هەموو خەڵکە لێقەوماوە ببیتەوە، باشە بەیانی دەسەڵاتت هەبێت، دەبێت چارەنووسی ئەم میللەتە چی بەسەر بێت. وەنەبێت من لەگەڵ وشە بە وشەی ئەم سرووده بم، بەڵام دەیان ساڵە ئەم سرووده بۆتە وێردی سەرزاری هەموو کوردێک تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، سەدان لاوی کوردی ئەم کوردستانە بەهۆی ئەم سروودەوە خراونەتە زیندان و ئەشکەنجە دراون، ئەگەر پێویست بێت سروودێکی مۆدێرنتر کە لەگەڵ بنەماکان و هێزی دەوڵەتبوونماندا بگونجێت دابنرێت، ئەوە پێویستی بە لیژنەی پسپۆر هەیە تا بڕیاری لێدەدرێت، ناکرێ کەسوکاری ئەنفالکراوان، کە خۆیان دڵیان بریندارە، هەستیان بریندارە، تۆش بێیت هەست و دڵیان ئەوەندەی تر برینداربکەیت. ئەمە لە وڵاتێکی مەدەنی و دیموکرات بوایە، دەبوو پەلکێشی دادگا بکرابوایەو مۆڵەت لە حیزبەکەیشی وەربگیرابایە، چونکە مەترسییەکە لەوەدا نییە کە ئەمڕۆ دڵ و هەستی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بریندار کردووە، مەترسییەکە لەوەدایە سبەی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، نەتەوەیەک دەکەوێتە بەر مەترسییەوە. ئێستا لە وڵاتێکی دیموکراتی وەکوو ئەڵمانیا دروستبوونی حیزبێکی نازی قەدەخەیە، تەنانەت لەو ئەڵمانیا دیموکراتییەدا، ڕێگە نادرێ خەڵکی وڵاتەکەیان ناوی هیتلەر لە منداڵەکانیان بنێن، چونکە نایانەوێ کارەساتێکی وەها گەورە کە بەسەر خەڵکی ئەڵمانیاو ئەوروپایدا هێناوە، لە زیهنی خەڵکەکەیاندا زیندوو بێتەوە، بەڵکوو دەیانەوێ هەر لە بیر بکرێت. عەلی باپیر و حیزبەکەی ئامادە بوون لە گرتنی محەمەدمورسی

خۆپیشاندان له هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام بەرامبەر سروودێکی وەکوو ئەی رەقیب (گوایا لەبەر یەک دوو وشە) هەستی یەک نەتەوە بریندار دەکەن. عەلی باپیر بەرلەوەی ئەو هەڵوێستە ناشیرینە وەربگرێ، دەبوو بیری لەو وتەیە بڵاوە بکردایەتەوە کە دەڵێت (یجوز للشاعر مالا یجوز لغیره)، ئاخر ئەوە شیعرە ، شیعریش بەر لە هەموو شتێک وێنەیە، فانتازیایە، زمانە، ئیستاتیکایە، ئیقاعە، ئینجا ناوەڕۆکە،بەڵام من دڵنیام عەلی باپیر بەلای هیچ کام ئەوانە ناچێت کە باسمکرد، چونکە بەشێکیان یان بە حەرام دەزانێ، یان بە دروستیان نازانێ.

ئەم هەڵوێستە سیاسییە (نەک ئایینییە)ی عەلی باپیر، پێویستی بە پیاوێکی وەکوو (داڤید هیوم)ە، هەم خەڵک لەو خەوە قووڵە بەئاگا بهێنێتەوە کە سەدان ساڵە تێیکەوتووە، هەم ئەو سەرکردە سیاسییانەی وەکوو عەلی باپیریش کە گاڵتە بە ئەقڵ و هەستی نەتەوەیەک دەکات، سنوورێکی توندیان بۆ بکێشێت،ئاخر ئەوە عەلی باپیر بوو، دەینووسی (ناسیۆنالیزم،دژی ئیسلامەو پێچەوانەی ژیری و —منطق-یشە. لێرە ئەو قسەیەی نەجیب مەحفوز زۆر راستە کە دەڵێت:هەموو دیکتاتۆرەکان لە سەرەتاوە مەڕ بوون، بەڵام بێئاگایی چەپڵەو پێداهەڵگوتن ئەوانی کرد بە گورگ، مەکسیم گۆرکی ش دەڵێت: هاووڵاتی بێ مێشک و بێ گوێ ، هەنگوینی دەسەڵاتە.ئەم قسەیە ئەگەر راست نەبێت عەلی باپیر ناتوانێ پەلاماری کۆمەڵگای کوردی بدات و بڵێ لە ئەخلاق و عەقیدەو کۆمەڵایەت

و عیبادەتەوە لە ئیسلام دوور کەوتوونەتەوە،هەر ناونانی وشەی ئەمیر بۆ خۆی  خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک پرسیاری جیدی دروستدەکات ، کە هەڵوەستەیەکی جیدیشی پێویستە. بۆیە لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم، ئێمە پێویستیمان بە کەسێکی وەکوو چارلن چاپلن ە کە دەڵێت: بۆئەوەی بتوانم تەنیا یەک چرکە بزە بخەمە سەر لێوی بینەران،خۆم چەندین کاتژمێر گریاوم، بەڵام دەپرسم ئەو رۆژەی عەلی باپیر یەک نەتەوەی گریاندو دڵی یەک نەتەوەی بریندار کرد، چەند کاتژمێر لە ژوورەکەیدا پێکەنیوە؟.

# ئاشتبوونەوەی جەبری !

مێژووی کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هێشتا نەگەیشتۆتە سەدەیەکی تەواو، ڕاستە لە کوردستانی باکوور، دواتر کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەگوریشەی ڕێکخراوە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکان سەدەیەکی تێپەڕاندووە، بەڵام یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان (ئەگەر پێی بوترێ ڕێکخراوی سیاسی) لە ساڵی 1919 زیاتر تێپەڕ ناکات. هەر سەرەتای دروستبوونی ئەو ڕێکخراوو حیزبە سیاسیانەش، دەستی تورک یان دەستی ئینگلیز بەتەواوی بەسەر

دروستبوونی ڕێکخراوو حیزبەکاندا باڵا بووەو خستوویانەتە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیانەوەو، هەر لایەکیان بۆ بەرامبەر لایەنەکەی تر ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە سیاسییانەیان بەکارهێناوە. هەر لە حیزبی نیشتمانی کوردی ساڵی 1919 و کۆمەڵەی نهێنی کوردو،کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ساڵی 1920 و، تا جەمعیەتی کوردستان کە لە ساڵی 1922 ، لەماوەی ئەم سێ ساڵە (1919-1922) زۆر کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی دروستبوون، بەڵام زۆر بە بێسەروبەری،هەندێکیان هەر لە بنەڕەتەوە زۆر سیاسی نەبوون، ئەوانەی سیاسیش بوون، یان تورک دروستی کردبوون،واتا تەواوی کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە تەواوی شەقڵ و مۆرکی هەریەک لە ئینگلیز یان تورک بەسەر دروستبوونیانەوە هەبوو، بۆنموونە:جەمعیەتی کوردستان،کەلە لایەن مستەفا پاشای یامولکییەوە لە سلێمانی دامەزرا، مستەفا پاشای یامولکی پێشتر لە ئیستانبۆل سەرۆکی دادگای تەمییزی عوسمانییەکان بوو، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ کەمال ئەتاتورک دەرکردبوو،ئیتر کاتێ ئیمپراتۆریای عوسمانی ڕووخاو، کەمال ئەتاتورک لەسەر تەختی سەرۆکایەتی تورکیا دانیشت،ئەتاتورک فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ مستەفا پاشای یامولکی دەرکرد، ئیدی مستەفا پاشا هەڵات و گەڕایەوە سلێمانی و بەهاوکاری ئینگلیز جەمعیەتی کوردستانی لە1922/7/22 لە مزگەوتی سەید حەسەن لە گەڕەکی گۆیژەی کۆنی سلێمانی دامەزراندو لە ڕۆژی هەینی و دوای نوێژی خوتبە لەو مزگەوتە، گوتارێکی حەماسئامێزی خوێندەوەو هەر لەو مزگەوتەش دەستەی سەرۆکایەتی بە هەڵبژاردن دەستنیشانکردن و بۆ

یەکەمینجاریش ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە. ئیتر لە سەرەتای بیستەکانەوە تا دروستبوونی هەموو ئەو حیزبانەی لە دوای هەرەسی 1975 دامەزران و هەروەها هەموو ئەو حیزبە کارتۆنیانەیش کە لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 هاتنە دروستبوون و دامەزراندن،هەر هەموویان لەژێر هەژموونی ولاتێکدا خۆیان راگەیاندووەو دەستی یارمەتی و کۆمەککردنیان بۆ درێژکراوە.تەنیا ئەوانەی دوای 1991 دروستبوون یان دەستی پارتی یان دەستی یەکێتی بەسەردا زاڵ بووە، کەواتە هەموو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە درێژایی ئەو مێژووەی کەخۆی لە قەرەی سەدەیەک دەدات،نەیانتوانیوە، داکۆکیکاری راستەقینەی خەڵکی هەژارو نەدارو نەتەوەکەی خۆیان بن، راستە دروشمەکانیان بەردەوام شۆڕشی تێدا نەقش کرابوو، بەڵام گوفتارو کرداریان هەمیشە پێچەوانەبووە، تا بە ئەمڕۆش دەگات. ئەمە لە رووی دامەزراندن و دروستبوونیانەوە. پرسیارێکی دیکەش خۆی قیتدەکاتەوە، کە ئەو هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییانە دامەزراون، بۆچی خێرا لەباریەکهەوڵوەشاونەتەوەو چوونەتە ناو حیزبێکی دیکەو دوایی جارێکی دیکە خۆیان هەڵوەشاندۆتەوەو...و.. ئیتر ئەم پرۆسەیە بەردەوام لەگەڵ ژیانی حیزبایەتی لەم هەرێمە هەر بەردەوام خۆی نمایشکردۆتەوە ؟!.

لە راستیدا هەمو ئەو رێکخراوو حیزبە سیاسییانەی دامەزراون، بەر لەهەموو شتێک دوو خاڵی بنەڕەتی زاڵ بووە، یەکێکیان ئایدیۆلۆژیایەکی وشک، کە خۆشیان لە ماناو رەهەندەکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە نەدەگەیشتن،

بەتایبەت جاران دوو ئایدیۆلۆژیا زۆر زاڵ بووە، یەکەمیان ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، ئەویتریشیان ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم،لەم دواییانەش ئیسلامی سیاسی. بێگومان هزری ناسیۆنالیزم، بەرهەمی دونیای سەرمایەدارییە، بۆیە لە کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی و کشتوکاڵی دواکەوتوودا، هەرگیز هزری ناسیۆنالیزم بوونی نەبووەو ناشبێت، کەواتە هەموو حیزبە بەناو ناسیۆنالیستەکان، لە هزری ناسیۆنالیزم نەگەیشتبوون، تەنیا دروشم و قسەی رووت بووە. سەبارەت بە هزری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمیش، ئەو سەردەمە سەردەمی بەلشەفیک و خۆسەپاندنی ستالین بووە،نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس هێشتا نەکرابوون بە عەرەبی، چ جای ئەوەی کرابن بە کوردی، بۆیە سەرکردەیەکی وەکو فەهد، نەک هەر لینینی نەبوو، بەڵکو ستالینی بوو، ئیخوانیش زاراوەیەکە لە بنچینەدا بۆ جیهانی عەرەبییەو هەرگیز ئیخوان ناکرێت بە کوردی و هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بێیت بەسەر ئەقڵی کوردیدا بیسەپێنی، گەورەترین خزمەتکردنە بە دوژمنانی کوردو گەورەترین گورزیشە لە کورد دەوەشێنرێت.،بۆیە هەر لە بنەڕەتەوە، دۆخەکەی زۆر زۆر لە دۆخی دوو رەوتەکەی تر ترسناکترە.

کەواتە ئەو هەموو رێکخراوو حیزبە سیاسیانەی کە دامەزراون، لە رووی سیاسییەوە سەر بە دەوڵەتێکی زلهێز بوونە، لە رووی هزریشەوە، بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتنێکیان هەبووە، ئیتر گەوهەرو بنەمای ئەو رێکخراوو حیزبانە، هەر لە سەرەتاوە بەتاڵ کراونەتەوە.ئەمە سەرباری ئەوەی زۆرێک لە سەرکردەی حیزبەکان، کاریان بۆ خۆ بەناوبانگکردن و

بۆ زاڵکردن و هەژموونی خۆیان بووە، بەسەر حیزب و بەسەر گەلەکەشیانەوە، بۆیە زۆر جار لێکترازان و جیابوونەوەو جارێکی دیکە رێککەوتن و یەکگرتنەوەو ئاشتبوونەوەش لەناو پزدانی ئەو حیزبانەوە ئامادەباشی هەر هەبووە .هەروەها لە لاشعوری هەموو سەرکردەکانیشدا هەر هەبووە .

تۆ سەیر بکە، حیزبی هیوا تا سەردەمی خۆی گەورەترین و بەرفراوانترین حیزب بوو، هەر لەگەڵ راگەیاندنی ئەو حیزبە زیاتر لە (1500) ئەندامی هەبوو،کە زۆربەشیان ئەفسەرو سەرباز بوون. دواتریش بووە گەورەترین حیزب لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەر زوو بە زوویی بەرەی ئینگلیزو بەرەی سۆڤیەت لەناو ئەو حیزبەدا دەرکەوتن و تا ئەو حیزبە، چەندین حیزبی دیکەی لێکەوتەوە، وەک حیزبی رزگاری، کۆمەڵێکیش چوونە ناو یەکێتی تتێکۆشین و بەشێکی دیکەش بۆناو حیزبی شیوعی عێراق ئەوانەی پێیان دەگوترا (القاعدة)چوون،ئینجا یەکێتی تێکۆشین بە حیزبی شۆڕش ناوی دەرکرد .لەولایشەوە (کۆمەڵەی ژ.ک)لە کاتێکدا لە هەردوو بەشی کوردستانی رۆژهەڵات و باشوور هەبوو، هەوڵیدەدا لە کوردستانی باکوریش لقی خۆی بکاتەوە، کەچی زۆری نەبرد حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لێ دامەزراند. حیزبەکانی دیکەی وەک رزگاری و شۆڕش و ...هتد، ئەوانیش بەشی زۆریان پارتی دیموکراتی کورد،کە دوایی بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان یان لێ دامەزراندو، بەشەکەی تریشی چوونە ناو حیزبی شیوعی عێراقەوە .سەیرکە تەمەنی هیچ

کام لەو حیزبانەی باسمکردن، تەمەنێکی درێژیان نەبووە، بەردەوام لەناو جیابوونەوەو یەکگرتنەوەو هەڵوەشاندنەوەدا بوونە.لە دوای کارەساتی گەورەی 1975یش دیسانەوە کۆمەڵێک حیزب و رێکخراوو بزووتنەوەی سیاسی دیکە هاتنە دروستبوون،کە هەموویان لەناو منداڵدانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دروستبوون،دیارترینی ئەو حیزبانە بریتی بوون لە بزووتنەوەی سۆسیالیت ودواتریش حیزبی گەل، پێشتریش کۆمەڵەی رەنجدەران لە ساڵی 1970 دروستبووبوو، بەڵام کۆمەڵەش لەدوای 1975 بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر گەشەی کرد. بەڵام ئەو حیزبانەش بە هەمانشێوە هەمان سیناریۆیان دووبارەکردەوە، کۆمەڵەی رەنجدەران لەناو یەکێتی توایەوە، حیزبی گەل لەگەڵ بەشە زۆرەکەی بزووتنەوەی سۆسیالیست چوونەوە ناو پارتی کە پێشتر بەناوی یەکبوون خۆیان راگەیاندبوو،پێکەوە چوونەوە ناو پارتی، بەشێکیشی چوونە ناو یەکێتی، دووبارە جارێکی دیکە بەشێکی کەمی بزووتنەوەی سۆسیالیست لەناو پارتی جیابوونەوەو خۆیان راگەیاند. بزووتنەوەی گۆڕان دوا بزووتنەوەی سیاسی و کاریگەرترینیان بوو، کە لەناو یەکێتی نیشتمانی جیابوونەوەی خۆی راگەیاندو ئێستاش وا خەریکە رێککەوتننامەو یەکگرتنەوە دروستدەکەنەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەموو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی تەندروست دروست نەبووینەو بە ناتەندروستیش کۆتاییان هاتووە.هەموو ئەو بەرنامەو بانگەشانەی کردوویانە، تەنیاو تەنیا بە بۆیەیەکی (صبغة) نیشتمانی رەنگیان

کردووە، دەنا لە بنچینەوە ئەو حیزبانە مەرامی سەرەکیان پرسی رزگاری نیشتمانی نەبووە.چونکە بەشێک لەو جیابوونەوەو یەکگرتنەوانەی روویانداوە، لە پێناوی پلەو پۆستی حیزبی بووە، نەک لەبەرئەوەبوویێ بەرژەوەندی نیشتمانی تا چەند لەگەڵ ئەو جیابوونەوانەدابووە. ئێستا بە کورتی تیشک دەخەمە سەر کەسایەتی نەوشێروان مستەفاو بزووتنەوەی گۆڕان، ئینجا قسەیەکیش لەسەر ئەو یەکگرتنەوەی نێوان گۆڕان و یەکێتی دەکەم.

### نەوشێروان مستەفا

نەوشێروان مستەفا لە ساڵی 1977 بە دواوە، بووەتە کەسایەتییەکی سیاسی کاراو کاریگەر، بە جۆرێک یەکێتی نیشتمانی ئەگەر کۆمەڵەی رەنجدەرانی لێدەربهاتایە، شتێکی ئەوتۆ بەناوی یەکێتییەوە نەدەما، بۆیە نەوشێروان مستەفا کاتێک کۆمەڵەی رەنجدەرانی ساڵی 1988 هەڵوەشاندەوە، بۆئەوەی بوو کە کۆنترۆڵی تەواوی یەکێتی نیشتمانی بکات، بەڵام وەک خۆی لە دیمانەیەکی بەندە وتوویەتی:من هەڵەبووم لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، چونکە لەجیاتی من دەستبگرم بەسەر یەکێتیدا، یەکێتی دەستیگرت بەسەر کۆمەڵەدا.دەکرێ ئەو سیناریۆیەی ئەمجارەش هەمان سیناریۆی ساڵی 1988 بێت،دوبارە ببێتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان لە رووی جەماوەرەوە،لە یەکێتی نیشتمانی بەهێزترە، بێگومان بۆ ئەوەیەتی

دەستبگرێت بەسەر یەکێتیدا،بە تایبەتی ئەمە خەونی نەوشێروان مستەفایە ببێتە سکرتێری یەکێتی، وەک چۆن تاڵەبانی خەونی ئەوەبوو ببێ بە کەسی یەکەم لە عێراق،ئەمرۆش یەکێتی گەورەترین کارەکتەرەکەی کە تاڵەبانییە لە دەستیداوە.هیچ سەرکردەیەکی تریش لەناو یەکێتی نەیتوانیوە هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر نەوشێرواندا رابگرێت.بەڵام ئایا نەوشێروان دەتوانێ دەست بەسەر یەکێتیدا بگرێت؟ دوایی وەڵامی ئەو پرسیارەش دەدەینەوە.

ئەگەر ئاورێک لە دواوە بدەینەوە، نەوشێروان مستەفا لە ژیانی سیاسی خۆیدا، بەردەوام زۆر کاری سیاسی کردووە کە بڕوای پێ نەبوە، بۆنموونە،لە ساڵی 1977 بە دواوە بۆ ماوەی یازدە ساڵ بەبێ موونافیس سکرتێرو کەسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە، بەڵام کۆمەڵەی رەنجدەران پێشتر ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو، تا ساتەوەختی خۆ هەڵوەشاندنەوەیشی هەر وەکوو حیزبێکی مارکسی لینینی پڕوپاگەندەی خۆی دەکردو ئەدەبیاتەکەیشی هەر ئەوە بوو(واتە ئەدەبیاتەکەی چەپڕەوی بوو)،تەنانەت ساڵی 1982-1984 کاتێک شەڕی لەگەڵ حیزبی شیوعی بوو، رادیۆکەی یەکێتی هاواری دەکردو دەیوت: مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە، وا تاقمە تەحریفییەکەی حیزبی شیوعی عێراقی ...هتد، مەبەستی ئەوە بوو حیزبی شیوعی تەحریفییەو ئەوان مارکسیزمێکی راستەقینەن. بەڵام نەوشێروان مستەفا هەرگیز بڕوای بە میتۆدی مارکسیزم یان حیزبێکی سیاسی مارکسی لینینی نەبووە، خۆیشی

له نووسینەکانی خۆیدا ئەمەی نەشاردۆتەوە، کەواتە پرسیارێکە دەکرێ چۆن توانرا بڕوات بە ڕێبازێک نەبێت و بۆ ماوەی (11) ساڵیش کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە بیت ؟ئەمە پرسیارێکە هەڵوەستەیەکی فیکری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی پێویستە، با خوێنەر خۆی شیبکاتەوە.ئینجا کۆمەڵەی مارکسی لینینی بە گوێرەی ناوەکەی دەبێت حیزبێکی مارکسی و لینینی بێت، کەچی هەموو بانگەشەکەیان ئەوەبوو کە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ماوییە واتە هزری ماوتسی تۆنگی هەڵگرتووە.ئەمەش ئاڵۆزی و شێواوییەکی تەواو بوو کە لەو ڕێکخراوەدا کۆ ببۆوەو نەوشیروان مستەفاش سکرتێری بوو. ئینجا کە بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و گەیشتنی بە پلەی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی، یەکێتی هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتە، بەڵام ئەو حیزبە تەنیا یەک ڕۆژیش نەیتوانیوە فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات پەیڕەوو جێبەجێ بکات،من دڵنیام ئەوکاتەی نەوشیروان جێگری سکرتێری گشتی بوو، بڕوای بە فیکرەی سۆسیال دیموکراتیش نەبووە، بەڵام کێشەیەکی فیکریشی نەبوو لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا.دیسان ئەمەش جێگای سەرنجە.

نەوشیروان مستەفا،لە سیاسەتدا بیرتیژەو دەتوانێ بە زانایی ئەو کەلێنانەی لە سیاسەتی کوردیدا دروستدەبن، ئیستیغلالی بکات و بۆ مەبەستێکی دیکە بەرهەمیبهێنێت، واتا هەمیشە کاری لەسەر کەموکورتییەکان کردووەو هەوڵیداوە،ئەو کەموکورتیانە بکاتە چەکێکی

کاریگەر بەدەستی خۆیەوە، تا زۆرترین کەس لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بۆنموونە:کۆمەڵەی رەنجدەرانی لەبەرامبەر حیزبی شیوعی لە لایەک و لەبەرامبەر حیزبە کوردییەکانی دیکەیش لە لایەکی ترەوە بەکاردەهێنا، بەو مەبەستەی کە حیزبی شیوعی عێراق حیزبێکی تەحریفییەو لە مارکسیزم دوورکەوتۆتەوە (ئەمە لەکاتێکدا کۆمەڵەی مارکسی لینینی حیزبێکی ماوی بوو ناویشی مارکسی لینینی بوو!!)هەروەها رەخنەی توندیشی لە حیزبە کوردییەکانی وەک پارتی و سۆسیالیت و پاسۆک دەگرت، کە ئەو حیزبانە،بۆنموونە: پارتی حیزبێکی بنەماڵەییەو دەستی داگیرکەران دێنێتە کوردستان، سۆسیالیست حیزبێکی بێ سەرکردەیەو کۆمەڵێک جاش و سیخوڕو نەخوێنەوار ئەو حیزبە بەڕێوە دەبەن و ئاژاوەچین، پاسۆک مەنجەڵێک دۆڵمە بەشی هەموویان دەکات!!. کۆمەڵە یان روونتر بڵێم یەکێتی لەو لاوە خۆی کردبووە نوێنەری راستەقینەی رێبازی مارکسیزم، لەولایشەوە کەس لەو ناسیۆنالیزمتر نەبوو!!، بە کورتی ئەوەی بێ عەیبو عار و بێ غەل و غەش بوو ئەوا یەکێتی و کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو کە دواتر بوو بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.سەرەڕای ئەم سیاسەتە پڕ لە تەمتومانەش، نەوشێروان مستەفا لە سیاسەت و گفتوگۆدا پشوو درێژ نییەو،کەسێکی لە رووە، هەمیشە دەیەوێت بیروبۆچوونەکانی خۆی بسەپێنێت و حیساب بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرو ئەندامانی سەرکردایەتی ناکات،ئەمەیان لە هەموو حیزبە سیاسییەکانی دیکەدا دەبینرێت، بۆیە عەیبەیەکی گەورە نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیە کە هەمیشە

ئاغایەک بۆ خۆی دروستدەکات.ئەوکاتەی بزووتنەوەی گۆڕانیشی دروستکرد، زۆر بە جیدی بانگەشەی کۆتاییپێهێنان بە گەندەڵی و سڕینەوەی شوێنەواری شەڕی ناوەخۆو دوورکەوتنەوە لە هێڵی مەترسیداری(40 - 50) ساڵەی جەلالی و مەلایی کرد، بەم هۆیەوە بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەیەکی یەکجار کورتخایەندا، توانی بەشداری لە هەڵبژاردنێکی گشتی بکات و شەپازلەیەکی توندیش لە یەکێتی و پارتی بسرەوێنێت.بە واتایەکی دیکە بۆیەکەمجار نەوشێروان مستەفا توانی لە 2009/7/25 بە شێوەیەکی مەدەنیانە بچێتە ناو مێژووەوە،بەڵام کێشەی گەورە ئەوەبوو رووی راستەقینەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەمە نەبوو، بەڵکو دروستبوونی نەوشێروان مستەفا لە دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی لەو هەڵە گەورەیەی مام جەلالەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە تاڵەبانی لەنێوان کۆسرەت رەسووڵ و نەوشێروان مستەفادا، مام جەلال بە ناچاری، بەڵێ بە ناچاریی کۆسرەت رەسووڵی هەڵبژارد،نەک نەوشێروان مستەفا.ئەمە لە کاتێکدا نەوشێروان مستەفا بوو رۆڵی گرنگی بە کۆسرەت بەخشی لە ساڵانی 1983-1984، هەر نەوشێروان مستەفاش بوو لە کۆنفرانسی خۆشناوەتی دەمامکی لەسەر دەمووچاوی کۆسرەت هەڵگرت و ئاشکرای کردو رۆڵی گەورەی بە کۆسرەت بەخشی، بێگومان هەر نەوشێروانیش بوو کۆسرەتی لە سەرۆکایەتی حکومەت هێنایە خوارەوەو هەر نەوشێروانیش بوو پشتی بەرهەم ساڵحی گرت بۆ شوێنی کۆسرەت، دوور نییە ئەو سیناریۆیە، ئەمجارەش لە داهاتوودا لە پشتگیریکردنی نەوشێروان مستەفادا بۆ بەرهەم

سالّح دووباره ببێتەوە، ئەمە خەونی بەرهەم سالحە، بەڵام ئەم هەڵەیەی تاڵەبانی کردی،دەرهەق بە یەکێتی نیشتمانی، هیچی لەو هەڵەیەی ئادەم کەمتر نەبوو، کە قسەی خودای شکاندو بە گوێی ئیبلیسی کرد، ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت.تاڵەبانی بەم هەڵەیەی گورزێکی گەورەی لە یەکێتی و لە خۆیشی وەشاند، چونکە کاتێک نەوشێروان توانی لە چەندین هەڵبژاردندا لە یەکێتی نیشتمانی دەنگی زیاتر بهێنێت، کەواتە نەوشێروان لە تاڵەبانی دەنگی زیاتر بوو، سەرەڕای ئەم هەموو ئیمتیازات و بەخشینەوەی لەناو یەکێتیدا هەبوو، بەڵام لەناو گۆڕان شتێک لەو بارەیەوە نەبوو.

نەوشێروان مستەفا، کەسێکە لە سیاسەتدا زیرەکە بەڵام موجامەلەی زۆر کەمە،زیاتر رووشکێنە، لە رووی فیکری و زانستی سیاسیدا بە توانایەو لەناو سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، دەتوانم بڵێم ژمارە یەکە،نەک دوو، بەڵام پشوو سوارەو سەرکردەیەکی تاکتیکییە زیاتر لەوەی ستراتیژی بێت، لە قسەکردندا زۆر لە رووەو رقیشی لە پیاوی ماستاوچی و زمان لووس دەبێتەوە، بەڵام لە پەیوەندی و دیپلۆماسیەتیشدا تا رادەیەکی زۆر وشکەو رقی لە موجامەلە دەبێتەوە، بەڵام هەمیشە تا رادەیەکی زۆر ئەو قسانەی دەیکات لێی بێ منەتە،تەکلیفی شەخسیی نییەو بە نانە رەقەیەک دەتوانێت بژیت، بە پێچەوانەی سەرکردایەتییەکانی تر، کە زۆر خەمی سک و بەرسکیانە. بەڵام نەوشێروان زوو زوو تووشی نائومێدی دەبێت و لە زۆر باردا زۆر بڕوای بەخۆی بەهێز نییە، چونکە ئەویش

ئەقڵیەتی کۆمەڵگای کوردی باش خوێندۆتەوەو دەزانێت ئەو کۆمەڵگایە لەوە زیاتری لێ هەڵناوەرێ.زۆربەی جارەکان کە تووشی نائومێدی بووبێت، گۆڕەپانی سیاسی جێهێشتووەو سەری هەڵگرتووە بۆ دەرەوە رۆییوەو ئەو خەڵکانەی لەگەڵیدا هاوسەنگەر بوون جێیهێشتوون، رەنگە ئەمەیان لاوازترین خاڵی نەوشێروان مستەفا بووبێت، کە تەنگەتاودەکرێت سەری خۆی هەڵدەگرێ، ئەمە لەکاری سیاسیدا بە دروست دانانرێت، بەڵکو پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەو تاقەتپروکێنی هەیە، نەک چۆلکردنی گۆڕەپانەکە. نەوشێروان مستەفا بڕوای بە ئایین نییەو بە ناچاری بانگەشە بۆ ئایین دەکات، بینیمان لەماوەی چوار ساڵی ئۆپۆزیسیۆنبوونی، لەگەڵ دوو حیزبی ئیسلامی کە یەکێکیان ئیخوان بوو ئەویتریشیان ئیسلامی سەلەفی بوو، چووبوونە ناو یەک رێککەوتنی سیاسییەوە، کە بزووتنەوەی گۆڕان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم دوو حیزبە یەکینەدەگرتەوە. کەسێکە لە سیاسەتکردندا لاسارو لاملە،بەڵام پەیوەندیشی لەگەڵ توێژی رۆشنبیران هەمیشە باش بووە،چونکە خۆی کەسێکی خوێنەوارەو کەسانی رۆشنبیر لای ئەو بەهاو کەسایەتییەکیان هەیە،بە پێچەوانەی سەرکردەکانی دیکە، کە زۆر بڕوایان بە کەسایەتییە رۆشنبیرەکانی کورد نییە. بەڵام ئەگەر رۆشنبیرێکیش لێی هەڵگەڕێتەوە، ئەوا نەوشێروان مستەفا بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دادەڕێژێت و، ئەو رۆشنبیرە لەچەندین لاوە رەخنە باران دەکرێت و لەناو کۆمەڵگا ریسوای دەکات. بزووتنەوەی گۆڕان بە بزووتنەوەیەکی لیبراڵ ناوزەد دەکرێت، بەڵام نەوشێروان مستەفا تەنیا بۆ

یەک ڕۆژیش لیبڕاڵ نەبووە، بەڵکو رادیکاڵێکی کارا بووە،نە لیبڕاڵ بووە، نە دیموکرات، بڕوای بە هێزی جەماوەری و هێزی مەعنەوی هەیە،دۆگما نییەو بەردەوام دەخوێنێتەوەو دەشنووسێت و لەو بوارەش قەڵەمێکی زۆر بە بڕشتە،پێچەوانەی سەرکردە سیاسییەکانی دیکە، کە ناخوێننەوەو، زیاتر سەرقاڵی گیرفان پڕکردنی خۆیانن و هیچ گەشەیەکی فیکریان بەخۆیان نەداوە.

نەوشێروان مستەفا خۆپەرستەو خۆپەرستیش نییە، خۆپەرستە لە بیروباوەڕی سیاسی و سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی تا رادەی زیادەڕەوی،خۆپەرستە، سەرکردە سیاسییەکانی خۆی فەرامۆش دەکات و گرنگیان پێنادات و، قسەکانیشی زۆر لە رووەو بێ پێچ و پەنا قسە دەکات.خۆپەرستە ئەگەر وەرچەرخانێک خۆی رۆڵی کاریگەریی تێدا نەبێت، ئەو وەرچەرخانە بەتاڵ دەکاتەوەو گرنگییەکەی بێ بایەخ دەکات. لەهەمانکاتدا خۆپەرستیش نییە، چونکە نە حەزی بە سامان و ماڵی دونیایە، نە سەرگەردانی ئافرەت و گیرفان(سک و بەرسک) بووە، ئارەزووشی بە کۆشک و تەلارو کەیف و سەیران نایە، بەڵکو سەرکردەیەکی سادەیەو حەزی لە کتێب و خواردنەوەیە،خۆپەرست نییە، چونکە هەمیشە بەدوای ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگاوە سەرقاڵەو، دەیەوێت مێژوویەک لە سادەیی بۆخۆی تۆمار بکات،خۆپەرست نییە، چونکە لەپێناو بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی، هەرگیز ملی بۆ ناحەزو دوژمنانی خۆی کەچ نەکردووە.خۆپەرست نییە چونکە خاوەنی کۆشک نییەو دەرگای

ماڵەکەیشی بۆ هەموو کەسێکی نیشتمانی کراوەیە. بەڵام لەبەرامبەر ڕەخنەی توندیشدا خۆراگر نییەو پەرچەکرداری خۆی هەیە،گیانی لێبوردەیی لە ناخدا زۆر لاوازەو، بەدوای تۆڵەکردنەوەدا دەگەڕێت. پارتی و یەکێتی بەم دواییە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، خەڵک بەرەو خەوی موگناتیسی ببەن، بەڵام نەوشێروان هەوڵیدا خەڵکی بۆ بەرەنگاربوونەوە ئامادە بکات،هیچ سەرکردەیەک بەقەد نەوشێروان مستەفا ئاگاداری شەقامی کوردی نییەو لە هەموویان هەستیارترە، زۆر رقی لە خەڵکی جاش و جاشایەتی دەبێتەوە، بەڵام خەڵکی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەریش ستایش ناکات،چونکە پێیوایە ئەمە ئەرکی خۆی جێبەجێکردووە، پێویست ناکات ستایش بکرێت،نەوشێروان مستەفا لەناو قووڵایی کۆمەڵگای کوردەواری دەژیت، کۆمەڵگای کوردیش ئەگەرچی زۆرترین قسەی لەسەر گەندەڵییە، بەڵام کۆمەڵگا خۆیشی لەناو ئەم گەندەڵییە نقوم بووە،گرنگ نییە کێ پشکی شێری بەرکەوتووەو کێ پشکی ریوی بەرکەوتووە، جاش هەر جاشەو خیانەت هەر خیانەتە،مەبەستی من ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی تەندروست و ساغلەم نییە، وەک مەولانا رۆمی دەڵێت، لە قوڕ زێڕ دروست نابێت، ئەمە بوو وایکرد نەوشێروان تووشی نائومێدی لە خودی بزووتنەوەکەیشی بێت و، بەیاننامە لەسەر هەندێک لە پەرلەمانتارەکانی خۆی دەربکات و(مەبەست لەو ئەندام پەرلەمانانەیە کە داوای ئۆتۆمبێل و ڤێللایان کردبوو) لە بزووتنەوەکەش دەریان بکات و خۆ ئەگەر گۆڕان بگەیشتایەتە سەر کورسی دەسەڵات وەک پارتی و یەکێتی،

بە دڵنیاییەوە گەندەڵیی بزووتنەوەکەی دەهاڕی، ئێستا دوای نیو سەدە خەباتی سەختی نەوشێروان مستەفا، کەچی نەیتوانیوە ببێتە قوتابخانەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە سیاسەتیشدا لەو رێککەوتنەی نێوان گۆڕان و یەکێتی کە واژۆی لەسەر کرا، لە بنەڕەتدا ئەو رێککەوتنە رێککەوتن نییە، بەڵکو ئاشتبوونەوەیە، ئاشتبوونەوەیەک لە نائومێدییەوە بەرهەمهێنراوە، وەک چۆن بەرەی کوردستانی بە هۆی شەقی زەمانەوە دامەزرێنرا، ئاوا گۆڕان و یەکێتی هەر یەکەو بە جۆرێک کەوتبوونە نێو کۆمەڵێک قەیرانی قووڵەوە، کە رێگایەکی باشترو روونناکتریان لەبەردەمدا نەبوو، جگە لەو ئاشتبوونەوەیە.هۆکارەکەشی سیاسەتی هەڵەی پارتی بوو، لەبەرامبەر هەردووکیاندا، دەبوایە نەرمتر رەفتاری لەگەڵیان بکردایە، نەک کۆنترۆڵی هەردووکیانی بکردایەو لەبەرامبەر پارتیدا هەستیان بە زەلیلبوونی خۆیان بکردایە.

خاڵێکی زۆر گرنگ لە ژیانی خەباتی سیاسیی نەوشێروان مستەفادا بەدیدەکرێ، ئەویش ئەوەیە نەوشێروان مستەفا لە هەموو ژیانیدا شەڕی بچووکی نەکردووە، هەروەها شەڕی لەگەڵ ئەوانەش نەکردووە کە پلەو پایەیان لە پلەوپایەی ئەو کەمتر بووبێت، تۆ سەیرکە لە کوردستاندا شەڕی تەنیا لەگەڵ دوو کەس کردووە، ئەویش تاڵەبانی و بارزانی بوو، هەرچەندە جەسارەتێکی زۆری دەویست لە یەککاتدا شەڕ لەگەڵ ئەو دوو کەسە بکرێت، چونکە ئەو دوو کەسە خاوەنی زۆرترین دەسەڵات و ئیمتیازات و ...هتد بوون، بەڵام نەوشێروان مستەفا ئەو شەڕەی نەهێنایە

خوارەوە بۆ ئاستێکی نزمتر، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، نەوشیڕوان مستەفا جگە لەو دوو کەسە پێیوایە لە کوردستاندا کەسێکی دیکە نییە لە ئاستی خۆی بێت یان بەرزتر بێت، بۆیە هەموو ئەو سەرکردانەی لەملاو لەولا هەڕەشەیان کردبێ یان بە هەر شێوازێک بووبێت پەلامارێکی نەوشیڕوانیان دابێت، ئەوا نەوشیڕوان خۆی راستەوخۆ نەهاتۆتە سەر خەت، بەڵکو خەڵکی دیکە لەجیاتی نەوشیڕوان مستەفا ئەو شەڕەیان بۆ کردووە واتە شەڕی بە وەکالەتیان بۆ کردووە،لێرەوەیە نەوشیڕوان یەکێکە لەو سەرکردە هەرە بەناوبانگانەی کە قەت خۆی نەکردۆتە کاراکتەر ، بەڵکو هەمیشە رۆڵی دەرهێنەری بینیوەو خەڵکی دیکەی کردووەتە کاراکتەرو کارەکەی پێ ئەنجامداون، لەکاتێکدا سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان، لە زۆربەی دۆخە هەستیارەکاندا هەم دەرهێنەرو هەم کاراکتەریشن.بەڵام نەوشیڕوان مستەفا وا نییە، تەنیا دەرهێنەرەو خۆی ناکات بە کاراکتەر.

## رێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی

گۆڕان کە لە یەکێتی جیابووەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، تاڵەبانی دەسەڵاتی نەوشیڕوان مستەفای بەتەواوی گوشیبوو، تەنیا بەناو جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی بوو، دەنا لە کاری سیاسی رۆژانەیدا نەوشیڕوان کەسی چوارەم و پێنجەمیش نەبوو،سەرەتا تاڵەبانی کۆسرەتی کردە

سەرۆکی حکومەت و دواتر جەبار فەرمانی لە بەرامبەردا قیتکردەوە، نەوشیروان ناچاربوو بچێت لە زەڵێ و لە دەرەوە دابنیشێت، کە گەڕایەوە بەرنامەی لادانی کۆسرەتی لە حکومەت تاوتوێکردبوو، وایشی کرد،تاڵەبانی بۆیە بە گوێی نەوشیروانی کرد، چونکە هەستی بە مەترسی دەسەڵاتی زۆری کۆسرەت کردبوو، بۆیە ئەمجارە بە قسەی نەوشیروانی کرد، چونکە کۆسرەت توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەست بەسەر حکومەت و تەنانەت لە هەولێر دەستی بەسەر یەکێتی نیشتمانیشدا گرتبوو، ئیتر نەوشیروان زۆر نائومێد بوو، لە کاتێکدا نەوشیروان کۆسرەتی  لە ساڵانی هەشتاکان دروستکردبوو، نەوشیروان لە کۆنفرانسدا دەمامکی لەسەر سەری کۆسرەت هەڵگرت و ئاشکرای کرد کە ئیتر کۆسرەت لە شاخ دەمینێتەوە،بەڵام تاڵەبانی کۆسرەت ی لەبەرامبەر نەوشیرواندا قیتکردەوەو کۆسرەتیش تەخسیری بەرامبەر بە بچووککردنەوەی نەوشیروان نەکرد،بۆیە دواجار نەوشیروان کۆسرەتی لە سەرۆکایەتیکردنی حکومەت دوورخستەوە. نەوشیروان هەر کاتێک بێ ئومێد دەبێت روو لە هەندەران دەکات، بەڵام کاتێک دەیەوێت بگەڕێتەوە، بە بەرنامەیەکەوە دێتەوە،قەت بێ بەرنامە نەگەڕاوەتەوە،رۆیشتنی ئەمجارەی کورتترین ماوە بوو کە تەنیا حەفت (7) مانگ بوو، بەڵام دیسان ئەمجارەش ئەوەتا بە بەرنامە گەڕاوەتەوە. نائومێدی نەوشیروان لەناو یەکێتی لەو خاڵەوەش سەرچاوەی گرتبوو کە ، بنەماڵەی تاڵەبانی بەپێی زانستی بۆماوەیی (علم الوراثة)تەمەنیان درێژە، نەوشیروان گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە تاڵەبانی دوای خۆی (دوای

نەوشێروان)کۆچی دواییدەکات، بۆیە تەواو نائومێد ببو لە دەسەڵاتی تاڵەبانی،خاڵی سێیەم ئەو هەماهەنگییەی دوای 31ی ئاب و لە دوای رێککەوتنی واشنتۆن، کە رێککەوتنی ستراتیژی لێکەوتەوە، نەوشێروانی زیاتر نائومێد کرد، چونکە دوای 31ی ئاب، تا ئەم چرکە ساتەی ئەم وتارە دەنووسم، یەکێتی هێزی یەکەمی لەدەست داوەو هەمیشە بەدوای پارتییەوە بووە، واتە پێشڕەو نەبووە ، بەڵکو زیاتر پاشکۆ بووە،نەوشێروان توانی ئەم خاڵە بورووژێنێت لەناو یەکێتی، لەم بوارەشدا سەرکەوت.تاڵەبانیش پاساوێکی کاریگەری لەمبارەیەوە پێ نەبوو کە قەناعەت پێکراو بێت.

بزووتنەوەی گۆڕان کە دروستبوو، زۆر جەختی لە خەباتی مەدەنی دەکردەوە، بەڵام ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان تێگەیشتووە، لەناو گەلە گورگێکدا بیت، نابێت وەک مەڕ بژی، بەڵکو دەبێت تۆش گورگ بیت، ئەو چەند ساڵەی رابردوو کە نەوشێروان بانگەشەی خەباتی مەدەنی دەکرد، تێگەیشت فلسێکی سووتاو ناهێنێت،سووتاندنی بارەگاکانی و دەرکردنی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان، دەرزییەکی قوڕس بوو کە لە جەستەی هەستیاری بزووتنەوەی گۆڕان دراو،ئیتر ئەو بزووتنەوەیە بڕوایان بە خەباتی مەدەنی نەما.دەمێکیش بوو بزووتنەوەکە لە شوێنی خۆی چەقیبوو، نەیتوانی ببێتبە بزووتنەوە، کەواتە ئەی چیبکات؟ باشترین رێگا ئەوە بوو کە لەگەڵ یەکێتی ئاشت ببێتەوە (نەک رێککەوتن و یەکگرتنەوە)، چونکە خەریک بوو پەراوێز دەکراو، شەقامی کوردیش لە تەواوی حیزبەکان

نائومێد ببوو، بۆیە ئاسان نەبوو لەم دۆخە ئاڵۆزەی کە داعش بەردەرگای لە هەمووماڵێکمان گرتووە، شەقام بجوولێنیت و، دۆخێکی ئاڵۆزو شێواو بهێنیتە ئاراوە. کەواتە باشترین رێگا بۆ گۆڕان ئاشتبوونەوەی بوو لەگەڵ یەکێتی، ئەمە لە کاتێکدا یەکێتی خۆیشی کەوتبووە ناو کۆمەڵێک قەیرانی ترسناکتر لەو قەیرانانەی کە گۆڕان تێیکەوتبوو، هەر سێ سەرکردە سەرەکیەکەی یەکێتی کە بریتی بوون لە هەردوو جێگرانی یەکێتی لەگەڵ هێرۆ برایم ئەحمەد، لەناو ململانێیەکی سەختدا بوون، کە لەوە زیاتر بوارێک بۆ پێکەوە ژیانیان نەمابۆوە،هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیسابی بۆ ئەوەکەی تر نەدەکردو، کار بەو دۆخە بەردەوامبوایە، دوور نەبوو لەناو بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەمانچەیان بە سینگی یەکدی وەبنایە، ئەوەی لە نێوان شێخ جەعفەرو عادل موراد دا روویدا،ئاماژەیەکی روون بوو،کە بۆ یەکێتی لە گوللە بەیەکەوەنان سەختتر بوو، نموونەی دیکەیش زۆرە. پارتیش لەو لاوە کاری لەسەر ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیانە دەکرد، کە لە هێرۆ برایم ئەحمەد زویر ببوون، ئێستاش لەوانەیە رۆژانی داهاتوو نموونەی چەندین عارف روشدی دووبارە ببێتەوە. ئەوەتا ئەرسەلان بایزو ئازاد جوندیانی تا نووسینی ئەو وتارەش شوێنێکیان لەناو مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بۆ نەماوەتەوە.عەدنان موفتیش مەگەر بەس خۆی بزانێ ئێستا پێگەی لەناو یەکێتی ماوە یان نەماوە!! هەندێک لە سەرکردە سەربازییەکان گلەیی و رەخنەی زۆریان لەسەر هێرۆ هەبوو، ئەو هێرۆیەی دوای تاڵەبانی بەتەواوی دەستی بەسەر

یەکێتیدا گرت و هەردوو جێگرەکەی یەکێتی، شتێکی ئەوتۆیان لە غەنیمەی یەکێتی بۆ نەمابۆوە.یەکێتی کەوتبووە ناو کۆمەڵێک قەیرانی قووڵەوە، کە بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی درێژە بەو قەیرانانەی بدات،هێرۆ برایم ئەحمەدیش نەیدەتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات، راستە بە کردەوە کەسی یەکەمی ناو یەکێتییە، بەڵام ئەو پارووە چەورە بە ئاسانی بۆی قووت نەدەدرا،چونکە ئەوانەی ململانێیان لەگەڵیدا هەبوو، چاویان بڕیبووە غەنیمە، داواکاری مادیان زۆر هەبوو، هەوڵیاندەدا دارایی لەبن دەستی هێرۆ بێننە دەرەوە، بەڵام پێیان نەدەکرا. ئیتر هێرۆ لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بە کەسایەتییەکی وەک نەوشێروان هەبوو، لەناو ئەو قەیرانە قووڵانە دەریبهێنێت و رزگاری بکات،جگە لەم رێگایە هیچ رێگایەکی دیکەی بۆ نەمابۆوە،ئەو سەرکردانەی لە هێرۆش نزیک بوون، کەسایەتییەکی پتەوو بەهێزیان نەبوو، تەنیا دەیانتوانی بە بێدەنگی خۆیان لەگەڵ هێرۆ بمێننەوە، دەنا پیاوی ئەرکە سەختەکان نەبوون، بۆیە ئەوانەی بەو رێککەوتنەش دڵخۆش نین، نەیانتوانیوە بە ئاشکرا رووبەرووی ببنەوە، بۆنموونە مەلا بەختیار لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، ناحەزێکی سەرسەختی نەوشێروان مستەفایە،لە رووی سایکۆلۆژیشیەوە مەلا بەختیار نەیتوانیوە ئەو دۆخە دەروونییەی خۆی بەرامبەر بە نەوشێروان و تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕانیش بشارێتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە مەلا بەختیار بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بوو، هەردوو جێگرەکەی یەکێتی بە هۆی ململانێیان لەگەڵ هێرۆ، بە تەواوی پەراوێزخرابوون، بۆیە ئەگەر یەکێتی

لەگەڵ گۆڕان ئاشت نەبووبایەوە، بە ئاسانی مەلا بەختیار دوای هێرۆ دەبوو بە کەسی یەکەمی ناو یەکێتی نیشتمانی،ئەگەرچی ئەوکات یەکێتی بەناو دۆخێکی زۆر دژوارتردا دەڕۆیی!. بەڵام دوای ئەوەی گۆڕان و یەکێتی ئاشتبوونەوە، ئەوا ئەو خەونەی مەلا بەختیاریش بە تەواوی بەتاڵکرایەوە. ئیتر دوای ئەم ئاشتبوونەوەیە زمانی زبرو زمانی هەڕەشە لەیەکدی کردنیش لەناو یەکێتی نەماو ناشمێنێت،چونکە نەوشیروان کەسایەتییەکی بەرزی هەیەو تا رادەیەکیش بێ سەبرەو پشووی ئەوەندە درێژ نییە قەبووڵی ئەوە بکات سەرکردەکان چەقۆ لە یەکدی بسوون ،بۆیە هێرۆ بە هێنانەوەی نەوشیروان کۆمەڵێک قەیرانی لەکۆڵ خۆی کردەوە،بەتایبەتی نەوشیروان داواکاری کەسی و تایبەتی نییە، چاوی لە پارە کۆکردنەوەو خۆ دەوڵەمەندکردن نییە، پێچەوانەی ئەوانەی ململانێیان لەگەڵ هێرۆ هەبوو، هەمیشە داوای ئەوەیان دەکرد دارایی یەکێتی نابێت بە دەستی هێرۆوە بێت.بۆیە ئەم ئاشتبوونەوەیەی نەوشیروان، بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەدی زیاتر پارێزراوتر کردەوەو دڵنیایی زیاتریان پێدرا، نەوشیروانیش ئەو خەونەی دێتە دی کە ببێتە کەسی یەکەمی ناو یەکێتی نیشتمانی. رابردوویەکی زۆریشی لەناو یەکێتی هەیە، کەسیان ناتوانن خۆیان بە شایانترو بە خاوەن بەرنامەی پتەوترو بە تێکۆشەرتری ناو یەکێتی لە نەوشیروان زیاتر بزانن، ئەمەش بۆ هێرۆ لەم کاتە سەختەدا دووشەشە. بۆ نەوشیروان مستەفاش بە هەمانشێوەیە، بەڵام کەم نین ئەوانەی دووشەشیان لەدەستدا تۆپی، ئەوانەش کەم نین بە هەبەیاسێکەوە لەو

گەمەیە چوونە دەرەوە، یان تارمایی چوونە دەرەوەیان بەتەواوی لێ بەدیارکەوتووە .

## پارتی و یەکێتی و گۆڕان

پارتی حیزبێکە، هێڵە گشتییەکانی روونە، خەباتی تاکتیکی بۆ خزمەتکردنی ستراتیژەکەیەتی، خۆی بە خاوەنی کوردستان دەزانێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هەزمی ئەوە بکات هێزێکی دیکە هەبێت بڵێ من هێزی یەکەمم و پارتی تۆش هێزی دووەمی، ئەمە رێژەی نەگۆڕە لە سیاسەتی پارتیدا. بۆیە هەموو جومگە سەرەکییەکانیشی خستۆتە بەردەستی خۆی، ساڵی 1992 ئەگەر نەوشێروان مستەفا نەبوایە، هەر ئەوکات پارتی دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هێزی یەکەمی کوردستان بوو، بەڵام نەوشێروان مستەفا بیرۆکەی 50 بە 50ی خستە روو، بەجۆرێکیش خستییە روو کە بۆ گفتوگۆ نەبوو، بەڵکو بۆ سەپاندن بوو، ئیتر تا 31 ی ئاب هەردووکیان (پارتی و یەکێتی)خۆیان بە یەکەم دادەنا،تەنانەت یەکێتی کەمێک لە پارتی باڵاتریش بوو، واتە تەرازووی هێز بەلای یەکێتییەوە بوو نەک پارتی، پایتەخت کەوتبووە دەست یەکێتی. بەڵام دوای 31 ی ئاب یەکێتی بوو بە هێزی دووەم و توانای جارانی لەدەست دا.ئیتر ئەوە 20 ساڵە پارتی لەم هەرێمی کوردستانە هێزی یەکەمە، ئیتر پارتی وا راهاتووە، هەر هێزی یەکەم بێت و بە هیچ شێوەیەک حیساب بۆ هێزە

نەیارەکانی لەسەر بنەمای هاوسەنگی و پارسەنگی هێز ناکات.بۆیە پارتی سیاسەتێکی گرتبووە بەر، کە خۆی پشکەکان (غەنیمە) دابەش بکات، ئەو پشکانەی خۆی تەماحی تێدابووە، نەیداوە بە حیزبەکانی دیکە، بۆیە جارێک یەکێتی نیشتمانی و جارێکی دیکە گۆڕان، تووشی نائومێدی دەبوون لە پێکەوە ژیانی سیاسی و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتی، چونکە هەستیان بە بچووککردنەوەی خۆیان دەکرد،هەندێکجاریش تا رادەی زەلیل بوون لەبەرامبەر ئەو هێزەدا. بۆیە چ یەکێتی و چ گۆڕان، چەند ساڵێکە لە هەوڵی ئەوەدابوون هاوپەیمانێتییەک یان بەرەیەک بدۆزنەوە، کە بتوانن گۆڕانکاری لە پارسەنگی هێز لە کوردستاندا دروستبکەن، لێکتێگەیشتنی دەباشان،نموونەیەکی زەقی ئەو دۆخەبوو کە باسمکرد. هەر ئەو نەفس بەرزییەی پارتی بوو وای لە نەوشێروان مستەفا کرد، لەو کاتەی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆیشیان دا، هەوڵبدا هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە بەشداری حکومەت نەکەن و، توانی دوو حیزبی ئیسلامی لەماوەی چوار ساڵی ئۆپۆزیسیۆنبوونیدا بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، لەماوەی  زیاتر لە دوو ساڵی رابردووشیدا، توانی یەکێتی نیشتمانیش وردە وردە بهێنێتەوە لای خۆی، بەڵام پارتی و سەرکردایەتییەکەی هیچ گرنگییەکی پێویستی بە نزیکبوونەوەی ئەو هێزانە نەداو، تەنانەت شرۆڤەو شیکردنەوەیەکی زانستیشی بۆ نەکرد، بەڵکو ئەوەی زۆر گرنگی پێ دەدا،نەوت و دابەشکردنی زەوی و بونیادنانی کۆشک و تەلارو ..هتد بوو. پارتی بە جۆرێک خولیای نەوت ببوو، وای لێهاتبوو بە تەواوی نەک لە

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بگرە لە کادیرانی خۆشیان دوور کەوتبوونەوەو کۆمەڵێک کەسانی ماستاو چی و کۆنە جاش و بەعسی و پاشەڵپیس وردە وردە لەناو پارتی سەردەکەوتن،سەرکەوتنی ئەو جۆرە کەسانە لەناو پارتی ، وای لە پارتی کرد، فەرامۆشی خەڵکێکی زۆری خۆی بکات کە کەسانی نیشتمانی و دڵسۆز بوون، واتا ئەوانەی جاران بە دڵ و بە گیان پارتیان خۆشدەویست، ئەوان فەرامۆشکران و، ئەوانەی تەنیاو تەنیا بە قسەی زل زل پارتیان خۆشدەویست، ئەوان هاتنە پێشەوە، یەکێک لەو کەسانەی بە قسەی زل زل لەناو پارتی تا ئێستاش هەر دەچێتە پێشەوە، گوتبووی پارتی لە مانگایەکی ئینگلیزی دەچێت، کە شیرەکەی قەت لە بن نایە، ئەوەی زیرەک و ئاقڵ بێت هەوڵدەدا گوانێکی دەستبکەوێت و بۆ خۆی بیدۆشێ. ماوەی (5) ساڵ زیاترە پارتی بەردەوامە لە هێنانە پێشەوەی کادیری لاوازو گەندەڵ، لەولایشەوە گرنگیدانی بە نەوت، وەک ئەوەی تەنیا نەوت سەرچاوەی مان و نەمانی بێت، وایکردووە، پارتی بچێتە ناو جیهانێکی دیکەوە کە ئاگاداری گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەرێمی کوردستان و ئاگاداری شەقامی کوردی و تەنانەت ئاگاداری کادیرانی خودی حیزبەکەی خۆیشی نەبێت. لە لایەکی تریشەوە پارتی زۆر لاف و گەزافی ئەوە لێدەدات کە حیزبی یەکەمە لە کوردستان،لەکاتێکدا کورسییەکانی نیوەش نییە، بەڵکو 38 کورسییە، لەوەش دژوارتر، ئەو کورسیانە رێژەیەکی یەکجار زۆری دهۆکی و بادینییە، واتە لەناو خەڵکی هەولێرو سلێمانی، کورسییەکان زۆر زۆر کەمن، پارتی لەجیاتی ئەوەی

دوای هەڵبژاردن کاری جیدی لەسەر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورە بکردایە، کەچی لوتبەرزی و غرووری پارتی بەهۆی نەوتەوە، هەموو هاوکێشە سیاسییەکانی ئاڵۆزتر کرد.ڕەفتاری لەگەڵ ڕۆشنبیران تەندروست نەبووەو نێچیرڤانی لێ دەرچێ کە جاران (نەک ئەو 5)ساڵەی ڕابردوو، جاران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ توێژی ڕۆشنبیران و تەنانەت ڕاگەیاندنکارانی کوردستان باش بوو، بەڵام بەهۆی نەوت و پارەوە ئەویش وازی لەم توێژانە هێناوەو، مەکتەبی سیاسیش ئەوە هەر لە ئەوەلەوە پەیوەندیان بە ڕۆشنبیرانەوە باش نەبووە،بە گشتی پارتی ئێستا خەرکە گۆشەگیر کراوە، بەرهەمی ئەمڕۆی نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەو کاتانەیە کە تەنیا خولیای نەوت و زەوی و تەلار بووە.

باشە با پرسیارێکی هێمنانە بوروژێنین، بۆچی نەوشێروان مستەفایەک کە بۆ یەک ڕۆژیش بڕوای بە ئایینی ئیسلام نەبووە، توانی دوو لە گەورەترین حیزبی ئیسلامی (ئیخوانی و سەلەفی) ڕابکێشێتە ناو جۆرێک لە ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتی خۆیەوە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی کە بۆ یەک ڕۆژیش دژ بە ئایین نەوەستاوەتەوەو هیچ ڕابردوویەکی خوێناویشی لەنێوانیان دروست نەبووە، کەچی نەیتوانی بۆ لای خۆیان ڕابکێشێت، یان هەر هیچ نەبێت بیتوانیبایە بەربەستێک دروستبکات کە پاڵ نەدەنە پاڵ گۆڕان ؟ ،باشە بۆچی یەکێتی نیشتمانی دوو جار شەڕی سەختی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان کردووەو جارێک لە شاخ، جارێکیش دوای ڕاپەڕین (ئەمە ئەگەر شەڕی جوندولئیسلام و ئەنساری لێ دەربکەین)، کە

ئەو مەلا عەلی باپیرە بە چ دەردێک و بە چ حاڵێکەوە خۆی گەیاندە پیرمام،کەچی ئێستا ئەوان لەگەڵ یەکدی تەباو کۆکن و لەبەرامبەر پارتیدا نەیارو ناکۆکن ؟. پارتی نابێت هەر باس لە گەلەکۆمەکی لەبەرامبەر خۆی باس بکات، چونکە کەس قەناعەت و بڕوای پێ نایەت، پرسەکە وا بە سانایی نییە، باشە بۆچی گەلەکۆمەکی دەکەن ؟، خۆ پارتی بوو عەلی باپیری لەدەست یەکێتی قورتار کرد، خۆ پارتی بوو هاوکاری بزووتنەوەی ئیسلامی دەکرد، لەبەرامبەر ئەو هەموو هێرشەی  کە یەکێتی بۆسەر بزووتنەوەکەی دەکردو لە رادیۆ یەکێتی دەیوت تارومریان بکەن، ئەی باشە بۆچی ئێستا ئەوان گەلەکۆمەکی لە پارتی دەکەن، تۆ بڵێی خودا غەزەبی لە پارتی گرتبێت، یان ئەو قسانە مانایەکیان نییە، تا پارتی نەگەڕێتەوە ناو حیزبەکەی خۆیەوە، تا پارتی ئەو کاسەلێس و دزو ماستاوچیانە لەخۆی دانەتەکێنێت و کەسانی نیشتمانی و خاوەن ئەقڵ نەگرێتەوە خۆی، ناتوانێت بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ، وەک دەبینین ئێستا لە زۆر لاوە گەمارۆ دراوە، یەکەکە لە هەموویان بۆ پارتی مەترسیدارترە، ئەو ئاشتبوونەوەیەی گۆڕان و یەکێتیش بێگومان  وەرچەرخانێک یان هیچ نەبێت جوولەیەک بە پرۆسەی سیاسی دەدات، حیزبە ئیسلامییەکان بە بزووتنەوەی ئیسلامیشەوە تا دێت لە پارتی دوورتر دەکەونەوە، پارتی ئیتر دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە، دەنا تووشی کارەساتێکی تر دەبێتەوە. تۆ سەیر بکە هیچ کام لە دەوڵەتانی عەرەبی بەقەد قەزافی دەوڵەمەند نەبوون، (270) ملیار ئیرۆی تەنیا لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی دانابوو، بەڵام هەموو

ئەو سامانە زۆرو زەبەلاحەی هەیبوو، نەیتوانی قەزافی لەسەر کورسی بیهێڵێتەوە، یان هەر هیچ نەبێت نەیتوانی لە مەرگیش قورتاری بکات، ئەمە ئەو قسەیەی هزرڤانی گەورە (ئالفین تۆفلەر)مان بیردەهێنێتەوە کە کتێبێکی دوو بەرگی بە ماوەی (25)ساڵ لە ماندووبوونی خۆی نووسی، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەسەڵات پێویستی بە سێ (3)شتە، مەعریفە، پارە،هێزی سەربازی.مەعریفە هەبێت دەتوانێت پارە بەرهەمبهێنێت و هێزی چەکداریش دروست بکات، بەڵام هێزی چەکدارو پارە ناتوانن مەعریفە بەرهەمبهێنن، تۆ بڕوانە وڵاتانی کەنداو لێواولێون لە دەوڵەمەندی، بەڵام بێ مەعریفەن،پەیەدە بە مەعریفەکەی، توانی هێزی چەکداری زۆر دروستبکات و بچێت بۆ پێشەوەو وا وردە وردە ئابوورییەکەشی باشدەکات، لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا پەیەدە هیچ هەنگاوێک بۆ دواوە نەناوە، وا فیدراڵیەتیشی چەسپاند. بەڵام ئێمە لەماوەی (5) ساڵی رابردوودا بەشێوەیەکی خێرا بۆ دواوە هەڵدێین. تا ئەو چرکە ساتەش کە ئەم بابەتە دەنووسم، هەڵوەستەیەکی فیکری سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتیمان نەکردووەو، هەر خەریکی دروشمی بێ ناوەرۆک و قسەی زل و کاری بێ بەرهەمین.

پارتی تا ئێستاش هێزێکە دەبێ لەگەڵیدا دانوستاندن و گفتوگۆ بکرێت، بەڵام پارتی پێویستی بە سیاسەتێکی نوێ هەیە، لەگەڵ ئەو سیاسەتە نوێیەشیدا گرنگی بە مەعریفە بدات.دەنا دۆخەکە بە تەواوی ئاوەژوو دەکرێتەوە.من ناڵێم حیزبی گەورە پێویستی بە کەسانی ماستاوچی و زمان

لووس نییە، بەڵام ناکرێ لە شاشەی تیڤییەکانەوە بیانکەی بە پارێزەری حیزب، چونکە ئەمانە سایکۆلۆژیایەکی تێکشکاویان هەیەو پیاوی رۆژانی تەنگانە نین. باشە پارتی بۆچی ناپرسێ ئەو کاسەلێسانە دوو سێ ساڵ پێش راپەڕینی بەهاری 1991 لە کوێ بوون، بۆچی جارێک ناپرسێ، ئەو فس فس پاڵەوانانە چەند جار قوربانیان داوەو ئەو هەموو دەستکەوت و غەنیمەیەی وەریشیانگرتووەو ئەوەندەی دزیویشیانە بەهاکەی چەندە ؟ هێشتا بوارێک ماوە بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی نوێ ، چ بۆ پێکەوە هەڵکردن لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، چ بۆ خودی ناو پارتیش، کە ئیتر پێداچوونەوەیەکی جیدی پێویستە لە هەردوو بوارەکەداو پارتی هێشتا پێگەی جەماوەری باشی هەیە ئەگەر لەوە زیاتر هەڵیان نەوەرێنێ، دەنا کار وا بڕوات بێگومان کار لە کار دەترازێ.

## لە کۆمەڵگای دواکەوتوو، ململانێی توند یاریکردنە بە کلکی شێر

بە پێی بەشێک لە فەیلەسووفان و زانایانی مێژوو، یەک ملیۆن ساڵە مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە دەژی،بەڵام دوا تۆژینەوەکان ، بەتایبەت فۆکۆیاماو هەندێکی تر، پێیانوایە مێژووی مرۆڤ بۆ (5) ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەر تەنیا (120)هەزار ساڵێکە مرۆڤ خۆی لەگەڵ ژیانی ئاژەڵ جیا کردۆتەوەو، لە ئەشکەوت هاتۆتە دەرەوەو، بۆ یەکەمین جار گوندی دروستکردووە، بۆئەوەی وردە وردە هەوڵبدا وەک مرۆڤ بژی، نەک وەک ئاژەڵ.بەپێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان، دروستکردنی یەکەمین گوند لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بەتایبەت ناوچەی جێناکۆکی قودس و فەڵەستین و لێواری رووباری نیل،هەندێ سەرچاوەش پێیانوایە

ئەو ناوچەیەی پێیدەوترێ میزۆپۆتامیا، لانک و بێشکەی سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤایەتیبووە، لە هەردوو دۆخەکەدا (10) هەزار ساڵێکە سۆمەرییەکان لە گوند چوونەتە دەرەوەو شاریان دروستکردووەو وردە وردە ئەقڵیان بە کاری کشتوکاڵی شکاوەو لەگەڵیشیدا وردە وردە پیشەسازی بچووک بچووک بە قوڕو قوڕی سوور کراوەو دۆزینەوەی ئاسن و نەخش و ....هتد لە بەرهەمهێنانی سۆمەرییەکان بوون بە داهێنانی خەتی بزماریشەوە. واتا مێژووی نووسین کە لە شارستانیەتی سۆمەرییەکانەوە داهێنراوە، ناگاتە (5000) ساڵ پێش ئێستا.ئەم پێشەکیە کورت و خێرایەم بۆیە هێنایە ناو باسانەوە، چونکە کورد ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کارای لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانێتی سۆمەرییەکاندا هەبووە، هەموو ئەو دەسکەوتانەی سۆمەرییەکان لە ناوچەی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو ڕووبارەکە) وەدیهێناوە، کوردیش تیایدا بەشدار بووە،ئەمە ئەو قۆناخە بووە، تەنیا کورد و ئاشوور لەو ناوچەیە هەبوونە،هێشتا عەرەب لە میسرەوە خۆی نەگەیاندبووە میزۆپۆتامیا، هیچ جۆرە ململانێیەکیش دروست نەبووبوو، (10) هەزار ساڵ پێش ئێستا قۆناخی دایکسالاری بوو، دوایی لەگەڵ کاری کشتوکاڵی و....هتد وردە وردە هێزو بازووی پیاو بەسەر هی ژن زاڵ بوو، لەگەڵ جێگیربوون و چەسپاندنی قۆناخی دەرەبەگایەتی ئیتر بە تەواوی سیستەمی باوکسالاریش چەسپا.

کورد لەسەر ئاستی دونیا نەتەوەیەکی زۆر زیندوو بوو، لەو نەتەوانەیە کە لە سەرەتای مێژوو، ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەبووە، ئەمە پێش ئەوەی

هۆز دروست ببێت و پێش ئەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دروست ببێت، کاتێک چەوساندنەوەو هێز هاتنە مەیدانەوە، کورد نەیتوانی بەردەوام بێت و کەوت، ئەم کەوتنەی تا ئەمڕۆش بەردەوامە کە خۆی لە (5000) ساڵ دەدات. پێنج هەزار ساڵە کورد نەیتوانیوە ئەو زوڵم و زۆرییەی لێیکراوەو بەردەوام لێیدەکرێ، لەخۆی دوور بخاتەوەو وەک نەتەوەیەکی ئازادو سەربەخۆ بژی.

سۆمەرییەکان خاوەنی خەتی بزمارین، فینیقییەکان کە خۆیان بە نەوەکانی کەنعان دادەنا،بوونە خاوەنی ئەو دەنگانەی کە لە کاتی خوێندنەوەدا لە پیتەکانەوە دەردەچن، ئەم پیتە دەنگدارانە بوونە بنەمایەکی زۆر بەهێز، کە دوایی هەموو زمانەکانی دونیا سوودیان لێوەرگرت. عیبرییەکان خۆیان کردە خاوەنی یەکەمین ئایینی ئاسمانی،ئیتر ئایین بووە هێزێکی کاریگەر بۆ دەسەڵاتوەرگرتن و قەڵەمڕەوی و خۆسەپاندن، بەتایبەت عەرەب ئەم دەرفەتەی لەکیس خۆی نەداو بە جوانی بەکاریهێنا، فارس و تورک (تورک کە مێژوویەکی زۆر کورتیشی هەبوو لەوناوچەیە)سوودیان لە ئایین وەرگرت و بۆ بەرژەوەندی خۆیان توانیان دەسەڵاتێکی بەرفراوان وەدەستبهێنن.بەڵام کورد لەو ڕۆژەوەی ستەمکاری و چەوساندنەوەو ململانێی هێزو بازوو دروستبوو، ئیتر ئەو نەتەوەیە هەمیشە زوڵمی لێکراوەو مافی زەوتکراوە تا بە ئێستادا دەگات، کەچی لەو مێژووە دوورو درێژەی کە ئەزموونێکی تاڵو سوێرو زۆر ژەهراوییە هیچ سوودی لێوەرنەگرتووە .ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین،میر شەرەف

که بەرامبەر بە سووپای عوسمانییەکان وەستایەوەو شەڕی کرد، بەهۆی خیانەتی (ئەمیر بەگی مەحموودی)کە سەرکردەیەکی دەستە ڕاستی (میر شەڕەف)بوو،ئەنجام میر گیراو سەریان بڕی و، زیاتر لە (700)کەسیش لە سووپاکەی کوژرا،دەیان نموونەی دیکە پڕ لە خیانەت و پڕ لە براکوژی لە مێژووی ئەمارەت و میرنشینەکاندا هەیە،هەر بە تەنیا شەڕی سێ برا، مەحموود پاشای بابان، ئەحمەد پاشای بابان،محەمەد پاشای بابان، کە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی نۆزدە نزیکەی بیست ساڵ شەڕی نێوانیان بوو، بەسە بۆ ئەوەی بڵێین کورد سوودی لەم هەموو ئەزموونە تاڵەی خۆی وەرنەگرتووە.تەنانەت سوودی لە ئەزموونی تاڵ زۆر تاڵی ناوەڕاستی نەوەدەکانیش وەرنەگرتووە، کە لە مێژووی شەڕی ناوەخۆدا بە گەورەترین و کارەساتبارترین شەڕی براکوژی دادەنرێ. گرفتی گەورەش زۆربەی ئەوانەی خۆیان پێ خوێنەوارەو تەنانەت خۆیان بە خۆیان دەڵێن ڕۆشنبیر ئەوەیە،لە پێناو بچووکترین بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانا ئامادەن هەموو کارێکی قێزەون بکەن.بچووکترین نموونە برادەرێک کە خۆی پێ ڕۆشنبیرێکی موستەحەقە!!، واژۆی بۆ درێژکردنەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کردبوو، کەچی دوو ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی واژۆکان لە میدیاکان، لە فەیسبووکەکەی خۆی نووسیبووی پێویستە سەرۆکی هەرێم دەست لەکار بکێشێتەوە!!، سەیری ئەو نەزۆکی و ئەو ئەحمەقییە بکەن، ئەمەیە حاڵی بەشی زۆرینەی بەناو ڕۆشنبیریی کورد، کە من بەوجۆرە ئەحمەقانە دەڵێم ڕۆشنبڕ، نەک ڕۆشنبیر. کورد نە بەهۆی ئایینەوە توانی خۆی لە

ژێردەستەیی بپارێزێت، نە بە رێگای دروستکردنی حیزبێکی نەتەوەیی (نەتەوەپەرستی)، نە بە رێگای دیموکراتی و ئەقڵانییەتەوە.چونکە کە پەنای بۆ ئایین برد، فێری پاڕانەوەو زەلیلی بوو، کە پەنای بۆ حیزبی نەتەوەیی برد، دان نەنان بە بەرامبەرەکەی، رێچکەی خۆی وەرگرت، هێشتاش نە لەمانای دیموکراتیەت گەیشتووین، نە توانیومانە کەمێک بەلای ئەقڵانیەتیشدا بچین.

دروستبوونی رێکخراوی سیاسی لەوەتەی دروسبووە، کە بۆ ساڵانی 1918-1919 دەگەڕێتەوە،جگە لەوەی لەژێر هەژموون یان بە ئاراستەی دەوڵەتێکی داگیرکەری کورد دروستبووە، هاوکات چەند کەسێکیش لە سەرکردایەتی ئەو رێکخراوو دواتر ئەو حیزبانە رۆڵی سیخوڕی و بەکرێگیراوییان بینیوە.بۆیە لە ساڵی (1918) ەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، هەموو ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسیانەی دروستدەبوون، زوو زوو هەڵدەوەشانەوەو لەگەڵ باڵێکی دیکەی سیاسی یەکیاندەگرتەوەو جارێکی دیکە دەترازانەوەو دیسان لەگەڵ قۆڵێکی دیکەی سیاسی دەسازانەوە.....

مێژوو خۆی لە خۆیدا، مێژووی توندوتیژییە، مێژووی شۆڕش و راپەڕینەکانە،سەرکەوتنیش بۆ ئەو سەرکردەو نەتەوانە بووە کە ستراتیژیان بریتی بووە لە توندوتیژی، تۆ بڕوانە،ئیسپارتاییەکان، فارس، مەغۆل، تورک، عەرەب،ئەمە وێڕای شەڕە گەورەکانی نێوان وڵاتان، شەڕی کاسۆلیک

و پرۆتستانت، شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ،شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ...هتد، هەموو ئەو مێژووانە خوێنیان لەبەردەڕوات، مایکاڤیلی لەوبارەیەوە راستی وتووە کە پێیوایە، سەرکردەیەک ئەگەر نەرمونیان بێت، ئەوا بە دەردی (ساڤۆنارۆلا)دەچێت،کە توانیان لەناوی بەرن،بۆیە زۆرجار بە (ساڤۆنارۆلا) دەوترێ، پێغەمبەری بێ چەک، تۆ سەیرکە پێغەمبەر موسا، بەهۆی ئەوەی نزیکەی چل ساڵ لە بیابانا دەسووڕایەوەو تووشی گۆشەگیری هاتبوو، نەیتوانی ئەوهاوارەی لەناخییەوە هەڵدەستا بیگەیەنێتە ناو هەموو نەتەوەکانی دیکە، هەر بۆیەشە ئایینی جوولەکە لە چوارچێوەیەکی بچووکدا قەتیس مایەوەو گەشەی نەکرد،محەمەد سوودی لەو ئەزموونەی موسا وەرگرت و بە تەنیا پێغەمبەرێکی رەق و رووت نەبوو، بەڵکو رۆڵی سەرکردەیەکی ئازای سەربازیشی بینی، بۆئەوەی ئەو هاوارەی لەناخییەوە هەڵدەقوولا بە زەبری شمشێرو خوێنەوە بیگەیەنێتە دوورترین شوێنی دونیا .

راستە مێژووی شۆڕش و راپەڕینەکانی دونیا، زوو بە لا رێدا براون و لە ئامانجی راپەڕینەکە کەمکراونەتەوە، باشترین نموونە شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی 1879 کە هەر زوو رووبەڕووی شکستێکی گەورە بووەوەو ،نەیانتوانی ئامانجەکانی بەباشی بەدەستبهێنێت،بەڵام خۆ جوولەیەکی گەورەیان خستە ناو هزری کۆمەڵگاوەو هەموو روانگەکانیشیان بە رووی بیری ئازاد دا بوو، راستە شۆڕش هەڵگەڕایەوەو رۆپسپێرو هەندێک لە هاورێکانی دیکتاتۆرییەتیات دروستکردو دواییش پاشا گەڕایەوە سەر حوکم، بەڵام

دوای کەوتنی کۆماری سێیەم،مێژوو نەوەستا  کۆماری دیکەی بەدوایدا هات و، جارێکی دیکە پاشا لە فەڕەنسا وەدەرنرایەوەو دیگۆلێکیان بەرهەمهێنا،کە بۆ خەڵکی فەڕەنسا تا رادەیەک خۆی لە بەرگی ناپلیۆنێکی نوێ پۆشیبوو. بە هەمانشێوە جەنگی یەکەمی جیهانی  ئەگەر هیچ سوودێکی نەبووبێت، ئەو سوودەی هەبوو کە ئەو شەڕە کاولکارە بوو بووە هۆی رووخاندنی پاشاکان لە زۆربەی وڵاتانی  ئەوروپادا، بەڵام چونکە ئەم رووخاندنی پاشایانە لە ئەنجامی شەڕێکی جیهانی بێ وێنە بوو، دیسان نەیتوانی دیموکراسی بەرهەمبهێنێت، بەڵکو لە بری دیموکراسی فاشیزم بەرهەمهات، ئیتر لیبرالیزم بووە بەرداشی نێوان فاشیزم و کۆمۆنیزم، لە سەرێکەوە فاشیزم هەناسەی لەبەر دەبڕی، لەوسەرەکەی تریشەوە کۆمۆنیزم قووتیدەدا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی رێگا بۆ شەڕێکی دیکەماڵوێرانکارتر خۆشبکات و دەیان ملیۆن مرۆڤی سەر ئەم زەمینە بکاتە خۆراکی ئەژدیهایانەی خۆی کە شەڕی دووەمی جیهانی بوو. کەواتا مێژوو پێمانی وتووە هەرگیز لە رێگای شەڕو ئاژاوە بە رێگای توندوتیژی دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدینایەت و رێچکەی خۆی پێ دیاریناکرێت، ئەوەتا نموونەی لیبیاو سوریاو عێراق و میسر بە روونی لەبەرچاومانەو پێویستە باش پەندی لێ وەربگرین.هەڵەیەکی گەورەشە ئەگەر بڵێین با جوولەیەکی کۆمەڵایەتی دروستبکەین قەیدی چییە با بۆماوەی چەندساڵێک ئامانجەکانمان وەدەست نەیەن، ئاخر ئەمە فیکرو سیاسەتە، خۆ فاڵگرتنەوە نییە، مارکس دوای ئەم هەموو ئەزموونەی خۆی

دوای نووسینی کتێبی سەرمایەی، پێشماڵئاواییکردنی بە ماوەیەکی کەم، گەیشتە ئەو بڕوایەی بڵێت (کەس ناتوانێ پێشبینی بکات کە لەماوەی 24 کاتژمێری دیکەدا چی ڕوودەدات)، لەکاتێکدا مارکس لە شۆڕشی ساڵی 1848 و کۆمۆنەی پاریس و شەڕی ناوەخۆی فەڕەنساو...هتد، چەندین جار پێشبینی دەنووسی، کەچی دواجار ئەو قسەیەی کرد.

بەر لەوەی ڕوسیا هێزی سەربازی بباتە ناو خاکی ئەفغانستانەوەو دواتر ئەو شەڕە ناوەخۆییە دوورو درێژەی تێدا ڕوویدات کە لە ساڵی 1979 وە درێژەی هەیە،، پێش ئەم شەڕە درێژخایەنە، پزیشکانی ئەفغانستان نزیکەی 40% ی ژن بوون، کابوول لە بەرامبەر ئاسیادا ئازادترین وڵات بوو بۆ ژن، سەیرکەن بەهۆی حیکمەتیارو ڕەببانی و بن لادن و تالیبان و.... سۆڤیەت و ئەمریکاو ئێران و پاکستانەوە،ئێستا لە ئەفغانستان هاووڵاتی بە گشتی و ژن بە تایبەتی چۆن ژیانی مەمرەو مەژی دەبەنە سەر، ئاسیاش نازناوی پڵنگەکانی بۆ خۆی وەدەستهێنا..

لەم چەند نموونەیەی سەرەوە دەمەوێ بڵێم، ئێمە ڕاپەڕینمان کرد، بەڵام نەمانتوانی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین یان ئامانجەکانی ڕاپەڕین بپارێزین، زوو ملمان خستە بەر ملی یەکدی،تا ئێستا کە ئەوە بۆ یەک چارەگە سەدە نزیکدەبینەوە، نەمانتوانیوە ئامانجەکانی ڕاپەڕین وەدیبهێنین، چ جای ئەوەی هەندێ لە نوخبەی هەرزەگۆی فیکر، باس لەوە دەکەن، بۆئەوەی گۆڕانکاری دروستبکەین پێویستە هەمووی هەڵتەکێنین، ئاخر کێ دەتوانێ

گرەنتی ئەوەمان پێ بڵێت لیبیا تا چەند ساڵی دیکە لەو ژاوە ژاوەی بێ یاسایی و بێ حورمەتییەی بە مرۆڤ دەکرێ دەمینێتەوە، خۆ عێراق و سوریاش دۆخەکەیان ئەوەندە باشتر نییە،بۆیە هەمیشەواقیع لە تیۆری فەلسەفی گەورەتر بووە،چونکە فەلسەفەش لەناو واقیعەوە هەڵدەهێنجرێ ، بۆیە تیۆر چەند گەورە بێت و تیۆریستەکەش کە خاوەنی تیۆرەکەیە چەند بە توانا بێت، هەر واقیعەکە گەورەترو ئاڵۆزترەو هیچ فەیلەسووفێک ناتوانێت هەمووی لە تەنها تیۆرێکدا کورت بکاتەوە.ئەگەر وابوایە سەدەی هەژدە ئەم هەموو فەیلەسووفەی بۆ چی بوو، یان سەدەی نۆزدە بە هەمانشێوە، هیچ فەیلەسووفێک بە تەنیا ناتوانێ زەفەر بە هەموو واقیعەکە ببات، کانت چەند گەورە بێت نەیتوانی کێشەی ئایینمان بۆ یەکلا بکاتەوە، هیگڵ چەند مەزن بێت، هەموو فەلسەفەی بە رۆح بەستاوەتەوەو ، ئەوەندە موحافەزەکار بوو، تەنانەت لە دوا دوایی ژیانیدا، ئەوکاتەی لە زانکۆی بەرلین وانەی دەوتەوە، زراوی لە هەر جۆرە شۆڕش و تەنانەت چاکسازییەکیش چووبوو، لەکاتێکدا بە گەنجێتی پێشوازی لە شۆڕشی فەڕەنسی دەکردو، چەپڵەشی بۆ هاتنی ناپلیۆن لێدەداو، دەشیوت ناپلیۆن رۆحی جیهانە..باسی ناپلیۆنمان کرد، ناپلیۆن چەندین جار بە گاڵتە پێکردنەوە بە بەریتانیای دەوت، بەریتانیا بۆتە وڵاتی دوکانداران،مەبەستی ناپلیۆن لە وڵاتی دوکاندار ئەوەبوو، بەریتانیا زوو لەگەڵ سیستەمی دەرەبەگی کەوتە شەڕەوەو سەریشکەوت، ئیدی کۆمەڵێک بازرگان لە بەریتانیا سەریاندەرهێنا، مەبەستی ناپلیۆن ئەو کۆمەڵە بازرگانە بوو کە لە

بەریتانیا گەشەیان کردبوو.. باشە ئەگەر ناپلیۆن ئێستا بمابایەو ئەم هەرێمەی ئێمەی ببینایە کە چەند بازرگانێکی بەرخۆری مشەخۆری چاوبرسی پیسی چەپەڵ و گەندەڵ و تەمبەڵ دەستیان بەسەر داروبەردی ئەم وڵاتەشدا گرتووە، دەبوو چ ناوێکی لێ بنایە. پێموانییە هیچ وشەیەک هەبێت پڕ بە پێستی ئەو دۆخە ئاڵۆزو داتەپیوەی هەرێمی کوردستان بێت تا بە باڵایدا ببڕی.

ئێمە دەبێ بە ئەقڵێکی ساردەوە رەفتار لەگەڵ ئەو دۆخە گەرمە بکەین کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستانی بەرزەفتکردووە، نابێت نکوڵی لەوە بکەین لە ساڵی 1992 وەوە تا دوا هەڵبژاردنی پەرلەمان، تەنیا پارتی و یەکێتی حوکمڕان بوونەو دەسەڵاتیان پاوانکردبوو، لەکاتێکدا، هەموو حیزبەکان بە پارتی و یەکێتیشەوە، بە نووسراو دانیان بە ناشەرعیبوونی ئەنجامی هەڵبژاردنی 1992 ناوە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی حیزبی بۆماوەی شەش مانگەکە کە بڕیاریان لێدابوو هەڵبژاردن بکرێتەوە،نەکرایەوەو دەسەڵاتیش پاوان کرا، پاوانی دەسەڵاتیش، واتا بەکارهێنانێکی ناتەندروست، چونکە پاوانکردن خۆی بەمانای قۆرخکردن و ماف زەوتکردنە، بۆیە ئەوانە زیاتر نقومی ناو هەڵەی گەورەی سیاسی دەبوون،کە دەسەڵاتەکەیان پاوانکردبوو ، کەواتا مێژوو پێمان دەڵێت کەس لەنێوان شەوو ڕۆژێکدا ناتوانێ ببێ بە فریشتە، بەڵکو لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی پڕ لە قوربانیدان پێیدەگەیت..لە هیچ وڵاتێکدا ناکرێ دەسەڵات لەنێوان دوو هێزدا دابەشبکرێت و هیچ رێگری و سانسۆرێکیش لەبەرامبەریا نەبێت، بۆیە

ئەگەر  بزووتنەوەی گۆڕانیش دروست نەبوایە خەڵک هەر نائومێد بوو، گلەیی خەڵک هەر پەرەیدەسەند، بەڵام هەڵبەت ئەنجامەکەی بە جۆرێکی دیکە دەبوو، کە کەسمان ناتوانین وەسفی بکەین چۆن دەبوو.

ماركۆز دوابەدوای سەرکەوتنی نازییەکان لە ئەڵمانیادا،زۆر بە زەقی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد  کە ئیتر بزووتنەوەی چینی کرێکاران وەکو فاکتەرێکی گواستنەوە بۆ جیهانی خودی،توانای خۆی لەدەستداوەو شکستیخواردووە. ئێمەش دەبێت بە جەسارەتەوە بڵێین حوکمڕانی لەم هەرێمەدا شکستی خواردووە،ئەگەر شکست نەبێت ئەدی چییە، بەڵام خۆ شکست مانای ئەوە نییە ئیتر کۆتایی بژاردەکانە، دەکرێ سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بەڕێگایەکی راستدا ببردرێت.ئێستا ئێمە لە نیوەی رێگادایین، نەگەیشتووینەتە کۆتایی رێگاکە، بۆیە  دەتوانرێ رێگایەکی دروستتر هەڵبژێرین، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە  ئێمە پێویستمان بە هیلمەت کۆڵێکە ئەو گرژییە فیکری و مەزهەبییە  لەناو زیهنی خەڵک بگۆڕێت، هیلمەتکۆڵ  راوێژکاری ئەڵمانیابوو، بەڵام لە کەمینەیەکی کاسۆلیکی بوو، کەچی توانی بۆ ماوەیەکی باشیش فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا بکات و پرۆتستانتەکان زیاتر لە کاتۆلیکەکان بەرگرییان لێیدەکرد. ئۆباماش نموونەیەکی ترە کە نوێنەرایەتی کەمینەیەکی  چەوساوەی رەشپێستە، کە سەدان ساڵە ئەو کەمینەیە وەکوو مرۆڤ سەیر ناکرێن، بەڵام ئەمریکا بۆیە ئۆپامای کردە سەرۆک تا تارمایی ئەو جیاوازییە بە تەواوی برەوێنێتەوە، ئۆپاماش وای کرد.... سەیرکەن، نەک هەر لەسەر

ئاستی ئەوروپا، بەڵکو جیهانیش وەک سەرۆکێکی زۆر مەزن لە (ئەنگیلا مێرکل) دەڕوانێت، راستە ئەڵمانیا خاوەنی کانت و شۆپینهاوەرو هیگڵ و مارکس و قوتابخانەی فرانکفۆرتە،بەڵام ئەوان جوانترین وانەیان لە هەژموونی نازیزم وەرگرت و، لەدوای رووخانی نازیزم، ئەڵمانیا پەنای بردە بەر بەکارهێنانی هێزی نەرم، کە ئەمڕۆ دیموکراسیترین هێزە لە دونیادا.

مۆنتیسکیۆ لە فەرەنساوە، مژدەی دەسەڵاتی یاسایی بۆ ئەمریکا دەبردو، بەشێک لە سەرۆکەکانی بەرایی ئەمریکا سوودێکی زۆریان لە مۆنتیسکیۆ وەرگرت، ئینجیل ی لێدەرچێ، لە هەموو کتێبێکی دیکە زۆرترین سوودیان لێوەرگرتووە، ئێمە لەم هەرێمەدا دوای سێسەد(300)ساڵ، هێشتا نەماتوانیوە سوود لەو کتێبە وەربگرین کە مۆنتیسکیۆ (20) ساڵ خەریکی نووسینی بوو.کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ، بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانمان پێویستمان بەو کتێبە هەیە...

بازرگانی و ئازادی هەردووکیان دوو ڕووی دراوێکن، بازرگانی بەهۆی ئازادییەوە دروستدەبێت و گەشە دەکات، ئازادیش بەهۆی بازرگاییەوە گەشەدەکات، هیچیان بەبێ ئەویدیکە ناتوانێ گەشەی ئاسایی خۆی بکات، لەم وڵاتەی ئێمە چونکە گەشەی کۆمەڵایەتیمان لینگەو قووچە، چونکە ئازادییەکانمان شێوێنراوە، چونکە تێڕوانینمان بۆ پرسە گرنگ و هەستیارەکان، کورتەبنەو تەنگبینە،ئەوەتا ئەمانەن وایانکردووە کاری بازرگانی ئەوەندە لە کاری مافیایی جیا نەکرێتەوەو وەک تان و پۆ

تێکەڵاوی یەکدی ببن. بازرگانی ئەم هەرێمە، هیچ پەیوەندیان بە ئازادییەوە نییە، بگرە بە پێچەوانەوە لە بێ ئازادی و بێ یاساییەوە گەشەیانکردووەو ورگن بوونە، بۆیە خەمی نیشتمانیش لەلایان بۆتە جێگای پێکەنین. فۆکۆ دەڵێت، رۆشنگەری ئازادییەکانی دەستەبەر کردو هەر خۆیشی کۆت و پێوەندی بۆ دروستکرد. راپەڕینی بەهاری 1991 یش بە هەمانشێوە، چۆن سەرەتا ئازادییەکانی پەخش کرد، ئاوەهاش ئازادییەکانی خستەوە ناودەستی خۆی و ئێستا نازانین هەناسەی لەبەر دەبڕێ، یان بەرەڵای دەکات. چونکە نەتەوەی کورد لەم هەرێمە نەتەوەیەکە خەمێکی گەورەو دیاریکراوی نییە، کاتەکانی لە بەتاڵی و لە بۆشاییدا بەسەردەبات، لەناو خواردن و خواردنەوەو جگەرەکێشان و سەیرکردنی فیلمی دۆبلاژکراوو سەیری تیڤییەکاندا بەتەواوی نقوم بووەو تیاچووەو ئەوانەی باسمکرد مرۆڤی کوردیان بە هەردوو رەگەزی نێرو مێوە بە تەواوی هەڵلووشیوە. بە دیوەکەی دیکەدا، راستە کورد لە سەدەی بیست و یەکدا دەژی، بەڵام تا ئێستا ئەقڵی لەودیو سەدەکانی ناوەڕاستدایەو هەموو هەست و بیرکردنەوەو رامانێکمان بەرەو تیرەگەری و بەرەو جۆرە ئیلتیزاماتێکە کە ناتوانین خۆمانی لێ رزگار بکەین. تۆ سەیربکە مرۆڤایەتی وەک فەلسەفە، تەمەنی زیاتر لە 2500 ساڵە، لەکاتێکدا نەتەوەییبوون لە ئەنجامی شۆڕشی گەورەی فەرەنساوە لەدایکبووە کە تەمەنی دەوروبەری دوو سەدەو یەک چارەگە سەدەیە ، کەچی لەم رۆژهەڵاتەدا مرۆڤایەتی هیچ گرنگییەکی نییەو هەموو بیرکردنەوەو تێڕوانینە سەقەتەکان بۆ بەرزڕاگرتنی نەتەوەیی و

لەناویشیدا بۆ تیرەگەرییە. ئێمەی کورد لەم هەرێمە مێژووی ئەو (2500) ساڵەمان لەبەردەستە، بە شەڕو پێکدادانەکانی و بە ئازادییەکانی و بە فەلسەفەکانیشەوە، کەچی تا ئێستا نەمانتوانیوە لە کۆی ئەو بیست و پێنج سەدەیە، ژیانێکی وەها دابینبکەین، کە هەموومان لەسایەیدا بە ئاسوودەیی بژین، بە پێچەوانەوە ئێستا هەموومان لە دڵەراوکێ و نیگەرانییەکی قووڵدا ژیان بەسەر دەبەین. ترسمان لە ئایندەیە، لە کاتێکدا روونە کە وڵاتە دیموکراتەکان شەڕی دیموکرات ناکەن، بەهەمانشێوە سەعدی شیرازیش دەڵێت، کێشەو دژایەتی لەنێوان دوو کەسی ژیرو ئاقڵدا روو نادات...

ئێمە پەندمان لە مێژوو وەرنەگرتووە،ئاسانیش نییە وەربگرین، تۆ سەیرکە مێژوو کە بە شەڕ خۆی نمایشکردووەو، بەردەوام لەناو ململانێکاندا مێژوو خۆی نەقشکردووە، سەیرکە لەو رۆژەوەی مرۆڤ کۆیلەکراوەو شۆڕشی کۆیلەکان دەستیپێکردووە،بەشێکی زۆر لەو شۆڕشانە دۆڕاون و سەرنەکەوتوون، بێگومان زۆربەی هۆکاری سەرنەکەوتنەکانیش ئەوە بووە ئەو چینەی شۆڕشەکەی هەڵکردووە، نەیتوانیوە ببێتە نمایشکارو نوێنەری راستەقینەی ئەو فۆرمەی وەبەرهێنان کە دەبوو لە داهاتوودا باڵادەست بن، بەهۆی نەبوونی ئەو متمانەیە شۆڕشەکان زۆربەی جارەکان تێکشکاون،ئەگەر تێکنەشکابوونایە، ئێستا دونیا، کورد وتەنی، شامی شەریف بوو، ئێمە لەم هەرێمەدا، کەسمان ناتوانین گرەنتی حوکمڕانییەکی باش لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستنیشان و مسۆگەر بکەین، چونکە پشکی

ئەو گەندەڵییە وەبەر هەموو لایەک کەوتووە، ئەمەیە کارەساتی گەورە، هەر لەبەر ئەوەشە جوولەی کۆمەڵایەتی لەو کات و ساتەدا، سەرەڕای ئەم هەموو بێزاری و بێئومێدییەی بەسەر باری دەروونی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدا زاڵە، بەڵام دەبینین جوولەی کۆمەڵایەتی زۆر کپ و بێدەنگە..ئەمە وایکردووە، کۆمەڵگایەک بەو هەموو خاوەن ئەقڵەی تێیدایە، نەتوانێ دەرچەیەکی تەندروست بەرووی کۆمەڵگاکەیدا بکاتەوە، لێرەوەیە نوخبە ملکەچ و زەلیلی دەستی گەندەڵی و زەبوونی دەستی مێژووە. تۆ سەیرکە ئەودوو هێزەی بە توندی رکابەری سیاسی و فیکری لە بەرامبەر یەکدی دەکەن، کە لە جەوهەردا بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتە،هەردوولا نمایشی هێزەکانیان ئەو کۆمەڵگایەیە کە سەری لێ شێواوە،راستە ئاراستەکردن و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو خەڵکە لەلایەن هەردوولاوە بە رووکەش جیاوازە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەردوو رێچکەکە شۆڕدەبنەوە ناو یەک رووبار، گرفتەکە ئەوەیە قەیناکا خەڵک روانگەیەکی ئایندەیی نییە، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە نوخبەی رووناکبیری حاڵی لە حاڵی نوخبە سیاسییەکە باشتر نییە،کە لە هیچ وڵاتێکا نوخبەی رووناکبیری بەقەد هی ئەم هەرێمەی ئێمە ئەوەندە داماوو زەبوون و زەلیل نییە.

## ئایا کۆمەڵگای کوردی لە ئەمڕۆدا

## پێویستی بە دیموکراسیی هەیە؟؟!!

کۆمەڵگای کوردی و دەسەڵاتی کوردی لەدوای راپەڕینەوە،کە ئەوە لە یەک چارەگە سەدە نزیکدەبینەوە، وەکوو توتی پێکەوە بانگەشەیان بۆ دیموکراسی دەکرد، وەک ئەوەی  دیموکراسی تەنیا فریاد رەسمان بێت و ئیتر دونیا دەکاتە شامی شەریف. بێئەوەی  نوخبەی رووناکبیری کوردیی و نوخبەی سیاسی کوردیی،هەڵوەستەیەک بکەن و ئاوڕێک لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کوردی بدەنەوە،کە ئاخۆ ئەو سیستەمە باوکسالارییە دواکەوتووە، ئەو حیزبە سیاسییە کوردیانە چ پێشینەیەکیان لەگەڵ

دیموکراسی هەبووە، تا ئەمڕۆ هێزێک بەو کۆمەڵگایە ببەخشن؟،کە هێشتا نەیتوانیوە پەیڕەوی دیموکراسی بکات ؟. دیموکراسیش وەکوو درەختی قەیسی و هەنار وایە پێویستی بە شوێنی فێنک و بەر ئاوە، ئایا لە بیاباندا دەتوانرێ دار قەیسی بەری هەبێت ؟ یان بە هەمانشێوە زۆرن ئەو میوانەی لە بیابان و گەرمیاندا شین دەبن و لە ناوچە شاخاوییەکاندا هیچی لێ بەرهەم نایە.دیموکراسیش لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرهەم نایە، کۆمەڵگایەک تا ئێستا سایکۆلۆژیایەکی توندوتیژی هەبێت و پەیڕەوی تۆڵەسەندنەوە بکات، کۆمەڵگایەک تا ئێستا خەریکی گەندەڵی و ملشکاندنی خۆی بێت، چ لە مانای دیموکراسی تێدەگات ؟.سەرکردە سیاسییەکانمان، چەندیان شارەزاییان لە دەروونزانی سیاسییدا هەیە؟حیزبێک یەک دوو سەرکردەی نەبێت شارەزاییەکی باشی لەو زانستە هەبێت، هەر خودی ئەو حیزبە سەقەتەو پڕە لە کەموکورتی... ئێمە مێژوویەکی سیاسیمان هەیە، چ لە سەدەکانی رابردوو، چ لە مێژووی سیاسی نوێشدا دیموکراسی بە تەواوی لینگەوقووچ کراوەتەوە. ئەوەی من تێبینیم کردووە، هەردوو نوخبەی رووناکبیریی و سیاسیی، هەمان ئەو چەمکە کۆن زۆر کۆن و سواوە کاوێژدەکەنەوە کە دیموکراسی واتە حوکمی زۆرینە، لە کاتێکدا ئەو بۆچوونە زیاتر لە 2500 ساڵە لە ئەسینای کۆن ئەو مانایەی بۆ داڕێژراوەو، هەر ئەو کات ئەو دیموکراسییە رێگای بە کۆیلایەتیکردن دابوو، بۆیە لەماوەی سەدەکانی هەژدەوە تا ئێستا، دەیان جار سەرلەنوێ پێناسەی دیموکراسی کراوەتەوەو هێزو گیانێکی نوێی بە بەردا کراوەتەوە،

كه به داخەوە نوخبەی رووناكبیریی و سیاسیی كوردی لەوە دەچێ ئاگاداری نەبووبن،ئەگەر ئاگادار بوونایە هەموو رۆژ توتی ئاسا بە گوێیان نەدەداین كە دیموكراسی حوكمی زۆرینەیە، چونكە ئەمڕۆ دیموكراسی نە حوكمی زۆرینەیەو نە كەمینە، بەڵكو بریتییە لە: دەستاودەستكردنی دەسەلات و مسۆگەركردنی مافی كەمینە. بەدەر لەوە دیموكراسی هیچ مانایەكی دیكەی نییە.

دیموكراسی لەگەڵ گەشەی كۆمەلایەتی سەرهەڵدەدات، ناكرێ كۆمەڵگایەك لە قۆناخێكی كشتوكاڵی دواكەوتوودا بێت، داوای جێگیركردنی سیستەمێكی دیموكراسی بكات و، لەوەش زیاتر پێی لێ هەڵبڕێ، بێیت دیموكراسیەكەی خۆی لەگەڵ ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە بەراورد بكات، ئەمە یان تێنەگەیشتنە لە دیموكراسی، یان خۆهەڵخەڵەتاندنە. لەوەتەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە، سیستەمی كۆمەلایەتی رێوشوێنی بۆ سیستەمی سیاسی دادەڕێژێت و شێوازەكەی دەستنیشاندەكات، راستە سیستەمی سیاسی دەتوانێ سیستەمە كۆمەلایەتییەكە بەرەو دواوە (بەهۆی ناجێگیریی)یان بەرەو پێشەوە (بەهۆی گەشەی ئابوورییەوە) ببات، بەلام ئەم جوولە پێكردنە پێویستی بەكات هەیە، بەتایبەت لەكاتی بەرەوپێشچوونی سیستەمی كۆمەلایەتیدا..

كۆریای باشوور دەڵێت، ئەوەی ئەوروپا لەماوەی 100 ساڵدا وەدەستیهێنا، ئێمە توانیمان بە (10) ساڵ وەدەستیبهێنین، (عەبدولسەلام

بن عەبد عالی) ش دەڵێت، ئەمڕۆ یەک ساڵ لەبەرامبەر 100 ساڵی پێشانە. کورد ئەمڕۆ هەموو دەستکەوت و داهێنانەکانی رۆژئاوای لەبەردەستە، بەڵام هێشتا هەر سەیریان دەکات، نەیتوانیوە لاساییشیان بکاتەوە،ئەی چۆن بتوانین لەناو ئەو ئەقڵیەتە داخراوەوە بە تەنیا دیموکراسی بگوازینەوە ناو کۆمەڵگاکەمان و بە وردی پەیڕەوی لێبکەین، ئایا نوخبەی رووناکبیریی و نوخبەی سیاسیی لەم هەرێمە دەتوانن پەیڕەوی سیستەمێکی دیموکراسی پێشکەوتوو بکەن، تا کۆمەڵگاش چاویان لێبکات ...؟ ئەگەر نوخبە حاڵی وەها بێت، ئەی ئەو مەتەڵە چییە، کە دیموکراسی بۆتە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانمان و بەردەوام کاوێژی پێدەکەینەوە؟

لەوەتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دروستبووە، قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی لێدەرکەی، کە درێژترین قۆناخە، واتا تا ئەو رۆژەی هێزو بازوو خۆی بەدەرخست و بەهێزو لاواز دەرکەوتن،تا ئەورۆژەی مرۆڤایەتی لە قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە بۆ قۆناخی کۆیلایەتی وەرسووڕا ،واتا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناخی کۆیلایەتییەوە تا ئەمڕۆ لەلایەن سوڵتانەکان و خزمەتکارانی سوڵتانەکانەوە، جا هەر ناوێکی لە جۆری ئیمپراتۆر،قەیسەر،پاشا..هتد،هەبێت، بەردەوام کۆمەڵگایان هەڵخەڵەتاندووە ، تەنیا لە قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی کە قۆناخێکی یەکسانی بووە پڕ بە مانای وشەی یەکسانی، دوای ئەوە کە چەوساندنەوەو بە کۆیلەکردن هاتۆتە مەیدانەوە،تا ئەمڕۆ تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەردەوام هەڵدەخەڵەتێندرێ..بەڵام لە هەر وڵاتێکدا جۆرو شێوازی هەڵخەڵەتاندنەکە

جیاوازە، بۆنموونە لە وڵاتێکی تەواو مەدەنی وەکوو وڵاتانی ئەسکەندەنافی، زۆر جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت کەنداو، ئەوەتا ئەمڕۆش ریشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازی و خۆ سەپێنی، لەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە شمشێرێکە هەمیشە وا لەسەر ملی خەڵکەکەیە،لەوەتەی کۆیلایەتی دروستبووە،تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆ، ئەو شمشێرە هەر تیژو تیژتر دەکرێتەوە. مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پڕە لە نیشاندانی شمشێرو مل پەڕاندن، بە شانازیشەوە ئەو مێژووەیان نووسیوەتەوە،ئاخر وڵاتێک مێژووەکەی شمشێر بێت، دەبێ شوێنی دیموکراسی لەو وڵاتە لەکوێ بێت ؟؟ بێگومان لە ئاسمانەکەیشی جێگای نابێتەوە..

راستە دیموکراسی باشترین جۆری رێکخستنی سیاسییە.هاووڵاتی ناتوانێ ببێتە هاووڵاتییەکی مۆدێل نوێ و زۆر سەردەمانە، ئەگەر سیستەمە سیاسییەکە دواکەوتوو خراپ بێت.هاووڵاتی سویدی بۆیە هاووڵاتی تەندروستن چونکە سیستەمە سیاسییەکەیان تەندروستە.بەڵام ئەوان وازیان لە نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستی و نیشتمان فرۆشی هێناوە، هەرێمێک شانازی پێوە ناکرێ کە برەو بە مەزهەبی سەلەفییەت بدات،ژیاندنەوەی بیرۆکەی سەلەفییەت،بەتەواوی هوشیاری کۆمەڵایەتی لەبار دەبات. کۆمەڵگای کوردی لە هەندێ بواری شارستانییەوە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو زۆر باشترو پێشکەوتووتر بوو لە رۆژگاری ئەمڕۆ،کچی کورد مۆدێرنتر بوو، ئەقڵی سەلەفیزم لە کەللەیدا نەبوو،

جلوبەرگی مۆدە بوو،ژنکوژی بەو ریژە زۆرەی ئێستا نەبوو، بزاڤی ئیسلامی سیاسیی نەبوو تا خەڵک سازو ئامادە بکات بۆ بەرەیەک دژ بە هەموو رەفتارێکی پێشکەوتن و دژ بە هەموو خزمەتێکی مرۆڤایەتی و زۆری تریش.. کەچی سەیر لەوەدایە ئەمڕۆ دوژمنەکانی دیموکراسیش وەکوو دیموکراتخوازەکان، هەمان دروشمی دیموکراسی بەرزدەکەنەوە، ئاخر بە چ پێوەرێک بزووتنەوەیەکی توندڕەو یان حیزبێکی ئیسلامی سیاسی دیموکراسییەت بە خەڵک دەفرۆشێتەوە ؟،لە کۆمەڵگایەک ئەمجۆرە سەنعەتە بازاڕی گەرم بێت، کەواتە کۆمەڵگایەکی وێرانە، ئەمە لە کۆمەڵگای کوردی نەبێت، بە چەپڵەی دەست دەریدەکەنە دەرەوە. ئەوانە رێک لەو جۆرە کەسانەن کە دەیانەوێ وەکوو عوسمانی کوڕی عەفان بژین،بەڵام وێنەی دینداریيەکەی ئەبوزەڕی غەفاریمان بۆ دەڵێنەوە، دەستیان لەناو دەستی معاویەدایەو فرمێسکیش بۆ کوشتنی حوسێن هەڵدەڕێژن، پارتییەکمان ناوێ بە جلی زەردو یەکێتییەک بە جلی سەوزو گۆڕانێک بە جلی نیلی و یەکگرتوویەک بە رەنگی قاوەیی و کۆمۆنیستێک بە جلی سوورەوە، خۆیان لەبەردەم کۆمەڵگا بەهۆی ئەم جلانەوە دڵسۆزو تێکۆشەر نیشانبدەن و، کەچی بە گەندەڵی و شرەخۆری و دزی و درۆو بوختان هەڵبەستنەوە پاشەڵیان تا گەردنیان پیس بووبێ، بڕۆن جلەکانتان بگۆڕن، بڕۆن، بیرو مێشکتان بگۆڕن،ئەقڵتان بگۆڕن، بڕۆن ویژدانتان بگۆڕن،گۆڕینی ویژدان لە هەموویان گرنگترو قورسترە، بڕۆن رۆحتان جوان جوان بشۆن،ئینجا وەرنەوە ناو خەڵک، بەم دۆخەی ئێستاتان ناتوانن درۆو

دەلەسەو ساختەچییەتی و نیشتمان فرۆشیتان بشارنەوە،برۆن ئەقڵ و ویژدانتان بگۆڕن، بڕۆن. برۆن خێزانەکانتان رزگار بکەن، رزگارکردنی خێزان زۆر لە رزگارکردنی نیشتمان سەختترە، برۆن مێژووی خۆشەویستی بخوێننەوەو با خۆشەویستیی پاداشتی دەروونیتان بداتەوە، نەک تۆڵەسەندنەوە،تا تۆڵە سەندنەوە ببێتە مایەی پاداشتی دەروونی، تا هێزی خێڵ و نەزانین ببێتە مایەی پاداشتی کۆمەڵایەتی، تا حیزب سەرچاوەی بژێوی و دزی و تاڵانکردن بێت و بووبێتە مایەی پاداشتی سیاسی، هەر دەبێت بڵێین برۆن خۆتان و ویژدانتان بگۆڕن، بڕۆن و هەر مەیەنەوە...

کۆمەڵگای کوردی زۆر ماندوو بووە، سەدان ساڵە ئازار دەدرێ، هەر کۆمەڵگایەکیش زۆر ماندوو بێت،بێگومان سەرکردەکانیشی ناتوانێ بە باشی بیر بکەنەوە،بۆیە تا ئەمڕۆش کۆمەڵگاکەمان داخراوەو لەناو بازنەیەکی زۆر بەتاڵدا دەخوولێتەوە،نەمانتوانیوە قۆناخی خێڵ و قۆناخی شێخ و قۆناخی میرو ئاغا تێپەڕێنین،کاسۆلیک دوای چەقینی لە سەدەکانی ناوەڕاست، پرۆتستانتی هێنا ئاراوە، ئیسلام لە گەرمەی فتوحاتەکانیدا،موعتەزیلەی داهێنا،بەڵام کۆمەڵگای کوردی خاوەنی هیچ داهێنانێک نییە،تەنانەت فەلسەفەیەک ،سیاسەتێک، بیرۆکەیەکمان بۆ نەفرەتکردن لە جاشایەتیش نییە،کە نزیکەی چوار هەزار ساڵە،لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرەوە کە سەرجۆن ی ئەکەدی ئیمپراتۆریای خۆی بە هێز سەپاند، ئیتر کورد لەو رۆژەوە هەمیشە ژێردەستەو لەگەڵ یەکدییش ناکۆک بووە ،تەنانەت رۆڵی گەورەی لە خزمەتکردنی دوژمنەکانیشی بینیوە.لەدوای

راپەڕین و لەماوەی ئەو چارەگە سەدەیەی رابردووشدا، جارێکی دیکەو بە شێوازی دیکە،ئەخلاقی زیندووکردنەوەی ئاغاو کۆیلەمان داڕشتەوە،کۆمەڵگا خۆی ئاغا بۆ خۆی دروستدەکات و هەر خۆی کۆیلایەتیش بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. کارەساتی گەورە ئەوەیە،نوخبەی کوردی زۆر بە دەنگی بەرزەوە ستایشی کۆمەڵگا نەزۆکەکەی خۆی دەکات و وەک ئەوەی کەس نابێت رەخنە لە کۆمەڵگاکەی خۆی بگرێت،چونکە ئەمە وەک تف هەڵدانە بە رووی خۆمان، ئەمە ئەوەی بیر هێنامەوە کە سەلەفییەکانیش هەمیشە باسی دروستبوونی ئادەمت بۆ دەکەن لە لایەن خوداوە،کەچی جارێک بەلای ئەفسانەکانی سۆمەرییەوە ناچن، کە لەوێش باسی ئادەم و حەواو قابیل و کۆشتنی هابیل کراوە، کەچی ناچن بەلای دروستبوونی زیندەوەرانی دیکە هەر لە مێرووەوە تا فیل و گامێش و زەڕافە،پرسیاری ئەوە ناکەن سندووقەکەی نووح شوێنی ئەم هەموو ئاژەڵەی تێدا ببۆوە کە ئیمرۆ هەن ؟مشک و پشیلە، سەگو پشیلە، پڵنگ و ئاسک، شێرو مانگا، ورچ و کەمتیارو تیمساح و.....هتد هەمووی لەناو ئەو سندوقەی نوح بوون ؟! ئەی پشیلە مشکی نەخوارد و سەگیش پشیلەی نەخوارد ؟؟

نوخبەی رووناکبیری کوردیش تا ئێستا بەرنامەڕێژییەکی کۆنکریتی بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمەڵگا نەزۆکە رەنگڕێژ نەکردووە،بەردەوامبوونی ئەو کۆمەڵگایە بەو دۆخەو بەو ئەقڵییەتە نەزۆکەی لە کەللەیدا نەقش بووە،کە نەیتوانیوە بچووکترین دەرفەت لەو هەموو پێشکەوتنەی دونیا لە هەموو بوارەکانی مەعریفەو زانست و تەکنیکدا ببینێ، بێگومان پێویستی بە

شیکاری و لەباریەکهەڵوەشاندنەوەیە. کۆمەڵگای کوردی تا ئێستا چاوی لەوەیە خودا لەم هەموو دەردو مەینەتییە رزگاری بکات، کە ئەمە لە سەردەمی ئایینی موسایی و عیساییدا رۆڵی خۆی هەبوو،نەک ئەمڕۆ. ئێمە تازە لە قۆناخی قوتابخانەی سروشتی ئایۆنین کە ئەقڵ لە چاویاندابوو، وایاندەزانی کە دەبینن خۆر بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە،کەواتە زەوی جێگیرە،کورد ئێستا لەو قۆناخەدایە،ئەوەتا باشترین بەڵگە پێناسەی هەمان ئەو دیموکراتیەتە دەکات کە زیاتر لە (2500) ساڵە پێناسەی بۆ کراوە..کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی هەڵخەڵەتێنراوە، تۆ بڕوانە،عیسا یەک رۆژ مەسیحی نەبووە، بودا یەک رۆژ بانگەشەی بۆ پێغەمبەربوونەکەی خۆی نەکردووە، ، ئەمانە دوای مردنیان کراون بە پێغەمبەر، عەلی تا مردیش شیعە نەبووە ، دونیایەک نموونەی لەمجۆرە هەن.سەیر کە نەزانی چیمان پێدەکات ..........

حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەر تەنیا سوودو ئەزموونیان لە هەڵەکانی خۆیان وەربگرتایە،ئێستا باڵاترین حیزب دەبوون، بە جۆرێک بەتەنیا دەسەڵاتیان بەسەر ئەم هەرێمەدا دەڕۆیی، بەڵام حیزبێک نەتوانێ سوود لە هەڵەکانی خۆی وەربگرێ، بێگومان ناشتوانێ سوود لە هەڵەی حیزبەکانی دیکە وەربگرێ. حیزبێک توانای بەڕێوەبردنی خۆی نەبێت، چۆن دەتوانێ کۆمەڵگایەک بەڕێوە ببات، حیزبێک چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییەکەی دەرچووی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بن، یان هەڵگری بڕوانامەی ساختەبن، قوڕ بەسەری ئەو

کۆمەڵگایەی چارەنووسی بکەوێتە دەست ئەو کەسانەوە کە بە درێژایی ژیانیان، لەجیاتی ئەوەی بووبنە چرایەک کۆمەڵگای پێ وشیارو رووناک بکەنەوە، بەڵکو لایتێکیان بە دەستەوەیە لەناو چاوی کۆمەڵگای دەدات و ناهێڵێت کۆمەڵگا بەرچاوی خۆی ببینێ. بە درێژایی مێژوو کورد خەمی گەورەی بۆ شوناس نەبووە، بۆیە تا ئێستاش شوناسی کورد هێشتا لەناو تەمتوماندایە،تەنانەت خەممان دیاریکردنی خۆشمان نەبووە لەسەر نەخشە.هەر چاوەڕێین یەکێک بێت هەڵمانگرێ و لەسەر نەخشەیەک دامان بنێ.

پرسیارێک لە هەموو ئەو کەسە بەناو نوخبانە دەکەم، کە هەموو شەوێک لە تیڤییەکان و لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا، زۆر پەرۆشی بەدیهێنانی سیستەمێکی دیموکراسین، ئەو پرسیارە دەکەم، بە درێژایی مێژوو، لەکام وڵاتی دونیا دیموکراسی جێگەو پێگەی خۆی زۆر توندو بەهێز کردووە، ئەگەر کۆمەڵگاکە هێشتا قۆناخی کشتوکاڵی تەواو نەکردبێت و باو باوی دەسەلاتی خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵەو ..هتد بێت. با بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئۆڤەرێکتان بدەمێ، لەکام وڵاتی دونیا بەهۆی قووڵکردنەوەی دیموکراسی کۆمەڵگای دواکەوتوو زۆر پێشکەوتووە ؟ ئەم باشووری رۆژهەلاتی ئاسیایە کە لەریزبەندی وڵاتانی جیهانی سێیەم بوون، ئایا بە دیموکراسی گەیشتن بە ریزبەندی وڵاتانی جیهانی یەکەم ؟ خەڵکی سەنگافورە کە بۆ خۆشی و بە نوکتە دەڵێن: ئەمریکا ئێستا لە جیهانی سێیەمە، ئایا سەنگافورە بە دیموکراسی ئاوەها پێشکەوت کە هەموو

جیهانی سەرسامکرد ؟ لیَ کوان یو لە ساڵی 1965 ەوە حوکمڕانی ئەم وڵاتە بوو، دوو ڕۆژ دوای نەورۆزی ئەمساڵ مرد، 31 ساڵ سەرۆکی حکومەت بوو،هاوکات سەرۆکی (حیزبی کاری نیشتمانی PAP )ش بوو دواتریش بوو بە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران،لە ساڵی 2011 وازی لە حوکمڕانی هێنا،کە تەمەنی گەیشتبووە (87)ساڵ، ئێستاش کوڕەکەی لە شوێنی باوکی سەرۆکە..بەڵام لی کوان یوو ئێستاش هەر بە باوکی دامەزرێنەر مایەوە، دەیان نموونەی دیکەی لەمجۆرە بەردەستن، پڵنگەکانی ئاسیا هەر یەکێکیان بۆ خۆی ئەفسانەیەکەو کردوویانە بە واقیع بۆ خەڵکی خۆیان. کەس پرسیویەتی، ئەو (مەهاتیر محەمەد)ەی کە لە ساڵی (1981تا 2003) حوکمی مالیزیای کردووە،چەند دیکتاتۆر بوو؟، لەماوەی ئەو(22)ساڵەی حوکمی مالیزیای کرد،نەیهێشت یەک حیزبی ئۆپۆزیسیۆن سەرهەڵبدات ،ئەوەی پێش 1981 یش هەبوو، سەرکردەکەیان (ئەنوەر ئیبراهیم)سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆن بوو،لە ساڵی 1998خستیە گرتووخانەوەو چەندین تۆمەتی گەندەڵی- هەتیوبازی و سێکسی و..هتد بۆ دروستکرد، لەکاتێکدا (ئەنوەر)جێگری مەهاتیری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو!!، لە مالیزیا بەدەسەڵاتی مەهاتیریان دەوتUMNOواتا وڵاتی بێ ئۆپۆزیسیۆن ، بە توندی دژی پەرلەمان و میدیاو دادگاو تەنانەت پاشایەتی مالیزیا بووەوە،مافی ڤیتۆی لە پاشا سەندبووەوە،یاسایەکی دەرکردبوو،کە هەر کەسێک ڕەخنەی لە مەهاتیر بگرێ،دەبێت زیندانی بکرێ، بەڵام (مەهاتیر)لەماوەی حوکمڕانیکردنیدا ، توانی بەرهەمی دەرکردەی ناوخۆیی

مالیزیا سالآنە لە پێنج(5)ملیارەوە بگەیەنێتە (520)ملیار $. ئاستی بێکاری و هەژاری لەو کاتەی مەهاتیر هاتە حوکم 57% بوو،بەڵام لەکاتی بەجێهێشتنی دەسەڵاتەکەی ، کەمیکردبوو بۆ 3% ، داهاتی تاکەکەسی سالآنەی کەمتر لە هەزار 1000$ ەوە گەیاندییە دە هەزار 10000$، وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بوو،کردی بە وڵاتێکی پیشەسازی زۆر پێشکەوتوو، لە ساڵی 2003 کە بەجێهێشتنی دەسەڵاتی مەهاتیر بوو،مالیزیا لە ریزبەندی وڵاتانی پیشەسازی جیهاندا،ریزبەندی(18)مینی وەرگرتبوو.. ئیماراتی عەرەبی لە ساڵی 1990 بە دواوە، گرنگی بە سیستەمی حوکمڕانی و گەشەی کۆمەڵایەتی دا، واتا لە سەروبەندی راپەڕینەکەی بەهاری هەرێمی کوردستان، لەماوەی ئەو (25) ساڵەدا، ئیماراتی عەرەبی هەموو وڵاتانی عەرەبی بەزاندووە،تەنانەت بۆتە جێگای سەرنجی وڵاتانی رۆژئاواش، لەکاتێکدا ساڵی 1990 ئەندازیاری بیانی زۆر بە زەحمەت دەهاتن کار لە ئیمارات بکەن، بەهۆی گەرماو تۆزوبایەکی بێ وێنەوە،لە بیابانێکی گەرمەسێری پڕ لە خۆڵ و تۆزو با زیاتر نەبوو، بەڵام ئیمارات ئێستا لە کوێ و (25) ساڵ پێش ئێستا لە کوێ، باشە خۆ نە ئیمارات و نە هیچ کام لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، نەهاتن بە سیستەمی دیموکراسی تواناو ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرز بکەنەوە. ئایا (میشی) ئیمپراتۆر نەبوو کە دەسەڵاتی لە ژاپۆن گرتە دەست ؟، بەڵام بە رووناکترین قۆناخی حوکمڕانی ژاپۆنی دادەنرێ، چونکە لە چەندین بواردا چاکسازی کردو، ژاپۆنی بردە ئاستێکی زۆر بەرز،

ئێستاش ژاپۆنییەکان، زۆر بە شانازییەوە ناوی (میشی)دەهێنن، ئەو ناوەش (میشی)هەر وەک نازناوێک خەڵک بە باڵایدا بڕی. ئێمە پێویستمان بە سەرکردەیەکی وەکوو(لی کوان یو) هەیە کە بەرهەمی ناوەخۆ ساڵی 1960 دوو ملیار $ بوو،لە ساڵی 2002 گەیاندیە 87 ملیار$، داهاتی تاکەکەس ساڵی 1960 ساڵانە تەنیا 435 $ بوو، بەڵام گەیاندیە سی هەزار(30000 $)...هتد.ئێمە لەو قۆناخە پێویستمان بەسەرکردەیەکی وەکوو(میشی)ژاپۆنی هەیە، کە کۆتایی بە قۆناخی دەرەبەگایەتی هێنا کە (700) ساڵ بوو، لەو وڵاتە رەگی داکوتابوو، جگە لەدەیان دەستکەوتی دیکەی گەورەو راکێشانی ئەم هەموو پسپۆرە ئەورووپییەو....هتد. نموونەی زۆر وڵاتی دیکە هەن کە بە دیموکراسی پێش نەکەوتوون، بەرازیل و ئەندەنووسیاو روسیای دوای یەڵتسن ..هتد نموونەی دیکەن. بە دیموکراسی بوایە شیشان زۆر لە سوریا خراپتر دەبووە ناوەندی مافیاو تیرۆریستان،دراوی رۆبڵیش چەند خراپ ببوو، هەر خراپتر دەبوو...

یۆنانی وڵاتی سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆی (2500) ساڵ پێش ئێستا، وڵاتی (بریکلس)یەکەمین حاکمی وڵاتی یۆنان کە پەیڕەوی لە دیموکراسییەت کرد، کەچی تا ساڵی 1975 سیستەمی سیاسی لە یۆنان دیموکراسی نەبوو..

(جۆن لۆک) بۆچوونێکی هەیە کە دەڵێت: گرنگ نییە سیستەمی حوکمڕان پاشایی و دەرەبەگییە یان دیموکراسییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە

ئەوەیە ئەو سیستەمی حوکمڕانییە ڕەزامەندی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لەسەر بێت. خەڵک بە گشتی سیستەمێکی حوکمڕانی دەوێت کە خۆشگوزەرانی ببەخشێتەوە، جا کێشەیەکی ئەوتۆی نییە ئەو سیستەمی حوکمڕانییە لەژێر چ ناوێکدایە، گرنگ ئەوەیە کێشەو ئازارو مەینەتییەکانی هاووڵاتی بنەبڕ بکات و،لە جێگەیدا خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ببەخشێتەوە. چونکە دەبێت ئەوە بزانین دیموکراسی لە بنەڕەتدا زۆر لە یاری مشتەکۆڵە و یاری زۆرانبازی دەچێت، پڕە لە مل بادان و دەست شکان و بۆکس لێدان، پڕە لە بەزەویدادان و بازوو بادان، بۆیە هەم دەبێت حیزبی حوکمڕان بەرگەی بگرێت، هەم حیزبی ئۆپۆزیسیۆن، پێم بڵێن لە کوردستان کوا ئەو نەفەسە هەیە.. کاتێک باس لە دەوڵەت دەکرێت، بێگومان لەو ناوچەیەی پێیدەوترێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بەبێ حیزبی بەهێزو سەکردەی بەهێز دەوڵەت دروست نابێت، خۆرئاوای کوردستان نموونەیەکی بچووکە، ئاخر حەفتسەد(700)ساڵ پێش ئەمڕۆ، (ئیبن خەلدون ) بە وردی باسی ئەوەی کردووە،کە عەشیرەت سەرچاوەو بنەمای دروستبوونی دەوڵەتە، چونکە هەموو دەوڵەت و تەنانەت ئیمپراتۆریاکانیش سەرچاوەی هێزەکەیان بۆ ئەو دروستبوونە، عەشیرەت بووە، نەک دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی، ئێستا ئەوەتا لە کوردستانی خۆرئاوا حیزب شوێنی هۆزی گرتۆتەوە، بەڵام لێرە لەم هەرێمە هێشتا وێنەیەکمان لێ دیارە پڕە لە تەمتومان.

# زەبوونی رۆشنبیرانی کورد

حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان،چەندە پەرتەوازەو بێ بەرنامەن، نوخبەی رووناکبیریی کوردیش زیاتر لە حیزبەکان پەرتەوازەن و، تەنانەت بوونەتە مایەی رقلێبوونەوەی خەڵکیش. چونکە ئەگەر خەڵکە گشتییەکە جارێک سەرکۆنە بکرێت بەوەی هیچ رۆڵێکیان لەنێو ئەم هەموو قەیرانی سیاسییەدا نییە، ئەوا بێگومان رۆشنبیران دە ئەوەندەی خەڵکە گشتییەکە سەرکۆنە دەکرێن و رەخنەی توندیشیان لێدەگیرێت.هەڵبەت من کە باسی رۆشنبیران دەکەم، هەرگیز مەبەستم ئەو لێشاوەی رۆژنامەنووس و نووسەری ئینشا نووس و هەموو ئەوانەش نییە کە شەوانە لەشاشەی تیڤییەکانەوە درۆی شاخدارمان بۆ روودەکەن و نیشتمان هەرزانفرۆش

دەکەن و هەموویان لەپێناوی پارووپەکی چەور خەنجەریان لەکالآن دەرهێناوەو لەیەکدی دەسوون، ئەمانە نەک هەر رۆشنبیر نین، بەڵکو خوێنەواریش نین، تەنیا تاقمێکی گەمژەو درۆزنی بەرژەوەندخوازن، خۆیان بڕوایان بە درۆکانی خۆیان نییە، بەڵام لەپێناوی پارووپەکی چەور،سڵ لەو هەموو درۆیانەیان ناکەنەوە، کە رۆژانە هەڵیدەڕێژن. بۆیە کە قسە لەسەر رۆشنبیر دەکەین، ژمارەیان زۆر زۆر کەمە،چونکە لە لایەک رۆشنبیر دوورە لە هەموو دۆخێکی دۆگمایی و بەستەڵەکی فیکری یان تەمبەڵی فیکری، واتا جۆری ئەو پەیوەندییەی کە مرۆڤ بە مەعریفەو زانیاری و..هتد گرێدەدات، ئینتیمایشی بۆ بازنەی رۆشنبیربوونی دیاریدەکات. لەلایەکی دیکەیشەوە رۆشنبیر لەسەر بنەما مەعریفییەکەی خۆی دەربارەی ئەو هەموو قەیران و دۆخە نەخوازراوانە هەڵوێستەکانی باشتر دەستنیشان دەکات، بە کورتی داهێنان خۆی لە خۆیدا جورئەت و ئازایەتییە. بەڵام رۆشنبیرانی کورد هێشتا نەیانتوانیوە لەم دۆخە ئاڵۆزەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت هیچ رۆڵێکی کاراو کاریگەر ببینن. ئەو یەکێتی نووسەرانەی لەساڵانی 1980- 1984 لە شاخ هەبوو، قورسایی لە هەموو ئەو سەندیکاو رێکخراوو کۆمەڵگا مەدەنیانەی ئەمڕۆ هەن زیاتر بوو،لەکاتێکدا یەکێتی نووسەرانی ئەوکات تەنیا چەند کەسێک بوون کە ژمارەیان لە پەنجەکان تێپەڕی نەدەکرد، لەنێو ئەوانیشدا بەشێکیان رۆشنبیر نەبوون تەنیا شاعیر یان چیرۆکنووس بوون. دیارە مەبەستم ئەوە نییە هیچ شاعیرو چیرۆکنووسێک رۆشنبیر نیە، نا شاعیرو رۆماننووسی زۆر

گەورە لە دونیادا هەن، کە نەک هەر رۆشنبیر بوون، بگرە فەیلەسووفیش بوون، شکسپیر کەسێکی وەکو مارکس شەوانە بەدیار شانۆنامەکانییەوە رۆژی دەکردەوە، گۆتە، چەندین فەیلەسووفی گەورە پێی سەرسام بوون، نموونەی دیکە زۆرن، بەڵام من قسەم لەسەر شاعیرو چیرۆکنووسەکانی ئەم هەرێمەیە، کە پێموانییە ئەو بازنە تەسکەیان شکاندبێت کە بە لۆکاڵی ناودەبردرێ. بۆیە من رەخنەی توندم تەنیا لەو کەسانەیە کە رۆشنبیرن، رۆشنبیرن بەڵام یان خەوتوون، یان خەویان لەخۆیان خستووە !!. یانیش ئازایەتیان خەسێنراوە. یانیش هەندێکجار قسەی سەیرمان لێیان گوێ لێدەبێت.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڤیەننا ناوەندی مشتومڕی هونەری و ئەدەبی و فەلسەفی و شیکاری دەروونی بوو، لەسەر ئاستی جیهان شوێن و پێگەی بەرزو دیار بوو، بە شێوەیەک جگە لە داهێنەرەکانی وڵاتی خۆیان کەسێکی وەکوو ترۆتسکی و زۆری دیکە روویان کردبووە ڤیەننا بۆ گفتوگۆو مشتومڕی سیاسی و ئەدەبی و هونەری و ....هتد. ئەمە سەرەڕای ئەوەی شتراوس و گۆستاڤ مالێر وگۆستاڤ کلێمت وفرۆید و ..هتد،بەردەوام چایخانەکانیان کردبوو بە ناوەندی بیرکردنەوە،لەو رێگایەشەوە چایخانەکانی ڤییەننا ببوونە ناوەندی جیهان بۆ فەلسەفەو ئەدەب و هونەر. ئێستا ئەم هەولێرەی بە حیساب پایتەختە، بەڵام چایخانەکەی مەچکۆ ش تامی جارانی نەماوەو جاران زۆر باشتر و بەتامتر بوو، ئێستا مەچکۆ ئەو تام و بۆن و رەنگە جوانەی جارانی

لەدەستداوە،گفتوگۆی تێدا ساردو سڕە،ئەوە باسی فیکر هەر مەکە کە بوونی نییە،کە دەتەوێ پێ بنێیتە ناو چایخانەی مەچکۆو هەر کە دەچیتە ژوورەوە یەک دەرزەن وێنەی پڕ لە سەیرو سەمەرەی بێ بەرهەمت دەکەوێتە بەرچاو، زۆربەیان دوورن لە فیکری نوێ،لە هونەری نوێ،ئاخر ئەوانەی داهێنەر بن سەرقاڵی داکوتینی وێنەی خۆیان نابن بە دیوارەکانەوە. بەرهەمەکان قسە دەکەن، نەک وێنە رەنگاورەنگەکان. وێنەکانی تالیس و هیراکلیتیس و فیساگۆرس و مەسیح و سوکرات و پرۆتاگۆراس و ئەرستۆو ئەپیکۆرس و چەندانی دیکە، کەس ناتوانێ بە وردی دەستنیشانیان بکات،چونکە وێنەیەکی دروستی خۆیان نییە، بەڵام ئەو فەیلەسووفانە هەموو رۆژێ وێنەیەکی خەیاڵاویی لەناو مێشکمان دروستدەکەن و ،لەسەر میراتی ئەو فەیلەسووفانەوە، دەیان داهێنەری زۆر گەورە دروستبوونە. بۆیە کاتێ ئەو هەموو وێنەیەم بەدیواری چایخانەی مەچکۆوە بینی کە بەسەر یەکەوە کەڵەکەیان کردووە، زۆر شەرمم لەخۆمکردەوە، چونکە ئەمەش سەیرو سەمەرەی ئەوانەیە ئەوەندە بێ نموودن،توانای بچووکترین داهێنانیان نییە، خۆشیان دەزانن ئەوان و داهێنان کوجا مەرحەبا، بۆیە تەنیا بۆ دڵدانەوەیەکی خۆیان و بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، ماراسۆنی وێنە داکوتینیان دەستپێکردووەو پێیانوایە بە وێنەیەکەوە باڵا دەبن، باشە ئەگەر ئەمە حاڵی نەخوازراوی شانۆنووس و رۆماننووس و شاعیرو هونەرمەندەکانمان بێت،بۆچی دەبێت گلەیی لە خەڵکی رەشۆکی بکەین . تا ئێستا یەک رۆمانی کوردیمان نییە،

که بیخوێنیتەوە دوایی لێی پەشیمان نەبیتەوە لە خوێندنەوەکەی، بۆیە ناچاری پەنا ببەیتە بەر خوێندنەوەی رۆمانە جیهانییەکان، هەر بۆ نموونە کاتێک رۆمانێکی (یۆستاین گاردەر) بەتایبەت رۆمانی (جیهانی سۆفیا) دەخوێنیتەوە، بە باشی هەستی پێدەکەیت کە گاردەر چ کەسایەتییەکی بەرزی لە بواری فەلسەفەو ئایین و مێژووی کۆمەڵگاکانی دونیاوە هەیە،لەناو هەموو رۆمانەکانی کوردیدا، بە هەر هەموویان ناگەن بە رۆمانی جیهانی سۆفیا، کە پڕ زانیاریترین رۆمانە لەسەر ئاستی دونیا. رۆمانەکانی لای خۆشمان هەقایەتی مێش بۆ خەڵک دەچننەوە، بۆیە زوو لێی وەڕس دەبیت و ناتوانی تەواوی بکەیت، مەگەر زۆریی لە خۆت بکەیت.ئاخر رۆماننووسی کورد کوا شارەزایی قووڵی لە ئایین و فەلسەفەو مێژوودا هەیە..

کاتێک دەچیتە سەر زانستی دەروونزانی سیاسی، ئەوەت بۆ ڕووندەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو زانستە زۆر نوێیە، هێشتا تیۆرێکی دیکە نەهاتووە، ئەو زانستەی دەروونزانی سیاسی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، یان هەندێکی رەتبکاتەوەو شتی نوێی بخاتە سەر، یەکسەر ئەمەم وەبیر دێتەوە چونکە رۆشنبیرانی کورد زۆر کرچ و کاڵن و خاوەنی روئیایەکی نوێ نین، بۆیە بەرامبەر بە یەکدیش جگە لە ستایشکردن، نووکی رەخنەیان بەرامبەر بە یەکدی تیژ نەکردووە، وەکوو شۆپینهاوەرو نیچە ( کە چەکوشیان بەرامبەر بە هیگڵ بەرزکردبۆوە)یان مارکس دیالەکتیکەکەی هیگڵی قلْپ کردەوە، مارسیل غۆشی و لۆک ڤێری لە فەڕەنسا زۆر بە توندی کەوتنە

هێرشکردنە سەر نەوەی میشێل فۆکۆو ژاک  دریداو ژیل دۆلۆزو..هتد.
کەچی رەخنەیەکی توندی فیکریمان لەنێوان دوو رۆشنبیری خۆمان نەبینیوە، بە پێچەوانەوە، کورد لە بوودەڵەیی و لە ناپووتی خۆیەوە بە بەژن و باڵای هەندێک کەسی  پێشوودا هەڵدەدا کە هەر بە ڕاستی مایەی شەرمە، داهێنانەکانی رەفیق حیلمی، مەسعود محەمەد،شوکر مستەفا،...هتد چین ؟،  فەرموون بۆمان لێکبدەنەوە تا ئێمەش بگەینە ئەو بڕوایەی کە داهێنانەکانیان  زۆر مەزن بوون. کە نەک هەر مەزن نین، بەڵکو بچووکیش نین.

قۆناخی رۆشنگەری قۆناخی  ئەقڵانییەت بوو، ئێستا لەم هەرێمە ئەوەی نەبێت ئەقڵە،تا ئێستا حیزبە سیاسییەکان، لەگەڵیشیدا ئەو زوڕنا ژەنانەی شەوان بە ماسکێکەوە کە لە پێستی مەڕ دروستکراوە!، چاویلکەیەکیان لەچاوی خۆیان کردووە، تەنیا ئەوە دەبینن کە چۆن ئەو خەڵکە بگەوجێنن،هەر رۆژەو بە جۆرێک دەیگەوجێنن، رۆشنبیرانیش بونەتە أصحاب الکهف.یان هەندێکیشیان جاروبار لێرەو لەوێ بێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت، هەڵدەخلیسکێنە نێو ئەو بازنەیەی گەوجاندنەوە!!.

من لەوە تێدەگەم  بە درێژایی مێژوو، هەموو بزووتنەوەیەکی فیکری یان ئەدەبی و هونەری، یان سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندایە،هیچ بزووتنەوەیەک نییە بە درێژایی مێژوو هەر گەشەی کردبێت، ئەرستۆ تا رێنیسانس هات گەشەی کرد، بەڵام لەگەڵ

سەرەتاکانی ڕێنیسانسدا مراندیان، هیگڵ تا مارکس هات گەشەی کرد، دواتر لەشوێنی خۆی وەستا،نیچە و کانت لە چەند قۆناخێکا وەستاون و دوایی جارێکی دیکە گەشەیان کردۆتەوە، مارکس ماوەیەک وەستا دوایی دیسان هاتەوە مەیدانی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، یۆنان 2500 ساڵ بوو ناوەندی سەرهەڵدانی سیستەمی دیموکراسی بوو لە سەردەمی حوکمڕانی پرێکلێسەوە، کەچی تا ساڵی 1975 وڵاتێکی دیموکراتی نەبوو، یۆنان ناوەندو بێشکەی لەدایکبوونی فەلسەفە بوو، کەچی دوایی گوازرایەوە ئەوروپا،بەر لەوەی لە یۆنانیش فەلسەفە سەرهەڵبدا، ئەوروپا بە گشتی لەماوەی 3000 تا 2500 ساڵی رابردوودا، زۆر حەسوودی بە وڵاتی میسرو بابل دەهات،چونکە کۆمەڵگای یۆنانی هێشتا تۆژینەوەیەکی بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی نەبوو، بۆیە دەهاتن سەردانی میسرو بابلیان دەکرد، تا بچنە قووڵایی بیرکردنەوەی خەڵک و شێوازو ڕەفتاریان و بیرکردنەوەی فیرعەونەکانیان و لە ئەهرامەکانیش رابمێنن،بەڵام دوایی میسرو بابل چەقین و یۆنانیش لەسەر دەستی تالیس و پرۆتاگۆراس و هیراکلیتیس و فیساگۆرس و ..هتد فەلسەفەیان داهێنا. ئێستاش میسرو بابل دوو وڵاتی کەلاوەو وێرانن. نموونەکان یەکجار زۆرن، بەڵام گرفتی ئێمە لەوەدایە تا ئێستا هیچ بزووتنەوەیەکی فیکریمان نەبووە، تا بزووتنەوەیەکی دیکە هاتبێت وەستاندبێتی، تا ئەو ساتە وەختەش ئێمە خاوەنی هیچ بنەمایەکی فیکریی نەبووین و نین، ئیتر من لەوە تێناگەم چۆن ستایشی کەسانێک بکەین کە نەبوونەتە خاوەنی هیچ بزووتنەوەیەکی

فیکری و به باڵایاندا هەڵبڵێین که باڵایان نییه. روونه کاتێک بزووتنەوەیەکی فیکری یان با بزووتنەوەش نەبێت هەر فیکر بێت، ماوەیەک هەڕمێنی زۆر دەبێت، دواتر فیکرێکی دیکه دێت، واته دژەکەی سەرهەڵدەدات، مێژووی فەلسەفه پڕە له نموونەی زیندووی لەمجۆره. فیکر ئەگەر فیکرێکی نوێ بێت، دەکەوێته پێش واقیعەکەوه، بۆنموونه داڤید هیوم، کانت، هیگڵ، نیچه،مارکس...هتد هەموویان خاوەنی فیکرێکی رەسەنی خۆیان بوون و پێش سەردەمی خۆیان دەکەوتن ،ئەوەتا جیهان دوای 212 ساڵ له مردنی کانت، کەچی بەردەوام سەرسامی خۆی بۆ ئەو فەیلەسووفه رادەگەیەنێت، ئەوانی تریش به هەمانشێوه. فیکر یاریکردن نییه به وشەی رووت، یان دانانی هەندێ وشەی لاتینی وەک هەندێک برادەر وا فێر بوونه!،خۆ فیکر کەرەمستانێ نییه،بزانی کێ هەڵیدێنێ!! ئەگەر وابێت کەواته فیکریش جۆرێکه لەقومار که وا نییه، به پێچەوانەوه فیکر بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیه بەرامبەر به خەڵک به مێژوو به نەوەکانی داهاتووشمان. فیکر بەرهەمی واقیع و بەرهەمی مێژووه، هەر لەبەر ئەم هۆیەشه لەگەڵ گۆڕانی کات و سەردەم و کۆمەڵگاکان، فیکریش بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. تۆ سەیرکه له سەردەمی پێش زایینەوه تا سەرهەڵدانی رێنیسانس، ئەرستۆ هەموو جیهانی رۆژئاوای به فەلسەفەکەی خۆی داپۆشیبوو به قوتابخانەکەی ئەندەلووسیشەوە،به کافرو موسڵمان و میانڕەوەکانیشەوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی رێنیسانس سوقرات جێگەی گرتەوه،به شێوەیەک ئەرستۆ لەکاتی خۆیداو سوقراتیش

له رێنیسانسدا  بەقەد مەسیح پیرۆز کرابوون.ئێستاش دوو گەورەترین رووداو لەسەر ئاستی دونیا کە رۆژئاوای تاساندبێت، ژەهرخواردکردنی سوقرات و لەخاچدانی مەسیحە.کە جیاوازی نێوانیان، سوقرات 2400 ساڵە ژەهر خوارد کراوە، مەسیحیش کەمتر لە 2000 ساڵە.

سەدەی 15 لەدایکبوونی هونەرەکانی بەخۆیەوە بینی. سەدەی 18 سەدەی ئەقڵی بەخۆیەوە بینی، ئیتر تا ئێستا ئەقڵ و ئەقڵانییەت هەر گەشەدەکات ، کەچی ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە لەدایکبوونی هونەر، هێشتا ئەقڵ لە قۆناخی سەدەکانی ناوەڕاستەو چەقیوە.نازانین کەی رێنیسانسێک دروستدەبێت. عەرەب بەو هەموو رەخنەوە کە لەخۆیانی دەگرن، کەچی قۆناخی رێنیسانسی خۆیان دیاریکردووە، قۆناخی رۆشنبیرەکانی خۆیان دیاریکردووە، کە بە سێ(3) قۆناخدا رەتدەبێت و پۆلینی رۆشنبیرەکانیشیان کردووە، کەچی  ئێمە چونکە جاران رۆشنبیرمان نەبووە،ئەوەی هەیەو نییە تەنیا چەند کەسێکن کە نیوەچلن و، بە پەنجەکان دەژمێردرێن، ئەویش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدایە، سەدەی بیست و یەک، هێشتا لەوبارەیەوە  ئاسۆیەکی روونمان پێنادات. خۆ ماکیاڤیلی جگە لە ئاشکراکردنی راستییە مێژووییەکان و هەڵسوکەوتی سیاسەتمەداران شتێکی دیکەی ئەنجام نەداوە..دەکرێت نوخبەی روناکبیریش تەنیا هەر ئەوەندە بکەن، چونکە بەشێوەیەکی گشتی بە درێژایی مێژوو، مێژوو پێمانی گوتووە کە سیاسەتمەداران نە ئایینیان هەیەو نە میللەت و تاکە خەم و خولیایان

پاراستن و بەرگریکردنە لە دەسەلأت..، زۆر بە دەگمەن سەرکردەیەک دەدۆزیتەوە لە خەمی گەل و نیشتمانەکەیدا بووبێت ،ئەوەی لە خەمی گەل و نیشتیماندا بووبێت قەت بەلای دروشم و دروشمبازی درۆزنانەدا نەچووە، وەک غاندی و ماندێلا دوو نموونەی زەقن لەو بارەیەوە . هەر ئەوەش بوو وای لە کەسێکی وەکوو گرامشی کردبوو بڵێت میر(مەبەستی لە کتێبەکەی میرە لە نووسینی مایکاڤیلی) زیندووەو ئایدیۆلۆژیای سیاسی و زانستی سیاسی بەشێوەیەکی دراماتیکی تێدا بەرجەستە دەبێت.

مێشێل فۆکۆ دەڵێت: هەرکەسێک بیەوێت فەرمانڕەوایی دەوڵەتێک بکات پێویستە فێری ئەوە ببێت چۆن خۆی بەڕێوە دەبات، پاشان فێری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خێزان و موڵک و ماڵەکەی بێت و ئەوجا دەگاتە ئەو ئاستەی حوکمی دەوڵەتێک بکات.. چونکە هونەری فەرمانڕەوایی وەک مومارەسە دەگەڕێتەوە بۆ ئابووری.ئەوەی نەتوانێت خێزانێک پەروەردە بکات و بەڕێوەی ببات، چۆن دەتوانێت حیزبێک یان نەتەوەیەک بەڕێوە ببات.ئێستا حیزبە سیاسییەکانی ئێمە بەبێ جیاوازی پەککەوتەن و چەندین نەخۆشی لێیان کۆبۆتەوە،تواناى بەڕێوەبردنی خۆشیان نەماوە، تا بە میللەت رادەگات، هەمان پەتاو نەخۆشی رۆشنبیرەکانیشی گرتۆتەوە،هیچ شتێکی ئەوتۆمان لێیان نەبینیوە کە گوفتارو کرداریان بکات بەیەک،عەبدولرەحمان کەواکیبی یەکەمین کەس بوو کە لە فیکری نوێی عەرەبیدا، داوای ئەوەی کرد پێویستە دیاردەیەک لە لایەن هزرڤانانی

عەرەبەوە بێتە ئارا کە دیاردەی تێکەڵکردنی گوفتارو کرداریان بێت. گوفتارو کرداریان لەبەرامبەر زوڵم و زۆری ئایینی و سیاسیی.

لە وڵاتی میسری کۆن، پێش ئەوەی فەلسەفە بێتە ئاراوە،کاری پزیشکی رۆڵێکی گرنگی هەبوو،بەڵام دواتر فەیلەسووفەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان پزیشک و فەیلەسووفدا نییە، بگرە هەموو فەیلەسووفێک خۆی لە خۆیدا پزیشکێکە، سوکرات و هیگڵ بە ئاشکرا بۆچوونێکی لەمجۆرەیان دەربڕیوە، بەو مانایەی پزیشک چارەسەری جەستەت بۆ دەکات، بەڵام فەیلەسووف چارەسەری رۆح دەکات، پێمبڵێن رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە کەوتوونەتە کوێوەی ئەم بۆچوونەوە، کوا بچووکترین چارەسەر کە کردبێتیان، لەکاتێکدا ئەم کۆمەڵگەیە تەنیا بە جەستە نەخۆش نییە، بەڵکو بە ئەقڵیش دەردەدارە. بۆیە سارتەر ئێستا زیندوو بوایە زۆرترین رەخنەی بۆ رۆشنبیرانی کورد دەبوو، ڤۆلتێریش زیندوو بوایە نامەیەکی دیکەی لێبوردنی بۆ کێشەی (کالاس) نەدەنووسی، دەهات بۆ رۆشنبیرانی کوردی دەنووسی، جۆن لۆک نەدەهات نامەی لێبوردەیی و حکومەتی مەدەنی و ئایین بنووسێ، دەهات دەیوت لەو هەرێمی کوردستانە رۆشنبیران کە ژمارەشیان زۆر کەمە بەڵام زەبوونترینیانن ، تۆماس هۆبز گرێبەستێکی بۆ دەوڵەت دانەدەڕشت، دەهات گرێبەستێکی لەگەڵ رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە دەبەست کە ئیتر گرنگی بە تاک نەدەن، بەڵکو نوکی قەڵەم و پەنجەی سەر کیبۆردەکانتان ئاراستەی یاساو ئازادی و حوکمڕانییەکەتان بکەن، ئەوکات

تاک خۆی خاوەن رای خۆی دەبێت و کاریگەریشی دەبێت.گرامشی نەدەهات باسی رۆشنبیریی ئۆرگانی بکات، چونکە تێدەگەیشت لەم هەرێمە رۆشنبیری ئۆرگانی بوونی نییە، لەجیاتی ئۆرگانی نەزۆک بەرهەمدێت!! بۆیە ناچاردەبوو بەدوای زاراوەیەکی دیکە بگەرێت و بۆمانی بدۆزێتەوە. هیگڵ و مۆنتیسکسۆ لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، دژایەتی یەکتریان نەدەکرد، پێکەوە بیرییێکیان لەو دەقە چەقبەستوانە دەکرد کە لە هەرێمی کوردستان بە دەرزەن تەن دەنووسرێن و دەوترێن و فلسێکی سووتاویش ناهێنێت.کێشەی رۆشنبیرانی کورد ئەوەیە بەشێکیان لەژێر موگناتیسی مارکس گەشەیان نەکردووە، بەشێکی تریش لەژێر موگناتیسی هۆبزو کانت و هیگڵ گەشەیان نەکردووە، بەشێکی دیکەیش لەژێر موگناتیسی نیچەو فۆکۆوە نەهاتوون، بەشەکەی تریش لەژێر موگناتیسی موساو عیساو محەمەدەوە نەهاتوون، هەر یەکەو بە ئاقارێکی بچووکدا هاتوون و ئێستاش هەر یەکەو لە ئاوازێکی زۆر نەشازا دەخوێنێت، رۆشنبیر بەوە رۆشنبیرە کە هەر چوار بەشەکە (مارکسیزم، کانتیزم، نیچەویی و ئایینی) تێکەڵبکات و ژیان بکاتە شەربەتێکی کۆکتێل و بیخواتەوە، کورد هێشتا رۆشنبیری کۆکتێلیی نییە، تەنیا یەکجۆرە شەربەت دەخواتەوە، کە لە یەک میوە دروستکرابێت، تەنانەت ئەو شەربەتەیشی حەز لێیە کە سرووشتی نییە، تەنیا تامی میوەکەی دەداتێ، بە دەرمان سەررێژکراوە. بۆیە زۆر شتی پێ هەزم ناکرێت. کورد یەک شاعیری گەورەی هەبوو، ئەویش فەتوای کوشتنی بۆ دەرچووبوو، ئەوکاتی فەتواکەش

دەرچووبوو.رۆشنبیرانی کورد هەر هیچیان نەکردایە دەبوو ئەو هەموو وەهم و ئەو هەموو سیحرانەیان بەتاڵ بکردایەتەوە، کە رۆژانە بەردەوام وەهمی نویّ و سیحری نوێمان پیّ نیشاندەدەن، کەچی هیچیان نەکرد، جگە لە چەند دەقێکی چەقبەستووی وشکهەڵاتوو شتێکی ترمان لەو رۆشنبیرانە نەبینی، نیچە توانی هەموو وەهم و سیحری میتافیزیکی رۆژئاوا بشکێنێت و بەتاڵی بکاتەوە، نیچە بورکان و گڕکان بوو، بەرامبەر بەو وەهمانە، نیچە نائەقڵانی نەبوو، خۆ ئەقڵانیەت بە تەنیا موڵکی دیکارت و کانت و هیگڵ نییە،ئەمە چ پێوەرێکی نەزۆک و سەقەتە ؟، ئەوەی دژی کانت و هیگڵ بێت بە نائەقڵانی دابنرێت ؟، ئەمە وەک ئەوە وایە ئەوەی لە ئەوروپا دژی مەسیح بێت بە دژە ئایینی بزانن با ئەوکەسە موسڵمانیش بووبێت، لە راستیدا ئەوە جۆرج لۆکاش بوو ئەو فەتوایەی دا، بە چاویلکەیەکی تەماوی و تاریکەوە، لە کتێبەکەیدا نیچەو تێکشکاندنی ئەقڵ ، نیچەی بە نائەقڵانی دانا، ئیتر ئەم بۆچوونە کەوتە ناو دونیای فیکرو لەورۆژەوە نیچە بە نائەقڵانی دادەنریّ،ئەمەش لە هەندیّ بۆچوونی نیچەوە سەرچاوەی گرتبوو بۆنموونە کاتێک دەڵێت، ژیان لە هیچەوە دروستبووەو بە هیچیش کۆتایی دێت...هتد.بەڵام نیچە زۆر ئەقڵانی بوو بۆیە هایدگەرو فۆکۆو دیلۆزو دریداو ...هتد سەرسامبوون بە نیچە. ئایا فۆکۆو دریدا نا ئەقڵانی بوون ؟ ئەی فرۆید کە خۆی دان بەوەدا دەنێت کە سوودی زۆری لە نیچە وەرگرتووە بۆ دەروون شیکارییەکەی، ئایا فرۆید نا ئەقڵانی بوو ؟.ئێمە نامانەویّ ئیدی ئەو رۆشنبیرە دەقبەستووانە، سڵاو بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە

بنێرن، وەک چۆن ئەرستۆ بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست،زیاتر لە 1000 ساڵ زیاتر بوو سڵاوی بۆ خەڵکی ئەوروپاو بۆ ناو کڵێسا دەنارد، تا گالیلۆو کۆپەرنیکۆس و دیکارت هاتن وتیان لەو سڵاوەی تۆ وەڕس بووین و جگە لە زیان سوودێکی تێدا نییە، ئێستا پێویستمان بەسڵاوی نوێیە، سڵاوی رێنیسانس، سڵاوی کردنەوەی مێشک بوو لە بەرامبەر دۆگماتیزم. هیگڵ زۆر بە ئومێدەوە بوو ببێت بە ئەرستۆی سەدەی 19و بتوانێ سەدەیەک بژی و حوکم بکات، واتا سڵاوەکەی حوکم بکات، بەڵام مارکس زوو هات سڵاوەکەی پێ وەرگەڕاندو قڵپیکردەوەو ئینجا کوشتی، نیچەش هات وتی ئەوە بۆ منی جێ بهێڵن تەنیا من دەتوانم بینێژم.ئەو چەکوشەی نیچە بەرزی کردبۆوە، ئێستا چەکوشەکە بەدەست خوێنەرەکانییەوەیەو هەر بەرزە. بەڵام ئەوەتا ئێستا سڵاوی رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە بە تەواوی ژەنگی گرتووە،پێش ئەوەی بمانەوێ بە تیزاب بیشۆین ئەبێت بیاننێژین و سڵاوێکی تر بە روخسارێکی جوانترو گەشترەوە بۆ خەڵک بنێرین. چیتر نابێت بەدوای کڵاوی بابردووی نووسین بکەوین، نابێ ئەقڵ بکەویتە ژێر رکێفی سۆزەوە. من ئێستاش نازانم نالی چۆن لێمان کرابوو بە پێغەمبەر، گۆران ببوو بە لوتکە، بەڵام فەتوامان بۆ شێرکۆ دەرکردبوو، سەیری ئەو ئیزدیواجییەت و ئەو نیفاقە بکەن.

کاتی خۆی شاعیرەکانی عەرەب ببوونە رۆشنبیری سەردەمی خۆیان ،چونکە تێگەیشتنێکی وردو نوێیان بۆ رۆشنبیر لا دروست نەببوو،بۆیە کاتێک رۆشنبیری خاوەن فیکریان لێ دروستبوو، ئیتر شاعیرەکان

پێچرانەوە ناو وەزیفەکەی خۆیان ئەویش شیعرو جوانی بوو،چونکە شیعر لە بنەڕەتدا هیچ سەرچاوەیەکی زانستی و مێژوویی و ...هتد نییە ،تەنیا هەندێک بەهای ئاکاری تێدایە، کە ئەمەش پەیوەندی بە کاری رۆشنبیرییەوە نییە. بەداخەوە شیعری نوێش ئێستا تەواو لە پاشەکشەدایە ، رووی ئەوەی تێدا نییە بەراوردێکی بچووکیشی پێ لەگەڵ شاعیرە ناودارەکانی جیهانی 150 ساڵ پێش ئێستا بکەین (مەبەستم لە رامبۆیە) کە هەموو دیوانی شیعرەکەی ناگاتە 100 لاپەڕەو هەموو تەمەنی نووسینی شیعری ناگاتە 2 ساڵ، بەڵام تەنیا یەک شیعری کە تەنیا 3 لاپەڕەیە لەلایەن کتێبخانەی گشتی فەڕەنساوە بە (3)ملیۆن فرەنکی فەرەنسی کڕیویانە، شیعرەکەش بەناوی (نامەی خەوبینینێک)ە. تەنیا شێرکۆمان هەبوو بڵێت نا، نابێت شیعر بمرێ، بەڵام دوای ئەوەی خۆی مرد، ئێستا شیعری کوردیش لەگەڵیدامرد،ئاخر دوای شێرکۆ دەقێکم نەخوێندۆتەوە هەست بکەم مەستی کردووم....بەڵێ ئیتر شیعر مرد وەک چۆن پێشتر شانۆمان مردبوو، چیرۆکمان مردبوو، رۆمانیش ئەوە هەر کارەساتێکی دیکەیەو بابەتێکی سەربەخۆی پێویستە.

# گەمەی سیاسی و دوو راهێنەرەکەی کوردستان

بەر لەوەی حیزبی سیاسی دروست بووبێت، گەمەی سیاسی هەبووە،چ لە رۆژئاوا لەلایەن پاشاو ئیمپراتۆرو قەیسەرەکانەوە، چ لە کوردستان لە سەدەکانی رابردووداو تا دەگات بە سەرۆک شێخەکان، لە شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە تا شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، لە جرت و فرتی سەفەوی و عوسمانییەوە تا دەگاتە جلیتانێی ئینگلیزو تورک و فارس و، تا بە ئەمڕۆ دەگات، هەمیشە گەمەی سیاسی ئامادەیی خۆی هەبووە، جا گرنگ نییە کێ لەو گەمانە براوە بووەو کێش دۆڕاوە، روونە کورد لەگەمەی سیاسیدا، کورتبین بووەو، نەیتوانیوە ئەو گەمە سیاسییانە بکاتە پردێک بۆ پەڕینەوە لەو قۆناخە دژوارەی کە بەردەوام بەسەر گەل و

نیشتمانەکەیدا هاتووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی باشتر لە رابردووی، نموونەکان زۆر زۆرن،فەشەلی تەواوی سەرکردە سیاسییەکانی کورد بە درێژایی مێژوو، وێنەیەکی مەرگەساتئامێزمان دەداتێ، کوشتنی سەرکردە کوردەکان بە خیانەتی کوردەکان بۆ خزمەتی داگیرکەران، هەمدیسان نموونەی زۆر پڕ لە شەرمەزارین بۆ نەتەوەکەمان ،ناکۆکی و بەگژیەکدا چوونی ئیمارەتەکان، بە فیتی ئەم وڵات و ئەو وڵات ، ئەوەش هەر مێژوویەکی زۆر قێزەونە بۆمان ماوەتەوە، راستە کورد ورەو ئازایەتییەکی لەبن نەهاتووی هەبووە، تەیمور لەنگ لە بیرەوەرییەکانی خۆی ئەو پاڵەوانێتییەی کوردەکانی ئاشکرا کردووە، سەلاحەدینی ئەییوبیش نموونەیەکی دیکەی زەقە، بەڵام کورد هەمیشە لە کۆتاییدا ئازایی و قوربانی و خەباتەکەی بەفیرۆ چووەو ئەنجامەکەی بۆ خزمەتی داگیرکەرانی کورد بووە، بەڵام ئەوە شەش هەزار ساڵە، لەوەتەی لەو ناوچەیەی پێیدەوترێ میزۆپۆتامیاو، سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و...هتد لێی نیشتەجێبوون،هاوشانی کورد ژیاون، بەڵام کاتێک پیشەسازی بچووک بچووک هاتوونەتە بەرهەم،واتا لەو رۆژەوەی هێزو بازوو خۆی سەپاندووەو وردە وردە چەوساندنەوە هاتۆتە ئاراوە، ئیتر کورد بۆتە بەشێک لە بەرنامەی دوژمنانی، سەیرە نەتەوەیەک مێژوویەکی ئاوەها دوورو درێژی لە مێژوودا ناشیرن زۆر ناشیرن کردبێت، کەچی تا ئێستاش کە ئێمە تێیدا دەژین، وانەیەک، ئەقڵێک، پەندو عیبرەتێکمان لەو هەموو مێژووە وەرنەگرتووە، بۆیە وایلێهاتووە هەمووومان گومان بکەین کە نووسین و

قسەی باش و کاری چاک ،هیچ سوودێکی نییە چونکە دواجار بڕیاردەرەکانمان بە ئارەزووی خۆیان و بۆ مەبەستی دیکە کۆتایی بە یارییەکان دێنن.چونکە سیاسەت لەبنەڕەتدا بریتییە لە یاریزانە زیرەکەکان ،ئەو دروشمانەی لەکاتی گفتوگۆکاندا بەرزیدەکەنەوە، زەق و روونن، بەڵام هیواو خواستەکانیان دەمامکدارو شاراوەن، رۆپسپێرو میرابۆ دوو گەورە سەرکردەی گەورەترین شۆڕشی فەڕەنسی و جیهانیش بوون، دونیایان پڕ کرد لە دروشمی ئازادی و برایەتی و یەکسانی، کەچی میرابۆ بۆ پارە خۆی فرۆشتبوو، رۆپسپێریش گەورەترین دیکتاتۆری لێ دروست بوو، ستالین هەمیشە بانگەشەی (هەموو شتێک لە پێناوی جوتیاراندا)ی دەکرد، کەچی لە یەکەم پەلاماری بۆ سەر جوتیاران (پێنج ملیۆن)جوتیاری هەڵڵووشی.سەدام دروشمەکەی ئەوەبوو کە عەرەب یەک نەتەوەیەو خاوەن یەک پەیامیشە، بەڵام کوێتی دراوسێی نەک هەر داگیر کرد، بەڵکو تاڵانیشی کردو، بیرە نەوتییەکانیشی ئاگر تێبەردا. نموونەکان یەکجار زۆرن ، مۆسولینی چووە ناو تەرابلوسەوە، مەندیلی سپی لە سەر کردو وتی هاتووم بۆئەوەی ئاینی محەمەد سەربخەم!! بەڵام بە کردەوە، لەجیاتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، قەتلوعامی کردن. ئەمە هۆکارە کە رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە ئەگەرچی بە ژمارە زۆر کەمن، بەڵام ئەوانیش تووشی سەرگەردانی و بێئومێدی هاتوون لەوەی کە نازانن چی بڵێن، هەر چییەک بڵێن فلسێکی سووتاو ناهێنێ و هیچ بەهایەکی نییە،حیزبەکانیش وردە وردە خەڵکی خوێنەوارو تێگەیشتوویان لەخۆیان داتەکاندووەو وەک

گەڵای پایز لەناو ئەو حیزبانە هەڵدەوەرێن،ئەگەر سەیری دوا کۆنگرەی هەموو حیزبەکانی ئەم هەرێمەی کوردستان بکەین،ئەو راستییە زۆر بە روونی خۆیدەردەخات، لەجیاتی کەسێکی رۆشنبیرو خاوەن ئەقڵ، خەڵکانی پڕ لە سەیرو سەمەرە گەیشتوونەتە سەرکردایەتی، ئەگەر داتایەکی ورد لەو بارەیەوە نیشانبدەین، ئەوا هیچ ئومێدێک بۆ ئایندەی ئەو هەرێمە نامێنێت. ئەو سەرکردایەتیانە کەم نین بێئەوەی لە حکومەتیشدا بووبن، شوێنی سەرۆکی شارەوانی و قایمقامیان گرتۆتەوەو بڕیارەکان لای ئەوان بووە نەک بەرپرسی تایبەتمەندی ناو حکومەت.

ئێستا لەم هەولێرە کە بەحیساب پایتەختی هەرێمی کوردستانە، هیچ کام لەحیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە شەقامی کوردی لەوشارە بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، جا کێشەکە ئەوەیە هیچ کام لەو حیزبانەش لە هەوڵی ئەوەدا نین بگەڕێنەوە بۆ شەقام و ئەو بەرپرسانەی تا سەری لووتیان لەناو دزی و ..و....هتد نقوم بووە، دووریان بخەنەوە، بە پێچەوانەوە تا دێت ئەو دزانە جێ پێی خۆیان قایمترو پتەوتر دەکەن،ئەمە وایکردووە، خەڵکی ئەم شارە هەر بە تەواوی تووشی نائومێدییەکی قووڵ هاتبێت، کە رەنگە بە درێژایی مێژوو، ئەو خەڵکە رووبەڕووی نائومێدی و نیگەرانییەکی وەها قووڵ نەبووبن.راستە لێرەو لەوێ بەرپرسێکی مەدەنی باش دەبیندرێ، بەڵام ئەویش لەنێو کۆمەڵێک مافیادایەو ناتوانێ بجوولێتەوە.ئەمەیە گەمەی سیاسیی کوردی.هەوڵدەدەم لە ئاینده گەمەی سیاسی حیزبی کوردی لەماوەی ئەوچارەگە سەدەیەی رابردوودا بە وردی شیبکەمەوە.

سەرکردە سیاسییەکان، بە باش و خراپیانەوە، بە حیزبی بچووک و گەورەوە، خەڵکیان فێر کرد، ژیانی ژێردەستەیی رەتبکەنەوەو لەبەرامبەر دیکتاتۆرییەت و داگیرکەراندا بوەستنەوە،خەڵکیان فێری خۆ رزگارکردن لە زوڵم و زۆرداری کرد، بەڵام گرفتی بنەڕەتی ئەوەبوو، ئەو سەرکردانەش بە فۆڕمێکی دیکەو بە شێوازێکی دیکە، خەڵکەکەیان خستەوە ژێر باری چەوساندنەوەو، مافیا لەناو منداڵدانی سیاسەتەکانیاندا وەک ماری سێ سەرە کەپکەی خواردبوو، بۆیە جاران خەڵک بەرگەی ئازارەکانی دەگرت کە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە ئەشکەنجە دەدران،بەڵام ئازاری ئێستا ئازارێکی رۆحیی زۆر قووڵترەو مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی نییەو خەریکە دەپووکێتەوە، هەموو سەرکردەکان فێریان کردین ژیانی ژێردەستەیی رەتبکەینەوە، بەڵام ئێستا پێماندەڵێن دان بەخۆتانا بگرن و رۆحی دانبەخۆداگرتنتان بەهێزتر بکەن،راستە وەک چۆن ژیان هەمیشە لەگۆڕاندایە، کەواتە هەموومان مەحکومین بە ژیانی باش و خراپ، کەسمان تا سەر ناتوانین بە یەک ریتم بژین،چونکە خودی ژیان ریتمێکە لەناو دژەکانی خۆیدایە، لە هیراکلیتیسەوە فێرکراوین ئەگەر مردن نەبێت کەس چێژی ژیان هەڵنامژێ، ئەگەر شەو نەبێت کەس هەست بە گرنگییەکانی رووناکی ناکات، ئەگەر ئازار نەبێت بەختەوەری تامێکی نابێت، ژیان هارمۆنییەکە بە هەموویانەوە جوانە،بەڵام ئەوەی پێویستی بە وردکردنەوەیە ، ئەوەیە گەمەی سیاسیی سەرکردەکانمان،ئەزموونی تەنیا یەک سەدە لە خەباتی سیاسی کوردانیان لەبەرچاو بگرتایە، ئەوکات دەیانتوانی

گەمەیەکی جوانترو هاوسەردەمانەتر نمایش بکەن، دەیانتوانی گەمەکانیان چوار هەنگاو بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک بوایەو یەک هەنگاویش بۆ ئازار بەخشین، ئەوکات هەمیشە دەستمان لەسەر دڵمان دەبوو بۆ نیشتمان بۆ سەرکردەکانمان بۆ حیزبە سیاسیەکانمان.بەڵام ئەوەیان نەکرد.تەنانەت گەورەترین زیانیان بە خۆیان گەیاند،چونکە هەموو ئەوانەی مەرگ دەتوانێت هەموو شتەکانیان لێ بسەنێتەوە، ئەوا هەرگیز نەیانتوانیوە لە ژیانیاندا سەرکەوتووبن،سیاسەتیش رێک لە چەشنی مەرگدایە، ئەگەر توانی خەڵکت لێ بکاتەوە، ئەو سیاسەتە نەکردنی باشترە لە کردنی. راستە ئێمەی کورد هێشتا نەهیگڵێکمان هەیە کانت بدوێنێت  نە هابرماسێکمان هەیە دووبارە هیگڵ و کانت دابڕێژێتەوەو پێمان بڵێت ئەقڵی مرۆڤ تا کوێ بڕ دەکات و پێویستە لە جیاتی میتافیزیک خۆمان بە فیزیک و بە ژیان (بەمانا فراوانەکەی) سەرقاڵ بکەین و جوانتر بیناسین، پێمان بڵێت با وزەی ئەقڵی خۆمان بە شتێک سەرقاڵ نەکەین کە تێی ناگەین و ئەقڵمان سنووردارە. نە فۆکۆ، نە هایدگەر، نە دریدایەکیشمان هەیە بڵێ ئەوەتا چەکوشەکەی نیچە وا لەناو دەستی منەو بەرزمکردۆتەوەو، من پێتان دەڵێم مرۆڤی سۆپەرمان دەبێت چۆن بێت، وەرن ببن بە سۆپەرمان و کۆیلایەتی لەگۆڕ نێن. سەرکردایەتی سیاسی کوردیی نەیتوانیوە سوودو پەند لە سەرکردەکانی رابردووی خۆی وەربگرێت، نەیتوانیوە سوود لە ئەزموونی سەرکردە نەمرەکانی دونیا وەربگرێت،دەنا ئێستا کورد دەبووە نموونەی مرۆڤی سۆپەرمان، کەچی ئەوەتا زەلیلترین نەتەوەیە لەسەر ئەم گۆی

زەوییە. هەندێکجار هەندێک خەبات و راپەڕین و خۆپیشاندان سەرکردەی مەزن دروستدەکەن، بەڵام هەموو شۆڕش و راپەڕینەکان سەرکردەی مەزنیان دروست نەکردووە، تۆ بڕوانە لەجیاتی سەرکردەی سیاسی لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی 1968ی فەڕەنسا، هێربەرت مارکۆزە ببوو بە تیۆرداڕێژەری قوتابی و لاوان، لەکاتێکدا چەندین رەوتی فیکری وەک ترۆتسکی و ماو و ئەنارشیزمەکان و مارکسیزم و...هتدپێشڕەوی خۆپیشاندەرەکان بوون.کەواتا لەهەموو دۆخێک و گۆڕانکارییەکدا مەرج نییە سەرکردە بتوانێ دروست ببێت.

ئەو دابڕانە مەعریفییەی گالیلۆ بەرامبەر ئەرستۆ کردی، تا ئێستا هیچ دابڕانێکی دیکە بەقەد گەورەیی ئەو دابڕانەی گالیلۆ بۆ ئەرستۆ روونەداوە ،یان ئەو دابڕانە گەورەیەی دیکارت بەرامبەر بە فەلسەفەی ئەرستۆی دروستکرد، هیچ فەیلەسووفێکی دیکە نەهاتووە وەک دیکارت بتوانێت ببێت بە باوکی فەلسەفەی نوێ، تۆ سەیرکە راستە دوای گالیلۆ زۆر دابڕانی دیکە دروستبوون، نیوتن و ئەنیشتاین و ..هتد بەڵام هەموو ئەمانە لە سەدەیەک زیاتریان تێنەپەڕاندووە، لەکاتێکدا ئەرستۆ نزیکەی دوو هەزار 2000 ساڵ ژیا، گالیلۆ هات دای بە ئەرزا، دیکارت بە هەمانشێوە باوکی فەلسەفەی نوێ و ئەقڵانیەتە، 2000 ساڵ بوو فەلسەفە چەقیبوو، دیکارت توانی لەو چەقینە قورتاری بکات و بیهێنێتە دەرەوە،بەڵام نە کانت نە نیچە نە هیگڵ نەیانتوانی فەلسەفەی دیکارت بپێچنەوە وەک چۆن دیکارت ئازایانە ئەرستۆی پێچایەوە،ئەوەی جێگای سەرنجە لە سیاسەتدا ئەو

وەرچەرخانە گەورەیە رووی نەداوە، هەر لە جۆرج واشنتۆنەوە، تا ئۆباما، لە لویسەکانی فەرەنساوە تا فرانسۆ ئۆلاند، لە چارلسەکانی ئینگلتەراوە تا کامیرۆن،لە قەیسەرەکانی رووسیاوە تا پۆتین، تەنیا چەند سەرکردەیەک بە مەزنی چوونە ناو مێژووەوە، لینین و ماوو گیڤاراو...هتد ئەوانەش خاوەنی ئەقڵ و مەعریفەی بەرز بوون، پێچەوانەی کیسنجەر کە دەیوت سەرۆکایەتی پێویستی بە مەعریفە نییە تەنیا ئازایەتی پێویستە،لەکاتێکدا خۆی دکتۆرای لە فەلسەفەی ئەڵمانی وەرگرتبوو!!. بەڵام دەبێ ئەو راستیە بزانرێت کە سیاسەت و فەلسەفە زۆر جیاوازن، سیاسەت دونیایەکە پڕە لە چاوتێبڕین و تەماحگیری، فەلسەفە ئەو تەماحگیرییە ناشیرین دەکات،بۆیە لە کوردستانیشدا، نەمانتوانیوە وەرچەرخانێکی گەورە بکەین، کارە باشەکان تەمەنیان درێژ نەبووە، چونکە غەریزەی ئینسان هەمیشە خۆسەپاندن و رۆحی بە موڵککردن لەناخیدا زاڵە،ئەمە رەنگدانەوەیەکی بەردەوام بووەو تا ئێستاش لە هەر کاتێکی پێشووتردا زیندووترە.هەر بوونی ئەو غەریزەیەشە وایکردووە، مێژوو ببێتە گۆڕستانی مردوان،ئێستا سەیری مێژووی کورد بکەن، بە درێژایی مێژوو جگە لە گیانفیداییەکی بێسەرو بەر، هیچی دیکەت دەستناکەوێت. ئەو روسیایەی بوو بە دەوڵەتی زلهێزی روس لەسەر ئاستی دونیا،لە سەدەی پازدە، زۆربەی دانیشتوانی رووسیا-سلاڤ- بوون، تا ساڵی 1917 تەنیا نیوەی دانیشتوانی رووسیا خۆیان بە رووسی دادەنا،ئەوانی دیکە بریتی بوون لە گرووپە جۆراوجۆرەکانی سلاڤی و غەیرە سلاڤی،وەک ئۆزبەکی و...هتد . بۆیە

روسیا بەردەوام لە گفتوگۆی قووڵی ئەوەدابووە کە دەوڵەتی روسیا رۆژهەڵاتییە یان رۆژئاوایی، ئەدیبی گەورەی وەکو دیستۆیڤسکیش تێیدا بەشداری ئەو گفتوگۆیەی کردووە، خۆ ژاپۆنیش تا رادەیەک وایە، ژاپۆن پێگەیان، مێژوویان، رۆشنبیرییەکەیان هەمووی ئاسیاییە، بەڵام سامانیان، دیموکراتیەکەیان ،تازەگەرییەکەیان، رۆژئاوایی و ئەوروپییە.بەڵام ئەم دوو وڵاتە چونکە خاوەنی سەرکردەی مەزن بوون(لینین و میچی)دوو سەرکردەن کە مەرگ زەفەری پێ نەبردوون،ئیتر توانیان رۆشنبیرییەکەیان، ئابوورییەکەیان،پێگەکەیان بگەیەننە ئاستێکی زۆر بەرز،لێرەیە سەرکردە رۆڵی زەق دەبێتەوەسەیرکە مێژوو چۆن دەسووڕێتەوە،وڵاتی میسر جاران زۆرینەیان شیعە بوون و ئێرانیش زۆرینەیان سوننە بوون، ئێستا پێچەوانەبۆتەوە، ئەوەیە سیاسەت کە دەوترێ زیرەکەکان بەڕێوەی دەبەن.

هەرێمی کوردستان هەل و دەرفەتی زۆر گەورەی بۆ رەخساو دەروازەیەکی زۆر گرنگیشی بۆ کرایەوە،چ لە بواری دیپلۆماسی چووە قۆناخێکی تازەوە، چ لە بواری بازرگانی بەهۆی نەوت و کێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەوە دەیتوانی بچێتە قۆناخی زۆر گەورەوە،بەڵام حیزبە سیاسییەکان و دەسەڵاتی کوردی لەوئاستەدا نەبوون و نەیانتوانی زەمینەکانی سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەت و سیستەمێکی دیموکراسی کە دادپەروەری تێدا بەرجەستە بوایە، بخولقێنن، بەڵکو ئەو بازرگانیکردنە، بە دیوە خراپەکەیدا شکایەوەو ئێستا وا میللەت باجەکەی دەدات.

## بارزانی و نەوشێروان مستەفا

ئێستا دوو سەرکردەی سیاسی لەم هەرێمە هەن کە باڵا دەستن و، دەتوانن بڕیار لەسەر باش و خراپییەکان بدەن، ئەم دوو سەرکردە سیاسییە رۆڵی دوو دەرهێنەر، دوو راهێنەر دەبینن، هەر یەکەو کۆمەڵێک کاراکتەر، کۆمەڵێک یاریزانیان هەیەو نمایشیان پێدەکەن،هەرێمی کوردستانیش لە قۆناخێکی زۆر دژواردایەو ئێستا هاووڵاتی بەهۆی پەرپووتبوونی باری داراییەکەی، هەستی نیشتمانپەروەرێتیشی کز بووە، خەمی نان شوێنی هەموو خەمەکانی دیکەی گرتۆتەوەو تەنیا بیر لە تێپەڕاندنی ئەم دۆخە خراپە، بۆ دۆخێکی باشتر دەخوازێت. ئەم دوو سەرکردەیە تا رادەیەکی زۆر ئەقڵیەتی کۆمەڵگای کوردی و کولتووری کوردیان هەزمکردووە،بەڵام کۆمەڵگای کوردی وەک زۆر لە کۆمەڵگای دیکەیش وان، تەنیا یەکڕەنگ و یەک جۆر نییە،بۆیە هیچ کام لەسەرکردە سیاسییەکان بە هی ئێستایشەوە نەیانتوانیوە بچنە ناو دڵ و زیهنییەتی تەواوی کۆمەڵگای ئەم هەرێمە،هەر ئەوەشە وایکردووە، زۆنی سەوزو زەردو نیلی دروست ببێت، تۆ بڕوانە هەورامییەک لەگەڵ هەرکییەک، زێبارییەک لەگەڵ زرارییەک،سورچییەک لەگەڵ جافێک..هتد جیاوازن، گرفتی سەرەکی لای سەرکردەکانمان ئەوەبوو گرنگیان بە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا نەدا، سەرکردە سیاسییەکان بە تایبەت دەسەڵاتی کوردی دەبوو چەندین دامەزراوەی تۆژینەوەی بۆ بوارە جیا جیاکان دابمەزراندبایە، بەڵام ئەوەی

گرنگی پێ نەدرا، زانست و مەعریفە بوو، تەنانەت زانکۆکانیش ئاستی زانستییان یەکجار زۆر دابەزیوەو جێگای شەرمەزارییە.

ئێستا هەر یەک لەو دوو سەرکردەیە بە فیعلی نوێنەرایەتی دوو کولتوور و دوو چین یان دوو پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز، یان دوو زۆنی جیاواز دەکەن، کێشەکە تا ئێرە ئاساییە، چونکە ئاستی وشیاری هەموو کۆمەڵگای کوردی جیاوازی تێدایەو ئەمەش لە وردە کولتوورەکەیدا بە زەقی رەنگیداوەتەوەو تەنانەت ئەم جیاوازیە لەپەندو ئیدیۆم و ..هتد بە روونی دەردەکەوێت،ئەم جیاوازییە زۆر نۆرماڵە، ئەوەتا هیچ وڵاتێکی ئەوروپی نییە بریتی نەبێت لە چەندین کانتۆن،لە ئەمریکاو سەرتاسەری دونیاشدا، هەندێ حیزب هەن لە ناوچەیەک باڵادەستن و هەندێک حیزبی دیکەش لە ناوچەی دیکە باڵا دەستن، ئەمە بۆ سەرکردەکانیش هەر راستە، هەموو سەرکردەیەک لە هەموو ناوچەیەک نە رێژەی دەنگەکانی وەکوو یەکە، نە ئاستی جەماوەربوونی وەکوو یەکە. بەڵام ئەوەی ئاسایی نییەو هاوشانی برسیکردنی خەڵکەکە خەڵک ترسی لێ نیشتووە، ئەو ململانێیەیە کە لە نێوان ئەو دوو راهێنەرەدایەو، دۆخی ناوچەکەش تا دێت زیاتر دەکوڵێ، لەکاتێکدا ململانێی ناوەخۆ بۆ بەرەوباشتربوون هێشتا ئاسۆکانی هیچ روون نین، بەتایبەت کە ئێستا کۆمەڵگا بە تەواوی پەرپووت بووەو ژێرخانی حکومەت و ژێرخانی حیزبەکانیش بەتەواوی رووخاوە،مرۆڤی سۆپەرمان بووە بە مرۆڤی بێ نمودو ئیرادەی مرۆڤیان سڕ کردووە، ناوچەکەش ئاگری لێ هەڵدەستێت و ناشزانین هاوکێشە سیاسیەکان،

هەروەکوو ئێستا بە کەمێک دەسکارییەوە دەمێننەوە یان گۆڕانکاری بنەڕەتیان بەسەردا دێت، چونکە بەرژەوەندی باڵادەستەکانیش لەو ناوچەیە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندایە، تورکیاش وەکو گای شێتی لێهاتووەو یاری و سیناریۆی پێکناکۆک دروستدەکات. لەکاتێکی ئاوەهادا نێومالّی کوردیش لەم هەرێمی کوردستانە، وێرانەو هەر سەرکردەیەو لە ئاوازێک دەخوێنێت، ئەوەتا لەناو خودی یەکێتی نیشتمانیدا، چەند کاراکتەرێک ناوە ناوە یاری بە کلکی شێر دەکەن و دووکەڵێکی بێ ئاگر هەڵدەکەن، ئەو گەمە سیاسییەی هەردوو جێگرەکە دەیکەن، دوور نییە بەدەردی هەمان چارەنووسی باڵی (م.س)بچێت کە لەساڵی 1964 روویدا (بێگومان بە جیاوازی زۆری سیاسەتەکانی ئەوکات و ئێستا) بۆیە هێرۆ خان باش دەزانێ خۆدانە پاڵ دوو جێگرەکە، رێک خواردنەوەی پەرداخێک ژەهرە، کەواتە تاکە رێگا بۆ مانەوەی دەسەلاّتەکەی، خۆبەستنەوەیەتی بە نەوشێروان مستەفا، رەنگە بۆ ئەو لەو دۆخەی کە تێیکەوتووە، ئەمەیان باشترین هەڵبژاردە بێت، تا لەگەڵ نەوشێروانیش بەتەواوی یەک نەگرێتەوە، لەو دەردو کێشانە قورتاری نابێت کە ئێستا پێوەی دەناڵێنێت،بە درێژەدان بەو دۆخەیش یەکێتی زیاتر سەنگ و هێزی خۆی لەدەستدەدات . بەتایبەت ئەگەر بەو دۆخەی ئێستاکەیەوە بچنە ناو کۆنگرەوە، ئەوکات دووکەرتبوونێکی تراژیدی لێدەکەوێتەوە،کە مەترسیەکان لە ئێستا زۆر زیاتر دەبن.گرفتی بنچینەییش ئەوەیە، ئەوانەی خۆیان سەری گرفتەکانن، بە لێدوانێک یان بەیاننامەیەک خۆیان وەک فریشتە دەنوێنن و هەوڵدەدەن

قەناعەت بۆ خەڵکانێکی ساویلکەش دروستبکەن، سەیرکە گەمەی سیاسی لەناو حیزبی کوردیدا لەم هەرێمە، هەمووی لە پۆست و پارە چڕ بۆتەوە، دەنا هێشتا ئەندامێکی سەرکردایەتی یان (م.س)ی هیچ لایەکمان نەبینیوە لەسەر رێبازو سیاسەتی تاکتیکی و ستراتیژی حیزبەکەی تێبینی جیدی هەبووبێت، ئەمە دۆخی حیزبی سیاسییە لەم هەرێمە کە بە ئاقارێکی خراپ مل دەنێت.. کۆمەڵگای کوردیش ئەوەندە وشیار نییە، بتوانێ گوشاری جیدی دروست بکات،تۆ سەیر بکە کۆمەڵگای تونسی و لیبی و میسری و عێراقی بهێنە بەرچاوی خۆت، سەرکردەی هەر یەک لەم وڵاتانە بە جۆرێکی جیاواز کورسیان جێهێشت، خۆ زەین ئەلعابدین بیزانیایە کۆمەڵگای تونسی وەکو لیبیی یان عێراقییە ئاوا بە سانایی وڵاتی جێ نەدەهێشت، بەجێهێشتنی هەر یەک لەو سەرکردانە پەیوەندی بە ئاستی وشیاری کۆمەڵگاکانیانەوە هەیە، سۆهارتۆ ئەگەر لە ئەندەنوسیا نەبوایەو لە سوریا یان لیبیا بوایە، هەرگیز کورسی دەسەڵاتی جێنەدەهێشت، بەڵام تەنیا بە هۆی قەیرانێکی ئابوورییەوە قوتابیانی جاکارتا لێی راپەڕین و سۆهارتۆیان ناچار کرد کورسی بەجێبهێڵێت.بەڵام موبارەک هەوڵیدا بە حوشتر رووبەڕوی خەڵکەکەی ببێتەوە!، ئەمە ئەقڵیەتی ئەو وڵاتە بوو، سەدامیش لە کونێکەوە خۆی شاردبۆوە، کەچی لەو کونەوە دەیوت من سەرۆکی عێراقم!!، ئەمە سایکۆلۆژییەتی خەڵکی عێراق وایە.

ئەوەی هەرێمی کوردستانی بەو دەردە برد، لە بنەڕەتدا ململانێی سیاسی نەبوو، بەڵکو ئەو گەندەڵییەیە کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی بەڕێوە

دەبردریٚ،تۆ سەیرکە،حیزبی بەعس کاتێک حوکمی عێراقی لەرێگای کودەتایەکەوە گرتە دەست،زۆری نەبرد،مێشێل ئەفڵەق (50)ملیۆن دیناری عێراقی بردە بانکەکانی سویسرا، حیزبی بەعس داوای لێکرد ئەو پارەیەی بردوویەتی، بەناوی حیزبی بەعس تۆماری بکات، بەڵام مێشێل ئەفلەق رەتیکردەوە،بەو پێیەی دامەزرێنەری ئەو حیزبەیە، ئیتر بەناوی خۆی تۆماریکرد، بەڵام سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکر، هەڕەشەیان لێکردو، ناچار مێشێل ئەفلەق نەیتوانی لە عێراق دابنیشێت، لەکاتێکدا هەموو پارەکە (50) ملیۆن دینار بوو، ئەوکات یەک دیناری عێراقی لە بەرانبەر (2.8) $ بوو،ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو ئیدی خەڵک نەتوانێ دزی لە سامانی گشتی وڵات بکات و گەندەڵ ببێت،کەچی ئێستا کەم بەرپرس هەیە خاوەنی ئەو پارەیە نەبێت کە دامەزرێنەرو ئەمینداری حیزبی بەعس حەواڵەی بانکەکانی سویسرای کردبوو، لەم هەرێمەی ئێمە، خەڵکانی وا بوونەتە ملیۆنێرو تەنانەت ملیاردێر، کە رۆژێک لە رۆژان نەک هیچ چەرمەسەری و جەربەزەییەکیان لەسەر کوردایەتی نەبینیوە، بەڵکو تێیدا هەیە تا بەعس لە هەرێمی کوردستان دەرکرا، هەر لەگەڵیان هاوکار بووە،هی تریش هەیە،هی تریش هەیە خەڵک نازناوێکی جوانی پێبەخشیوە، بەڵام کەس نییە سزای بدات!!، هی تریش هەیە.....!!

نەوشێروان مستەفا،تا رادەیەکی باش سوودی لە پرەنسیبی سیاسەتی ترۆمان وەرگرتووە، ترۆمان ساڵی 1947 بەرنامەیەکی دارشت و پەیرەوی لێکرد،کە خۆی لە(3) خاڵی بنەڕەتیدا دەبینییەوە، یەکەم:بەستنەوەی

سیاسەتی ئەوروپا بە سیاسەتی ئەمریکاوەو کاریگەری بەسەر سیاسەتی دەرەوەیاندا. دووەم: لە قالبدان و سنووردانان بۆ چالاکیەکانی سۆڤێت تا زیاتر قەڵەمڕەوی پێنەکرێت. سێیەم:پێکهێنانی چەندین هاوپەیمانی، بەتایبەت پەیمانی باکووری ئەتلەنتیک، هەموو هاوپەیمانێتییەکانیش لەژێر چاودێری خۆیدا (ئەمریکا)بوو. نەوشێروان مستەفا بەهەمانشێوە، دەیزانی بە تەنیا ناتوانێ بەرەنگاری بارزانی و پارتی ببێتەوە، هات لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ئاشتبووەوەو ئەو هێزەی لەگەڵ پارتی رێککەوتنی ستراتیژی هەبوو، نەوشێروان هێنایە پاڵ خۆی و لە پارتی دوور خستەوە، لەولایشەوە لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان جۆرێک لە رێککەوتن یان لێکتێگەیشتنیان لەسەردەمی ئۆپۆزیسیۆنبوونیانەوە دروستکردووەو تا دێت ئەو پەیوەندییە بەهێزتر دەکەن، ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامیشیان بەلای خۆیدا بردووە،واتە ئەو حیزبانەی لە پەرلەمان تۆزێک کاریگەریی هەیە، جگە لە پارتی زۆربەی هەرە زۆریانی بەلای خۆیدا بردووە، بۆ سنووردان و رێگەگرتن لە قەڵەمڕەوی پارتی وپێشڕەوییەکانی بارزانی. هەر بەوەندەشەوە نەوەستاوە، زۆرترین راگەیاندنی خستۆتە کار بۆ خزمەتکردنی سیاسەتەکەی، لەبەرامبەردا پارتی راگەیاندنێکی تەمبەڵی هەیەو هەر کەس گوێیشی لێ ناگرێت.راگەیاندنی پارتی رێک سەردەمی راگەیاندنی سۆڤێتی سەرەتای هەشتاکانت دێنێتەوە بیر، لەکاتێکدا،ئەو راگەیاندنەی لە خزمەتی سیاسەتی نەوشێروانیشدایە، رێک راگەیاندنی ئەمریکاو جیهانی سەرمایەداریت دێنێتەوە بیر کە بەردەوام عەیب و عارەکانی سۆڤێتیان نیشاندەدا،

سۆڤێتیش وەک ئەوەی نە بای دیبێت و نە باران،هیچ خۆی تێک نەدەدا. ترۆمان هەر وا بە سانایی ئەو هاوپەیمانێتییە بەرفراوانەی لەگەڵ وڵاتانی دونیا نەبەست،پرۆژەی مارشاڵ کە ئەمریکا ساڵی 1947 پێشکەشی کرد، بۆ بووژاندنەوەی باری ئابووری ئەوروپا بوو کە لە شەڕی دووەمی جیهانی هەرەسی هێنابوو،لە رووی سەربازیشەوە ئامادەیی خۆی نیشاندا کە ئەمریکا بەرپرسە لە ئاشتی و ئاسایشی ئەوروپا،ئەگەر ئەو پرۆژەیەی ترۆمان نەبوایە، تورکیاو یۆنان و زۆر وڵاتی دیکە لەلایەن سۆڤێتەوە رووبەڕوی گوشاری جیدی دەبوونەوە ،ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕانیش نەبوایە، قەت رۆژێک لە رۆژان کۆمەڵ و یەکگرتوو جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد، بە فەرمی ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆیان رابگەیەنن و پاکێجی شەش خاڵی پێشکەش بە حکومەت بکەن و پەرلەمانتارەکانیان بە توندی و بە جیدی چاودێربن بەدوای حکومەت و بەرپرسانی پارتییەوە، ئەزموونی ئەو دوو حیزبە لەبەردەستن تا ئەورۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان دروست بوو. ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نەبوو.

ئێستا بارزانی و نەوشێروان مستەفا، دوو سیاسەتی جیاواز پەیڕەو دەکەن،کە دوو میتۆد، دوو رێگای تەواو جیاوازن لە یەک، لە فەلسەفەدا هیگڵ و نیچە، دوو فەیلەسووفن سەر بە دوو میتۆدی فەلسەفی جیاواز، رەنگە بتوانم بڵێم بارزانی هیگڵەو نەوشێروان مستەفاش نیچەیە، هیگڵ فەلسەفەیەکی دانا، تا رادەیەکی زۆر روون نەبوو، تەمومژاوی بوو، موحافەزەکار بوو، نیچەش رەفزەوی بوو، هەموو شتێکی رەتدەکردەوەو

چەکوشێکی بەرزکردبووەوە، دەیویست مۆدێرنەی پێ بشکێنێت و مرۆڤی سۆپەرمان دروست بکات،بە توندی بەرامبەر هیگڵ وەستایەوە،بەڵام هیگڵ لە فەلسەفە زۆر قووڵ بوو، فینۆمینۆلۆژیای رۆحی نووسی کە یەکێک لە شاکارە هەرە بەرزەکانی سەدەی نۆزدەیە،نیچەش لەبەرامبەریدا زەردەشتی نووسی، ئەویش بە شێوازێکی دیکە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانە،ئێستاش ئەو دوو میتۆدەی هیگڵ و نیچە بەردەوامە، نیچە لە دوای خۆی زۆر فەیلەسووفی دیکەی سەرسامی خۆی کرد، هایدگەرو مێشێل فۆکۆو جاک دریداو زۆری دیکەش، هیگڵیش بەناوی ئەقلانیەتی کانت ەوە ، توانی فەلسەفەی ئەقلانییەت بۆ خۆی بکات بە ماڵ، کە تا ئەمڕۆش موریدەکانی شانازی بە هیگڵەوە دەکەن، لەسەرووی هەموویانەوە هابرماس.بارزانیش شانازی بە رێبازی بارزانی نەمر دەکات و بارزانی نەمر میتۆدی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییە. هیگڵ بە ئاواتەوە بوو ببێت بە ئەرستۆی سەدەی 19 و بتوانێ سەدەیەک بژیت، بەڵام مارکس و نیچە نەیانهێشت، بارزانیش بە ئاواتەوەیە سەربەخۆیی رابگەیەنێت و بچێتە ناو مێژووەوە، بەڵام نەوشێروان کۆسپێکی سەختە بۆ ئەو پرسە.نیچە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە کە (2500) ساڵ بووە،تەنیا هیراکلیتسی بە دڵ بووە، ئەفلاتون و سوکرات و هەمووانی رەتکردۆتەوە،دژی کانت و هیگڵ وەستایەوەو گرفتەکانی رۆژانەش بەسەر فەلسەفەو شیعرەکانیدا رەنگیدەدایەوە.

بە کورتی نەوشێروان بەرەیەکی فراوانی لەبەرانبەر بارزانی دروستکردووە، بارزانیش جگە لە گۆڕان ویەکێتی و حیزبە ئیسلامییەکان، دوو کێشەی زۆر

ئاڵۆز بەرۆکی گرتووە، یەکێکیان پەکەکەیە کە لە ئایندەدا هەڕەشەی جیدییە بۆسەر پارتی، واتە هەڕەشەی ئایندە بۆسەر پارتی لە ستراتیژدا پەکەکەیە نەک نەوشێروان و حیزبە هاوپەیمانەکان، دووەمیشیان ئەو قەیرانە ئابوورییەیە کە بەهۆی گەندەڵی بەرپرسان و بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی روون بۆ ئایندە، پارتی تەواو تەنگەتاو کردووە،بۆیە سووربوون لەسەر بەرنامە چەوتەکانی پێشوو، بەتایبەت دواخستنی چاکسازیی کە ئەرکی هەرە لەپێشینەی بارزانی و حکومەتی هەرێمە، پێماندەڵێت، چارەنووسی ئەم هەرێمە لە پاپۆڕێکدایە، کونی تێکەوتووە، ئەگەر پەلە لە لێخوڕینی نەکرێت، وەرماندەگێڕێت.

# بەرپرسەکانی ئێمە

بەرپرسەکانی ئێمە چەند بەرەبابێکن، هەموویان یەک بیچمن، کەللە سەرێکی رووتاو، دەموچاوێکی ترشاوو هەڵبزرکاوو رەشهەڵگەڕاو، هەموویان لەنەوەکانی قابیلن،لەگەڵ سەفاحدا نانیان خواردووەو لەگەڵ حەنبەلیدا پیاسەیان کردووەو لەگەڵ شافیعیدا پێکەنیون، لەگەڵ وەهابییەکانیشدا یەکتریان ماچکردووەو چوونەتە سەر گۆڕی ئیبن تەیمییەو لەوێ چاویان بە هیتلەرو مۆسۆلینی کەوتووەو لەگەڵیان کۆبوونەتەوە.قەزافی نامەی بۆ ناردوون و موبارەک بەسەرهاتەکانی ئەم دواییەی خۆی بە گاڵتە ئامێزەوە بۆ گێڕاونەتەوەو سەدامیش یاری مشک و پشیلەی پێ کردوون، چەند

گوتارێکی حەماسی (رۆپسپێر)یشیان لەبەر کردووەو لەسەر کورسی دەسەڵات چەندین هاورێی نزیکی خۆیان لە چەشنی (جاک دانتۆن) کوشتووە. لە کۆمەڵگای رەش و رووت مرومۆچن و دەیبوغزێنن و بە بەردەوامی دەیگەوجێنن و دەیرەتێنن،رقیشیان لە خوێندەوارەکانەو، بەتوندی بەرەنگاریان دەبنەوەو تۆمەتیان بۆ دروستدەکەن و هەندێ جاریش بە فێڵەحیزە دارکاریاندەکەن و تا رادەی کوشتنیش،تاکە شتێک تەقدیسی بکەن جەهالەتە، لە هونەری درۆکردن بێ وێنەن و لەدزیکردنیشدا داهێنەرن ،گۆرانی بێژ بە چاوەش ناودەبەن و مۆسیقا ژەن بە دۆم و قەرەج و شاعیر بە شایەری دیوەخان و رقیشیان لە مەولانا رۆمییەو بە بێ کەسایەتی دەزانن.

بەرپرسەکانی ئێمە لە بەهاری 1991 بە دواوە تا ئێستا بە بەردەوامی باسی بەهەشتمان بۆ دەکەن، کەچی بەردەوام دۆزەخیان بۆ دروستکردووین، بەردەوام رقی ژەهراوی بەسەر حیزبی بەرامبەریان دەرژێنن، وەک بڵێی گوناهباری یەکەم و سەرەکی، ئەو بووە کە دۆزەخی بۆ میللەت گرتۆتەوەو، ئەگەر ئەو نەبوایە ئێستا ئەی میللەت ئێوە لە بەهەشتدا دەژیان، واتا دەیانەوێ بڵێن با ئەو کۆمەڵە خەڵکە قرِ بکەین و بیانکوژین بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی تر لە بەختەوەریدا بژی.هەموو چیرۆکەکانی نەوەکانی قابیل ئەوەیە نابێت خەڵک ئاسوودە بێت و، بەردەوام بیرو مێشک و پلانیان بۆ ملشکاندن و ملشکاندنی خەڵک و ژیانی پرِ لە مەینەتییە، ئەمە چ کارەساتێکە رووبەرِوومانبۆتەوە. ئەم

بەرپرسانەی ئێمە هەمیشە وا گۆشکراون بڵێن ئێمە هەموو شتێکین، گەر ئێمە نەبین وڵات سەراوژوور دەبێت، قیبلە کەچ دەبێت، گەر ئێمە نەبین میللەتیش نابێت ، چونکە ئێمە هێمای بوونی نەتەوەیەکین، ئەمە زمانی رەسەنی کوڕەکانی قابیلە. لەکاتێکدا بەرپرسەکانی ئێمە تەنها پشتگیری لە کەسە ناپووت و بوودەڵەو هیچ لەبارنەبووەکان دەکەن و رقیان لە کەسە راستگۆکان و ئازاکان و دادپەروەرەکانە.

ئەفلاتون فەلسەفەی لەناو هەناوی شیعرو ئاییندا هێنایە دەرەوە، ئەم بەرپرسانەی ئێمەش رۆحی شۆڕشگێڕییان لەناو هەناوی راپەڕینی بەهاری 1991 هێنایە دەرەوەو بەبەرچاوی خەڵک و هەموو دونیا سەریان بڕی و جەستەکەشیان بۆگەنی کرد، ئێستا ئەم بۆنە گەنیوە هەموو هەرێمەکەمانی بەم بۆنە قانگ داوە، هیچ سەرکردەیەکمان نییە ئەم بۆنە گەنیوەی پێ لەناو بچێت، ئێستا ئەم هەرێمە بە درێژایی مێژووەکەی خۆی زیاتر لە هەموو کاتێک ئێستا پێویستی بە سەرکردەیەکی لەخۆبردوو نەک مردوو هەیە کە هێزی نیشتمانبوون و نەتەوەبوون و هێزی کەرامەتمان بۆ بگەڕێنێتەوەو بڵێت ئێمە ئالاین و نەتەوەین .بڵێت بەر لە هەموو شتێک ئێمەش مرۆڤین.

بەرپرسەکانی ئێمە رقیان لە قەڵەم و کتێبە، بۆیە رقیشیان لە کەسانی خوێندەوارو رۆشنبیرە،لەجیاتی کتێب چەک هێمای پیاوەتیانە نەک کتێب، چەک هێمایە بۆ مانەوەیان نەک خزمەت، شەهامەتی خۆیان لە لوولەی

تفەنگ و لە بە تالآنبردنی سامانی گشتیدا دەبینن‌ەوە، نەک لە لێبوردەیی و پێکەوە ژیان، بۆیە لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانیشدا، رۆژێک سەرکردەیەکم نەبینی کتێبی فەیلەسووفێک بەرز بکاتەوەو،بڵێ ئەوە بەرنامەی منە بۆ دوای هەڵبژاردن، بەڵام هەمووجار دەبینم بەرپرسەکانی ئێمە، لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانا چەک بەرزدەکەنەوەو چەک بەسەر دۆست و لایەنگرانیان دابەشدەکەن،جارێک نەمبینی لەجیاتی ئەوەی پەڕۆی حیزبەکەیان لە ملی خۆیان بکەن، وێنەی فەیلەسووفێکی سیاسی بخەنە گەردن و بەرۆکی خۆیان، ئەوەشم بینیوە بەرپرسەکانی ئێمە هەندێکجار زەوی گشتی بەسەر خەڵک دابەشدەکەن، وەک بڵێی ئەم زەوییە موڵکی باوکی بووبێت، ئەمەیە ئەخلاقی بەرپرسەکانی ئێمە، ئەمەیە شەهامەتی بەرپرسەکانی ئێمە، زەوی لە موڵکی گشتی دەسەننەوەو دەیکەن بە موڵکی تایبەت و خاوەنداری تایبەت، تۆ سەیرکە قابیل تەنیا یەک کەسی کوشت و تا دونیا دونیایە کرا بە هێمای نەفرەت و بکوژی ، کەچی ئەم بەرپرسانەی ئێمە هەموو رۆژێ خەڵک دەکوژن و کەچی هێشتا نەبوونەتە رەمزی بێ ئاکاری وستەمکاری و تاوانباری ،زەوی گشتی لە خەڵک دەسەننەوەو بەسەر پیاوە بوودەڵەو بێ نموودەکانی خۆیانی دابەشیدەکەن، کەچی هێشتا نەکراون بە هێمای گەندەڵی، من دەزانم رۆژێک دادێت ئەم بەرپرسانەی ئێمە دەبێت گۆڕستانی تایبەتیان بۆ دروستبکرێت، وەک چۆن دوای شۆڕشی فەڕەنسا خەڵک هات گۆڕی (میرابۆ)یان لە ریزی تێکۆشەراندا گواستەوەو بردیان ئاگریان لە جەستەکەی بەردا تا ئێسک و پرووسکەکەی

بوو به خەڵووز، زۆری دیکەشیان برد لە ریزی خائین و خۆفرۆشانیان شاردەوەو، لەولایشەوە گۆڕی (ڤۆلتێر)و (جان جاک رۆسۆ)یان هەڵکەندو بردیانن لە ریزی تێکۆشەرو نەمرانیان شاردەوە، رۆژێک دێت لەم هەرێمەی ئێمەش بەرپرسەکانی ئێمە وایان بەسەر دێت، هیچ گومانێکم لەوە نییەو دڵنیام، چونکە میللەت هەر چەندە دواکەوتووش بێت، بەڵام جیاوازییەکانی نێوان خەڵک و بەرپرسەکانمان دەزانێت، خەڵک هەرچەندە نەخوێندەواریش بێت بەڵام ئەویش ئینسانەو دەزانێت پیاوە خوێندەوارو نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕە راستەقینەکانمان کێ بوون و دزو گەندەڵ و بکوژو کوڕەکانی قابیلیش کێ بوون.

زۆرێک لەو بەناو بەرپرسانەی ئێمە حەزیان لێبووە خەڵکانی دەوروبەریان بکوژرێن و شەهید ببن تا لەسەر مەرگ و خوێنی خزم و دۆست و هاوسەنگەرەکانیان دڵسۆزی خۆیان نیشانبدەنەوەو پلەیەک دوو پلە بەرزتر بکرێنەوە،ئەوەندە ترسنۆک و بێ شەهامەت و بێ غیرەتیش بوونە تەنانەت نەیانتوانیوە تەرمی هاوخوێن و هاورێ هەرە نزیکەکانی خۆیشیان قورتار بکەن، نموونەکان یەکجار زۆرن لەمبارەیەوە، ئەمە دۆخی سیاسی و حیزبایەتییە لەم هەرێمەی ئێمەدا، ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ئەوجۆرە کەسانە تەواو شێواوەو ئیدی ناتوانن وەک مرۆڤ بەسادەیی بژین،ئاخر ئەو بەرپرسانە باری دەروونیشیان تەواو شێواوەو تێکچووە، سەیرکە تەنانەت ئەوەندە بێ شەرم و بێ ئاکارن لەکاتی چاوپێکەوتنێکی تیڤیدا ئەو هەموو درۆیانە دەگوازنەوەو وەک بڵێی

خەڵک نایزانێت!!. لێرە مەبەستم تەنیا یەک حیزب و دوو حیزب نییە، بە گشتی ئەمە حاڵی بەرپرسەکانی ئێمەیە لە هەرێمی کوردستاندا. ئێستا ئەو بەرپرسانەی ئێمە بەردەوام لەجیاتی هەموو شتێک تەنیا مێشک و خەم و خەوو خەیاڵیان لەسەر ملشکاندنی خەڵکەو هیچی دیکە، شەوان کە دەچنە سەر سیسەمەکەیان بۆ نووستن، تا بەرەبەیان خەویان لێناکەوێت !!،چونکە مێشکیان تەنیا بەم و بەو سەرقاڵە کە چۆن ملی ئەم و ئەو بشکێنن.چۆن ئەویتر دەمکوت بکەن و چۆن ئەویتریش پەشیمان بکەنەوەو ئەویدیکەش پاکانەی لێوەربگیرێت، بە کورتی ئەمە بۆتە ئاکارو خووی بەرپرسەکانمان.

بەرپرسەکانی ئێمە کاتێک دەچنە سەر شاشەی تیڤییەکان، خۆیان وەک بووک دەڕازێننەوە، مکیاجێکی زۆر لە پێستی روومەتە بە لۆچەکانیان دەدەن، برۆکانیان بە جۆرێک دەستکاری دەکەن، تەنیا تاتۆیان نەکردووە، پرچی سپی و قان قانیان بە بۆیەی رەش تۆخ دەکەن، لەوەش سەیرتر چەند وشەیەک وەک توتی دەڵێنەوە، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە، دیموکراسیەت، مافی زۆرینە، مافی مرۆڤ و...هتد، لەکاتێکدا ناتوانن دوو خولەک لەسەر مۆدێرنە قسە بکەن و ناشزانن هۆکاری هاتنی پۆست مۆدێرنە چی بوو لەبەرامبەر مۆدێرنە،خۆیان گێل کردووە (لە بنەڕەتیشدا هەر گێلن) کە مافی مرۆڤ لەم هەرێمە چۆن رۆژانەو شەوانە خەڵک چۆن بە لێشاو ئەتک دەکرێت، بێگومان ناشزانن قووڵاییەکانی مافی مرۆڤ چییەو دیموکراسی کە مافی زۆرینەیە ئەوە پێناسەیەکە 2500 ساڵ هی پێش ئێستایە، ئێستا دیموکراسی واتاو بنەماو لێکدانەوەی نوێی

نەقشکردووە،کە بەرپرسەکانمان هەر نەیانبیستووە.. زۆریش ئیشقی ناوو ناوبانگن، لەکاتێکدا بەهۆی ئەو ناوبانگەیانەوە بە تەواوی کەوتوونەتە پەراوێزی کۆمەڵگا،چونکە ناوبانگەکەیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و داهێنان نییە، بەڵکو بنەمای ناوبانگەکەیان دزینی سامانی خەڵک و ئازار گەیاندن بە خەڵکە،ئەو بەرپرسانە فەلسەفەی (ئەپیقۆر)یان دەربارەی ناوبانگ نەخوێندۆتەوە ، بۆیە بەردەوام هەڵپەیانە زیاتر بناسرێن، لەگەڵ پەیامنێری تیڤییەکان پەیوەندیان باشدەکەن تا بیانبەنە سەر شاشەی تیڤییەکەیان، لەگەڵ بەڕێوەبەری تیڤییەکان بەردەوام لە تەلەفۆنکردندان و ماستاوی خەستیان بۆ دەگرنەوە،هێندە زمان لووسن لە ماستاوکردن باشترین مەرایی و مامەحەمیی دەزانن، چونکە بەردەوام بۆ بەرپرسەکانی لە خۆیان سەرووتر ئەو زمان لووسییە بەکار دەهێنن و کلکە لەقێیان بۆدەکەن.لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی تیڤییەکاندا، تەنیا بەرپرسەکان بۆ پیرۆزبایی دەچن،چونکە دەزانن لەسەر شاشەی تیڤییەکە دەردەکەون، ئەو بەرپرسە گەندەڵانە بەڕێوەبەری تیڤییەکانیشیان گەندەڵ و تەمبەڵ کردووە ، دەنا لە ساڵیادی دامەزراندنی تیڤییەکاندا، پێویستە خەڵکی رەش و رووت بێن بۆ پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە کارمەندە ماندوو نەناسەکان بکرێت، نەک ئەو بەرپرسە گەندەڵانە،بەڕێوەبەرێکی تیڤیشم نەبینی بڵێ ئیمساڵ تەنیا پێشوازی لە خەڵکی رەشورووتی هەرێمەکەم دەکەم، نەک بەرپرسەکان، بەداخەوە بەرپرسەکانیش لە سبەینەکەیەوە خۆی تیف تیفە دەکات و چەند کارمەندێکی لە دەرەوە داناوە هەم بۆ پێشوازی

بەرپرسەکان و هەم بۆ ئەوەی ئاگاداریشی بکەنەوە کە ئاخۆ کام بەرپرس دەگاتە بارەگای تیڤییەکەی تا پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ بکات،لە راستیدا بەرپرسەکانی ئێمە رێک ئەو قسەی عەلی وەردی بەسەریاندا جێبەجێدەکرێ کە دەڵێت جەللادەکان لە بەرانبەر هی لە خۆیان بچووکتر شێرن، لە بەرانبەر هی وەکوو خۆیان رێویین، لە بەرانبەر هی لە خۆیان گەورەترو بەهێزتر مشکن.

بەرپرسەکانی ئێمە دۆخێکی هێندە ئاڵۆزیان بۆ دروستکردووین، تەنیا ئەو پرسیارە نەفرەتیانەی بۆیان دروستکردووین، لە رۆژگارێکی وەکوو ئێستادا بەقەد هەموو پرسیارە نەفرەتییەکانی ئەم گەردوونەیە، شتێکیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە نەبووبێتە پرسیارێکی نەفرەتی، وەک چۆن زۆر جاران دەوترێت شیعری رۆمانتیک یان بە شێوە کلاسیکییەکەی دەوترێ شیعری کۆنەپەرستانە زۆر بەهێزترو جوانترە لە شیعری شۆڕشگێڕی، ئاوەهاش بە درێژایی مێژوو پیاوە ستەمکارەکان بەهێزتر بوون لە پیاوە دادپەروەرەکان، رەنگە کەسمان بەقەد مایکاڤیلی ئەوەمان لا روون نەبێت، چونکە مایکاڤیلی بەچاوی خۆی بینیبووی کە چۆن (ساڤۆنارۆلا) بەهۆی نەرمونیانییەکەیەوە سووتێنرا ، بێگومان ساڤۆنارۆلا زاڵم و ستەمکار بوایە دەستگیر نەدەکرا، نەشدەسووتێنرا..

لە مێژوودا زۆرن ئەوانەی خزمەتی پاشای دیکتاتۆرو ملهوڕیان کردووە، لە بەناوبانگترین فەیلەسووفەوە تا بەناوبانگترین هونەرمەند، لە هۆبزو

ماکیاڤیلی و کانت و هیگڵ و فیختەوە تا سلڤادۆر دالی ، هیگڵ چەپڵەی بۆ ناپلیۆن لێداوە، سلڤادۆر دالیش چەپڵەی بۆ فاشیزم لێداوەو بە هیتلەریش سەرسام بووە،هەر لەسەر ئەو چەپڵەیە بوو ئەندریە پریتۆن ی دامەزرێنەری سوریالیوم سلڤادۆر دالی لە ریزی سوریالییەکان دەرکرد، هیچ فەیلەسووفێک بەقەد مارکس بەرەنگاری ستەمکاری نەبووەوە، بۆیە لە ئەڵمانیاو بەلجیکاو فەڕەنساش جێگای نەدەبووەوەو ئەڵمانیا گوشاری دەخستە سەر وڵاتان بۆ تەسلیمکردنەوەی و بەردەوام داوای دەکردەوە، تا مارکس بە ناچاری سیاسی و ئابووری ،دواجار لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو هەر لەوێش مرد.هیچ فەیلەسووفێکیش بەقەد مارکس بەرەنگاری فەیلەسووف و هزرڤانەکانی سەردەمی خۆی نەبووەوە ، هەر لە سان سیمۆن و هیگڵ و باکۆنینەوە تا پرۆدۆن و رۆبەرت ئۆین و لۆیس بلانک و شارلس هال و شارڵ فۆریەو زۆری دیکە.. ئەفلاتون و ئەرستۆ فەلسەفەیان بە لاڕێدا برد، فەلسەفە لەناو سروشتدا خولقا، کەچی ئەو دوو فەیلەسووفە بردیانەوە ناو میتافیزیقاو فەلسەفەیان پڕ کرد لە میتافیزیقا، ئەپیقۆر زوو زەنگی ئەو مەترسییەی لێدا، بەڵام دوای دوو هەزار(2000)ساڵ ئینجا داڤید هیوم ئەو زەنگەی بە دەنگێکی بەرزتر لێدایەوەو هیوم بوو وایکرد نیچەو مارکس بە قووڵی بچنە ناو ئەو باسەوە، بەڵام تا کات و ساتی نیچە فەلسەفە هەر بە میتافیزیقاوە مایەوەو خۆی راگرت،بەڵام نیچە فەلسەفەی بە تەواوی لە میتافیزیقادا بەتاڵ کردەوەو بە چەکوشەکەی بردییەوە لای هیراکلیتس.هەر نیچە یەکەم فەیلەسووف بوو سوقراتی بە ترسنۆک ناوزەد

کردو دژایەتی ئەفلاتونیشی بە توندی کردو ئەرستۆشی خستە پاڵ ئەفلاتونەوە.

کورد لەم هەرێمە هەمیشە خەیاڵی لەسەر ئەوەیە کە بەرەو دەوڵەتبوون دەڕوات، کەچی بیر لەوە ناکەنەوە بەرەو دەوڵەتبوون دەبێت ئەو پرسیارە نەفرەتیانەی هەموومانی گێژ کردووە لە گۆڕی بنێین و کۆمەڵێک پرسیاری نەفرەتی دیکە دروستبکەینەوە کە ئایندەیەکمان پێنیشان بدات،سەراب نەبێت، بەڵکو بەختەوەری تێدا مسۆگەر کرابێت. کورد دەیەوێت بە بیچمێکی دەمامکدراوەوە بەرەو دەوڵەتبوون بڕوات!! یان بە جەستەیەکی تەمبەڵ و گەندەڵ و جەستەیەک لە چەشنی ئاژەڵ ئا بەمجۆرە بەرەو دەوڵەتبوون دەڕوات،ئاخر چۆن ئاژەڵ نین، کوا فیکرو فەلسەفەکەمان، کوا تۆژینەوە بەهادارەکانمان، کوا کتێبە بەناوبانگەکانمان کە کۆمەڵگای جولاندبێت، چۆن تەمبەڵ نین، کەسمان حەزناکەین کاری جیدی بکەین بەڵام حەزمان لە مووچەیەکی شاهانەیە، چۆن گەندەڵ نین، بزانە چ داهێنانێک لە دزی و تەخشان و پەخشانکردنی سامانی نیشتمانی دەکرێ، نەک تەنیا لە نەوتەکەی تەنانەت لە زەوییەکەیشی، کورد لەم هەرێمە درەنگ دەبیبسێت و درەنگیش دەیبینێت، پێش ئەوەی نەوت دەربهێنرێت،زەوییەکانمان لە خاوەنداری گشتییەوە دەکران بە خاوەنداری تایبەت، کەچی کەس نوقەیەکی لێوە نەدەهات، ئەوە دووساڵە مووچە براوە بۆیە هاواری لێ هەستاوە، دەنا وەک ئە×حابی کەهفی لێهاتبوو، لە گوێی گادا نوستبوو..میللەتێک ئابەمجۆرە بێت چۆن دەتوانێت بەرەو

دەوڵەتبوون بڕوات.ئێمە لەم هەرێمە زۆر داماوین نەک هەر فیکرو فەلسەفەیەکمان بۆ ژیانی خۆمان پێ نەبووە، تەنانەت ئایینەکەشمان نەقلە نەک ئەقڵ، نەقڵێک کە لێی تێ نەگەیشتووین، بە پێچەوانەی ئایینەکانی دیکەی وەک بودایی و کۆنفۆشیۆس و..هتد کە توانیان هێزێک بدەنە بەر گەلانی هیندی و چینییەکان، ئێستا ئایین نەک هیچ هێزی پێ نەداوین بەڵکو ئەو هێزەی هەشمانبووە لێی زەوت کردووین.

بەرپرسەکانی ئێمە ئەقڵیان بچووکە، دەنا زۆر وڵاتی زۆر دواکەوتوو بەهۆی ئەقڵمەندی سەرکردەکانیان توانیان هەنگاوی زۆر گەورەی مێژوویی ببڕن، نموونەی سەنگافورە، سەنگافورە بێ دەرامەتترین وڵات بوو، مالیزیا خۆی دەریکردو سەنگافورە بە ناچاریی و دوور لەخواستی خۆی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام (لی کوان یو)سەرۆکێک بوو توانی لەماوەیەکی کەمدا سەنگافورە بباتە ریزی جوانترین و پێشکەوتووترین وڵاتانی دونیا،لەکاتێکدا سەنگافورە جگە لە زۆنگاو خاوەنی هیچ داهاتێک نەبوو، بەڵام چەند ساڵێک پێش ئێستا سیستەمی پەروەردەی سەنگافورە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی دونیا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا. ئەگەر لی کوان یو نەبوایە، دوور نەبوو دۆخی سەنگافورە زۆر لە دۆخی فلیپین و بەنگلادیش و ئەسیوپیاو سۆمال خراپتر بوایە، ئا لێرەدایە سەرکردە ڕۆڵی مێژوویی دەبینێت، ئەگەر فلادیمێر پۆتین نەبوایە دوور نەبوو ڕوسیا تا ئێستاش بەهۆی قات و قڕی و شەڕی ناوەخۆی وەک چیچان و ..هتد بینالاندبوایە،ڕۆبل وەک عانەی سووتاوی لێهاتبوو..... بەڵام پۆتین توانی

له ماوەیەکی زۆر کەمیشدا رووسیا بگەیەنێتەوە ئاستی وڵاتە هەرە زلهێزەکان و ئەوەتا لە سوریا تەحەدای ئەمریکاو ئەوروپایشی کرد.بەڵام بەرپرسەکانی ئێمە، ئەم هەموو سامانە نیشتمانیەی هەمانبوو، هەموویان حەپەللووش کردو وەکو گا هەڵیانلووشی. ئێستا ئێمە نازانین نەوت دەفرۆشین یان نەوت دەکڕین، چونکە ئەگەر یەک دڵۆپ نەوتیشمان نەبوایە رەنگە ئەوەندە قەرزار و مایە پووچ نەبووینایە. ئەمە حاڵی بەرپرسەکانی ئێمەیە، خەڵک مووچەی پێنادرێت، بەڵام بەرپرسەکانی ئێمە خاوەنی سەدان و هەزاران ملیۆن دۆلارن، کارەساتی گەورە ئەوِەیە هەندێک لەو ملیاردێرانە تەنیا یەک رۆژیش بۆ کوردو کورستان خەباتیان نەکردووەو تا پێش راپەڕینی 1991 جاش بوون، ئێستاش هەق و حیسابی دۆلارە زۆرو زەوەندەکانیان پێ ناکرێت. کۆریای باکوورو باشوور هەر یەک وڵات بوو، ئێستاش هەر بە هەمان ناو ماونەتەوە، کەچی پێشکەوتنی کۆریای باشوور لە بەرامبەر کۆریای باکوور هەر بەراورد ناکرێ، ئەم دەستکەوتە گەورەیە مانای ئەوە نییە گەلی کۆریای باشوور لە گەلی کۆریای باکوور ئەقڵانیتر بوون، نەخێر، بەڵکو سەرکردەکانی کۆریای باشوور ئەقڵانیتر بوون لە هی کۆریای باکوور، بۆیە کۆریای باشور توانی ئاوەها پێشبکەوێت، ئیتر کە باری ئابووری و پەروەردە پێشکەوت، بێگومان کۆمەڵگاش وردە وردە چاوی دەکرێتەوەو پێشدەکەوێت.ئاخر کۆمەڵگا چۆن پێشدەکەوێت لە کاتێکدا تا ئێستا یەک حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تەنانەت یەک بەرپرسی سیاسی لەم هەرێمەی ئێمەدا نییە خاوەنی کولتوورێکی

ڕۆشنگەری بوو‌بێت، یەک دامودەزگای ڕۆشنبیریی ئەکتیڤمان نییە، کوا ئەو بەرپرسانەی خۆیان بە کەسایەتییەکی مەدەنی ناوزەد دەکەن و لە گەندەڵی و دزی و لە بەتاڵانبردنی سامانی نیشتمانی نەگلاٚبن.ئێستا لەسایەی ئەو بەرپرسانەوە ئەو ئیدارەیەی پێکمانهێنابوو، وا ئازادییەکانی بەرتەسکتر دەبێتەوە،برسی و هەژاری وەکوو ڤایرۆس و کولێرا بەناو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، منداڵە کوردێک ئەمڕۆ لەم هەرێمە لەدایک ببێت، تا دەمرێت دەبێت باجی دزییەکانی ئەو بەرپرسانەمان بداتەوە کە هەرێمەکەمانیان لەناو قەرزو بەتاڵانبردن نغرۆ کردووە... ئێمە لەم هەرێمە پێویستمان بە یەک گاندی هەبوو، بەڵام نەبوو، گاندی ئەوکاتەی کەسێک دایە بەر گوللەو خوێنی لەبەر دەڕۆیی، گاندی وتی: هەڵەی من ئەوەبوو کە نەمتوانی هەموو خەڵکەکە فێری خۆشەویستی بکەم. ئەمەیە سەرکردە. بەرپرسەکانی ئێمە زۆربەی هەرە زۆریان لەنێو خێزانێکی فاشیلدا دەژین، بەرپرسێک نەتوانێ خێزانێک بەڕێوە ببات چۆن دەتوانێت نەتەوەیەک و نیشتمانێک بەڕێوە ببات، ئاخر پەروەردەکردن و رزگارکردنی خێزان بە قەد رزگارکردنی نیشمان سەختە، بگرە سەختتریشە . بەرپرسەکانی ئێمە بۆیان بچێتە سەر هاوشێوەی حوکمی کالیگۆلا دەبن، کالیگۆلا پۆستی سیناتۆری دابوو بە ئەسپەکەی خۆی و سووکایەتی بە هەموو ئەو یاساو ڕێسایانە دەکرد کە پێشتر خەڵک ڕێزی لێدەگرت.

بەرپرسەکانی ئێمە بەردەوام بە گوفتار وەک تووتی لەسەر شاشەی تیڤییەکان و دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا باسی بەرژەوەندی گشتی و

ئایندەی کوردستان و سەربەخۆیی دەکەن، کەچی هەموو کارو کردەوەکانیان دژی بەرژەوەندی گشتی و سەربەخۆیی و ژیانێکی ئاسوودەیە بۆ خەڵکی هەرێم، هەموو ژیان و کردەوەکانیان چاوتێبڕینە لە سامانی نەوت و کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی دۆلارە بەسەر یەکدیداو لەپێناو پترۆدۆلارا چاویان لە هەموو کێشە ڕەواکانی نەتەوەیەک نووقاندووە،بەهۆی نەوت و قۆرخکردنی بازرگانی و پەرەسەندنی گەندەڵی ،شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی تەنیا لەسەر رووی دۆلارەکانیاندا ڕەنگی گرتووە، بۆیە بەرپرسەکانی ئێمە نەک هەر لە ئاستی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا نین، بگرە ئەو بەرپرسانەی ئێمە هۆکاری سەرەکین بۆ قووڵکردنەوەو زۆرترکردنی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. هەموو بازرگانەکانی ئەم هەرێمە بەرپرسێکیان لە پشتەوەیە، بۆیە کاتێک داوودەرمانی ئێکسپایەرو کەلوپەلی خواردنەمەنی ئێکسپایەر بە تەن دەهێنرانە کوردستان، ڕۆژێک بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە نوقتەیەکیان لێوە نەهات، تا ئێستا یەک بازرگانی مشەخۆری گەندەڵ بچووکترین سزا نەدراوە، چونکە بەرپرسەکانمان لە پشتیانەوەن.لەکاتێکدا کەم نین ئەو هاووڵاتیانەی بەهۆی دەرمان و خواردنەمەنی ئێکسپایەرەوە گیانیان لەدەست داوەو بازرگانی بکوژیش هەر خەریکی زۆرکردنی دۆلارەکانیەتی. بەرپرسەکانی ئێمە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ ئەو گورگانەی دەکەونە بەر گیانی ڕانە مەڕێک.. چونکە وەک چۆن بەرپرسەکانمان گورگن، ئاوەهاش کۆمەڵگای ئەم هەرێمە مێگەلە مەڕێکن

و هیچی دیکە. ئەگەر مێگەل نەبێت لە راپەڕینی بەهاری 1991 ەوە بەرپرسەکانمان هەر یەکەو پێشمەرگەیەکی رووتەی هیچ نەبوو بوون، کەچی ئێستا ملیۆنێرو هەندێکیشیان ملیاردێرن،کۆمەڵگەی مێگەلیش قڕوقەپی لێکردووەو هەر ناشپرسێ ئەرێ ئەو هەموو ملیۆن دۆلارەتان لە کوێ هێنا...بەرپرسەکانی ئێمە چونکە هەموو شتێکیان بۆ چووەتە سەر ،وایان لێهاتووە لەناو خەڵکیش لووتیان بەرز دەکەنەوە!!، بیریان چوو قەزافی هێندە لووت بەرز بوو خۆی پێ گەورەتر بوو لە سەرۆکایەتیکردنی عەرەب بۆیە هەوڵی سەرۆکایەتیکردنی ئەفریقای دەدا، بەڵام کاتێک کەوتە تەنگانەوە چۆن دەپاڕایەوەو بە چ دەردێکیش چوو!!،سەدامیش بەرنامەی سەرۆکایەتیکردنی هەموو عەرەبی دادەڕشت، بەڵام دوایی لە کونێکدا دۆزیانەوەو لەسێدارەیاندا، هیتلەریش هەر ئەو ئەقڵیەتەی سەرۆکایەتیکردنی ئەوروپاو جیهانی هەبوو، بەڵام ئێستاش کەس نازانێ چۆن فەوتا، ناپلیۆنیش دەیویست دەست بەسەر ئەوروپاو دونیادا بگرێ، بەڵام دوایی کە لە ئینگلتەرا خرایە گرتووخانەوە، بەڕێوەبەری پاسەوانەکان گاڵتەی پێدەکردو ئازاری دەروونی دەدا، بەڵام بەرپرسەکانی ئێمە مێژوو ناخوێننەوە، بۆیە ئەوان لە دۆڵێک دەخوێنن و خەڵکی نوخبەش لەسەر لوتکەیەک دەخوێنێت.راستە نوخبە لەم وڵاتە خەسێنراوە، بەڵام ئەوەی مێژووی خوێندبێتەوە، دەزانێ ئەم خەساندنە تا سەر نییە، نیچە لە زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفەکان ئازاترو بیرتیژترو راستگۆترو راشکاوتریش بوو ، باکی بەوە نەبوو نووسینەکانی چۆن کڵێسا هار دەکەن

و چۆن پیاوانی ئایینی پێی شێت دەبن، نیچە دەیویست کۆماری پتەوی درۆ بڕووخێنێت و بەرپرسەکان بەزەوی دابدات و کەرامەت بۆ خەڵک بگەڕێنێتەوەو مرۆڤی سۆپەرمان و باڵای لێ دروستبکات. ئێستا لەم هەرێمە پێویستمان بە چەند کتێبێکە وەکوو ملوانکە بیکەین بە گەردنی کەچی بەرپرسەکانمانەوە، بەڵام هێشتا کتێبێکمان نییە لە چەشنی زەردەشتەکەی نیچە.لە چەشنی پەیامەکەی سپینۆزا بۆ ئایین ، لە چەشنی رەخنە لە ئەقڵی پەتی کانت بێت، نیمانە کتێبێکمان نییە وەهم و درۆو دزی بەرپرسەکانمان بۆ بنووسێتەوەو زۆردارو ستەمکارەکانیشمان وەکوو خۆیان پێ بناسێنێت.بەڵام دڵنیام رۆژێک دادێت نەک دەیان کتێبی فیکری سیاسی لێدێتە بەرهەم، بەڵکو دەیان فیلمی سینەمایی و دەیان شانۆگەری گرنگی لێ دێتە بەرهەم.

فاشیزم، نازیزم ئیسلامیزم ، ناسیۆنالیزم،کۆمۆنیزم و هەموو ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە، خەڵکیان بە کۆمەڵ کوشتووە، برسیان کردوون و شکۆو کەرامەتیان بۆ نەهێشتوونەتەوە،ئێستا بەرپرسەکانی ئێمە هەمان وەهم و هەمان قەوان لەشاشەی تیڤییەکان و لە راگەیاندنەکاندا لێدەدەنەوەو دەیانەوێ بەردەوام ئەم خەڵکە نەگبەتە بگەوجێنن. پێویستە خەڵک ئەو بەرپرسانە بدۆزێتەوە کە نەبوونەتە خاوەنی کۆشک و تەلار، خاوەنی مەزرەعەو زەویو زار، خاوەنی کۆمپانیاو دۆلار، بەڵام کوا لەکوێن ئەو بەرپرسانە.....بەرپرسەکانی ئێمە خاوەنی هەموو ئەو شتانەن، کەچی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێری و دڵسۆزی بۆ گەل و نەتەوەو بەرژەوەندی

گشتی، بەخەڵک دەفرۆشنەوە،سەیرە کۆمەڵگای کوردی ئاشنایەتییەکی لەمێژینەو قووڵی لەگەڵ ستەمکاری و زۆرداریدا هەیە،کەچی ئەوەندە خۆی بە بچووک دەبینێت، بۆیە بەردەوام دەڕووتێنرێتەوەو گاڵتەی پێدەکرێت.هەموو ئەو راستیانەی لە واقیعدا هەن و ئاشکرا ناکرێن، وا وردە وردە ژەهراوی دەبن، وەک نیچە دەڵێت کەواتە با هەموو ئەو شتانە تێکبشکێنین کە راستییەکانمان تێکیاندەشکێنن، چونکە چەندین تەلاری زۆرمان لەبەردەستدایە تا دروستیانبکەین. هەر کۆمەڵگایەک خۆی بداتە دەست قەزاو قەدەر، هەموو رۆژێک جارێک و چەندین جار مەرگی خۆی وەپێش خۆی دەکەوێت.ئێستا کۆمەڵگایەک وا مەرگی خۆی بەپێش خۆی داوە، لەکاتێکدا بەرپرسەکانی ئێمە لەسەر جەستەی مردوومان رەشبەڵەکیان دامەزراندووەو شاباش شاباشێکە، سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە.

# سەرکردەی نا ئەقڵانی

بیرکردنەوەی ئەقڵانییەت لە بنەڕەتدا بەوە دەردەکەوێت کە بریتیە لە ئاسوودەیی و تەندروستی دەروونی بۆ ئێستاو داهاتوو،چونکە هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کەمکردنەوەی گوشاری دەروونی. واتا هەموو ئەو سەرکردانەی تووشی هەڵچوون و داچوون و تووشی بڕیاردانی  نا واقیعی دەبن، مانای ئەوەیە ئەقڵانی نین بۆیە رووبەڕووی دۆخێکی لەمجۆرە دەبنەوە.

ئەقڵانیەت خۆی لە خۆیدا هەم فیکرو روانینە، هەم بزووتنەوەیە. مێژووی ئەقڵانییەت وەک فەلسەفە زۆربەی سەرچاوەکان بۆ لای ئەفلاتونی دەبەنەوە،بەو مانایەی ئەفلاتون وتوویەتی هەموو شێوەکانی مەعریفە خۆرسکییە (زگماکییە) ،سەرچاوەی ئەو مەعریفەیەش ئەقڵە،بەڵام لە راستیدا کاتێک بەناو فەلسەفەی کۆندا ورد دەبینەوە، رەگو ریشەی

ئەقڵانییەت دەچێتەوە لای هیراکلیتیس،بەهەر حاڵ لێرە مەبەستمان تەنیا یەک خاڵە ئەویش ئەوەیە نیشانیبدەین،کە مێژووی ئەقڵانییەت زیاتر لە (2500) ساڵە، وەک بزووتنەوەیەکی فیکری بەردەوامەو،جاران سەدە لەدوای سەدە، ئێستاش ساڵ لە دوای ساڵ ئەقڵانییەت تۆکمەترو پێشکەوتووتر دەبێت. کەواتا هەموو ئەو کارەسات و مەرگەسات و، هەموو ئەو ڕووداوانەی لە دژی هەر تاکێک ڕوودەدەن، ئەوەی لێی بەرپرسە نا ئەقڵانییەتەکەیە، چونکە نائەقڵانییەت ڕامانێکی سەقەت و بیرکردنەوەیەکی گەوجانەو گەمژانەیە لە هزرو مێشکی هەر سەرکردەیەکدا کە خۆی دەسەپێنێت و، ئینجا چارەنووسی خەڵکێکی زۆر بە نادیاری دەهێڵێتەوە .چونکە بیرکردنەوەیەکی نائەقڵانی ناتوانێ واقیع وەکوو خۆی بخوێنێتەوەو هەزمی بکات، هەمیشە بە خواروخێچی واقیعەکە دەبینێت و تەمومژێکی زۆر بەرچاوی دەگرێت. ئەقڵانییەتیش پێویستی بە زەمینە ڕەخساندن هەیە بۆ گەشەپێدانی فیکر،بۆیە سەرکردەی ئەقڵانی لەناو کۆمەڵگایەکی نائەقڵانی زۆر بە زەحمەت دروستدەبێت،چونکە هەموو سەرکردەیەک بەرهەمی کۆمەڵگای خۆی و بەرهەمی واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری خۆیەتی، زۆر دەگمەنن ئەوانەی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا،لە ناو ژینگەیەکی وێران و پیسدا گەورە بووبن، ئەقڵانیانە بیریانکردبێتەوەو بەرنامەو پلانی سیاسەت بۆ ئێستاو ئاییندە دابڕێژن.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی بە تەواوی نائەقڵانی و دواکەوتووە، کۆمەڵگایەکە هەمیشە حەزی بە دروستکردنی جۆرە سەرکردەیەکە کە

بەشانازییەوە پێی بڵێت کاریزمایەو، ئەو کاریزمایە ئەقڵی لە ئەقڵی هەموو کۆمەڵگا باشترو پێشکەوتووترە، کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە تا ئێستاش نغرۆی ناو عاتیفەی رووت و هەڵچوونی ساویلکانە بووەو، گوێ بە هەڵچوون و داچوونەکانی نادات، گوێ بەو گرفت و کێشانە نادات کە دروستیدەکات،بۆیە تا ئێستاش هیچ ئاسۆیەک بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ ئەو هەموو کێشەو گرفتانەی کەڵەکە بوونە دیار نییە.ئەوەتا لەنێو ئەم هەموو قەیرانە قووڵانەدا، لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زانستیانەمان لەو بارەیەوە یەکجار کەمە، بە رادەیەک دەتوانین بڵێین هەر نیمانە.

لێکۆڵینەوە لە نائەقڵانیبوونی سەرکردایەتی سیاسی پێویستی بە زانستی دەروونشیکاری هەیە، کە فرۆید(1856–1939)دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیەیەو، دوای ئەویش(کارل گۆستاف یونگ(1875 - 1960)هەروەها ئادلەر(1870 – 1937)، ئەگەر چی ئادلەر رەخنەی توندی لەسەر کتێبەکەی فرۆید بەناوی(لێکدانەوەی خەونەکان)هەبوو، بەڵام دوای ئەو رەخنانەی، فرۆید و ئادلەر لە نزیکەوە یەکتریان بینی و دواتریش ئادلەر بوو بە دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونزانی تاک.

بە کورتی هەموو ئەو سەرکردانەی دەسەڵاتێکی زۆر لەلای خۆیان کۆدەکەنەوە، لە رووی دەروونزانی سیاسییەوە ئەو جۆرە سەرکردانە هەست بە جۆرێک لە لاوازی کەسایەتیی خۆیان دەکەن و پێیانوایە بەهۆی ئەم هەموو دەسەڵاتەوە، لاوازی کەسێتییەکەیان دەشاردرێتەوە،لە رووی

دەروونزانی شیکاریشەوە، ئەو سەرکردانە سەرکردەیەکی نائەقڵانین.لە رووی دەروونزانی کۆمەڵایەتیشەوە، ئەوجۆرە سەرکردانە دیموکراتی نین و دیکتاتۆرو ملهوڕن. چونکە لە رووی دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە سەرکردە بەهۆی سیستەمەکەیەوە دەستنیشاندەکرێت کە پەیڕەوی لێدەکات، نەک بەهۆی دانپێدانانی گرووپێکەوە، وێڕای ئەوەی زانستی دەروونزانی کۆمەڵایەتیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە سەرکردە زمانپاراوو زیرەک و متمانە بەخۆی بێت و لەگەڵ خەڵک تێکەڵبێت و ...هتد.

هەموو سەرکردە کوردەکان هەر لە زەمانی لولوبی و گوتی و سوبارییەکانەوە تا دەگاتە سەلاحەدینی ئەییوبی و لەوێشەوە تا دەگاتە شێخ مەحموودو لە شێخیشەوە بۆ ئەو سەرکردانەی لەماوەی نیو سەدەی رابردوودا تێکۆشانیان کردووەو دەیکەن، تێکۆشانێکی نا ئەقڵانی بووەو هەر لەبەر ئەوەشە ئەوەتا ئەمڕۆ لە خاڵی سفر زۆر نزیکدەبینەوە،هیچ ئەقڵانییەک لەوەدا نادۆزیتەوە دوای ئەوەی مێژوویەکی خوێناویت هەبووبێت، بەڵام ئێستا تەنیا دونیایەک قەیران بەرهەمەکەی بووبێت.

خەباتی نەتەوەییمان لەبەرئەوەی لە ئەنجامی وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیەکەوە نەهاتۆتە دروستبوون،بۆ نموونە شۆڕشی ئەیلوول نموونەیەکی زەقە لەوبارەیەوە، بۆیە سەرکردەکانیشمان نەیانتوانی تەنانەت لەناو خەباتەکەشیاندا کولتوورێکی جوانمان نیشانبدەن،بەڵکو بە

پێچەوانەوە گیانی خۆ سەپاندن تا مردن، دواتریش سەرکردەی بۆماوەیی و پشتاو پشت، ئەمانەیان کرد بە کولتوورو بە میرات بەسەر کوردیاندا جێهێشت. چونکە هەر سەرکردەیەک ئامانجی نیشتمانی و بەرژەوەندی گشتی نەبێت، بێگومان ناشتوانێ ئامانجی زانستی ببێت، ناشتوانێ لە ئەدەب و هونەرو مۆسیقا تێبگات، (خۆ جیهانی ئەدەب تەنیا شیعری شاعیرانی کلاسیکی نییە، دونیایەک رێبازو قوتابخانەی سەختن و ئاسان نییە تێیانبگەی)، ناشتوانێ لە سیاسەتی درۆکردن و شەڕی فریودان و هەڵخەڵەتاندن و گەوجاندن خۆی بەدوور بگرێت.ئاخر گەوجاندنی کۆمەڵگا لەوە زیاتر دەبێت چی بێت، کاتێک شەڕ لەسەر پەڕۆ دەکرێت، شەڕ لەسەر ناوی عومەرو عەلی دەکرێت، شەڕ لەسەر ناوی کاکەو مامە دەکرێت، شەڕ دەکرێت بۆئەوەی کۆمەڵگا بەتەواوی نائەقڵانی بێت. هیچ لۆژیکێک ئەوە قەبووڵ ناکات کۆمەڵگایەک زۆر نائەقڵانی بێت، بەڵام سەرکردەکانی ئەقڵانی بووبن، خۆ سەرکردەکانمان لە ئاسمانەوە نەهاتوون،تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی ئێمە لەناو گوندێکەوە هاتوون و کولتوورەکەیان، کەسایەتییەکەیان، رەفتارە سیاسییەکەیان، رەوانبێژییەکەیان، هەمووی بەرهەمی گوندەو سەرچاوەکەی لە گوندەوە وەرگرتووە، دەگمەنن زۆر دەگمەنن ئەو سەرکردانەی لەناو شارەوە هاتوون و دروستبوون، هەموو ئەو سەرکردانەی لەناو شارەوە دروستبوون و بوون بە سەرکردە دواجار تێکشکاون، لە برایم ئەحمەدەوە تا نەوشێروان مستەفا.هەر لەو روانگەوە دەڵێم نەوشێروان مستەفا کوڕی شەڕعی برایم

ئەحمەدە، هەوڵدەدەم لە بابەتێکی تایبەت و سەربەخۆدا ئەو بۆچوونەی خۆم زیاتر روونبکەمەوەو بیسەلمێنم.هیچ سەرکردەیەکی نائەقڵانیش لە مێژوودا نادۆزیتەوە توانیبێتی سیاسەتێکی ئەقڵانی پەیڕەو بکات، بەڵکو سەرکردە نا ئەقڵانییەکان هەمیشە سیاسەتی نا ئەقڵانی پەیڕەو دەکەن،ئەمە مێژووی هەموو ئیمپراتۆرو پاشاکان لە سەرجۆنی ئەکەدییەوە کە یەکەم ئیمپراتۆر بووە لە جیهاندا تا دەگات بە حامورابی کە شەشەمین پاشا و خاوەن هزریش بووە تا دەگاتە ئیمپراتۆرو پاشاو میرو خەلیفەکان، هەموو ئەوانەی نائەقڵانی بوون سیاسەتی نائەقڵانیان پەیڕەو کردووە.

جا لەبەرئەوەی لە شاخ سەرکردەی مەدەنی لەناو حیزبە سیاسییەکاندا یەکجار زۆر کەم بوون، دەبینین لە دوای راپەڕینیش کە ئەوە (25)ساڵی تێپەڕکرد، ئەو سەرکردایەتیانەی ناو زۆرێک لە حیزبەکان بەتایبەت پارتی و یەکێتی، ئەگەر بە وردی لێیبکۆڵیتەوە، رابردوویەکی نیشتمانپەروەرانەیان نەبووە،ناڵێم هەر هەمووی بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان،با لێرەوە پرسیارێک بکەین، ئەوانەی پێش راپەڕین لە شاخ نەبوون و ئەمڕۆ لێمان بوونەتە سەرکردە، با بۆمان روونبکەنەوە ساڵانی 1988،1989،1990،لە کوێ بوون، بێگومان ئەوانەی لەناو شار بوون، یان ئەوەتا بەعسییەکی پیس بوون، یان جاش بوون یانیش سەربازی حکومەتی بەعس بوون، کەواتە جگە لەم رێگایانە هیچ رێگایەکی دیکە نەبوو، ئێستا لەم هەولێرە چەند سەرکردەیەکی پارتی هەن کە پێشتر بەعسی بوونەو ئێستاش باڵادەستن،ئیتر بەشێک لەو جاش و بەعسییانە لێمان بوونەتە فس فس

پاڵەوان و تەنانەت بەناوی نەتەوەیەکی بەدبەختی وەکوو کوردیش قسە دەکەن.

هیگڵ فەیلەسووفی مۆدێرنەیە، لەبەرئەوەش فەیلەسووفی مۆدێرنەیە، چونکە مۆدێرنێتە ببوو بە بابەتی بیرکردنەوەی هیگڵ، رەوتی فیکری و فەلسەفیشی خستبووە ناو چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیی مێژوویی دیاردەناسییەوە. بە بۆچوونی هیگڵ فەلسەفە وەک فیکرێکی جیهانی تەنیا ئەوکاتانە سەرهەڵدەدات و دروستدەبێت کە واقیع کۆتایی بە پرۆسەی وێناو فۆرمی گرتنی خۆی هێنابێت، واتا بە بڕوای هیگڵ بۆ تێگەیشتن لە مێژووی فەلسەفە پێویستە بە فەلسەفەی مێژوودا بچینەوەو بیخوێنینەوەو وردی بکەینەوەو بە تەواوی پێی سەرقاڵ بین. لە راستیدا ئێمەش ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمە، لەدەستی مافیاو چەتەو برسییە چاوچنۆکەکان دەربهێنین، لەدەستی ئەوانە دەربهێنین کە چارەگە سەدەیەکە بەناوی شۆڕشگێڕییەوە دزی دەکەن و گەندەڵیان کردە ڤایرۆسێک و بەناو کۆمەڵگادا بڵاویانکردەوە، دەبێت بۆ دواوە بگەڕێینەوەو خوێندنەوەیەکی زانستیانەمان بۆ خەباتی یەک سەدەی رابردوو هەبێت کە سەرکردەی سیاسی و رەفتاری سیاسی و ئەقڵانیەتی سەرکردەکان و هۆکاری گرتنە دەست و جڵەوگیری سەرکردایەتی تێکۆشانەکانمان بۆ کەسانی نا ئەقڵانی و، هەموو ئەوانە شیبکەینەوەو خۆمانی پێ سەرقاڵ بکەین و لە ژێر میتۆدی کۆمەڵناسی سیاسی و دەرونزانی سیاسی تاوتوێیەکی زانستیانەیان بکەین،دەنا بەبێ شیکردنەوەی زانستیانە ناتوانین

بگەین بە ئامانجێکی روون و دووبارە مێژوویەکی پڕ لە تەمتومان بۆخۆمان دروستدەکەین، کە کورد وتەنی ریسەکەمان لێدەبێتەوە بە خوری.

پێش هیگڵ هیچ فەیلەسووفێک وەکوو هیگڵ جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت نەکردبوو،زۆربەی فەیلەسووفەکانی پێش هیگڵ بەتایبەت (تۆماس هۆبز، سپینۆزا، لۆک، کانت) تێگەیشتنیان بە واتایەکی یەکسان بوو بۆ هەردوو چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی،ئەم جیاوازییەی هیگڵیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هیگڵ مێژووی زۆر دەوڵەتی بەربەری و ستەمکاری خوێندبۆوەو هەڵوەستەی جیدی لەسەر کردبوو، لە لایەکی دیکەیشەوە لەسەردەمی هۆبزو لۆک و ئەوانی دیکە هێشتا دەوڵەتی دیکتاتۆری و ستەمکاری بەوجۆرەی سەردەمی هیگڵ خۆی دانەکوتابوو.تۆ سەیری ئەم هەرێمەی کوردستان بکە هێشتا نەبووین بە دەوڵەت کەچی کۆمەڵگایەکی سیاسی مایە پووچ و چەند دامەزراوەیەکی گەندەڵ و تاڵانچی لێ هاتۆتە بەرهەم کە چارەنووسی هەموومانی بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک راپێچکردووە.

ئێستا مێژووی سەد ساڵەی خەباتی کورد، مێژوویەکە پڕە لە ململانێی ناوەخۆو دوژمنداری و ستەمکاری و، پڕە لە ڤایرۆس و وەهم، پێویستیمان بە سەرکردەیەکە هەموو ئەو ستەم و ڤایرۆسانە لەناو ببات و لاپەڕەیەکی نوێ زۆر نوێ لە خەباتی نەتەوەییمان بنووسێتەوە، وەک چۆن 2500 ساڵ بوو فەلسەفە لە دەرەوەی میتافیزیکا هیچ مانایەکی بۆخۆی نەهێشتبۆوە،

ئەفلاتون ئەو دەردو پەتایەی خستە ناو فەلسەفەوە،بەڵام  نیچە زۆر ئازایانە هات بەو چەکوشەی هەڵیگرتبوو خۆ هەر بە تەنیا سەروگوێلاکی هیگڵ ی هەپڕوون بە هەپڕوون نەکرد، بەڵکو فەلسەفەیشی لەناو ئەو ڤایرۆس و پەتایانە دەرهێنا کە میتافیزیک بوو، واتە ئەو رۆژەی گوتی خودا مردووە، هەر ئەوچرکە ساتەش بوو مەرگی میتافیزیکای راگەیاند، ئێستا ئێمەی کورد پێویستیمان بە پاڵەوانێکی وەکوو نیچە هەیە، خەبات لەدەست ئەو دزو درۆزن و گەندەڵ و تەمبەڵ و ئەو مافیایانە دەربهێنێت و مەرگی هەموویان رابگەیەنێت و لاپەڕەیەکی نوێ بۆ خەباتی نوێمان بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا کەس زاتی ئەوەی نییە ئەو چەکوشە هەڵگرێ.هەوڵەکانی نەوشێروان مستەفا زیاتر لە هەوڵەکانی ئەپیکۆرس یان هەوڵەکانی داڤید هیوم دەچوو لە بەرامبەر میتافیزیکادا،لەوە زیاتر نەبوو، چونکە نەیتوانی چەکوشەکەی نیچە بەرزبکاتەوە.بەتایبەت لەم هەرێمەدا دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوەندە ئاڵۆز بووە وەک تەونی جالجالۆکەی لێهاتووە، کەس ناتوانێت بە تەنیا ئەم دۆخە رێکبخاتەوە، چونکە ئەم دۆخە بە جۆرێکە وەک ئەوە وایە تۆ بتەوێ کتێبێک بخوێنیتەوە بەڵام لە دواوە دەست بە خوێندنەوەی بکەی.

ئەفریقا لە رووی ژمارەی دانیشتوان و هەروەها لە رووی رووپێوی زەوییەوە دووەم گەورەترین کیشوەرە لە جیهانداو، زۆرترین سامانی سرووشتی و ئابووریشی هەیە، بەڵام هەژارترین  کیشوەریشە لە جیهاندا، تا لەژێر چەپۆکی فەرەنسییەکاندا بوون، تەنانەت خاوەنی یەک ئەندازیاری

خۆیان نەبوون، بەڵکو فەرەنسییەکان لە فەرەنساوە ئەندازیاریان بۆ دەهێنان!! مانگانەش پارەیەکی خەیاڵیی زۆر چاکیان پێدەدان،ئێستا ئەفریقا بەهۆی ئەو سەرکردە ستەمکارانەوە گیریان خواردووە کە کورسی دەسەڵات جێناهێڵن، دەنا ئەو وڵاتە دەبوو بە وڵاتێکی زۆر پێشکەوتوو، ئەو ئەفریقایەی کە سەرەتای مرۆڤایەتی لەوێ گەشەی کردووەو مرۆڤ لەو ئەفریقایە بەر لە پێنج ملیۆن ساڵ خۆی لە مەیمونی شەمپانزی جیا کردۆتەوەو وردە وردە بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چین و هیند بڵاوبۆتەوەو، لەوێشەوە بۆ ئەوروپاو ئێران و زۆر شوێنی دیکە بڵاوبۆتەوە، ئێستا ئەو شوێنەی کە بێشکەی مرۆڤایەتی بووە لە سایەی سەرۆکە ستەمکارو دیکتاتۆرەکانەوە هەژارترین وڵاتن لە دونیادا.بەڵام ئیمارات بە هەمانشێوەی ئەفریقا و زۆر خراپتریش لە ئەفریقا تا (25)ساڵ پێش ئێستا خاوەنی ئەندازیاری خۆی نەبوو، خاوەنی نەوتی خۆی نەبوو، وڵاتێکی داتەپیوو هیچ نەبوو بوو، بەڵام لە ساڵی 1990-1991 کۆمەڵێک ئەندازیاری ئەوروپی هێنا بۆئەوەی نەوتی بۆ دەربهێنن، بەڵام هەموو ئەندازیارە ئەوروپییەکان بەهۆی ئەو ژینگە پیسەی ئیمارات هەیبوو کە بەردەوام تۆزوبا بوو، نەیانتوانی لەناو گەردەلوولدا بمێننەوەو ئیماراتیان بەجێدەهێشت، ئیمارات ناچار بوو ئەندازیار لە هیندستان بهێنێت و، مووچەیەکی خەیاڵیشی پێدان بۆئەوەی بمێننەوە، ئا بەمشێوەیە ئیمارات بوو بە جوانترین وڵاتی جیهان لەسەر زەوییەکی بیابانشیندا، وڵاتێکی دیکە نادۆزیتەوە لەناو بیاباندا ئاوەها لەماوەی یەک چارەگە سەدەدا

پێشکەوتبێت، ئێستا ئیمارات ئەو پارەیەی لە دەرهێنانی نەوتیشدا دەستیدەکەوێت کەمتر لە30% لێ خەرجدەکات، باقی ئەوی دیکە هەڵدەگرێت بۆ نەوەکانی داهاتووی، ئێمەش ئەوە یەک چارەگە سەدەیە حکومەتی خۆمان هەیە، بەڵام داهاتی ئەم وڵاتەیان بە جۆرێک هەڵلووشیوە، چەندین نەوەی داهاتووش بێت هەر دەبێت خەریکی دانەوەی قەرزە دزراوەکانی ئەم سەرکردانەی بێت کە ئێستا هەرێمێک بە حوکمێکی فاشیل بەڕێوە دەبەن. ئێستا کۆمەڵگا دواکەوتووەکان زۆر لە یەکدی دەچن با یەکێکیان لەوسەری دونیاو ئەویدیکەش لەوسەری دونیا بێت، گرنگ ئەوەیە لەیەکدەچن و ژیانێکی پڕ نەهامەتی بەسەر دەبەن.

هیچ سەرکردەیەک لە دونیادا نەبووە، هەر لە یەکەم ڕۆژی حوکمڕانییەکەیدا، بانگەشەی ستەمکاری و دیکتاتۆری و حکومەتێکی گروپبەندی کردبێت، تۆ بڕوانە نزیکەی کەمتر لە (5) ساڵ دوای شەری یەکەمی جیهانی، ستالین کرا بە سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی سۆڤێت و هیتلەریش بوو بە سەرۆکی حیزبی سۆسیالیستی نەتەوەیی نوێ لە ئەڵمانیاو مۆسۆلینی بوو بە زەعیمی حیزبی فاشیستی نوێ لە ئیتالیاو هاوکات بوو بە سەرۆکی حکومەتی ئیئتیلافی لە ئیتالیادا،هەر سێ سەرکردە ملهوڕو دیکتاتۆرەکە، خۆ لە یەکەم ڕۆژی وەرگرتنی دەسەڵاتیانەوە بانگەشەی قەتلوعامکردنی خەڵکیان نەدا، بۆئەوەی جێ پێگەی خۆیان قایمبکەن پێویستیان بە چەند ساڵێک هەبوو،هەر واشیان کرد،ئەنجام ئەوەبوو سێ بنەمای دیکتاتۆرییان لەدوای خۆیان جێهێشت

بەناوی نازیزم و فاشیزم و ستالینیزم.. یان کاسترۆی هاوڕێی خەباتی گیڤارا لە کۆتایی پەنجاکانا کە هاتە سەر حوکم چۆن بوو، 10 ساڵیش پێش ئێستا چۆن بوو، ئێستاش وا لەسەر قەرەوێڵە کەوتووەو کەچی هەر خۆی حاکمی وڵاتە، سەدام حوسێن هەموو خەڵکی عێراقی هەڵخەڵەتاند بەوەی کە بڕوای بە سۆشیالیزمی نا سەرەمایەداری هەیەو دۆستی یەکێتی سۆڤێت و کاسترۆیە،سۆڤیەتی و حیزبی شیوعی عێراقیشی هەڵخەڵەتاندبوو، بەڵام دوایی چ دیکتاتۆرێکی لێدەرچوو، کەواتە بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگای مرۆیی بەدەست سەرکردەو سەرۆکەکانیانەوە فریو دراون و فێڵیان لێکراوەو، کۆمەڵگای کوردیش لەماوەی ئەو چارەگە سەدەیەی رابردوودا رووبەڕووی هەمان ئەو هەڵخەڵەتاندن و فێڵ لێکردنە بۆتەوەو ئەوەتا ئێستا کۆمەڵگایەکی بێ توانا بێ ئیرادە بەرهەمی ئەو ستەمکارییەیە کە هەر وا رەگ دادەکوتێ. کۆمەڵگایەک دروستبووە هێشتا بە شەرمەوەش ناوێرێ بڵێ نا،ئاسانیش نییە بە دەنگی بەرز بیڵێی، تەنانەت لەناو فەیلەسووفەکانیش نیچە بە توندی و بە دەنگی بەرزەوە وتی نا، ئەوانی دیکە هەر یەکەو بە جۆرە شەرمێکەوە دەیانوت نا، داڤید هیوم بەهۆی بۆچوونە فیکرییەکانی لەناو خەڵک بەتەواوی ناشیرین ببوو،نموونەکان زۆر زۆرن لەو بارەیەوە. ئێستا ئەو ترسەی لەسەر کۆمەڵگا نیشتووە بە جۆرێکە ئەقڵی لە دەستداوە، چونکە دوژمنی بابەکوشتەی ئەقڵ و ئەقڵانییەت تەنیاو تەنیا ترسە،بۆیە ترس و ئەقڵ دوو گەوهەری ژیانن بۆ مرۆڤ،ئەگەرچی پەیوەندی نێوانیان تەواو ئاڵۆزو تەنانەت دژە، رەنگە

هەندێکجار ئەقڵ ترس بەرهەمبهێنێ، بەڵام بەوجۆرە بەرهەمیناهێنێت کە ئیرادەکەت بکوژێت و چی هێزت هەیە لەناوی ببات،چونکە ترس ئەگەر بە رووتی و بە پەتی وەرتگرت ئەوا بەتەواوی ئەقڵ لەناو دەبات و سەریدەبڕێ،بوونی هەڕەشەی بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی ستەمکارەوە وای لە مرۆڤەکان کردووە بەتەواوی ئەو ترسە بەسەر ئەقڵیاندا زاڵ ببێت، ترس و نیگەرانی لەگەڵ ئەقڵانییەت هەمیشە بەشێکی زیندوون لە ژیانی هەر تاکێکدا و هەر بەمشێوەیەش دەمێننەوە، واتا نە ترس کۆتایی دێت و نە ئەقڵانیەتیش، ئەمە بەشێکی ئاسایی و سرووشتییە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا ، هەردووکیشیان (واتا ترس و ئەقڵ) بەتەواوی پێکناکۆکن و هەمیشە لە ململانێیەکی توندان لەناو بیرکردنەوەی هەر مرۆڤێکدا،کۆکردنەوەی هەردوکیان بە یەکەوە، زۆرجار مرۆڤ تووشی لێڵی و تاریکی و نا ڕۆشنی بۆ ئاییندە دروستدەکات، کە ئێستا رێک کۆمەڵگای کوردی وای لێ بەسەرهاتووەو هیچ رامانێکی قووڵی بۆ ئاییندەو دونیابینییەکی بۆ داهاتوو پێ نییە،کۆمەڵگایەکە داتەپیوەو هیچ بەهایەکی بەخۆیەوە نەهێشتووە، بەڵام لە بنەڕەتدا ترس ناتوانێ تا سەر ئەقڵ لەناو ببات، بەڵکو دواجار ئەقڵ بەخەبەر دێتەوەو راچەنینێک لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا دروستدەکات و دەبێتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆسەر ترس و ترس لەناو دەبات، لەوەدەچێ هێشتا کۆمەڵگای کوردی ماویەتی بەخەبەربێتەوەو ئەو راچەنینە بە مێشکیدا نەهاتووە. چونکە دەبێت ئەوە بزانرێت قەناعەتپێکردن بە ژیانێکی ستەمکاری یان ترساندن لە حوکمڕانیەکی دیکتاتۆری ،هەر کامێکیان بێت،

لەسەر  بنەمای ئەقڵ پێکنەهاتووە، زیاتر هێزو بازووی ترس ئەو دۆخەی دروستکردووە، واتا دوور لە ئەقڵانییەت، لەسەر یاریکردن بە سۆزو عاتیفەو پاڵنەرەکانی ناوەوەی خەڵک دروستبوونە، ئەمەش هەمیشە کۆتایی پێ هاتووەو لەناو بردراوە. بەتایبەت لە رۆژگاری ئەمرۆماندا کە لەسەدەی پازدەوە  شۆڕشی زانیارییەکان دەستیپێکردووەو هێزی بیرکردنەوە بەسەر هێزی بازوو بە شێوەیەکی لەسەرەخۆو درێژخایەن  لە ئابووری سیاسی ئەوروپیدا شوێنی گرتۆتەوە. بە کورتی ئەقڵانییەت کاتێک دروستدەبێت کە لەگەڵ مەعریفە هاوسەنگ بێت،ئەقڵی بێ مەعریفە بەتاڵەو سەرکردەی نائەقڵانی دێنێتە بەرهەم.

بە درێژایی مێژوو پاشاکان خۆیان وا دادەنا کە شکۆمەندییەکەیان لە دەسەڵاتەکەیان زیاترە، بۆیە بەدوای دەسەڵاتی زۆر زیاتر سەرگەردان دەبوون و دواتریش دەبوونە دیکتاتۆرو ستەمکارێکی بێ وێنە،تەنانەت ئامادەبوون شەڕ لەگەڵ وڵاتانیش دابگیرسێنن بۆئەوەی شکۆمەندی و دەسەڵاتەکەی خۆیان باشتر بسەلمێنن. سەرکردایەتی کوردی لەم هەرێمەش یەکەمجار لە دوای هەڵبژاردنە پڕ تەزویرەکەی ئایاری 1992 دۆخێکیان بۆ خەڵک دروستکرد،کە ئیدی هەموو دڵسۆزی و هەموو ئینتیمایەکی خەڵکیان تەنیا لەو دوو حیزبە (یەکێتی و پارتی)دا، نەخشاندبوو، پێوەرێکیشیان بەدەستەوە گرتبوو ئەوەی ئینتیمای بۆ حیزب نەبێت، شۆڕشگێڕ نییە تەنانەت هەوڵیاندەدا بە نانیشتمانی و نادڵسۆزیشی بکەن، ئینتیماکەشیان لە رێگای کڕین و ئیمتیازات بوو، لە بنەڕەتدا بازاڕێکیان جۆشدابوو لە

بازاڕی ڕەش دەچوو کە تەنیا بانگەشەی مەزاتکردن و هەڕاجکردنی خەڵک بوو.ئیتر حکومەتێک لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابووبێت بێگومان نائەقڵانی و ستەمکار دەردەچێت و دەسەڵاتیش دەکەوێتە دەست گرووپێکی بچووک کە سەرچاوەی داهاتەکانیان بەدەستەوەیە، هەر کاتێکیش دەسەڵات لە دەست چەند کەسێک کۆ بووەوە، بە تەبیعەت ئازادی فیکرو نووسین و هونەرو بووژانەوەی بازاڕی ئازادو رای گشتی و بەشداریکردنی سیاسی و...هتد مانایەکی بۆ نامێنێتەوە، چونکە سانسۆرێکی توند دەخرێتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان. هیچ حکومەتێک نابێتە حکومەتێکی دیموکراتی ئەگەر خەڵکێکی زۆر پشکیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا نەبێت،کاتێک بەشداریکردنی خەڵکی بەرتەسک بووەوە ئەو حکومەتە بە تەبیعەت حکومەتێکی ستەمکارو دیکتاتۆرە.خەریکە هەرێمی کوردستان بە تەواوی دەبێتە حکومەتێکی ئۆلیگارشی، کە هیچ بەهایەکی بۆ هاونیشتمانیان نەهێشتۆتەوە، لە دۆخێکی وەهادا هیچ بەهایەک بۆ دیموکراسیش نامینێتەوە.

ئێستا لەم هەرێمی کوردستانە سێ بنەما بۆ لەناوبردنی دیموکراتی بەڕێوەدەچێت، کە بریتین لە سەروەت و سامان، لەگەڵ شەڕ و ترس،ئەگەر سەیری مێژووی هەموو ستەمکارو ئیمپراتۆرو پاشاکان بکەین، دەبینین ئەو سێ چەکەیان بەرز راگرتووە، قۆرخکردنی سامان و پارەو پوول، گورزێکی کەمەرشکێنە بەر دیموکراسی دەکەوێت، روونیشە هەر کاتێک شەڕ قسەی کرد،ئیدی وڵات دەکەوێتە بەر مەترسییەوەو کەس بۆی نییە لە

دۆخێکی وەهادا نوققەی لێوە بێت، کاتێک ترس و دڵەراوکێ لە تاکی مرۆڤەکاندا رەگی داکوتا، دیموکراسی دەبێتە وشەیەکی گاڵتەجاڕی. ئێستا ئەم هەرێمە بەم سێ چەکە دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە دەبات،سامانی گشتی بەردەوام دەبردرێ،بەهۆی هاتنی داعشەوە، نابێ کەس نوققە بکات، ترسیش هەموو کۆمەڵگای خەساندووەو ئیرادەکەی کوشتووە .

# ئایین و ئیشق

لەوەتەی ئادەم و حەوا هەبووە، ئایینیش چۆتە ناو تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، زۆربەی کۆمەڵگاکان،کاتێک هەر ئایینێکیان وەرگرتووە، بۆ تێگەیشتن لەو ئایینە پیایدا نەچوونەتە خوارەوە، بۆیە ئایین زۆر بە سانایی بووەتە کولتووری میللەتان،هەموو کۆمەڵگاکانیش ئایینەکەی خۆیان پێ راست و دروستبووە،لەکاتێکدا ئایینی هیچکامیان یەک شت نین، ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێ خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکانیشیان یەکجار زۆرن، تەنانەت بە ئایینە ئاسمانییەکانیشەوە،تەورات و ئینجیل زۆر جیاوازن، تەورات و قورئان زۆر خاڵی هاوبەشیان تێدایە، لەکاتێکدا ئەو خاڵە هاوبەشانە بەرلەوەی موسا لەدایک ببێ، بۆماوەی (1000)هەزار ساڵ پێش موسا لەناو ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی و ئەکەدی هەبووەو دوای زیاتر لە(1000)هەزار ساڵ ئینجا گوازراوەتەوە ناو تەورات، بە یاساکانی حامورابیشەوە. ئیتر دوای

(2000) دووهەزار ساڵیش بەسەر تەوراتدا ئینجا لە قورئاندا جێگای بۆکراوەتەوە.بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆربەی گەلانی دونیا بە کۆمەڵگای کوردیشەوە، نەک هەر شتێکی شایان لە ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی نازانن، بەڵکو لەناو خودی ئەو سێ ئایینە ئاسمانییەش شارەزاییەکی پێویستمان نییە، راستە گەلانی رۆژئاوا، لەماوەی(500) ساڵی رابردوودا قۆناخی زۆر گەورەیان هەڵگرتووەو، ئەمرۆ ئەوروپا هەر بە شێوەو بە ناو مەسیحین، دەنا لە ناوەرۆکدا ئایینی مەسیح لە ئەوروپا کۆتایی پێهاتووەو تەنیا لەناو چواردیواری کڵێساکانەوە ئەو ئایینە جۆشێکی نەرمو لەسەرەخۆی تێدا ماوە، هەرچەندە تا ئێستا خەڵکی ئەوروپاش بە گشتی نەیانپرسیوە،بۆچی عیسایەک کە لە ئۆرشەلیمەوە بە جوولەکەیی دەژی و دەمرێ، کەچی لە یۆنانەوە ئەو ئایینەی بۆ دەنووسرێتەوەو بەسەر تەواوی رۆژئاوادا پەخشدەکرێ؟، چونکە عیسا تەنیا هەندێک تێبینی لەسەر پەیڕەوانی ئایینی جوولەکە هەبوو، نەک بەئومێدی دروستکردنی ئایینێکی دیکە بووبێت،هەر بۆیەش بە جولەکەیی مرد نەک بە مەسیحی. ئایینی ئیسلامیش لە حیجازەوە بانگەشەی بۆ کرا، کوردیش لە گەرمەی فتوحاتەکانی ئیسلامدا، کە سەردەمی خەلیفەی عومەری کوڕی خەتاب بوو،بەرەنگارییەکی قارەمانانەی لەبەرامبەر گەیشتنی ئەو ئایینە نواند،دواتر بە هێزی ئاگرو ئاسن،کورد ئەو ئایینەی پەسند کردووە، گرفتی ئەمڕۆ لەوەدایە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی بڕوایان بەو ئایینە هەیە، تێینەگەیشتوون، چونکە کورد بە گشتی رێژەیەکی زۆر کەمی زمانی

عەرەبی دەزانن، ئەوانەی دەشیزانن، بە وردی قورئانیان نەخوێندۆتەوە، تەنانەت ئەو هەموو کوردەی خەریکی نوێژکردنە، بەشێکی زۆری نوێژەکەش بە هەڵە دەخوێننەوەو لە مانای ئایەتەکانیش تێنەگەیشتوون.بۆیە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی دینامیکی پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام بکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی دۆگمایی و وشک دەیڵێنەوە،کە هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆش ناهێڵێتەوە. ئەمەشیان مەترسیدارترینیانە، چونکە ئەقڵ لەو بوارە هیچ جێگایەکی بۆ نابێتەوە.

ئەوروپا زیاتر لە 1000 ساڵ بە چەقبەستوویی نالآندی و نەیتوانی هەنگاوێکیش بچێتە پێشەوە، چەقبەستنی ئەوروپا بوو، کۆمەڵێک زانا لە غەرناتای ئەندەلووس گەشەیان بە لێکۆڵینەوەی فیکری و ئایینی دەدا، بەڵام کاتێک ئەوروپا ئایینی لە کڵێساکاندا قەتیس کردوو، لە کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵکی و لە سیاسەتی دابڕی، ئیتر ئەوروپا هەنگاوی یەکجار گەورەی لە بواری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژی و سیاسییەوە بینی، کە زۆرترین خزمەتی مرۆییشی پیکردووە.مەبەست ئەوەیە نە جوولەکە نە مەسیحیەت هیچکام دەقاودەق پەیڕەوی لە ئایینەکانیان ناکەن، چونکە تێگەیشتوون ئەگەر دەقاودەقی تەورات جێبەجێبکەن، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جوولەکە بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا دێت،کە بۆ ئەمڕۆ ناگونجێ، ئایینی مەسیحییەتەکەش بە هەمانشێوەیە،ئەمریکاو ئەوروپای مەسیحی لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی پەیوەندیان زۆر باشترە لە بەرامبەر هەندێک

ولاتی مەسیحی دیکە، بۆنموونە لەماوەی 20 ساڵی رابردوودا ئەمریکا،پەیوەندییەکانی زۆر باشتر بووە لەگەڵ پاکستان و سعودیە، بەڵام لەگەڵ ڤەنزویلاو کوباو روسیاو..هتد، نەک بەوشێوەیە نەبووە،بەڵکو هەر زۆر خراپیش بووە.شەڕی دووەمی جیهانی نموونەیەکی زۆر زەقە لەو بارەیەوە. گرفتی ئایینەکان لەوەدایە،کە دەقاودەق پەیڕەوی لێبکەی،لەکاتێکدا، ئایینی جوولەکە 3300 ساڵ پێش ئێستاو ئایینی مەسیح 2000 ساڵ و ئیسلامیش 1400 ساڵ پێش ئێستاکەیە،ئەم دەقانەی بۆ ئەوکات بەکارهێنراون،چۆن دەتوانرێت لەو دونیای پێشکەوتنەی ئەمڕۆکەدا، یەهەمان نەفەسی دەقەکانەوە رەفتار بکەین،باشە ئایینی ئیسلام وەک لە قورئاندا هاتووە (ماکان محمد ابا احد من رجالکم ولکن رسول الله وخاتم النبیین —الأحزاب 40) کە کۆتا ئایین بێت و ژیانیش بەردەوام بێت، باشە دوای 100 هەزار ساڵی دیکە کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارێکەوە، دونیایەک گۆڕانکاری یەکجار گەورەی تێدەکەوێت، ئایا دەگونجێ ئێمە هەموو ژیانمان لەو چوارچیوەیەدا قەتیس بکەین کە پێیدەوترێ ئایینی ئیسلام، لەکاتێکدا گۆڕانکارییەکانی ئێستا، مرۆڤایەتی بە تەواوی لە ئایین دابڕیوە، تەنیا کوردو عەرەبن کە تا ئێستا بە توندی خۆیان بە ئایینەوە گرتووەو سەیری ئەملاو ئەولا ناکەن،ئەمەش گەورەترین گرفتی کۆمەڵگای کوردییە.چونکە هیچ نەتەوەیەک لەسەر ئەم گۆی زەوییە نییە، بەقەد نەتەوەی کورد قوربانی ئایینی ئیسلام بووبێت، ئەم ئایینە یەک ملیار خەڵکی هەیە، بەڵام کورد قوربانی هەرە گەورە

بووە، فارس، تورک، عەرەب، تا دەگاتە پاکستانی و ئەندۆنیزی و مالیزی و...هتد،هەموویان لەجیاتی قوربانی بووبن، سوودمەند بوونە لێی، جگە لە کورد. بۆیە بەردەوامبوونمان لەگەڵ ئایین وەک ئەوە وایە کورد بەردەوام شەڕ لەگەڵ خودی خۆیدا بکات،بێگومان شەڕێکی لەمجۆرەش دژوارترینیانە،چونکە هیچ شەڕکردنێک وەکو شەڕکردن لەگەڵ ناخی خۆت ترسناک و سەخت نییە.

ئێمە لەمناڵییەوە بە کولتوورێک تەلقین دراوین و دەدرێین، ئەو کولتووره بنەماکانی شارستانیەتی تێدا داماڵدراوە،بۆیە مرۆڤ کە گەورەش دەبێت، ئاسان نییە خۆی لەو کولتووره تەڵقین دراوە دووربخاتەوە، چونکە بیری منداڵی تیژەو بە ئاسانی یادەوەرییەکانی منداڵی بیر ناچنەوە، ئەمە هۆکارێکی گرنگە کە وای لە کۆمەڵگای ئیسلامی کوردی کردووە، کورد گوتەنی (خەنجەری لەکالاّن دەرهێناوە) هەمیشە ئامادەی تەکفیرکردنی بیروڕای جیاوازەو سەرقاڵی فەتوادانە.هەر ئەمەشە وایکردووە، مرۆڤی کورد هەمیشە لە ناخەوە ماندوو، نیگەران، نا ئارام، سەرگەردانەو بۆ رزگاربوونیش لەم چەمکانە پەنا دەباتە بەر توندوتیژی. ئیتر هەرگیز ئیشق و خۆشەویستی لەو فەرهەنگەدا جێگایەکی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە لە قورئانیشدا بە یەک وشەش باسی ئیشق نەکراوە، ئەوەی پێیشیدەوترێ خۆشەویستی تەنیا مەبەستی لە خۆشەویستی خوداو خۆشنەویستنی جۆرە خەڵکانێکە.کۆمەڵگای کوردی لەجیاتی ئەوەی بچن مەولانا رۆمی بخوێننەوە، کە چ ئیشقێکی خودایی لەناخیدا رەگی داکوتاوە، کەچی

خەریکی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی پووچن،بەدوای هەندێک رەوت و مەزهەبی ئایینی کەوتوون،کە ئەمڕۆ ئەو بیروبۆچوونانە بە تەواوی پەکیان کەوتووەو کاریان پێ ناکرێ. چونکە لە بنەڕەتدا ژیان بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بۆ خزمەتکردنی و بۆ جوانکردنی ژیانی زیندەگی هاتۆتە ئاراوە، نەک بۆ کوشتن و سەربڕین و تۆقاندنی مرۆڤ و بەردەوام بۆ پێشێلکردنی مافەکانی.نەک بۆ دابڕان و گۆشەگیربوونی مرۆڤ لەو سروشت و کۆمەڵگایانەی کە پێویستی بە تێکەڵبوونە نەک دابڕان. هەر لەبەر ئەمەش بووە، ملیۆنەها ساڵ بوو ژیان هەبوو، دارو درەخت و رووبارو کانی هەبوو، ئینجا زیندەوەرو گیانەوەر هەبوون، ئینجا مرۆڤی لێ خولقا.واتە ئامادەباشییەکی تەواو بۆ ژیانی مرۆیی دروست ببوو، ئینجا مرۆڤیش هاتە ئاراوەو ژیان بە دارو درەخت و رووبارو مانگەشەوو ئەستێرەکانییەوە، بە زیندەوەرو گیانەوەرەکانییەوە هەموویان پێشوازیان لە مرۆڤ کرد. بۆیە ئایین لە سەرەتاوە مایەی بەخشینی ئاسوودەیی و مایەی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو،نەک مایەی توندوتیژی.هەڵەیەکیش بوو کە ئایین خرایە ناو رۆحەوە، چونکە رۆح بۆ ئیشق و خۆشەویستییە، بۆ ویژدانە، بۆ سەمای ئێوارانە، بۆ پەخشکردنی بۆن و بەرامەی خۆشەویستییە بەسەر سرووشتدا،بەڵام لەو کاتەوەی ئایین رۆحی داگیر کرد، ئیتر رۆح لە بەشێکی بنەڕەتی ئەو چێژە دوورخرایەوە،لە کاتێکدا هیچ چێژێک بەقەد چێژی رۆح ئاسوودەیی تێدا نییە، هیچ ئازارایێکیش بە قەد ئازاری رۆح ترسناکترو پڕ ئازارتر نییە. زۆربەی زۆری ئەو مەزهەبانەی دوای

پێغەمبەری موسڵمانانەوە هاتوون،هەریەکێکیان بۆخۆیان پرگاڵێکیان هێناوەو سنووری بازنەیەکیان بۆ کێشاوین و ئێمەیان خشستۆتە ناو ئەو بازنەیەوە،بازنەی هەر یەکێکیشیان لە ئەویتریان بچووکتر بۆتەوە،تا وای لێهاتووە ئێستا ئایین خودایەکی بۆمان داناوە، کە ئەوەندەی جێگای ترسە، ئەوەندە مایەی خۆشەویستی نییە، چونکە ترس دوژمنی راستەقینەی خۆشەویستییە، کە ترس هەبوو، خۆشەویستی جێگای نابێتەوە،کۆمەڵگای کوردی تەنیا لە ئاییندا لە دۆخێکی زۆر خراپدا نییە، بەڵکو لە ئەفسانەو هونەریشدا، لە خراپترین دۆخداین،ئەفسانەی سۆمەری و بابلی و یۆنانی و ..هتد،کەچی کورد لەپاڵ سۆمەریەکاندا ژیاوەو بێ هونەرو بێ ئەفسانەیە،یۆنانییەکان ئەفسانەکانیان تێکەڵ بە شیعرو تەنانەت چیرۆک و هونەرییشیان کردووەو، لەناو هونەریشدا رەنگرێژیان کردووە،کورد ئەوەی هەیەتی دوو شتە یەکێکیان چیرۆکی بەرئاگردانە،کە زۆر دواکەوتوانەیە، ئەویتریشیان داستانە، ئەویش نەتوانراوە هونەرییانە دابرێژرێتەوە،ئێستا هەردووکیان کۆتاییان هاتووە، چونکە هونەرو مێژوو لە ئاستێکی بەرزدایە. کەواتە کورد پێویستی بە دوو نەشتەرگەریی هەیە، یەکێکیان بۆ دڵ و ئەویتریشیان بۆ مێشک. کەواتە پێویستە سەرلەنوێ بە رۆحێکی نوێ و دونیا بینییەکی نوێوە،خۆمان مانیڤێست بکەین،بۆئەوەی ئەو هەموو ژەنگ و ژارەی بەسەر دڵ و مێشکمانەوە نیشتووە، بیتوێنینەوەو،ئەزموونێک لەو مێژووە دوورو درێژەمان وەربگرین،کە ئێمەی بەتەواوی گۆشەگیرکردووە. چونکە ئایین ژیانی هەموو ئەو کۆمەڵگایانە رەتدەکەنەوە کە بە توندیی

ئایینەکەیان وەرگرتووە،لە هونەر، لە جوانی، لە خۆشەویستی، تەنانەت لە خەیاڵی جوانیش بەتەواوی دوورتدەخاتەوەو رێگات پێنادا چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەربگریت، لەکاتێکدا ژیان پڕە لە نهێنی، پڕە لە ئیشق،پڕە لە جوانی.هەر مرۆڤێک یان لە روانگەیەکی فراوانترەوە، هەر کۆمەڵگایەک تووشی ئەو دابڕانە ببێت، ئەوا کۆمەڵگایەکی بکوژو توندوتیژیی لێدەردەچێت،کۆمەڵگایەک تەنیا دەزانێت جەهل بڵاوبکاتەوە، ئیدی لە بنەڕەتدا کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی ژەهراوی،بە دیوەکەی تر کۆمەڵگا هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوەو هەست بە بوونی خۆی ناکات، سەدان ملیۆن مرۆڤ هەن لەسەر ئەم زەوییە دەژین و هەست بە بوونی خۆیشیان ناکەن.چونکە هەموو ئایینەکان تەنیا باسی مردنمان بۆ دەکەن، باسی ئەودیو ژیانی زیندەگیمان بۆ دەکەن، باسی ژیانی زیندەگی ئێستامان بۆ ناکەن. من نازانم چ خۆشەویستییەک لەناو ماڵێکدا بەرهەم دێت کاتێک ئیسلام پێت دەڵێت ماڵ و منداڵ فیتنەو بەڵایەو تەنانەت ژیانی زیندەگیش بە دۆزەخ بزانێت، بێگومان لێرە هیچ هاوسۆزییەک بۆ ماڵ و منداڵ نامێنێتەوە.

کولتوورێک نابێتە کولتوور ئەگەر تۆ ملکەچی نەبیت و پەیڕەوی لێ نەکەی، کۆمەڵگایەک کۆمەڵگای تۆ نابێت ئەگەر لەناویدا نەتوێیتەوەو بەهاکانی لەخۆتدا نەدۆزیتەوە، هەموو ئەو کولتوورانەی بوونەتە کولتوور لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سەدان ساڵەی کۆمەڵگایەکەوە دروستبوونەو مانەوەی خۆیان پاراستووە، هەر کاتێک هێزی بەرەنگاری لە بەرامبەریدا

دروستبووه، ئیتر ئەو کولتووره گلۆڵەی کەوتۆته لێژی و بەرەو نەمان چووه، له ئەنجامدا کولتوورێکی دیکه جێگای گرتۆتەوه، ئیتر ئاوەها پرۆسەکان دووبارەو سەد باره بوونەتەوه،هەر کۆمەڵگایەکیش کاتێک تاک بەهاکانی وەرنەگرت و لێی هەڵگەڕاوه ، ئەو کۆمەڵگایه شاربەدەریدەکات و نەفرەتی لێدەکات و دواجاریش به پەندی زەمانەی دەبات، ناسر حامید ئەبوزێدو سرووش و سوکرات و ئەفلاتون و سیپینۆزاو ئیبن روشدو فارابی و جیۆردانۆ برۆنۆو کۆپەرنیکۆس و گالیلۆو سەدان زاناو بلیمەتی دیکه نموونەی زیندوون. هەر کەسێک له هەوڵی ئەوەدابێت، رۆحی داگیر نەکرێت و نەبێته کۆیلەی ئەو کولتوورەی له ژینگەکەیدا پەیرەوی لێدەکرێ، کردوویانه به پەندی زەمانه.

ئاییینیش کولتووره،هەموو ئاییینەکانیش بەرامبەر به ژیانی زیندەگی رەشبینن ، بۆیه هەمیشه دژی ژیان و خۆشییەکانی ئەو ژیانەشن، ژیانێکی ترمان پێدەڵێن،که وامان لێدەکەن زوو ئەم کۆچه بکەین تا زووتر بیگەینێ!!ئەمەیه وایکردووه لەناو کورددا دڵەکان سەما ناکەن، چونکه نەیتوانیوه ئاشق بێت، نەیتوانیوه جوانناس بێت...ئەوانەی شیعری دڵداریمان بۆ دەنووسن،زۆربەی هەره زۆریان نەیانتوانیوه ئاشق بن، ئەوانەی رۆمانمان بۆ دادەڕێژن، نەیانتوانیوه به شێوەیەکی ئیستاتیکی باسی ئیشق و سێکس بکەن، چونکه ئەزموونیان لەگەڵیدا نەبووه. مەولانا رۆمی دەڵێت: هەتا عاشق نەبین، مەحاڵه له عیشق تێبگەین.. تا ئێستا یەک شیعر، یەک رۆمانمان نییه، جورئەتی ئەوەی کردبێت یان ئەقڵی بۆ

ئەوە چووبێت کە سێکس گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووشت، سێکس باڵاترین هونەرە بۆ مرۆڤ،وزەیەکی لەبن نەهاتووەو وا لە مرۆڤ دەکات کە هەستدەکات باڵی گرتووەو دەفڕێ بۆ جیهانێکی دیکە کە قەت نەیبینیوە، سێکس نوێبوونەوەی مرۆڤ و نوێبوونەوەی رۆحی مرۆڤە، نوێبوونەوەی رۆحی مرۆڤ بەدەر لە سێکس لە هیچ شتێکی دیکەدا بەدی نایەت،جگە لەو شتانەی پێیاندەوترێ غەریزە . بۆیە سێکس بۆ یەکەمجار کە دروستبوو، لە مرۆڤەکاندا دروست نەبوو، بەڵکو لە زیندەوەرو ئاژەڵاندا دروستبوو، چونکە ئەوانیش سرووشت وای خولقاندبوون کە پێویستیان بە یەکتر هەیە، کاتێک باوەش بە یەکدا دەگرن، ناچارن دەبێت سێکس بکەن، بۆئەوەی خۆیان لە فەوتاندن رزگار بکەن، واتە سێکس مانای مانەوەیە،مانای بەرگریکردنێکی ئەبەدییە لە خۆت، بۆیە زۆر پیرۆزە.پیرۆزتریشە ئەگەر وەکوو مرۆڤ رەفتاری لەگەڵدا بکرێ، کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا باسکردنیشی عەیبەیەکی گەورەیە، تەنیا سێکس دەتوانێت ئەو هەموو ئازارە قورسەی لەسەر شان و پشتی مرۆڤەوەیە رایبماڵێ و لەجیاتی ئازار چێژی رۆحی پێ ببەخشێ.بەڵام من گومانی زۆرم هەیە هێشتا کورد فێر نەبووە وەکوو مرۆڤ سێکسیش بکات، ئەوەی دەیکات تێرکردنی غەریزەکەیەتی بە رێگایەکی ئاژەڵیی، کورد کوا لەمانای سێکسی مرۆیی تێگەیشتووە ؟! وەڵامی ئەو پرسیارە لای کچ و ژنانی کوردە،کە پیاویان لا بۆتە دێوو دەعبا.ئاخر ئەو پیاوانە زۆرن کە رەفتاریان رەفتاری دەعباو دێوە .

بونیەوییەکان بۆیە پێیاندەڵێن، بونیەوی(بوونگەرا)چونکە ئەوان هاتن لەجیاتی ئەوەی گرنگی بە خودا یان بە هەر شتێکی دیکە بدەن، هاتن هەموو ژیانیان لەناو(بوون)دا چڕ کردەوە، بە واتایەکی دیکە (بوون)یان لە بەرامبەر بە وشەی خودا دانا.بۆیە بوون بەهەمانشێوەی خوداو بگرە زیاتریش ئاڵۆزی تێکەوتووە، هەر لە ئەفلاتونەوە تا سارتەرو هایدگەر، لەوێوەش تا فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆ، هەموویان و هەر یەکەو بە جۆرێک لە بوون دواون. ئایینی ئیسلام کە ژیان رەتدەکاتەوە، کەواتە گرنگی بە مردن و دوای مردن دەدا، مردن، بازنەی پەیوەندی نێوان ژیان و دوای ژیانە، بۆیە موسڵمانەکان هەمیشە رێزێکی زۆر لە مردوو دەگرن. تەنانەت ئەوانەی لە سێدارە دەدرێن، یان لە خاچدەدرێنن یان ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرن، ئیتر کە مرد، رێزی بۆ دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا بەهۆی لەسێدارەدانەوە یان بەهۆی ئەشکەنجەوە، یان بەهۆی لەخاچدانەکەیەوە مردووە، سەیرە!!کورد هەمیشە زیندووکوژی مردوو پەرست بووە، هەر ئەوەشە وایکردووە لەناو کورد ئەو قسەیە زۆر باو بێت کە دەوترێ(مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە)، یان (ئەوەی کە مرد شەیتان دەستی لێ دەشوات)، واتا تا زیندووە شەیتان لە کەڵکەڵەیدایە، بەڵام کە مرد ئیتر شەیتانیش بە لایەوە ناچێت.ئەمەیە کۆمەڵگای کوردی، کە گەمژەکان بۆ زیاتر گەوجاندنی خەڵک دەڵێن ئێمە خاوەنی کۆمەڵگایەکی کراوەو زیندووین. جگە لە مرۆڤ، هیچ زیندەوەرێکی دیکە خاوەنی هیچ ئایینێک نییە، بە داروبەردو ررووباو درەختەکانیشەوە، خاوەنی هیچ ئایینێک نین، تەنیا مرۆڤە

بیردەکاتەوە، کە دەبوو مرۆڤ زیاتر لە دارودرەخت و زەوی و باڵندەو زیندەوەرو ئاژەڵ، خاوەنی هیچ ئایینێک نەبوایە، چونکە ئەقڵی مرۆڤ زۆر زیاترە لە ئەقڵی زیندەوەرو گیانەوەرەکانی تر،کەواتە نەدەبوو مرۆڤ چوارچێوەیەک بۆ خۆی بکێشێت و بڵێ تا ئێرە سنووری بیرکردنەوەی من و گوزەراندنی ژیانی منە، چونکە ژیان پڕە لە نهێنی کە بەردەوام نهێنی نوێی تێدا دەدۆزرێتەوە.بەڵام گرفتەکە ئەوە بووە مرۆڤ لە سەرەتای هاتنە دونیایەوە، ئەوکاتە زۆر دەبەنگ و گەمژە بووە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵاندا نەبووە، رووت بوو، خواردنی خواردنی ئاژەڵان بوو، زمانی قسەکردنی نەبوو، دوای سەدان هەزارساڵ ئینجا بیری لە بەرگ و پۆشاک لەبەرکردن کردەوە، دوای سەدان هەزار ساڵ ئینجا، بیری لە خواردن دروستکردن کردەوە، دوای سەدان هەزار ساڵ ئینجا زمانی گاگۆلەی دەکردو دوای نیوملیۆن ساڵ هاتنە سەر دونیای ئینجا زمانێکی شەق و شڕی بۆ قسەکردن پێکەوەنا، واتا دوای سەدان هەزار ساڵ لە هاتنە دونیای ئینجا لەگەڵ ئاژەڵان خۆی جیاکردەوەو خۆی وەک بوونەوەرێکی جیاواز لە ئاژەڵان ناساند، ئیتر مرۆڤ لەوکاتەوە کە ئەقڵی تەپیبوو، خودای بەخۆی ناساندو بیری لە ئەفسانەی سەرەتایی کردەوە، تا دواتر واتە نزیکەی 10-12 هەزار ساڵ ئەفسانە وردە وردە لەناو شارستانێتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکان گەشەی کردو، دواتریش ئایین لەو ناوچەیە لە ئۆرشەلیمەوە بۆ عەدەن و لەوێوەش بۆ حیجاز...هتد بە هەزاران پێغەمبەر یەک لە دوای یەک هاتن و چوون کە هەم پاشا بوون و

هەم پێغەمبەر، هەم باوک پێغەمبەر بوو هەم کوڕەکەی و هەم کوڕەزاکەی،هەم نەوەکەی، پێغەمبەرایەتیش زۆربەی هەرە زۆریان دەبوو هەم پاشا بیت و هەم بنەماڵە بیت، ئیتر ئەو بنەماڵەیە هەر بە پێغەمبەری دەمانەوە،لە ئادەمەوە بۆ نوح لە نوحەوە بۆ سێ کوڕەکەی، ئینجا بۆ ئیبراهیم خەلیل کە بە باوکی پێغەمبەران ناسراوە،لووت کوڕی برای ئیبراهیمەو ئیسماعیل و ئیسحاقیش یش کوڕی ئیبراهیمن و یەعقوبیش کوڕی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم و یوسف کوڕی یەعقوب و موساش لە نەوەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاق و هاڕون برای موسا پێغەمبەرو ئەلیاس کوڕەزای هاڕوون و داود دەچێتەوە سەر یەعقوبی کوڕی ئیسحاق و سلێمانیش کوڕی داودەو زەکەریاش دەچێتەوە سەر سلێمان و یەحیاش کوڕی زەکەریایەومەسیحیش لە ڕەچەڵەکی ئیسحاقەو..هتد. هەمووشیان لە دوورگەی عەرەبی و عێراق و شام و فەڵەستین ومیسرن.ئەمە نموونەیەکی بچووک و خێرابوو. ئیتر ئایین بووە کولتوورو ژیان و مان و نەمانمان. ئەگینا ئەو رۆژەی ئادەم داری مەعریفەی خوارد، خواردنی بەری ئەو درەختە پێی وتین ژیان پڕە لە نهێنی ئەوە ئەرکی مرۆڤە بیدۆزێتەوە، بەڵام ئایین ڕێگای لێگرت و ئادەمی سزا دا.لەو رۆژەوەش حەوا، بۆتە جێی سووکایەتی پێکردن و زۆر جار ئافرەت بە مار دەچوێنن، بە مەکربازو بەو شتانەی دەچوێنن کە لە بەهاکەی کەمدەکاتەوەو کەرامەتی پێشێل دەکرێ.لەوکاتەوە ئایین ژیانی ڕەتکردۆتەوەو پێتدەڵێت، ئەو ژیانەی

ئێستات هیچ نییە، کارێکی باش بۆ ژیانی ئەودیوت بکە، کە ڕۆژی قیامەتە.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە بە تەواوی ژەهراوی کراوە، جارێک بە ئایین و کولتوورەوە، ئەوە ماوەی بەرەو سەدەیەکیش دەچێت بە حیزب ژەهراوی کراوە، حیزب هاتووە جێگای ئایینی گرتۆتەوە، یان دەتکات بە کۆیلەی خۆی و دەبێت لە پێناویدا بژی و بمری، یان تێتهەڵدەدات و لە هەموو شتێک بێبەشت دەکات، وەک چۆن ئادەم لە بەهەشت دەرکرا، خۆ ئەگەر لەگەڵیشیا نەگونجێی چارەنووسیشت  روون نابێت و دەتفەوتێنێت. بۆیە نەوە لە دوای نەوە کە لەدایک دەبن بە کۆمەڵێک دەردو پەتاوە لەدایک دەبن، ئێستا ئەو نەوەیەی ئێمە لە هەموو نەوەکان زیاتر نەخۆش و دەردەدارن، چونکە هەم ئایین هەم حیزب بەتەواوی ئێمەیان داگیر کردووە، ناتوانین بە دڵی خۆمان بجوولێینەوە، ناتوانین بە ئەقڵی خۆمان بیر بکەینەوە،کۆمەڵگاش کە ژەهراوی بوو، ئاسان نییە بتوانی  کۆمەڵگایەکی تەندروست بێنیتە دی. کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە فۆرماتکردنە، بۆئەوەی سەرلەنوێ منداڵ ببیتەوە، منداڵێک کە هێشتا نە زمانی پشکوتبێ ، نە لە چاکەو خراپە تێبگات، بۆئەوەی پڕ بە گەرووی خۆی بتوانێ بقیژێنێت و پێبکەنێ، پڕ بە دەنگی خۆی هاوار بکات، گاڵتەی بە وشەی عەیبەو شوورەیی بێت. لە خۆڕا نەبوو مەسیح دەیوت، تا نەبنەوە بە منداڵ ناتوانن بگەن بە مەلەکوتی خوا. ئاخر مەلەکوتی خوا بە توندوتیژی و خوێنڕشتنی یەکدی دروست نابێت، بێگومان بە درۆو ملشکاندنی یەکدیش

دروست نابێت، به گۆشەگیری و دابڕانیش دروست نابێت، مەلەکوتی خوا لە خۆشەویستی و ئیشق و ژیانی ئاسوودەییدا دێتە دی.ئێمە لە هەرێمێک دەژین هەست بە بۆن و بەرامەی ئیشق ناکەین، هەست بە بۆنی رەیحانە ناکەین، هەست بە مانا قووڵەکانی ژیان ناکەین،ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین، دڵیان گوشیوین، مێشکیان تەمبەڵ کردووین،یاساکانی ژیانیان لێ گەندەڵ کردووین،ئاسان نییە بگەڕێینەوە سەر قۆناخی منداڵی،ئەو دڵە چۆن ئازاد دەکرێ، ئەو مێشکە چۆن چالاک دەکرێ، یاساکانی ژیان لێرە چۆن بۆ خزمەتی گشتی دادەڕێژرێنەوە، زۆر سەختە، بەڵام هەر دەشبێت لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکەین.خاڵی سفر ئەوەیە هەمووومان با لەناخی خۆمانەوە نەمامێکی گوڵ بڕوێنین،بۆئەوەی بوداییانە بیر بکەینەوە، نەک فیرعەونیانە، ئاخر ئەم هەرێمە بۆتە کارگەیەک تەنیا فیرعەونمان بۆ دروستدەکات، بودایەکمان بۆ ناخولقێنێت،بودایەک کە قەت بیری لە پێغەمبەرایەتی نەکردبۆوەو نەشیدەزانی رۆژێک دێت خەڵکی لەدوای مردنی دەیکەن بە پێغەمبەری خۆیان.

ئایین باسی شەهوەتت بۆ دەکات،بەڵام باسی ئیشقی نەکردووە، شەهوەتیش ئارەزوویەکی کوێرانەو ملهوڕانەیە،بەڵام لە ئیشقا ناخ گوڵی لێدەپشکوێ،دڵەکان بێدەنگدەبن،رامان و بیرکردنەوە دروستدەبێت، ئیشق لە بیاباندا ناڕوێ، لەنێو کەژو چیاو دۆڵ و رووبارەکاندا دەڕوێ،ئیشق لە دەروونی نەخۆشەکاندا نییە، لە دڵێکی ساف و تەندروستەوە دەڕوێ.ئەوانەی بە توندی ئایینیان گرتووە، کوا لە تامی ئیشق گەیشتوون،

کوا دەزانن ئیشق لە چ مەملەکتێکدایە، کوا لە ڕەنگ و بۆن و بەرامەی ئیشق دەزانن. ئیشق لەدوای خۆشەویستییەوە دێ، نەک لە دوای توندوتیژییەوە، ئیشق لەگەڵ گەیشتن بە لوتکەی ئینسانیبوونا دەڕوێت، نەک لەگەڵ بێ بەهاکردن و ملکەچکردنی مرۆڤدا، ئەو مرۆڤانەی ملکەچن، هەرگیز ناتوانن ئاشق ببن، ناشتوانن لە مانای خۆشەویستی تێبگەن، بەرلەوەی ئاشق بیت دەبێت دڵت بۆ خۆشەویستی سەمایەکی ئاسمانی کردبێت،ئاشقەکان خواناسی ڕاستەقینەن، هیچ خۆشەویستییەک نابێت بە خۆشەویستیی ئەگەر تەنیا بۆ جوانکردنی جەستەو کارێکی جەستەیی بێت،بەڵکو ئەوکاتە دەگەیتە خۆشەویستی کە ڕۆحی خۆت بەسەر ڕۆحی ئەودا ڕژاند. ڕۆح بڕێژە تا بۆنی سرووشت جوانترو خۆشتر بێت تا ڕەنگی سرووشت سەوزترو جوانتر بێت.لە ئاییندا ڕژاندنی ڕۆح تەنیا لەناو توندوتیژیدایە، لەناو خوێندایە، بۆیە مەملەکەتێکە چۆل و هۆل، مەملەکەتی بیابانە، لە بیابانیشدا ئیشق ناروێت.

# ئیسلام و ئیشق و خۆشەویستی

هەموو خۆشەویستییەک بەدەر لە مەعریفە نابێتە خۆشەویستییەکی تەندروست، بەڵکو دەبێتە جۆرێک تێرکردن بەمانا غەریزەییەکەی، دوور لە بنەماو رەفتارە مرۆییەکە. ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلام بکەین، ئەوە تێدەگەین کە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، ئەوەی گرنگی پێ نەدرابێت، بواری مەعریفی و خۆشەویستیی بووە، هەر ئەو گرنگی پێ نەدانەش بوو وای لە غەزالی کرد، دژی فەلسەفەو فەیلەسوفان بوەستێتەوە، چونکە تا سەردەمی غەزالی ئیسلام بەدەر بووە لەو گرنگیپێدانە. تۆ سەیری پێغەمبەری ئیسلام و هەروەها چوار جێنشینەکەی بکە، هیچکام لەوانە گرنگیان بە کتێبخانە نەداوە، بەڵکو مێژووی هەر یەک لەوانە بریتی بووە

لەوەی کە تا چەند کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووەو تا چەند لە شەڕەکاندا شمشێرەکەی کاری خۆی کردووە، مێژووی هەر یەک لەوانە بریتی بووە لە مێژووی سەرکەوتن و پاڵەوانێتییەکانیان بەسەر دوژمنانی ئیسلامدا ، بۆیە مێژووی ئیسلام بریتی بووە لە مێژووی فتوحات و مێژووی دەستکەوت و غەنیمەو کەنیزە .ئێستاش ئیسلام پێی بکرێت، هێرش دەکاتە سەر رۆژئاواو دەیکاتەوە سەردەمی فتوحاتەکان، چونکە بەردەوام ئەوروپاو رۆژئاوا بە خاچپەرست و کافرو دوژمن ناودەبەن.لێناگەڕێن مرۆڤ وچانێک بدات و بۆخۆی بە هێمنی بیر بکاتەوە، بەردەوام دوژمنێک بۆ خۆی دروستدەکات و وای لێدەکات، کە پێویستە ئەو دوژمنە لەناو ببردرێ و ئایینی ئیسلام هەموو دونیا بگرێتەوە.ئەمە سەرباری ئەوەی ئیسلام هەمیشە لەناوخۆی خۆشیاندا شەڕێکی بێ ئامانیان هەڵگیرساندووەو لە چوار جێنشینەکەی پێغەمبەری ئیسلام سێ جێنشینیان کوژراون وهەندێک لەوانەی لە(عشرة المبشرة)بوون نموونەی تەڵحەو زوبێرو خەلیفەکان بە دەستی ئەوانە کوژران کە موسڵمان بوون و خوایان ناسیبوو. ئیتر بە هەزاران موسڵمانی بێ دیفاع کەوتۆتە بەر شمشێری موسڵمانانی دیکە، حەللاج و حەسەن و حوسێنی کوڕی عەلی و دەیان ئەسحابەو، هەزارانی دیکە نموونەی مشتێکن لە خەروارێک. کە باسی فتوحاتیش دەکەین پێویستە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشین کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا، زۆرترین فتوحات کراوەو لە رۆژهەڵاتەوە تا ئێران و لە رۆژئاواشەوە تا لیبیا دەستیان بەسەردا گیرا، کوردستانیش هەر لەو

سەردەمەی کوڕی خەتابدا دەستی بەسەردا گیرا، سەعدی کوڕی وەقاس کە سەرلەشکری ئیسلام بوو بۆ گرتنی ئێران، وەک ئیبن خەلدون نووسیویەتی، دەڵێت،سەعدی کوڕی وەقاس  داوای لە عومەری کوڕی خەتاب کرد، کە وڵاتی فارسەکان پڕە لە کتێبی پڕ بەها، ئەگەر خەلیفە ڕێگای بدات ئەوا هەموو کتێبەکان بەسەر سەحابەو جەنگاوەرانی خۆی وەک غەنیمە دابەش دەکات، بەڵام خەلیفە عومەر بۆی نووسیبوو،هەموو کتێبەکان فڕێبدە ناو ئاوەوە،ئەو ڕێنماییانەی خوا لە قورئاندا پێیداوین زۆر  باشترن لەوانەی لە کتێبەکاندا نووسراون. واتا بە قسەی خەلیفە عومەر، هەموو زانست و زانیاری و مەعریفەی دونیا، لە دەرەوەی قورئان بێ مانایەو دەبێت لەناوببردرێن،وا پێدەچێت ئەو هەڵوێستە توندەی عومەر لەو ئایەتەوە سەرچاوەی گرتبێت کە دەڵێت: وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ فَمَا اخْتَلَفُوا حَتَّىٰ جَاءَهُمُ الْعِلْمُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ . سورەتی یونس ئایەی 93. ئیتر ئەمە بوو بە یاساو ڕێسا لە ئیسلامدا،دواتر بە هەزاران کتێب لەبارەی قوتابخانەکانی موعتەزیلەو ئەشعەری و..هتد سووتێنراون. بۆیە هەر ئەمە بوو وای لە غەزالی کردبوو، کە قورئانی کردبوو بە پێوەری هەموو فیکرو فەلسەفەو زانست. ئیمامی حەنبەلی پێش غەزالی هاتۆتە سەر دونیا، حەنبەلی  بوو وتی مادام قورئانمان هەیە، ئیتر پێویستیمان بە فەلسەفە نییە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زانستی کیمیاو فیزیاو تەنانەت لۆژیکیش ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن ئیسلام پێویستی پێی نییە.چونکە ئەگەر پێویستبوایە ئەوا خودا لە

قورئاندا باسی دەکردو پێغەمبەری ئیسلامیش تاوتوێی دەکرد.بۆیە ئەم زانستە بە بیدعە دەزانن، تا رادەی کوفر.تەنانەت غەزالی دژی میتافیزیکاش وەستاوەتەوە، چونکە میتافیزیکاش بریتییە لە فەلسەفەو ، فەیلەسووفەکان باسیان لە مردن و زیندووبوونەوەو گەردوون کردووە کە ئەمەش لە روانگەی غەزالییەوە خۆی لە خۆیدا کوفرە!!.بەڵام ئیبن روشد هات گونجانێکی لەنێوان ئایین و فەلسەفە دروست کرد، وەک چۆن تۆماس ئەکوینی هەمان گونجانی لەنێوان فەلسەفەو ئایینی مەسیحی دروست کردو، فەلسەفەی ئەرستۆی بردە ناو کڵێساو بەیەکەوەی ئاشتکردنەوە. ئیبن روشد راستی وت کە غەزالی ناتوانێ سنوور بۆ فەیلەسووف و فەلسەفەکانیان بکێشێ و هیچ هێزێکیش ناتوانێ فەلسەفە لە شوێنی خۆیدا بوەستێنێت. هەڵوێستی غەزالی کە لە هەڵوێستی عومەری کوڕی خەتاب سەرچاوەی گرتبوو، بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی 1195ز لە شاری قورتوبە کتێبەکانی ئیبن روشد بسووتێنرێن. ئیتر کتێب سووتاندن کرا بە کولتوور، دواتر دوژمنە سەرسەختەکانی مرۆڤایەتی و شارستانی بەگشتی پەیڕەوییان لێدەکرد،هیتلەر نموونەیەکی زیندووە. باشە با پرسیارێکی بابەتی بکەین، ئەم هەموو توندوتیژییەی گوایا بۆ داکۆکیکردن لە ئایینە بۆچی ؟ ئایا خودا پێویستی بەم هەموو توندوتیژی و بەم هەموو کوشتن و بڕینە هەیە، تا خۆی پێ بسەلمێنێت ؟ چونکە هیچ ئایینێکی ئاسمانی شک نابەین بەبێ شمشێر، گەشەی کردبێت، عیسایەک کە هەموو فەلسەفەکەی لێبوردەیی بوو، کەچی کڵێسای رۆما بە هێزی شمشێرەکەی دەستی رۆماوە ئەو

ئایینەی بڵاوکردەوەو ماوەی 1000 ساڵ زیاتر هەموو فەلسەفەو زانستی پێچایەوەو نەیدەهێشت کەس شتێک بڵێ کە لەگەڵ سەرکوتکارییەکەیدا نەگونجێ، دەنا دەیکردە مەنجەنیق.زمانبڕین و سەربڕین و ئینجا سووتاندنی جیۆردانۆ برۆنۆ تەنیا نموونەیەکی بچووکی ئەو دۆخەبووە.

راستە ئێستا ئایینە ئاسمانییەکان بە گشتی ئەو هەڕمێنەی جارانیان نەماوەو، زۆرینەی کەسایەتییە رۆشنفکرو تەنانەت خوێنەوارەکان، وازیان لێیهێناوە، تەنیا بە رواڵەت سەر بە ئایینێکن و نایانەوێ بە ئاشکرا رەتیبکەنەوە، چونکە کۆمەڵگاکان بەتایبەتی کۆمەڵگای ئیسلامی هێشتا ئەو رەتکردنەوەیەی قەبوڵ نەکردووەو رووبەڕووی گرفتی گەورەت دەکاتەوە.ئەمەش وردە وردە بەرەو قۆناخێکی دیکەمان دەگوازێتەوە، کە ئیتر کەس میراتگری ئایین نییەو ئایین بۆ هەموو کەسێک بە بێ جیاوازی وەکو یەکە. بۆیە تا کۆمەڵگا بەرەو مەدەنیبوون هەنگاو بنێ، توندوتیژی و سەپاندنی ئایینی کەمتر دەبێتەوە،لە شوێنیدا ئیشق و خۆشەویستی گەشە دەکات، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

کاتی خۆی لەناو ئایینی ئیسلامیش هاوشێوەی پرۆتستانتیزم و کالڤن، گرووپ و رەوتێکی ئیسلامی بەناوی موعتەزیلە سەریهەڵدا، بەڵام ئەم رەوتە زۆری نەخایاند، دوای حوکمڕانی سێ خەلیفە (مەئمون و موعتەسەم و ئەلواسق)،لە لایەن متەوەکیل ەوە کۆتاییان بەو رەوتە هێناو ئیمامی حەنبەلی لە گرتووخانە ئازاد کردو، ئەلکندی فەیلەسووفیشی راوناو لە

بەغداش دەریکردو متەوەکیل دەستی بەسەر کتێبخانەکەی ئەلکیندی داگرت و لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا گرتی و 60 قامچی لێدا. ئیتر هەموو موعتەزیلەییەکان رووبەڕووی سزاو مەرگ بوونەوەو کتێبەکانیشیان ئاگری تێبەردراو کۆتایی بەو رەوت و مەزهەبە هێنراو، تا ئەمڕۆش ئەم رەوتە نەیتوانیوە خۆی بگرێتەوە. کەچی رەوتی حەنبەلی و ئەشعەری و غەزالی و ئیبن تەیمییەو وەهابیزم و مەودودی و تا دەگاتە ئەو حیزب و کۆمەڵە رێکخراوانەی دەیانەوێت شمشێری ئیسلام حوکم بکات،بەردەوامن و لێرەو لەوێ گەشەی خێراش دەکەن، وەک قاعیدەو داعش و ...زۆری دیکە. ئەمانەش هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ دادگاکانی پشکنین ی ئیسپانیاو ئەوروپادا نییە.بەڵام خەڵکی ئەوروپا زیرەک بوون، کاتێ دادگاکانی پشکنین خەڵکیان دەکردە مەنجەنیق و خەڵوز، ناچار بوون گۆڕانکارییەک لە ئایینەکەیان بکەن و گیانی لێبوردەیی تێدا بچێنن، بۆیە مارتن لۆتەرو کالڤن سەرکەوتنیان وەدەستهێنا.بەڵام سەرنەکەوتنی موعتەزیلەو سەرکەوتنی حەنبەلی و سەلەفییزم، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو کۆمەڵگایانە هێشتا لە ئاستێکی زۆر نزمی گەشەکردندان، هێشتا ژیانی مەدەنی و ئازادی تاک لەو کۆمەڵگایانە بوونی نییە، دەنا ئەو رەوت و مەزهەبانەی باسمکردن، چۆن جێگایان دەبێتەوە.ئەو جۆرە رەوت و مەزهەبانەی باسمکردن، نەیانشاردۆتەوە بە توندی دژی کرانەوەو فەلسەفەو تەنانەت رووبوڕووی زانستیش وەستاونەتەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەر فیکرو زانستێک مادام لە قورئانا خودا نەیهێناوەتە خوارەوە کەواتە

مرۆڤایەتی پێویستی پێی نییە،بە پێی ئەم قسەیە بێت لە قورئاندا بەتەنیا یەک وشەش باسی ئیشق نەکراوە، باسی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕیش نەکراوەو تەنانەت ڕێگەیشی پێنەدراوە،بۆیە لێرە چەند پرسیارێکی زەق خۆی قوتدەکاتەوە ، ئایا مەعقولە خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و مرۆڤی دواندبێت، کەچی گرنگی بە زانست (فیزیاو کیمیاو ماتماتیک و..هتد) نەدابێت، ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟،ئایا مرۆڤایەتی پێویستی بە ئیشق و خۆشەویستی نییە ؟ باشە خودایەک قورئانی هێنابێتە خوارەوە، چۆن خاڵبەندی و سەروبۆری بۆ وشەکان نەکردووە و بە ناتەواوی قسەی کردووە ؟، ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟ئاخر بەبێ خاڵبەندی جیاوازی لەنێوان ئەو پیتانە چی لێدێت (ب،ت،ث،ج،ح،ز،ذ،ر،ط،ض،ظ، ،س،ش،)؟،جا کارەساتتر ئەوەیە لە سەردەمی خوێنرپێژترین کەس (حەجاجی کوڕی یوسف)خاڵبەندی و سەروبۆری بۆ وشەکان داندراون !!. ئایا خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و ئەم هەموو بوونەوەرەی خولقاندبێت، چۆن مرۆڤ و سەگ وەک یەک سەیر دەکات- وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ .الاعراف(176) ، چۆن مرۆڤ و کەر وەک یەک سەیر دەکات مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا ۚ بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ-.الجمعه ئایەی 5 ،یان مرۆڤ بە مەیمونی ترۆکراو بچوێنێ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ،البقره ئایەی6 ، الاعراف 166،جارێکی تریش مرۆڤ

**دەکاتەوە بە مەیمون و بەراز** -قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ...المائدة 60 ، **چۆن بە مرۆڤ دەڵێت دایک حیز، ئایا خودایەک هێندە مەزن بێت قسەی لەم جۆرە دەکات ؟خودایەک نوح و لوتی کردبێت بە پێغەمبەر چۆن باسی ئەوە دەکات کە ژنەکانیان خیانەتیان کردووە** وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَهِينٍ **القلم ئایەی 10 .ئایا خودایەک خۆی ژنی خولقاندبێت، چۆن دەیکات بە کەنیزەو چۆن دەیکات بە موڵکی پیاو**- .. وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ تَعُولُوا.. **النساء ئایەی 3، بەڵام پیاو نەکات بە موڵکی ژن،هەر ئەمەیە وایکردووە تەڵاق تەنیا بەدەست پیاوەوە بێت و ژن هیچ ڕۆڵێکی تێدا نییە . لە چەندین شوێنی دیکەشدا هیچ بەهایەکی بۆ ژن نەهێشتۆتەوە،بڕوانە سورەتی الاحزاب ئایەی**(50،51،52) يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً (50) تُرْجِي مَن تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَن تَشَاء وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ذَلِكَ أَدْنَى أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَلِيماً (51) لَا يَحِلُّ لَكَ

النِّسَاء مِن بَعْدُ وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ رَّقِيباً.. سورة الاحزاب. **يان خودا بۆچی جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان و بنەماڵەکان دەکات** إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ..**العمران ئایەی 33. ئەی مرۆڤەکان هەموویان دروستکراوی خودا نین ؟ ئەی عیسا چۆن توانی فوو لە قوڕ بکات و باڵندەی لێ دروستبکات و ئەوانەی بە زگماک کوێرن چاوساغیان بکات وئەوانەش پێستیان ڕەش و سپی (بەڵەک) بووبێت چاکیانبکاتەوەو لەوانەش سەختتر مردوو زیندوو بکاتەوە؟** وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ **العمران ئایەی 49. لەکاتێکدا هەر لە هەمان سورەتی العمران ئایەی 144 هاتووە،** وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ. **محەمەد تەنیا پێغەمبەرێکەو هیچی تر نییە، بەر لە ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتن و چوون،ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ هەڵدەگەڕێنەوە ؟ هەر کێش هەڵگەڕێتەوە زیانێک بە خودا ناگەیەنێت،خودا پاداشتی سوپاسگوزارانی دەدات.،لە راستیدا نموونەکان زۆرن لەوبارەیەوە.**

**لەبەرئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان لەکاتێکدا هاتن کە هێشتا ئەفسانە باو بوو، بۆیە ئایینەکان بەردەوام بەرەو ئەفسانەمان دەبەنەوە. هەروەها**

لەبەرئەوەی سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکان بەتایبەت ئایینی ئیسلامی لە کۆمەڵگای خەڵکی عەرەب لە حیجازو دەوروبەری سەریهەڵداوە، دەبینین زۆربەی ئەو قورئانە هەڵگری ئەو کولتوورەیە کە ئەوکات لەناو خێڵەکانی عەرەبدا باو بووە.ئەمەش رێک لەگەڵ چەندینی ئەو ئایەتانە یەکدەگرێتەوە، وەک: بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ...سورەتی الشعراء ئایەی 195، إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ زخرف ئایەی 3، وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ئیبراهیم ئایەی 4 وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ.. الشورى ئایەی 7، وَمِن قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَىٰ إِمَامًا وَرَحْمَةً وَهَٰذَا كِتَابٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ئەحقاف ئایەی 12، وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ النحل ئایەی 103، وَكَذَٰلِكَ أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ...طه ئایەی 113، إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ یوسف ئایەی 2، ئەم ئایەتانە هەموویان پەیوەندیان بەو کولتووری کۆمەڵگایەوە هەیە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هەبوون بەتایبەت نەتەوەی عەرەب، بۆیە لە (11) ئایەتدا جەخت لە زمانی عەرەبی کراوەتەوە، کە خودا بەزمانی خۆیان ئایەتی بۆ هێناونەتە خوارەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم زۆر جار کە بەشێکی زۆر لە مەلاکانی ئەم هەرێمە دەبینم گوتار بۆ خەڵکدەدەن، رێک سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستم بیردەکەوێتەوە، سەردەمی تاریکپەرستی، کە هیچ ئومێدو تروسکاییەکیان تێدا نییە،خاوەنی هیچ رۆشنبیرییەک نین و زۆر دواکەوتوون. زمانیشیان زۆر پیسە، بەردەوام کۆمەڵێک جنێو لەسەر زمانیانە کە لە مینبەرەکانیانەوە پەخشی دەکەن، مرۆڤ شەرم لەخۆی دەکاتەوە کە ئەوجۆرە کەسانە نوێنەری ئایین و دەمڕاستی کۆمەڵگا بن. بەڵام بێگومان کۆمەڵگا بە گشتی هێشتا قەبووڵیەتی، چونکە ئاستی ژیانی مەدەنی لەم هەرێمە لەوپەڕی نزمیدایەو، بە پێچەوانەوە کەسێکی خاوەنفکر پێچەوانەی ئایین و ئەو مەندیل لەسەرانە قسە بکات، رەنگە بەرلەوەی یاسا قسەی خۆی بکات، کۆمەڵگا بیکات بە پەندو دەربەدەری بکات. چونکە تەنیا لە وڵاتانی ئیسلامی رێژەی نەخوێندەواری بە گشتی زۆر بەرزەو لەوەش بەرزتر رێژەی نەخوێندەواری ئافرەتە، کە لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا رێژەی نەخوێندەواری ئافرەت لە پیاوان زیاترن. تا ئەم رێژەیەش وا بەرز بێت، کۆمەڵگا هەر ئەو جنێوفرۆشانە دەکات بە نوێنەری ئایینەکەو ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی. چونکە گومانی تێدا نییە مرۆڤ کە ئەقڵانی بوو ئیتر رۆحانی نییە، کە رۆحانیش بێت ئەوا ئەقڵانی نابێت، واتە ناکرێ مرۆڤ لە یەک کاتدا هەم ئەقڵانی و هەم رۆحانی بێت، چونکە دوو میتۆدو دوو فەلسەفەی تەواو جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکیشن،ئەمە رێک وەک ئەوە وایە یەکێک کۆمۆنیست بێت و بەتەواوی مارکسی بێت، بەڵام بڕوای بە خوداو

ئاییـنیش هەبێت، کە ئەمەش مەحاڵە، ئەگەر رووداوێکی لەمجۆرەش هەبێت، ئەوا تێنەگەیشتنە لە هەردوکیان. دەبێت ئەوەش بزانرێ هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی رۆحانین، سۆزو عاتیفە بەسەریاندا زاڵە، نەک ئەقڵ و مەعریفە، هەر کۆمەڵگایەکیش سۆزو عاتیفەی رووت بەسەریدا زاڵ بوو، ئەوا کۆمەڵگایەکە زوو هەڵدەچێت و زووش دەکوژێتەوە،زوو گەرم دەبێت و زووش سارد دەبێتەوە، تورە دەبێت و پەشیماندەبێتەوە..تۆ سەیر کە کۆمەڵگای عەرەبی کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە،هەموو ئەو کتێبانەی لە بواری فیکرو فەلسەفەو زانستدا کە لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا چاپدەکرێن،هەرگیز رووی بەراوردکردنی نییە لەگەڵ هیچکام لە یەک وڵات لە وڵاتانی ئەوروپی و رۆژئاوایی.ئەی ئەمە کارەسات نییە بۆ کۆمەڵگای عەرەبی و بۆ حوکمڕانە دیکتاتۆرە مەنگۆلەکانی عەرەبی ؟.

ئیسلام لەماوەی 1400 ساڵی رابردوویدا، کولتوورێکی نییە، بە رۆشنگەری یان رووناکبیری ناسرابێت ، ئەوەی هەیەتی تەنیا بریتییە لە قوتابخانەی ئەندەلووس(غەرناتا-قورتوبە)، بەڵام کاتێک بەنێو ئەو قوتابخانەیەدا دەچیتە خوارەوە، زۆر لەو هزرڤانانە لە لایەن خودی ئیسلامگەراکانەوە، رەت کراونەتەوە، ئیبن روشد و فارابی و ئیبن سینا تۆمەتیان بۆ هەڵبەستراوەو کتێبخانەی قورتوبەش کە ئەوکات زیاتر لە 400 هەزار کتێبی تێدا بووە لە ساڵی 1013 دا سووتێنراوە. واتە هەمان هەڵوێستەکەی عومەری کوڕی خەتابیان بەرامبەر بەو قوتابخانەیە بەکارهێناوە، بینیمان بزووتنەوەی تالیبانیش لە ئەفغانستان چۆن بە گژ

زانست و هونەردا چووەوەو تابلۆو مۆزەخانە جوانەکانی ئەو وڵاتەیان بەتەواوی وێران کرد، هەروەها داعش لە موسڵ هەمان رەفتاری تالیبانی دووبارە کردەوەو ئەوەی بۆنی شارستانیەت بوو لە موسڵ وێرانیکرد. لەوەتەی قاعیدەو دواتریش داعش دروستبوونە، نەک هەر بچووکترین گرنگیان بە بواری رۆشنگەری و هونەرو زانست نەداوە، بەڵکو بەتەواوی کۆتاییان بەو بوارانەدا هێناوەو ئێستا موسڵ و رەقە بەتەواوی دوو نموونەی تاریکپەرستانن. هونەر زانست فەلسەفە،خۆشەویستی ، لە هەردوو پایتەختی رەقەو موسڵ کە لە دەستی داعشدایە، بەتەواوی وێرانکراوەو سڕاوەتەوە. ئاخر تا ئێستا لەماوەی 1400 ساڵی رابردوودا تەنیا یەک کەسیش نەیتوانیوە بە راشکاوی بڵێت من ئاشقم، چونکە دەیخەنە ناو مەنجەنیقەوە .لە قورئانیشدا بە هیچ جۆرێک باسی ئیشق کراوە.

ئەوەی پێویستە بە مێشکێکی کراوەوە باسی بکەین و لێکیبدەینەوە، ئەوەیە،یەکەمین فەیلەسووف لە دونیادا کە تالیس ی یۆنانی بوو تا دەگاتە فیساگۆرس و....هتد. قۆناخی یەکەمی فەلسەفە لە وڵاتی یۆنانەوە بوو، فەیلەسووفەکان هەموویان یۆنانی بوون، تۆ سەیر بکە تالیس ماوەیەک لە میسر ژیاوەو لەبواری ئەستێرە ناسی و ماتماتیکدا سەرنجی لە میسرییەکان وەرگرتووەو میسرییەکانی فێرکردووە کە چۆن بەرزایی ئەهرامەکان بپێون، فیساگۆرس 12 ساڵ لە میسر و 12 ساڵیش لە بابل ژیاوەو لەوێ ژمێرەو مۆیسقاو ئایینی مەجووسییەکانی خوێندووە،کە گەڕاوەتەوە یۆنان، لە بری ئەوەی خۆیان بکەن بە پێغەمبەر، قوتابخانەیەکیان کردۆتەوەو گرنگیان بە

گەشەپێدانی فەلسەفەو ماتماتیک داوە، دواتریش ئەفلاتون ئەکادیمیای دەمەزراند کە (900) ساڵ ئەو ئەکادیمیایە بەردەوام بوو، ئیتر ئەمە بووە بنەمایەک بۆ رۆژئاوا کە هیچ پێغەمبەرێک لەوێ سەریان هەڵنەدا، بەڵام بە سەدان فەیلەسووفی گەورە دروستبوون و تا ئێستاش رۆژئاوا ناوەندی فەیلەسووفەکانی جیهانە، بە پێچەوانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە فەیلەسووفی نەخولقاند، بەڵکو ئایین و پێغەمبەر و سەحابەی دروستکرد. گرنگیان بە فتوحات و سڕینەوەی یەکتری دا، ئەمەش بوو بە کولتوورو تا ئێستا لە سایکۆلۆژیای هەر تاکێکدا جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەیی تێدایە. بۆیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووی گەلانی دونیاشدا پڕ کێشەترین و ئاڵۆزترین ناوچەیە. یۆنانییەکان هاتن بۆ ئەو ناوچەیەو سوودیان وەردەگرت و دەگەڕانەوەو لەوێ لە وڵاتی خۆیان ئەو زانیارییانەیان بەرهەمدەهێناوە، بەڵام خەڵکی ئەم ناوچەیە نەیتوانی سوود لە فەلسەفەی یۆنانی وەربگرێت و جارێکی دیکە لەو ناوچەیە بەرهەمیبهێنێتەوە، بۆیە هیچ فەلسەفەیەک نەیتوانی بگاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.یان روونتر بڵێین بگاتە نیمچە دوورگەی عەرەبی.لەوەش کارەساتتر ئەوەیە چ کۆمەڵگای عەرەبی، تەنانەت چ کۆمەڵگای کوردی، ئایینی ئیسلام ئەوەندە خۆی سەپاندووە بەسەر هەست و نەستی تاکی ئەو خەڵکە، ئیتر وای لێهاتووە کۆمەڵگا ئەوەندەی رێز بۆ ئایینەکە دادەنێت، ئەوەندە رێز بۆ مرۆڤەکان دانانێت،باشە خوێنەری بەڕێز من تێناگەم ئەگەر مرۆڤ نەبێت، ئایین چ بەهایەکی هەیە ؟.

خۆشەویستی لەسەر بنەمای خۆشەویستی هەردوولا دروستدەبێت، واتە وەک چۆن ژن پیاوی خۆشدەوێت، ئاوەها پیاویش ژنی خۆشبوێت، خۆشەویستی جیایە لەگەڵ سێکس و وەک ئامێر تەماشاکردنی ژن، وەک ئەوەی ئەرستۆ باسی کردووە، کە ژن دەکرێتە کۆیلە بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووری ماڵەوەی گەشە پێبدات، ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ 2400 ساڵ پێش ئێستایەو هێشتا نە ئایینی مەسیحی و نە ئایینی ئیسلامیش هەر نەهاتبوون. سێکس لە بنەڕەتدا هونەرەو بەرزترین هونەریشە، چونکە تەنیا رێگایە مرۆڤ و هەموو گیانەوەرو زیندەوەرەکان بەو هۆیەوە داکۆکی لە مانەوەی خۆیان دەکەن،بەڵام لەناو کۆمەڵگای کوردی هێشتا شەرم و شورەییە باس لە سێکس بکرێت، لەکاتێکدا رۆژانە ژنانی ئەم هەرێمە بەدەست پیاوە گەمژەکانیانەوەو بە رێگای سێکس ئازار دەدرێن، لەکاتێکا سێکس بۆ ئەوەیە بتگەیەنێتە لوتکەی ئاسوودەیی و بتباتە نێو جیهانێکی نوێتر زۆر نوێترەوە.

ئەو ژنانەی لە سیێکسکردندا ئازاریان پێدەگات هۆکارەکەی ئەوەیە پیاو زیاتر رۆڵی ئاژەڵ دەبینێت نەک مرۆڤ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی کۆمەڵگەی دواکەوتوو نەگەیشتوونە بەو هونەرە بەرزەی کە لە سێکسدا هەیە، سێکس بە دڵ و رۆحێکی ئاشقانەوە نەبێت، دەچێتە چوارچێوەی تێر کردنی غەریزە بە مانای غەریزە ئاژەڵییەکە.ئیتر ئەو کاتەیە کە ژن لەکاتی سێکسکردنیدا هەستدەکات پیاو وەک کاڵایەک بەکاریدەهێنێت و بەئارەزووی خۆی جەستەی ساردوسڕی ژن هەڵدەلوشێ،

چونکە ژنەکە هەست بە خۆشەویستی و ئیشق ناکات،بە پێچەوانەوە هەست بە کاڵا بوونی خۆی دەکات، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو بووکەشووشەیەی بەدەست منداڵێکەوەیەو بە ئارەزووی خۆی یاری لەگەڵدا دەکات و سەراوبنی دەکات.بۆیە زۆر جار سێکس بۆ ژنان بریتییە لە زەقنەبووت، بریتییە لە کەم و سووک سەیرکردنی خۆی،بۆیە زۆر ساردو سڕە.لێرەوەیە سێکس دەتوانێ بتگەیەنێتە لوتکەی چێژو بەختەوەری و بتباتە جیهانێ کە پێشتر نەتبینیوە، ئەو جیهانەی تیایدا رۆح نوێدەبێتەوە، لەولایشەوە سێکس لە کۆمەڵگای نەخۆش دەتکات بە کۆیلەو بە سووک سەیرکردن.

هەموو ئایینەکانی زەوی و ئاسمانی سێکسیان رەت نەکردۆتەوە، چونکە هەموو ئایینەکان باش دەیانزانی هەر بڕیارێکی لەو جۆرە بدرێ، کۆمەڵگا ناتوانێ پەیڕەوی لێبکات و جێبەجێ ناکرێ،بەڵام بەشێیوەیەکی تر سێکسیان سووک کردووە، زیاتر وەک هەستێکی ئاژەڵی باسیان لێوە کردووە، لەکاتێکدا هیچ جۆرە خۆشەویستییەک لەنێوان ئاژەڵاندا بوونی نییە،خۆشەویستی و ئیشق تەنیا لەناو مرۆڤەکاندا هەیە. ئەو مرۆڤانەی لە خۆشەویستی تێناگەن، بێگومان لە رەهەندەکانیشی تێناگەن، لە دونیا بینی و ئایندەکەیشی تێناگەن،بۆیە ناشتوانن خۆیان وەک مرۆڤ ببینن، ناشتوانن مرۆڤایەتی خۆیان لە ناوەندبوونی خۆیانەوە بدۆزنەوە، چونکە بڕوایان بە ناوەندبوونی خۆیان نییە، هەست و ئەقڵ و رەفتاریان زیاتر ئاژەڵییە نەک مرۆڤ، مرۆڤ بەهادارترین سەرمایەو بوونەوەرە لەسەر

زەوی.هەموو ئەوانەی ئاژەڵیانە دەژین و ئاژەڵیانە بیردەکەنەوە، ناشتوانن لە ژیانی نەمری رابمێنن و ناشتوانن لە بەهاوماناو رەهەندەکانی ئیشق بگەن.

# عەلی باپیر ،نە لە عەلمانیەت گەیشتووەو نە لە ناسیۆنالیزم، ئیسلامیشی هەڵگێڕاوەتەوە

**قسە گەر عیقدی گەوهەر بێ،غەرەز دەیکا بە خەرموهرە**

**چ تەئسیرێ لە وەعزتدایە واعیز وا پڕ ئەغرازی**

**مەحوی**

کۆمەڵگای کوردی لە دووکێشەی سەرەکیدا بەردەوام خولدەخواتەوە، ئەویش یەکەم: هەمیشە لێکدانەوەی هەڵە بۆ زاراوەو دەستەواژەو تەنانەت بۆ ئایدیاو فیکرو فەلسەفەش دەکات و بە ئارەزووی دڵی خۆی ڕەملی بۆ

لێدەدات، دووەمیان ئەوەیە هەموو بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان،گرفتێکی زۆر سەختن بۆ بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا بە ئاراستەی ئەقڵانییەت، چونکە هەمیشە ئەو بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامیانە، بە سەرکردەو بنکردەکانیانەوە،لە هەوڵی ئەوەدان بەرەو وەهم و خورافات و ئەفسانەگەراییمان ببەنەوەو، لەم پێناوەشدا هەر رۆژەو قەوانێکی کۆن و سواومان بۆ لێدەدەنەوە..کارەساتی گەورەش ئەوەیە خەڵکانێک بەدوای ئەو جەهالەتە بکەون و پێیانوابێت ئەوە رێگای رزگارکردنی کۆمەڵگایە!. عەلی باپیر یەکێک لەوکەسانەیە،کە لەدوای راپەڕینەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆو بەردەوام لە هەوڵی گەوجاندنی کۆمەڵگای کوردیدا بووەو، هەر رۆژەو قەوانێکی سواومان بۆ لێدەداتەوە،کە لە دونیاداو لە جیهانێکی کەمێک خۆشگوزەراندا،دەمێکە کۆتاییان پێهاتووەو هەموو ئەو قەوانە سواوو هەموو ئەو خورافات و ئەفسانەو هەموو ئەو قاوەگرتنەوانە لەگۆڕ نراون.چونکە هەموو ئەمانە لە فاڵگرتنەوەیەک زیاتر بۆ کورد هیچی دیکەی پێ نییە، تەنیا لەم کۆمەڵگایەی ئێمە نەبێت هێشتا خەڵکانێک هەن بە دوعای گورگیش دەڵێن ئامین !! دەنا لە هەموو دونیادا گورگ هەر گورگەو قەت نەبووە بە مەڕ.

کەم نین ئەوانەی لەم هەرێمە،نایانەوێ لە عەلمانیەت تێبگەن، عەلی باپیر بەتەنیا نییە، یەک مێگەل خەڵک لە نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەناو رووناکبیریش هەن، هێشتا لە عەلمانیەت تێنەگەیشتوون،بەڵام بەردەوام کۆمەڵێک دەستەواژەی بێماناو

هەڵخەڵەتێنەرانە بەخەڵکی ئەم هەرێمە دەفرۆشنەوە،وەک ئەوەی بزانن عەلمانییەت چییە، باشترین نموونە ئەوە چەندین جارە عەلی باپیر ئاماژە بۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەکات و دەڵێت عەلمانیەت لە هەرێمی کوردستان تێکشاوەو نابێت چیدی رێگە بەو دەسەڵاتە عەلمانییە بدرێت،کە گەندەڵەو خەڵکی برسی کردووەو سیستەمێکی سەقەتی سیاسی بەڕێوە دەبات و ئابووری بۆخۆی قۆرخ کردووەو ......هتد. هەموو بۆچوونەکانی عەلی باپیر لەوەدا یەکدەگرنەوە کە عەلمانیەت ئیلحادو دژە ئایین و مەزهەبەکانی ئایینییە، بەتایبەت ئایینی ئیسلام،لەکاتێکدا ئەم قسەیە زۆر بێ بنەماو بێ ناوەرۆکەو هیچ بەسەر راستییەوە نییە. چۆن ؟ .پێش ئەوەی بێینە سەر عەلمانیەت،با بزانین دەوڵەتی ئیلحادی کامەیەو لە کوێ هەبووە، ئینجا دێینە سەر عەلمانییەت. لە بنچینەدا دەوڵەتی ئیلحادی بریتی بوو لەو دەوڵەت و لەو سیستەمە سیاسییەی کە لە یەکێتی سۆڤێت کە لە 17ی ئۆکتۆبەری 1917 گەیشتە دەسەڵات و لە 24-12/25/ 1991 لەباریەکهەڵوەشایەوە، واتا بۆماوەی زیاتر لە حەفتا 70 ساڵ پەیڕەوی لێدەکرا،کە بە زەبری هێز رێگا لە خەڵک دەگیرا بچنە کڵێسای ئەرتۆدۆکسی بۆ نوێژکردن و بەجێهێنانی فەریزەکانی ئایینی مەسیحی، تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی رۆمانەکانی گەورەترین رۆماننووسی نەک بەتەنیا رووسی بەڵکو جیهانیی لە نموونەی (دیستۆیڤسکی) سانسۆر کرابوون و رێگای بڵاوکردنەوەیان لێگیرابوو ، بە تۆمەتی درۆزنانەی خۆیان، گوایا بۆنی مەسیحییەتی لێدێت!!. ئەمە سیستەمی سیاسی روسیای

ستالینی بوو کە عەلمانی نەبوو،بەڵکو ئیلحادی بوو. جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان عەلمانیەت و ئیلحاد لە لایەکەوەو هەروەها عەلمانیەت و ئایین لەلایەکی دیکەوە هەیە.ئەمەی لە روسیای سۆڤێتی روویدەدا، بەهەمانشێوە پێچەوانەکەی لە سعودیەو ئێران و ئەفغانستانی سەردەمی حوکمڕانی تالیبان و بنلادن نمایشدەکرایەوەو فەتوا بۆ کەسانی بیروڕا جیاواز دەردەکراو شەرعیەت بە کوشتنەکەی دەدراو خوێنی حەڵاڵ دەکرا،وەک ئەوەی بەرامبەر سەلمان روشدی لە ئێران و فەرەج فۆدەو دەیان هزرڤانی دیکە لە میسرو....هتد دەیان نموونەی یەکجار مەرگەساتئامێز لەو بارەیەوە هەن، ئاخر عەلی باپیر، چی ما بە پرسی ئەخلاقی نەسر حامد ئەبوزێد نەکەن ؟!، لەو هەرێمەی ئێمەش فەتوا بۆ کوشتنی گەورەترین شاعیری کورد لە مێژووی کۆن و نوێدا (شێرکۆ بێکەس)دەرکراو ئەو عەلی باپیرەی کە ئێستاکەش کە دەیەوێ حوکم بگرێتە دەست یەک نوقتەی لێوە نەهات!!،بۆ ؟! ئەمە با خۆی وەڵام بداتەوە، کە هیچ وەڵامێکی نییە..!! لەکاتێکدا ئەوانەی فەتواکەیان بۆ شێرکۆ بێکەس دەرکرد لە هاوبیرو هاوسەنگەرو برایەکانی عەلی باپیر بوون!! کتێبخانەشیان تەقاندەوەو تیزابیان بە ئافرەتی مۆدە دادەکردو لەناو چەقی بازاڕ بێ ئەدەبانە هۆیهایان لە کچان و ژنان دەکرد...هتد،بەڵام عەلی باپیر هەر ورتەیەکی لێوە نەهات!! بۆ ؟ ئەوە لەسەریەتی دەبێت خۆی روونکردنەوە بدات.کە بۆچی بۆ ئەو کارە پڕ لە شەرم و شوورەیی و زۆر قێزەونانە،نوقتەی لێوە نەدەهات، ئایا عەلی باپیر کە رەخنە لەو حکومەت و دەسەڵاتە دەگرێت،

دەیەوێ بمانباتەوە سەر ئەو دۆخی فەتواداان و تیزاب لێدان و هۆیها کردن و زۆریدیکە ،چونکە عەلی باپیرو رێکخراوە سیاسییە ئیسلامییەکەی ئەوەندە لەو تاریکپەرستانە بە دوور نەبوو، خۆ ئەگەر لەژێر رێنمایی و فەرمانەکانی ئەودا ئەو کارانە نەکرابن!. بەڵام وا دیارە تا ئێستاش عەلی باپیر شانازی بەو کاروکردەوە مەرگەساتئامێزانەوە دەکات، کە لە وڵاتانی عەرەبی و هەرێمی کوردستان روویاندەدا،دەنا ئاوەها لەم سەردەمی پاش مۆدێرنەو حوکمڕانی زیرەک و ...هتد بەڵێ لە سەردەمێکی ئاوەها پێشکەوتوودا بەدوای هەندێک کەسی کۆنەپەرستی ئایینی ناکەوێت، کە جگە لە مەینەتی و تاریکی، نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە، بچووکترین چرا هەڵبکەن.

ئەم خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، میراتی عەرەبە شۆڤێنی و توندڕەوەکانی ئیسلامن،کە لە دەرەوەی جیهانی توندی ئیسلامی، هیچ جیهان و ئایدیاو پۆچوونێکی دیکە نابینن، بەجۆرێک کەوتنە ململانێ و بەربەرەکانێکردنی عەلمانییەت گەیشتە ئەوەی وتیان عەلمانیەت پیلانێکی رۆژئاوایی و جیهانییە ،لەوەش تێپەڕین و گوتیان عەلمانییەت خاچپەرستنە، جوولەکایەتییە، مەسیحییەتە،رۆژئاواییەو...هتد. تەنانەت لەسەر ئاستی رووناکبیرە باڵاکانی عەرەبیشدا،عەلمانییەت هەزم نەکراوە، تۆ بڕوانە حەسەن حەنەفی و محەمەد عابد ئەلجابری و ...هتد. کەسایەتییەکی گەورەی وەکوو جابری داوای دەکرد با واز لە زاراوەی عەلمانیەت بهێنین، چونکە هیچ پێویستییەکمان پێی نییە،بەڵکو با لەجیاتی عەلمانیەت وا

باشتره زاراوەی ئەقلانیەت و دیموکراسی بەکاربهێنین کە ئەوە چاری کێشەو گرفتەکانمان دەکات!!. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین لەبەرامبەریدا زۆر کەسایەتی گەورەی رووناکبیری عەرەبیش لە جیهانی عەرەبیدا هەن، کە هەمیشە هەوڵەکانیان لەپێناوی قووڵکردنەوەی عەلمانییەتدا بووە ، نموونەی جۆرج تەرابیشی و هاشم ساڵح و عزيز العظمة و موراد وەهبەو فوئاد زەکەریاو زۆری دیکە. ئێمەی کورد لەو هەرێمە تا ئێستاش زیاتر ئەو کولتووره عەرەبییە سەلەفییە چەقبەستووەمان وەرگرتووە، کە هەموو جیهانی عەرەبی خستۆتە ناو گێژاوێکەوەو هەر رۆژەو توندڕەوترین گرووپی سیاسی ئیسلامی بەرهەمدەهێنێت نموونەی ئیخوان موسلمین و کۆمەڵەی ئیسلامی و قاعیدەو ئەنسارولئیسلام و جوندولئیسلام و بەرەی نوسرەو داعش و ...هتد. ئەو نوخبە سیاسی و رووناکبیرییەی عەرەب هیچ بەهایەکی بۆسەر کورد نەبووە،تا بتوانین خۆمان لە فۆرمێکی نوێتردا نمایش بکەین، دەنا محەمەد ئارگۆن و سەید قیمەنی و ناسر ئەبوزێدو فەرەج فۆدەو دەیان کەسایەتی دیکەی عەرەب مایەی خوێندنەوەی وردو مایەی سوود لێوەرگرتنن.

با بپرسین لەبەرچی عەلی باپیر هیچ سوودێکی لەو رووناکبیرە هاوچەرخانەی ئەمڕۆ وەرنەگرتووە،بە محەمەد عەبدەو عەبدولرەحمان کەواکیبی و جەمالەدین ئەفغانیشەوە، کەچی هەر بەدوای ئیبن تەیمییەو سەید قوتب و توندڕەوەکانی دیکە دەکەوێت کە دەیان ساڵ و ئیبن تەیمییە 750 ساڵ پێش ئێستا ژیاوە.جیهانی عەرەبی پێش 750 ساڵ چۆن

بووە،ڕێک عەلی باپیر خوازیارە بمانباتەوە بۆ ئەو سەردەمە پڕ لە تاریکییە.بەڵام مێژووی عەلمانیەت زیاتر لە 150 ساڵە دەرکەوتووەو بە درێژایی ئەو 150 ساڵەش بەردەوام چەمکی نوێتر بە خۆیەوە دەگرێت و خۆی نوێدەکاتەوە،دوای ئەزموونێکی زۆری ململانێی نێوان باڵ و هێزەکان، فەیلەسووفی گەورە سپینۆزا یەکەمین کەس بوو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئایین جێگای هەموو یاساکانی حکومەتی گرتۆتەوە،بەڵام گرفتەکە ئەوەیە حکومەت بەردەوام پێویستی بە پێشکەوتن و گۆڕانکارییە لەپێناوی باشترین شێوەی حوکمڕانیدا،بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک، کەچی ئایین چەسپاوو نەگۆڕەو توانای پێشخستنی نییە. بۆیە سپینۆزا گوتی نابێت شەریعەتی ئایینی ببێتە یاسای حوکمڕانی. کەچی عەلی باپیر نایەوێ تێبگات کە عەلمانییەت چییە، ڕەنگە بوترێ ئەوە کەی گرفتە کە لە عەلمانییەت نەگەیشتووەو نایزانێ، تا ئێرە ڕاستە مەرج نییە هەموو کەس بیزانێت عەلمانییەت چییە، بەڵام گرفت ئەوەیە تۆ لەماناو دەلالەت و مەدلوولەکانی زاراوەیەکی وەکوو عەلمانییەت نەزانیت،کەچی بەردەوام هێرش بکەیتە سەری و بە زاراوەیەکی نا تەندروست و خراپ و تەنانەت بە فاشیل و...هتد بیزانی،ئەمەیان سەیرە!!،هەروەک فڕکانی تەیرە!! لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم، تەنیا لەناو کورد قەباحەتی لەمجۆرە ڕوودەدات،دەنا لە ناو هەر کۆمەڵگایەکی دیکەو لە هەر وڵاتێکی دیکە بوایە،حەشرێکیان بە عەلی باپیر دەکرد،کورد گوتەنی عارەب بە حوشتری نەکردایە.

مێژووی عەلمانیەت بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1851،کە بۆ یەکەمجار لە لایەن نووسەری بەریتانی جۆرج هۆلیۆک لە ساڵی 1851 بەکاریهێنا،ئەمەش لە ئەنجامی کارەساتی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاست بوو،کە ئایینی مەسیحی لە رێگای کڵێساکانییەوە،هەموو ژیانی بۆ خۆی کۆنترۆڵ کردبوو، کڵێسا بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی خۆی دادگای پشکنینی دانابوو،کە رۆژانە دەیان و سەدان کەس دەخرانە بەردەم ئەو دادگایە تۆقێنەرەوە ،کە زمان بڕین و سەر بڕین و ئینجا سوتاندن ببوو بە نەریت و ببوو بە کولتووری ئەو ئایینە، ئەو ئایینەی مەسیح دەیگوت ئەگەر شەپازللەیەکیان لە لا روومەتێکت دا، بە هێواشی لا روومەتەکەی تریشی بۆ رابگرە تا لێتبدات، کەچی کڵێساکانی ئەوروپا دادگاکانی پشکنینیان بۆ خەڵک دامەزراندبوو، یەکەم فەیلەسووف کە لە سەرەتای نووسینەکانیدابوو کڵێسا گرتی زمانی بڕی ئینجا سەری بڕی ئینجا بە سەربڕاوی سووتاندی، دەگێڕنەوە کاتێ سەریان لەجەستەی جودا کردبووەوە، هێشتا برۆکانی دەجوولان ، ئینجا سوتاندیان، ئەو فەیلەسووفە ناوی جیۆردانۆ برۆنۆ بوو.نموونەکان یەکجار زۆرن لەوبارەیەوە.کێشەی کالاس کە گرفتی قووڵی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان بوو، زۆر بڵاوە، چونکە جگە لە ئەمیل و زۆلاو برادەرانی، ڤۆلتێر رۆڵێکی گەورەی لە راستی نیشاندانی ئەو کێشەیە بەناوی (نامەیەک لەبارەی لێبوردنەوە)بینی،کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، چونکە ئەم شەڕە ئایینییە کێشەی قووڵی خستە ناو یەک

خێزانیشەوە، کێشەی گەورەی خستە نێوان کوڕو باوکەوە،نازانم عەلی باپیر ئاگادارە ؟!.

بەڵێ عەلمانیەت لەناو ئەو دۆخە سیاسییە پڕ لە ڕەشەباو تۆفانە دروستبوو، کە هاوکات قۆناخی رۆشنگەری لەگەڵیدا بوو، بە واتایەکی دیکە عەلمانیەت ئەوکاتە جۆرێک بوو لە ئەقڵانیەت، واتا عەلمانیەت بۆ ئەوە دروستبوو، ئیدی نابێت هیچ بیرو باوەڕێک بەسەر بیروباوەڕێکی دیکە زاڵبکرێت.(هۆلیۆک )کە ئەو زاراوەیەی بەکارهێنا، مەبەستی ئەوە بوو سیستەمی کۆمەڵایەتی لە ئایین جودا بکاتەوە، جیای بکاتەوە، نەک دژی بوەستێت. ئەمە هەمان ئەو هەڵوێستەیە کە مەسیح لە ئینجیلی مەرقۆس (12:12-17 )گوتوویەتی ئەوەی قەیسەر بۆ قەیسەرو ئەوەی خوداش بۆ خودا.. عەلمانیەت بەرهەمی ئەو پرۆسە دوورو درێژەی سەدەکانی ناوەڕاست بوو،کە تا هاتنی قۆناخی رێنیسانس درێژەی کێشا،کە نزیکەی 1500 ساڵی خایاند.ئەپیقۆرس ی فەیلەسووف زوو چرپاندی و وەک یەکەمین فەیلەسووف لە دەسەڵاتی ئایینی دوا، بەڵام وەجاخ کوێر بوو، تا شۆپینهاوەرو داڤید هیوم و ڤۆلتێرو تۆماس جیڤرسۆن و...هتد نەهاتن، زەمینەکە زۆر تەسک و بچووک بوو، تا دواجار نیچە بە چەکوشەکەی هەم لەسەری هیگڵ و هەم لە سەری مەسیح و ئایینەکەی داو پارچە پارچەی کرد. راستە عەلمانیەت لە بنەڕەتدا ئایینی مەسیحی خستە پەراوێزەوەو،بردییەوە ناو کڵێساکان و لەسەر شەقام و لەناو دامودەزگا فەرمییەکانی حکومی و لە ژیانی سیاسیدا دووریخستەوە. ئەمە رێک هەمان

ئەو قسەی پێغەمبەری موسڵمانانیشە کاتێ وتی (ئێوە باشتر لە کاروباری دونیای خۆتان دەزانن) بەو واتایەی ئایین پەیوەندی بە تێکەڵکردنی کاروبارەکانی ژیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی گرێدانی هەر تاکێکە لەگەڵ خودای خۆی. بۆ رۆژی دوایی دوای مردن. دەتوانین بڵێین سیستەمی عەلمانی پەیوەندی بە ژیانی زیندەگی ئێستای مرۆڤەکانەوە هەیەو لە گرفت و ئالۆزییەکانی ئێستایان دەکۆڵێتەوەو چارەسەری پێویست و گونجاویشیان بۆ دەدۆزێتەوە ، دوور لە هەموو توندو تیژی و پێکدادانێک، بەڵکو گفتوگۆ تەوەری سەرەکی پەیڕەوکردنییەتی.بەڵام سیستەمی ئیسلامی هەموو هەوڵەکانی بۆ ژیانی دوای زیندەگییە واتا بۆ ژیانی دوای مردنە،هەموو ئەو ئەرک و کارانەی ئێستا بەسەر خەڵکی دەسەپێنێ، ئامانجەکە بۆ دوای مردنە، بۆیە بە درێژایی مێژوو لە هیچ سیستەمێکی ئیسلامیدا یان فراوانتر بڵێین لە هیچ سیستەمێکی ئایینیدا، ،نەتوانراوە خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک مسۆگەر بکرێت و مرۆڤەکان بە ئارامی و بە ئاسوودەیی بژین، چونکە هەر رۆژەو بڕیارێکی ئیجباری بەسەریاندا دەسەپێنرێت و...نموونەش لەو بارەیەوە زۆرە، داعش هێشتا لە موسڵ ماوە ئەوەندە دوور نییە، یان با عەلی باپیر بچێت سەردانێکی تکریت و فەلوجەو رومادی بکات کە پێشتر بۆ ماوەیەک داعشی تێدابوون، بزانە ئێستا خەڵکەکەی چۆنن و چۆن باسی ئەو بڕیارە سەپێنراوانەی داعشی بۆ دەکەن،کە رۆژانە هەر خەریکی فەتواو بڕیاردان بوون بەسەر ئەو خەڵکەوە. کە دڵنیام عەلی باپیر باش باش ئاگادارە.

هەڵبەت عەلمانیەت  وابە سانایی نەیتوانی جێگای خۆی بکاتەوە، بەڵکو ئەویش بەنێو کۆمەڵێک ململانێی سەختدا تێپەڕبوو،چونکە پیاوانی ئایینی لە فەرەنساو ئینگلتەرا (بەریتانیای ئێستا)و ئیسپانیا، تەواوی دەسەڵات و پلەو پۆستەکانیان بۆخۆیان قۆرخ کردبوو، چەندین ململانێی سەختیش هاتنە ئاراوە،چونکە لە سیستەمە ئایینییەکاندا، حوکمڕانی بۆ ماوەییەو ئاسانترین شت پشتاوپشتکردنی دەسەڵاتە،پاشاکانی فەرەنساو ئینگلتەراو ئیسپانیاو ..هتد، نموونەی زەقی پشتاوپشتکردنی دەسەڵات و نموونەی زەقی گەندەڵی دەسەڵات بوون، بۆیە هەندێکیان کەوتنە بەر رەحمەتی راپەڕینی خەڵک و لە سێدارە دران. ئیتر بە رێگای قوربانیدان عەلمانییەت هاتۆتە ئاراوەو دواجار عەلمانیەت پەیڕەوی لێکراوە، بەڵام عەلمانیەت  وەک دەقە ئایینییەکان نییە چەسپاوو نەگۆڕ بێت، بەڵکو لەماوەی دروستبوونی ئەم چەمکە تا ئەمڕۆ بەردەوام جوانترو دەوڵەمەندترو هاوسەردەمانەتر دەکرێت،حوکمڕانی بۆماوەیی و پشتاوپشتکردنی دەسەڵاتیش لە فەرهەنگی عەلمانیەتدا شوێنی نەبۆتەوەو عەلمانیەت دژیەتی.بۆ دادپەروەری و مافی هاووڵاتیبوون و ئازادی تاکە کەس، ئەوە عەلمانیەتی رۆژئاوایە وایکردوو مەڕو گورگ پێکەوە ئاو بخۆنەوە، ئەوە عەلمانیەتی رۆژئاوایە وایکردووە تەواوی ئازادی بدات بە هەر تاکێک لە هەر بستێکی هەر نیشتمانێکی ئەوروپیدا بێت،هیچ بیروباوەڕێک بۆی نەبێت خۆی بەسەر بیروباوەڕێکی دیکەدا بسەپێنێت جا لەژێر هەر بیانوو پاساوێکەوە بێت. گەوهەری عەلمانیەت ئەو قسەیەی ڤۆلتێرە کە دەڵێت (ئەگەر چی من تەواو لەگەڵ

بیروبۆچونەکەت ناکۆکم، بەڵام ئامادەم لەپێناو دەربڕینی بۆچوونەکەتدا،دژ بە قسەکانم، خۆم بکەم بە قوربانی)بەڵێ ئەمەیە عەلمانیەتی راستەقینە جەنابی عەلی باپیر.

عەلی باپیر ئەوە چەندین جارە هێرشی نەزانانەو بێ بنەمایانە دەکاتە سەر عەلمانیەت، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە عەیب و عارەکانی عەلمانییەت باس بکات، نەیتوانیوە بڵێ ئەی خەڵکینە عەلمانییەت ئەوەی دەوێت و ئەوەی ناوێت، نەیتوانیوە هیچ بڵێت ،جگە لە چەند رستەیەکی ئینشائی بێ بنەمای فیکری و بێ بنەمای راستی و زانستی. کەواتە من لێی دەپرسم، باشە تێمانبگەیەنە مەترسییەکانی عەلمانییەت، بۆسەر ئازادی تاکە کەس چییە ؟، مەترسییەکانی عەلمانییەت لە کوێدایە بۆ کۆمەڵگای کوردی ؟ ئایا لە عەلمانیەتدا مافی هیچ کەسێک پێشێل دەکرێت ؟ ، ئەگەر پێشێلدەکرێت، تکایە بۆمانی روونبکەوە،چونکە ئێمە هێشتا نەگەیشتووین بەو زانیارییە. ئەی عەلمانیەت لەگەڵ ئاشتی و خۆشەویستی و لێبوردەییدا چۆنە ؟، هیچ ناکۆکییەک هەیە لەمبارەیەوە ؟ . من دڵنیام لەسەر ئەم چەند پرسیارەی سەرەوە هیچ لە هەگبەکەتدا نییەو ناشتوانی بچووکترین وەڵامت هەبێت، تەنانەت تا لە ژیانیشتدا ماوی برۆ بەدوای سەرچاوەی جۆراوجۆردا بگەڕێ و هەر بگەڕێ،بەڵام یەک سەرچاوەی زانستی نادۆزیتەوە،کە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دڵت خۆش بکات، بەڵام قەیناکە پرسیارێکی ترت لێدەکەم، رەنگە لەمەیان بزەیەکت بێتێ و کەمێک دڵت پێی خۆش بێت، ئەویش ئەوەیە ،باشە تۆ کە ئەوەندە بە خراپ باسی

عەلمانییەتمان بۆ دەکەی، یەکەم: بە وردی بۆمانی باس بکە کە پارتی و یەکێتی عەلمانین، دووەم بە وردی بۆمان باس بکە کە عەلمانییەت دژی ئایینە لەناویشیاندا ئایینی ئیسلام، چونکە تۆ خۆت لێمان کردووە بە نوێنەری ئەو ئایینەو وەک ئەوەی تۆ نوێنەری خودا بیت لەسەر زەوی و کۆمەڵگای کوردیش هەمووی دژی ئایین و دژی خودا بووبن، دە باشە بۆمانی روونبکەوەو با ئێمەش بزانین عەلمانییەت لە کوێدا دژی ئایینە.

نامەوێ بچمە سەر ئەوەی عەلمانییەت لەماوەی ئەو سەدەو نیوەی رابردوودا کە چەندە پێشکەوتووەو چەندە خزمەتی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە، چونکە ئەوەیان ئەلف بای تێگەیشتنی هەر کەسێکە لە عەلمانیەت و هەروەها بە دەیان و تەنانەت بە سەدان کتێبیش لەو بارەیەوە هەن، ئەگەر عەلی باپیر تاقەتی کتێب خوێندنەوەی هەبێت!!، چونکە گوتارە سیاسییەکانی، واعیزەکانی، ئامۆژگارییەکانی عەلی باپیر با کتێبەکانیشی لەگەڵیدا بێت، هەموو ئەمانە ئەوەت پێدەڵێن، ئەو بەرێزە یان ئەوەتا کاتی بۆ خوێندنەوە نییە، یانیش ئەوەتا هەر خۆی ناخوێنێتەوەو پێیوایە ئەو پێویستی بە خوێندنەوە نەماوە، چونکە قۆناخی خوێندنەوەی بڕیوەو!! ئەو هەموو شتێک دەزانێت!!. ئەگەر نەیشیزانێت، ئەوا شەو خەون دەبینێت و بۆ سبەینێ هەمووی ئەزبەرکردووە!! بە راستی سەیرە ئەم وڵاتەی ئێمە چی بەسەر هاتووە بەدەست دەیان کەسی لە شێوەی عەلی باپیر. ئاخر ئەو قسانەی عەلی باپیر بەردەوام دەیڵێتەوە، یەکسەر ئەوەت بۆ ڕووندەبێتەوە کە ناخوێنێتەوەو تەنیا قسە فرێدەدات، بێگومان ئەمەش

کارەساتە. ئازادی لای عەلی باپیر تاکڕەهەندەو مانایەک بۆ ئەویدی ناهێڵێتەوە، دەنا ئەوەتا سیستەمی سیاسی لە ئەوروپا هەمووی عەلمانییەتە، ئەو فەڕەنسایەی کە داعش بەردەوام لە پیلانی جۆراوجۆردایە بۆئەوەی ئاڵۆزی بکات و بیشێوێنێ، بەڵام ئەوەتا خەڵک ئازادە چ جۆرە ئایینێک هەڵدەبژێرێت، ئازادیشە کە ئایین هەڵدەبژێرێت یان هەر بڕوای بە هیچ ئایینێک نییە، کێ مەسیحییە، کێ ئیسلامە، کێ بوزاییە، یان هەر باوەڕی بە هیچ ئایینێک نییە، هەر کەس خۆی بەرنامەو شێوازی ژیانی خۆی دادەنێت، بێئەوەی کەس هیچی بەسەردا بسەپێنێت.ئازادیش ئەوە نییە ئازادی ئەوانی دیکە زەوت بکەیت، چونکە تا ئێستا هەموو روانگەی عەلی باپیر بۆ دەستبەسەرداگرتن و سەپاندن و بەگشتیکردنە، نووسین و گوتارو دیمانەکان لەوبارەیەوە خۆیان قسە دەکەن. عەلمانییەت بەوە جوانتر بووە کە بە شێوەیەکی فەرمی بەرامبەر بە هەموو ئایینەکان بێ لایەنە،لەگەڵ هەموو هاوولاتیەکیش بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانەو بێ جیاوازی رەفتارو..هتد مامەڵە دەکات، بەبێ رەچاوکردنی هیچ ئینتیماو لێکدانەوەو بیروباوەڕێکی ئایینی. لە رووی سیاسیشەوە عەلمانیەت بزووتنەوەیەکە بە ئاراستەی جیاکردنەوەی ئایین لە حوکمڕانی،واتا نە حکومەت دەست لەکاروبارە ئایینییەکان وەربدات و ،نە ئایینەکانیش دەست لەکاروباری حوکمڕانی وەربدەن،ئێستا لە وڵاتانی کەنەداو ئەمریکاوە تا ئەوروپا،وڵاتانێکی یەکجار زۆر،خۆیان لەو کێشەیە قورسە رزگارکردووە کە ئایین سەرچاوەی یاساکان بێت، ئێمە مافی مرۆڤمان هەیە بەری خەباتی

لانی کەم دەهەزار 10000 ساڵە، باشترین سەرچاوەشە چونکە جیاوازی و ڕەگەزپەرستی بەرامبەر بە مرۆڤەکانی ڕەتکردۆتەوە،بۆیە ئەوروپا سەرکەوتوو بوو، ئەمریکاو کەنەدا سەرکەوتوو بوون کە عەلمانییەتیان پەیڕەو کرد، بەڵام ئەی سعودیەو ئێران و پاکستان و ئەفغانستانی سەردەمی بن لادن و تالیبان ؟ عەلی باپیر ئاشکرا بانگەشەی ئەوەمان بۆ دەکات بمانخاتەوە ناو کوێرەوەری و خۆیشی ببێتە ئەمیرو پێشەوای ئەم هەرێمە، کە قوربانییەکانی رووباری خوێنە،نەک جۆگەلە.

بیانووەکانی عەلی باپیر بۆ عەلمانییەت ئەوەیە کە گوایا پارتی و یەکێتی کە حکومەتی هەرێمیان پێکهێناوە، فەشەلیان لە بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمەدا هێناوە، چونکە دوو حیزبی عەلمانین، ئەڵڵاهو ئەکبەر!!،گرفت ئەوە نییە خەڵک چەند شارەزای عەلمانیبوونە، پرسیاری من ئەوەیە ئەرێ بەراست لەناو تەواوی کۆمەڵی ئیسلامی کادیرێک نەبوو بە گوێی عەلی باپیردا بچرپێنێ بڵێ ئەمیرەکەم پارتی و یەکێتی عەلمانی نین، یان لەناو هەر سێ حیزبی ئیسلامی سەرکردەیەک بنکردەیەک کوڕە لایەنگرێکیان تێدا نەبوو ئەم هەڵەگەورەیەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی راستبکاتەوە ؟! چۆن یانی کەس نەبوو ؟!! سەلاواتێکی پێویستە!! جارێ ئەم حکومەتی هەرێمەی شکستی خوارد، هۆکاری بنچینەیی ئەوەبوو حکومەتێکی تەوافوقی لێ پێکهێنرا، کە ئەمڕۆ لە هەموو دونیادا تەنیا لە پێنج وڵاتدا حکومەتی تەوافوقی هەیە، ئەویش هیچیان سەرکەوتوو نەبووینە،لەنێو ئەو حکومەتی تەوافوقییەدا،کە ناویان لێنا حکومەتی بنکە فراوان، حیزبەکەی

عەلی باپیر بەو پەڕی کەیفخۆشییەوە چووە ناو حکومەتەکەو وەزیرو گزیریشی پێدرا، ئینجا ئەم حکومەتە بە بەشداری دوو حیزبی بنچینەیی ئیسلامی سیاسی پێکهاتووە، ئەم حکومەتە خاوەنی یەکێتی زانایانی ئایینییە، خاوەنی وەزارەتێکی گەورەو تایبەتی کاروباری ئایینییە بەناوی ئەوقافەوە، ئەم وەزارەتە ململانێیدەکرد لەسەر ئەوەی دەبێ لە حیزبە ئیسلامییەکان زیاتر مزگەوت دروستبکات، سووپایەک لە خەڵکی نەخوێندەواری لە مزگەوتەکان بە فەرمی دامەزراندووە، ئەم حکومەتە ئاسانکارییەکی بۆ بازرگانە زەبەلاحەکان کردبوو کە لەجیاتی ئەوەی باج بدەن بە حکومەت با بەو بڕە پارەیە مزگەوتێک دروستبکەن،لە رۆژانی جەژن و بۆنە ئایینییەکاندا، پشووی فەرمییە ،جەژنی رەمەزان سێ رۆژو جەژنی قوربان 4 رۆژە. لەرۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر نە دامو دەزگایەکی حکومی هەیە،نە نا حکومی، تەنانەت بازاڕیش دادەخرێت و تەنیا شەربەت و چوکلێتی لێدابەشدەکرێت. ئەمانەو چەندین نموونەی دیکە هەن و هەمووشیان تا کاتی ئەم نووسینەم هەن، باشە جەنابی عەلی باپیر من نازانم تۆ لە کامە فەرهەنگدا عەلمانییەتت خوێندۆتەوەو ئاوا بۆمانی هەڵدەگێڕیتەوە، ئاخر حکومەتێک ئاوەها گرنگیدانی بێت بە ئایین و کاروبارەکانی ئایینییەوە، ئەو حکومەتە لە کوێدا عەلمانییە ؟!! ئەی باشە بەڕێزتان بۆچی چوونە ناو ئەو حکومەتە عەلمانییەوە، لەکاتێکدا وەک خۆت ئەوە چەندیجارە بە فەشەل و فاشیل باسی دەکەیت، ئایا ئەمە عوزر لە قەباحەت گەورەتر نییە ،تا ئێستاش لەناو حکومەتن و ناکشێنەوەو

دەشڵێیت فاشیلە، تۆ لەناو فاشیلان چی دەکەی، بۆ ناگەڕێیتەوە ناو بەرەی خەڵک.ئەمە چ عەلمانیەتێکە، شاعیران نەتوانن شیعرێکی ئیستاتیکی تەنز ئامێز لەبارەی خوداو ئایینەوە بنووسن، ئەمە چ عەلمانیەتێکە، نووسەرو رووناکبیران گەورەترین گرفتیان ئەوە بێت، نەتوانن لەسەر ئایین کتێبێکی زانستی و نموونەیی بنووسن !!، نەتوانن خوێندنەوەیەکی زانستی لەسەر ئایینی ئیسلام بنوسن !!،نەتوانن هەندێک لەو کتێبانەی بە عەرەبی چاپکراون، نەوێرن بیکەن بە کوردی، تۆ عەلمانیەت بە چی تێگەیشتووی برا، دە بڕۆ لەجیاتی ئەم هەموو دیمانەو ئەو هەموو قسە سواوانەی لە تیڤییەکان بۆ خۆنیشاندان (استعراض) ی خۆت دەیکەی، دە بڕۆ ماوەیەکی باش خۆت بە خوێندنەوە خەریک بکە. ئەو چوار ئایەتەی لەبەرت کردووە بەهەڵە بە کەسیشی مەفرۆشەوە، چونکە خەڵکیش لە تۆ باشتری تێگەیشتووە. مەحوی گوتەنی: شوکر هوشیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە......

هەریەک لە ئێمە کاتێ ناوی عەلی باپیری گوێ لێدەبێت، یەکسەر وێنەی کەسێکی ریشداری بە سەرو جەمەدانی و بە جلی کوردیی خاکییەوە دێتە بەرچاوی، عەلی باپیر ئەو وێنەیەی لە زیهنی هەر کەسێک دروستکردووە،وەک بڵێی من ناسیۆنالیستم،یان ناسیۆنالیزم نا، چونکە ئەو رقی لە ناسیۆنالیزمە!! با بڵێین وەک بڵێی من کوردایەتی دەکەم، بەڵام هەرچییەک بڵێت لە راستیدا ئەمە تەنیا رووکەشەکەیەتی،چونکە لەگەڵ ئەو

وێنایەی لەبەرچاوی خەڵکی دروستیکردووە، هاوکات وێنایەکیدیکەش لەپاڵیدا دروستبووە،کە عەلی باپیر زۆری حەز لە کوێخایەتی و هەروەها زۆر حەزی لەوەیە رۆژێ لە رۆژان (لا سامح الله)خەڵک بە نوێنەری خودای خۆی بزانێ لەسەر زەوی. بۆیە ئەو ئەقڵیەتەی عەلی باپیر سیاسەتی پێدەکات، ئەقڵیەتێکی تەواو خێڵەکی و پاوانخوازییە،کە تا ئێستا هیچ حیزبێکی ناسیۆنالیستی لەم هەرێمە (ئەگەر هەبووبێت!!) بەم شێوەیە لەناو خەیاڵێکی ئاوادا گینگڵی نەخواردۆتەوە،ئەمە لەکاتێکدا،عەلی باپیر جلو بەرگەکەی تەنیا وەک رووپۆش و بۆ چاوبەستن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بەکارهێناوە، دەنا نەک هیچ خەباتێکی بۆ وشیاری نەتەوەیی و نەتەوەخوازی نەکردووە، بەڵکو وشیاری نەتەوەییشی تەواو شێواندووە، کە لە خوارەوە وردتر هەڵوەستەی لەسەر دەکەم،جل و بەرگەکەیشی هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو جلو بەرگەی عەلی قەرەداخی، سەیرکەن عەلی قەرەداخی لە قەتەر دیشداشەی عەرەبی لەبەردایەو عەگالیش لەسەردەکات!!، کە دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستانیش رانکوچۆغەی مەرەزی لەبەردەکات و جەمەدانی کوردەواری دەبەستێ!!!،کە دەچێتە تورکیا چاکەت و پانتۆڵی لەبەرەو کڵاوی عوسمانی لەسەرە!! لەخوا دەپاڕێتەوە ئەردۆغان سەربخات، گلەییش لە خەباتی کوردانی تورکیا دەکات و پێیباشە هەموان بچنەوە ژێر چەترە پڕ رەحمەتەکەی ئەردۆغان!!!!.دونیایەکی سەیرە گوڵم. ئەم قوتابخانەیەی عەلی قەرەداخی و عەلی باپیرو ئیخوان و کۆمەڵ و سەلەفییەکانی دیکە لێی پەروەردە

کراون، له بنەڕەتدا یەک قوتابخانەیە، بەڵام بە چەند ئاراستەیەکی جیاواز! وەک ئەوە وایە چەند کەسێک لە یەک زانکۆو لەناو یەک کۆلیژدا بخوێنن، بەڵام هەر یەکەیان لە بەشێکی ئەو کۆلیژەدا بخوێنن، هەموویان نەچووبنە ناو یەک بەش لە یەک کۆلیژدا.

بەرلەوەی بێینە سەر ناسیۆنالیزمەکەی عەلی باپیر با بزانین ناسیۆنالیزم، مێژووەکەی،شۆڕشەکەی، ...هتد چۆن هاتووە ئینجا ئاماژە بە هزری عەلی باپیر دەکەین. وەک چۆن باسی عەلمانیەتمان کرد،کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و سەروبەندی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسییەوە دروستبووە، بەهەمانشێوە ناسیۆنالیزمیش بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییەو لەناو هەناوی شۆڕشە پیشەسازییەکاندا گەشەیکردووە،کە زیاتر ئەوانە دەگرێتەوە لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدە سەریانهەڵداوە. پێش ئەم مێژووە، واتە بە درێژایی مێژوو تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە،شتێک نەبوو بەناوی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکو ئەوەی هەبوو تەنیا لەسەر بنەمای ئاینی و پاوانخوازی بوو نەک نەتەوەیی. بۆنموونە ئەوروپا ئاینی مەسیحی بۆ خۆی وەرگرتبوو، هەموو پاشاو ئیمپراتۆرو دیکتاتۆرەکانیان لەژێر بنچینەی ئاینییەوە (ئاینی مەسیحی)خەڵکیان دەچەوساندەوەو زمانی لاتینیشیان بەکاردەهێنا، عەرەبستانیش لە ژێر بنچینەی ئاینی ئیسلامی بوو ،زمانەکەشیان عەرەبی بوو،دوای سەرهەڵدانی رێنیسانس، شارستانێتی فەڕەنسا توانی شوێن و رۆڵی ئاینی مەسیحی بگرێتەوە، ئەمەش سەرەتا لە لایەن نوخبەی رووناکبیری و فەیلەسووفەکانییەوە وردە

ورده هەژموونی خۆی زاڵکردو توانی لەناو توێژی رووناکبیران شوێنی خۆی بکاتەوە.ئیتر ورده ورده زمانی نەتەوەیی بۆ هەر نەتەوەیەک کرا بەپێوەرێکی بنچینەیی، بۆ خەباتی نەتەوەیی.

یەکەمین کەس کە زاراوەی نەتەوەیی بەکارهێنابێت، سیاسەتمەداری گەورەی ئیتالی (گۆیسیبی ماتزینی) بوو کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1835 بەکاریهێنا. واتا سەرهەڵدانی عەلمانیەت و ناسیۆنالیزم، پێکەوە هاتن.

ئێمە کە سەیری مێژووی نەتەوەکان و گەشەکردنیان دەکەین،تەنیا یەک تیۆرمان لەبەردەستدا نییە تا بە ئارەزووی دڵی خۆمان وەک عەلی باپیر رەمل لێبدەین،بەڵکو چەندین تیۆرو فەلسەفەی جیاواز لەسەر نەتەوەو دروستبوون و گەشەکردنی نەتەوە هەیە،تۆ سەیرکە هەر لە دوو وڵاتی دراوسێی یەکدی لە ئەوروپا، دوو جۆرە بۆچوونی ناسیۆنالیستی سەریانهەڵدابوو، یەکەمیان لە فەرەنسا بوو، کە پێیدەوترێت تیۆری ناسیۆنالیزمی وشیاری، ئەمەیان بۆ فەیلەسووفەکانی فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بەتایبەت کتێبە مەزنەکەی جان جاک رۆسۆ کە بەناوی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)بوو،کە پێیوابوو بنچینەی کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی پەیوەندیگرێدانی هاووڵاتیان بەیەکەوە دروستدەبێت.ئەو پەیوەندی بەیەکەوە گرێدانە بریتییە لە (گرێبەست) ەکە. دووەمیشیان بریتی بوو لە تیۆری ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، کە ئەمەشیان بۆ فەیلەسووفی ئەڵمانی (هێردەر)

دەگەڕێتەوە،کە زمانی بە سەرچاوەی سەرەکی نەتەوە دانابوو،دەیوت زمان ڕۆحی گەلانە. ئەم دوو تیۆرە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە تا ئەمڕۆ بە درێژایی ئەم مێژووە گەشەی زیاتریان بە خۆیەوە بینیوە.بە شێوەیەک سۆزی نەتەوەیی هێزێکی قووڵ و ڕۆڵێکی بنچینەیی لە مێژووی گەلانی هاوچەرخدا بینیوە. وردە وردە بە خێرایی ئەم بیرۆکە گەشەی کرد بۆ تیۆرو هزری دیکە کە خۆی لە ڕێزگرتنی مرۆڤ و سەربەخۆییەکەی دەگرتەوە، بێئەوەی هیچ خواست و ئیرادەیەکی نامۆی بەسەردا بسەپێنیت. یان هیچ بیرێکی دوژمنانە بۆسەر ئەوانی تر بێت. دەوڵەتیش بوو بە قەوارەی سیاسیی نەتەوەکان لەسەر بنچینەی گیانی کۆمەڵایەتی. سەرەتا لە ئەڵمانیا ساڵانی 1850 – 1870 دەوڵەتی فیدراڵی یەکێتی دامەزران،یان وەکوو ئەوەی لە ئیتالیا روویدا یەک دەوڵەت بەبێ یەکێتی و فیدراڵی و...هتد.بەڵام لە بنەڕەتدا بیرۆکەی ناسیۆنالیزم سەرچاوەکەی بۆ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دەگەڕێتەوەو راستەوخۆش لەگەڵ راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا خۆی جێگیر کرد. واتا بەر لە شۆڕشی فەرەنسی و بەر لە راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا، ناسیۆنالیزم هیچ بوونێکی نەبوو، بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزم، بەرهەمی ئەقڵی کشتوکاڵی نەبووە، بەڵکو بەرهەمی ئەقڵی سەرمایەدارییەو لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری، بیری ناسیۆنالیستیش گەشەی کرد، وەک چۆن سەرمایەداری لەماوەی ئەو 400-500 ساڵەی رابردوودا،تەواو گەشەی خێراو بێ وێنەی بەخۆیەوە بینیوە، ئاوەها بیری ناسیۆنالیزمیش بە درێژایی ئەو 150 ساڵەی رابردوو، بووەتە

خاوەنی تیۆرو فەلسەفەی قووڵ و تا ئێستاش بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندایە.دەنا سەرەتای بیری ناسیۆنالیزم بۆ دەوروبەری ساڵانی 1760-1770 دەگەڕێتەوە کە لەتەواوی وڵاتانی جیا جیای ئەوروپادا خۆپیشاندانی گەورە بە ئاراستەی داواکارە نەتەوەییەکان دەکرا،لە ئیتالیاو لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپاو هەروەها مێژووی گەلی سلاڤی — بولگاری و قەیسەرو قەدیسەکان لە بولگاریاو دەیان بزووتنەوەی دیکەی سیاسی و بە ئاراستەی هزری نەتەوەیی لە یۆنان و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی و ...هتد بڵاوبوونەوە. جیرارد شۆنینگ یەکەمین کەس بوو کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1772 مێژووی نەرویژی نووسییەوە،دوای چەند مانگێکیش یەکەمین سروودی نیشتمانی نەرویژی دانا.نموونەکان یەکجار زۆرن لەو بارەیەوە. ئینجا دوای ئەو مێژووە چڕو ئاڵۆزەی بزووتنەوە سیاسییەکان، لە فەرەنسا جان جاک رۆسۆ لە هەردوو کتێبەکەی(گرێبەستی کۆمەڵایەتی) ساڵی 1762 هەروەها کتێبی(چەند تێڕوانینێک لە حکومەتی پۆلۆنیا)ساڵی 1772 هزری ناسیۆنالیزمی لەسەر پێی خۆی وەستاندو،تا ئەمڕۆش بە چەندین وێستگەی گرنگدا رۆیشتووە.

بەڵام لە عەلی باپیر دەپرسین مێژووی ئایینە ئاسمانییەکان زیاتر لە 3350 ساڵ دەبێت، ئەگەر دوو ئایینە ئاسمانییەکەی تریشی لێ دەربهێنین کە ئایینی موسایی و عیساییە، خۆ ئایینی ئیسلام تەمەنی 1400 ساڵێکە، بۆچی هیچ رۆڵی لە دروستبوونی نەتەوە نەبووە، تەنیا عەرەب بۆ خۆیان تا رادەیەکی زۆر چ وەک زمان، چ وەک یەکبوونی نەتەوە، رۆڵێکی گرنگیان

لێیوەرگرتووە لە مانەوەو بەردەوامبوونیان بە شێوەیەک تا قورئان و ئایینی ئیسلام بمێنێت، نەتەوەی عەرەب لە فەوتان دەپارێزرێت.هەرچەندە ئەو ئایینە عەرەبیشی تووشی چەقبەستووییەک کردووە کە نەتوانن لەگەڵ سەردەمی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیدا بڕۆنە پێشەوە،ئەوەتا هەموو عەرەب لە بەرامبەر پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی دونیادا زۆر دەستەوەستان و داماوە. ئیتر ئایین نەک هەر هاوکاری گەلان و نەتەوەکانی دیکەی غەیرە عەرەبی بۆ مانەوەیان نەکردووە، بەڵکو هەمیشەو بەردەوام بە درێژایی ئەو مێژووە هەڕەشەو مەترسیان بۆ سەر گەشەی ناسیۆنالیزم دروستکردووەو بەردەوام زیانی گەورەیان پێگەیاندووە،چونکە ئیسلامیش ئایدیۆلۆژیایەکی نانیشتمانی و نێونەتەوەییە،کار بۆ دوای مردن دەکات، نەک بۆ ئەمڕۆو سبەینێ، ئایدیۆلۆژیشە،وەک هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە. هەر لە سەردەمە یەک لە دوا یەکەکانی وەک خەلافەتی راشیدین و ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی،تا دەگات وەهابیزم و هەروەها تا ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێک حەسەن بەنا ئیخوان موسلمینی دامەزراندو، لە پزدانی ئیخوان موسلمینیشەوە دەیان بزووتنەوەی توندڕەو زۆر توندڕەوی ئیسلامی دروستبوون،کە بڕوایان بە مافە نەتەوەییەکان نەبوو، هەموو شتێکیان لەوەدا کۆ دەکردەوە کە دەڵێت (لا فرق بين العربي والعجمي الا بالتقوى).بەڵام لەگەڵ ئەو قسەشیاندا، هەمیشە پشتگیریی دەسەڵاتیان کردووەو مێژوویەکی زۆر رەش و ناشیرینیان پێشکەش بە گەلانی موسڵمان کردووە،چونکە ئەوەتا مێژووی هەموو خەلافەتەکانمان

لەبەردەستدایە،لە ئەبوبەکری سدیقەوە تا دوا خەلافەتی عوسمانییەکان کە سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم بوو،لەنێو ئەو مێژووە دوورو درێژەشدا دەیان گرووپ و کۆمەڵ و رێکخراوی بەناو ئیسلامی سیاسیی سەریانهەڵداوە،زەقترینیان وەهابییەکان و ئیخوانەکان بوو، کە مێژووی ئەم دوو رێکخراوە لە مێژووی خەلافەتەکان زۆر ترسناکتر بووە، بەتایبەت ئەو رێکخراوانە،هەرگیز لە بەرەی خەڵکی هەژارو داگیرکراودا نەبوونە، تۆ سەیری مێژووی ئیخوانی موسلمینی میسر بکە، مێژوویەکی زۆر رەشی بۆ خۆی دروستکردووە، چونکە هەمیشە لەبەرەی دەسەڵاتدا بووە، هەمیشەش رۆڵی دووبەرەکی و جاسووسی بەسەر حیزبە سیاسی و نیشتمانییەکانی دیکەی کردووە، سەردەمێک بە راشکاوی پشتگیرییان لە مەلیک فاروق و سەرۆک و سەرکردەکانی دیکەی میسر دەکردو، بشبوون بە سیخوڕو بەکرێگیراو بەسەر خەڵکی شۆڕشگێڕو خەڵکیشیان بۆ کوشتنی کەسایەتییە رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرەکانی وڵات هاندەدا، لەوبارەیەوە چەندین فایلی رەشی پڕ لە شەرمەزاری ئیخوان و گرووپە بەناو ئیسلامییەکانی دیکە هەن کە لە میسر ئینجا لە سوریاو عێراقیش پەیڕەوییان لێکردووەو دژی گەل و نیشتمان و رووناکبیران کاری جیدیان کردووە.بەردەوامبوونی ئەو ئەقڵیەتە نەزۆک و نەخۆشە بوو،هەندێک لە بانگخوازو بەناو ئیسلامییە سیاسییەکان بە رووی کەسایەتییە رۆشنبیرەکان دەڕشانەوە بەمانای رشانەوە، فەرموو نموونەیەک دەهێنینەوە: سەباح ئەبو ئیسماعیل کە بانگخوازێکی ئیسلامی بوو، بە فەرەج فۆدەی وت: (تۆ لە کتێبی — پێش

کەوتن (قبل السقوط)– دا، بانگەشەت بۆ ئازادیی زیناکردن کردووە، بۆیە داوات لێ دەکەم، ژنەکەی خۆت بۆ من بنێرێت، ئەگەر ناردت ئەوا شکۆمەندییەکەت لەدەست دەدەیت، خۆ ئەگەر نەشتنارد، ئەوا تۆ درۆزن و خۆپەرستیت) بەڵام فەرەج فۆدە نەدەهاتە ئەو ئاستە نزمەو وەڵامیانی نەدەدایەوە.ئەوەی فەرەج فۆدەیشی کوشت،واتە بکوژی فەرەج فۆدە دانی بەوەدا نا بەهۆی فەتوای دۆکتۆر عومەر عەبدولڕەحمانی موفتیی (کۆمەڵی ئیسلامی)دا چووە فەرەج فۆدەی کوشتووە!!. مەئموون ئەلهەزیبی رابەری ئەوکاتی ئیخوان پشتگیری لە کوشتنەکە کرد. ئاخر درێژەپێدانی ئەم ئەقڵیەتە بوو تالیبان و بنلادن و زەرقاوی و بەغدادی بەرهەمهێنا. جگە لە عەرەب تەنیا تورک توانی لەژێر پەردەی درۆزنانەی ئیسلام دەسەڵاتی خۆی فراوانبکات و ئیپراتۆریا بخولقێنێ،ئەوەی ژیانی سوڵتانەکانی عوسمانی بخوێنێتەوە، ئینجا تێدەگات چۆن ژیانێکیان لەناو سەدان لە جوانترین کچانی تورک بەسەر بردووە!!!بۆخۆیان بەهەشتێکیان لەسەر زەوی دروستکردبوو، بەخەڵکیشیان دەوت بەهەشتی ئێوە دوای مردنتانەو کە مردن بەهەشتەکەتان مسۆگەرە!!. فارسەکانیش توانیان بە سودوەرگرتن بەو ئایینە خۆیان بپارێزن و بمێننەوە،بەوەی مەزهەبێکیان بۆ خۆیان دروستکردو بەهۆی ئەو مەزهەبەوە وردە وردە پاوانخوازی و فراوانخوازی خۆیان درێژە پێدەدەن، دەنا 500 ساڵ پێش ئێستا تا ئیسماعیل سەفەوی نەهاتبووە سەر حوکم، ئێران زۆرینەیان سونی مەزهەب بوون، بە پێچەوانەوە وڵاتی میسر جاران زۆرینەیان شیعە بوون، دوایی وردە وردە

بوونەوە سوننە. بەڵام بۆ کورد تەنیا داگیرکاری وماڵوێرانی بوو.چونکە لە بنەڕەتدا ماوەیەکی یەکجار زۆرە دەقەکانی قورئان کاریان پێ ناکرێت، بەڵکو کار بە لێکدانەوەو تەفسیرە جۆراو جۆرەکانی قورئان دەکرێت، ئەم تەفسیرو لێکدانەوە جیاوازانە هەر لەصحیحي بوخاری و زۆری پێنەچوو صحیحي موسلیم و ئیبن تەبەریشی بەدوادا هات، ئیتر وردە وردە لێکدانەوەو تەفسیری جودا جودا بۆ دەقەکانی قورئان کراوەو دەکرێت،کە ئیبن ئەسیرو ئیبن کەسیرو زۆرانی دیکە نموونەی جیاوازی تەفسیرو لێکدانەوەکانن. ئەم تەفسیرانە بوون ئەو هەموو مەزهەبەی لەناو ئیسلامدا خولقاندووە،سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکان،لە بنەڕەتدا سەردەمی تەفسیرو لێکدانەوەکانی قورئان بوون... ناسیۆنالیزم کێشەیەکی دیکەیشی هەیە، ئەویش لەناو پزدانی ناسیۆنالیزم توندڕەوی ناسیۆنالیزمی سەریهەڵدا، وەک ئەوەی نازییەکان پەیڕەوییان لێدەکردو خۆیان لەسەرووی هەر نەتەوەیەکی دیکە دادەنا (ئەگەرچی خودی هیتلەر بە شێوەیەکی فەرمی نەیوتووە من وازم لە مەزهەبی کاتۆلیکی یان پرۆتستانتی خۆم هێناوە،چونکە بڕوای بە خودا هەر مابوو، بۆنموونە:لە کتێبەکەیدا-خەباتی من- نووسیویەتی:کاتێک گوێم لە هەواڵی راگەیاندنی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو،کەوتمە سەرچۆک و لەناخی دڵمەوە سوپاسی خودام کرد بۆ ئەو چاکەیەی کە لەکاتێکی وادا من دەژییێنێ.ئەوکاتەی ئەو قسەیەی کردووە هیتلەر تەمەنی 25 ساڵ بووە، بەڵام بەڵگەی زۆر لەبەردەستدان کە لەسەر ئایینی کاتۆلیکی بەردەوامبووە،هەموو شەوێک ئینجیلەکەی لەسەر

سیسەمەکەی بوو، جار جارە لاپەڕەیەکی لێدەخوێندەوە!! بە پێچەوانەی لێکدانەوە سەقەتەکانی عەلی باپیرو ئەوانەی دیکەی دژ بە ناسیۆنالیزم پێیانوایە هیتلەر بەر لە هەموو شتێک ناسیۆنالیزم بووە نەک ئایینی!! ساڵی 1939 لە میونیخ بە رێکەوت لە هەوڵێکی کوشتن رزگاری بوو،هیتلەر سوپاسی خوای میهرەبانی کرد!!) هەروەها تورک بە هەمان ئەقڵیەتەوە دەژیان. بیریان لەوە دەکردەوە، گەلێک یان نەتەوەیەکی دیکە سەرکوتبکەن بۆئەوەی گەلێک یان نەتەوەیەکی دیکە ئاسوودە بێت، واتا وەک ئەوەی بڵێیت با ئەم کۆمەڵە خەڵکە فڕێبدەینە ناو دۆزەخ، بۆ ئەوەی ئەم خەڵکەی تر بچێتە بەهەشتەوە .لە کاتێکدا هەر خودی ستەمکاریش هەر لەو بۆچوونە سەقەت و داگیرکارییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەمڕۆ کاتێک عەلی باپیر هێشتا لەناو حکومەتی هەرێمدایەو وەزیرو گزیری لەناو ئەو حکومەتەدا هەیە ، دەبێت پرسیاری ئەوەی لێ بکەین، باشە تۆ مەبەستت لەو رەخنانە چییە ،چۆن حکومەتێک فاشیلە، کە خۆت تێیدا بەشداریت،بەم هاوکێشەیە بێت کۆی ئەوانەی بەشدارن لە حکومەتەکە فاشیلن،بە واتایەکی دیکە پێویستە عەلی باپیر رایبگەیەنێت بڵێت ،ئێمە لە حوکمڕانی فەشەلمان هێنا،چونکە ئەوەی عەلی باپیر دەیڵێت بەراستی عوزر لە قەباحەت گەورەترە. ئینجا دەپرسین،سەیرە حکومەتێکت پێ فاشیل بێت، بەڵام شەڕ لەسەر پۆستی ناو ئەو حکومەتە فاشیلە بکەیت!!. باشە کە فاشیلە تۆ دیدو بەرنامەت چییە بۆ چاککردنی یان بۆ رووخاندنی، ئەی دوای رووخاندنی کوا بەرنامەکەت، خۆ ناکرێ هەر بڵێین

به تەمای خوای ، شوکری فەزڵی گوتەنی (ئیش کە رووی تێکردی قەت سەرەو لێژی نەکەی، بیری وردیشی دەوێ، هەر بە دوعاو نوێژی نەکەی) یان لە دڵی خۆتا دەتەوێ بزووتنەوەیەکی وەکوو تالیبان و قاعیدە ببێتە فەرمانڕەوا! یان دەتەوێ لێمان ببیتە حەسەن نەسروڵا و هەر رۆژەو شەڕێکمان بۆهەڵبگیرسێنیت،چونکە لەیادمان نەچووە،یەکەمین کەس کە هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوەخۆ بووبێت لە دوای راپەڕین ئەوە تۆ بووی، بە دیکیۆمێنت و لەسەر زاری رابەری حیزبەکەتەوە، ئەو رابەرەی تۆ بەردەوام کەوتبوویتە پیلانگێڕی لەسەری تا حیزبەکەشت کرد بە چەند پارچەو چەندین گرووپی توندڕەوو تەنانەت تیرۆریستیشی لێ دروستبوو، کە جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام و ئەوانەش بەناوی جیهادەوە روویان لە ئەفغانستان کردو بە جەستەیەکی مینرێژکراوەوە بۆ کوردستان گەڕانەوە، هەموو هۆکارە بنەڕەتییەکە ئەوە بوو کە تۆ دۆخێکی یەکجار ترسناک و ئاڵۆزت لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی دروست کردبوو، تا بزووتنەوەی ئیسلامیت گەیاندە ئەو رۆژەی کە ئێستا خاوەنی تەنیا یەک کورسی پەرلەمانییە. لەکاتێکدا ساڵی 1992 وێڕای ئەوەی پارتی و یەکێتی تا کاتژمێر 12 ی شەو دیواریان لە مرۆڤی تەزویرو ساختە دروستکردبوو کە ریزیان گرتبوو بۆ دەنگدان،واتا لەنێو ئەو هەموو تەزویرە ئاشکراو وێرانکەرەدا، ئینجا بزووتنەوەی ئیسلامی لە 5.5%دەنگیهێنا،واتا بەپێی دەنگەکان سێیەم حیزب دەرچوو، کەچی ئێستا رێژەی تەزویر لەبەرامبەر ئەوکات هەر یەکجار زۆر کەم بۆتەوە، کەچی ئینجا بزووتنەوە تەنیا

خاوەنی یەک کورسییە. هۆکاری بنچینەیی ئەم شکستە هەمووی بۆ ناکۆکییەکانی ناوەخۆی بزووتنەوە دەگەڕێتەوە، کە جەنابت گەورەترین تەکەتولت پێکهێنابوو لە دژی رابەری بزووتنەوە مەلا عەلی عەبدولعەزیز.

باشە با پرسیارێکی زۆر جیدی بکەم،تۆ لەماوەی رابردوودا، دژی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی قسەت کردووەو بە هیچ شێوەیەک بڕوات بە کارو خەباتی پەرلەمانی نەبووە، ئەی چۆن ئێستا شەڕ لەسەر پەرلەمان دەکەیت و پۆستی سکرتێری پەرلەمانیشت وەرگرت ؟! بۆچی لە خەڵکی دەشاریتەوەو بۆ هاوولاتیان بە وردی باسی ئەو وەرچەرخانە فیکری و سیاسییە ناکەیت کە لە تۆدا روویداوە ؟! .

تۆ لە رابردوودا بەهیچ شێوەیەک بڕوات بە دیموکراسی نەبووە، ئەی چۆنە ئێستا قسە لەسەر دیموکراتیەت دەکەی،ئەم گۆڕانکارییە خێرایە چۆن روویدا ؟! هۆکارەکان چین ؟ تۆ کە کۆمەڵێک کتێبی لە شێوەی ئینشا نووسینت هەیە، خۆ پێویست بوول ە دوو توێی کتێبێکی دیکەشدا،ئەگەر بە شێوەی ئینشاش بوایە،هەندێ روونکردنەوەو راستکردنەوەت تێبئاخنیبایە.

ئینجا من نازانم عەلی باپیر ناسیۆنالیزم بە چی تێگەیشتووە، چونکە لە یەککاتدا کە دەڵێت پارتی و یەکێتی دوو حیزبی عەلمانین، زۆرجاریش بە دوو حیزبی نەتەوەیی ناویاندەبات، هەندێکجاریش باس لەوە دەکات کە هەمووما ئاینی ئیسلاممان پەسند کردووەو...هتد. سەیریکەن ئەم هەموو

تێکەڵاوکردنە،لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نییە.لە سەرتاسەری دونیادا هیچ حیزبێک نییە لە یەک کاتدا عەلمانی بێت و ناسیۆنالیستی بێت و ئیسلامیش بێت، ئەمە رێک وەک چێشتەکەی مجێوری لێ دێت. ئێستا ئەگەر لە عەلی باپیر بپرسی حیزبەکەی تۆ چییە، پێتدەڵێت ئیسلامییە نەتەوەییە،رەنگە بە شەرمیشەوە پێت بڵێ دیموکراسییە !!...هتد. بەڵام حیزب یان دەبێت ئیسلامی بێت و کار بۆ دوای مردن بکات، یانیش ئەبێ ناسیۆنالیستی بێت و بەدوای چارەسەکردنی گرفتە نەتەوەیەکاندا بچێت. لە سەرتاسەری دونیادا حیزبێک نادۆزیتەوە ئیسلامی سیاسی بێت و دیموکراسیش بێت، لە سەرتاسەری دونیادا حیزبێک نادۆزیتەوە، ئیسلامی سیاسی بێت و نەتەوەییش بێت،ئەو قسانە تەنیا لە فەرهەنگی تێکەڵ و پێکەڵی عەلی باپیرو هەموو ئەوانەی دیکەدا هەیە کە لەم هەرێمی کوردستانە بە دڵی خۆیان رەمڵ لێدەدەن و فەتوا دەردەکەن و خەڵک تەکفیر دەکەن و جنێوی پڕ لە سەیرو سەمەرەش بە بەرامبەرەکانیان دەدەن. ئەمە لەکاتێکدا عەلی باپیر بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە ناسیۆنالیزم نەبووە،بۆ پشتگیریکردنی  ئەو قسەیەم، فەرموون چەند هەڵوێستێکی عەلی باپیر وەبیر خوێنەران دەهێنمەوە،با بزانین بۆچوونی ئەو بەڕێزە لەسەر ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوەیی چۆن بووە.

عەلی باپیر لە کتێبی سۆزی نەتەوایەتی ئاوەهای نووسیوە (ناسیۆنالیزم یانی نەتەوەو نیشتمانپەرستی) ئینجا دەڵێت: ( ئیسلام لەگەڵ نەتەوەپەرستی و نیشتمان کردنە بت و سەنەمدا نییەو پێکەوە

هەڵناکەن،لەبەرئەوەی نەتەوەپەرستی یەکسەر لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا دژن و تێکدەگیرێن)ئینجا لە لاپەڕە 103ی هەمان کتێبیدا گوتویەتی (لە سۆنگەی ئەوەوە کە بیری ناسیۆنالیزم زیاتر وەک چوارچێوەیەکی خاڵی و شتێکی بەتاڵ وایەو..)تا دەڵێت (لێرەشدا سادەیی و نەفامی ئەوجۆرە خۆ بە رۆشنبیرزانانەمان بۆ دەردەکەوێ کە بە حوکمی لاساکردنەوەی کوێرانە ویستوویانەو دەیانەوێ ئوممەتی ئیسلامیش بەرەو زەلکاوی بیری نەتەوایەتی پەلکێش بکەن) ئینجا عەلی باپیر بەو قسانە دڵی ئاو ناخواتەوەو دوو لاپەڕە دواتر نووسیویەتی (بیری نەتەوایەتی چاکترین و کاریگەرترین دینەمۆو پاڵنەری ئیمپریالیزم و کاپیتالیزمە)ئینجا دوو لاپەڕەی تر دواتر لەو کتێبەی هێشتا حەماسەتی زیاتر گرتووەو شەلم کوێرم هیچ نابوێرم رەفتاری کردووەو نووسیویەتی (لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا-مەبەستی سەدەی بیستەمە- میکرۆبی بیری نەتەوایەتی،جیهانی سێیەمی تەنییەوە)لێرە عەلی باپیر بیری نەتەوەیی کرد بە میکرۆب بە بەکتریا بە ژەهر، هەر بەوەندەش کەف و کوڵی دڵی گەرمی داناکەوێت و لە لاپەڕە 110ی هەمان کتێبیدا نووسیویەتی (لە هەموو شتێک پیسترو کاریگەرتر بۆ پەرتەوازەکردنی موسڵمانان و پارچەپارچەکردنی نیشتمانی ئیسلامی و سستکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان گەلانی ئیسلامی بریتی بوو لە-ناسیۆنالیزم- بیری نەتەوەپەرستی). ئینجا ئەو بەڕێزە ماوەیەکی زۆرە پارتی و یەکێتی بە دوو حیزبی عەلمانی و ناسیۆنالیستی هەژمار دەکات و لەو کەلێنەوەش بەردەوام قسەی وا دەکات کورد وتەنی ئەز پێی

شەرمەزار دەبێت، بۆ نموونە هەر لە هەمان سەرچاوەداو لە لاپەڕە 185 دا نووسیویەتی (برادەرانی عەلمانی حوکم بەدەستی کوردستان پێیانوایە ئیسلامییەکان هێندە سادەو بێ ئاگان کە خۆیان بەرنە ڕێزی ئەو هەرچی و پەرچی گەندەڵ و پەندەڵانەو بە خەیاڵی خۆیان ئیسلامییە رەوشت بەرزو پاکەکان و ئەو بێ دینە پیس و رەوشت نزمانە پێکەوە سەرگەرم بکەن و خۆشیان بکەنە پیاوچاک و حەکەم لە بەینیانداو...) ئەم قسانەی عەلی باپیر دەبوو سکاڵای لەسەر تۆمار بکرایەو پەلکێشی دادگا بکرابایە،چونکە بە چ مافێک خەڵک دەکەی بە هەرچی و پەرچی و خۆشت دەکەی بە فریشتەی سەر زەوی،خۆ ئەگەر سکاڵاش تۆمار نەکرابایە، ئەوە ئەرکی سەر شانی دادوەری گشتی بوو، رێکاری یاسایی لەبەرامبەری وەربگرتایە، بەڵام ئەمە ئەوە نیشاندەدات، ئەم هەرێمە وێرانەیەکەو هەر کەس بە دڵی خۆی ئەوەی پێی خۆشەو ئەوەی مەبەستیەتی دەیکات و کەسیش ناتوانێ پێی بڵێ لەپشت چاوت دوو برۆیە. هەر عەلی باپیر لە نامیلکەیەکی دیکەیدا بەناوی (ئیسلام و کێشە هەنووکەییەکان) نووسیویەتی (بیری نەتەوەیی- ناسیۆنالیزم- دژی ئیسلامەو پێچەوانەی ژیری و-منطق-یشە)ئینجا هەر لەو کتێبەیدا بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک نووسیویەتی (بەراستی سەیرە ئیسلامی سیاسی لەگەڵ ئیسلامدا فەرقی چییە ؟ ئەمە فێڵێکەو لە خەڵکی دەکەن و خەڵکی پێ چەواشە دەکەن...)کەواتە ئەو بەڕێزە هەموو بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی بە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی دادەنێت، بۆ نموونە ئێستا لە سوریاو عێراق چەندین حیزب و رێکخراوی سیاسی بەناوی ئیسلامی

سیاسییەوە تیرۆر دەکەن و وڵات سوتماکدەکەن، بەڵام جەنابی عەلی باپیر هەموو ڕێکخراوێکی بەناو ئیسلامی سیاسی بە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ناودەبات!! بە ڕاستی سەیرە پێدەچێت ئەم حکومەتی هەرێمەی ئێمە، بە تەواوی دادوەرەکانیانەوە ئاگایان لەو بیروبۆچوونە مەترسیدارانەی عەلی باپیر نەبێت، بۆیە جارێک یەکێکیات نوقەیەکیان لێوە نەهاتووە،ئەمەیە کارەسات!! ئەدی دادوەرانی کوردستان ئێوە سەرقاڵی چین ؟!

هەر ئەو بەڕێزە لە نامیلکەیەکی دیکەیدا بەناوی (پێشمەرگەی ئیسلام)دا ئەمەی نووسیوە ( زۆربەی موسڵمانی ئەمڕۆ ڕاست بە بەراژووی فەرمانی پێغەمبەرەوە (ص)سمێڵان بەردەدەنەوەو وەدرێژیان دەکەن هەتا دەچنە نێو زاریان،وە ردێنیان لووس دەتاشن!! تەنانەت ئی وایان هەیە وێڕای ریشی سمێڵانیش دەتاشێ و یەکجاری سیماو نیشانەی پیاوەتی بە خۆیەوە ناهێڵێت).سەیری ئەم بیرکردنەوەیەی عەلی باپیر بکەن، بە لێکدانەوە سەقەتەکەی عەلی باپیر بێت،کەواتە هەموو ئەوانەی ریش و سمێڵیان دەتاشن، پیاو نین!! بە ڕاستی سەیرە ئەمجۆرە ئەقڵیەتە بانگەشەی حوکمڕانیکردنی کوردستان بکات، لای عەلی باپیر پێوەری پیاوبوون و خەبات و سیاسەت هەمووی سەرچاوەکەی بە ریشە نەک بە ئیش!!!!.
کەواتە ڕاستە ئیسلامی سیاسی کار لەسەر دەقەکانی قورئان ناکات، بەڵکو کار لەسەر ئیجتیهادو موحەدیث وموفەسیرو مەزهەبگەراکان دەکات،چونکە لە هیچ دەقێکی قورئانی ئەو قسە بێ مانایە نادۆزیتەوە بڵێت ئەوەی ریش

و سمێڵی بتراشی پیاوەتی خۆی لەدەستدەدات،کەواتە ئەوەی عەلی باپیر بانگەشەی بۆ دەکات رێک مەزهەبگەراییە، تائیفییەتە،گەڕانەوەیە بۆ سەدە تاریکەکان کە پێی دەڵێن سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو هەموو سەدەیەی کە ئەقڵ چەقی بەستبوو، سڕ کرابوو!!

# ئێمەو فیرعەونەکانمان

پێنج ملیۆن ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ،ئەوکاتەی مرۆڤ لە گرووپی مەیمونی شامپانزی بوون نەیاندەزانی رۆژێک دێت مرۆڤی لە جۆری فیرعەونیشیان تێدا دروستدەبێت، چونکە مرۆڤ یەکەمین جار لە گرووپی مەیمونی شەمپانزی بووە،لەگەڵ جوولەی بەردەوامی هەستی کردووە کە لە گرووپی مەیموون جیاوازە، چونکە ئەوەتا هەست و زانین و تەنانەت وردە

توانای گاگۆلەکردنی وشەیشی هەیە، ئیترخۆی لە گرووپی مەیمونی شامپانزی جیاکردەوەو وردە وردە زمانی باشتر گاگۆلەی کردو، لەگەڵیشیدائەقڵی نەشونمای کرد. ئیتر لەماوەی ئەو پێنج ملیۆن ساڵەدا ئەو گرووپە گەیشتە ئەو مرۆڤایەتییەی ئەمرۆ کە هەندێکیان گەدان و هەندێکیان پاشا، هەندێکیان کۆیلەن و هەندێکیش کۆیلەدار،هەندێک خۆیان لە جۆری فیرعەون دەبینن و هەندێکیش کۆیلەی فیرعەونەکان.

پێنج ملیۆن ساڵ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی ئاسان نییە باسی لێوە بکەی لەکاتێکدا هەموو مێژووی نووسین لە(5500)ساڵ تێپەڕ ناکات،مرۆڤ لە باقی ئەوی دیکە، ژیانێکی سەختی ئاژەڵیانەی بەسەر بردووە،تەواوی ئەو مەزهەب و ئیتنیک و نەتەوانەی هەن، مێژووەکەیان لە سەدهەزار (100,000) ساڵ تێناپەڕێت،چونکە پێش ئەو سەد هەزار ساڵە، هێشتا مرۆڤ گرووپێکی قەبە نەبووەو جیاوازییەکانیشی ئەوەندە گەورە نەبووەو هەموویان پێکەوەو بە یەکەوە ژیاون، مرۆڤ دوای ئەوەی خۆی لە مەیمونی شەمپانزی جیا کردۆتەوەو وەک گرووپێکی دیاریکراوو جیاواز ژیانی بەسەر بردووە، ئیتر وردە وردە ئەقڵی گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوەو لە رووی بیرکردنەوەوە پێش مەیموونی شەمپانزی کەوت، چونکە وردە وردە مرۆڤ جگە لە جۆرێک زمان کە لەنێوخۆیاندا دروستیانکردبوو، بۆ لێکتێگەیشتن،وردە وردە بیرکردنەوەیشی قووڵترو فراوانتر بوو، تێڕوانینی بۆ دەوروبەری خۆی لێکدانەوەیەکی ئایندەیی تێدابوو، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە کە بیرکردنەوەبوو لە ژیانی داهاتوویان، لە مەیمونی

شامپانزیدا نەبوو، بێگومان ئەگەر ئەقڵی مرۆڤ زووترو باشتر لە مەیمونی شەمپانزی گەشەی نەکردبایە، هەرگیز نەدەگەیشت بە رۆژی ئەمڕۆو هەر لە ریزی ئاژەڵاندا دەمایەوەو، پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای نەدەبینی.بۆیە تا نەتەوەو مەزهەب و ئیتنیکەکان خۆیان دروست نەکرد، هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان مرۆڤەکانیشدا هەستی پێ نەدەکرا،کۆمەڵگای مرۆیی بە دوو قۆناخ یان دوو وێستگەی سەرەکیدا رۆیی بە ئاراستەی لێکهەڵاوێرکردن و جیابوونەوەو ململانێ، یەکەمیان کاتێک نەتەوەو مەزهەبی جیاواز دروست بوون، دووەمیشیان بۆ زیاتر لە دە تا دوازدە ( 10 – 12) هەزارساڵ پێش ئەمڕۆ کاتێک دەست بە کاری کشتوکاڵی کراو، موڵکداری تایبەت گەشەی کردو سەروەت و سامان کۆکرایەوەو تەنانەت ململانێی هێزو بازووش دەستپێکرد، ئیتر شەڕو ململانێکان لەوێوە دەستی پێکرد،تا سەدەکانی رابردووش لە ئاسیاو ئەفریقاو تەنانەت لە ئەوروپاش، شەڕی گەورە لەسەر زەوی و سامان هەڵدەگیرسا، ئێستا لەم هەرێمە ئەوەتا لە لایەک لەسەر زەوی و داگیرکاری، لە لایەکی دیکەیشەوە لەسەر داهاتی نەوت و دزینی سامانی نیشتمانی ململانێیەکی توند لە ئارادایەو کەسمان ناشتوانین پێشبینی ورد بۆ ئایندەی ئەم نەتەوەیە بکەین ئاخۆ ئەم ململانێیە توندە کە لەنێوان فیرعەونەکان و خەڵکدایە بە کام ئاراستەو ئاقاردا ملدەنێ.

ئێمە لەم هەرێمە، فیرعەون بە ناوێکی مەجازیمان وەرگرتووە، مەبەستمان لێی ئەژدیهایە، یان کەسانێکی زۆر زاڵم و غەدارە،دەنا لە بنەڕەتدا فیرعەون چ لە ئایینی موسایی و چ لە ئایینی محەمەدیدا، ناوێک

بووه وەک هەر ناوێکی دیکە، بۆنموونە: ولقد ارسلنا موسی بآياتنا وسلطان مبين الى فرعون وهامان وقارون ( سورەتی غافر ئايەی 24)،وقارون وفرعون وهامان ولقد جاءهم موسی بالبينات (سورەتی العنكبوت ئايەی 39)، وقال موسی يا فرعون ...(سورەتی الأعراف ئايەی 104)...هتد. هەروەها لە قورئاندا بە هیچ شێوەیەک ناوی فیرعەون بە کۆ نەهاتووە، بەڵکو هەمیشە وەک یەک کەس وەک تاک ناوی بردراوە.گەورەیی موسا لەوەوە سەریهەڵدا، ئەویش لە فیرعەونەکان بوو، بەڵام کاتێک زوڵم و ستەمی فیرعەونی بینی، 40 ساڵ لە بیاباندا سوڕایەوە و هەموو ژیانی خۆی بەختکرد بۆئەوەی ستەمی فیرعەون بە کۆتا بێنێت،ژیانی موسا بە پێی زۆر لە سەرچاوەکان (120)ساڵ ژیاوە، بەڵام هەر لە (10)ساڵییەوە هەستی بە زوڵم و ستەم کردووەو ئیتر لێیان وەئاگا هات و راپەڕی. لە هەموو نەتەوەکاندا ئەژدیهایەک سەریهەڵداوەو بە ناوێک ناوبانگی دەرکردووە، میسرییەکان فیرعەونیان دروستکرد،فارسەکان کیسرایان دروستکرد، رۆمانەکان قەیسەریان دروستکرد،سۆمەرییەکان دواتریش ئەوروپییەکان ئیمپراتۆریان دروستکرد،بابلی و ئەکەدییەکان پاشایان دروستکردو...هتد. بەڵام هەموو ئەو فیرعەون و پاشاو قەیسەرو ئیمپراتۆرو فیرعەونانە،لە ئەنجامی خەباتی نەپچڕاوەی گەلانەوە، لە گۆڕ نراون و هەر لەنێو خودی ئەم وڵاتانەشەوە، ئێستا سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی بەڕێوەدەچێت، گرفتەکە لێرەدایە دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی گەلانی دونیا، دوای ئەم هەموو مێژووە پڕ ئەزموونەی تێکشکانی سەرجەم

دیکتاتۆرو زاڵمەکانی دونیا، تازە بە تازە کورد مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرو ئیمپراتۆری دەکەوێتە کەڵکەڵەی بیرکردنەوەی و ترسی لێ نیشتووە، وڵاتەکەمان هێشتا تەواو دروستمان نەکردووە،کەچی وا دەمانەوێت بیرۆخێنین،ئەم ئەقڵییەتە سەقەتە بە درێژایی مێژوو نموونەی نەبووە،رۆمانەکان و میسرییەکان و ئەوروپییەکان لەکاتێکدا قەیسەرو فیرعەون و ئیمپراتۆریان هەبوو، کە هێشتا نەتەوەکان تەواو جێگیر نەبووبوون، سنووری نێوان وڵاتەکان بە زەبری هێز دیاریدەکرا، نەتەوەی باڵادەست بە ئاسانی جوگرافیای بۆ خۆی دەکێشا، عەرەب لەنێو ئەو گێژاوەدا بوو، محەمەدێکیان لێ راپەڕی و هەموو عەرەبی کردەوە بە یەک، سەرەڕای دەستبەسەرداگرتنی چەندین وڵاتی دیکە،بەڵام ئێستا شەڕ پێچەوانەیە ئەوەی وەدەستیشتهێناوە بەهۆی شەڕەوە دەیدۆڕێنی، ئێستا زەمەن زەمەنێکی دیکەیە، مێژووی نوێ قەبووڵی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆر ناکات جا لە هەر رەنگێک و بە هەر ناوێکەوە بێت. جاران دیکتاتۆرەکان لە خەمی زیادکردنی مرۆڤەکاندا بوون، بۆئەوەی کە گەورە بوون ئامادەی شەڕ ببن،لە سپارتاییەکانەوە تا سەدام حوسێن و ئەردۆگان ی ئێستا، بەڵام ئەوەتا ئەوروپا ئێستا بە پێچەوانەی ئەو ئەقڵییەتانەوە هەنگاو دەنێت، بەجۆرێک، مەترسی ئەوەی لێ نیشتووە، ئەوروپا وردە وردە وای لێبێت کە منداڵێکی دانیمارکی یان سویدی یان ئەوروپی بە گشتی کاتێ لە دایکدەبێت، تاقانە دەبێت،تاقانەکەیشی بە جۆرێک دەبێت، نە ئامۆزایەک نە خوشکێک نە برایەک نە خاڵ و مام نە پورو پورزا، خزمێکی نزیکیشی

نابێت ،چونکە ئێستا ئەوروپا بەرنامەی دیکەی بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە رێگای گەشەی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژییەوە سەرقاڵە، نەک بەهۆی ئەوەی بەرنامە رێژی بکات بۆئەوەی خەڵک منداڵیان زۆر ببێت. سەدام حوسێن هەوڵێکی لەمجۆرەی دەدا کە خەڵک زۆرترین نەوە بنێنەوە، ئێستاش ئەردۆگان بە هەمان ئەقڵیەتەوە بیردەکاتەوەو هەنگاوی بۆ دەنێت، بەڵام ئەوانە زۆر بەجێماون، تازە فریای ئەو شەڕانە ناکەون کە شەوان خەونی پێوە دەبینن. لای خۆشمان ئەو فەرخە فیرعەون و قەیسەرو پاشایانە،حەز بەو زۆرییە دەکەن، بێ ئەوەی مێژوی مرۆڤایەتیان خوێندبێتەوە،بێگومان ئەوەی لە گەشەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیش نەگەیشتبێت،هەرگیز ناشتوانێ بەرنامە بۆ ئایندەکەی دابنێت.

کاتێک لە مێژووی تەواوی پاشاو ئیمپراتۆرەکان ورد دەبینەوە، تا رادەیەکی زۆر هەر هەموویان شکۆمەندییەکەیان لە دەسەڵاتەکەیان زۆرتر بووە، لەبەرئەوەش بووە دواتر دیکتاتۆرێکی بێ وێنەی لێدەرچووە، سەدام و قەزافیش رێک وابوون، سەدام بە عێراق دڵی ئاوی نەدەخواردەوەو بەرنامەی هەبوو هەموو وڵاتانی عەرەب بخاتە ژێر دەسەڵات و شکۆمەندییەکەی خۆیەوە، قەزافیش هێندە بەرز دەیڕوانی خۆی بە سەرکردەیەکی ئەفریقی دەناساند نەک عەرەبی،تا دوای هاتنی ئیسلامیش پاشاکان نەیاندەتوانی بەربەرەکانێ یان شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی رۆحانیدا بکەن، بۆنموونە لە میسرو بابل و زۆر شوێنی دیکە، هەر شەڕێک لەلایەن پاشاکانەوە لەگەڵ دەسەڵاتی رۆحانی بەرپاکرابێت، شکستیانهێناوە،نزیکەی

هەزار 1000 ساڵێکە ململانێی توند لە نێوان دەسەڵاتی پاپاکان و ئیمپراتۆرو پاشاکاندا دەستیپێکردووە،بەڵام 600 ساڵێکە واتا سەروبەندی سەرهەڵدانی رێنیسانس لە ئیتالیاو لەدایکبوونی مایکاڤیلی ئیدی بە تەواوی دەسەڵات لەژێر چنگی پاپا سنووردارکرا.هەموو یاساو رێسای پاشاو ئیمپراتۆریاکانیش پڕ بوون لە یاسایەک لە جۆری سەیروسەمەرەکانی دونیا، بۆنموونە ئەگەر بڕوانیتە یاساکانی حامورابی کە دواتر هەندێک لەو یاسایانە هیچ بنەمایەکی زانستی و ئەقڵانی و بنەمایەک بۆ مرۆڤپارێزی تێدا نەبووە، گرفتەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە،هەموو ئەو پاشایانە بەهۆی ئەو شکۆمەندییە درۆزنانەی بە خۆیان داوە، ئیتر بوونەتە چاودێرو پاسەوانی راستی و زاست و عەدالەت و..هتد ئیتر دەوڵەت خۆی ئەو ناسنامەیە بە ئارەزوی دڵی خۆی بە جۆرە خەڵکانێک دەبەخشێت کە تەنیا لە خزمەتی دەوڵەتی پاشادا بوون و بۆ پاراستنی شکۆمەندییەکەی پاشا قوربانی بدەن.

بە درێژایی مێژوو ، ئەفسانەی فیرعەونەکان، هەر لە فیرعەونەکانی میسرەوە تا پاشاکانی ئەوروپاو تا ناپلیۆن و ستالین و هیتلەرو ..هتد بە جۆرێک کرابوون بە ئەفسانە، ئیتر بەهایەک بۆ دەوڵەت نەمابووەوەو دەوڵەت بەتەواوی خنکابوو.هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا کاتێک دەیانەوێت فریوی بەرامبەرەکەیان بدەن، یان پێش ئەوەی بیانەوێ شەڕێک هەڵبگیرسێنن، جۆرێک لە یاری مشک و پشیلە سازدەکەن، یاری مشک و پشیلە ئەوەیە،کەسیان نایانەوێ ببنە مشک، هەموویان دەیانەوێ خۆیان

پشیلەکە بن و بەرامبەرەکەشیان مشک بێت، ئەو جۆرە یارییە ئێستا ئەوە یەک چارەگە سەدەیە لەو هەرێمی کوردستانەشدا بەردەوامە،لە هەموو هەڵبژاردنەکانیشدا هەر لە یەکەم هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستانی ساڵی 1992 تا بە ئەمڕۆ دەگات ئەم یارییە بەهێزتر دەبێتەوە،جگە لە حیزبە سیاسییە ئیسلامییەکان (کە هەر لە بنەڕەتدا رەگەزی پشیلەییبوونیان تێدا نییە)!! ، هەر لایەنەو دەیانەوێ خۆی پشیلەکە بێت و بەرامبەرەکانیشی مشک بن. ئەم جۆرە یارییە یەک واتای رووتی هەیە کە ئاشقبوون بە دەسەڵاتە،هەر کاتێکیش ئینسان ئاشقی دەسەڵات بوو، واتا پاڵنەرەکانی ناوەوەو شەهوەتەکەیەتی کە ئەقڵی ئەوجۆرە کەسانەی بەرزەفت کردووەو لێناگەڕێ بە تەندروستی بیر بکاتەوەو بە چاوێکی گەش و جوانەوە، جیهان وەکوو ئەوەی کە هەیە بیبینێ.چونکە هەمووومان دەزانین کاتێک شەهوەت لە ناوەوە جۆشدەسێنێت، پاڵنەرێکی بەهێز لەناوەوەی مرۆڤ دروستدەکات کە ئیدی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی نامینێت و ئەقڵ لەدەستدەدات.لە راستیدا دەسەڵات رێک شەهوەتەکەیە،چونکە کە ئینسان ئاشقی دەسەڵاتەکە بوو، راستەوخۆ دەسەڵات کۆنترۆڵدەکات و بە کورسی و دەسەڵاتەکەیەوە سەرسامدەبێت،هەر کاتێکیش مرۆڤ بۆ ئەو شتەی پێی سەرسامدەبێت و شەهوەت و ئەشقی بەسەردا نەقشدەکات، ئامادەیە لەپێناوی گەیشتنی، دونیایەک لە خەڵکی قڕ بکات، ئەمە سرووشتی مرۆڤەکانەو مرۆڤیش دڕندەترین گیانەوەرە لەسەر رووی زەوی، بۆیە لە دۆخێکی وەهادا کەس نابێتە پەپوولە. هەر لەپێناو مانەوەشیاندایە کە

ناچاردەبن داكۆكی لە دزو تاوانبار  بكەن و تەنانەت دەسەڵات لەو كاتەدا دەبێتە كارخانەیەک و بە ناچاری دزو تاوانبار بەرهەمدەهێنێت. ئەگەر لە مێژوو وردبینەوە، بە درێژایی 2500 ساڵی رابردوو، هیچ پاشاو ئیمپراتۆرێک نەبووە لە پێناو مانەوەی لە دەسەڵاتەكەیدا، یان بۆ فراوانكردنی دەسەڵاتەكەی، پەنای بۆ شەڕ نەبردبێت، چونكە شەڕ گەورەترین و بنەڕەتیترین و سەرەكیترین فاكتەرە بۆ هێنانە دی پەروەردەیەكی ستەمكارانەو  زۆربوونی گەندەڵی و ناعەدالەتی،گەورەترین بەربەستیشە لەبەردەم بە ئەقڵانیبوون و  بەردەوامبوون و سەپاندنی سیستەمێک كە دەستاودەستكردنی دەسەڵات و ئارامی و پەروەردەی تەندروست و نەهێشتنی دزی و گەندەڵی و دادپەروەریدا.

بۆیە لە دۆخێكی وەها ئاڵۆزی هەرێمی كوردستاندا، بۆ ئەوەی هەرێمەكەمان ئارام بێت و دەسەڵاتێكی متمانە پێكراو بوونی هەبێت و سەركردەكانیشمان چووبنە ناخی خەڵكەوە، ئەوا هەموو سەركردەو بنكەردەكانی ئەم هەرێمە پێویستیان بە پەیمانگایەكی تایبەت بە شارەزاییبوونیان لە دەروونزانی سیاسی هەیە،تا بتوانن سەرلەنوێ كەسایەتی خۆیان دروستبكەنەوەو،بە دیدو روانگەو ئەقڵییەتێكی نوێو هاوسەردەمانەوە بڕواننە سیاسەت و سایكۆلۆژیای جەماوەرو لێكجیاكردنەوەی تەواوی رەگەزو مەزهەب و ئیتنیكە جیاوازەكان. هەموو ئەو سەركردانەی نەیانتوانیوە لە سایكۆلۆژیای جەماوەرەكەیان تێبگەن و نەشیانتوانیوە خوێندنەوەیەكی ورد بۆ تەواوی پێكهاتە جیاوازەكانی

وڵاتەکانیان بکەن،دواجار ئەو پێکهاتانەو ئەو سایکۆلۆژیایەی جەماوەر بوونەتە هۆی لەناوبردنی سەرکردەکانیان. تۆ بڕوانە ناپلیۆن بە حیساب سەرکردەیەکی زۆر لێهاتوو بوو،لە بنەڕەتیشدا لێهاتوو بوو، چونکە بە درێژایی مێژوو لە ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە تا قەیسەرو پاشاکانی ئەوروپا، هیچ سەرکردەیەک بەقەد ناپلیۆن لە سایکۆلۆژیای خەڵک تێنەگەیشتبوو،هیچ سەرکردەیەکیش وەکوو ناپلیۆن نەیتوانیبوو کاریگەریی خۆی بخاتە سەر سایکۆلۆژیای خەڵک، وای لە حەڵک کردبوو بەجۆرێک پێی سەرسام ببن، تەنانەت لە شێوەی ئەفسانە باسی بکەن. سەرسامبوونەکە گەیشتبووە ئاستێک تەنانەت هەندێک لە فەیلەسووفەکانیش پێی سەرسام بوون، بۆ نموونە هیگڵ و نیچەو زۆری دیکە، هیگڵ چەپڵەی بۆ ناپلیۆن لێداوەو وتوویەتی ناپلیۆن ڕۆحی جیهانە، ناپلیۆن جگە لەوەی زۆر ئازا بوو، هاوکات شارەزاییەکی باشیشی لە رووی سایکۆلۆژیای خەڵکی فەڕەنساوە هەبوو،بەڵام گرفتی ناپلیۆن ئەوەبوو نەیتوانیبوو یان گرنگی زۆری بە ڕەگەزو پێکهاتەی ئیتنیکی فەڕەنسای نەدابوو،ئەمە هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی بوو کە ناپلیۆنی ڕاکێشایە ناو شەڕێکی بێ ئامان لەگەڵ ئیسپانیاو روسیاو...هتد، کە لە ئەنجامیشدا تێکەوت و کۆتایی بە ژیانی سیاسی و مەدەنی خۆی هێنا. واتا دەمەوێ بڵێم هەر سەرکردەیەک لە چەشنی کاریزما خۆی نیشانبدات و هەر خۆی بە تەنیا بڕیار بدات،ناکرێت لە کۆمەڵێک زانستی سەردەم نەشارەزا بێت،بەتایبەت دەروونزانی سیاسی کە کلیلێکی نوێیە بۆ چارەسەرکردنی

گرفته سیاسییەکان و بۆ تێگەیشتنی زانستیانە لە کێشە ناوخۆییەکان، نەشارەزاییبوون لەم زانستە و هەندێک لە زانستەکانی دیکەی وەک دەروونزانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی سیاسی ، بە دڵنیاییەوە سواری شەپۆلێکی پێچەوانە دەبنەوە کە زیانی زۆر بە خۆیان و بە کۆمەڵگاکەشیان دەگەیەنێت. سایکۆلۆژیای جەماوەر پێویستی بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی وردو زانستیانەیە، تەنانەت ئەگەر بۆ چەند پرسێکی سادەو ساکاریش بێت،چونکە نابێت سەرکردایەتی کوردی لە پاڵنەرەکانی ناوەوەی تاک و هەستیاری بەرامبەر رووداوەکان غافڵ بێت.ئێستا ئەو مووچەیەی کەزۆر کەمتر لە نیوە مووچەیەو بەوپەڕی نائومێدییەوە بەسەر مووچەخۆراندا دابەشدەکرێت،گەورەترین زیانی بە شکۆی بەرپرسان گەیاندووەو سایکۆلۆژیای جەماوەر گەیشتۆتە ئاستێک کە بیر لە خۆ رێکخستنەوە بۆ راپەڕین بکاتەوە، هەموو سەرکردەکانی ئەم هەرێمە،بە هەموو ئەو دروشمبازیانەی شەوانە لە تیڤییەکاندا وەکوو توتی بەدوای یەکدا دەیڵێنەوە ، نەک هەر جوانتریان ناکات و تووڕەیی گەرمی دەروونی جەماوەر سارد ناکاتەوە، بەڵکو خودی بەرپرسەکانیش بەو دروشمبازیانەیان زیاتر دەکەونە بەر رق و تووڕەیی سایکۆلۆژیای خەڵکەکە،ئێستا هەموو سەرکردەکان ئەو متمانەیەی جارانیان نەماوەو تەنانەت بێ متمانەییەکەیان گەیشتۆتە ئاستێک ترسیان لە توڕەیی جەماوەرەوە بۆ دروستبووبێت، ئەمەشە کارەساتەکە.

به درێژایی مێژوو ، وەک چۆن هەموو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان چارەنووسیان لە یەکدی دەچێت و،لەجیاتی فەلسەفەو ئەقڵانییەت، ئەفسانەو خوافەت دەپەرستن، بێگومان ئاوەهاش هەر لە ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە تا سەدام حوسێن و قەزافی، هەموو فیرعەونەکانی دونیا لە یەکدی دەچن و یەک چارەنووسیان هەبووە. یەکێک لە گرفتی ئەو هەموو فیرعەونانە هەر لە ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە تا رۆپسپێرو لەویشەوە تا قەزافی ئەوەیە، زیاد لە پێویست متمانەیان بە خۆیان هەبوو، بە رادەیەک گەیشتبووە ئەوەی بە خودی خۆیان سەرسام بن،ئەوەیە وا لە مرۆڤەکان دەکات ببنە فیرعەون و،بەتەنیاش بڕیار بدەن و هیچ حیسابێکیش بۆ سایکۆلۆژیای خەڵک نەکەن،چونکە پێیانوایە ئەقڵی خۆیان لە ئەقڵی هەموو کۆمەڵگا باشترو زیرەکانەترەو کۆمەڵگا هێشتا زۆری ماوە لە هاوکێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تێبگات،بۆیە نابێت زۆر گوێشیان لێ بگیرێت، چونکە زۆر گوێیان لێ بگیرێت شکۆییەکەیان بچووکدەبێتەوەو ،وردە وردە دەسەڵاتەکەشیان لەبندەست دێننە دەرەوە.

من جاران کە منداڵ بووم و تەنانەت لە قۆناخی هەرزەکاریشمدا،وام هەستدەکرد نوخبەی سیاسی کوردی، بەتایبەت ئەوانەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانن،خاوەنی ئەقڵێکی گەورەو بیرکردنەوەیەکی قووڵن،کە خەڵکی دیکە ئەو توانا ئەقڵی و بیرکردنەوەیەیان نییە، ئەم روانگەیە لە سایکۆلۆژیای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەدا هەبوو، ئەگەر هەر هەموویشی نەبێت، بەڵام کە لە راپەڕینەکەی بەهاری 1991 گەڕانەوە ناو شارەکان و

خەڵک لەگەڵیان تێکەڵ بوو، وردە وردە دەرکەوت، ئەو هەموو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەو هەموو سەرکردایەتییەی ئەو حیزبانە، نەک هەر خاوەنی ئەقڵێکی گەورەو بیرکردنەوەیەکی قووڵ نین، بەڵکو زۆر دواکەوتووترن لە نوخبەی سیاسی و رووناکبیریی ناو شارو، تەنانەت زۆرێک لەو سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییانە هەر بە تەواوی نەخوێندەوارن و، توانای شیکردنەوەی بچووکترین رووداوی سیاسیشیان نییە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو بەشێک لەوانەی گەیشتبوونە ئاستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان، لە بنەڕەتدا بە ئارەزووی خۆیان و لەسەر بنەمای بڕوابوون بە رێبازێک نەبووەتە پێشمەرگەو چەکی بۆ ئەو حیزبە هەڵنەگرتووە، بەڵکو لە ئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، یان بەهۆی ئەو هەموو دۆخە ئاڵۆزەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا دروستیکردبوو، خەڵکێکی یەکجار زۆر بەناچاری رووی دەکردە شاخ و لەناو حیزبێک دەگیرسایەوە ، ئیتر لەوێوەش وردە وردە بەرزدەکرایەوە، زاڵبوونی ئەم ئەقڵییەتی جەهلە تا ئێستاش لەناو سەرکردایەتی تەواوی حیزبەکان نەک بوونی هەیە،بەڵکو زاڵیشە،هەموو ئەو دزی و گەندەڵی و نا سیستەماتیکی لە حکومەتداو، ئینجا ناکۆکی قووڵی نێو حیزبەکان سەرچاوەی لەم جەهلە وەرگرتووە، بۆیە هیچ ئومێدێکیش بۆ چاکبوونی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان نییە. ئەمە لایەنێکی گرنگی کێشەکانمانە کە بوونە هۆی دروستکردنی فیرعەون و ستەمکار، لایەنەکەی دیکە ئەوەیە، ساڵانی 1988،1989،1990،تا راپەڕینی ئاداری 1991،هەموو پێشمەرگەی

کوردستان به ژمارەیەکی زۆر کەمەوە،بەو پەڕی نائومێدییەوە لەسەر سنوور کۆ کرابوونەوە، لەکاتێکدا زیاتر له 300,000 سێسەد هەزار کورد ببوون به جاشی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا، ئەو 300,000 کەسە،لەگەڵ راپەڕینی بەهاری 1991 یەکسەر چوونە ریزی پارتی و یەکێتی و 180 پله باياندایەوەو دەستیان به هەڵگرتنی پەڕۆی زەردو سەوز کردو،ئیدی تێکۆشەری راستەقینەی ناو حیزبەکان،گۆڕدران بۆ جاشە دڵسۆزەکانی حیزب و،بەمەش کاری نانیشتمانی وردە وردە له ریزی حیزبەکان زۆر به چڕی گەشەی کردو،هەر ئەمەش بوو وایکرد روانگەی کاکەو مامە بەهۆی جۆشخواردنی خەڵکەوە،ببێتە هۆی رکابەرییەکی کوشندە،چونکە ئەم سیاسەتە وایکرد تەنانەت کادیری ئەو دوو حیزبەش بۆ دووپاتکردنەوەی دڵسۆزی خۆیان بۆ حیزبەکانیان،بە ئاوازی جاش و موستەشارو بەعسییەکان بکەونە سەماو، دۆخەکە بگەیەننە ئەو دۆخەی کە ئێستا هەموو کۆمەڵگای ئەم هەرێمە له خەڵکی رەش و رووتەوە تا نوخبەی سیاسی و رووناکبیریی گیری خواردووەو هیچ ئاسۆیەک بۆ ئاینده نابینێت. بەتایبەت ئێستا زۆرێک لەو جاش و کۆنە بەعسییانە لەماوەی ئەو چارەگە سەدەیەدا، توانیان بگەنە ئاستی سەرکردایەتی و فەرماندەی سەربازی و دەزگا هەستیارەکانی ناو حیزب،لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆر لە تێکۆشەران، پشتیان له حیزب کردووە، یان زۆر نائومێدن بەم دۆخەوە. ئەم دۆخە سیاسییەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە، زۆر لەو دۆخە سیاسییەی فەڕەنسای سالآنی سەرەتای ناپلیۆنی سێیەم دژوارترە،بەڵام لەوێ کارڵ

مارکسێک هەبوو،لە کۆتاییەکانی ساڵی 1851 تا ئاداری 1852 کتێبێکی بچووکی بەناوی برۆمێری هەژدەی لویس پۆناپارت نووسی و یەکسەر لە گۆڤارێکدا بڵاویکردەوەو، رایگەیاند کە ناپاکی لە شۆڕشەکان کراوە، بەڵام ئەوەتا دۆخی ئێرە نەک هەر لە رووی سیاسییەوە بەڵکو لە رووی نوخبەی رووناکبیریشەوە وێرانەیەکە بۆ خۆی. نوخبەی رووناکبیری لەم هەرێمەدا نوێژ لە کاتێکدا دادەبەستن،کە دەبینن نەک ماڵی دراوسێکەیان،بەڵکو وا ماڵی خۆیان ئاگری گرتووە، یان دز لە ناو ماڵی خۆیاندا دەسووڕێتەوەو چی شتی جوانی ئەو ماڵە هەیە باریکردووەو دەیبات!!،کەچی کاکی رووناکبیر هەر خەریکی نوێژەکەیە!!. هەموو چینی ناوەند لەم هەرێمە ئێستا لە دۆخێکی لەمجۆرەدایەو دەیانەوێت بەهۆی نوێژەکانیانەوە لە خوا بپاڕێنەوە کە ئەو ماڵەی ئاگری گرتووە زیانی بەرنەکەوێت!! ، یان ئەو دزە پۆلیس بگاتە سەری و بیگرێت،بەڵام ئاگر چۆن دەکوژێتەوە تا جوولەیەکی بۆ نەکەیت و ئاوێکی بەسەردا نەکەیت، دز چۆن پۆلیس دەگاتە سەری تا هەواڵێک نەگەیەنیتە پۆلیس و هاوارێک بۆ خەڵکەکە نەکەیت!!..ئەمە تەنیا ترسنۆکی نییە، بەڵکو خیانەتیشە. نووسەرو رۆژنامەنووس و خۆ بە رۆشنبیر زانەکانی ئەم هەرێمە، بەقەد هەموو دونیا قسە دەکەن و لەجیاتی هەموو خەڵکی دەدوێن،بەڵام کە دێیتە سەر بنچینەی کێشەکان و ئەرکەکانی ئەو،پاشاگەردانی و دوو روویی و درۆزنی، وەک ڤایرۆس لەجەستەیدا ئەمسەرو ئەوسەر دەکات.

رۆشنگەری لە ئەوروپا چۆن دروست بوو ؟، خۆ بە دوعاو نوێژ دروست نەبوو، لە ئەنجامی ململانێی خوێناوی توندی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتەکانەوە بوو،بەریتانیاو فەرەنسا دوو ناوەندی سەرەکی ئەو سەرهەڵدانی رۆشنگەرییە بوون، بێ ئەوەی رۆشنگەریی سەر بە هیچ قوتابخانەیەکی دیاریکراویش بێت،لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوە سەریهەڵداو لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا (1789) ئیتر وردە وردە کوژایەوە. دوای بەریتانیا و فەڕەنسا ئینجا لە ئەڵمانیاو دواییش سەریهەڵگرت و رۆیی بۆ ئەمریکا، بزانە رۆشنگەری لە ئەوروپا سەریهەڵداو هەر لەوێش گەشەی کرد، بەڵام لە ئەمریکا ئامانجەکانی زیاتر وەدیهاتن. جۆن لۆک دواییش ڤۆڵتێر لە بارەی لێبوردەیی ئایینییان نووسی، مۆنتیسکیۆ وتی ئیتر نابێت دەسەڵاتەکان هەمووی لەدەست یەک کەسداو بە تێکەڵاوی بمێنێتەوە، رۆسۆ وتی ئیتر کاتی دەنگی میللەتە پرسی پێ بکرێت و لە رێگای دەنگی جەماوەرەوە سەرۆک هەڵبژێردرێت و...هتد. رۆشنگەری ئاوەها چەسپا،بەڵام لێرە لەم هەرێمەی ئێمەدا،رۆشنبیر جگە لە زمانی ناو چایخانەو بن دیواران، رۆشنبیر هیچ نووسینی جیددی لێ نابینرێت و ترسنۆکیشە، توانای دروستکردنی هیچ بزووتنەوەیەکی فیکری و تەنانەت سیاسیشی نییە، تەنیا لەوە ئازایە سالآنە کتێبی مردوو بە بەرگێکی زیندوو بخەنە بازاڕەوە،ئەوەش هیچ لە پرسە گرنگەکان ناگۆڕێت.

# قەیرانی خۆشەویستی ، قەیرانی ژیان

خۆشەویستی یەک وشەیە وەک هەر وشەیەکی دیکە، بەڵام کۆنترین چەمکە لە مێژوودا، بەر لەوەی پاشاو میرو فیرعەون دروست ببن، خۆشەویستی هەر هەبووە، ئەگەر خۆشەویستی نەبوایە، مرۆڤ هێزی بەردەوامبوونی تێدا نەدەبوو، زوو کۆتایی دەهات،بەڵام خۆشەویستی بەقەد مێژووەکەی خۆی، پێناسەی جیاوازو جۆراوجۆری بەخۆیەوە هەڵگرتووە،

فره رەهەندەو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت،خۆشەویستی لەم هەرێمەی ئێمە (ئەگەر هەمانبێت!) زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا هەیە، لەوێش جیاوازترە لەگەڵ ئەوەی لە ئێران هەیە، خۆشەویستی لە وڵاتی تورکیا زۆر جیاوازترە،لەوەی کە لە ئاسیاو هی ئاسیا جیاوازترە لە ئەوروپاو هی ئەوروپاش جیاوازە لە هی ئەمریکای لاتین و...هتد. کولتووری کۆمەڵگایەک لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیکە چەندە جیاوازن، خۆشەویستیش لەنێوانیاندا ئەوەندە جیاوازە، ئەوە کولتوورو ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیمانە وامان لێدەکات چۆن رەفتار بکەین، تورەو توندو تیژ بین، یان هێمن و ئارام، دزو درۆزن بین، یان دەستپاک و راستگۆ، کولتوور لە سوکانی ئۆتۆمبێل دەچێت، ئاراستەی ئۆتۆمبێلەکە بە ئارەزووی خۆی دەسووڕێنێت. کولتوور ئاوایە.خۆشەویستی و ئیشق سەرەڕای ئەم هەموو پێناسەو لێکدانەوەو راڤەکردنە جۆراوجۆرانەی هەیەتی، کە لە هەر وڵاتێک بەجۆرێکە، بەڵام مەزنی ئیشق لەوەدایە تەنیا یەک زمانی هەیەو بە یەک زمان قسە دەکات،ئەو زمانە باڵندەو ئاژەڵ و مرۆڤ و زیندەوەرەکانیش تێیدەگەن.جگە لە ئیشق هیچ شتێکی دیکە لەمسەرو ئەوسەری دونیادا نییە، تەنیا یەک زمانی هەبێت.بۆیە خۆشەویستی لە بنەڕەتدا هەم فیکرو بیروباوەڕە، هەمیش رەفتارە،هەم دۆخێکی دەروونییەو هەم کۆمەڵایەتییە، هەم مرۆییشە،چونکە خۆشەویستی پەیوەندی بە باری فیکری و دەروونی کەسەکانەوە هەیە، تاقیکردنەوەیەکی

سەختە،چونکە حەقیقەتی رەفتاری مرۆڤەکان دەستنیشاندەکات، لەبەر ئەوەشە خۆشەویستی لەم کۆمەڵگا کوردییەی ئێمەدا روویندەداوە، چونکە کەسەکان لەیەککاتدا هەم عاتیفین هەم پڕن لە هەڵچوون، مرۆڤێک بریتی بێت لە هەڵچوون و داچوون، ناشتوانێ بەرگەی پرسێکی سەختی وەک خۆشەویستی بگرێت،چونکە لەکاتی توڕەبوونێکدا هەموو خۆشەویستییەکە قلّپ دەکاتەوەو دەیکات بە رق و توڕەیی،ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو کەسانەی لەنێو کۆمەڵگایەکدان،کۆمەڵێک بەهاو نەریت و ...هتد کۆیکردوونەتەوەو بۆیان دانراوەو رێکخراوە، بێگومان بەبێ فیکرو رەفتاریش،کە خۆی لە ئاستی هوشیاریدا دەبینێتەوە، بە بێ ئەمانە شتێک نییە پێی بوترێ خۆشەویستی.

ئەگەر خۆشەویستی لە ئادەم و حەواوە دەستپێکردبێت،ئەوا هەر زوو لە قابیل و هابیلەوە کوژێنراوەتەوەو رەهەندی جۆراو جۆری بەخۆوە گرتووە. بەڵام لە راستیدا خۆشەویستی لەوکاتەوە دەستپێکرد، کە گرووپی مرۆڤەکان،خۆیان لە گرووپی مەیموونی شەمپانزی جودا کردەوەو ئەقڵ و زمانیان جوولەی تێکەوت و هەستیانکرد، ئیدی ئەوان ئاژەڵێکی جیاوازترن، بۆیە خۆیان لە مەیموونی شەمپانزی جوداکردەوە، ئیدی دەتوانین بڵێین خۆشەویستی لەوکاتەوە سەریهەڵداوە،کە مرۆڤەکان،خۆیان لە ریزی ئاژەڵان بە دوور گرت و ئەقڵیان بەوە شکا کە ئەوان گرووپگەلێکن لە هەموو گرووپەکانی ئاژەڵان جیاوازترن. لێرە ماناو رەهەندی خۆشەویستی و ئیشقیش لای مرۆڤەکان لەبەرامبەر ئاژەڵان جیاواز خۆی نیشاندا. چونکە

ئاژەڵان بە درێژایی مێژوو خۆشەویستیان نەکردووەو ئاشقیش نەبوون، بە پێچەوانەوە مرۆڤ خۆشەویستی دەکات و ئاشقیش دەبێت.ئیشق وخۆشەویستیش لای مرۆڤ ئەوکاتە گەشە دەکات، کە تەنیا وەک پەیوەندییەکی فیزیکی و سێکسی تێینەڕوانی،ئەگەر وا سەیرتکرد، هەست بە بوونی خۆت ناکەیت و ناشتوانی هەمیشە هەموو سپێدەیەک هەست بە نوێبوونەوەی خۆت بکەیت. بۆیە لە بنەڕەتدا خۆشەویستی لە دروستکردنی ماڵێکی پڕ لە عەترو بۆن دەچێت،کە بۆخۆت بتەوێت تیایدا بژیت و لێی بحەسێیتەوە،واتا خۆشەویستی مانای ژیانە،کۆمەڵگایەک خۆشەویستی گەشەی تەواوی تێدا نەکردبێت، ژیانی ئەو کۆمەڵگایە ژیان نییە، کۆمەڵگایەکی بێ جوولەو بێ بەرهەم و کۆمەڵگایەکی دەردەدارو مردارە .چونکە بەهاو ماناو گەوهەری مرۆڤ خۆشەویستییە، مرۆڤ ئەو خۆشەویستییەی نەبێت، کەواتا بێ بەهاو بێ ماناو بێ گەوهەرە. هەر خۆشەویستییە دەتباتە ریزی نەمرانەوە، بۆیە خۆشەویستی بە گەورەترین ئەزموونی مرۆڤایەتی دادەنرێ،چونکە خۆشەویستی هێزێکی سەرسامهێنەرە،ئاشتییەکی قووڵە،دڵنیابوونە، هەستکردن بە بوونە، بۆیە راستە ئەگەر بڵێین خۆشەویستی بەهەشتی سەر زەوییە،بەهەشتێک بێ پێشەکی و بێ هۆکارو بێ پاساوهێنانەوەیە، خۆشت نایزانی چۆن دێت و داگیرتدەکات، بەڵام نوێتدەکاتەوە.

هیراکلیتس 2500 ساڵە پێیوایە هەموو شتێک لە چەند شتێکی دژ بە یەکتر پێکهاتووە، ژیان و مردن، گەورەو بچووک، ساردو گەرم، رووناکی و

تاریکی.ئاسمان و زەوی، لە ئەنجامی هەر گۆڕانێکی یەکەمدا، گۆڕانکاری لە تەواوی شتەکە روودەدات و شتێکی دیکەی جیاواز شوێنی ئەویدیکە دەگرێتەوە،ئەم گۆڕانکارییەش هەر وا بە رەمەکی نییە، بەڵکو گونجانێکە لە نێوان هەردوو بارودۆخەکەدا کە گۆڕانی بەسەردا دێت. لێرەدا ململانێ دەبێتە سەرچاوەی بوون و سەرچاوەی هەموو شتێک، بەڵام بە رێگای گونجان، ئەم گونجاندنە بۆتە هۆی  بەردەوامبوونی پرۆسەی ململانێ، بەردەوامبوونی ململانێش واتا بەردەوامبوونی بوون و شتەکان و هەموو جیهان.چونکە وەستانی ململانێ دەبێتە هۆی قڵپکردنەوەی یەک لە سیفاتەکانی لەسەر دژایەتی، بەمەش بوون نامێنێ .بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین لەنێوان هەموو دژەکاندا جۆرێک لە پەیوەندی واتا رایەڵەیەکی باریک لەنێوان هەموو دژەکاندا هەیە، بەهۆی بوونی ئەو رایەڵە باریکەوە،هێزی بەرامبەر یان هێزی دژەکە باشترو جوانتر دەردەخات.

لەم هەرێمەی ئێمەدا، نە خۆشەویستی هەیەو نە ئیشق،لەجیاتی خۆشەویستی و ئیشق، داگیرکردن هەیە، واتا دەتکات بە موڵکی خۆی و دەبێت بە پێی رێنماییەکانی ئەو پیاوە بجوولێیتەوەو رەفتار بکەی،بۆیە شتێک نییە لەم هەرێمەدا پێی بوترێ خۆشەویستی یان ئیشق، چونکە خۆشەویستی و ئیشق لە هوشیارییەوە دروستدەبێت،ئەوانەی لەمانای ئیشق تێ ناگەن، ناشزانن خۆشەویستی بکەن،پێیان شەرمە ساتێک سەمایەکی خودایی بکەن،هەر لێیشی نازانن، حەزیان لە مۆسیقا نییە،هەر گاڵتەشیان پێیدێت،پێیانوایە ئەو جۆرە رەفتارانە لە شان و شەوکەوتی ئەوان

ناوەشێتەوەو لە شکۆی ئەوان کەمدەکاتەوە،ئەو جۆرە کەسانە هەر لە ئەزەلدا مانایەکیان بۆ ژیان پێ نەبووە،کورسی، پارە، دەروونیانی پڕ کردووە.لەجیاتی ئەوەی مێشکی بەتاڵیان پڕ بکەن لە مەعریفە، گیرفانیان پڕ دەکەن لە پوول و پارە، زۆرن ئەوانەی چوونەتە ئەوروپا، بەڵام نەک هەر نەیانتوانیوە زمانێکی ئەوروپی فێر ببن، بەڵکو ئەوروپاشیان بەجێهێشتووەو هاتوونەتەوە کوردستان و دەڵێن، ناتوانین لەگەڵ کولتووری ئەوروپا هەڵبکەین، ئەم جۆرە کەسانە، بێگومان نەیانتوانیوە خۆشەویستیش بکەن، وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکردووە، کولتوور جۆرو شێوازی خۆشەویستیمان بۆ دادەڕێژێت.خۆشەویستی بۆ چەند رۆژێک نییە تۆ داگیری بکەیت و کە خۆت لێی خاڵیکردەوە لێی دوور بکەویتەوە، داگیرکردن هەر داگیرکردنەو تەنیا یەک مانای قێزەونی هەیە،کە سووکایەتی پێکردنە.

کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمە،هەمیشە ماندووە،نیگەرانە،جەستەیەکی پڕ لە ئازار و شل و خاوی هەیە، هەموویان هەست بە تێکشکان و هەست بە دۆڕان دەکەن،زۆر جاریش توڕەو رقهەڵگرتووە، ئیتر لە دۆخێکی وەهادا خۆشەویستی چۆن دەڕوێت و دروستدەبێت ؟. لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا کە نائەقڵانییە، خۆشەویستی و نەفرەت یەک شتن،یان دوو شتی تێکەڵن،لە یەک کاتژمێردا، یان کەمتریش ، ئەو کەسەی گوایا زۆرت خۆشویستووە، لە پڕێکا لێی توڕە دەبیت و رقی خۆتی بەسەردا هەڵدەڕێژیت و دەیدەیتە بەر نەفرەت، ئاسان نییە کەسێک لە یەک کاتدا

هەم سەرچاوەی خۆشەویستی بێت، هەم سەرچاوەی رق و تورەیی. ئەغریقی کۆن پێش لە 3500 ساڵ ،لە مانای خۆشەویستیان نەدەزانی، بەڵکو بە غەریزەی سێکسیان دەبەستایەوە، فرۆید دوای 3500 ساڵ لەو بۆچوون و تێگەیشتنە هەڵەیەی ئەغریقی کۆن، جارێکی دیکە گەڕایەوە سەر هەمان تێگەیشتنی هەڵەی ئەغریقییەکان و وتی خۆشەویستی جگە لە غەریزەی سێکسی هیچ شتێکی دیکە نییە،ئەمەشی لە رێگای نووسینەکانی خۆی بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە لیبیدو(وزەی غەریزی سێکسی)یەوە هەیە،لەو کەسانەی کە لە منداڵییەوە تا دەگەن بە پیریی خستە روو. بە کورتی فرۆید وایدەبینی کە شتێک نییە پێی بوترێ خۆشەویستی بەڵکو تەنیا سێکسە.تەنانەت وای بۆدەچوو هەموو رێگاو ئامرازێک بەناوی خۆشەویستییەوە بەکاردەهێنرێ، تەنیا بۆ ئەوەیە بگات بە سێکس، واتا لە روانگەی فرۆیدەوە سێکس سەرچاوەکەیەو خۆشەویستیش لقێکە. ئەم بۆچوونەی ئەغریقییەکان تا دەگاتە فرۆید، رێک تا ئەمڕۆش لەناو کۆمەڵگای کوردی ئەم هەرێمە لە هەڕمێندایەو،هیچ بەهایەک بۆ خۆشەویستی دانەنراوە. کۆمەڵگای کوردی، ئەوەندە دواکەوتووە، خۆشەویستییەکەی هەمان ئەو خۆشەویستییەی ئەغریقی کۆنە کە بۆ 3500 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، سیاسەت و دیموکراسییەکەیشی هی پێش سەردەمی پرێکلیس ی یۆنانییە کە بۆ 2500 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوەو، مارکس زۆر ستایشی پرێکلسی کردووە، بەوەی بۆ یەکەمینجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دیموکراسی داهێناو هەڵبژاردنی بۆ

سیستەمی سیاسی ڕێکخست، کە مارکس ماوەی حوکمڕانی پرێکلیس بە گەشاوەترین و پێشکەوتووترین سەردەمی کۆن دادەنێت.

کۆمەڵگایەک ئەمە دۆخی حەقیقی بێت، بێگومان بۆ حوکمڕانیش هەر ئەوە دەبێت کە هەیە، هێشتا نازانێ کاتێک سێکس لە خۆشەویستی جیا دەکرێتەوە،وەک ئەوە وایە هەست و جەستە لەیەکدی جیا بکەیتەوە. کۆمەڵگای کوردی لەماوەی رابردوویدا بەهاکانی باڵاترو خۆشەویستیشی پڕ ماناترو راستگۆتر بووە، کولتووری ئەم کۆمەڵگایە، جاران فریودان و هەڵخەڵەتاندنی نەدەزانی، درۆ عەیبەیەکی گەورەبوو،دزی تاوانێک بوو، تا مردن ئەو کەسە بەچاوێکی سووکەوە سەیردەکراو بە ئازارێکی زۆرەوە دەمرد،خۆشەویستی ئەگەر هەبوایە زۆرراستەقینە بوو،ئامادە بوو لەپێناو ژیانی خۆشەویستەکەی هەموو قوربانییەک بدات، ئەوکات کۆمەڵگا خاوەنی چەندین ئیشقی وەک (کەریم و ستی، خەجێ و سیامەند،مەم و زین، لاس و غەزاڵ و شیرین و فەرهاد) و......هتد بوون.راستە هەموویان هی ئەم کۆمەڵگای هەرێمە نین، بەڵام کۆمەڵگای کوردی بە گشتی لە یەکدەچێت، هەموویان سەربردەکانیان لەیەکدی دەچێت، بەڵام لە دەربڕیندا جیاوازییەکی کەمیان هەیە، کە ئەویش پەیوەندی بە وردە کولتوورەوە هەیە،تۆ بڕوانە لە گەرمیان باوی مەقام زۆر بەرفراوانەو پانتاییەکی یەکجار زۆری داگرتووە، بەڵام لە دەشتی هەولێر حەیران زاڵ بووە، لە کوردستانی باکووریش لاوک ڕۆڵی زۆری هەبووە، بە سێ ئاوازو نۆتەی جیاوازەوەن، بەڵام یەک هەست و یەک ئازاریان هەبووە. لێرەوە ئەو ڕاستییە خۆی

دەردەخات، کاتێک خۆشەویستی و سێکس لەیەک جودا دەبنەوە، دەبینی سێکس تەنیا لە رووە بایۆلۆژییەکەیەوە تێردەبێت و  ماوەیەکی کەم دیسان ئەو برسێتییە دووبارە دەبێتەوە، تا دەگەیتە قۆناخی پیری کە ئەندامەکانی جەستە، ئەو هێزەیان تێدا نامینێت، بەڵام خۆشەویستی وا نییە، نە لە تەمەن دەپرسێ، نە لە جوانی، رۆژ لە دوای رۆژیش زیاتر بەناخدا دەچێتە خوارەوەو مێشک پڕ دەکات لە ئەوین،هەموو رۆژێکیش لەگەڵ سپێدە، هەستدەکەیت و حەزدەکەیت  ئەمڕۆ جیاوازتر بیت لە دوێنێ، نوێبوونەوەیەکی بەردەوام لەناو پزدانی خۆیدا بەرهەمدەهێنێت. ئەوانەی لە قۆناخی گەنجێتی نەیانتوانیوە خۆشەویستی بکەن و تەنانەت نەیانتوانیوە سێکسیش بکەن، لە کاتی پیریدا رەفتاری هەرزەکارانە دەکەنەوە،بێ ئاگا لەوەی تەمەنی لە سەرووی 70 ساڵییەوەیە.ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت پێویستە مرۆڤ هەموو قۆناخەکانی تەمەن وەکوو خۆی و بە تێری ببڕێ،چونکە هەر قۆناخێکی تەمەن تام و رەنگ و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەر لە قۆناخی دیاریکراوی خۆی نەیبڕیت، هەرگیز ناتوانرێ لە قۆناخێکی دیکەدا قەرەبووی بکەیتەوە، لەبەرئەوەیە زۆربەی پیرەمێردەکانی ناو ئەم هەرێمە، بە جەستەو لە رووی بایۆلۆژییەوە پیرن، بەڵام لە رەفتاریاندا هەرزەکارن.

خۆشەویستی هەر بە تەنیا بەختەوەری ناگەیەنێت، بەڵکو جۆرێکی گرنگە لە مرۆڤدۆستی و هەروەها کانگای نهێنییەکانی دڵیشە،کەواتە تا دڵ لە لێدان نەکەوێ، خۆشەویستیش لەناو دڵدا هەر دەمێنێت. ئەو

خۆشەویستییەی وەرزانەیە، خۆشەویستی نییە،چونکە خۆشەویستی رەسەن دوورو نزیک پەیوەندی بە بارودۆخەوە نییە، چونکە دڵێک خۆشەویستی تێدا نەبێت، لە باخچەیەک دەچێت کە گوڵێکی سرووشتی تێدا نەڕوابێت،من دڵنیام دڵی بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە، لەو باخچەیە دەچن، کە نەک هەر گوڵێکی تێدا نەڕواوە، بەڵکو باخچەیەکە ئاویشی تێدا نییەو سەوزایی تێدا نەماوە، تۆ باخچەیەک بێنە بەرچاوی خۆت، کە سەوزایی تێدا نەبووبێت و وشک بووبێتەوە،چەندە ناشیرینە،چەندە وێرانەیە،ئاخر ئەوەی خۆشەویستی لە دڵیا روابێت، هەرگیز دزی ناکات و درۆ ناکات، هەرگیز دەست بە کورسییەوە ناگرێت،چونکە دەستی بە خۆشەویستییەوە گرتووە، بۆیە گرنگی بە پۆست و پلەو پایە نادات و، بەرزترین و مەزنترین پلەو پۆست لای ئەو پۆستی خۆشەویستییە. هەموو ئەوانەی ئیشقی دەسەڵاتن، ناتوانن ئاشقیش ببن، ناشتوانن خۆشەویستی لە دڵیان بچێنن،چونکە ناکرێ لە یەک کاتدا هەم خۆشەویستێکت هەبێت و هەم ئاشقی کورسیش بیت، ناکرێ تۆ حەزت لە گەندەڵی بێت و حەزیش بە خۆشەویستی بکەیت،ئاخر مرۆڤ تا خۆشەویستێکی راستەقینەی نەبێت، بە زەحمەت دەتوانێ هەست بە مرۆڤبوونی خۆی بکات،تەنانەت هەست و نەست و بیرکردنەوەکانت، هەمووی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا دەبێت،  زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەم هەرێمە، بە تەندروستییەکی تەواوە لەدایک نەبوون، چونکە کۆرپە لە هەفتەی پێنجەمەوە واتە دوای مانگێک لە سکی دایکی پێویستی بە چاودێرییەکی ورد لە ژینگەیەکی تەندروست و خۆراکی سروشتی

هەیە،بۆئەوەی  نەبێت بە پیاوکوژ،نەبێت بە مرۆڤێکی گێل، نەبێت بە کەسایەتییەکی ناتەندروست و ناتەواوو..هتد. ئێستا زۆربەی سەرکردەکانی ئەم هەرێمە زیاد لە پێویست هۆرمۆنی  تیستۆستیرۆن  Testosterone یان هەیە،ئەمەش دڵێکت لە ئەڵماس بۆ دروستدەکات و بە لاتەوە ئاساییە زۆریش ئاساییە، بەردەوام خەڵک بکوژیت و تالآنی هەموو دونیا بکەیت،لە کاتێکدا هەموو کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمە پێویستیان بە چەندین هۆرمۆنی لە شێوەی  ئەندۆرفین Endorphins و  سیرۆتۆنین Serotonin هەیە، تا ئازارە سەختەکانمان کەمێک سووک بکات ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمە بەهۆی سەرکردەکانیانەوە تووشی خەمۆکی و بارێکی ناڕێکی دەروونی بوونەتەوە،کە نە میزاجیان ئاساییە، نە باری دەروونییان،  ئیتر کۆمەڵگایەک لە ژینگەیەکی وەهادا بژیت، چ ماناو بەهایەکی بۆ خۆشەوبیستی پێدەبێت. لەکاتێکدا تەواوی زانایانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ یەکێک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانە،چونکە خۆشەویستی نە سۆزو عاتیفەی رووتە، نە ئارەزووشە، بەڵکو خۆشەویستی بزوێنەری دڵ و مێشک و تەواوی جەستەی مرۆڤە، بە جۆرێک بریتییە لە ژیان، بریتییە لە رۆحی جیهان. تەنیا لە خۆشەویستیدا، مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی دەکات و بەردەوامیش خۆی نوێدەکاتەوە.واتا بە دیوەکەی تر، خۆشەویستی بۆ خۆی هێزە،دڵنیابوونە، پاراستنە،ئاشتییەکی جێگیریشە،پیرۆزترین جۆری پەیوەندیشە،چونکە لە خۆشەویستیدا،نە مەرج

و مەرجکاری هەیە، نە بەرژەوەندی کەسی هەیە، نە درۆو دزی و دووڕوویی هەیە،لەناو مەملەکەتی خۆشەویستیدا، تەنیاو تەنیا خۆشەویستی هەیە،جیهانێکی ئارام هەیە،پڕە لە گوڵی رەنگاو رەنگی بۆندار،پڕە لە درەختی جوان،پڕە لە تاڤگەو رووبار کە بەردەوام دەڕژێنە سەر دڵ و پاکیدەکەنەوەو دەیشۆن، بەکورتی تەنیا لە جیهانی خۆشەویستیدا مرۆڤبوون هەیە.بۆیە ئامانج لە خۆشەویستی هەر تەنیا خۆ بەتاڵکردنەوەو دامرکاندنەوەی ئەو پەنگخواردووە دەروونییە نییە کە لە رێگای سێکسەوە بەتاڵی دەکات، بەڵکو ئامانجەکانی خۆشەویستی زۆر زۆر لەوە گەورەترن،بەر لە هەموو شتێک دڵی ئەڵماست نەرمدەکاتەوەو جیهانی شەڕو ناکۆکی و درۆکردن و دووروویت لا کۆتایی پێدێنێت و دەتباتە ناو جیهانێکەوە،کە هەموو مرۆڤەکان بڕوایان بە ژیان هەیەو هەڵگری کۆمەڵێک هیوای مەزنن بۆ ئایندەیان.

خۆشەویستی بەهەشتێکی حەقیقییە لەسەر زەوی، بەڵام هەرێمی کوردستان دۆزەخێکە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی،بۆیە لەجیاتی خۆشەویستی، ئەوا دزی و دوڕوویی و درۆزنی و رق و تۆڵە، باوی زۆرە، کۆمەڵگایەک ئەمە رەفتارو بیرکردنەوەی بێت، بێگومان ناتوانێ خۆشەویستی بکات، چونکە خۆشەویستی لە ناو دۆزەخدا دروست نابێت و هەرگیز جێگای نابێتەوە. دڵنیام بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە ئەگەر بنێردرێنە خولی پەیمانگایەکی دوو ساڵی، بۆ فێربوون و تێگەیشتن لە بەهاکانی مرۆڤایەتی و مەملەکەتی خۆشەویستی، دوای تەواوکردنی ئەو دوو ساڵەیان لە

پەیمانگاکە، تووشی شۆک دەبن، چونکە ئەوکات تێدەگەن، کە ئەو هەموو تەمەنەی بەسەریان بردووە، دوور بووە لە بچووکترین مانای مرۆڤیبوون.

زۆرجار دەوترێ فلاَنە کورِ فلاَنە کچی بە خۆشەویستی هێنا، یان فلاَن و فیسار یەکتریان زۆر خۆشدەوێت و ...هتد، بەلاَم ئەمانە هیچیان خۆشەویستی نین، ئەمە چ خۆشەویستییەکە ،کاتێک سەر بە هەر دادگایەکی ئەم هەرێمەدا دەکەیت، سەیری رێژەی تەلاَق و لەیەکجیابوەکان دەکەیت، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لەیەکجیابوونەتەوە،ئەوانەن کە گوایا سەرەتا بە خۆشەویستی هاوسەرگیرییان پێکهێناوە، بەلاَم دواتر لەگەڵ یەکدی نەگونجاون، ئەمە درۆیەکی گەورەیە بەرامبەر بە خۆشەویستی دەکرێت،چونکە زۆر بە دەگمەن لەم هەرێمە هەڵدەکەوێ دەرەقەتی خۆشەویستی بێت،نە هەموو پیاوێ، نە هەموو ژنێکیش توانای خۆشەویستییان نییە، خۆشەویستی زۆر لەو چەمکە سواوە بەرزترو قووڵترە کە لەناو کۆمەڵگای دوواکەوتووی ئەم هەرێمەدا باوە.

# جارێکی تر

# قەیرانی خۆشەویستی،قەیرانی  ژیان

دوای ئەوەی بابەتی (قەیرانی خۆشەویستی، قەیرانی ژیان)م بڵاوکردەوە،نامەیەکی یەکجار زۆرم لە هەردوو رەگەزی نێرو مێ، بۆ هات،هەموویان لەوەدا یەکیاندەگرتەوە،کە تا بتوانم لەسەر بابەتێکی وەها گرنگ کە ژیانمانە، بنووسم. ئیتر من زیاتر بۆم دەرکەوت ئەم کۆمەڵگایە رۆحی ژەنگی گرتووە، دڵی هەر ئەوەتە لێدەدات،سیس و ژاکاوەو، لە داخی ئەم هەموو مەینەتییەی رۆژگار دڵی کون کونەو بە برینداری کەوتۆتە بەر رەشەباوە، کۆمەڵگایەک بە دڵی کون کون و بریندارەوە کەوتبێتە بەر رەشەباو زریان و تۆف، چۆن دەتوانێ ئاشق بێت، چۆن دەتوانێت لە مانا

قووڵەکانی ئیشق و خۆشەویستی تێبگات، بۆیە ئەم کۆمەڵگایە کە باسی ئیشق و خۆشەویستی راستەقینەی بۆ دەکەی، لای ئەو خەیاڵێکی خۆش،خەونێکی خۆشە، چونکە نەیبینیوەو هیچ ئەزموونێکی لەگەڵدا نەبووە، کۆمەڵگایەک رۆحی ژەنگی گرتبێت و دڵی بە هەزار ناری عەلی لێبدات و، بە ئاستەم نووزەیەک لە هەناسەی مابێت، بێگومان کۆمەڵگای وا، بەرهەمەکەیشی ئەو حیزبانە دەبن کە بەردەوام هەموو کۆمەڵگا دەگەوجێنن، واتا حیزبەکان ئامرازێکن بۆ گەوجاندنی خەڵک، لای ئەوان گەوجاندن ئامانجی نزیک و دووریانە.

دووهەزارو شەشسەد (2600) ساڵە،فەلسەفە هاتۆتە ئاراوە، کەواتە بە قەد ئەو مێژووە، ئەفسانە لەو وڵاتانەی فەلسەفەیان خولقاند، ئەفسانەیان ناشت و کۆتاییان پێی هێنا، چونکە ئەوە فەلسەفە بوو توانی کۆتایی بە ئەفسانە بهێنێت،سەرچاوەی فەلسەفەش ئەقڵە. ئیتر دەبوو دوای پێنج ملیۆن ساڵ لە ژیانی مرۆڤ، ئەقڵ بێت کاری خۆی بکات، کەچی ئێمەی کورد لەم هەرێمە، دوای پێنج ملیۆن ساڵ ژیان و، ئینجا دوای (2600) ساڵ لە هاتنی فەلسەفە، کەچی هێشتا کۆمەڵگای کوردی هەر لەناو قووڵایی ئەفسانەو خورافاتدا خنکێندراوە!!،لەبەرئەوەشە حیزبەکان هەر رۆژەو ئەفسانەیەکت بۆ دادەهێنن و پێی دەتگەوجێنن. ئەوەی تامی خۆشەویستی و ئیشقی ئەبەدی نەکردبێت، کەواتا هێشتا تامی ژیانی نەکردووە،بە پێچەوانەی (ئۆشۆ)کە لە تەواوی نووسینەکانی دەیەوێت لە رێگای خۆشەویستییەوە فێری خۆپەرستی و خۆشبەختیت بکات، هیچ

فەیلەسووفێک بە قەد ئۆشۆ خۆپەرست و خۆ ویست نەبووە. لە کاتێکداو لەبنەڕەتدا لەخۆشەویستی و ئیشقدا،خۆپەرستی نییە، مرۆڤبوون هەیە، دوورکەوتنەوەیە لە ژیانی ئاژەڵانە، خۆشەویستی جیهانێکی سرووشتیت بۆ دروستدەکات،تا بەجوانترین شێوە بگەڕێیتەوە ناو سرووشت و بتوانی ئیدی وەکوو مرۆڤ بژی و بەرامبەرەکەت لە خۆت زیاتر خۆش بوێ،نەک وەک ئەو نەریتەی لەم هەرێمە باوە، هەزارو یەک درۆ لە پێناو ماچێک یان لەپێناو رووتکردنەوەی کچێکدا دەکەی، کەچی دوایی ئەتکی دەکەی، ئەمەیە خۆشەویستی ؟؟!!،هەرێمێک بریتی بێت لە هەرێمی درۆو گەوجاندن،چۆن خۆشەویستی رووی تێدەکات.. خۆشەویستی بە یەک وشە لە دایک دەبێت، بەڵام بە هەزاران وشە نامرێ، چونکە لە بنەڕەتدا خۆشەویستی ئازارە بۆ تۆو بەختەوەرییە بۆ ئەویتر، خۆشەویستی بەبێ دڵسۆزی بێ بنەمایەو زوو دەڕووخێت، بەڵام گرفتی خۆشەویستی لەکۆمەڵگای ئێمە لەوەدایە،کاتێک دەتەوێت بنەمایەک بۆ خۆشەویستی دروستبکەیت،لە ناکاو هەموو ئەو ئەفسانەو سیناریۆیانە بەتاڵ و پووچ دەبنەوە، بێئەوەی هۆکارێکی بابەتی هەبووبن،بنچینەی تێکچوونەکەش ئەوەیە، هێشتا نەمانتوانیوە بۆ خۆمان بژین، ئەوەندەی خەریکی ژیانی ئەم و ئەوین، نیو ئەوەندە خەریکی ژیان و تایبەتمەندییەکانی خۆمان نین،ژیانی خۆمان لەبیر چۆتەوە،لەکاتێکدا رووخانی خۆشەویستی لە هەموو رووخانەکانی دیکەی ژیان سەختترو ئاڵۆزترەو شوێنەوارەکەی لەسەر دڵتایەو ناسڕێتەوە،چونکە ئەی مرۆڤ رووخانی هەر خۆشەویستییەکیش

رووخانی مرۆڤێک و دوان نییە، بەڵکو رووخانی کولتوورێک و ژینگەیەک و کۆمەڵگایەکە، ئەو کولتوورەی سانسۆری لەسەر خۆشەویستی داناوەو، ئەو ژینگەیەی حەرام حەلال دەکات و حەلالیش حەرام و، ئەو کۆمەڵگایەی هێشتا ئەقڵی بە خۆشەویستی ناشکێ و تامی نەکردووە، بۆیە هەر لەمانا قووڵەکانی خۆشەویستیش تێنەگەیشتووە. کەواتە گرنگترین شت لە ژیانمانا کە پێویستە فێری ببین خۆشەویستییە، چونکە ئەوەی تۆ دەیڕووخێنی تەنیا وشەیەک نییە بەناوی خۆشەویستی بەڵکو رووخانی هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتی و هەموو بونیادنانەکانی مێژووە، بەهۆی خۆشەویستییەوە لەکاری بەد دووردەکەویتەوەو بەهۆی دوورکەوتنەوەشت لە خۆشەویستی لە ژیان دوور دەکەویتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا، خۆشەویستی ژیانت پێدەبەخشێت. ئێمە تەنیا بۆ بەتاڵکردنەوەی خۆمان هەزار سوێند دەخۆین، سوێند بە قورئان و بە شەرەف و بە گۆڕستان و.....هتد دەخۆین ، بەڵام کە بەتاڵ بووینەوە، کچی داماو، ناچار دەبێت ئەمجارە ئەو بەدواتا سەرگەردان بێت و تۆش خۆتی لێ ون دەکەی، ژمارەی مۆبایلەکەی بلۆک دەکەی، ئاییندەکەی لێ دەکەی بە زەقنەبووت، بیرت چووە تۆش ئینسانێکی ناپووت ناپووت. خۆشەویستی ئەوکاتە دەبێتە خۆشەویستی کە هەردوولا ئاگایان لە سەمای دڵ و لە پێکەنینەکانی دڵ و لە فرمێسکەکانی رۆحی یەکدی بێت، ئاگایان لە سووتان و خەمە قووڵەکانی دڵ و رۆحی یەکدی بێت، خۆشەویستی قوربانیدان و یاخیبوونە، قوربانیدانە بۆ بەرامبەرەکەت و یاخیبوونیشە لە

کۆمەڵگایەکی تەقلیدی. بۆیە لە خۆشەویستیدا تەوازوع و لێبوردەیی سەرچۆپی خۆیان دەگێڕن، ئێمە نابێت خۆشەویستێکمان هەبێت بۆ ئەوەی خۆمان چیمان پێ خۆش بێت بەرامبەرەکەمان وا هەڵبسووڕێنین و بە دڵی شێتانەی خۆمان رەفتاری لەگەڵدا بکەین. ئەوەیە جیاوازی ئێمەو ئۆشۆ، ئۆشۆ دەیەوێ دڵ چی پێ خۆشە وا بکەیت، ئێمەش دەمانەوێ دڵ و ئەقڵ ئاوێتەی یەکدی بێت و، سەمایەکی خودایی دابمەزرێنن، تا دڵ و ئەقڵ چەشنی لاو لاو تێک نەئاڵێن، جوانترین وێنەمان دەست ناکەوێ. ئاخر وا نەکەین،نە ئەقڵ گەشە دەکات، نە دڵ دەتوانێ ئەو ژەنگەی گرتوویەتی لەخۆی دابتەکێنێ.

خۆشەویستی کەس ناکوژێ ،بەڵام لەنێوان مردن و ژیاندا هەڵتدەواسێ، فەرامۆشکردن و گرنگی پێنەدان بە خۆشەویستەکەت،دەبێتە مایەی کوشتنی ئەو خۆشەویستییە، لەبیرکردنیش ئەوا بەتەواوی لە گۆڕی دەنێ، چونکە لە بنەڕەتدا خۆشەویستی سوڵتانە، بەڵام وەکوو سوڵتان لە دەرەوەی هەموو یاساو رێساکان نییە،وەکوو سوڵتان خۆی یاساو رێسا بۆخۆی دادەنێت! . خۆشەویستی یاساو رێسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە،کە نە لە هیچ یاساو رێسایەکی دیکە دەچێت، نە هیچ یاساو رێسایەکیش لە هی ئەو دەچێت.لە یاسای خۆشەویستیدا پەروەردەی مانەوە دەوترێنەوە، هەموو ئازارەکانیشی شیرینن، هەموو سەرنجەکانیشت لە خۆشەویستەکەتەوە سەرچاوەی دەگرێ، ئەگەر یەک چرکە لە ناو بیرکردنەوەت نەما، ئەوا بەخۆتدا بچۆرەوە، چونکە خۆشەویستییەکەت

ناتەواوە،وەک ئەحمەد هەردی دەڵێت: سەرنجی رێ دەدەم رێگا هەمووی شێوەی ئەوی تیایە.. وەکوو دونیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە وایە..خۆشەویستی ئەگەر وا نەبوو فلسێکی سووتاویش ناهێنێت. رەنگە تۆ کاتێک کچێکت گوایا خۆشویستووە، هەستیش بە ئازاری دڵ و رۆحت نەکەی، هەست بە بوونیشیانی نەکەی، تا ئەوکاتەی لە ناکاوێکدا لە خۆشەویستییەکدا شکستدەهێنیت و فاشیل دەبیت، ئەوکاتە ببینە دڵ و رۆح چۆن وەک باڵندەیەکی سەربڕاو چ سەمایەکی مەرگەساتئامێز دادەبەستن،ئەوکات تێدەگەی هەموو دڵێک بەرگەی خۆشەویستی ناگرێت، هەموو دڵێک بۆ خۆشەویستی نەخولقاوە، بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی ژیانیش نەخولقاوە.

ئەی کۆمەڵگا کەی دەتەوێ لە مانای قووڵی ژیان تێبگەی! ئەی کۆمەڵگا ئێستا تۆ نە رۆحت زیندووەو نە دڵیشت خونچەیەکی گرتووە، ئەی کۆمەڵگا دووچاوی گەورەو ساغت پێوەیە، بەڵام هێشتا باخچەیەکی خۆشەویستیت نەدۆزیوەتەوە! بۆ سۆراخی ناکەی تا دەیدۆزیتەوە. ئەی کەی کاتی ئەوە دێت دڵت داری قەنەفر بگرێت و رۆحیشت بۆنی ئەتر ؟!، ئەی دەتەوێ تا ماوی هەر بگەوجێندرێی ؟!، دەتەوێ تا ماوی دوو چاوی زەقت ئەبڵەق بێت بەدیار ئەو مافیایانەی وا نیشتمانە جوانەکەت دەدزن و وەکوو گا هەڵیدەلووشن ؟!، ئەوانە کاتێک دەستیان بە میوەی درەختێک ناگات، بۆ میوەکە هەموو درەختەکە لە بنەوە دەبڕنەوە، ئێستا درەختێک بە پێوە نەماوە!، میوەیەکی جوان لە شار نەماوە!، ئەوەی هەیە وا لەم

هەرێمە مەزات دەکرێت، کورە وا ناموسی نیشتمانەکەت ئەتک دەکەن و مەزاتیان کردووەو بەتاڵان دەبردرێت، هەر دەنگەو دەنگی شاباشە،تۆش گوێت کەڕە، زمانت لاڵە،ئەقڵت چەقیبەستووەو، کەچی تۆش ،بەڵێ تۆ هێشتا سەرچۆپیان بۆ دەگریت، وا کوردستان لەناو شەوانی سووری خۆیان دەگەوزێنن، تۆش هەر بە دوو چاوی ئەبلەقەوە رادەمینێیت و ناشیانبینی و خۆت لێ ون بووە !!،برۆ ، برۆ جارێ خۆت بدۆزەوە، دۆزینەوەی تۆ لەناو دڵێکە، لە خۆشەویستی تێ بگات، رۆحی تۆ قەت پێکەنینی نەبینیوە، ئەقڵی تۆ تەزیوەو خۆشەویستی نەناسیوە، برۆ وەک عەلی شون هەڵگر برۆ بەدوای خۆشەویستی تا دەگەیتە سەر دوا وێستگەی مانەوەت. خۆشەویستی لەم هەرێمەی ئێمەدا لە شارێکی زۆر گەورە دەچێت، هێشتا نەچووینەتە ناوی، تەنیا لە دوورەوە شەوان گلۆپەکانی دەبینین کە داگیرساون، هێشتا نەچووینەتە ناو ئەو شارە بزانین ئاخۆ ئەو شارە مزگەوتەکانی، کووچەو کۆڵانەکانی چۆنن، نازانین ئاخۆ ئەو شارە کچ و کوڕەکانی چۆن دەژین،چ جل و بەرگێکیان لەبەرە، ئاخۆ ئەو شارە شوێنی ئاهەنگ و مۆسیقاو شانۆی تێدایە!، باخچەو گوڵی رەنگاورەنگی زۆرە!، تاڤگەو رووباری بەناودا دەڕوات!،ئاخۆ ئەو شارە مەیخانەو مەلهاو قوماری تێدایە،ئەی منداڵەکانی ئەم شارە کچ و کوڕانیان پێکەوە گەمە دەکەن،یان کچان توانج لە کوڕەکان دەگرن و دەڵێن:کوڕ لەناو کیژان باب قالۆچە!!.. ئەم شارە لە رۆژانی جەژنی خۆشەویستیدا،چ ئاهەنگێک دەگێڕن ؟ کچ و کوڕەکانیان لەم رۆژەدا یەکدی ماچدەکەن ؟! یان شارێکی هێندە مات و

خامۆشه،لەسەر ماچێک منداڵێک سەردەبڕن،یان شارێکە منداڵەکانیان بۆ بژێوی ژیانی رۆژانەیان وازیان لە خوێندن هێناوەو کاری سەخت دەکەن،خەڵکەکانی شەوان زۆر ماندوون تا بەیانی لە پرخەی خەودان، بەیانیش ماندوو بوون هەر بە رووخساریانەوە نەقشی گرتووە ، ماندوون و هەر کەسەو بۆ خۆی را دەکات، کەس مەجالی کەس نادات تێپەڕ ببێ، ئۆتۆمبیلەکانیان لەگەڵ بەرەبەیاندا دەست بە لێدانی هۆڕین دەکەن، مزگەوتەکانی ،لە نیوەشەودا بانگ هەڵدەدەن و هەر گەڕەکێک مزگەوتێکی لێیە ئۆقرەت لێ هەڵدەگرن ،کەس گوێ بە ترافیک لایت نادات و، بۆن و ئەتر لە جلەکانی بەریان دەدەن، بەڵام دڵیان ،رۆحیان بۆنێکی ناخۆش زۆر ناخۆشی گرتووە، هەموو شووشە ئەترو گوڵاوەکانی ئەم شارەی بەسەردا بکەیت، ئەو بۆنە ناخۆشەی دڵی گرتووە لێینابێتەوە. خۆشەویستی لەم هەرێمەی ئێمە ئاوایە، لە کچێکی رووت رووت دەچێت، هەموو شەوێک بۆی لە کەمینی تا بە رووتی بیبینی، بەڵام هەیهوو !! کاتێک دەردەکەوێت، بە پەچەو جوبەو عەبایەکی رەشەوە دەردەکەوێت!!.وای لە عەبا رەشی هەولێرییان!! تا ئێستا لە کولتووری ئەم کۆمەڵگایە ئیشق حەرامە، خۆشەویستی بڤەیەو لەجیاتی بەهەشتێک دروست بکات، دۆزەخێکی بەدواوەیە.ئێمە شەش هەزار(6000) ساڵە، لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا یەک داوە موو هەیە بەسەریدا دەڕۆین، بەڵام ئەوە (6000)ساڵە، رۆژێک نەکەوتینە ناو بەهەشتەکە، هەر فەڕێدەدرێینە ناو قووڵایی دۆزەخەکە.

تا لەماناو رەهەندە قووڵەکانی خۆشەویستی تێنەگەین، بێگومان ناشتوانین لە ماناو رەهەندەکانی ژیان تێبگەین، ئەمانە دوو رووی یەک دراون،ناتوانین لە یەکیان جیا بکەینەوە. تۆ سەیرکە،کۆمەڵگای کوردی لەماوەی ئەو چارەگە سەدەیەی پێشوودا، خەریکی شیعر نووسین و گۆرانی وتنە، نیوەی شیعر دەنووسێ، نیوەکەی تریشی گۆرانی دەچڕێ،کەچی ئێستاش داخ بۆ گۆرانی بێژە کلاسیکەکانمان دەخۆین،چونکە رەسەن بوون،گۆرانی ئێستا هەمووی تەقلیدە لە عومەر دزەییەوە تا عەدنان کەریم ،لە لۆکە زاهیرەوە تا ئەو بەستەو گۆرانیانەی لە شێخەڵاو لە هۆڵی بۆنەکان لێدەدرێنەوە، هەمووی تەقلیدە،لە شیعریشدا بە هەمانشێوە خراپترینیانین ، ماڵی شیعر هەر بەتەواوی بۆتە کەلاوە،ساڵانی هەشتاکان خاوەنی شیعری جوان، شانۆی باش،گۆرانی جوان بووین، خەریک بوو لە مانا جوانەکانی ژیان تێبگەین، کەچی دوای راپەڕین کاولمان کرد. کاولمان کرد چونکە نەمانتوانی لە خۆشەویستی تێ بگەین، ئەی کۆمەڵگا بەر لەوەی بچیتە ناو هەر فەرهەنگێکەوە، یەکەمجار برۆ ناو فەرهەنگی خۆشەویستییەوە، بەر لەوەی هەر مانایەک بزانیت برۆ ناو ماناو مەدلولاتەکانی خۆشەویستییەوە، چونکە کە لە خۆشەویستی تێگەیشتی، ئەوکاتە لە ژیانیش تێدەگەی. ئەی کۆمەڵگا واز لە قسەی سواو، بیری سواو، بینینی سواو بهێنە، برۆ پێش هەموو شتێک ئەو ژەنگەی رۆحتی داپۆشیوە، ئەو ژەنگەی دڵتی گوشیوە، ئەو ژەنگەی لەناو مێشکت پەرت بووەو وا بەسەر دەمارەکانتدا نیشتووە،ئەو دڵەی ژەنگ وەها لێیداوەو هەمووی کون کون بووە، برۆ ئەو

هەموو ژەنگە بتاوێنەوە، کە تەنیا بە یەک شت دەتوێتەوە، ئەویش خۆشەویستییە، ئیشقە ئیشقێکی ئەبەدییە، ئەوکات ژیان وەکوو خۆی دەبینی. (2500) ساڵ پێش ئێستا ئیسپارتاییەکان ئەو ئازادییەی بۆ ژن تەرخانیان کردبوو، ئێستا دوای ئەو مێژووە درێژە، هێشتا کچ و ژنی کورد نیوەی ئەو ئازادییەی ژنی ئیسپارتاییەکانی (2500) ساڵ پێش ئێستای وەدەست نەهێناوە، ژنی ئیسپارتی مافەکانی لە پیاو زیاتر بوو، لەکاتێکدا ئیسپارتاییەکان نە مۆسیقا، نە هونەر نە شیعرو ئەدەب، کۆمەڵگای ئیسپارتی خاوەنی هیچ کام لەوانە نەبوو.. ژنەکانیان مافیان لە پیاو زیاتر بوو، لە ئیشق و خۆشەویستی و تەنانەت لە سێکس و هەموو ئەمانەدا، بڕیار لای ژن بوو نەک بەتەنیا لای پیاو. کچ و کوڕانی ئیسپارتی هەموو رۆژێک بە رووتی و پێکەوەو بە تێکەڵی خەریکی وەرزش بوون، بێ ئەوەی رۆژێک کێشەیەک و گرفتێک دروست ببێ، کەچی ئێمە لە کۆمەڵگایەکین تا ئێستا پەیوەندی بە سێکس تێدەگەین، خۆشەویستی بە سێکس تێدەگەین، ئیشق بە سێکس تێدەگەین، سێکس بە سێکسی ئاژەڵی تێدەگەین، لەکاتێکدا ئەگەر (پەیوەندی،خۆشەویستی، ئیشق، سێکس)لە لایەکەوە ئاوێتە بووبن، ئەوا لە سێ لایەکەی ترەوە تەواو جیاوازن،کۆمەڵگایەک نابێتە کۆمەڵگایەکی ئاسایی و نۆڕماڵ، تا لە ماناو رەهەندەکانی ئەم چوار شتە باش تێ نەگات و بە کردەوەش پەیڕەوییان لێ نەکات. ئەی کۆمەڵگا !! ئەخلاق لە ناو چەفیەو چارشێودا نییە، ئەخلاق لەناو عەبای رەش و جوبەدا نییە،ئەخلاق لەناو گەڵی ژن نییە،تۆ کە هیچ مافێکت بە ژن

نەداوە، چۆن ئەخلاقی خۆتت داوەتێ، ئەی پیاو بیر بکەرەوە، ئەخلاق لە رەفتارو لە بیرکردنەوەماندایە، برۆ جوان بیربکەوە، رەفتارت سەردەمانە بکە، تا ئەخلاقیشت تەندروست بێت. کۆمەڵگای ئێمە هەر بە تەنیا سیاسەت نەیهاڕیوە، ئێمە قەیرانی ژیانمان هەیە، ژیانی ئێمە هەزاران ساڵە کەوتۆتە بەر گەورەترین مەترسی، مەترسی لەناوچوون، چونکە تەنیا نووزەیەکمان تێدا ماوە، کۆمەڵگا ئەوکاتە دەبێتە کۆمەڵگایەکی زیندوو، کە توانی سەرکردەکانیان بهێنێتە ناو سەنتەری شارو سەمایەکی خودایيان پێ بکات، مۆسیقایان پێ بژەنێت، گورانیان پێ بڵێت، جار جارەش بیانگرییێنێت، پێیان وا نەبێت،گریان تەنیا بۆ ژن هاتووەو گریان لە شان و شکۆی ئەوان کەمدەکاتەوە، چونکە ئەوان پیاون!! ئەی پیاو کە تۆ ئەقڵت نەبوو شان و شکۆت لە کوێ بوو!!، ئەی پیاو کە تۆ دز بیت و درۆزن بیت، شان و شکۆت لەبەرچاوی خەڵک زۆر بێ نموودو زۆر بچووکە، بچووک بچووک، پێمان بڵێ ئەو شان و شکۆیەی بۆخۆت وێنایەکت لە مێشکی پووچتدا نەقش کردووە،پێمان بڵێ ئەو شان و شکۆیەت لە کوێ داناوە، چونکە بە باڵاتەوە نایبینین!! ئەی پیاو!! هەوڵبدە وەک پیاو بژی، وەک مرۆڤ، ئەی نا مرۆڤ!!، راستگۆییت و دڵسۆزیت و هەستی جوانت دەتکات بە مرۆڤ، کە بووی بە مرۆڤیش شکۆت دەبێت، تۆ هێشتا بێ شکۆی، شکۆ بە دزی و درۆو گەوجاندنی کچان دروست نابێت، بە دزینی سامانی نیشتمانی دروست نابێت، گەر دەتەوێ بژی ببە بە پیاوێکی خاکی لە ژیانی بەرپرسیارێتی ساختە وەرە دەرەوە، مەبە بەخاوەنی درۆو

فریودان، مەبە بە خاوەنی ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە جام رەش و پاسەوانە گوناهانە!!ئەی بەدبەخت ، دەڵێی تازە لە بەرەکانی شەڕی مان و نەمان هاتوویتەوەو گەورەترین دوژمنی نەتەوەکەت لەناو بردووە!!، تۆ بە سادەیی دەبیتە خاوەنی شکۆ، شکۆی تۆ لە راستگۆییتدایە،کە راستگۆ نیت، شکۆی تۆ لە خاکیبوونتدایە کە خاکی نیت، کەی کۆمەڵگا توانی سەرکردەکانی خۆی بهێنێتە سەنتەری شارو فرمێسکی گەرمیان پێ هەڵبرێژێ، بۆ ئەوەی جارێک هەر تەنیا جارێک ببنەوە بە مرۆڤ ، ئەوکاتە کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگا، ئەوکاتە خۆشەویستی نابێتە بێ ئاکاری و بێ ئەخلاقی، بەڵکو ئەوکاتە دزی و درۆزنی و بێ ویژدانی دەبن بە کاری بەد ئەخلاقی و بەد ئینسانی.

خۆشەویستی ئەگەر ئیشقی بەدوادا نەیەت، ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە، خۆشەویستییەکی تەندروست نەبووە، خۆشەویستییەک ئەگەر لەدوای خۆی گوڵ نەچێنێت وئەتر نەپرژێنێت و لە بیرەوەرییەکانیدا چیرۆکێکی رەنگاورەنگ جێ نەهێڵێت و لەگەڵ هەر ترپەیەکی لێدانی دڵی، ویژدانێک و ئازایەتییەک و وێنەیەکی جوان زۆر جوان، بەقەد جوانی خۆشەویستەکەی نەخولقێنێ، ئەو خۆشەویستییە کۆتاییەکی تراژیدییە، هەر نەبوونی باشترە لە بوونی. راستە بیرکردنەوە لە ئەشق ئاسانە، بەڵام ئاشقبوون زۆر دژوارەو خۆراکی هەموو ژن و پیاوێک نییە! ئاخر خۆشەویستی دەتکاتە پاڵەوان، چونکە لە کانگەی ترسدا،پردێکت بۆ دروستدەکات بۆ پەڕینەوە. دەتگرییێنێ، بۆ ئەوەی بەردەوام پاک ببیتەوە، دەتبرژێنێ، تا چێژ لەو

خۆشەویستییە وەربگریت، چونکە تەنیا لە خۆشەویستیدا ئازارێکی شیرین هەیە، تا خۆشەویستێکت نەبێت، ناتوانی تامی ژیان بچێژی، تا خۆشەویستێکت نەبێت،خەونی جوان نابینی، لە مانای نوێبوونەوەی رۆح تێناگەیت، تا خۆشەویستێکت نەبێت ناتوانی لەگەڵ دڵی خۆت لەگەڵ رۆحی خۆت قسە بکەیت،تا خۆشەویستێکت نەبێت نازانی هەموو ژیانت لەناو ئاوێکی شێلوو تێپەڕاندووە،ئەی مرۆڤ ئەی بۆچی وا دەستەوەستانی! ، بۆچی تا ئێستا لەمانای خۆشەویستی نازانی!،ئەی مرۆڤ خۆشەویستی هەلێکە، لەدەستت بچێت، هەموو دونیا ناتوانێ قەرەبووت بۆ بکاتەوە،هەموو کچانی شۆخ و شەنگی شار ناتوانن تۆڵەت بۆ بکەنەوە،ئەی مرۆڤ خۆشەویستی هەر بە تەنیا سۆزی رووت و ویژدانی رووت نییە، بەڵکو وزەو بەرهەمهێنان و ژیانی ئایندەتە، لە ژیانی خۆشەویستی راستەقینەشدا دۆڕاو بوونی نییە، هەردوکتان براوەن، بەڵام ئەزموونێکی زۆر ئاڵۆزو تێکچرژاوە، مەترسیدارترین و گەورەترین رووداوی ژیانتە،رووداوێکی وەرزانەش نییە، تا چاوەڕوانی کۆتاییەکەی بکەی، بەڵکو هەر چوار وەرزە، سەوز سەوزە، کەواتە تۆ لە نوێ لەدایکدەبیتەوە،دە برۆ جەسارەت بکە،ئاهەنگێکی جوان بۆ لەدایکبوونی خۆت ساز بکە.

تا خۆشەویستێکت نەبێ لە مانای دڵ تێناگەی , هەر ناشزانی دڵ کە تووشی خۆشەویستی هات جار جارە تووشی راچڵەکین و لەرزینیش دێ، ئەرێ کێ هەستی بە راچەنینی دڵ کردووە !!،1000 هەواڵی ناخۆشت پێبدرێ، دڵت بەقەد ئەو هەواڵە راناچەنێ و نالەرزێ، کە لە

خۆشەویستەکەتەوە بۆت دێت و دەتخاتە سەما..ئەی مرۆڤ تۆ تا ئێستا خۆت لەبیر کردووە،حەزت لە مانەوەی خۆت و لە ژیانە، بەڵام تامەزرۆش نیت، سەرلێشێواوی و رێگاکانی مانەوەت لێ ون بووە، ئەی سەرلێشێواو، تۆ بە دڵێکی کون کونی بەر رەشەباوە، تۆ بە رۆحێکی وشک بووی ژەنگ هەڵهاتووەوە، چ مانایەکت بۆ ژیانت هێشتۆتەوە، ئەی بەدبەخت، ئەی مرۆڤی ناوەخت!!.

خۆشەویستی لەم هەرێمە نهێنییەکە کلیلەکەی ون بووە، کێ دەتوانێ بیدۆزێتەوە، تا ئەبەد نامرێ و هەر زیندووە، چونکە ژیانی کۆمەڵگا وەرچەرخانی تێدەکەوێت،هەموومان هەست بە پێویستبوونی خۆشەویستی دەکەین،بەڵام هێشتا لەماناو رەهەندەکانی خۆشەویستی تێنەگەیشتووین، زۆرن ئەوانەی دڵی خۆیان قفڵداوە،نەوەک خۆشەویستی رووی تێبکات، زۆر گەمژەن ئەوانە، نازانن کەس نازانێ خۆشەویستی کەی و چۆن دێت،بەشخوراوترین و بێبەشکراوترین کەس ئەوانەن کە تا ئێستا خۆشەویستێکیی راستەقینەیان نەبووە، لە بازنەیەکی بەتاڵدا گینگڵ دەدەن و دەخولێنەوە.ئەی کۆمەڵگا ئەو بازنە بەتاڵە بشکێنە کە تۆ تیایدای، وەرە دەرەوە بزانە ژیانی دەرەوە چۆنە، لە ژیانی دەرەوەدا کەسێک دێتە ناو رۆحت، کە لە خودی خۆت لە خۆت نزیکترە،ئەمە واتلێدەکات، ببیت بە پیاوێکی سەربەرزو بەختەوەر، دوورت دەخاتەوە لە نەخۆشییە دەروونییەکان، ئەو دەیبەخشێ و وات لێدەکات تۆش ببەخشی، بێ ئەوەی

چاوەڕوانی بەرامبەرەکەت بکەیت  ئەو کەی دەیبەخشێ.  ئەمەیە پەیامی مرۆڤایەتی. پەیامی خۆشەویستی..

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئێستا، جیهانی پۆست مۆدێرنەو جیهانگیریشی تێپەڕاندووە، کەچی کۆمەڵگای ئێمە لەم هەرێمەدا، تا ئێستا پەیڕەوی یاساکانی حامورابی دەکات کە 3800 ساڵ هی پێش ئێستایە. مافی کچ لە یاساکانی حامورابیدا چەندە، لەم هەرێمەی ئێمەش مافی کچ  هەر ئەوەندەیە، ئەی دەسەڵات!،هەی بێ دەسەڵات ! تەنیا جارێکیش بیر لە ژن بکەوە!، کە بیرت لە ژن کردەوە، بیر لە خۆشەویستی دەکەیتەوە، کە بیرت لە خۆشەویستی کردەوە، بیر لە ژیان دەکەیتەوە،ئێستا هەموویانت لەدەستداوە،ئەی حکومەت ! ئەی دەسەڵات! بگەڕێوە، ئەگەر دەرفەتێکت بەدەستەوە ماوە!!.

ماچ ڕێککەوتنێکی بێدەنگە، لەگەڵیدا دوو ڕۆح دەبن بە یەک، دوو هەست دەبن بە یەک، دوو دڵ دەبن بە یەک، ماچ هێمای بەرگریکردن و مانەوەو بەردەوامبوونی ژیانە، ئەوانەی تەنیا بۆ جوانی روخسار گوایا خۆشەویستی دەکەن، ئەوانە لەمانای نوێبوونەوە تێنەگەیشتوون... ئەوانە لە خۆشەویستیدا کەرامەتیان دادەنێن، لە خۆشەویستیدا خۆ پەرستی دەنوێنن،بەڵام ئەی مرۆڤ بیرت نەچێت ئەوە تەنیا خۆشەویستییە کە ئەنجامەکەی دیارو روون نییە، نازانی بەکام ڕێگای سەختا سەردەکەویت و بەکام هەڵەموتا دێیتە خوارەوە، ناشزانی ئاخۆ بەرگەی ئەم هەموو

خۆشییە ، ئەم هەموو ئازارو ترشییە دەگریت، بێگومان نازانی! تەنیا ئەوەندە دەزانی خۆشەویستی هەڵگیرساندنی ئاسانە، بەڵام کوژاندنەوەی سەختەو ماڵوێرانییە، ئەگەر خۆشەویستی لەکاتێکی هەڵە هاتبێت، ئەوا هەموو ژیانت پڕ دەبێت لە هەڵەو بەرهەمەکەیشی هەر هەڵەی لێ سەوز دەبێت،بەڵام ئەی مرۆڤ باش بزانە، خۆشەویستی ئازارە، خۆشەویستێکیشت نەبێت هەر ئازارە، بەڵام ئازارێکی سەختتر لە هەردوکیان ئەوەیە خۆشەویستێکت هەبێت، بەڵام هیچ هیواو ئایندەیەکت بۆی نەبێت. کەواتە برۆ هیواکانت لەناو خۆشەویستیدا بچێنەو لە ئیشقدا دروێنەی بکە، ئەی مرۆڤ دە هەڵسە دەی!.

# كاليگۆلا  لە كوردستانە

كاليگۆلا ناوە راستەقينەكەی خۆی (گيوس)ە،سێيەم كوڕ لەنێوان شەش براكەيەتی،كە لە31 ی ئاداری ساڵی 12 ی زاينی لەدايک بووە، واتە دووهەزارو پێنج ساڵ پێش ئێستا.لە ماڵی پاشا گەورە بووەو پەروەردەكردنيشی لەنێو سەربازەكانی پاشادا بووە،ناوی كاليگۆلا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێڵاوە بچووكەی كە باوكی بۆی دروستكردبوو، واتا ناوی كاليگۆلا رێک مانای پێڵاوی رۆمانييە. ئەم ناوە كاليگۆلا (پێڵاوی رۆمانی) لەگەڵيدا هەر مايەوە تا رۆژی مردنی.

کالیگۆلا لە تەمەنی حەفت ساڵیدا بوو کە کاتێک ئیمپراتۆر تەبەریوس ،باوک و برایەکی کوشت ،بەهۆکاری ئەوەی باوکی کالیگۆلا لەناو سوپادا جەماوەرێکی زۆر خۆشیاندەویست ،ئیمپراتۆر تەبەریوس ترسی ئەوەی لێنیشتبوو نەوەک باوکی کالیگۆلا کورسییەکەی پێ چۆلبکات، بۆیە ئیمپراتۆر باوکی کالیگۆلاو برایەکی کالیگۆلای کوشت و،برایەکی دیکەی کالیگۆلاشی لەگرتووخانە پەستاو لە برسان کوشتی. ئیتر ئیمپراتۆر تەبەریوس، کالیگۆلای لەگەڵ ئەو سێ برایەی کە مابوونەوە بردنی بۆ دورگەی (کابری)و لەوێ نیشتەجێیکردن ،ئەو دورگەیە لە ساڵی 26ز بە دواوە کرابوو بە بارەگای ئیمپراتۆر. کالیگۆلا ئەو هەلەی قۆزتەوەو بوو بە باشترین خزمەتکاری ناو کۆشکی ئیمپراتۆر، تەنانەت ملکەچکردن و زمان لووسی و هەموو ئەمانەی بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی خۆی لە ئیمپراتۆر تەبەریوس بەکاردەهێنا.بەم هۆیەشەوە کالیگۆلا زۆرترین پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ پیاوانی کۆشک دروستکردبوو، کە لە وڵاتەکەیدا دەستی باڵایان هەبوو. لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکی پاسەوانەکانی ئیمپراتۆر. لە ساڵی 35ز بەختی کالیگۆلا گەشایەوە،کاتێک کوڕی ئیمپراتۆر مرد، هیچ کوڕێکی دیکەیشی نەبوو ببێتە جێگرەوەی باوکی(جێگرەوەی ئیمپراتۆر)،بەڵکو نەوەی هەبوو(کوڕەزا) کە ئەوانیش زۆر بچووک بوون.ئیتر زۆربەی پیاوانی خێزانەکەی ئیمپراتۆر یان مردن یان بە هۆی شەڕەکانەوە کوژران،خودی ئیمپراتۆر(تەبەریوس)یش لە ساڵی 37ز نەخۆشکەوت، وا دەگێڕنەوە،گوایا کالیگۆلا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەخێراتر کردنی مردنی

ئیمپراتۆر،بەوەی سەربازێکی دۆستی خۆی(دۆستی کالیگۆلا) کە لەناو کۆشک و پاسەوانی ئیمپراتۆر بووە، کالیگۆلا وای لەو سەرۆکی پاسەوانە کردووە بچێت ئیمپراتۆر کە نەخۆشە ، لە کاتی نووستنیدا،بیخنکێنیَ تا کۆتایی بە ژیانی دێت. ئیتر لەبەر ئەوەی گامیلیۆس ی نەوەی ئیمپراتۆر بە تەمەن زۆر منداڵ بوو، کالیگۆلا گەیشتە سەر کورسی دەسەڵات. هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن ئاهەنگی گەیشتن بە دەسەڵاتی کالیگۆلا سیَ مانگ بەبیَ پچڕان بەردەوام بوو،کە قوربانی مەڕو ماڵاتەکان لە (160)هەزار تێپەڕیبوو،بەڵام سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتی کالیگۆلا بە تایبەت لە حەفت مانگی یەکەمیدا، زۆر هێمن و ئارام بووەو خەڵک پێی بەختەوەر بوون.چونکە یەکسەر بڕیاری دابوو، باج لەسەر هاووڵاتی رۆمانی کەمبکاتەوەو،دەستی بە دابەشکردنی ماڵ و سامانیش بەسەر هەژارو نەدارەکانی وڵاتدا کردو، هەروەها بەردەوام ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی گەورەی سازدەدا بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی... بەڵام لەگەڵیدا ئەو دادگایانەشی هەڵوەشاندەوە کە ئیمپراتۆر تەبەریوس بۆ خانەدان و جوامێرەکانی دروستکردبوو، کە لەسێدارەی دەدان و پارەو پوولەکەشیانی دەست بەسەردا دەگرت. بەڵام ئەم خۆشی و بەختەوەرییە زۆری نەخایاند،هەر لە ساڵی 37ز، کالیگۆلا نەخۆشکەوت و کەوتە سەر جێگا.دوای چاکبوونەوەی، دەسەڵاتەکەی خۆی شێتانە بەکار هێنا،یەکەم تاوان کە کردی کوشتنی گیملیوس بوو کە نەوەی ئیمپراتۆرو جێگرەوەی ئیمپراتۆر بوو،کە هێشتا زۆر بچووک بوو . خەڵکێکی زۆریشی لەگەڵ کوشت و دەستی بە شەوانی

سوور کرد لەگەڵ خێزانی نزیکترین لە هاوڕێکانی خۆی،بەتایبەت خێزانی مارکۆ،تەنانەت شوێنی لەشفرۆشی لەناو کۆشکی ئیمپراتۆریی لە ڕۆما کردبووەوەو خەڵکی ناچار کردبوو خێزان و کچەکانیان بۆ ئەو شوێنە بێنن بۆ کاری لەشفرۆشی.بڕی سوودو قازانجی ئەو لەشفرۆشییە،بەشێکی بۆ کالیگۆلا بوو!!. هەموو دەوڵەمەندەکانی (ڕۆما)شی ناچار کردبوو کە وەسیەتنامەکەیان بگۆڕن و وەسیەتنامەیەکی دیکە بنووسن کە دوای خۆیان هەموو سامانەکەیان پێشکەش بە دەوڵەت بکەن. بەپێی مێژووی هەموو سەرکردەو پاشاو ئیمپراتۆرەکانی مێژوو تا سەردەمی کالیگۆلا، هیچ سەرکردەیەک ئاوەها شێتی پێشێلکردنی شتە حەرامکراوەکان نەبووە، تەنانەت لە قۆناخی هەرزەکاریدا کاری سێکسی لەگەڵ هەر سێ خوشکەکەی خۆی دەکرد، بەزمی کاری سێکسی کالیگۆلا لەگەڵ خوشکێکی کە ناوی دۆر سیلا بوو، کەوتە سەر زاری خەڵک، هەر بەوەندەشەوە نەوەستا دڵی بچووبایە هەر ژن یان هەر کچێک لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدابوایە، کاری سێکسی لەگەڵ دەکردو، خەڵکانێکی یەکجار زۆریشی کردبوون بە گەوادی خۆی،تەنانەت وای لە پیاوان کردبوو، خۆیان ژن و کچەکانی خۆیانی بۆ ببەن بۆ کۆشکی ئیمپراتۆر، لەوێ ئەوەی خۆی ئارەزووی لێبکردایە، لەگەڵیان سێکسی دەکرد و ئەویتریش بۆ دارودەستەکەی خۆی بوو بڕی قازانج لەو پارەیەی کە لە کۆشک دەکرا بۆ کالیگۆلا بوو، کالیگۆلا خۆیشی بە بەرچاوی مێردو کەسوکاری ژنەکانەوە سێکسی لەگەڵ دەکردن، بەم کارەی زیاتر دڵی خۆش دەبوو!!!.پاشان

ئەوەی لە کارە سێکسییەکەی زۆر بەختەوەری نەکردبایە دەیکوشت!!، هەندێکجار بەختەوەریشیان دەکرد بەڵام ئارەزووی کوشتنیانی دەکرد!!. ئیدی وای لێهات لە سەردەمی حوکمڕانی کالیگۆلادا، برسێتی رووی لە رۆما کرد،بە سەدان کەس بەهۆی برسێتییەوە دەمردن،قووتی هەموو خەڵکی دەخواردو ئیتر هەموو خەڵکی رۆما هەژار ببوون.بۆیە وردە وردە باج ی گەڕاندەوە بۆ سەر خەڵک،ئیتر کالیگۆلا خۆی وەک مرۆڤ نەدەبینی، بڕوای بە خۆی هێنابوو کە لە خودا دەچێت. تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە ئەسپێکی هەبوو بەناوی(ئەنکیتاتۆس)، ماڵێکی گەورەی بۆ دروستکردبوو کە ئەو ئەسپە تێیدا دەژیا.جوانترین و پڕ بەهاترین جل و بەرگی لەبەر ئەو ئەسپە کردبوو،خزمەتکارێکی زۆری بۆ تەرخان کردبوو،پیاو ماقووڵان و خانەدانانی رۆمای ناچار کردبوو، ئامادەی ئەو ئاهەنگانە بن،کە لەسەر شەرەفی ئەسپەکەی بەڕێوەیدەبات، لەکاتی ئەو ئاهەنگە گەورانەشدا خواردنی ئەسپەکەو خواردنی پیاوماقوول و خانەدانەکان و خواردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی رۆما، لەسەر یەک مێز بوو،تەنانەت هەندێکجار هەمان خواردنی کاوجۆ کە دەیدا بە ئەسپەکەی دەشیدا بە پیاوماقوول و خانەدانەکان،پێشیدەوتن ئەوە کارێکی شەرەفمەندانەیە کە ئێوە هەمان خواردنی ئەو ئەسپە دەخۆن،تا گەیشتە ئەو رادەیەی ئەسپەکەی کرد بە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی رۆمانی،کە لە مێژوودا هیچ ئیمپراتۆرو پاشاو دیکتاتۆرێک کاری لەمجۆرەی نەکردووە.تەنیا یەک کەس ئامادە نەبوو کاوجۆ بخوات کە ناوی براکۆس بوو ،بەڵام کالیگۆلا یەکسەر لە ئەندامی

ئەنجوومەنی رۆمای دوور خستەوە. باقی ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەنی پیران چەپڵەیان بۆ کارە قێزەونەکانی کالیگۆلا لێدەدا،بۆئەوەی کالیگۆلا زیاتر بەختەوەر بێت!!.

دوای چوار ساڵ، ساڵی (41)ز، لە حوکمڕانی شێتانەی کالیگۆلا، پاسەوانێکی ئیمپراتۆر هەڵسا بە کوشتنی کالیگۆلاو ژنەکەی و سەری کچەکەیشی بە دیوارێکەوە هەڵواسی،ئەوەی وای لەو پاسەوانە کرد کە کالیگۆلا بکوژێ، ئەوەبوو، کالیگۆلا بە ئاشکرا سێکسی لەگەڵ ژنی پاسەوانەکانی خۆی دەکرد، بەمجۆرە خوێناویترین فەرمانڕەوایی لە مێژووی مرۆڤایەتی کۆتایی پێهات. لە مێژووی خوێناوی رۆمادا، هەمیشە ناوی (کالیگۆلا)و (نیرۆن) زەقدەبنەوە، کالیگۆلا مامی (نیرۆن)ە،نیرۆنیش هەر بۆ مەرامی دڵە ژەهراوییەکەی خۆی، شاری رۆمای لە ساڵی 68ز ئاگر تێبەرداو، لە چواردە گەڕەکی رۆمای ئەوکات، دە (10)گەڕەک بە دارو بەردو بە مرۆڤەکانییەوە سووتێنران و (نیرۆن) خۆیشی لەسەر بورجێکی بەرزەوە سەیری دەکردو سازو کەمانی لێدەداو شیعری هۆمیرۆسی دەگوتەوە کە هۆمیرۆس بۆ سووتانی تەروادەی نووسیبوو!!.

ئەم ئەقڵییەت و بیرکردنەوەیەی کالیگۆلاو نیرۆن، لە ئەورووپای سەدەکانی 16 و 17 و 18 و تەنانەت 19 ش هەر مابوو، ئەوکاتەی پاشاکان لە فەڕەنساو بەریتانیاو ...هتد حوکمڕان بوون، خەڵکی فەڕەنسا پێیانوابوو پاشا قەت تووشی هەڵە نابێت،خۆ ئەگەر خوانەخواستە

هەڵەیەکیش رووبدات، ئەوە پەیوەندی بە کاری پاشاوە نەبووە، بەڵکو راوێژکارە خراپەکانی پاشان، وایانکردووە پاشا ئەم هەڵەیە بکات. بە هەمانشێوەی فەرەنسا، بەریتانیای سەدەی حەڤدە 17 ش، شەڕێکی ناوەخۆی بێ ئامان لەسەر وەرگرتنی ماف، تێدا دروستبوو، بەڵام یەکێک لە کێشە بنچینەییەکانی ئەو شەڕە ئەوەبوو چما شتێک هەیە پێی بڵێن مافی خودایی پاشاکان.چونکە هەموو پاشاکان لەو سەردەمدا خۆیان کردبوو بە نوێنەری خوداو حوکمی خودایی، (تۆماس هۆبز) و دواتریش (هیگڵ) تا رادەیەک رەوایەتییەکی زۆریان بەو حوکمە خوداییە دابوو!!. ئەمە کۆمەڵگای ئەوکاتی فەرەنساو بەریتانیا بۆ ماوەیەکی زۆر لەو قۆناخەدا دەژیا. ئێستاش لەم هەرێمە خەڵک پێیانوایە لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە ئایین دوور کەوتۆتەوە بۆیە خودا غەزەبی لێگرتووە، دەنا ئەو بەرپرسانە هەموویان خەڵکی باشن، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە زۆر خراپ بووە، بۆیە وامان بەسەر هاتووە، واتا کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردی رێک سەدەکانی 16 و 17 ی فەرەنساو بەریتانیامان وەبیر دەهێننەوە.

زۆر جار نەک هەر خەڵکی خوێنەوار، بەڵکو فەیلەسووفەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی قەرزاری یۆنانە، چونکە فەلسەفەیان خولقاندو، شەوەزەنگی ئەفسانەیان راو نا، بەڵام کەس ناڵێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێش ئەوەی قەرزاری ئەسینای یۆنانی بێت، قەرزاری میسرە، بە ئەسینای یۆنانیشەوە، چونکە میسر پێش یۆنان خەریکی زانستەکانی ژمێرەو فەلەکیات و ئەستێرە ناسی و کاری پزیشکی و

ماتماتیک و زمانی شیعرو جوانی بوو، یۆنان تاکە شانازییەکی گەورەی داستانی ئەلیادەو ئۆدیسەیە کە تەمەنەکەی 2800 ساڵ پێش ئێستایە، بەڵام هاوشانی یۆنان رۆمانییەکانیش بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەت و یاسا (ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین سەروەری یاسا!!)یان پێشکەش بە تەواوی مرۆڤایەتی کرد،بوونە دوو نموونەی بەرزی مرۆڤایەتی، کە تا ئێستاش خۆراکێکی فیکری و فەلسەفی و دەوڵەتدارین بۆ سەرتاسەری دونیا، بە جۆرێک تا سەدەیەک بەر لە ئەمڕۆش بە شێکی زۆر لە یاساکانی رۆم لە ئەوروپا وەکوو خۆی یان بە کەمێک دەسکارییەوە جێبەجێدەکران. رۆمانییەکان بوون، ئەوروپایان ناچار کرد خۆیان فێری زمانی لاتینی بکەن بۆئەوەی لەو سامانە گەورەیەی رۆمانییەکان بێبەش نەبن. بەڵام ئەوەی بۆ من سەرنج و رەخنەیە ئەوەیە فەیلەسووفانی رۆژئاوا،بەدوای ئەو شارستانییەت و ئەو پێشکەوتنە گەورەیەدا نەچوونە کە پێش ئەوەی فەلسەفە لە ئەسینای یۆنانی و یاسا لە رۆمان سەرهەڵبدات،لەوڵاتی میسرو میزۆپۆتامیادا سامانێکی زۆر گەورەتر هەبوو، بە جۆرێک سەرچاوەیەکی یەکجار لەبن نەهاتوو بوو بۆ یۆنان و رۆمانیاش، حامورابی یاساکانی خۆی زۆر پێش یاساکانی رۆمانی دانابوون و تەنانەت تەورات زۆر بە فراوانی سوودی لە یاساکانی حامورابی وەرگرتووە، قورئانیش لەم سوودد وەرگرتنە بێبەش نەبووە ،بەڵام بە بەراورد لەگەڵ تەورات بێگومان سوودەکە کەمترە. بیرمان نەچێت خاوەن ئەقڵەکانی یۆنان دەهاتن بەشێکی تەمەنی خۆیان بۆ تێگەیشتن لەو دەستکەوتە مەزنانەی میسرو میزۆپۆتامیا دەبردە سەرو کە

دەگەڕانەوە یۆنان بە کۆمەڵێک زەخیرەی فیکری باشەوە دەگەڕانەوەو لەوێ بەرهەمیاندەهێنایەوە،یەکەمین فەیلەسووفی یۆنانی (تالیس) بوو، دوازدە ساڵ لە میسر ژیا، (فیساگۆرس) دوازدە ساڵ لە میسرو دوازدە ساڵیش لە بابل ژیاوە...هتد. بەڵام خەڵکی میسر و خەڵکی ناوچەی گەشی میزۆپۆتامیا نەیانتوانی سوود لە بەرهەمە سەرسووڕهێنەرەکانی خۆیشی وەربگرێت،ئەگەر چی میسر ئەوکات بە زمانی ئەبجەدی یۆنانی قسەی دەکردو دەینووسی، وەک هەرێمێک وابوو لە یۆنان، لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆی بەتەواوی جیاواز بوو، هەر بۆیە، ئەوکاتەی ئەسکەندەری مەکدۆنیش چوو بۆ میسر بۆ دەستبەسەرداگرتنی، هیچ رووبەڕووبوونەوەیەک رووی نەدا، چونکە میسر خۆی بە هەرێمێک یان ویلایەتێکی یۆنانی دەزانی،زمانیان یەک زمان بوو، ئاستی شارستانی و پێشکەوتنیان تەواو تێکەڵ بە یەکدی ببوو، بەڵام ئەوەی وای لە میسر کرد لە یۆنان دوور بکەوێتەوەو داهێنانەکانی چەقبەستوو بکرێ،بێگومان ئاینی ئیسلام بوو، کە ئیسلام هات ئیدی میسر بە تەواوی لە یۆنان دابڕا، ئیدی میسر بە تەواوی لە داهێنان و کاری فیکری و هونەری و ...هتد دابڕا، ئیدی میسر بوو بەو میسرەی کە ئیخوانی لێ دروستبوو، حەسەن بەناو سەید قوتب و ....تا دەگاتە محەمەد مورسی لێ بەرهەمهات، بۆیە ئێستا میسر بە تەواوی لە شارستانییەت دابڕاوە.

لەماوەی (2500) ساڵی رابردوودا ، چەمکی پێشکەوتنی فیکر لە هیچ سەردەمێکی پێشووتردا هێندەی سەردەمی رۆشنگەری تاوی

نەسەندبوو،چونکە سەردەمی رۆشنگەری سەردەمی پێوەری ئەقڵ بوو، (پارتی و یەکێتی)ش بە درێژایی مێژوویان لە هیچ قۆناخێکدا وەک ئەو بیست ساڵەی رابردوو تووشی لادان لە نیشتمانپەروەری و نغرۆبوون و رۆچوون لەناو گەندەڵی و هەڵاتن و غاردان بەدوای ئیمتیازات و پارەکۆکردنەوە بە ناشەرعی ، نەبوونە، لە هیچ کات و سەردەمێکیشیاندا وەکوو ئەو چەند ساڵەی دوایی خەڵک لێیان بێزارو بێداد نەبووە. مانەوەو بەردەوامبوونی ئەو دوو حیزبە بەو جۆرەی ئێستایان، گەورەترین مەترسییە بۆسەر مێژووی قورانیدانەکانی خۆیان، ئینجا بۆسەر مێژووی ئەو دوو حیزبەو دواتر بۆ سەر کۆمەڵگا، ئێستا دەسەڵاتی کوردی دۆخێکی وەها سەختی دروستکردووە، هەموو رابردووی خۆیان داوەتە بەر رەشەباو زریانێکی سەخت،بە درێژایی مێژووی سیاسی، ئەم هەرێمە قەت وەکوو ئێستا خراپ و ئاڵۆز نەبووە، دەتوانم بڵێم بە درێژایی مێژووی رۆشنبیرانیش رۆشنبیری کورد قەت وەکوو ئێستا زەلیل و زەبوون و داماو نەبوونە. ئێستا مەترسیدارترین و سەختترین قۆناخە،کە کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمە پێیدا دەڕوات،ئەوەیە، کەسمان ناتوانین پێشبینی بۆ سبەینەیەکی باشتر بکەین، چونکە هیچ کەرەستەیەکی نوێمان لەبەردەستدا نییە،تا بەو هیوایەوە بژین. حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە، دۆخێکی وەهایان بەسەرخۆیاندا هێناوە،تەنانەت ئینتیمای حیزبیشیان گۆڕیوە،هەموو حیزبە سیاسییەکانی دونیا کاتێک دەگەن بە قۆناخێکی تەواو ئینزیباتی و دیکتاتۆری و بڕوا بە زەبرو زەنگ دەهێنن،هەمیشە وابووە،خەڵکانی

نیشتمانی و دڵسۆزی حیزبەکە قاو دەدەن،تەنانەت دەشیانکوژن،لە شوێنی ئەوان کەسانی چڵکاوخۆرو زمان لووس و بێ شکۆو بێ ویژدان دادەنرێن،تۆ بڕوانە ستالین کاتێک دەسەڵاتی خۆی پتەوو قایمکرد، مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی بە چ دەردێک برد، خۆ(کامینیف) و (زینوڤیف) و (بوخارین) و (ترۆتسکی) جگە لەوەی لە کەسە هەرە کۆمۆنیستە دیارەکان بوون، بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی بە تەواوی لە ناخیانا قووڵ ببۆوە ،هاوکات هاوکاری سەرەکی لینینیش بوون، بەڵام ستالین بە هەڵگەڕاوە لە کۆمۆنیزم تۆمەتباری کردن و تەنانەت بە دروستکردنی سیناریۆیەکی بێ مانای وەک خیانەتکردن لە کۆمۆنیزم یەک لە دوای یەک هەموویانی کوشت، بەڵام ئەوە مێژوو، کێ کۆمۆنیزم بوو ؟ ستالین یان ترۆتسکی... ؟ ئەو میسرەی کە خاوەنی ئەم هەموو شارستانیەتە بووە،گەورە ڕووناکبیرێکی وەکوو فەرج فۆدە کەوتە بەر دەستڕێژی بیر تاریکەکانی ئیخوان،لەکاتی برینداربوونیدا،ئەوکاتەی خەریک بوو گیانبدات و خوێنی لەبەر دەڕۆیی فەرەج فۆدە وتی(هەموو هەوڵەکانی من لە پێناوی بەرژەوەندیی نیشتمانەکەمدا بووە.) بکوژەکەیشی دانی بەوەدا نا کە بەهۆی فەتوای دۆکتۆر عومەر عەبدولرەحمانی موفتیی (کۆمەڵی ئیسلامی)دا بووە کوشتوویەتی. کە لێیان پرسی، باشە ئەی بۆچی کوشتنەکەیت خستە 8ی یۆنیۆی 1992ەوە، کە ڕێکەوتی بەر لە جەژنی قوربان بوو؟ وەڵامی بکوژەکە ئەوەبوو: تا دڵی کەسوکارەکەی زیاتر بسووتێنم. ڕێبەری ئیخوان

که ئەوسا مەئموون ئەلهەزیبی بوو، بە گەرمی دەستخۆشی لە کوشتنی فەرەج فۆدە کرد.

(خرۆشۆف)،جگە لەوەی ئەندامێکی کارای ناو مەکتەبی سیاسی بوو، یەکێکیش بوو لە کەسە هەرە نزیکەکانی ستالین و بۆ ماوەی(14)ساڵ بە بێ هیچ پچڕان و دابڕانێک لە مەکتەبی سیاسی مابووەوە،ئەمە لەکاتێکدا کە خرۆشۆف لە(م.س)بوو،ستالین تاوانی زۆر گەورەی ئەنجامدەدا،دوای سێ (3)ساڵ بەسەر مردنی ستالین لە کۆنگرەی بیستی ساڵی 1956 ویستی وتاری تاکپەرستییەکە بخوێنێتەوە،بەڵام سەیرکەن خرۆشۆف ئەم وتارەی پێشتر ئامادەکردبوو،کەچی نەیخستبووە ناو راپۆرتی سیاسییەوە، هۆکارەکەشی ئەمە بوو، نەوەک لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بکەوێتە بەر رەخنەی توندو لە هەڵبژاردنەکەدا شکستبهێنێت، یان هەر هیچ نەبێت، دۆست و هاوڕێ نزیکەکانی خۆی کەمیان لە هەڵبژاردنەکە دەربچن و سەرکەوتنەکەی بە دڵ نەبێت، ئەم پیاوە کاتێک وتارەکەی کەسپەرستی خوێندەوە کە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوون و زۆربەی زۆریشیان لە لایەنگرو سێبەری خۆی بوون،بۆیە کاتێ بینی سەرکردایەتی نوێ زۆربەی هەرە زۆری لە سێبەری ئەون،ئینجا جەسارەتی کرد و لەماوەی (11)رۆژی کۆنگرەدا، لە دواکاتی کۆنگرە ئەم وتارەی خوێندەوەو بەم وتارە کۆتایی بە کۆنگرەکە هێنا. کاتێ خرۆشۆف وتارەکەی خوێندەوە یەکێک لە ناو هۆڵی کۆنگرە نامەیەکی کورتی بۆ نووسی بەڵام ناوی خۆی لەسەر نامە بچووکەکەی نەنووسیبوو، بۆی نووسیبوو، تۆ کە باسی ئەم هەموو تاوانەی

ستالین دەکەی ئەی بەڕێزتان ئەوکات چیتان دەکرد ؟بۆچی هەڵوێستێکتان وەرنەگرتبوو....خرۆشۆف کە نامەکەی خوێندەوە پرسیاری کرد کە کێ ئەم نامەیەی نووسیوە، کەس نەوێرا بڵێ من نووسیومە، خرۆشۆفیش وتی چۆن تۆ ناوێری خۆت ئاشکرا بکەیت کە ئەو نامەیەت نووسیوە، منیش ئاوەها ئەوکات وەکوو تۆ بووم، نەدەوێرام هیچ بڵێم. بەڵام ئەو قسەیەی خرۆشۆف هیچ پاساوێکی نەبوو، چونکە، خرۆشۆف تەنیا ئەوە نەبوو نەوێرێ هەڵوێست لە ستالین وەربگرێت، بەڵکو گوێڕایەڵترین ئەندامی (م.س)بووە بۆ ستالین و باشترین جێبەجێکاری کردەوە پڕ لە تاوانەکانی ستالین بووە، جگە لەمەش لە ماوەی (11) ڕۆژی کۆنگرەدا، جورئەتی نەکرد باسی هەڵەیەکی بچووکی خۆی بکات، لە کاتێکدا نزیکی خرۆشۆف لە ستالین گەیشتبووە ئاستێک هەموو شەوان لەگەڵ ستالین دەیخواردەوەو سەمای بۆ ستالین دەکرد.. ئەم وتارەی خرۆشۆف جگە لەوەی موفاجەئە بوو، بەڵام مێژوو پێماندەڵێت، هەر سەرکردەیەک پەروەردەی ژێر دەستی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ بووبێت و تا ماوەیەکی زۆر لە کارە خراپەکانی بەردەوام بووبێت، هەرگیز ناتوانێ ببێتە فریاد ڕەس، تۆ سەیرکە، ئەم وتارەی خرۆشۆف هەر بۆ ئەندامانی کۆنگرە موفاجەئە نەبوو، بەڵکو بۆ تەواوی سیاسەتوانانی دونیا موفاجەئە بوو،بەڵام ئەی دوایی بەرهەمی ئەم وتارە چی بوو..؟یەکەمین بەرهەمی ئەم وتارە،بە پێچەوانەی ناوەرۆکەکەی، سەرکردەیەکی وەکوو (بەریا) کە بەهێزترین کەسی نێو مەکتەبی سیاسی بوو بۆ جێگرتنەوەی ستالین،کەچی خرۆشۆف بە پیلانێک گرتی و بە بێ

لێکۆڵینەوەو هیچ دادگاییکردنێک لە سێدارەی دا.ئەمە رێک دوای مردنی ستالین ئەو کارە روویدا، ئەمەش لاساییکردنەوەیەکی کارە پڕ تاوانەکانی ستالین بوو،کە خرۆشۆف لێی فێر ببوو، بۆئەوەی کۆسپ لەبەردەم دەسەڵاتەکەیدا نەهێڵێت... هەر ئەمەش هەموو ئەمانە بوون وای لە سەرکردەیەکی وەکوو (سۆسلۆف) کرد، لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ناوەندی لە کرملین راشکاوانە لە راپۆرتەکەیدا کە خوێندییەوە وتی خرۆشۆف رەخنەی لە ستالین و رێبازە تاکپەرستییەکەی گرت، بەڵام خرۆشۆفیش ئێستا هەمان ئەوکارەی ستالین دووبارە دەکاتەوە. ئەمە نموونەیەکی بچووکی ئەو سەرکردانە نیشاندەدات، کە کاتێ دەسەڵاتیان بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکردووە،چۆنن ، کاتێکیش دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن، چۆن دەبن، خرۆشۆف گەورەترین تاوانی سەرکوتکردن و قەتل وعامکردنی شۆڕشیگێڕانی هەنگاریاو دروستکردنی دیواری بەرلین بوو.ئەو دیوارەی بۆ سۆڤییەت ببوە مایەی شووم و شەرمەزاری.بینیشمان میللەت بە چ جۆشێکەوە رووخاندییان.

دەمەوێ ئەوە بڵێم ناکرێ و نابێت،کەسێک لەناو حیزبێکدا بووبێت و کاری دژە گەلی کردبێت، بەڵام کە بارودۆخ گۆڕانی تێکەوت پێستی مەڕ بەبەرخۆیدا بکات و کورد گوتەنی:گورگەو لە پێستی مەڕ دایە.ئێستا لەم هەرێمەی کوردستاندا دوای 25 ساڵ لە حوکمڕانی کوردی کەچی تا ئێستا یاساو ماف لە نێو سیستەمی سیاسیماندا بوونی نییە،هەستدەکەی ئەم هەرێمە بێ خاوەنە، ئینتیما بۆ نیشتمان زۆر زۆر لاوازە، دەسەڵات یاسای

تەنیا بۆ هەژارو نەدارەکان داناوەو،خەڵکانێکی زۆر هەن، بەهیچ شێوەیەک یاسا نایانگرێتەوە، ئەم کۆمەڵگایە سەرکردەی وای دروستکردووە، هیچ سەرکردەیەکمان شانازی بە کەسایەتییە مەعریفییەکەی خۆیەوە ناکات، بەڵکو شکۆو کەسایەتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، ببێتە نوێنەری خودا، ببێتە خەلیفەیەک، ببێتە پاشایەک و خەڵک رۆژانە لێی بپاڕێنەوە، ئیتر ئەم هەرێمە بووەتە هەرێمی چەقبەستوویی فیکرو ئەقڵ، هەموو بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە بەتایبەت پارێزگارو وەزیری شارەوانییە یەک لەدوای یەکەکان، سەردانی ئەوروپاو گرنگی دیزاین و رێگاو بان و گرنگی سەوزاییان بینیوە، بەڵام کە لە سەفەرەکەیان دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، بە ئەقڵیەتێکی نەزۆک زۆر نەزۆکەوە، شارمان بۆ دروستدەکەن. چونکە ئەقڵ و بیرکردنەوەی کالیگۆلایی لە کەڵکەڵەی مێشکیاندایە. ئەم حکومەتە هەرچی دەستکەوتێکی بە خەڵک بەخشیبوو، لەم دووس ێ ساڵەی رابردوودا هەمووی بە زیادەوە لێی سەندەوە،باجی لەسەر خەڵکی هەژار داناوە، بەڵام کۆمپانیا زەبەلاحەکان ناگرێتەوە، مووچەت لێ دەبڕێت، بەڵام دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی خۆیان بەر ئەو سزایە نەکەوتوون، دوو دەزگای گەورەی راگەیاندنی وەک تیڤی رووداوو کەی 24 لە جیهانێکی زۆر تایبەتدان، تەخشان و پەخشانێکی سەرشێتانەیە...هتد.

کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمە، تا بەتەمای ئەوە بێت،خەڵکانی ناو ئەو حیزبە سیاسیانە فریاد رەسیان بێت، نابێ چاوەڕوانی رۆژێکی لە ئەمرۆ خۆشتر بکەن، پەروەردەی سیاسی و رەفتاری سیاسی ئەم حیزبانە،

شتێکیان بۆ ئومێد و هیوا نەهێشتۆتەوە، هەر سەرکردەیەکیش لەناو ئەو حیزبانە بە پلەو پۆستی جۆراو جۆر تێپەڕ بووبێت، کەواتە بەناو جیهانی جۆراوجۆری پڕ لە گەندەڵی و درۆزنی و نانیشتمانی و نا دادپەروەری رەتبووە،ئەمە یاسایە،چۆن دەکرێ دزێک ، تاوانبارێک، لە نێوان شەوو رۆژێکدا بکەی بە فریشتەو فریاد رەس.

من دەزانم دیکتاتۆرەکانی ئێمە زۆر بێ نموودن و زۆر قەزەمن، توانای بەرگەگرتنیان نییە، بەڵام هێشتا گەورەترین کێشەی خەڵکی ئەم هەرێمی کوردستانە بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات،ئەوە بووە، نائەقڵانییەکان بەرێوەی دەبەن،واتە شەڕکردن لەگەڵ دەسەڵات، تەنیا نائەقڵانییەکانن ئەو شەڕە دەکەن، ئەمە جارێکی دیکە ریسەکەمان لێ دەکەنەوە بە خوری، بۆیە ئەمجارە نابێ بیر لە سەرکردەیەک بکەینەوە کە لە رێگای شاخ و لە رێگای خەباتی پێشمەرگایەتییەوە هاتبێ، بەڵکو پێویستمان بە سەرکردەیەکە ئەمجارە لە شەقامەوە دروست ببێ، پێشتر هیچ ئیمتیازێکی نەبووبێ تا لە دەستی بدات، سەرکردەیەک بێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی لینگەوقووچ نەخوێندبێتەوە، ئەو سەرکردەو دیکتاتۆرە قەزەمانە نەتوانن کاری تێبکەن، چونکە ئەو سەرکردە دیکتاتۆرانە لە نێو دەسەڵاتێکی ئەفسووناوی خۆیان دەمامک داوەو لە پێناوی باڵادەستی خۆیان ئامادەن هەمیشەو بەردەوام وەکوو گورگ بەربنە گیانی هاوڵاتیان.. من دڵنیام ئەو رۆژە هەر دێت،سەرکردەیەک دروست ببێت کە شەقامی ئەو شەقامی میللەت بێت. بەڵام ئەرکی رۆشنبیرانیشە ئەو رۆژە نزیکتر بکەنەوە. چونکە

ئەمە راستییەکەیە  تێکڕای شەڕو ململانێ گەورەکانی دونیا لە مێژووی کۆن و نوێدا، یان بۆ دەستبەسەرداگرتن و لووشدانی ئابووری بووە (وەک سەرکردەکانی ئێمە کە لە هەرێمی کوردستاندا پێڕەوی دەکەن) یان لە پێناوی رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی و مافی هاوولاتی و دادپەروەری کۆمەلایەتی بووە. وەکوو ئەوەی گاندی و ماندێلاو هەروەها (لویس ایناسیو لولا دا سیلفا)ی سی و پێنجەم (35)ین سەرۆکی بەرازیل و، (خوسیە البرتو "بیبي" موخیکا کوردانو) سەرۆکی ئۆرۆگوای و..هتد کردوویانە.

# وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە !!

# (ئایین و پرسە جیدییەکان)

کۆنترین کولتوور کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست بووبێت، کولتووری ئایینی بووە، ئەگەر هەرە کۆنترینیش نەبووبێ، بێشک یەکێک لە هەرە کۆنترینیانە،بەڵام لەوکاتەوە تا ئێستا  کە یەک ملیۆن ساڵە، گۆڕانکاری زۆر بنەڕەتی بەسەر ئەو ئایین و کولتوورانەدا هاتووە،سەرەتا مرۆڤ لاسایی باوک و دایکی خۆی کردۆتەوە، بە دیوەکەی تر رامانی لە سرووشت بووە،

چونکە مرۆڤ یەکەم رامانی قووڵ و بیرکردنەوەی بۆ سروشت بووە،،کاتێک دارو بەردو رۆژو مانگ و شەوو ئەستێرەی بینیوە بیرکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆی دروستبووە، دواتریش مردن روویداوە، ئیتر مردنیش ترسی خستە ناو دڵ و دەروونی مرۆڤەکان، ئاخۆ هۆکاری ئەو مردنە چییە ؟،....هتد. ئەگەر مردن نەبوایە بێگومان ئەو پەرستن و ئەو ترس و ئەو هەموو ئایینە جۆراوجۆرانەش بەوشێوەیە نەدەهاتن کە هاتوون، بەڵکو ئاراستەو ئاقارێکی دیکەیان بەخۆیانەوە دەگرت، کە زیاتر لەناو سرووشتدا هەڵقولابان، بەڵام مردن بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی بەتەواوی گۆڕی.ئەم تێکهەڵکێشییەی ترس و مردن لە لایەک و سرووشت لە لایەکی دیکەوە، بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان پەنا ببەنە بەر هەر شتێک کە بە ئەقڵی خۆیان فریادرەس و رزگارکاریان بێت. بۆیە یەکەمین پەرستن لە بتەکانەوە دەستی پێکرد کە دەتوانین بڵێین پەرستنی بت درێژترین مێژووی لە ژیانی ئایینەکان و مرۆڤەکاندا هەیە، بتەکانیش لە بەردو دارو درەختەکانەوە دروستدەکران،ئیتر ئەو درەختانە خزمەتدەکران و خەڵکیش ساڵانە یان لە وەرزێکدا سەردانیان دەکردن،بەتایبەت ئەم رێورەسمە لە مەککەو لە نیمچە دوورگەی عەرەبی زۆر باو بوو. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناخی کشتوکاڵی، ئیتر سرووشت لای مرۆڤەکان هێزێکی مەعنەوەی تێدا بوو، بۆیە وردە وردە هەر کۆمەڵەیەک بۆخۆی مانگ و ئەستێرەو شەوو رووبارو خۆرو باران و ...هتد دەپەرست و کردبوویان بە خودایەک بۆ خۆیان. ئیتر مرۆڤ ناچار بووە ئەندێشەو خەیاڵ و بیرکردنەوەی هەمیشە لای خوداکانی

بێت که دروستیکردوون،لێشیان نزیک بێتەوە، بۆئەوەی ئاسوودە بێت پێیانەوە، یان روونتر بڵێین بتەکان لەکاتی تەنگانەدا بە هانای ئەوانەوە بچێت کە دەیپەرستن. ئیتر مرۆڤ بڕوای بە خۆیدەهێنا کە ئەو بتانە یارمەتیدەرن و پێویستە لێیان بپاڕێینەوەو قوربانیشیان بۆ پێشکەش بکەین نەوەک رۆژێک لە رۆژان لێمان زویر ببن.وردە وردە قوربانی پێشکەشکردن بوو بە بنەمایەکی بێ ماناو بەردەوامیش بوو تا لەناو ئایینە ئاسمانییەکانیشدا بە زەقی رەنگیداوەتەوە. چ لە قابیل و هابیل کە دیارییان بۆ خودا بردو ، خودا لە هابیل ی وەرگرت و لە قابیل ی وەرنەگرت (چونکە هی هابیل مەڕێک بوو، بەڵام هی قابیل دەسکە گەنمێک بوو!!)، چ لە ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەرانەوە، کە خەریکبوو کوڕەکەی خۆی سەرببڕێ و بیکات بە قوربانی...هتد.

کۆمەڵگایەک کە بریتی بێت لە کۆمەڵگایەکی ئایینی، تاکی ناو ئەو کۆمەڵگایانە مافی ئەوەیان هەیە، باشترو قووڵتر بەو ئایینەدا بچنە خوارەوەو بە وردی تێیبگەن، ئەم تێگەیشتنەش بێگومان لە ئەنجامی شیکارییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بتوانێت وەڵامی چەندین پرسیاری جیدی بدەنەوە، چونکە هەموو ئایینەکان دەقێکی تایبەت و پەتییان هەیە، کە سەرچاوەی داڕشتنی ئایینەکەیان و پەیڕەوکردنیانە لێی. ئایینی ئیسلامیش وەک هەر ئایینێکی دیکە، بەدەر نەبووە لەو دەقە تایبەتمەندە کە بە (*نصوصی خالص*) ناودەبردرێ، کە ئەویش قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە، بەڵام ئێمە لێرە ناچینە سەر

ئەو دەقانەی کە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر بۆمان ماونەتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لەو فەرموودانە، راو بۆچوونی زۆر جیاوازی لەسەرەو ناشتوانین بگەینە ئەنجامێکی باش و کۆنکریتی، چونکە بۆچوونی وا هەیە کە لە خودی ئەصحابەکانی پێغەمبەریشەوە بەشێکی زۆر لە فەرموودەکان بە ناڕاستی گێڕدراونەتەوەو پشتی پێ نابەسترێ، نموونەیەکی بچووک عائیشەی خێزانی پێغەمبەر بە راشکاوی وتوویەتی ئەبوهورێرە (باوکی پشیلە بچکۆلانەکە) زۆرێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەری بە ناراستی گێڕاوەتەوە، جا بۆ ئەوەی ئێمە نەکەوینە ناو مشتومڕێکی بێسوود، تەنیا جەخت لەسەر ئەو ئایەتانە دەکەینەوە کە لەناو قورئاندا هەن و، بۆ ئێمەش زۆر روون نین، بۆیە چاوەڕوانی وەڵامین .

بە هەموو پێوەرێکی ئایینی، ئەگەر ئادەم بەری ئەو درەختەی نەخواردبایە ،کە خودا لێی قەدەخە کردبوو، ئەوا لە بەهەشت دەرنەدەکراو، خودا فڕێی نەدەدایە سەر زەوی بۆئەوەی هەتا لە ژیاندایە ماندوو بێت وئەرک بکێشێت. باشە ئادەم هەڵەیەکی کرد، هەڵەکە لە رێگای حەواوە تووشی بوو، کە حەواش بە هۆی ئیبلیسەوە کە لە شێوەی (مار) خۆی نواندو حەوای هەڵخەڵەتاندو بڕوای پێهێنا، پرسیارەکە ئەوەیە، لەهەموو سورەتەکاندا بە (خوا بەخشندەو میهرەبانە) دەستپێدەکات و، لەناو سورەتەکانیشدا بە سەدان جار ئەو رستەیە دووبارەو سەد بارە کراوەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەدەبوو خودای گەورە بۆ تەنیا جارێک لە ئادەم

خۆشبوایەو لێیبوردەبوایە ؟،چونکە ئادەم لە خواردنی بەری ئەو دارە پەشیمان بووەوە کە خودا لێی قەدەخە کردبوو،تۆبەشی کرد، داواشی لە خودا کرد کە لێی خۆش بێت، بڕوانە سورەتی الأعراف ئایەی23 . بەڵام سەرەڕای ئەو پاڕانەوەیەی ئادەم لە خوداو پەشیمانبوونەوەیشی ، ئەوا خودا هەر لە ئادەمی نەبورد، باشە ئەوە خودا لە ئادەمی نەبورد، ئەی ئەم هەموو میللەتانەی دونیا چ گوناهێکیان هەیە باجی هەڵەی ئادەم بدەن ؟، کە تەواوی تەمەنیان زەحمەتکیشی بێت،ئایا ئەمە بارێکی گران نییە کەوتۆتە سەر مرۆڤ بێئەوەی خۆی بەشێک بووبێت لەو هەڵەیە ؟ سەرەڕای ئەوەش لە سورەتی البقرة ئایەی 30، مرۆڤ دەکەوێتە ناو لێکدانەوە شیکارییەکی سەیرەوە، کە بۆچی خودا ئەمەی پێ خۆشە، ئەوەتا دەڵێت:ئەوکاتەی خودای تۆ بە فریشتەکانی وت من دەمەوێ جێگرەوەیەک(یان نوێنەر یان بریکارێک) لەسەر زەوی دابنێم،وتیان تۆ کەسانێک دێنیت کە خراپەکار بووبێت و خوێنڕێژ بووبێت...هتد.البقرة ئایەی 30 . ئینجا گوایە خودا سزای (مار)ەکەیشی داوەو وتی تۆ تا ماویت نابێت قاچت هەبێت و دەبێت هەر لەسەر سک بخشێیت، باشە ئایا(مار) کە خولقا قاچی نەبوو ؟ ئایا راستە ئەو ژمارە زۆرەی بۆ پێیەکانی داندراوە، بەڵام چونکە خودا غەزەبی لێگرت بۆیە قاچی نەما ؟ ئایا تا ئێستا هیچ زانایەکی بایۆلۆژی و زیندەوەرناسی ئەم بۆچوونەی پشتڕاست کردۆتەوە ؟بۆچی زیندەوەرناسان و زانستانی بایۆلۆژی لەگەڵ ئەم بۆچوونە کۆک نین ؟ دوابەدوای کێشەی ئادەم، کێشەیەکی دیکە

هاتۆتە پێشەوە، ئەویش کوشتنی (هابیل) ە لە لایەن (قابیل)ی براکەیەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی کوشتنی هابیل لە لایەن قابیلی براکەیەوە، ئەوە بووە کە خودا دیارییەکەی لە هابیل وەرگرت کە مەڕ بوو، بەڵام دیارییەکەی قابیل ی وەرنەگرت، کە دەسکە گوڵەگەنمێک بوو،سورەتی المائدة ئایەی 27. ئیتر بەهۆی ئەوەوە قابیل هابیل ی بوغزاند، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر خودا لە هەردوکیانی وەربگرتایە باشتر نەبوو ؟، ئەوکاتە قابیل لای ئاسایی دەبوو، نەک براکەی خۆی ببوغزێنێت. یان لە هەردوکیانی وەرنەگرتایە دیسان هەر باشتر بوو لەوەی جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە، ئایا خودا نەیدەزانی بەم کارە باری دەروونی قابیل تێکدەچێت و زیاتر رقی لە براکەی خۆیدەبێتەوە..؟ ئەمە راماندەکێشێت بۆ چەند ئایەتێک کە جێگای لێوردبوونەوەن، بۆ نموونە: بڕوانە ئەم ئایەتانەی خوارەوە: سورەتی ئەنعام ئایەی 111-112، سورەتی یونس ئایەی 99-100، سورەتی النحل ئایەی 9 ، 93، سورەتی الاعراف ئایەی 155-156، 188، سورەتی هود ئایەی 118، سورەتی الحدید ئایەی 22، سورەتی ئیبراهیم ئایەی 4 ، سورەتی التغابن ئایەی 2 ، سورەتی ئیسرا ئایەی 46، سورەتی السجده ئایەی 13، سورەتی القصص ئایەی 56 ، سورەتی التوبه ئایەی 51 ، .....هتد. هەموو ئەو ئایەتانە یەک قسەی کورت و پوختمان پێدەڵێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر خودا مەیلی لەسەر بێت ئەوا دەچنە بەهەشت، ئەگەر خوداش مەیلی لەسەر نەبێت ئەوا جێگاتان دۆزەخەو هەمووشتێک بەدەست خوداوەیە. تەنانەت لە سورەتی السجده

ئایەی 13 رێک خودا پێماندەڵێت: وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، واتا ئەگەر بمانویستایە هیدایەتی هەموو کەسێکمان دەدا،بەڵام من بەڵێنم داوە کە دۆزەخ لە جنۆکەو ئینسان پڕ بکەم. ئایا مافی ئەوەمان نییە بپرسین باشە لەبەرچی ئەو بەڵێنە خراپەت داوە، مرۆڤ کە خۆت دروستت کردوون بۆچی دۆزەخیان پێ پڕ دەکەیت و لەگەڵ جنۆکە رەوانەی ناو ئاگریاندەکەی ؟ بۆچی ناتەوێ هیدایەتیان بدەی ؟ لە راستیدا ئەو ئایەتە بە ئاسانی هەزم ناکرێت. هەر بە پێی زۆرێک لەو ئایەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون، ئەو هەموو ناکۆکی و دووبەرەکی و ئەو هەموو دوژمنکارییەی لەنێوان میللەتاندا کەوتۆتەوە، خودا خۆی ویستوویەتی، دەنا خۆ بە ئاسانی دەیتوانی هەموو گەلان بکات بە یەک و باشترین هاریکاری و تەبایی لەنێوانیان بوایە، بەڵام خودا ئەوەی نەویستووە!!.

خودا مەشرووباتی کهولی بۆ سەر دونیا رەتکردۆتەوە، ئەگەرچی حەرامی نەکردووە، بەڵام بە کارێکی خراپ و نەشیاوی داناوە، پرسیارەکە ئەوەیە، مادامەکی شەرابخواردنەوە کارێکی باش نییە، لەبەرچی خودا خواردنەوەی ئەو شەرابەی لە بەهەشتدا فەراهەم و حەلال کردووەو نۆشی موسڵمانانی دەکات ؟ (سورەتی محەمەد ئایەی 15)لەم سورەتە پێماندەڵێت لەو دونیادا رووباری شەرابی پێدا دەڕوات . ئایا ئەوەی لەم دونیایەدا حەرام و زینایە، لەو دونیادا هەمووی دەبێتە حەڵاڵ ؟. باشە ئەگەر شەراب شتێکی نەشیاوە، بۆچی عیسا ئاوی کرد بە شەڕاب و لە

دوای خۆی شەڕابی بۆ بەجێهێشتووین، بەجۆرێک هەموو ساڵێک لە یادی لەخاچدانەکەیدا دەبێت شەراب بخۆینەوە،ئەمە ناکۆکییەکە لە لای خوداوە دروستبووە، یان ئەو دوو پێغەمبەرە بیروبۆچوونیان جیاواز بووە ؟!.

ئایا خودا منەت بەسەر ئەوانەوە دەکات کە موسڵمان بوون و دەیپەرستن ؟ ئەی خودا میهرەبان و بەخشندە نییە ؟ مرۆڤێک خۆی بکات بە کۆیلەی خوداو شەوو ڕۆژ بیپەرستێت و لێبپاڕێتەوە، خودا بۆچی منەتیشی بەسەردا بکات ،؟(الحجرات 17) ئەی سەرەتای هەموو سورەتەکان بە خودا میهرەبان و بەخشندەیە دەست پێناکات ؟

ئایا مەعقولە خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و مرۆڤی دواندبێت، کەچی گرنگی بە زانست(فیزیاو کیمیاو ماتماتیک و..هتد) نەدابێت، ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟،ئایا فەیلەسووفەکان ئەوەیان نەسەلماندووە کە بەهۆی ماتماتیکەوە دەتوانین لێکدانەوە بۆ کۆمەڵگا بکەین، برتراند راسل جەختی لەمە نەکردۆتەوە ؟، کارڵ پۆپەر هەمان بۆچوونی نەبووە ؟ خۆ فیساگۆرس و ئەفلاتون هەر وا لە خۆڕا نەبوو گرنگیان بە ماتماتیک دابوو..بواری کیمیاو فیزیا و زیندەوەرزانیش بەهەمانشێوە، ئێستا لە زانستە هەرە لە پێشەکانن بۆ کۆمەڵگای مرۆیی، چۆن دەکرێت ئیسلام خۆی لێ بەدوور بگرێت و باسی نەکات، ئایا مرۆڤایەتی پێویستی بە ئیشق و خۆشەویستی نییە ؟ هەموو ئەو مرۆڤانەی لە ئیشق و خۆشەویستی بێبەشن، ناتوانن وەک ئینسان بیر بکەنەوەو

ناتوانن تەنانەت وەک ئینسانیش بژین، هەمیشە تووڕەو گرژو مۆنن، هەمیشە باری دەروونیان تێکچووەو بەلای توندوتیژیدا دەشکێنەوە، درەخت بە موتوربەکردنی، بەری جوانتر دەگرێت، بۆن و بەرامەی خۆیان بەسەر یەکتردا پەخشدەکەن و دەینێرنەوە بۆ سروشت تا باشتر پەخشی بکات، ئیتر چۆن دەکرێ مرۆڤ ئاشق نەبێت، خۆشەویستی نەکات ؟.ئەی مرۆڤیش لە خوێن و گۆشت و هەست پێکنەهاتووە ؟!.

ئەوکاتەی قورئان لەلایەن محەمەدەوە راگەیەنرا، (1000) ساڵ زیاتر بوو،دیموکراسی لە ئەسینای کۆن لەلایەن پیریکلیس ەوە پەیڕەو دەکرا، پێش ئەسینای کۆنیش، واتا بە (1200)ساڵ بەر لە هاتنی ئیسلام لە وڵاتی هیندی کۆن، بەر لە هاتنی بودا لە کۆماری (ماها جاناباداس)کە چەند کۆمارێک بوون بەو ناوە ناسرابوون،پیادەکراوە، کە ئێستا بە شاری بەهار ناسراوەو لە بەشی رۆژهەڵاتی هیندستانەوەیە.پرسیارەکە ئەوەیە، دیموکراسییەتێک کە بە هەزار ساڵ پێش ئیسلام پەیڕەوی لێکرابێت، بۆچی لە قورئاندا بە یەک وشەش باسی لێوە نەکراوە، ئایا ئەمڕۆ دیموکراسی باشترین و بەهێزترین چەک نییە کە بەدەست خەڵکی هەژارەکانەوەیە، چونکە هەمیشە هەژارو نەدارەکانن داوای سیستەمێکی دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی دەکەن، نەک فیرعەونەکان،هەر بە هەمانشێوە بە یەک وشەش باسی ئیشق لە قورئاندا نەهاتووە، لەکاتێکدا کە ئیشق و خۆشەویستی غائیب بوو، توندوتیژی ئامادە دەبێت.باشە خۆ ناکرێت لەم دونیایەی ئەمڕۆ

بڕوات بە دیموکراسی نەبێت، چونکە تەنیا لە سیستەمی دیموکراسیدا مرۆڤەکان یەکدی ناکوژن.ئەی بۆچی قورئان بڕوای پێ نییە ؟.

لە قورئاندا زیاتر لە یازدە (11)شوێن، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە،کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوەو پێغەمبەر (محەمەد)یش بۆ نەتەوەیەک نێردراوە کە بە زمانی نەتەوەکەی خۆیەتی و ...هتد، بڕوانە: سورەتی الشعراء ئایەی 195،زخرف ئایەی 3، ئیبراهیم ئایەی 4، الشوری ئایەی 7،ئەحقاف ئایەی 12، النحل ئایەی 103، طه ئایەی 113، یوسف ئایەی 2، ئەم ئایەتانە هەموویان پەیوەندیان بەو کولتووری کۆمەڵگایەوە هەیە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هەبوون بەتایبەت نەتەوەی عەرەب، بۆیە لە (11) ئایەتدا جەخت لە زمانی عەرەبی کراوەتەوە، کە خودا بەزمانی خۆیان و بە زمانێکی سادەو ڕەوان، ئایەتی بۆ هێناونەتە خوارەوە. پرسیارەکە ئەوەیە باشە خودایەک قورئانی هێنابێتە خوارەوەو ، یازدە (11) جار جەختی لەو زمان و نەتەوەیەی عەرەب کردبێت،چۆن خاڵبەندی و سەروبۆری بۆ وشەکان نەکردووە و بە ناتەواوی قسەی کردووە ؟،ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟ ئاخر بەبێ خاڵبەندی جیاوازی لەنێوان ئەو پیتانە چی لێدێت (ب،ت،ث، ج،ح، ز،ذ،ر، ط،ض،ظ،س،ش،)؟،جا کارەساتتر ئەوەیە لە سەردەمی خوێنڕێژترین کەس (حەجاجی کوڕی یوسف) خاڵبەندی و سەروبۆر بۆ وشەکان داندراون !!. ئایا خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت و ئەم هەموو بوونەوەرەی خولقاندبێت، ڕێی تێدەچێت

زمانی عەرەبی نەزانیبێت ؟ لە لایەکی دیکەیشەوە، خودا خۆی لە سورەتی ئیبراهیم ئایەی 4 فەرموویەتی:وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه....واتا ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئەگەر بە زمانی نەتەوەکەی خۆی نەبێت..ئەم ئایەتە یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە پێغەمبەر نێردراوی خودایە بۆ نەتەوەی عەرەب و بەس، نەک بۆ هەموو نەتەوەیەک، کەواتا محەمەد پێغەمبەرێکی حەقیقی عەرەبەو هیچی دیکە. هەر هەمان سورەت ئایەتی دواتر کە ئایەتی (5 و 6) بە هەمانشێوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە موسا پێغەمبەریشی بۆ نەتەوەکەی خۆی ناردووەو لە زۆر شوێنی دیکەش ئەو ئاماژەیە دووبارەو چەند بارە کراوەتەوە. بۆنموونە لە سورەتی الاعراف ئایەی 59 باسی ئەوە دەکات کە حەزرەتی نوح ی بۆ نەتەوەکەی ناردووە، واتە نوح یش پێغەمبەری نەتەوەکەی خۆی بووە نەک نەتەوەی دیکە، نموونەی لەمبارەوە زۆرە. کەوابێت بە پێی ئەو ئایەتانە بێت خودا بۆ هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێکی تایبەت بە خۆیانی ناردووە، نەک پێغەمبەرێک بۆ هەموو نەتەوەیەک بێت. ئینجا هەر لەنێو ئەو ئایەتانەی کە بۆ عەرەبی دابەزاندووەو وەک لە سەرەوەتر ئاماژەمان بۆی کردووە،چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بە زمانێکی ڕەوان و ئاسان قورئانمان بۆ دابەزاندوون، بڕوانە سورەتی الشعراء ئایەی195 ، قصص ئایەی 2 ، النمل ئایەی1، ..هتد. کەچی زۆر ئایەت و زۆر وشە لە قورئاندا هاتوون کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ مانایەکی دروستی بۆ بدۆزیتەوە، یان هەر لە بنەڕەتدا وشەکان عەرەبی نین، یان ئایەتەکە هیچ

پێکەوەبەستنێکی توندی بە یەکەوە نییە، لێرە تەنیا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە، دەنا قەرئان پڕیەتی لەمجۆرە نموونانە، با بڕوانینە سورەتی البقرة ئایەی 102، سورەتی الصافات ئایەی 1-4، سورەتی المرسلات ئایەی 1-7 ، سورەتی النازعات 1-6،سورەتی الطارق ئایەی 1-4، سورەتی الفجر ئایەی 1-4، سورەتی البلد ئایەی 1-4، سورەتی الليل ئایەی 1-4 ، سورەتی طە 87،هەمان سورەتی طە ئایەی 96، ...هتد هەموو ئەمانە یەک ڕاستیمان پێدەڵێن کە هیچ ماناو هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو ئایەتانەدا نییە، لەکاتێکدا دەڵێت بە زمانێکی ڕەوان و ئاسان قورئانمان بۆ هێناونەتە خوارەوە .ئەوەتا لە قورئانا دەڵێت:قورئانێکە بە عەرەبی و هیچ خوارو خێچ و لەنگییەکی تێدا نییە، بەڵکو لە خوا بترسن..قرانا عربيا غير ذي عوج لعلهم يتقون .بەڵام کاتێک قورئان دەخوێنیتەوە، پێچەوانەی ئەو قسەیەت بۆ ڕاستدەبێتەوە . سەرەڕای ئەمەش لە (27) سورەتدا سەرەتای سورەتەکان بە پیتێک یان دوو پیت یان سێ پیت دەست پێدەکات،کە بریتین لە سورەتی البقرة-ألعمران- الأعراف- يونس-هود- يوسف-الرعد- ابراهيم- الحجر- مريم- الشعراء-النمل-القصص-العنكبوت- الروم-لقمان- السجدة- ص- غافر- فصلت- الشورى- الزخرف- الدخان- الجاثية- الاحقاف- ق- القلم ، ئەمەش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە بە زمانێکی سادەو ڕەوان نێردرابێت، چونکە کەس لە مەتەڵی ئەو پیتانە تێناگات، تا بزانین سوودی ئەو پیتانە بە تەنیا بۆچی باشە.لەگەڵ بوونی ئەم هەموو مەتەڵانەشدا، کاتێک پرسیارێکت بۆ دروستدەبێت، ئەوا قورئان یەکسەر بە شتێکی

وەهمی و غەیبی وەڵامتدەداتەوە، کە قەناعەتپێکراو نییە، بۆ نموونە کاتێک پرسیاری رۆح دەکەیت ، یەکسەر پێتدەڵێت:یسالونک عن الروح قل الروح من امر ربی...هتد بڕوانە سورەتی اسراء ئایەی 85، ماناکەی ئەوەیە لەبارەی رۆحەوە پرسیارت لێدەکەن، بڵێ رۆح ئەوەیە کە خودا دەیزانێ، ئێوە کەمێکتان لە زانست پێدراوە، گرفتی وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدایە خودی خوداکەش هەر جێگای پرسیارە، داڤید هیوم زیاتر لە (250)ساڵە ئەم پرسیارەی بوونی خودای وروژاندووەو تا ئێستاش کەس وەڵامەکەی دەست نەکەوتووە.یان سورەتی طه ئایەی 49-52 بە هەمانشێوە وەڵامی پرسیارەکەی بە غەیب بەستۆتەوە، ئەمەش گرفتێکە، چونکە شتە وەهمی و غەیبییەکان بڕواپێکراو نین، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا کە ئەقڵ باشتر چالاکەو سەردەمی نەزانین و بەستەڵۆکی فیکرو دۆگماییمان تێپەڕاندووە.

ئەو هەموو چیرۆکانەی کە لە قورئاندا هاتوون، پێشتریش لە تەوراتدا هاتوون، ئەگەر بیانوو ئەوە بێت، تەورات هی خودایەو قورئانیش هی خودایە،بۆیە لە هەردوکیاندا هاتوون، ئەوە تا ئێرە ئاساییە، کە خودا دووبارەی کردبێتەوە، بەڵام قسەی ئێمە ئەوەیە بەر لەوەی تەورات هاتبێتە خوارەوە،بە هەزار(1000) ساڵ زیاتریش، هەموو ئەو چیرۆکانە لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا هەبوون(کە پێیی دەوترا شارستانێتی سۆمەرییەکان) و لەناو خەڵکدا دەماودەمیاندەکرد،وەک چیرۆکەکانی ئادەم و حەواو دەرکردنیان لە

بەهەشت، کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلەوە،چیرۆکی ئەیوب و تۆفانی نوح و یونس و یوسف و هەموو ئەوانی دیکەش،باشە ئایا ڕەوایە ئەم هەموو چیرۆکانەی لەناو خەڵکدا دروستکراوبن و جۆرێک بووبن لە ئەفسانەی سۆمەرییەکان، کەچی خودا بیانخاتە ناو تەورات و قورئانەوە ؟؟، ئایا ڕەوایە کۆمەڵێک یاسا کە حامورابی دایهێنابێت، کەچی خودا بیگوازێتەوە بۆ ناو تەورات ؟ بۆچی چما خودا بیرۆکەیەکی باشترو پێشکەوتووتری لا نەبوو تا بە ناچاری سوودی لە یاساکانی حامورابی وەرگرتبێت و بیخاتە ناو تەوراتەوەو دواتریش قورئان سوودی لەو کۆمەڵە یاسایانە وەرگرتبێت ؟ ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە ؟ خودایەک دانەری ئاسمان و زەوی بێت و مرۆڤیش هەر خۆی دروستیکردبێت، دێت قسەکانی بنیادەم کە کۆیلەی خۆیەتی ، دەیکات بە ئایەتی ئاسمانی ؟!. هی کەسێکیش کە ناوی (حامورابی)یەو شەشەمین پاشا بووە لە دونیاداو ستەمکارێکی گەورە بووە ؟!!.ئایا کەس بەو دوعایە دەڵێت ئامین ؟!!.

ئایینی ئیسلام دوا ئایینەو پێغەمبەرەکەشی دوا پێغەمبەرە کە خودا سروشی بۆ ناردبێت ، بڕوانە: (الاحزاب ئایەی 40)، کەواتە بەم ڕوانگەوە بێت هەر کەمو کورتییەک لە ئایینی جولەکە یان مەسیحییەتدا هەبووبێت ئەوا لە ئایینی ئیسلامدا ئەو هەڵەیە نییەو، تا مرۆڤایەتی و تا ژیان ماوە، ئایینی ئیسلام دەبێت پەیڕەوی لێ بکرێت، هەرچەندە لە قورئاندا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئایینەکانی تریش وەک ئەوەی لە تەورات و ئینجیلدا هاتووە ڕاستن، بەڵام ئەوان نەبوونە دوا ئایین ، کەواتە ئەگەر هەڵەیەکیش

له ئایینی موساو عیسادا هەبووبێت، ئەوا تەواو پڕاو پڕ نین بۆ ژیان، بە دیوەکەی تر ئەوە محەمەدە دوا پێغەمبەرەو دەبێت هەموو کەسێک بڕوای پێبهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە محەمەد خۆی نەیتوانیبێت چۆن عیسا توانیویەتی مردوو زیندوو بکاتەوە،پێمان بڵێن ئەوانە کێ بوون کە مردن و عیسا زیندووی کردنەوە ؟، ئینجا عیسا چۆن فووی لە تۆپە قوڕێک کرد (قوڕەکە لە شێوەی باڵندەیەک دروستکرابوو) ئەو تۆپەڵە قوڕە گیانی هاتبێتە بەر ؟ ئینجا وەکوو پزیشکی ئەو سەردەمەی ئێستا توانی پێستی بەڵەک چارەسەر بکات و ئەوانەش کە بە زگماک کوێرن چاویان ساغ بکات، (سورەتی العمران ئایەی 49).لە کاتێکدا دوا پێغەمبەری خودا پێی نەکرابێت.. ئایا ئەمانە ئەقڵ قەناعەتی پێدەهێنێت ؟ لە کاتێکدا هەر لە هەمان سورەتی ئالی عیمران ئایەی 144، خودا فەرموویەتی محەمەد پێغەمبەرێکەو هیچی دیکە، لە پێش ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتن و رۆیشتوون، ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ ئایا ئێوە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە ؟ هەر کەسێکیش هەڵگەڕێتەوە زیانێک بە خودا ناگەیەنێت. لە سورەتی مائیدە ئایەی 99شدا فەرموویەتی: ما على الرسول الا البلاغ والله يعلم ما تبدون وما تكتمون.واتا پێغەمبەر تەنیا ئەوەی لەسەرە پەیامی خواتان پێبگەیەنێت، هەموو ئەو شتانەی لە خوای دەشارنەوە یان ئاشکرای دەکەن، ئاگادارە. کەواتە ئەرکی هیچ پێغەمبەرێک نەبووە مردوو زیندوو بکاتەوەو ، رۆخ بخاتە بەر چۆلەکەی لە قوڕ دروستکراو و ..هتد.

تا ئێستا سەرچاوەی زۆر هەن قسەیان لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەری ئیسلام نەخوێندەوار نەبووەو کەسێکی زیرەک و وشیار بووە، تا ئێرە مشتومڕێکمان نییە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە، باشە ئەگەر خودا سرووشی بۆ پێغەمبەر ناردووە، بۆچی لەوکاتەوەی وەرەقە بن نەوفەل مرد، بۆ ماوەی نزیکەی سێ 3 ساڵ سرووش وەستاو هیچ ئایەتێک نەهاتە خوارەوە ؟، لەکاتێکدا ورقە بن نەوفەل مەسیحی بوو موسڵمان نەبووبوو!!. گومانێکی زۆر هەیە وەرەقە یارمەتییەکی زۆری پێغەمبەری داوە، ئەگەرچی وەرەقە خۆی موسڵمان نەبووەو بڕوایشی پێ نەبووە. لێرەوە دەچمە سەر ئەو خاڵەش کە جوبرائیل بە پێغەمبەری گوتووە بخوێنە، لە کاتێکدا محەمەد خوێندەواری نەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ماقووڵە جوبرائیل نەیزانیبێت محەمەد خوێندەواری نییە ؟،جوبرائیلێک کە لەلایەن خوداوە نێردرابێت بۆ لای محەمەد تۆ بڵێی نەیزانیبێت محەمەد خوێندەوارە یان نا ؟.

پێغەمبەرێک کە ئەرکی سەرشانی گەیاندنی پەیامی خودا بووبێت، چۆن دەکرێ یەک لەسەر پێنجی ئەو دەستکەوتانەی لە شەڕەکان و لە تاڵانەکاندا دەستی بەسەردا دەگرن، بۆ محەمەدی پێغەمبەر بێت، بڕوانە سورەتی ئەحزاب ئایەی 41، ئەو دەستکەوت و تاڵانە هەر تەنیا کەلوپەلو مەڕو ماڵات و شتی دیکە نەبووە، بەڵکو ئافرەتانیشی گرتۆتەوە، واتا لە پێنج ئافرەتی دەستکەوتوو دەبوو یەکێکیان پێشکەش بە پێغەمبەر بکرایە، لە راستیدا ئەوەیان مرۆڤ تووشی شۆک دەکات. هەر ئەوەش بوو وایکرد

سەفییە کە دواتر بوو بە خێزانی پێغەمبەر، لە ئەنجامی شەڕو تالأنێ دەستیکەوتبوو،کە لە شەڕی خەیبەر گیرابوو، لەوەش کارەساتتر ئەوەبوو سەفییە باوک و برای لەو شەڕەدا کوژرابوو، کەچی هەر ئەو شەوە پێغەمبەر کردی بە ژنی خۆی و شەو لەگەڵی نووست، هەر لەو شەڕەدا پێغەمبەر گوندێکی دەستکەوت، چونکە لەو شەڕەدا سوپای ئیسلام گورزێکی کەمەرشکێنی لە جوولەکەکان دا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە باشە ژنێک باوک و برای تازە کوژرابێت و هێشتا خوێن لەبەر باوک و برای بڕوات، دەکرێ شەو لەگەڵیا بخەوی ؟ ئەمە جگە لە نەریتی عەرەب و ئیسلام کە لە فتوحاتەکاندا نموونەی وا زۆرە، لە هیچ نەریت و ئاکارێکی دیکەدا نەبیستراوە.خالیدی کوڕی وەلیدو زۆرانی دیکە هەمان ڕەفتاریان دووبارە کردەوە، کاتێک خالیدی کوڕی وەلید، لەبەر تەماحی جوانییەکەی خێزانی (مالک کوڕی نوێرە)،بیانووی لە مالک گرت لەکاتێکدا مالک کوڕی نوێرە سەحابە بوو، موسڵمانێکی تەواو بوو، تەنیا ئەوەبوو لە دوای کۆچی محەمەد وتی زەکات نادەم، دەنا بڕوای بە خودای تاک وتەنیا بەهێزبوو، بەڵام خالیدی کوڕی وەلید سری بڕی و ئینجا سەرە بڕاوەکەی لەسەر بەردێک داناو ئاگری تێبەردا، هەر هەمان شەو ژنەکەی مالک کوڕی نوێرە کە ناوی (لەیلا کچی سنان)بوو گوازتییەوەو لەگەڵی نوست!!.نموونەکان لەو بارەیەوە زۆرن.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ڕاستییەکە، ئەویش ئەوەیە، خودا بۆیە ئەو ئایەتانەی بۆ محەمەد ناردووە، تا بە باشترین شێوەو با ئاسانترین ڕێگا،

پەیام و فەرمانەکانی خۆی بە خەڵک بگەیەنێت، کەچی دەبینین لە بیست و حەفت (27) سورەتدا سەرەتای سوورەتەکان بە هەندێ پیت دەستپێکردووە، کە تا ئێستا کەس لە ماناو هێمای ئەو پیتانە تێنەگەیشتووە، مەتەڵێکەو کەس تا ئێستا نەیتوانیوە هەڵیانبهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە باشە خودا کە خۆی دانەری ئاسمان و زەوی و ئەو هەموو هەسارەیەیە ،چ پێویستی بە هێماو رەمز هەیە بۆ ناو قورئان، یان چ پێویستی بە تەمومژ هەیە کە کەس لێی تێنەگات ؟ ئەمە جگە لە هەندێک وشە کە تا ئێستا زانایانی ئیسلامیش لەسەری کۆک نین و بۆچوونی دژ بەیەکیشیان لە بارەی هەندێک وشەوە هەیە، بۆنموونە: سندس، استبرق،اب،الأرائک،الأسباط، الأواه، الرقیم، سررادق، غساق، القسطاس، مشکاه، بە دەیان وشەی دیکەش. .ئینجا لە حەڤدە (17) سورەتیشدا سەرەتاکانیان بە سوێندخواردن دەستپێدەکات، پرسیارەکە ئەوەیە باشە مرۆڤ کۆیلەی خودایەو خودا دروستکاری مرۆڤە، بەم پێوەرە بێت خودا چ پێویستی بە سوێندخواردن هەیە بۆ کۆیلەکەی خۆی ؟ ، ئینجا سوێند خواردنەکانیشی بەناوی هەندێک شتی سەیرەوەیە، وەک دەبینین خودا سوێند بە هەنجیرو زەیتوون، یان بە ئەستێرە، یان بە ئاسمانێک کە ئەستێرەو هەسارەی تێدایە، یان بە چێشتەنگاو و بەرەبەیان و..هتد دەخوات. پرسیارەکە ئەوەیە خوا بۆچی سوێند بۆ کۆیلەکانی خۆی دەخوات ؟ ،یان لە سوورەتی الصافات، هەر روون نییە کە سوێند بە

الصافات دەخوات مەبەستەکە چییە، چونکە لێکدانەوەی زۆرو جیاوازی بۆ کراوە .نموونەی دیکەیش لەو بارەیەوە زۆر زۆرە .

لە سورەتی الکهف ئایەی 86 باسی ئەوە دەکات کە خۆر لەناو کانییەکی قورەڕەش (یان قوڕەشین) ئاوا دەبێت، باشە ماوەی 500 ساڵە زانست روونیکردۆتەوە کە خۆر چەقی گەردوونەو ئەوە زەوییە بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، دەنا خۆر نە ئاوا دەبێت و نە هەڵدێ، کەچی بەپێی ئەو ئایەتە بێت، خۆر دەکەوێتە ناو قوڕە شین و ئاوا دەبێت، باشە کە لەناو قوڕە شیندا ئاوا بوو، چۆن لەماوەی 10-12 کاتژمێردا لە سەری ئەمسەرەوە دووبارەو هەزار بارەهەڵاتەوە ؟ئەمە چیبوو بەردەوام ئێواران خۆر بکەوێتە ناو قوڕەشینێکەوەو ون بێت و بۆ سبەینەکەی بە جوانی هەڵبێتەوە .باشە ئێستا کە زانست بەتەواوی دڵنیای کردینەوە کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، دەبێت هەڵوێستمان بەرامبەر بەو ئایەتە چی بێت ؟!.

لە سورەتی الشمس ئایەی 5-6 جەخت لەوە دەکاتەوە کە زەوی پانە، ئایا لە ماوەی (500) ساڵی رابردوودا روون نەکراوەتەوە کە زەوی خڕە و پان نییە ؟. لەکاتێکدا لە چەندین ئایەتدا باسی ئەوە دەکات کە زەوی پانە .بڕوانە سورەتی الرعد ئایەی 2،هەر لە سورەتی الرعد ئایەی 3 هەمان مانای پانی زەوی دەگرێتەوە. هەروەها بڕوانە سورەتی الغاشیە ئایەی20، هەر لەم سورەتەدا (الغاشیە) باسی ئەوە دەکات کە ئاسمان بەرزە.

لەکاتێکدا ئاسمان بەرزەو هاوکات نزمیشە چونکە ئەم گۆی زەوییە بە ئاسمانەوەیەو بە هێزی یەکتر راکێشانی هەسارەکانی دیکەوە هەڵواسراوە، دەنا تا یەک ملیۆن ساڵی تر ئەو گۆی زەوییە بڕواتە خوارەوەو بەربێتەوە، خۆ ئاسمان بنی نایە. لە راستیدا ئەوەی پێویستە بوترێ زانست ئێستا یەکلای کردۆتەوە، کە مانگ بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوەو بە دەوری زەویشدا لەماوەی 29 رۆژدا دەسوورێتەوە، زەویش لەماوەی 24 کاتژمێردا، جارێک بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوەو هەروەها بە دەوری خۆریشدا ساڵی یەکجار دەسوورێتەوە، واتا لەماوەی (365)رۆژدا یەک جار بە دەوری خۆردا دەسوورێتەوە.خۆریش لەماوەی 25 رۆژدا جارێک بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوەو هەر ئەوەندەیە، خۆر بە دەوری هیچ هەسارەیەک و هیچ شتێکی دیکەدا ناسوورێتەوە.تەمەنی زەوی و خۆر(250)ملیۆن ساڵ دەبێت، چونکە ئەو جوولەو ئەو سووڕانەوەی زەوی و مانگ و خۆر هەیانە تەمەنەکەی (250)ملیۆن ساڵ دەبێت. پرسیارەکە ئەوەیە، خودایەک بە خۆی زەوی دروستکردبێت،نازانێ زەوی پانە یان خڕە ؟ لەکاتێکدا (2600)ساڵ پێش ئەمڕۆ (ئەناکسیمەندەر 611/ 610 - 547 Anaximandre پ.ز )کە دووەم فەیلەسووفی سروشتی بوو، گوتوویەتی زەوی نەخشەیەکی قووچەکی هەیە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە لە قورئاندا تەئکیدی لێکراوەتەوە، ئەوەیە کە فرە ژنی رێگە پێدراوە، بەڵام تا ئەو سنوورەی کە پیاو لە یەک کاتدا دەتوانێ تەنیا چوار ژنی هەبێت،کەچی دەبینین خەلیفەکانی راشدین

هەموویان لە چوار ژن زیاتریان هەبووە، تەنانەت خودی محەمەد کە ئایەتەکان لە ڕێگای ئەوەوە بە ئێمە گەیشتوون، کەچی ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی (9) ژن بووە، واتا لە یەک کاتدا نۆ ژنی لا بووە.باشە پرسیارەکە ئەوەیە ئەمەیان چۆن لێکدەدرێتەوە ؟ئایا ئەمە ڕەوایە ؟، خۆ لە قورئانا بە ڕوونی خسستوویەتیە ڕوو هیچ پێچ و پەنایەکی تێدا نییە.ئینجا لە چەندین شوێنی قورئانا هاتووە کە پیاو خاوەنی ژنە،بڕوانە: (سورەتی المؤمنون ئایەی 6) بەڵام بۆ تاقە یەکجاریش نەهاتووە بڵێت ژن خاوەنی مێردەکەیەتی.هەر ئەوەیە وایکردووە تەڵاق بە دەست پیاو بێت، نەک بە دەست ژن، هەر ئەوەیە وایکردووە بڵێت،ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوەو چۆنتان پێ خۆشە ئاوا بیانکێڵن سورەتی البقرە ئایەی 223،لێرە هیچ بەهایەک بۆ ژن نەماوەتەوە،یان سورەتی النساء ئایەی 3، هەر لێرەوە بە پێویستی دەزانم بێمە سەر ئەو خاڵەی کە لە قورئانا باسی خیانەتی خێزانەکانی هەردوو پێغەمبەر نوح و لووت دەکات!!، هەر بە پێی تەورات و قورئان تۆفانی نوح کەسی نەهێشتەوە، جگە لەوانەی کە نوح خستنیە ناو سندووقێکەوە، بە دیوێکی دیکەدا کۆمەڵگای مرۆیی بەر لەوەی لە نەوەی ئادەم بن ، لە نەوەی نوحن، چونکە تۆفانەکە کەسی لێ دەرنەچوو ، جگە لەوانەی لەناو سندووقەکەی نوحن!!.پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە ، ئایا خودایەک کە دانەری ئاسمان و زەوی بێت، چۆن باسی خێزانەکانی نوح و لوت دەکات بەوەی کە ئەوان حیز بوونە ؟!!، ئەمە هەزم دەکرێت؟! بڕوانە سورەتی القلم

ئایەی 10. هەروەها دەبینین لە سورەتی العمران ئایەی 33، جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان و بنەماڵەکان کردووە، باشە ئەم جیاوازییە بۆچی ؟، مەگەر هەموویان بەندەی خودا نین ؟. گوناهی ئەم خەڵکە چییە بێ ئەوەی خۆیان هۆکار بووبن ،زیاتر رێز لە هەندێکیان بنرێ و لە هەندێکیش کەمتر. یان خودایەک دانەری ئاسمان و زەوی بووبێت و بە (6) رۆژ ئەم هەموو گەردوونەی دروستکردبێت، چۆن دەبێت بە مرۆڤ بڵێت خوێڕی و دایک حیز سورەتی القلم ئایەی 10 تا 13، ئایا خودا جنێوی وا بە مرۆڤ دەدات کە خۆی دروستیکردووەو کۆیلەیەکی خۆیەتی ؟ . خودا چۆن جنێو دەدات ؟ . چۆن بە مرۆڤ دەڵێت وەکو کەر وای، مرۆڤ و کەر زۆر جیاوازن، خودا چۆن بە یەکیان دەچوێنێ ؟،سورەتی الجمعە ئایەی 5.خۆ دەکرێت ئەو پرسیارەش بکەین، باشە کەر لە مەخلوقاتی خودایە، خۆ خۆی خۆی دروست نەکردووە، کەوابێ سوچ و گوناهی ئەو چییە کە ئاژەڵێکی دەبەنگە ؟.

پرسیارێکی دیکە کە زۆر جێگای سەرنجە، ئەویش لە ئیسراو میعراجدایە، ئەویش ئەوەیە کە خودا محەمەدی لە مزگەوتی حەرام (کەعبە)ەوە،کە لە مەککەیە، بۆ مزگەوتی الاقصی،کە باوکی پێغەمبەران ئیبراهیمی لێیە گوازتۆتەوە. دوو شت جێگای سەرنجن، یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێت یەکێک لە جوبرائیلەکان هات و سینگی محەمەد پێغەمبەری لە خوار گەردنییەوە تا ناوکی هەڵدڕی و بە ئاوی زمزم ناو سک و سینگی شووشت و لە هەموو

شتێکی خراپەی دوورخستەوەو پاکیکردەوە.ئینجا سکیان پڕ کرد لە زێرو گەردنیشیان لە بیروباوەڕ پڕکرد، ئینجا سینگیان چاککردەوەو جوبرائیل لەگەڵ خۆیدا بەرزیکردەوە بۆ ئاسمان. ئیتر لە ئاسمانی یەکەم ئادەمی بینی، لە ئاسمانی دووهەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەفتەم، هەر ئاسمانەو پێغەمبەرێک و گفتوگۆیەکی کردووە، ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە موسا پێغەمبەر لە ئاسمانی حەفتەم بووە، بەڵام محەمەد لەو شوێنەی موسای لێبووە زیاتر بەرز کراوەتەوە، لەوێ خودا بۆی چەماوەتەوەو بە محەمەدی وتووە دەبێ نەتەوەی ئیسلام (50) نوێژ بکات لە رۆژێکدا، لە هاتنە خوارەوەیدا محەمەد لای داوەتە لای موساو بەسەرهاتی ئەو داواکاریی یان ئەو فەرمانەی خودای کردووە کە پێی وتووە دەبێت نەتەوەکەت رۆژانە (50)نوێژ بکەن، موساش بە محەمەد دەڵێت بگەڕێوە لای خوداو پێی بڵێ با کەمی بکاتەوە، بڵێ چونکە نەتەوەکەم ناتوانن رۆژانە (50)نوێژ بکەن، محەمەدیش دەگەڕێتەوە لای خوداو ئەو داوایەی لێدەکات و، خوداش بۆی دەکات بە (40) نوێژ، دیسان محەمەد لە گەڕانەوەیدا دەچێتەوە لای موساو، ئیتر هەموو جار موسا ، محەمەد دەنێرێتەوە لای خودا، تا نوێژەکان کەمتر بکاتەوە، تا دوا جار دەبێتە پێنج (5) نوێژ،دیسان موسا بە محەمەد دەڵێت بڕۆوە لای خودا بڵێ (5) نوێژ زۆرە، بەڵام خودا بە محەمەد دەڵێت، من (5)نوێژم بۆ داناون، بەڵام هەر یەک نوێژ بە (10)نوێژ دەژمێرم بۆتان، کەواتە دەبێتەوە بە (50) نوێژەکە بۆ موسڵمانان. پرسیارەکە ئەوە نییە، محەمەد چۆن بەرزکرایەوە

بۆ ئاسمان و چۆن ئاسمان به ئاسمان پێغەمبەرەکانی دەبینی کە هەر یەکەو لە ئاسمانێکدان، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کاتێک خودا بۆ یەکەمینجار بە محەمەدی وت دەبێت نەتەوەکەت رۆژانە (50) نوێژ بکەن، موسا بە محەمەدی وت بڕۆوە لای خوداو پێی بڵێ (50) نوێژ لە رۆژێکا زۆرەو نەتەوەکەم ناتوانن جێبەجێیبکەن، ئایا موسا لە خودا باشتر نەتەوەی محەمەدی ناسیوە ؟نەتەوەی محەمەدو خودی موساو محەمەدیش ، خودا خۆی دروستیکردوون، کەچی چۆن دەکرێ ئەوان واتا موساو محەمەد پێکەوە پرسوڕا پێکەوە بکەن و بە خوا بڵێن نەتەوەی محەمەد ناتوانێ ئەو هەموو نوێژە بکات، بۆچی ، چما خودا نەیزانیوە (50)نوێژ زۆرە ؟! یان بە هۆی محەمەدەوە زانی (50) نوێژ زۆرەو جێبەجێ ناکرێت. ئایا خودایەک دانەری ئاسمان و زەوی بێت، دەکرێت پێغەمبەرەکانی ئامۆژگاری خودا بکەن و، قەناعەتی پێبهێنن، لە کاتێکدا لە زۆربەی هەرە زۆری سورەتەکانداو،لە هەر یەک لەو سورەتانە، چەندین جار لە ئایەتەکاندا گوتراوە خودا بە هەموو شتێک دەزانێت و، هەروەها لە قورئاندا هاتووە تەنیا خودا حاکمەو دادوەرە، سورەتی انعام ئایەی 14...هتد.هەر لە سورەتی ئەنعام ئایەی 17، پێچەوانەی ئەو گفتوگۆیەیە کە محەمەد بە خودای گوتبێ نوێژەکانمان لەسەر کەمبکەوە، چونکە لەو ئایەتی (17)دا هاتووە:ئەگەر خودا هەر بەڵایەکت بەسەر بهێنێ، جگە لە خۆی کەس ناتوانێ لەسەرتی لا ببات،ئەگەر چاکەشت لەگەڵ بکات، دیسان هەر خۆیەتی کە هەموو کارێکی پێدەکرێت.

له سورەتی (فیل)یشدا، پرسیارێک خۆی سەرهەڵدەدات، باشە ئەو باڵندەیەی ناوی (ئەبابیل)ە، لە چ وڵاتێکدا هەیە ؟، لە چ ناوچەیەکدا دەژین ؟، تا ئێستا باڵندەیەک نییەو نەناسراوە بەو ناوەوە.قەبارەی ئەو باڵندەیە چەند بوو کە توانیان بەرد بهاوێژنە خوارەوە..؟!! پرسیارێکی تر ، ئایا رێی تێدەچێت ئاسمان و زەوی قسەیان کردبێت، ئایا زەوی قسە دەکات ؟، لە سورەتی **فصلت** ئایەی11، خودا لەگەڵ ئاسمان و زەوی قسەی کردووە !.بەڵام لەماوەی سەردەمی جێنشینەکانی پێغەمبەرەوە هیچ موعجیزەیەک رووی نەداوە، زۆربەی هەرە زۆری موعجیزەکانیش هی سەردەمی محەمەد نەبووە، بەڵکو زۆرترین موعجیزە لە سەردەمی موسا بووە، لەکاتێکدا ئێستا خەڵک پێویستی بە موعجیزە هەیە،ئاخر دوای زیاتر لە 1400 ساڵ بەسەر دوا ئایین و دوا پێغەمبەری جیهان، خەریکە خەڵک زیاتر لە جاران لە ئایینەکە دوور دەکەونەوە، بۆیە بۆ ئەوەی گەلانی دونیا لە ئایینەکە دوور نەکەونەوە، بەڵام ئەوەتا لەو سەردەمەی کە ئەقڵ پێوەری هەموو شتێکە، هیچ موعجیزەیەک دروست نابێت.

مێژووی ئیسلام بریتییە لە مێژووی شەڕ کە تیایدا دەستکەوت و غەنیمە گەورەترین و سەرەکیترین ئامانجی شەڕەکان بووە، بەڵام پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە، ئەو(10)کەسەی مژدەی چوونە بەهەشتیان پێدرابوو، هەندێکیان لەگەڵ یەکدی رووبەڕووی یەکدیبوونەوەو یەکتریان کوشتووە، بەتایبەت لەنێوان ئەو چوار کەسە(عوسمان و عەلی و تەلحەو زوبێر)عەلی لەگەڵ

تەلحەو زوبێر  بەشەڕ هات و زیاتر لە (15)هەزار موسڵمان لەو شەڕە کوژرا، ئایا عەلی لەسەر هەق بوو یان تەلحەو زوبێر ؟،ئایا  دەبێت کوژراوو بکوژ بچنە بەهەشت ؟ ، ئەی خوێنی ئەو(15)هەزار موسڵمانە لە ئەستۆی کێیە . هەر لەو شەڕەدا بە پێی زۆر سەرچاوەکان عائیشەی خێزانی محەمەد رۆڵی گرنگی هەبوو لە داگیرساندنی ئەو شەڕە، تا لە شەڕەکە عائیشە گیراو سواری حوشتریان کردو هێنایانەوە بۆ مەدینە، بەڵام عەلی عائیشەی نەکوشت، بەڵام گرنگ ئەوەیە عائیشە دایکی موسڵمانان، یان عەلی کە جێنشینی پێغەمبەرو لە یەکەمینەکانی موسڵمانانە ، کامیان گوناهبارن ؟، ئایا رەوایە هەردوکیان چووبنە بەهەشت ؟،ئەی بەفیرۆدانی خوێنی (15) هەزار موسڵمان لە ئەستۆی کامیانە ؟.

بە پێی قورئان زەواجی موتعە رێپێدراوە،بڕوانە سورەتی النساء ئایەی 24 . کەچی عومەری کوڕی خەتاب ، ئەو یاسایەی هەڵگرت و زەواجی موتعەی لەناو موسڵمانان هەڵگرت و رێگای پێ نەدا، ئێستا لەناو ئیسلامی سونی  ئەو ئایەتە  کاری پێ ناکرێت ، تەنیا لەناو مەزهەبی شیعەگەراکانەوە پەیڕەوی لێدەکەن ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەک جێنشینەکانی پێغەمبەر بەڵکو خودی پێغەمبەریش بۆی هەبووە ئایەتێک لە شوێنی خۆی بوەستێنێت و بڵێت نابێت کار بەو ئایەتە بکرێ ؟. ئایا زەواجی موتعە ئاساییە یان  نائاسایی ؟!. عومەری کوڕی خەتاب زۆر شتی دیکەی بە پێی تێگەیشتنی خۆی و لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەو قۆناخەی ئەو کاتی ، دەسکاری کردووە، بۆنموونە پرسی زەکات و پرسی  دەست بڕینی

دزو..هتد. پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە پەیڕەوی قورئان بکەین ، یان عومەری کوڕی خەتاب ؟!!.قسە لەسەر عومەری کوڕی خەتاب زۆرە، بەتایبەت بەرامبەر بە ژن،، کە زۆر توندوتیژ بووە بەرامبەر بە ژنان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم باسەی ئێمە تەنیا لەسەر ئایەتەکانی ناو قورئانە، بۆیە ناچینە سەر باسی دیکە.

دەربارەی ئەیوب پێغەمبەر، بە پێی تەورات، تەوراتیش ئایەتی ئاسمانییەو دواتریش لە قورئانا تەئکید لە راستی بەسەرهاتی ئەیوب کراوەتەوە، بەڵام بۆمان هەیە بپرسین، ئیبلیس چۆن توانی وا لە خودا بکات کە ئاوا بەمشێوە پڕ لە ئازارە، ئازاری ئەیوب بدات،چونکە ئیبلیس هۆکاری ئەم هەموو ئازارە جەستەیی و رۆحییە بووە کە بەسەر ئەیوب دا هاتووە ، وێڕای لە لەدەستدانی ئەو هەموو سەروەت و سامانە زۆرەەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەدی خودا ئیبلیسی لە هەڵخەڵەتاندنی ئادەم و حەواوە ناناسی ؟ ، ئەی چۆن بە قسەی کرد ؟، کە ئەم هەموو مەینەتییە بەسەر ئەیوب بهێنێت، راستە دواتر قەرەبووی کردەوە، بەڵام دوای ئەم هەموو ئازارە جەستەیی و رۆحی و مادییە ؟! ئایا رەوایە ئیبلیس قەناعەت بە خودا بهێنێت بۆ مەرامی خۆی ؟! لە قورئانیشدا ئاماژەیەک بۆ ئەم رووداوە کراوە، کەواتە ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە راستە!!، بڕوانە سورەتی الانبیاء ئایەی 83، هەروەها سورەتی (ص )ئایەی 41 .

لە کۆی گشتی قورئاندا چەند تێبینییەکی گشتیت بۆ دروستدەبێت، ئایا کاتێک بە دڵێکی خۆش و فراوانەوە قورئان هەمووی دەخوێنیتەوە، ترست لا دروست دەبێت، یان ئاسوودەیی ، چونکە دەبینین لە قورئاندا زۆرترینی ئایەتەکان ترسیان لەناودا هەیە نەک ئاسوودەیی، هەر بۆ نموونە لە قورئاندا 126 جار باسی ئاگر کراوە، 77 جاریش باسی دۆزەخ کراوە، هەروەها 115 جاریش باسی رۆژی دوایی (یوم الآخرة) کراوە،کە دەکاتە 318 ئایەت هەر هەموویان بۆ ترساندنی مرۆڤەکانن .بەڵام لەبەرامبەریدا تەنیا 66 جار باسی بەهەشتی کردووە. با ئەوەش بڵێین لە قورئاندا لە 18 سورەتدا باسی رۆح کراوە، کە لە هەندێک لەو سورەتانەدا زیاتر لە جارێکیش باسی لێوە کردووە، وەک سورەتی النحل، الحجر، یوسف، یونس، البقرة ، کەچی تا ئێستا کەس نازانێت ئەو رۆحە چییەو لە کوێیەو چۆنە ؟ وەڵامەکانیش هەمووی بۆ غەیبت دەبات کە بڕواپێکراو نین.

لە راستیدا پرسیارەکان زۆرن و تا دەچیتە ناخی سورەت و ئایەتەکانیش پرسیاری زۆرترت بۆ دروستدەبێت و وەڵامەکانیشیان هیچ دیارو روون نین، بۆیە مافی ئەوەم هەیە بپرسم، بۆچی وەڵامەکانمان دەست ناکەوێت ؟، بۆچی هەمیشە مانای دروستی ئەو ئایەتانەمان بۆ روون ناکەنەوەو مانایەکی دیکەمان دەدەنێ کە ئەو مانایەی نییە ؟،چونکە تا مانای دروستی خۆیمان نەدەنەوە، وەڵامەکان لەشوێنی خۆیان دەمێننەوەو ناتوانن بڕواپێکراو بن.

# یەکێتی نیشتمانی کوردستان و باڵباڵێنەکانی

هەموو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کە ئێستاکە هەن، بەرهەمی بارودۆخێکی دژواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرین،بۆیە دروستبوونی حیزبی سیاسی لە کوردستاندا تەواو جیاوازە لەگەڵ دروستبوونی حیزب لە رۆژئاوا، روونە یەکەمین جار حیزب لە ئەمریکا دروستبوو، بەڵام لەوێش سەرەتا بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک نەبوو، بۆیە زوو بە زوویی حیزبی فیدرالی (اتحادی)، کە ئەلکسەندەر هامیلتۆن ساڵی 1792دایمەزراندبوو، هەڵوەشایەوەو تۆماس جیفرسۆن و جیمس مادیسۆن حیزبی کۆماری دیموکراتی یان دروستکرد،لە راستیدا ئەمانە وەک تیۆرداڕێژەری حیزبی سیاسی (مۆریس دۆڤرچێ)باسی لێوە دەکات، ئەمانە بنەماو هێزی حیز بوونیان تێدا نەبوو تا حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا

ئەندریۆ جاکسۆن هات و حیزبی کۆماری- دیموکراتی هەڵوەشاندەوەو بۆ یەکەمینجار حیزبی دیموکراتی دامەزراند کە لە یەکەم بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا ئەو حیزبە هێماو تابلۆی (کەر)ێکی بۆ بانگەشە بەکار هێنا، دواتریش حیزبی کۆماری دامەزرا کە ئەوانیش بۆ خۆیان هێماو تابلۆی (فیل)یان بەکاردەهێنا .تا ئێستاش لە ئەمریکا ئەو دوو حیزبە هەر بەردەوامن. دوای ئەمریکا بەریتانیا لە رێگای گرووپی پەرلەمانی و دواتر فەرەنسا لە رێگای یانەو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا سێیەمین وڵاتە کە حیزب بەشێوەی مۆدێرنەکەی لێی دامەزرابێت، ئینجا روسیاو ژاپۆن و وڵاتانی دیکەی ئەوروپاشی گرتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە حیزبی سیاسی لەم هەرێمی کوردستانە، نەیتوانیوە بە سرووشتی لەدایک ببێت،واتە هەموو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و تەنانەت ناوچەکەش بە گشتی،بەهۆی دۆخێکی زۆر دژوارەوە دامەزراون، کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو حیزبانە بە زگماک تەندروست نەبووبن و نەخۆش بن،بۆیە چارەسەرکردنی ئەو حیزبانە بۆتە کارێکی یەکجار تاقەتپروکێن، چونکە منداڵێکیش کە بە زگماک شەلەلی مێشکی هەبێت یان قاچێکی نەبێت، یان....یان..، چارەسەرکردنی یەکجار قورسەو زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسەی کە بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکەی قاچێکی شکاوە یان سەری ئازاری پێگەییوە،چارەسەرکردنی دووەمیان زۆر ئاسانترو باشترە لە هی یەکەمیان، مەبەستم ئەوەیە حیزبێک دوای تەمەنێکی زۆر بەهۆی دۆخێکی ئاڵۆزەوە

ئەگەر تووشی قەیرانێک یان وەستانێکیش بێت دەتوانرێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەو حیزبانەی بە زگماک تەواو نین و فرچکیان بە کۆمەڵێک ڤایرۆس و نەخۆشییەوە گرتووە، مەحاڵە بەبێ نەشتەرگەرییەکی زۆر قورس بتوانرێ بیکەیتەوە بە حیزبێکی کەمێک تەندروست، ئەمە واقیعی رەوشی سیاسی و حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانەو نابێت خۆمانی لێ گێل و نەبان بکەین،چونکە بە خۆ گێل کردن و خۆ نەبان کردنمان لە گرفتی حیزبەکان، ئەوا گرفتەکان بەردەوام زیاتر بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەبن، وەک دەبینین ئێستا بەسەر یەکەوە کەڵەکە بوونە.

ئێمە لەچەند دێڕێکی وەهادا ناتوانین باسی گرفتی زگماکی یەکە بە یەکەی حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە بکەین، بەتایبەت هەموو حیزبە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بە چەپ و راست و ئیسلامی و نەتەوەییەوە لەنێو قەیرانێکی قووڵی فیکری و بێ بەرنامەییدا دەناڵێنن، بۆیە ناتوانین لە بابەتێکی وەهادا تیشک بخەینە سەر هەموویان، بۆیە ئەمجارە حیزبێکمان وەرگرتووە کە ئەویش زیاتر لە حیزبەکانی دیکە لەنێو ململانێیەکی ناوخۆییشدا قووڵبۆتەوەو ئاسۆی قورتاربوونیشی ئاسان نییە، ئەویش یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە هەر لەگەڵ دروستبوونیدا کۆمەڵێک قەیران وگرفتی لەخۆی بارکرد، گرفتەکان زۆرن بەڵام بە پوختی: یەکەمیان پەچەکردار(رد فعل) بوو بەرامبەر بەو شکستە گەورەیەی پارتی لە 1975 بەسەری هات، دووەمیان: یەکێتی نیشتمانی بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری پارتی دیموکراتی کوردستان ببێتەوە، دوو بنەمای پەیڕەو کرد

که هەردووکیان هەڵە بوون ئەویش بریتیبوون لە: یەکەمیان دژایەتیکردنی حیزبی بنەماڵەو پاوانخوازی پارتی بوو ، دووەمیشیان بەخۆوەگرتنی چەند حیزبێکی دیکە لەناوخۆی یەکێتی نیشتمانیدا بوو، چونکە یەکێتی نیشتمانی بەبێ ئەو حیزبانە نەیدەتوانی ببێتە خاوەن هێزێکی گەورە، بۆیە لەساڵی 1976 یەکێتی پێشنیاری بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان کرد کە وەک باڵێک کە خاوەنی رێکخراوەیی سەربەخۆی خۆیەتی بێتە ناو یەکێتی نیشتمانییەوە، بەهۆی هەوڵەکانی تاڵەبانی ئەم داوایە پەسند کرا،کەواتە کۆمەڵەی مارکسی لینینی و بزووتنەوەی سۆشیالیست دوو باڵی سەرەکی بوون کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان پێکهێنابوو، بۆئەوەی یەکێتی وەک خودی خۆی هێزو سەنگی هەبێت، ئەوانەی یەکێتی نیشتمانیان دامەزراندبوو،لە ئەیلولی1977 یەکەمین کۆمیتەی سەرکردایەتی و یەکەمین مەکتەبی سیاسییان بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهێنا،هەر لە ئەیلولی ساڵی 1977 هێڵی گشتی (پان) لەناوچەی برادۆست یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی و یەکەم مەکتەبی سیاسی لێ دروستکرا، کە پێشتر خودی ئەم گرووپە هەر لە سەرکردایەتی و دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی بوون، بەڵام تا ئەو مێژووە(واتا تا ئەو سێ باڵە خۆیان لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی نەناساند، پێشتر یەکێتی خاوەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نەبوو، کۆمەڵێک کەس هەبوون کە دامەزرێنەری یەکێتی بوون و بەڵام بە شێوەی هەڵبژاردن یان بە فەرمی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی

نیشتمانی بوونی نەبوو)، دوای هاتنی بزووتنەوەی سۆشیالیست و کۆمەڵە وەک دوو باڵی سەرەکی نێو یەکێتی، دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی تاڵەبانی هێڵی گشتی کە پێیاندەوت هێڵی پان دروست بکات و وەک هەردوو حیزبە سیاسییەکەی تر کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و کۆمەڵەی مارکسی لینینی حیساب بکات، ئەوەبوو پێشنیاری کرد کە هەر یەک لەو سێ رێکخراوە، کۆمەڵەو بزووتنەوەو هێڵی پان، هەر یەکەو شەش(6)ئەندامی سەرکردایەتی دەستنیشان بکەن بۆ کۆمیتە هاوبەشەکەیان کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی پێ پێکدەهێنن،کە بوو بە هەژدە(18) ئەندامی سەرکردایەتی و تاڵەبانیش کرایە سکرتێری گشتی ئەمە بوو بە نۆزدە، جێگای سەرنجە تاڵەبانی خۆی لە هێڵی پان بوو، چونکە راستە سەرەتا وەک کەسی ناوەندی کۆمەڵە نەک وەک سکرتێر داندرابوو،واتا سکرتێری کۆمەڵە نەبوو بەڵام دواتر ئەو زاراوەی سکرتێرە بە خشکەیی چووە ناو ئەدەبیاتی کۆمەڵەوە ئەوەش هەر بە زیرەکی تاڵەبانییەوە بوو!!، بەڵام ساڵی 1972 کاتێ تاڵەبانی چووە دەرەوە شەهاب شێخ نووری رۆڵی سکرتێری دەبینی نەک تاڵەبانی تەنانەت دوای ساڵی 1975 یش تاڵەبانی سکرتێری کۆمەڵە نەبوو، تا نەوشێروان لە ساڵی 1977 بە فەرمی کرا بە سکرتێرو دواتریش نەوشێروان لە هەر سێ(3) کۆنفرانسەکەی کۆمەڵە لەساڵانی(1981،1982،1984)کرایەوە بە سکرتێر، کەواتە تاڵەبانی سوودێکی زۆری لەدانانی(6)کەس لە سەرکردایەتی هەر حیزبێک بینی کە بکرێن بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی ، چونکە

بزووتنەوەی سۆسیالیت و کۆمەڵە، دوو لە بەهێزترین و پڕ جەماوەریترین حیزبی سیاسی بوون لەو کاتدا لەسەر ئاستی کوردستانی باشوور،تاڵەبانی هات هێڵی پانی نەک هەر هێنایە ئاستی ئەو دوو حیزبەوە بەڵکو ئەندامێکیشی زیاتر بوو کە سکرتێری گشتی بوو،هێڵی پان بە ژمارە یەکجار کەم بوون بۆیە کاتێک مەکتەبی ساسی یەکێتی نیشتمانیان لەو (3) حیزبە پێکهێنا، هیچ کەس لە هێڵی پان نەخرایە نێو مەکتەبی سیاسییەوە چونکە هەموویان لە دەرەوە بوون!! دواتر وردە وردە لە دەرەوە گەڕانەوەو ئیتر شوێنی هێڵی پان پڕ کرایەوە!! بەڵام بزووتنەوەی سۆشیالیست نەیتوانی زۆر لەناو ئەو بەرەیە دروستکراوە بمێنێتەوەو لە نەورۆزی 1979 بارەگای خۆی لە زەڵێ پێچایەوەو چوون لە گوندی گۆڕەشێر دایانمەزراندەوە کە نیشانەو ئاماژەیەکی زەق بوو بۆ هاتنە دەرەوەیان لەو بەرەیەو جیابوونەوەیان لەناو یەکێتی ڕاگەیاند، هەموو سەرکردایەتی بزووتنەوە هاودەنگبوون لەو جیابوونەوەیە تەنیا عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە نەبێت، کە لەگەڵیان نەچوو، ئیتر ئەویش بە پەڕوباڵ شکاوی و زۆر بە بچووکی لەناو یەکێتی مایەوە، کە هیچ پێگەو کاریگەرییەکی نەبوو. کۆمەڵەش لە ساڵی 1978 ناوەکەی خۆی بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گۆڕی، ساڵێک پێشتریش بزووتنەوە ناوەکەی خۆی بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان گۆڕیبوو، وشەی دیموکراتەکەی هەڵگرتبوو.

مەبەستم ئەوەیە بیلێم ئەو بەرەیەی لە ژێر ئاڵای یەکێتی نیشتمانی دروستکرابوو تەندروست نەبوو، هێڵی پان و ئەو باڵە پەڕو باڵ شکاوەی بەناوی بزووتنەوەی سۆشیالیست لەگەڵ یەکێتی مابوونەوە خاوەنی هیچ پێگەو جەماوەرێک نەبوون، ئەوەی هەبوو کۆمەڵەی رەنجدەران بوو کە لەوکاتدا یەکێک لە هەرە بەهێزترین حیزبی سیاسی کوردستانیی بوو ، بۆیە تاڵەبانی هەوڵیدا هێڵی پان و ئەو باڵە پەڕوباڵ شکاوە بکاتەوە بە یەک ،بەڵکو کاریگەرییەکیان هەبێت، ئەوەبوو لە 10ی ئەیلولی 1982 سەرکردایەتی هاوبەش لە هەردوولا کۆبوونەوەو (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)یان راگەیاند، تاڵەبانی هەوڵیدا ببێتە سکرتێری ئەو یەکێتی شۆڕشگێڕانە، بەڵام سەرکردایەتی کۆمەڵە نەیانهێشت دووجار سکرتێر بێت!!،چونکە سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بوو!!، ئیتر بە لابردنی تاڵەبانی لەو سکرتێرییە ئەو رێکخراوە هیچ گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینی، تا ناچار هەردوو باڵەکە(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)لەژێر ئاڵای یەکێتی نیشتمانیدا بە هەوڵی لە رادە بەدەری تاڵەبانی خۆیان هەڵوەشاندەوەو ئیدی لە حوزەیرانی 1989 بە دواوە تا ئێستا کە ئەوە 27 ساڵ زیاترە، هیچ باڵێک لەناو یەکێتی نیشتمانیدا بوونی نییە، جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

کەواتە لە راپەڕینەوە تا ئەمڕۆ ئەو حیزبەی پێیدەوترێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تەنیا یەک حیزبەو هیچی دیکەو هیچ باڵ و رەوتێکی دیکەی

لەناودا نییە. واتە هەرچی ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەوترێ باڵ یان رەوت، بنەمایەکی زۆر زۆر پووچەو دوورە لە واقیعی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. چونکە جاران کە تاڵەبانی دەیوت یەکێتی دوو باڵی هەیە کە کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتی شۆڕشگێڕان بوون، خودی یەکێتی نیشتمانیش سەری باڵندەکە بوو!!،هەردوو رێکخراوەکە، دوو حیزب بوون دوو سەرکردایەتی و دوو مەکتەبی سیاسییان هەبوو، نیمچە بەرەیەکیان پێکهێنابوو وەک خۆیان وایاندەوت، بەتایبەت کۆمەڵەی رەنجدەران لە ساڵی 1970 ەوە دامەزرابوو، خاوەنی فیکرو بەرنامەو پەیڕەوی ناوەخۆی خۆی بوو،حیزبی سۆسیالیستیش بە هەمانشێوە خاوەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و فەلسەفەو بەرنامەو پەیڕەوی ناوەخۆی خۆی بوو،کە جیاش بووەوە حیزبێک بوو خاوەنی هەموو پێکهاتەکانی خۆی بوو، بەڵام هەموو ئەمانە زیاتر لە 27 ساڵە لەناو یەکێتی نیشتمانیدا کۆتایی پێهاتووەو یەکێتی تەنیا یەک حیزبی سیاسییە بە بێ باڵ و قاچ و دەست، بەبێ بەرنامەو پەیڕەوی ناوەخۆی دیکە، ئاخر یەکێتی وا بەرگەی ئەوە ناگرێت کۆنگرەیەک بۆ خۆی ببەستێت، ئیتر چۆن بەرگەی حیزبی دیکە دەگرێت کە لەناو یەکێتیدا لاف و گەزافی دیکە لێبدەن.بەتایبەت روونە ئەو باڵباڵێنە لەناو یەکێتی بۆ ئەوە دروست بوو کە پێگەی یەکێتی نیشتمانی بەهێز بکرێت، چونکە تاڵەبانی نەیدەتوانی یەکێتی بکاتە حیزبێکی گەورە ئەگەر ئەو دوو حیزبە سیاسییە پڕ جەماوەرییەی نەهێنابایە لای خۆی کە کۆمەڵەو بزووتنەوە بوون، بەڵام روونە هەموو تەمەنی بزووتنەوە وەک باڵێکی سەرەکی لەناو

یەکێتی تەنیا (3) ساڵ بوو ئەویش بە کۆمەڵێک گرفتەوە، باڵە شکاوەکەی تریش کە عومەر دەبابە بوو دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆشیالیست ئەویش نەیتوانی خۆی رابگرێت و تەنیا 3 ساڵ و نیو کەمتر مایەوە تا لەگەڵ هێڵی پان یەکیانگرتەوە،تاکە رێکخراوێکی سیاسی لەناو یەکێتی نیشتمانی دروست بووبێت، ئالآی شۆڕش بوو، کە نەیدەویست وەک رێکخراوە بەزۆر دروستکراوەکانی دیکە بیر بکاتەوەو سیاسەت بکات، ئەویش نەک هەر رێگەیان پێنەدا لەناو یەکێتی بیروبۆچوونەکانی خۆیان رابگەیەنن، بەڵکو هەر بە پەندیشیان برد!!.

ئەی ناوەندی بڕیار چییە ؟! هەڵبەت روونە تا تاڵەبانی بە یەکجاری نەخۆش نەکەوت، کەس جەسارەتی ئەوەی نەدەکرد بڵێ ئێمە باڵێکین لەناو یەکێتی نیشتمانیدا، چونکە تاڵەبانی لە رابردوودا ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ئەو باڵباڵێنە هەبوو، ئەگەر تاڵەبانی جاروبار بۆخۆی وایدەگوت، ئەوە جگە لە پڕوپاگەندەیەکی راگەیاندن و ریکلامێک بۆ خۆی و حیزبەکەی وەک بڵێی کەسێکی دیموکراتخوازەو بڕوای بە بیروڕای ئازاد هەیە، لەوە زیاتر هیچی دیکە نەبوو، چونکە لە واقیعدا هیچ باڵێک لە دوای راپەڕینەوە نەک هەر بوونی نەبووە،ئەوەتا مێژووی ئەو چارەگە سەدەیەمان لەبەر دەستە یەکێتی رێگەی نەداوە نیوە باڵێکی شکاویش لەناویدا خۆی رابگەیەنێت، ئەمەیان بۆ هەموو حیزبە سیاسییەکانی دیکەیش هەر راستە. ناکرێ لەناو حیزبێکدا حیزبی دیکە دروست ببێت، ئاخر ئەمە سیاسەت و بەرژەوەندی و ململانێیە، خۆ ئیستاتیکاو فەنتازیاو وێنەی جوانی شیعر

نییە.. بۆیە ئەو بەڕێزانەی وەک ناوەندی بڕیار خۆیان ناساندووە، دەبێت ئەوە بزانن پێشتر باڵباڵێنەکەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان چۆن بووە، ئاخر باڵێکی سیاسی لەناو حیزبێکدا چ مانایەکی هەیە ئەگەر خاوەنی بیروباوەڕێکی سەربەخۆ نەبێت، ئەگەر خاوەنی بەرنامەو پەیڕەوێکی ناوەخۆ نەبێت، ئەگەر خاوەنی هەیکەلەی ڕێکخستنی خۆی نەبێت، ئەگەر خاوەنی ئامانجی تاکتیکی و ستراتیژی خۆی نەبێت، ئەگەر خاوەنی هیچ فەلسەفەیەکی سیاسی نەبێت بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی حیزبەکەی و بۆ چۆنێتی بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان و تەواوی چوار پارچەکەی کوردستان. من سەیرم پێدێت ئەو دەنگە نەشازە بەردەوام دەوترێتەوە کە یەکێتی هەمیشە مینبەرێک بووە بۆ باڵی جیا جیا، ئێ باشە لە ماوەی 27 ساڵی رابردوودا رێک لە سەرەتای حوزەیرانی 1989 وە تا ئێستا تەنیا یەک نموونەی زیندوومان بدەنێ، تا بڕواتان پێبکەین. دەکرا ئەمجارە قادر عەزیز نەهاتبایە ناو یەکێتی وەک باڵێکی سیاسی خۆی رابگەیاندبایە، ئەمەیان ئەگەر بکرابایە بڕوامان پێدەکرد، بەڵام ئەوەش نەکرا. بەڵام بۆ نەکرا ؟ رێک وەڵامەکەی ئەوەیە کات و قۆناخ و باروزرووفی باڵباڵێن کۆتایی هاتووەو یەکێتی ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵی بەسەر برد، بۆیە هەرگیز نایەوێ ئەو ئەزموونە تاڵە دووبارە بکاتەوە. کەواتە پرسیارێکی گرنگ خۆی قوتدەکاتەوە، باشە ئەگەر تاڵەبانی نەخۆش نەکەوتبایە، هیچ کەسێک لەناو سەرکردایەتی یەکێتی دەیتوانی بڵێ من باڵێکم، دڵنیابە کەس نەیدەوێرا

بلێ پەنجەیەکیشم نەک باڵێک، بەڵام کە زانرا تاڵەبانی نەخۆشییەکەی سەختە، ئیتر بەرژەوەندی پۆست و پارە بە خێرایی گەشەی کردو بەریەککەوتنی سیاسیش لەنێویدا هاتە ئاراوە، دەنا تا ئێستا هیچ بنەمایەکی فیکری و سیاسی ئەوتۆ سەریهەڵنەداوە کە لە سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی جیاواز بێت،هەموویان تا ئێستاش خۆیان بە قوتابی و شاگردی تاڵەبانی دەزانن،بەڵام ئێستا گرفتەکە ئەوەیە ئەو هەموو پارەی نەوت و داهاتی ناوەخۆیە دەچێتە گیرفانی کێوە، ئەوەش پرسێکی دیکەی بازرگانییە نەک سیاسیی.

وا دیارە ئەو برادەرانەی بەناوی (ناوەندی بڕیار)خۆیان نمایش کردووە، هێشتا نەیانزانیوە، حیزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، درێژبووەوەی عەشیرەتەکانی کوردستانە، واتا لەجیاتی ئەوەی بڵێین عەشیرەتی هەرکی و زێباری و زراری و جاف و خۆشناو و هەمەوەندی و ...هتد ئێستا فۆرمەکەیان گۆڕیوەو پێیاندەوترێ پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و سوسیالیست و یەکگرتوو....هتد بە حیزبی شیوعیشەوە. لەنێو هەموو ئەو حیزبانەدا مەکتەبی سیاسی هیچ نییە،تەنیا کاری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆک یان سکرتێری گشتی یان کەسی یەکەمی ئەو حیزبەیە (بێگومان ئەگەر بتوانن وەکوو خۆیشی جێبەجێیبکەن، من گومانم لەوەش هەیە!!)کەواتە لەناو هەموو حیزبەکانی کوردستان بە حیزبە بچووکەکانیشەوە تەنیا کەسی یەکەم خاوەنی بڕیاردانە، تۆ بڕوانە حیزبی سۆسیالیست بەو بچووکییەی خۆی جگە لە حەمەی حاجی مەحموود

خەڵک هەر نازانێ مەکتەبی سیاسییەکەی کوێیە، قادر عەزیز تا حیزبی هەبوو هەر بەمشێوەیە بوو،خدر روسی و ئەوانی دیکەش خەڵک هەر ناوی حیزبەکانیشیان نازانێت!!. کەواتە ئەو برادەرانەی (ناوەندی بڕیار)یان دروستکرد دەبێت مەبەستیان چی بێت ؟ ئایا ناوەندی بڕیار دەتوانن لەناو یەکێتیدا بمێننەوە ؟، ئەی ئەگەر نەتوانرا بمێننەوە چارەنووسی ناوەندی بڕیار چی بەسەر دێت ؟.

یەکێتی لەدوای ساڵی 1975 ەوە ئەگەر سەرەتا وەک هێزێکی لەبن نەهاتووی بەهێزەوە دابمەزرابایە، پێویستی بەو باڵباڵێنە نەبوو کە دواتر هێنایە ریزی خۆیەوە، بۆیە ئەوکاتەی تەواو گەشەی کردو خۆی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی سەپاند، هەموو باڵەکانی شکاندو هەڵیوەشاندەوە، کەواتە یەکێتی پێویستی بە باڵ نییە، ئەگەر پێویستی پێبوایە قادر عەزیزی دەکردە باڵێک و هەروەها ئەو گرووپەی لەناو سۆشیالیست دەیانەوێ بێنە ناو یەکێتییەوە ئەوانیشی دەکردە باڵێکی تر، بەڵام یەکێتی ئەمڕۆ ئەگەر کێشەی ناوخۆی نەبوایە تا ئێستا حیزبێکی زۆر کاریگەرەو هێزی سەربازی و تا رادەیەک جەماوەریشی هەیە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر چوار پارچەکەی کوردستان زۆر باشە،کەواتە هیچ باڵێک لەناو یەکێتیدا پەسند ناکرێت. ئەی ناوەندی بڕیار چی دەکەن ؟

ناوەندی بڕیار چونکە خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی فیکری نین، لەناوخۆی خۆشیاندا زۆر تۆکمە نین، لەوەش گرفتتر ئەوەیە ناوەندی بڕیار ناتوانێ بەو دۆخەی ئێستایەوە هەر لەناو یەکێتیدا بمێنێتەوە ؟ ئێستا ناوەندی بڕیار ناتوانن لە بودجەی یەکێتی یەک دینار خەرج بکەن، لەو گرفتەش ئالۆزتر ئەوەیە دۆخی بەرهەم سالح زۆر جیاوازترە لە دۆخی کۆسرەت رەسول، بەرهەم سالْح ئێستا هیچ پێگەو جێگەیەکی لەناو یەکێتی نەماوە،تەنانەت دەمێکە هێرۆ خان حیسابی جێگری سکرتێری گشتی بۆ ناکات، بەرهەم سالح خۆیشی لەبەردەم راگەیاندنەکاندا هەڵەیەکی مێژوویی کرد کاتێک وتی من ئێستا تەنیا ئەندامێکی ئاسایی یەکێتی نیشتمانیم. بەڵام کۆسرەت رەسول جیاوازەو هەڵەیەکی لەمجۆرەی نەکردووە، تەنانەت ئەگەر کاریگەریی بەرهەم سالحی لەسەر نەبوایە، دەیتوانی لەناو یەکێتی بە خاوەن هێزو پێگەیەکی باشیش بمێنێتەوە، بەڵام هەرگیز نەدەکرا بە کەسی یەکەمی ناو یەکێتی. لە روویەکی دیکەیشەوە گرفتی کۆسرەت رەسول وەکوو بەرهەم نییە، کۆسرەت ناتوانێ وەک بەرهەم بڵێ من ئەندامێکی ئاساییم لەناو یەکێتی،هەروەها ئەگەر دۆخی بەرهەم هەر بەمشێوەیە لەناو یەکێتی نیشتمانی بەردەوام بێت، زەحمەت نییە بۆ ئەو بای بای لە یەکێتی بکات و لە شوێنێکی دیکە بگیرسێتەوە، بەڵام بۆ کۆسرەت بەجێهێشتنی یەکێتی وەک خواردنەوەی پەرداخێک ژەهر وایە، ئاخر ئەزموونی کۆسرەت و بەرهەم سالح ئاسمان و رێسمانن، بۆیە کۆسرەت بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بای بای لە یەکێتی بکات، بەڵام کۆسرەت چۆن پەسندی ئەم

بەیاننامەیەی کرد کە تێیدا وەک ناوەندی بڕیار خۆیان ڕاگەیاند ؟، بێگومان ئەوە یەکێک لە هەڵە مێژووییەکانی کۆسرەت بوو، هەڵەی دووەمیش ئەوەبوو کاتێک لەگەڵ بەرهەم سالّح چوونە سەردانی تاڵەبانی لە دەباشان، هێرۆخان پێشوازی لێنەکردن، ئەمە زەنگێکی یەکجار مەترسیدار بوو، بەڵام ئەگەر کۆسرەت بە تەنیابچوبایە هێرۆخان پێشوازی لێدەکرد، کەواتە تا ئێستا چارەنووسی کۆسرەت و بەرهەم لەناو یەکێتی نیشتمانی یەک چارەنووس نییە، کێرڤی کۆسرەت باشترو بەهێزترە، چونکە بەرهەم بەتەواوی لەلایەن هێرۆ خانەوە ئاوت کراوە، ئەی کۆسرەت چیدەکات ؟ هەموو زانیاری و شیکردنەوە زانستییەکان ئەوەمان پێدەڵێن ئەگەر کۆسرەت ڕەسوول هەر لە ژێر کاریگەریی بەرهەم سالحدا بمێنێتەوە، دوا جار دۆخی ئەو لە دۆخی بەرهەم خراپتر دەبێت، بەڵام ئەگەر لێی جیا بێتەوە تا ڕادەیەک دەتوانێ لەناو یەکێتی سەنگ و هێزی خۆی بپارێزێت، ئاییندەش جوانتر ڕوونیدەکاتەوە.

## هاوسەنگی هێز لە دوای گرتنەوەی موسڵ، لە کوێوە بۆ کوێ

سوریاو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئێستا لەئاڵۆزترین دۆخی ناوخۆی سیاسی و ئابووری و سەربازیدان،کێشەکە تەنیا ئەوە نییە، داعش چەند ناوچەیەکی کاریگەری لەم دوو وڵاتە داگیر کردووە، بەڵکو دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و ناوچەکە لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی وەکوو ئەمریکاو روسیا، گرفتەکانیان بەتەواوی ئاڵۆزتر کردووە، کە ئاسۆی ئایندەی ناوچەکەی تەواو کز کردووە.

ئێستا ئەمریکاو روسیا وەک دوو زلهێزی پێکناکۆک، دەیانەوێت پشکی خۆیان زیاد بکەن، ئێران و تورکیاش لەگەڵ یەکدیدا قۆڵی یەکدی بادەدەن و چاو لە یەکدی سوور دەکەنەوە،بەغداش دەیەوێت ئەمجارە بە

سەرکەوتوویی لێی بێتە دەر، پێچەوانەی ساڵی 2014 کە شکستێکی زۆر گەورەی بەسەردا هات، سعودیەش لەگەڵ تورکیادایەو هەمووهەوڵێکیان بۆ ئەوەیە ئێران لە شوێنی خۆیدا بەرزەفت بکەن. عێراق ئاگاداری سیناریۆکانە بۆیە بەتوندی دژی سەرهەڵدانەوەی ویلایەتی موسڵە کە ئێستا تورکیا هەموو هەوڵێکی بۆ دەدات و، دەیەوێت هەرێمێک لەژێر چاودێری خۆی بۆ سونە بەناوی ویلایەتی موسڵ داببڕێت، تا هەم هەژموونی بەسەر عێراق و سوریاو چاوسوورکردنەوەشی بۆ ئێران مسۆگەر بکات، هەم پەیوەندی ئێران و سوریاش سەختر بکات، ئیتر بەرژەوەندییەکان مەترسی ئەو هاوکێشانەی سەرەوەی چەندە ئاڵۆز کردووە، ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانیش، ئەوەندەی دیکە هاوکێشە سیاسییەکانی ترسناکتر کردووە.کە رەنگە کەس نەتوانێت بە دروستی پێشبینی دوای گرتنەوەی شاری موسڵ بکات کە ئاخۆ دۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو کام ئاراستە دەڕوات ؟بەتایبەت لەنێوان تورکیاو ئێران و بەغدادا.چونکە هەموو پێشبینییەکان لەکاتی شەڕدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هاوسەنگی هێزەکانیش بە هەمانشێوە دەگۆڕێن، بەڵام کۆمەڵێک ئاماژەش هەن کە جۆرو ئاستی هاوپەیمانێتییەکان تا رادەیەک وردە وردە روونتر خۆیان نیشاندەدەن ،بەتایبەتی ئێستا لە کاتی شیکردنەوەی ئەو دۆخە ئاڵۆزەدا، براوەو دۆڕاوەکان وردە وردە لەیەکدی دەترازێن و خۆیان لەیەکدی جیادەکەنەوە. ئەگەر چی هێشتا بواری یاریکردن لەو مەیدانە ماوەو یاریزانی باش و راهێنەری باش دەتوانن لە هونەری یاریکردندا کارامەتر بن

و له شکست خۆ به دوور بگرن.چونکه ڕاهێنەری باش دەتوانێ له چەند خولەکی کۆتایی یارییەکەشدا جوانترین یاری پێشکەش بکات، بەڵام ڕاهێنەری خراپ  له تەواوی یارییەکەدا ناتوانێ یارییەکی جوان پێشکەش بکات.

له هەرێمی کوردستاندا، دوو هێزی سەرەکی هەن که بەتەواوی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدی یەکناگرێتەوە، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان له لایەک و جاران تەنیا بزووتنەوەی گۆڕان  بوو، بەڵام  ئێستا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیش لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆکن ،له لایەکی دیکەیشەوە، ئەم دوو هێزه پارتی و گۆڕان لەگەڵ یەکێتی، هەر ئەوە نییە دوو بەرژەوەندی جیاوازو دوو ئاراستەی سیاسی جیاوازیان هەیە، بەڵکو هەریەکەشیان سەر به جەمسەرێکی دیکەی دەوڵەتێک و زیاتر له دەوڵەتێکیشن، که ئەمەیان له هەر ناکۆکییەکی قووڵدا ڕەنگە کارەساتی لێبکەوێتەوە،هیچ کام لەو حیزبانەش ناتوانن لەیەک کاتدا لەگەڵ دوو جەمسەری پێکناکۆکدا تەباو گونجاو بن، وەک مەسیح له ئینجیلی مەتی دا دەڵێت: ناتوانن لەیەک کاتدا خزمەتی خواو پاره بکەن، ئێستا ئەو دوو ئاراسته جیاوازەش که پارتی له لایەکەو گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ له لایەکی دیکەن، ناتوانن له یەککاتدا هەم دڵی ئەنکەره خۆش بکەن، هەم دڵی بەغداو تاران، باشترین نموونه ئەوە دۆخی یەکگرتووی ئیسلامییە، له لایەکەوە دەیویست لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی هەڵبکات و لەلایەکی دیکەیشەوە دەیویست دڵی ئەنکەره ڕازی بکات، بەڵام

ئەوەتا بۆی نەچووە سەرو تووشی گرفتی گەورە بۆتەوە، کە تەنیا بە ئینشقاقێکی ناوەخۆ ئەو گرفتە چارەسەر دەکرێت،یانیش ئەوەتا ئەو حیزبە تا دێت بچووک و بچووکتر دەبێتەوە،تا بەتەواوی دەپووکێتەوە، چونکە دوو ئاراستەیی لەناو یەک حیزبدا کارێکە لە مەحاڵ مەحاڵترەو تیۆرداڕێژەرانی حیزبی سیاسی بە وردی پەنجەیان لەسەر ئەم کێشەیە داناوە، وەک چۆن دەبینین لەناو یەکێتیش بە هەمانشێوەیە ناوەندی بڕیارو یەکێتی، تا دێت زیاتر لەیەکدی دوور دەکەونەوە، چونکە دوو ئاراستەو دوو بەرژەوەندی جیاوازن و ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن.پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەوڵێکی لەمجۆرەی دا، بۆئەوەی بتوانێت هەم دڵی ئەنکەرەو هەم دڵی بەغدا رازی بکات، ئەوەبوو بارزانی سەردانێکی بەغدای کردو، وەفدەکە بە دڵێکی خۆش گەڕایەوە هەولێر، بەڵام چارەسەرکردنی گرفتەکان لەگەڵ بەغدا، وا بە سانایی و بە سەردانێک و دوو سەردان کۆتایی نایەت و، بەغدا چاوەڕوانی هەنگاوەکانی ئایندەی پارتی دەکات، کە تا چەند هەماهەنگدەبێت لەگەڵیدا، تورکیاش لەسەر سنوورەوە چاودێری ئەو دۆخەی پارتی و بەغدا دەکات، کە ئاخۆ هەنگاوەکانیان تا چەند بەرەو نزیکبوونەوەی زیاترە لەگەڵ بەغدا، چونکە تورکیا ئەگەر دڵنیا بێت ئیتر پارتی لەگەڵ بەغدا رێکدەکەوێت، بێگومان ئەویش هەڵوێستی دیکەی دەبێت، کە دیسان گرفتی قووڵ بۆ پارتی دروستدەکات، چونکە بەغداو ئەنکەرە ئێستا بەچاوی دوژمن سەیری یەکدی دەکەن و دۆخەکە لەسەر ئەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت،بە دوور نازانرێت کە پێکدادانیش

دروستببێت. باشترین نموونه ئەوەبوو کاتێک بارزانی لە بەغدا بوو، سەرەک وەزیرانی تورکیا وتی ئێمە بە رەزامەندی بارزانی هاتووین بۆ کوردستانی عێراق، ئەم قسەیە لەم کاتە هەستیارە تەنیا بۆ ئەوەبوو گرفتێک لە نێوان عەبادی و بارزانی بنێتەوەو هیچی دیکە.

روونە ئەمڕۆ ئێران نەک هەر رۆڵێکی میحوەری دەبینێت، بگرە لەناوچەکە یەکجار کاریگەرە، بەتایبەت کە رووسیا بە توندی پشتگیری لێدەکات، ئەمەش جۆرێک لە مسۆگەربوون و، زەمانەتێک بۆ ئێران نیشاندەدات (ئەگەر ئەو زەمانەتە نەبوایە، دەمێک بوو وڵاتانی ئیسلامی وەک کەنداوو پاکستان و تورکیاو...هتد گەلەکۆمەکییەکیان بەسەر ئێراندا دەکرد)، بەغداش سەرەڕای ئەوەی ئەمریکاو ئەورووپا پشتگیری لێدەکەن، بەڵام ئێران لەسەر خاکی عێراق زۆر لە ئەمریکا باڵادەستترە، بەم هاوکێشەیە رووسیا لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک بۆسەر عێراق پشتگیری لە عێراق دەکات و دەیپارێزێت، وەک چۆن ئێرانیشی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی وڵاتانی بەناو ئیسلامی و کەنداو پاراستووە.ئەمریکاش لە یارمەتیدانی بەغدا کەمتەرخەمی نەکردووەو جیدییە.

تورکیا جاران نەک هەر سەر بە ئەمریکا بوو، بەڵکو لە شوباتی 1952 وەوە چۆتە ناو هاوپەیمانی ئەتلەنتیک (ناتۆ)، بەڵام بەهۆی پشتگیرییەکانی تورکیا لە داعش و بەهۆی خەونبینینی ئەردۆگان بە ئیمپراتۆریایەکی نوێ لە ناوچەکەوە، هەموو متمانەو هاوپەیمانی و هەموو پشتگیرییەکیشی

لەدەستداوە، ئێستا جارێک سەر بە رووسیا دادەکات و جارێکیش سەر بە ئەمریکادا دەکات، هەردووکیشیان (ئەمریکاو روسیا)لە تورکیا بێزار بوون، ئەوەتا ململانێی ئەنکەرە لەگەڵ پەیەدەیە، کە هێشتا نەیتوانیوە تەرازووی هێز لە دژی پەیەدەو یەپەگە بەلای خۆیدا ببات، ئەمە گەورەترین شکستە کە تورکیا تووشی هاتووەو بە ئاسانیش ناتوانێ لەناو ئەو گرفتە بێتە دەرەوە. ئێستا هەموو هاوکێشەکان تا رادەیەکی زۆر لەیەک بەدەر کەوتوون و هەر حیزبێکەو پشتی داوەتە وڵاتێکی زلهێزەوە، بۆیە هەر خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ دۆخەکە بکرێت، دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی هەر یەک لەو وڵاتە زلهێزانە بکرێت، دەنا شیکردنەوەیەکی نا زانستی و ناڕاست دەردەچێت.

ئێستا بەهۆی ئەوەی گرتنەوەی شاری موسڵ بەردەوامە، هاوکێشە سیاسییەکانیش وا خەریکە لەیەکدی ئاشکرا دەبن، بەڵام هێشتا تەواو لەیەکدی بەدیار نەکەوتوون،هەندێک تەمتومان ماوە، بۆنموونە پارتی لە هەوڵی ئەوەدایە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ تورکیا پەیوەندی باشە، دەیەوێت بەغداش دژایەتی نەکات،بۆیە ئێستا بەتواوی هاوکاری سوپای عێراق دەکات لە پرۆسەی گرتنەوەی موسڵ، پەیەدەو یەپەگە بە هەمانشێوە دەیانەوێت هەم ئەمریکاو هەم روسیا رازی بکەن و لەگەڵ ئەم دوو هێزە نەترازێن، بەغداش تا ئێستا توانیویەتی پشتگیری ئەمریکاو روسیا وەدەستبهێنێت،ئێرانیش ژێراو ژێر نەک هەر پشتگیری لە بەغدا دەکات، بەڵکو بە شێوازی خۆی لەناو شەڕەکەدایە. تورکیاش زوو زوو

هەڵوێستەکانی دەگۆڕێت و هەر جارەی بەلای یەکێک لەم دوو وڵاتە زلهێزە بادەداتەوە،خەریکە وەکوو گای شێتی لێ هاتووە، ئەو دەزانێ ئەگەر موسڵ نەکەوێتە ژێر چاودێری خۆی، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێری بەغداو ئێران، ئەوەش یەکجار مەترسیدارە بۆ تورکیا، بۆیە تورکیا ئێستا زۆری مەبەستە رووسیا دوژمنایەتی نەکات،ئەمریکاش ئاوڕێکی لێ بداتەوە، بەڵام ئایا ئەم هاوکێشە ئاڵۆزانە، کە بەرژەوەندییەکانیشی زۆر ئاڵۆزکردووە، هەر ئاوا بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام دەبن ؟ ئایا حیزبێکی سیاسی دەتوانێ لەگەڵ دوو لایەنی پێکناکۆک بڕوا بەڕێوە ؟ من بە سەخت زۆر سەختی دەبینم، لەبەرچی ؟ .

لێرە وردە وردە دەچینە ناو گرفتە بنچینەییەکان و هەوڵدەدەین شیکردنەوەیەکی واقیعبینانەی ئەم دۆخە سیاسییە بکەین بێ ئەوەی پاساو بۆ ئەم و ئەو بهێنینەوە، چونکە هەموو ململانێ و قۆڵبادانی یەکدی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانە، چ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ، چ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی،هەریەکەیان لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام زەحمەتیشە هەموویان بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵکو هەندێکیان بەسەر هەندێکیان سەردەکەون. بۆنموونە دۆخی هەرێمی کوردستان و دۆخی حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کە رەنگە ئەوە بۆ ئێمەی خەڵکی ئەم هەرێمە لە هەمووی گرنگتر بێت، تا ئێستا حیزبە سیاسییەکان پێیانوایە بۆ نموونە پارتی پێیوایە ئەگەر pkk و گۆڕان نەبوونایە ئێستا هەر چوار

پارچەکەی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەبوو، pkkش پێیوایە پارتی و یەکێتی نەبوونایە وەکوو خۆرئاوای کوردستان دەسەڵات دەکەوتە ژێر دەستی خۆیان،بۆیە لە لایەک pkk بەو خەیاڵەوەیە رۆژێک دابێت دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە ،لە لایەکی دیکەیشەوە پارتی لە هەوڵدایە سنوورێک بۆ هەژموون و پێشرەوییەکانی pkk دابنێت و هیچ مەترسییەکی لەسەر نەمینێت، لەولایشەوە، گۆڕان یش پێیوایە پارتی گرفتە بۆ ئەو، دەنا حیزبەکانی دیکە بەرگەی ئەو ناگرن و دەیتوانی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکات،بەمشێوەیە داننەنان بە بوونی یەکدی و نەخوێندنەوەی یەکدی گرفتەکانی هێناوەتە سەر هێڵی سوور، لەکاتێکدا مێژووی سیاسی و حوکمڕانی قسەیەکی دیکەی هەیەو پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە، بۆنموونە ئەوکاتانەی کلێسا لەوپەڕی دەسەڵاتفراوانییەکەیدا بوو، تەنیا یەک لەسەر سێی زەوییەکانی هەموو ئەوروپا کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی کڵێسا، لەکاتێکدا هەموو ئەو ستەمکارییەی کڵێسا دەیکرد، بەناوی ئایین و حوکمی ئیلاهییەوە بوو، بەڵام ئەنجام مێژوو فڕێیدانە ناو دۆزەخەکەی خۆی. لە مێژووشدا نموونەی وا زۆرە، لە ناپلیۆن لینین و هیتلەرەوە تا شارل ی پێنجەم و قەیسەر و ئیمپراتۆریای عوسمانی و..هتد، هەموو ئەمانە لە خەمی ئەوەدا بوون ، دەست بەسەر ئەوروپاو دونیادا بگرن، بەڵام نەک هەر نەیانتوانی و شکستیان خوارد، بەڵکو زۆربەیان لەسەر ئەم زڕە خەونانەیان لەناویشچوون و فەوتان، سەدام حوسێن یش خەونی بە سەرۆکایەتیکردنی 21 وڵاتی عەرەبی دەبینی، بەڵام ئەو خەونە

نەزۆکانە بوو سەدامی گەیاندە سەر پەتی سێدارە، هەموو ئەمارەتە کوردییەکانی خۆشمان لەو زرە خەونانە بێبەش نەبوون، بەڵام ئەوانیش بەهەمانشێوە یان لە شەڕێکی ناوەخۆدا شکستیان خوارد، یان ئەمیرەکان بوون بە قوربانی ئەو خەونە نەزۆک و کرچ و کاڵانەی خۆیان کە لە بنەڕەتدا خەون نەبوو بۆرژانێکی ناوەخت بوو، ئەوانەی ئەوان دەیانبینی ئاو نەبوو سەراب بوو ... ئێستا ئەوەی گرفتەکەی ئاڵۆزکردووە لەم هەرێمەی ئێمەدا ئەوەیە جگە لەوەی هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانێ لە کوردستان بەسەر هەمو ناوچەکاندا دەستڕۆیشتوو باڵادەست بێت، هاوکات پەندو عیبرەتێکیشیان لە مێژووی کوردو مێژووی جیهانیش وەرنەگرتووە، تۆ کاتێک ئەو هاوکێشە سیاسییەی ئەمڕۆ دەخوێنیتەوە، وات بۆ ڕووندەبێتەوە کە سەرکردایەتی ئەو حیزبانە هیچ سوودێکیان لە مێژوو، تەنانەت لە هەست و گیانی نیشتمانپەروەری سەرکردەکانی دونیاش وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا ئێمە هەرێمێکمان هەیە تەنیا چەند شارێکن کە لە پەنجەی یەک دەست تێناپەڕن!!. دەبێت ئەوەش بڵێین بە درێژایی مێژوو هەموو ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە دونیادا دروستبوون و ڕوویانداوە، لە ئەنجامی چەقبەستنێکی سیاسی و فیکرییەوە بووە، تەنانەت سەرهەڵدانی هەر سێ (3)ئایینە ئاسمانییەکانیش هەر لەئەنجامی چەقبەستنێکی مێژوویی فیکری و سیاسییەوە سەریانهەڵداوە، بۆیە درێژەپێدان بە کات بۆ بەردەوامیپێدان بەو چەقبەستووییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بە مانای کەڵەکەبوون و قووڵکردنەوەی زیاتری ئەو چەقبەستووییەیە، کە

ئەوەش ئەنجامەکەی ترسناکتر دەبێت، چونکە لە زۆربەی دۆخە چەقبەستووەکاندا کاردانەوەکان بەقەد چەقبەستنەکە بووە، یان زیاتریش بووە، بۆیە درێژەدان بەم دۆخە جۆرێکە لە خۆ کوژی، چونکە ئەم درێژە پێدانە برینەکە پڕ ژانتر و بە ئازارتر دەکات.

تۆ سەیرکە ئایین بۆچی تووشی ناکۆکی ناوەخۆیی قووڵ هات، هەڵبەت ئەوکاتە بوو کە پیاوانی ئایینی خۆیان تێکەڵ بە سیاسەت کرد، لە کاتێکدا ئایین نابێت بۆ سیاسەت بەکار بهێنرێت،ئایین لە بنەڕەتدا بۆ پەروەردەو ئامۆژگاری و ئەخلاقە نەک شتێکی دیکە، ئایین ئەوکاتە بەهاو جوانییەکانی خۆی لەدەستدا کە بە تەواوی چووە ناو سیاسەت، ئەگەر بەراوردی بکەین دەتوانین بڵێین بەهەمانشێوە هیچ سەرکردەیەکی سیاسی تا ئەو رۆژەی سیاسەت و حوکمڕانی دەکات، نابێت بچێتە ناو کاری بازرگانییەوە، ئەوەی خۆی بە نیشتمانپەروەر بزانێت تا ئەورۆژەی کاری سیاسەت دەکات تخونی کاری بازرگانی ناکەوێت، چونکە نیشتمانپەروەرییەکەی (ئەگەر هەیبووبێت) دەیدۆڕێنێت. قەت نەبووە لە یەککاتدا هەم تێکۆشەر بیت و هەم ترسنۆک، هەم نیشتمانپەروەر بیت و هەم گەندەڵ، هەم پێشمەرگە بیت و هەم جاش ، هەم موسڵمان بیت و هەم جوولەکە، لە ئینجیلدا قسەیەکی جوان هەیە دەڵێت هەر درەختێک کە بتەوێ بۆتدەربکەوێت کە ئایا باشە یان خراپە، دەبێت لە رێگای میوەکانیانەوە درەختەکان بناسییت. واتە ناکرێت درەختێک بە باش دابنێیت لەکاتێکدا هەنار یان سێو یان هەرمێ ی زۆر خراپ و گەنیو بگرێت و، بەکەڵکی خواردن نەیەت،

یان درەختێک جوانترین و باشترین سێو یان هەنار یان هەرمێ بگرێت و بشلێیت ئەو درەختە زۆر خراپ و بێ کەڵکە، سەرکردە سیاسییەکانیش بەمجۆرەن، سەرکردەیەک هەمیشە خەریکی کێشە نانەوەو تەفرەقەو ئاڵۆزی دروستکردن بووبێت و بەشدار بووبێت لە شەڕی ناوەخۆدا،من نازانم جوانییەکانی ئەو سەرکردەیە، نیشتمانپەروەرییەکەی ئەو سەرکردەیە، لەکوێدایە، بەپێچەوانەشەوە، سەرکردەیەک ئامادەی هەموو قوربانییەک بوو بێت لەپێناوی میللەتەکەی خۆیداو هەموو ژیانی سەخت و ناخۆشی بردبێتە سەر لەپێناو رزگاری نیشتمانیداو رووبەڕووی دزی و گەندەڵی و خیانەت بووبێتەوە، چۆن بتوانین بڵێین سەرکردەیەکی نا نیشتمانییە..

ئێستا ئەوەی لە دۆخی ئاڵۆزی دوای رزگارکردنی موسڵ دەخوێندرێتەوە، تەنیا یەک ئاراستەی سیاسی و سەربازی نین، ئەگەر بەغدا بە سەرکەوتووییش لێی بێتە دەرەوە، ئەوا ئەو کێشانەی لە دوای موسڵ راستەوخۆ بەدوای یەکدا دێن(تداعیات)بەشێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە تا ئێستا پارتی و pkk ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن ،تورکیاش زەحمەتە ئۆپەراسیۆنێک نەکات یان ئەگەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت دەستێوەردانێک هەر دەکات(بەتایبەت ئەگەر شەڕی موسڵ درێژە بکێشێت)مەترسییەکانی زۆر زیاتر دەبێت، هەر هیچ نەبێت بە بیانووی بوونی pkk تورکیا جوولەیەک دەکات، لە لایەکی دیکەیشەوە راستە ئێستا پارتی نەرمییەکی زۆرو زیاد لە پێویستی بۆ بەغدا نواندووەو هەوڵی ئاساییکردنەوەی دۆخەکەی لەگەڵ بەغدا دەدات، بەڵام

ئایا بەغدا لە دوای رزگارکردنی بەغدا بەمشێوەیەی ئێستا دەبێت ؟ بەغدا ئێستا منەتی حیزبە کوردستانییەکان نەزانێت، بێگومان دوای رزگارکردنی موسڵ کێرڤی لە هەڵکشانێکی بێ وێنەدا دەبێت و زۆر لە ئێستاکەش بەهێزتر دەبێت، سەرەڕای ئەوەی پشتگیری نێودەوڵەتیشی لەگەڵدایە، کەواتە ئەوەی زیاتر زوومی کامێرای دەکەوێتە سەر، پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە لە لایەک لەگەڵ pkk ناکۆکەو، لە لایەکی دیکەیشەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان شیر لە یەکدی دەسوون، لەگەڵ گۆڕان چەقۆ لەیەکدی دەسوون و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیش لێو لە یەکدی دەکرۆژن..تا ئێستا لەگەڵ بەغداش پەیوەندییەکە دوای سەردانەکەی بارزانی کەمێک ئاسایی بۆتەوە،بەڵام نە پارتی و نە کورد هیچیان دەستنەکەوتووەو ،ئەو سەردانکردنانە نەیتوانیوە کۆتایی بە مڕومۆچی لەبەرانبەر یەکدی کۆتایی پێبهێنێت. لەولایشەوە پارتی تا ئێستا لەگەڵ تورکیا نێوانی باشە، کەواتە پارتی کە تا دوێنێ هەموو هێلکە دوو زەردێنەکەی خۆی خستبووە ناو سەبەتە دڕاوەکەی تورکیا، ئێستا دەیەوێ هێلکەکانی بەش بکات و هەمووی لە یەک سەبەتە دانەنێت، بەڵام ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو ئەنکەرە دوای رزگارکردنی موسڵ قووڵتر دەبێتەوەو، بە هەمانشێوە پەیوەندی نێوان پارتی و pkk ش قووڵتر دەبێتەوە،چونکە دوای رزگارکردنی موسڵ، شەڕێکی دیکە دەستپێدەکات، کە زۆر لەو شەڕەی ئێستای داعش مەترسیدارترە، ئەویش شەڕکردنە لەسەر دەستکەوت و غەنیمەکانی شەڕ، لەبەر ئەوەیە تورکیا هەموو هەوڵێکی چڕ کردۆتەوە تا

بەشداری رزگارکردنی موسڵ بکات، بۆئەوەی لە دەستکەوتەکان بێبەش نەکرێت و پشکی خۆی ببات، کەواتە پارتی تاقیکردنەوەیەکی قورسی لەبەردەمدایە، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە: یەکەم:پارتی رووبەڕووی هەر کێشەیەک ببێتەوە، نابێت تووشی کاردانەوەیەکی وەها ببێت کە بەهۆی ئەوەوە تورکیا بێت شەڕەکە قووڵتر بکاتەوە- چونکە ئیتر تورکیا شوێنێکی لە عێراق بۆ نامێنێتەوە بتوانێ هەناسەی تێدا بدات.. دووەم: وا پێدەچێت ئێران لەم ململانێیەدا لە هەموان زیاتر براوەتر بێت، چونکە جگە لەوەی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، هاوکات یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و pkk و PYD ش بە ئارەزووی خۆی جووله پێدەکات، کەواتە کاتێک موسڵ دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەغدا، سنوورە جوگرافیاکەی هەرێمی کوردستان لەولای حاجی ئۆمەرانەوە تا ئەودیوی چۆمان و تا دەچێتە ناو کوردستانی خۆرئاوا ئەوا لەژێر دەستی PKK دادەبێت، بەم هاوکێشەیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئێران، هەر بۆ نموونە ئەوەتا PKK ماوەی مانگێکە شەقامێک بۆ ناو ئێران دروستدەکات کە تایبەتە بە هاتوچۆی PKK لە قەندیلەوە بۆ ناو ئێران،ئەو شەقامە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروستدەکرێ ئێران و کوردستانی خۆرئاوا بەیەکەوە ببەستێتەوە، کەواتە هاوسەنگی هێز بەتەواوی بۆ ئێران و حیزبەکانی دیکەی دژ بە پارتین یەکلا دەبێتەوەو، ئێران ئەوکات باشتر لە ئێستا هاوکارییەکانی خۆی دەگەیەنێتە سوریاو لوبنان و...هتد کە مەترسییەکی زۆر زیاتر لە ئێستا بۆسەر تورکیاو سعودیەش دروستدەبێت. سێیەم: پارتی لە ئێستادا، واتا پێش

ئەوەی موسڵ رزگار بکرێت، پێویستی بە کۆبوونەوەیەکی خێرای حیزبەکان هەیەو پێویستە رێککەوتنێکیان هەبێت کە دوای موسڵ چی دەکەن، هەرێمی کوردستان چارەنووسی چی دەبێت، بە کورتی لەسەر کۆی پرسە سیاسی و یاسایی و ...هتد پێویستە رێککەوتنێک لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەبێت، بە بێ بوونی رێککەوتنێکی لەمجۆرە، دۆخی هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر لە ئێستا ئاڵۆزترو ترسناکتر دەبێت، چونکە گوێمان لە هەڕەشە ئاشکراو نهێنییەکانی هەر یەک لەو حیزبە سیاسییانەیە کە بەرامبەر بە یەکدی دەیکەن. لە دۆخێکی وەهادا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش قورستر دەبێت، چونکە هاوسەنگی هێزو هاوکێشە سیاسییەکان لە توانای پارتی گەورەترو بەهێزترن، بەتایبەت کاتێک وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر هێڵەکەن و دەستێوەردانی خۆیاندەکەن..روونە بەغدا کۆمەڵێک داخی لەسەر دڵە لە بەرانبەر پارتی، بەتایبەت شیعەکان زۆر لە پارتی تورەن (تۆ لەوە گەڕێ ئێستا بێدەنگن تا موسڵ تەواو رزگار دەبێت)، pkk ش بە هەمانشێوە دەیەوێ زەوی زیاتر بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو، کە ئێستاش لە زۆنی زەرد ناوچەیەکی بەرفراوانی لەژێر دەستدایە، بەتەمای ناوچەو شوێنی زیاتریشە!، پارتی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستانیش زۆر ناتەباو ناکۆکە، هەموو ئەمانە لە دوای موسڵ بە توندی زەقدەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەو رێککەوتنەی باسمکرد لەنێوان ئەو حیزبانە نەکرێت، زەحمەتە دوای موسڵ بکرێت، چونکە ئەوکات غەنیمەو دەستکەوت قسە دەکات.تورکیاش

ئەستەمە بتوانێت بێت لەناو هەرێمی کوردستان شەڕیpkk  بکات، ئەگەر بیتوانیبایە شەنگالی لە ژێر هەژمونی pkk دەردەهێنا. کەواتە تاکە چارەسەر بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپییە کە ئەو هەموو لاپەڕە ناشیرینانە ون بکات کە بەناوی دۆزەخی مێژوو نووسراوەتەوە، تۆ بڕوانە لە سەدەکانی 16 و 17 و 18 کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان نەیاندەتوانی بە یەکەوە بژین، یان مەسیحیەکان و ئیسلامیەکان  لە سەدەکانی 8 و 9و تا 14 و 15 و هەمیشە رووبەڕووی بەریەککەوتن و سڕینەوەی یەکتری دەبوونەوە،لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ناکۆکی قووڵ دەهاتە پێشەوە، تا ئەم دواییەش موسڵمانێک کچێکی مەسیحی بهێنایە دەبوو کچەکە ببێتە موسڵمان ئینجا بیهێنێت، ئەمە لەناو ئەو مەزهەب و گرووپبەندی ئایینییەدا دۆخێکی دەروونی و ئیمانی و ئینجا سیاسیشی دروستکردبوو،بەڵام سیستەمی دیموکراسی کە خۆی لە پاراستنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری و گەڕانەوەی کەرامەت بۆ ئینسانەکان چڕ کردۆتەوە، ئەو جیاوازیانەی زۆر بچووککردۆتەوەو ئێستا لەناو یەک نیشتماندا دەیان گرووپی جیاواز هەن بەئاسوودەییش دەژین و دەستێوەردان لەکاروباری یەکدی ناکەن، واتا ئەوەی بۆ خۆم دەمەوێ ، بۆ بەرامبەرەکەشم رەوا بێت نەک هەمووی بۆ خۆم و تۆش قسە بکەی دەتسڕمەوە،چونکە حەقیقەتی رەها لای هیچ کام لەو گرووپە ئایینیانە نییەو هەر یەکەیان بۆ خۆی چوارچێوەیەکیان داڕشتووە، ئەمە هەر تەنیا لە بواری ئایین و سیاسەتدا نییە بەڵکو لە

بواری زانستیشدا وایە، تا ئێستا هیچ زانستێک نەهاتووە بڵێ من تا ئەبەد زیندووم و هەموو زانستەکانی دیکە بپێچرێنەوە، زانستەکانیش بەهۆی رەخنەی زانستیانەو شیکردنەوەی قووڵی زانستیانەو بەهۆی ئەزموونکردنەوە، تیۆری دیکەی دەخرێتە سەرو بەشێکی لێدەبێتەوە، لەبەر ئەوەیە هیچ تیۆرەیەکی زانستی بە تیۆرەیەکی تەواو دروست و راستەقینە دانەنراوە، هەر دوای چەند ساڵێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،بەڵام ئەو تیۆرە زانستیانەی لە رووی زانستییەوە لاوازن، بەرگەی مانەوەیان کەمترە لەو تیۆرە زانستیانەی قووڵترو بەهێزترن. کەواتە ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، پارتی و pkk و یەکێتی و گۆڕان کە چوار لایەنی سەرەکین لەو دۆخە سیاسییەی کە ئێستا هەیە، پێویستە هەر ئێستا ، مەبەستم لە هەر ئێستا واتا پێش ئەوەی موسڵ لە داعش بسەنرێتەوە، ئەو چوار لایەنە رێککەوتنێکی کۆنکریتی لەنێوان خۆیان واژۆ بکەن، ئەو رێککەوتنە بۆ ئەو کوردستانە بێت کە لە دوای موسڵ نەخشەی بۆ دادەنرێت، دەنا مێژووی یەک چارەگە سەدەی حیزبی سیاسی لەم هەرێمەو خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێتە ئاردی ناو درک، دەستێوەردانی بەغداو ئێران و تورکیا بەهۆی ئەو حیزبانەوە دەبێت، ئەگەر رێککەوتنێکی کۆنکریتی بێتە ئاراوە، ئەو دەستتێوەردانە زۆر کەمتر دەبێتەوەو، کاریگەرییە نێگەتیڤەکانیش بۆ سەر هەرێم لاوازتر دەبن، کوردیش بەرەو ئایندەیەکی گەشتر دەڕوات کە دونیایەک هیواو ئومێد لەخۆ دەگرێ، ئەگەر ئەوە نەکرێ، کارەسات دەقەومێ، دەبێت خۆزگە بە سەردەمی ئەمارەتەکان بخوازین کە بەگژ

یەکدیدا دەچوون، چونکە ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی هەرێم زۆر کەمتر بوو، ژمارەی چەکەکان زۆر کەمتر بوو، چەکە قورسەکان لە بەرانبەر چەکی ئێستا زۆر بێهێزتر بوون، شەڕی ئەمجارە ئەگەر دروست ببێت شەڕێکی سەخت دەبێت، کە تەڕو وشکی تێدا دەسووتێت.روونیشە ئێستا PKK لە مێژووی خۆیدا قەت وەکوو ئێستا بەهێز نەبووەو شەڕکردن لەگەڵ PKK ئاسان نییە، بەتایبەت لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی جۆرێک ڕێککەوتنیان هەیەو داکۆکی لە یەکدی بکەن، هەر بۆ نموونە کاتێک ناوەندی بڕیار یەکەم بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە لە سەرەتای مانگی ئەیلولی رابردوودا، PKK هەندێک لە هێزەکانی خۆی بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی یەکێتی جوولە پێکردبوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر PKK لە بەرانبەر باڵی ناوەندی بڕیار هێزەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی یەکێتی بجوولێنێت ، چۆن لە بەرانبەر پارتی بۆ یارمەتیدانی یەکێتی نایجوولێنێت، لەکاتێکدا PKK خۆی کۆمەڵێک گرفتی زۆر ئاڵۆزی لەگەڵ پارتیدا هەیە. پارتی لە ئەمڕۆدا پێویستە بە پەلە ئەم چەند خاڵانە جێبەجێ بکات: 1- ناوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە، کە ئێستا زۆر پەرتەوازەیە. 2- واز لەو غرووریيەتە بهێنێت و پێکەوە ژیان بکاتە بەرنامەی بنچینەیی خۆی. 3- کێشەی نەوت چارەسەر بکات و لەگەڵیدا گەندەڵە زەبەلاحەکان ریسوا بکات، چونکە پێشوەختە خەڵک ریسوای کردوون. 4- پلەو پۆست وەرگرتن لەسەر بنەمای بە کۆیلەکردن و دەمکوتکردن نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای پسپۆری و بەتوانایی بێت، حیزب کۆنفرانسێکی خێرا ببەستێت لە چەشنی کۆنگرەی

(20) حیزبی شیوعی بێت و بارزانی پەردە لەسەر هەموو هەڵە گەورەکان هەڵبداتەوەو رێکارێکی یاسایی توند وەربگرێت، هەروەک پۆتین یش لە ساڵی 2000 ئەمەی کرد. 5- کۆنگرەیەکی نیشتمانی لەگەڵ ئەو حیزبە کوردستانییە پێکناکۆکانە ببەسترێت و لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش رێکبکەون، دەنا بە دڵنیاییەوە ئێران و بەغداو لەگەڵیشیداPKK و PYDو ئینجا حیزبە هاوپەیمانەکانیان سوودمەندترینیان دەبن و تورکیاش برینەکانی ئەوکاتی پێ سارێژ ناکرێت.

**چاپكراوەكانی نووسەر**

1- **ديموكراسی و ئيسلامی سياسی** (2005) **رەخنەو ليكۆڵينەوە**
2- **هەتاوی نيوەشەو** (2005) **رەخنەو ليكۆڵينەوە**
3- **ئايين و دەوڵەت و پەيڕەوكردنی شەريعەت** (2006) **وەرگێڕان**
4- **گەردەلوولی سياسەت - بەرگی يەكەم -** (2006) **ديمانەی سياسی**
5- **گەردەلوولی سياسەت – بەرگی دووەم -** (2009) **ديمانەی سياسی**
6- **قەيرانی كۆمەڵگاو حيزبە سياسييەكانی هەرێمی كوردستان** (2015) **تۆژينەوەيەكی تيۆری – مەيدانييە**
7- **قەيرانی ئەقڵ** (2015) **لێكۆڵينەوەيەكی رەخنەيی فيكرييە(بەرگی يەكەم)**
8- **دەروونزانی سياسی** (2015) **تۆژينەوەيەكی سياسيی مەعريفييە**
9- **دەروونزانی كۆمەڵايەتی** (2015) **تۆژينەوەيەكی ميتۆدی ئەكاديمييە**
10-**فەلسەفە** (2015) **فەلسەفەی فەيلەسووفەكانە**
11-**گەردەلوولی ئايديۆلۆژيا** (2015) **بابەتی جۆراوجۆری سياسييە**
12-**گەردەلوولی سياسەت** (2015) **ديمانەی سياسييەكانە**
13-**قەيرانی ئەقڵ – بەرگی دووەم-(2017) لێكۆڵينەوەيەكی رەخنەيی فيكرييە)**

چاوەڕوانی بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبانەشم بن

1- قەیرانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا نووسین
2- مارکسیزمی ماکس ڤێبەر وەرگێڕان
3- قەیرانی حوکمڕانی لە ئیسلامدا وەرگێڕان
4- یەکێتی نیشتمانی کوردستان،هەڵاتن بۆ دواوە نووسین